# ئیتر چالاکی دەدوێت

لەتورکییەوە: ڕێبوار هەمەوەندی



چەپکێک لەبیرەوەری گەریلا

چاپی یەکەم ٢٠١٧


ئیتر چالاکی دەدوێت
چەپکێک لەبیرەوەری گەریلا
ئیتر چالاکی دەدوێت

ناوی پەرتوک: ئیتر چالاکی دەدوێت
بابەت: چیرۆک
نوسەر: چەندین نووسەر
لە تورکییەوە: رێبوار هەمەوەندی
دیزاین: گۆران پێنجوێنی
پێداچونەوە: نیاز حامید
چاپخانە:
چاپی یەکەم: ٢٠١٧
ژمارەی سپاردن:

## سەردێڕی یادەوەرییەکان


١. پێشەکی........................................................................٦

٢. زێی مونزور شاهید حاڵە........................................................٨

٣. ئەوکاتەی بەفر و سپیایت لێدەبێت بە دوژمن.....................................٣١

٤. چیکاتێک گونجا..................................................................٤٧

٥. لەناو شەڕێکی ئاوادا کەس دەبورێتەوە؟ ..........................................٥٣

٦. سەداقەت........................................................................٦٨

٧. جەژن بۆ کێ؟ ...................................................................٧٣

٨. ئیتر چالاکی دەدوێت.............................................................٨٤

٩. ئومێد دوا فیشەکمانە............................................................٩٩

١٠. لە ئێوارەی عەرەفەی ٣٠ ی حوزەیران.............................................١١٢

١١. بەخاک سپاردنی گەریلایەک.....................................................١٢٢

١٢. چالاکی مازی....................................................................١٢٩

١٣. سەرکێشی مەمۆ داستانێکە......................................................١٣٧

١٤. نهێنی...........................................................................١٤٦

١٥. میوان...........................................................................١٥٢

١٦. مانگی شوباتم خۆشناوێت.......................................................١٦٣

١٧. دەبێت ڕۆژێک لەپێناو وڵات و خۆشەویستی گەلەکەم بمرم.........................١٧٣

١٨. ئەو ڕێگایەی بەرەو ئازادی دەڕوات...............................................١٨٣

١٩. لە یادگارییەکانی شەهیدی فەرماندە.............................................١٩٦

٢٠. سەعاتی دەست..................................................................٢٠٦

٢١. سوێندی تۆڵەی چیاکان..........................................................٢١١

٢٢. گەریلای ٣ ساڵە{ غوربەت }.....................................................٢٢٠

٢٣. ئەو لەهەموو شوێنێك لەشەڕ دایە..........٢٣٢
٢٤. پرانسیپەکانی ژیانی گەریلا..........٢٣٨
٢٥. گیانبازانی دێرسیم..........٢٤٥
٢٦. جارێکی تر بۆ مەتینا..........٢٥٨
٢٧. ئەفسانەیەک..........٢٦٦
٢٨. ئەفسانەیەک / بازێک..........٢٧٣
٢٩. پیاوێک لەئاگر..........٢٨٣
٣٠. ئەو وەختەی هەڤاڵ مریەم شەهید بوو..........٢٩٦
٣١. ژیانی ئەفسانە..........٣٠٣
٣٢. من بوکی کوردستانم..........٣١٣
٣٣. یەک شەو و یەک ڕۆژ..........٣٢١
٣٤. نامەیەک لەمەزڵوم دۆغانەوە..........٣٣٧
٣٥. چاوەڕێی ئێمەبکە{ کەبەلە }..........٣٥٤
٣٦. گەریلایەک ١٩ ساڵ لەشاخ..........٣٦٢
٣٧. لە{ بێستا } وەبەرەو هەککاری / ساڵی ٢٠٠١..........٣٧٣
٣٨. ڕووداوی هێرشەکانی ساڵی ١٩٩٨ لە{ بێستا }..........٤٠٣
٣٩. ڕووداوەکانی یەک شەو..........٤١٨
٤٠. ئازادی لەمنداڵییەوەسەر هەڵدەدات..........٤٣٤
٤١. یەکەمین مەفرەزەی ژنانی گەریلا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان..........٤٦٣
٤٢. بۆنی مەرگ لە هەموو لایەکدا بوو..........٤٧٩
٤٣. شاهین قاچێکی پەڕیبوو بو،..........٤٨٧
٤٤. خیانەت..........٤٩٢

## ❖ پێشەکی

ئەم کتێبە تەنها کۆمەڵێک بیروەری گەریلا نییە، بەڵکو بریتییە لە شرۆڤەی چۆنیەتی بە پراکتیزەکردنی فەلسەفەیەک کە لە گەلێکی لە نەبووەوە، زیندوو کردەوە.

کاتی خوێنەر بیرەوەرەییەکان دەخوێنێتەوە، دەزانێت گەریلا چۆن بەرخودان دەکات لە شەڕێکی هەمەلایەنە لە هەمبەر داگیرکاریک کە هیچ بەهایەکی مرۆیی ناناسێت.

لە بیرەوەرەییەکاندا، دەبینرێت گەریلا چۆن خۆ دەپارێزێت وچۆن زەربەی گەورە لە دوژمن دەدات، دسپلین کرۆکی بزواتنیەتی.
شەڕیک دەکات لەگەڵ دوژمنێک کە خاوەن هێز و تەکنیکێکی یەکجار گەورەیە، بەلام خاوەن مۆڕاڵ و دۆزێک نییە تا لە پێناویدا بجەنگێت.

بە روونی دەردەکەوێت کە گەریلا و ژینگە. بەفر ئاستنەگیی لەبەردەم گەریلا دورستدەکات، لێ لە ژینگەیەک وسروشتێکدایە دۆستایەتییەکی یەکجار گەورەیان بەیەکەوە هەیە، یەکتر دەپارێزن.

لە بیرەوەرییەکاندا، زۆرباش هەست بە بوونی بەرپرسیارەتی فەرماندەی گروپی گەریلا دەکرێت کە لە ئاستێکی هەرە بڵند دایە، بەرپرسیارەتی فەرماندەکان زۆرجار، بۆ پاراستنی ئەوانی دیکە یا لێدانی زەربەی گەورەتر لە دوژمن، فەرماندەکە ژیان لە دەستدەدات.

گەریلا لە ئاڵۆزترین رەوشدا، بێچارە نامێنێتەوە، ئەم باوەڕییە گەریلا هەیەتی و بە پراکتیکیش لە شەڕدا لەگەڵ دوژمن وسەختی سروشت پیادەی دەکات..گەریلا بێ چارە هەرگیز نامێنێتەوە

دیسان لەو یادەوەرییانەی گەریلاکاندا، هەست بە وابەستبوون بە شەهیدەکان کاتێ لەگەڵ خۆیاندا لە شەڕدا شەهید دەبن ،دەبێتە هاندەر بۆ تۆڵەکردنەوە وچالاکیی زیاتر و، دەیانکەنە سیمبولی خۆیان هەرگیز لە بیری ناکەن.

لە یادەوەرییەکاندا، هەڵوێستی ئەوەندە هەستیاری تیدایە، کاتێ دەیخوێنیتەوە، مرۆڤ لەبەردەمی ماتمای دەمێنێتەوە، شانازی بە بوونی خۆت دەکەیت کە کوردیت و کە مرۆڤیت!.

لە یەکێ لە یادەوەرییەکان باس لە مامەڵەی گەریلا لەگەڵ دیلی سەربازی دوژمن دەکات، کە تەواو دێتەوە لە گەڵ پرینسیپی مرۆڤدۆستانە و یاساو رێساکانی گەردوونی سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دیلی شەڕ.

تا نەیخوێنێتەوە نازانیت، مەزنی گەریلا، هێزی گەریلا، بەرخودانی گەریلا و قوربانییەکانی گەریلا لە چ ئاستێکی بەرز و بڵند دایە..

خوێندنەوەی ئەم کتێبە کە بەرێز رێبوار هەمەوەندی لە تورکییەوە کردویەتی بە کوردی ،وێرای ئەوەی شاکارێکی بۆ کتێبخانەی کوردی زێدە کردووە لێ چێژێکی زۆر تایبەتی هەیە.

نیاز حامید
٢٠١٦/١١/٨

# زێی مونزور شاهید حاڵە

**ئارام ئامەد**

هێواش . هێواش سەختی مانگی شوباتمان بەڕێدەکرد، لە دەربەندی بەناو ( عەلی ) زستان بەهەموو سەختییەکی خۆیەوە بەردەوام بوو، بەپێگەیشتنی هەواڵێک هەموو هەڤاڵان کەوتنە جوڵەوە، بەگوێرەی ئەو هەواڵەی پێمان گەیشت، هێزی دوژمن لەچواردەوری دەربەندی ( عەلی ) هێرش ئەنجام دەدەن.

ڕەوشی وەرزی زستانی هەرێمی دێرسیم لەچاو هەرێمەکانی تر خۆشتر بوو، بێگومان ئەم ئۆپەراسوێنەش بە ئانجامی ڕێگرتن بوو لەئامادەباشیەکانی چالاکییەکان، لەبەرئەوەی دوژمن دەیزانی کەهێزی گەریلا لەبەهاردا دەست بەئەنجامدانی چالاکی دەکات. بەڵام بەگشتی لەهەرێمی دێرسیم ئۆپەراسیۆنەکان لەمانگی نیسان ئەنجام دەدران.

لەبێتەلەکەمانەوە هەواڵێکی دڵتەزێنمان پێگەیشت کە لەڕۆژی ١٣ی شوبات کەساڵیادی شۆڕشی شێخ سەعیدە لە ئەنجامی چالاکییەکی گەورەدا لە( پیران ) ٣٥ هەڤاڵمان شەهید بووە، ئەم هەواڵەشمان لەهەرێمی ئامەدەوە پێگەیشت، ئێمەش بۆ تۆڵەسەندنەوە و وەشاندنی گورزێکی باش لەدوژمن کەوتینە ئامادەباشییەوە، هەمیشەدوژمن لەحاڵەتێکی ئاوادا بۆ ئەوەی زیاتر وورەی گەریلا و تاقەت و توانای هێزی گەریلا بشکێنێت ئۆپەراسیۆنەکانیان زیادی دەکرد، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو لە٢٧ ی شوبات کە چەند مەترێک بەفر باری بوو دەربەندی ( عەلی) مان جێهێشت و چوینەقوڵای دارستانی ( ک) وە، هێزەکەی ئێمە لە تیپێک پێکهاتبوو بۆ بەرگریکردنێکی زیاتری ناوچەکە چەند مەفرەزەیەکمان لە دەربەندەکە مایەوە.

لەم دارستانەدا بەفر کەمتر کەوتبوو بەڵام ڕەهێڵەی بەفر و

باران چەندین ڕۆژ بوو بەردەوام بوو، لەژێر ئەو هەمو ڕەهێڵە و سەرمایەدا توانیمان بۆ حەوانەوە چەند شوێنێک بۆخۆمان دروست بکەین، بەدرێژایی ١٥ ڕۆژ لەم دارستانەدا کەبۆ ژیانی گەریلا زۆر گونجاوە ماینەوە، ئێمە لە دەربەندی عەلی لەناو سەختییەکی زۆری سروشتەکەیدا دەژیاین بەڵام بەهاتنمان بۆ ئەم شوێنە توانیمان نەختێک پشوو بدەین، لەئێوارەیەک کەڕەهێڵەی بەفر و باران بەچڕی دەباری سەرتیپەکەمان هەڤاڵ مەزڵوم داوای کۆبونەوەی گشتی لێکردین، سەرەڕای تاریکی دەرەوە و وژەوژی دارستانەکەو هاژەی چەم و خوڕەی ئاو بەڵام ئارامی و بڕواییەک لە ناو چادرەلایلۆنەکەماندا بوو، هەڤاڵ مەزڵوم قسەی بۆ دەکردین و تیشکی لایتەکەی دەستیشی لەدەموچاومانی دەدا، لەگەڵ هەر دڵۆپە بارانێکی سەر چادرەلایلۆنەکەمان هەڤاڵ مەزڵوم دەنگی خۆی بڵندتر دەکرد، هەڤاڵ مەزڵوم بە زمانەتورکیەکەی خۆی کەبە زاراوەی دیاربەکری قسەی بۆ دەکردین ئەمەش سەرنجی منی زیاتر بۆلای خۆی ڕادەکێشا و پێی دڵخۆشتر دەبوم، من لەهەرێمی ئامەد هەڤاڵ مەزڵومم بینی بوو بەیەکەوە هاتین بۆ هەرێمی دێرسیم، بێگومان من و ئەو لەناو ناڕەحەتییەکی زۆردا ژیابوین، ناڕەحەتی و خۆشیشمان هەر بەیەکەوە بوو، هەر بەیەکیشەوە هەستمان بە ئازار و هیوا و ترسیش دەکرد.

هەڤاڵ مەزڵوم وتی: هەڤاڵان وەک دەزانن ئێمە هاتوین بۆ ئێرەکە گورز لەهێزی دوژمن بوەشێنین چونکەدەیانەوێت لەناوچەکەدا ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدەن، بەم شێوەیەش تۆڵەی هەڤاڵانمان دەکەینەوە.

کاتێک باسی لەشەهید بونی هەڤاڵان دەکرد کە لە( پیران) شەهید ببون لەدەربڕینی قسەکانیدا هەستم بەتوڕەبونی ئەو دەکرد دەشمزانی کەچەندێک کاریگەری کردۆتەسەر.

لەکاتی درێژەپێدانی قسەکانیدا ئیتر لایتەکەی لەدەموچاوی ئێمەی نەدەدا بەڵکو بۆ ڕونکردنەوەی چادرەکە لەسەر بەتانییەک دایناببوو، من بەگوێرەی ئەوەی هەڤاڵ مەزڵومم دەناسی دەمزانی کەهەست بەچی دەکات، لەوانە بوو ئێمەهیچ لەو هەڤاڵانەی کەلە( پیران ) شەهید ببون نەناسیبا بەڵام هەستی ئەوەمان لەلا گەڵاڵە ببوو کە لەپێناو تۆڵەسەندنەوەیان بەبێ هیچ سڵمینەوەیەک بەرەو مردن هەنگاو بنێین، هەڵبەت ئەم هەستەش هەمومانی زیاتر بەیەکەوە گرێدەدا.

ووشەی ( پیران) منی بردەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کەبەشداری ناو شۆڕشم کرد، لەڕۆژێکی باران بارانی وەرزی بەهاردا لەگوندی ( پیران) بۆ یەکەمجار بوو کە بەدیدەنی گەریلا ئاشنا ببم، کێ دەیزانی لەوانەیە لەناو شەهیدانی پیراندا ناسیاو و دۆستیشم هەبێت، من کەبیرم لەمە دەکردەوە لەدڵی خۆمدا دەمووت چی دەبێت با ببێت ! دەبێت تۆڵەی ئەو هەڤاڵانە بکەینەوە.

هەڤاڵ مەزڵوم جارێکی تر دەستی بە قسەکردن کرد ووتی ( پێویستە گروپێک پێکبهێنین بۆ کەشفکردنی ئەو ڕێگایەی کە بەرەو دێرسیم شۆڕ دەبێتەوە). من کە لە خەیاڵی چۆنیەتی شەهید بوونی هەڤاڵاندابووم بەقسەکانی مەزڵوم هاتمەوە سەرخۆم، مەزڵوم قسەکانی تەواو نەکرد مۆڵەتم وەرگرت و پێم ووت: ( هەڤاڵ گروپی ئێمە ئامادەیە بۆ ڕۆشتن ). بێگومان ئەمەشم بەبێ هیچ دوودڵیەک هێنایەزمان. لەکۆتایی کۆبونەوەکەدا بڕیار درا کە گروپەکەی ئێمە

ئەم کارە لەسەر شان بگرێت و دوایش هەریەکە و بەرەو شوێنی حەوانەوەی خۆی گەڕایەوە.

بەیانی زوو لەخەو هەڵساین و دەستمان کرد بەئامادەباشی، بەرەو نیوەڕۆ ئامادە باشیەکانمان تەواو کردو بەسود وەرگرتن لەتەمومژ توانیمان دوای بڕینی زەحمەتیەکانی ڕەهێڵەو باران، ڕێگای زێی مونزور بگرینەبەر، ئامانج و ورەمان ئەوەندە بەرز وگەورە بوو دەیتوانی هەموو زەحمەتیەکان و ناڕەحەتییەکانمان لەبیر بەرێتەوە.

لەنیوەی شەودا گەیشتینەخاڵی سفر، هەموومان شەکەت و لەژێر باراندا تەڕ ببوین، دوای گەیشتن بەو شوێنەی مەبەستمان بوو ئەوەندە شوێنێکی گونجاو بوو بۆ حەوانەوە تەنانەت توانیشمان ئاگر بکەینەوە، زاتەن ئێمە لە هەموو شوێنێک پشتمان بە گابەردەکان دەبەست، یەکسەر ئەو لایلۆنەی بەجانتاکەمەوە بەستبووم کردمەوە و دولایەکیم بەست بەدوو چڵی دارەوە و دولایەکەی تریشی بەردم لەسەر دانا، دوایش چڵی دارێکی تەڕم شکاند و لەناوەڕاستی لایلۆنەکەدا بەرزم کردەوەو توانیم شێوەچادرێکی بچوک دروست بکەم، دوایش هەڤالان چەند کۆتکەدارێکیان هێناو توانیمان ئاگرێک بکەینەوە، دوای خۆشکردنی ئاگرەکەمن و چەند هەڤاڵێک بۆ خۆوشککردنەوە لە چواردەوری ئاگرەکە لێی دانیشتین.

لەبەر ئەوەی ژێرمان تەڕ و شێدار بوو نەمان دەتوانی بەباشی خۆمان ووشک بکەینەوەهەروەها لەملاو لەولای چادرەکەوە ئاو دەهاتە ژوورەوە، دوایش هەڤاڵێکمان کترییەڕەشەکەی پڕ لەئاو کرد و لەکەناری ئاگرەکە داینا، دوای ئەو هەموو ماندوبوونە لە شوێنێکی ئاوادا خواردنەوەی چایەک لەو کترییەڕەشەدا وێنەی هەرنییە، وەک ووتم ئەم چا خواردنەوەیە ماندو بوونەکەمانی لەبیر بردەوە و دوایش

لەگەڵ هەڤاڵاندا کەوتینەقسە و باسێکی چڕەوە، ئەو شەوەلەژێر ئەو لایلۆنەدا نیوەی کاتمان بەخەو و قسەو باسەوە بردەسەر.

دەمەو بەیان چووینەشوێنی سەنگەرەکان و شوێنێکمان بۆ خۆمان پەیداکرد و دوو شوێنی ترمان بۆ ئەو هەڤاڵانە دۆزییەوە کە دوای ئێمەدەهاتن، دوای نیوەڕۆش گروپێکمان بۆ کەشفکردن بەرەو ڕێگای (( ئۆڤاجک) نارد. شوێنەکەمان ئەوەندە بڵند بوو وام هەستم دەکرد کە بەسەر هەورەوەم، لەشوێنەکەی خۆمان دابەزیمە خوارەوەو خۆمکردە ناو ناخی تەم و مژەکەوە، جگە لە هاژەو خوڕەی ئاوی مونزور گوێمان لەهیچی تر نەبوو. دوای ماوەیەک گەیشتینە شوێنی مەبەستی خۆمان، ڕێگا سەخت و پێچاو پێچەکانی زێی مونزور شەو و ڕۆژ لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا بوو، لەم ڕێگایەدا دوژمن تەنها بەکاروانێکی سەربازی دەیتوانی تێبپەڕێت، ئەم کاروانەشیان تەنها بەنیوەڕوان دەهات، جگەلەنیوەڕوان کەدەیانتوانی تێبپەڕن بەگشتی ناوچەکەلەژێر چاودێری ئێمەدا بوو، بەدرێژایی ڕۆژ دەمانتوانی بەئاسانی بچینەناو دارستانەکان و شوێنە بەردەڵانەکانەوە. سەختی جوگرافیایی ناوچەکەسودێکی باشی بەئێمەدەبەخشی، دوای کەشفکردنی شوێنی چالاکییەکەمان سەرکەوتمەوە سەرەوە و دەمەو ئێوارەش گەیشتینەوە شوێنی خۆمان، کەگەیشتین هەڤاڵ مەزلوم و هەڤاڵانی ترم بینی کەئەوان پێش ئێمە گەیشتبونە سەرەوە، دوای ماوەیەک ڕەوشی کەشفکردنەکەم بەهەڤاڵ مەزلوم ڕاگەیاند، پێم ڕاگەیاند کەدەتوانین بەدرێژایی (١ کم) بۆسەدابنێین، هۆیەکەشی ئەوە بوو کەئەو شوێنە بەردەڵانە و چڕە دارێکی زۆری هەیە، بەم شێوەیە دەتوانین دەستێکی باش لەدوژمن بوەشێنین.

هەڤاڵ مەزلوم دڵی بەمەزۆر خۆشبوو، ئەمەشم لە وەوە بۆ

دەرکەوت کەپێی ووتین( دەستان خۆشبێت هەڤاڵان کارێکی باشتان ئەنجامداوە ئەی ئافەرین )، دوایش ووتی ( بەیانی خۆشم دێم لەگەڵتان بۆ بینینی شوێنەکان، بەم شێوەیەسەنگەرەکان دیاری دەکەین هەروەها دەبێت شوێنی دامەزراندنی چەکە گرانەکان دەست نیشان بکەین ).

هەڤاڵ مەزڵوم گوێی بۆ یەک بەیەکمان ڕاگرت و جارێکی تر ووتی ( زۆر باشەبەیانی خۆشم دێم و تەماشای شوێنەکە دەکەم و بەگوێرەی ئەوەش بڕیار دەدەین ).

دوای ئەوەی قسە و باسی پلاندانانی چالاکییەکەمان تەواو بوو ئیتر هەڤاڵان چونەوە شوێنەکانی خۆیان، ئەم کۆبونەوەیە لە چادرەکەی من ئەنجام درا، ئەگەر چی هەڤاڵ مەزڵوم لەلای هەڤاڵانی تر دەمایەوە، بەڵام زیاتر لەچادرەکەی من کاتی دەبردەسەر، دوای ڕۆشتنی هەڤاڵان، هەڤاڵ مەزڵوم تۆمارگە بچوکەکەی لەگیرفانی ئێلەگەکەی دەرهێناو دەستی کرد بەگوێگرتن لەشیعرەکانی ئەحمەد عارف.

ئەو کاتەی هەڤاڵان لەچادرەکە خەویان لێدەکەوت تەنها من و هەڤاڵ مەزڵوم بەئاگا دەماینەوە، ئەو لەناو ئاسمانی شیعرەکانی ئەحمەد عارف دەفڕی و لەتەنیشت ئاگرەکە پشتی بەجانتاکەیەوەدا دابوو، من لەم حاڵەتەدا دەمزانی کەلەناو دەریای خەیاڵی پلاندانانی چالاکییەکەیە هەر بۆیە بەبێ دەنگ لەشوێنی خۆم هەڵسام، چەند کۆتکەدارێکم کردەئاگرەکەوەو کترێکەشم پڕ ئاو کرد و لەپاڵ ئاگرەکە دامنا، لەناخمدا دەنگی دڵۆپی بارانی سەر چادرەکەو دەنگی کڵپەی ئاگرەکەو شیعرەکانی ئەحمەد عارف لەتایبەتمەندییەکی خۆی دروستدەکرد. بەگوێرەی ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی ڕابردووم

دەمزانی کەهەڤاڵ مەزڵوم بیر لەچی دەکاتەوە، ئەو بیری لەپلانی چالاکییەکە و سەرکەوتنەکەی دەکردەوە هەربۆیە منیش لەئەقڵی خۆمدا خەریکی پلان دانان بووم، لەناکاو بیرم لەوەکردەوەکە ئەم مژارە لەگەڵ هەڤاڵ مەزڵوم بکەمەوەو گەنگەشەی بکەین بەڵام پەشیمان بوومەوە، بەخۆمم ووت با لەناو ئەو دەریای خەیاڵەدەرینەهێنم و با خۆی مژارەکە بوروژێنێت، لەناکاو هەستم کرد ووتی ( ئارام.. ئارام )، بەڵێ چیت دەوێت؟ ، نەخێر هیچم ناوێت لەشوێنەکەی خۆتەوە خەوت لێکەوتووە؟ ، نەخێر نەخەوتبوم بەڵکو بیرم دەکردەوە.

دەستی بەناو قژەزەردەکاڵەکەی هێنا و ئەو لەبەر ئەوەی نەختێک سورکەلەبوو ناویان نابوو ( مەزڵومە سوورە)، هەموو هەڤاڵانی هەرێمەکە هەر بەو ناوەوە دەیانناسی، هەڤاڵ مەزڵوم دەستی بەقسەکردن کرد و ووتی ( پێویستەزۆر بەباشی پلانەکەدابڕێژین، بەیانیکۆمەڵێ هەڤاڵانی تر دێن، بچوکترین شتمان لەژێر دەست دەربچێت لەوانەیە ئەنجامەکەی زەرەرێکی زۆری لێبکەوێتەوە ).

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و دیسان ووتی ( هەر لەبەر ئەوەیە ترسێک هەیە لەناخمدا ). ئەم ووشەی ترسە ئەوەندە بەدەنگێکی نزم ووتی بەخەیاڵی ئەوەی نەبا کەسێک گوێی لێبێت دوایش ووتی (لەبەر ئەوە نامەوێت بەهۆی هەڵەیەکی بچوکەوە هەڤاڵێکمان شەهید ببێت، بەیانی خۆم دەچمە خوارەوە و یەک بەیەکی شوێنەکان کەشف دەکەم و شوێنی پەلاماری و بەرگری دیاری دەکەم ). دیاربوو نەی دەویست کەمن هەستێکم لەلا دروست بێت کەلەبارەی کەشفەکەوە باوەڕی بەئێمە نەبوبێت بۆیەهەڵیدایە و ووتی ( بە هەڵەلێم تێمەگە، من لەو باوەڕەدام کەئێوە کەشفێکی باشتان کردووە، باوەڕییەکی

زۆرم پێتانە، بەڵام ئەگەر خۆم نەچم دڵم ئاسودە نابێت. لەبەر ئەوەی ئەم چالاکییە زۆر گرنگەو ژمارەی بەشداربوانی هەڤاڵانیش گەلێک زۆرن، هەرلەبەر ئەوەیە پێویستە هەر خۆشم بچم ئەویَ ببینم ). هەڵبەت من زۆر باش لەو حاڵی بووم کەبۆچی وابیر دەکاتەوە، منیش ووتم ( نەخێر هیچ بەهەڵەتێناگەم، ئەوەباشترین شتە کە تۆ دەیکەیت زاتەن پێویستە فەرماندەی پەکەکە ئاوا بیر بکاتەوە ). دوای ئەم قسانە هەندێ دڵی خۆشبوو دوایش ووتی ( ها چایەکەت پێنەگەیشت؟ )، من لەبەر ئەوەی خەریکی ئەم قسانە بووم هەستم نەکردبوو کەئاوی ناو کترییەکەکوڵاوە، دوای چای خواردنەوە کۆمەڵێک قسەی ترمان کردوو دەمەو بەیان نانی بەیانیمان خوارد و دوایش هەڤاڵ مەزلۆم لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی پێشتر چوبوون بۆ کەشف بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکان بەیەکەوە بەرەو شوێنەکە چوونە خوارەوە.

دوای چەندین ڕۆژ دوو هەڤاڵ بەناوی ( حەیدەر و دەلیل ) کەئەوانیش فەرماندەبوون لەهەرێمەکەدا بۆ بەشداری بوون لەچالاکییەکەهاتبوون بۆ لامان. هەمان شەو کۆبونەوەیەکی گشتی کرا و، ئەو هەڤاڵانە دیاریکران کە لەچی سەنگەرێک دادەمەزرێن، بۆ بەیانیش هەڤاڵان ئاگادار کرانەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکان کە پێویستە چی بکەن.

بەبێ ئەوەی کات بەفیڕۆ بدەین کەوتینە دابینکردنی ئازوقەی دوو ڕۆژ، بەدەم ئەم ئامادەباشییەوەئێوارەمان بەسەر داهات، هەموو شتێک ئامادەکرا، جێگاکان پاککرانەوەو تەقەمەنی یەدەک و خاکەناز و قازمەمان ئامادەکرد هەروەها ئازوقەی دوو ڕۆژمان کردەجانتاکانمانەوەو چاوەڕێی نیوەی شەومان کرد.

من نوستبووم لەدەنگێک بەئاگا هاتمەوەکەدەیووت هەڤاڵان هەستن کاتژمێر دووبەڕێ دەکەوین. چووینەدەرەوەو لەژێر ئەو بەفران بارینەدا چاوەڕێی هاتنی هەڤاڵانی ترمان دەکرد، لەکاتی کۆبونەوەی هەموو هەڤاڵاندا ڕیزبەندمان بەست، لەکاتی کۆبونەوەکەدا هەڤاڵ مەزڵوم بەکورتی باسی گرنگی ئەم چالاکییەی بۆکردین، لەدوایشدا هەروەکو هەموو کۆبونەوەکانی ترمان بەگووتنەوەی دروشمی بژی سەرۆک ئاپۆ کۆبونەوەکەمان کۆتایی پێهات، دواجار بەرەو شوێنی چالاکییەکەبەڕێکەوتین، لەکاتی کۆبونەوەماندا هەریەکەمان بەوەیتری دەووت سەرکەوتن هەڤاڵ، هەڤاڵ مەزڵوم یەک بەیەک لەگەڵ فەرماندەی مەفرەزەکاندا قسەی کردو دووبارەو سێ بارەگرنگی و واتای چالاکییەکەی دووپات کردەوەو پێشیانی دەووت کەپێویستەچۆن بجوڵێنەوە، بۆ نمونەدەیپرسییەوەباتری بێتەلەکانتان تەواوە؟ زیادەتان پێیە؟ ئازوقەتان تەواوە؟ خاکەناز و قازمەکانتان پێیە؟ ئەمانەی دەپرسی، چونکە دەیویست دڵنیا بێت کەهیچ کەموکوڕییەک لەئارادا نییە.

لەدوای هەمووشیان هاتە لای گروپەکەی ئێمە سەرکەوتنی بۆ خواستین، هەڤاڵ مەزڵوم تەماشای هەڤاڵێکمانی کرد کە تازە بەشداری ناو شۆڕشی کردبوو بینی کەئێلەگی لەبەردا نییە، ئێلەگەکەی بەری خۆی داکەند و داییێ، پێی ووت کەلەبەری بکات، هەرچەندە ئەو هەڤاڵە ووتی سوپاس سەرمام نییە.. پێویست ناکات بەڵام مەزڵوم پێی ووت نا تۆ زیاتر پێویستیت بەمە هەیە، بەم شێوەیە هەڤاڵەکەمان ئێلەگەکەی کردەبەر خۆی، ئەمەیەکەم جارم نەبوو کە ڕەفتاری وا لەهەڤاڵ مەزڵوم ببینم، من لەسەر ئەم هەڵوێستەی ئارەزووی ئەوەم دەکرد کەباوەشی پێدا بکەم، لەدوایدا

تەوقەی لەگەڵ یەک بەیەکمان کردوو ووتی سەرکەوتن و ئیتر لێمان جیابۆوە، منیش پێم ووت: وریایی خۆت بە، دیاربوو ئەم قسەیەی منی لەلا سەیر بوو بێت بۆیە ئاوڕی دایەوە و ووتی تۆ وریایی خۆت بەمن هیچم لێ نایەت، من بەئینسیاتیفی خۆم دەژیم و بەئینسیاتیفی خۆشم دەمرم ، دوای ئەم قسەیە ئێمەی جێهێشت.

هەموو گروپەکان گەیشتنە شوێنی خۆیان، سەنگەرەکەی ئێمەش هەر ١٠ یاخود ١٥ مەترێک لەسەرووی ڕێگاکەوەبوو، بەفرێکی زۆر دەباری و ئێمەش دەبوایەپێش ئەوەی ڕۆژ ببێتەوەسەنگەرەکەی خۆمان پتەو بکردایە، بەبێ ئەوەی کات بەفیڕۆ بدەین کەوتینە هەڵکەنین، هەڵبەتە شێداری شوێنەکە یارمەتیدەر بوو بۆ ئاسانکردنی کارەکەمان، ئێمەچوار هەڤاڵ بوین، دوو دوو بەبێ وەستان بۆ پتەو کردنی شێوێنەکەمان خەریکی هەڵکەنین بووین، دوای ماوەیەک بەهۆی سەرماوە دەستمان لەگۆچوو، کاتێک دوو هەڤاڵەکەمان کە لە دوای ئێمەسەر قاڵی هەڵکەنین بوون ئێمەش بۆ خۆ گەرم کردنەوەلەشوێنی خۆمان هەڵدەساین و دادەنیشتینەوە. پاشان ئیمە کارمان دەکرد و دوو هەڤاڵەکەی ترمان خۆیان گەرم دەکردەوە، لەدەمەو بەیاندا سەنگەرەکەمان تەواو کردو بەچڵی داریش بانیمان گرت، لەژێر ڕەهێڵەی بەفر و باراندا کەوتینە چاوەڕوانییەوە.

لەبەر ئەوەی هەڤاڵ مەزلوم بەرپرسی ئەم چالاکییەبوو زوو..زوو لەبێتەلەکەوەهەواڵی دەپرسین، هەموو هەڤالان ئامادەباشیەکانیان تەواو کرد، دوای مانەوەی چەند کاتژمێرێک لەسەنگەرەکەدا نارەحەتی زۆری بۆ هێنایین، هەستم بە بوونی پەنجەکانم نەدەکرد هەمویان لەگۆ کەوتبوون، هەمووومان دەلەرزین، ئێمەش بۆ

خۆگەرم کردنەوەتەنها لەشوێنەکەی خۆمانەوەدەجوڵاینەوە، جار ناجاریش بۆ ئەگەری هاتنی ماشێن گوێمان ڕادەگرت، بەم شێوەیە تا کاتی نیوەڕۆ چاوەڕێمان کرد، لەکاتێکدا لەگەڵ بیستنی دەنگی ماشێن دەنگێ لەبێتەلەکە بەرز بۆوە، هەڤاڵ مەزلوم بەهەموو هەڤاڵانی ووت کەئامادەبن، بەگوێرەی پیلانەکەهەڤاڵ مەزلوم بڕیاری دەست کردنەوەی دەدا، لەگەڵ بیستنی دەنگی مەزلوم هەموو خوێنی جەستەم کەوتەوە گڕ، لەرزینی لەشم نەما، دەنگی ماشێنەکان تا دەهات نزیک تر دەبونەوە، سەرم بەرزکردەوە تەماشای ڕێگاکەم کرد تەنها دوو ماشێن بوون، بەگوێرەی پیلانەکەمان ئەگەر کاروانێکی سەربازی نەبوایە دەستمان نەدەکردەوە، ئەم دوو زریپۆشە بەئامانجی کەشفکردن دەسوڕانەوە، هەدەفەکەی ئێمە گەورەتر بوو، دەبوایە چاوەڕێمان بکردایە.

ئەو ڕۆژە لەژێر ئەو هەموو ڕەهێڵەی بەفر و بارانەدا لەشوێنەکانی خۆمان چاوەڕوانیمان کرد، بەڵام کاروانی دوژمن هەر نەهات، ئێوارەکەلەسەنگەرەکانی خۆمان دەرچووین لەبەر ئەوەی قاچمان تەزیبوو نەمان دەتوانی ڕێگا بکەین، هەموو جەستەمان سڕ ببوو، لەشیشمان لەقوردابوو! هەرچۆنێک بوو هاتمەوە سەرخۆم و بەرەو شوێنەکەی خۆمان سەرکەوتم، کەڕوبەڕوی هەڤاڵ مەزلوم بومەوە ناڕەحەتییەکم لەسیمای بە دیکرد. جوڵانەوەکەی تووڕەبونێکی پێوەدیار بوو، بۆیەپێم ووت ( بەیانی هەر دێن، تا دێن چاوەڕوانییان دەکەین ئەگەر هەفتەیەک بێت و ئەگەر ١٠ ڕۆژیش هەر چاوەڕێیان دەکەین ). بۆ ڕۆژی دوایی کاتژمێر ٥ ی بەیانی چووینەسەنگەرەکانەوە، تا ئێوارەچاوەڕێمانکرد بەڵام کاروانی دوژمن هەر نەهات، هەموو ڕۆژێک کەلەخەو ڕادەبوین بەئاواتی ئەوەی کە ئەمڕۆ دوژمن دێت

دەچوینە سەنگەرەکانەوە، ئێوارانیش لەژێر ئەو ڕەهێڵەی بەفر و بارانەدا و لەناو قوڕو چڵپاودا دەچوینەوە شوێنەکانی خۆمان، ئەم شێوەیە ماوەی ٦ ڕۆژی خایاند، لەدڵی خۆماندا دەمانووت ئەگەر دێن وەرن دەی دەوەرن.

هەرلەڕۆژانی یەکەمەوە پرانسیپی خۆمانمان لەدەست دابوو، وامان لێهاتبوو لەناو سەنگەرەکان نەدەماینەوە بەڵکو لەدەرەوەی سەنگەرەکان ڕادەوەستاین و لەحاڵەتی گوێ لێبونمان لەدەنگی ماشێن یەکسەر دەچوینەناو سەنگەرەکان و لێی دادەمەزراین، دیارەگوندنشینەکان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ئێمەیان لەبەیانی تا ئێوارە لێوەدیار بووەکەچی ئەکەین و چی ناکەین بۆیەدەیانزانی کەنیازی چیمان هەیە. هەر لەبەر ئەوەش بوو زیاتر بە گەرمی پێشوازیان لێمان دەکرد، تەنانەت هەندێ لەدانیشتوانی گوندەکەدوای نیوەڕوان ئەرزاقیان بۆ دەهێنایین. ئەم گوندە لە عەشیرەتی ( د) بوون، تەنانەت یەکەم ڕاپەڕینی دێرسیم هەر ئەمان ئەنجامیان دابوو، بەچاوێکی پڕ هیواوە لە ئێمەیان دەڕوانی، دوژمن ئازارێکی زۆری ئەمانی دابوو بەڵام هەرگیز چاویان نەترساوە، ساڵانێکی دوور و درێژەلەناو جەرگەی شەڕدا دەژین، شەڕو بەرخودان بووە بە بەشێک لەژیانی ئەوان و هەروەک کارێکی ئاسانی ژیانی ڕۆژانەیانی لێهاتووە، ئەوان ئازادی و پاشەڕۆژی ڕوناکی خۆیان لەدەست و پەنجەو شەڕی گەریلادا دەبینییەوە هەر لەبەر ئەمەشە بەچاوێکی پڕ خۆشەویستی و ئومێدەوە لە گەریلایان دەڕوانی، تەنانەت هەندێ جار کەدەچوینە گوندەکانیانەوە ئەو گوندنشیانانەی کە نەدەچوینە ماڵیان لێمان زویر دەبون و دەیان ووت بۆچی نایەنە ماڵی ئێمە؟ ، بەم شێوەیەناڕەزایان دەردەبڕی !.

لەئێوارەی ڕۆژی شەشەمدا لەکەناری سەنگەرەکەم ڕاوەستا بووم و تەماشای ئاوەشینەکەی مونزورم دەکرد، دوای سەرنج دانێک بینیم ئاوی مونزور لێڵەو ڕەنگی قاوەیی گرتووە، بێ حزور بووم بەڵام وورتەم لەدەمەوە نەهات، بۆ ئارام بونەوەم وەکو ڕۆژانی پێشوش جوێنم بەدوژمنیش نەدەدا، شەپۆلەکانی ئاوی مونزور خۆیان بە کەنارەکاندا دەکێشا و هەروەک بڵێی بێ حزوری منیش لەگەڵ خۆیان ببەن، دوای ماوەیەک لە سەرنجدان لەئاوی مونزور تەماشای سەنگەرەکەی هەڤاڵ مەزڵومم کرد کە لەدەستی ڕاستم بوو بینیم ئەویش بەرەو لای ئێمە دەهات.

ئێمەتەنها ئێواران دەمانتوانی بچین بۆ لای یەکتری، چاوم هەر لەسەر ئەو بوو، لەبەر ئەوەی زەحمەتکێشترین کەس بوو لەناوماندا، هەموو ئامادەباشییەکەی ئەم چالاکییە لە سەر شانی ئەو بوو، ئەویش هەستی بەماندوبون و زەحمەتی هەڤاڵان کردبوو کەچۆن لەماوەی ئەم شەش ڕۆژەدا لەژێر بەفر و باراندا لەچاوەڕوانیدان. لەناو هەڤاڵان قسۆڵەی ئەوەی دوژمن نایەت چاوەڕێی چی بکەین بۆ خۆمان ماندو بکەین هاتەئاراوە، هەموو ئەمانەهەڤاڵ مەزڵومی نارەحەت کرد بوو. هیچ لە هەڤاڵان رووبەڕی خۆی ئەم قسانەیان نەدەکرد، ئەم قسانە لەکاتی چون بۆ ناو سەنگەر و ئێوارانیش لەکاتی گەڕانەوە بۆ شوێنی حەوانەوە دەهێنرایە زمان، بەڵام هەڤاڵ مەزڵوم هیچ گوێی بۆ ئەم قسانە شل نەدەگرد، کە دەهاتە لامان تەنها دەیووت سڵاو هەڤاڵان.

هەڵبەتە منیش نەم دەتوانی بەگوێرەی پێویست هاوکاری بکەم، جلوبەرگی لەقوردا بوو هاتەلام و دانیشت بە دەستی کەوتەیاریکردن بەهەردوو لای سمێڵەکەی، زاتەن من ئەوم زۆر نەدەبینی تەنها لەکاتی

چونمان بۆ سەنگەر و هاتنەوەی ئێوارانمان نەبێت. کاتێک لەلام دانیشتبوو بەناچاری ووتم ( ئەمڕۆش دوژمن نەهات ). بەبێ ئەوەی وەڵام بداتەوە ماوەیەک بێدەنگ بوو، لەم کاتەداهەستم پێکرد کە بە شێوەیەکی شڵەژاوانە زیاتر کەوتەیاریکردن بەسمێڵەکانی، لەناکاو ووتی ( بەیانی.. بەیانی دوژمن دێت ،ئێمەش لەناو ئاوی مونزوردا دەیانخنکێنین )، بەخێرایی لە شوێن خۆی هەڵسا، دوایش ووتی من ئەچم بۆ بارەگاکە، تۆش هەڤاڵان کۆکەرەوە و وەرن.

ئیتر منی جێهێشت و چاوم لێبوو بەخێرایی هەنگاوی دەنا. سەرما و ماندوبوون ئەوەندەکاریگەری خۆی نیشاندابوو نێوان سەنگەر و بارەگاکەمان هەر نیو کاتژمێرێکی دەخایاند بەڵام ئێستا ئەم ڕێگایە تەواو بوونی هەر نەدەزانی، هەندێ لەهەڤاڵان کە دەگەیشتنە بارەگاکە بەبێ ئەوەی چاوەڕێی خواردن بکەن یان بەبێ ئەوەی خۆیان ووشک بکەنەوە ڕاستەوخۆ دەنووستن، شەوانەش جگە لە ئێشکگر کەسی تر بەئاگا نەبوو، ئەو شەوەی ڕۆژی شەش و حەوتەمینی گرێدەدا بەیەکەوە هەموو هەڤاڵان نوستبوون، تەنها من و هەڤاڵ مەزڵوم بەئاگابووین، مەزڵوم هەروەکو پیشەی هەموو جارێکی نزیک زۆپاکە دانیشتبوو، دەستێکی لەناو قژەزەردەکاڵەکەی بوو گوێی لەشیعرەکانی ئەحمەد عارف دەگرت، منیش خەوێکی زۆرم دەهات، هەردوو پێڵوی چاوەکانم لەبێ خەوی ژانیان گرتبوو، جارناجاریش خەوم لێدەکەوت و بەئاگا دەهاتمەوە، هەرچەنێک هەوڵم دەدا خەوم لێنەکەوێت بەڵام بێ هوودە بوو، سەرەڕای هەموو ئەمانەش بیرم لەمەزڵوم و چالاکییەکە دەکردەوە، دەمویست هەندێ باری خەمی هەڤاڵ مەزڵوم کەم کەمەوە، بەڵام نەم دەزانی چۆن ! دەمویست هەندێ شت بڵێم تا بارگرانی مەزڵوم کەم بێتەوە، لەلایەکەوە

خەو هەراسانمی کردبوو لەلایەکی تریشەوە بیرم دەکردەوە بەچی شێوەیەک دەست پێبکەم، لەناکاو پێم ووت هەڤاڵان زۆر پەرێشانن !، هەستم کرد بەم قسەیە تورەبوو ئەویش ووتی دەزانم .. دەزانم بەڵام هەتا دوژمن دێت چاوەڕێ دەکەین، چارەی ترمان نییە.

تا قسەمان بکردایە دەنگی بەرزتر دەکردەوە و هەروەها ووتی ئەمڕۆ قسەم لەگەڵ گوندنشینێک کرد کە لەدێرسیمەوە هاتبوو دەیووت دوژمن لەناو ئامادەباشیدان بۆ جێگیربوون، واهەست دەکەم بەیانی دوژمن بێت !، کەبینیم تورەبووە منیش بێدەنگ بووم، ئەو بەردەوام بوو لەقسەکردن ووتی ماوەی شەش ڕۆژە بێگوێدانە سەرما و باران چاوەڕوانیمان کردووە، دوای ئەو هەموو ماندوبونە و دانبەخۆگرتنە واز ناهێنین، تاکوو دێن چاوەڕوانی دەکەین.

لەناکاو بێدەنگ بوو، منیش هیچ وەڵامێکم نەدایەوە، ئەوەی ڕاستی بێت نەشم دەزانی کەچی پێ بڵێم، تەنها لەدڵی خۆمدا ووتم هیوادارم قسەکانت بێتەدی !.

لەیادم نییە کەی نووستم لەدەنگی هەڤاڵێک بەئاگاهاتمەوە کە دەیوت هەڤاڵ هەستە با بڕۆین.

دوای هەڵساندن چووم بۆ ئەو شوێنەی کۆبونەوەی بەیانیانی لێدەکرا، باران نەدەباری کاتێک سەرم بۆ ئاسمان هەڵبڕی زۆر دڵخۆشبووم کەدوای ماوەیەکی دوورو درێژ ئەستێرەم بینییەوە، هەڵبەت ئەمەش نیشانەوەی ئەوەبوو کە لەوانەیە ئەمڕۆ بەتیشکی خۆر شاد ببینەوە، هەروەکو هەموو بەیانیانێک هەڤاڵ مەزلوم کۆبونەوەی پێکردین و دەستی بەقسەکردن کرد، ( هەڤاڵان دوای ئەو هەموو زەحمەتییەهەر دەبێت بگەینەئامانج. بێ ئومێد مەبن ! ئەمڕۆ هەمووتان ئامادەبن دوژمن دێت و لەناویان دەبەین !

سەرکەوتنیش هەر بۆ ئێمەیە ) !.

بەشێوەیەک قسەی دەکرد کەزۆر لەخۆی دڵنیا بوو، ئەمەش سەرنجمی ڕاکێشا، لەخۆمم پرسی چۆن دەتوانێت ئەوەندە لە خۆی دڵنیابێت؟ ، لەدوایشدا سەرکەوتنی بۆ هەموو هەڤاڵان خواست و ڕێی پێداین بچینە شوێنەکانی خۆمانەوە.

بەگەیشتنمان بۆ شوێنی خۆمان بینیم هەڤاڵ مەزڵوم خەریکی دامەزراندنی هەڤاڵانە لە سەنگەرەکان تەنانەت هاتە سەنگەرەکەی ئێمەشەوە، هەمیشە پێمانی دەووت. .. سەرکەوتن. .. بەڵام ئەمجارەووتی ( گەردنم ئازاد کەن ) ئەمەش سەرنجمی زۆر ڕاکێشا. بۆ حاڵی بوون لەم قسەیەی تا ماوەیەک لێی ڕامام، دوای ماوەیەک پێم ووت گەردنت ئازاد بێت تۆش گەردنمان ئازادکە !.

من بەمە زۆر ناڕەحەت بووم، بەڵام ئەو زۆر بەختەوەر دیار بوو، پێم ووت لەگەڵت بێم؟ . ( نا. . تۆ ببە بە بەرپرسی ئەم سێ سەنگەرە لەلای ئەم هەڤاڵانە بمێنەرەوە ). منیش بەشێوەیەکی نیمچە کەلەرەقیەوە ووتم با بێم لەگەڵت، چونکە هەڤاڵانی لای تۆ کەم ئەزمونن !. من سوور بووم لەسەر قسەکانی خۆم بەڵام ڕازی نەبوو، لێمان جیابۆوە و چووە سەنگەرەکەی خۆیەوە، لەکاتی ڕۆیشتنیدا ماوەیەک تەماشام کرد و چوومەسەنگەرەکەی خۆمەوە.

ڕۆژی ٧ ممان خۆرێکی خۆش لەئارادا بوو، جارێکی تر درەوشانەوەی ئاوی مونزورمان بینیەوە، لەگەڵ تیشکی ئەم خۆرەهەموو سروشت سەر لەنوێ ژیایەوە، سەرەڕای ئەوەی بیر و سەرنجم بەلای جوانی ئەو دیمەنەسروشتیەوەبوو بەڵام قسەکانی هەڤاڵ مەزڵومم هەر لە خەیاڵدا بوو، لەدڵی خۆمدا دەمووت هیوادارم هیچ شتێکی خراپ ڕوو نەدات !.

خۆی لە خۆیدا هیچی ترم پێنەدەکرا، چاوەکانم بڕیبووە لووتکەی چیا و جوانی ئەو دەڤەرە هەروەها ئەو دارو درەختەی کە هەموو شوێنێکیان داگیرکرد بوو، خۆر بەشێوەیەک بەرز ببۆوە کە تیشکەکەی دەگەیشتە ناو سەنگەرەکەمان، منیش بۆ خۆگەرم کردنەوە ڕووم کردە تیشکی خۆر و هەستم دەکرد هێواش ،هێواش ئەو سەرمایەی کە بەهۆی بارینی بەفر و بارانەوە لە لەشما مابۆوە خەریک بوو دەڕەوییەوە، خۆم دابووە دەستی تیشکی خۆرەوە. لەدەنگی کۆمەڵێ ماتۆر هاتمەوە سەر خۆم، لەبەر ئەوەی ئێمە لە ناو سروشتدا دەژیاین هەر دەنگێک پەیوەست بەسروشت نەبوایە زوو هەستمان پێدەکرد، بۆ دڵنیا بوون داوام لە هەڤاڵان کرد بێ دەنگ بن، بەباشی گوێم بۆ دەنگەکە شلکرد، ئیتر دڵنیا بووم ئەم دەنگە دەنگی کاروانی ماشێنی سەربازی دوژمنە.

خێرا بەهەڤاڵانم ووت ئامادەبن ئەو کاروانەی چاوەڕێی بووین گەیشت، دوایش بەهەڵگری بیکەیسێکەم ووت سندوقە فیشەکەکان ئامادە بکە و میل ڕاکێشە، منیش خۆم ئامادەکرد و کەوتمە چاوەڕوانی، تا دەهات دەنگەکان زیادیان دەکرد و نزیکتر دەبونەوە، ئیتر ئێمەش چاوەڕوانی دەست کردنەوەی هەڤاڵ مەزلومان دەکرد، لەحاڵەتێکی ئاوادا ئەوەندە بە پەلەیت چاوەڕوانی ئەو شەش ڕۆژەت لەبیر دەچێتەوە و خواخواتە هەر ئێستا بگەنە بەردەمت، لەهەمان کاتدا بەوەوە خەریک بووم کەبزانم سەنگەرەکەمان پتەوە یان نا هەروەها بە هەڤاڵانم ووت وریا بن. . ئامادەبن. . زامنی چەکەکانتان بترازێنن، لەدوایشدا لەبەینی بەردەکانەوە تەماشام کرد تا بزانم یەکەم ماشێن گەیشت یان نا، لەدوورەوە زرێپۆشەکانم بینی چونکە

هەمیشە زرێپۆشەکان لەپێش کاروانەوە ڕێیان دەکرد، کاتێکم زانی کاروانی دوژمن گەیشتە بەردەممان، لەقالۆنچەی ڕەش دەچوون، ئەوەندەلێم نزیک بونەوەدە متوانی بەئاسانی دەموچاوی سەربازەکان ببینم، کاتێک لەناویاندا سمێڵدارم بینی کە ئەمانە تیمی تایبەتیان پێدەڵێن بەزۆر دانم بەخۆمدا گرت کەبێ ئەوەی چاوەڕێی بڕیار بکەم دەستیان لێبوەشێنم، لەلای من سیماشیان وەک بەرگەکانیان ڕەش و گڵاو بوو، کەئەوانم بینی ئەو هەڤاڵانەم کەوتەوە یاد کەدوای شەهید بونیان لەلایەن ئەمانەوە گوێچکو لوتیان بڕابوو، کەئەمانم بینی گوندەسوتاوەکانی کوردستانم هاتەوە یاد کەبەدەستی ئەمانە سوتێنرابون! هەموو ئەمانەشیان بەناوی شانازی بوون بەتورکەوە ئەنجام دەدا! خۆم بەخۆمم ووت میللەتی تورک شەرمتان لێدەکەن کەهەموو ئەم دڕندایەتییە بەناوی ئەوانەوە دەکەن. لەناکاو لە بێتەلەکەوە گوێم لەدەنگی هەڤاڵ مەزڵوم بوو کە ووتی ( بژی سەرۆک ئاپۆ ).

ئەمەش نیشانەی دەست کردنەوە بوو، بەیانی ڕۆژی ٣ ی ئاب کاتژمێر ٩ و چارەک لەو دۆڵەدا لەجیاتی دەنگی خوڕەی ئاوی مونزور ئیتر دەنگی ئاربێجی. . بیکەیسی. . کلاشینکۆف و ڕومانەدەهات! دووکەڵی ڕەش بەری ئاسمانی گرت! سەربازەکان لەشڵەژاوی خۆیان نەیان دەزانی چی بکەن و چۆن دەست بکەنەوە، هاوار و باوکەڕۆی سەربازە برینذارەکان دەگەیشتەحەوت تەبەقەی ئاسمان، ئاوی مونزور لەخوێندا سورهەڵگەڕاو نەیان دەزانی لەکوێوە تەقەیان لێدەکرێت، زۆربەی زرێپۆشو ماشێنەکان لێدران و سوتێنران، یەک دوانیشیان خۆیان دایەدەم ئاوی مونزورەوە، من تەماشای ئەو ماشێنەم کرد کە لەبەردەمم تێپەڕیبوو گەیشتبووە بەردەم

سەنگەرەکەی هەڤاڵ مەزڵوم، ئەو سەربازانەی کە لە یەکەم دەست کردنەوەماندا ڕزگاریان ببوو کەوتنە تەقەکردن، من دوو جار هەڤاڵ مەزڵومم بینی کەدوای ڕومانە تێگرتن دەچووە سەر ماشێنەکان، لەهەر جارێکیان دەچوو تەقەمەنی ناو ماشێنەکانی دەردەکرد و سەردەکەوتەوە سەرەوە، ئەم کارەی هەڤاڵ مەزڵوم منی زۆر نارەحەت کرد، کەبیرم هاتەوە هەڤاڵەکانی لای مەزڵوم کەم ئەزمونن بڕیارمدا بچم بۆلای، لەم کاتەدا ماشێنەکانی تر گەیشتن و ئێمەیان دایە بەر گوللە، سەڕەرای ئەم حاڵەتەش هەڤاڵ مەزڵومم بۆ سێیەمین جار بینیەوە لەشوێنەکەی خۆی هاتە خوارەوە، لەکاتی دابەزینیدا تەقەی لە ماشێنەکان دەکرد، سەڕەرای ئەوەی لەناو جەرگەی گەرمی ئەم شەڕەدا بووم وام دەزانی لەناو سینەما دیلانم لە دیاربەکر تەماشای فلیمێکی شەڕ دەکەم !، بەهەڤاڵەکەی تەنیشتم ووت بەرگریم لێبکە من دەچم یارمەتی هەڤاڵ مەزڵوم دەدەم.

لەسەنگەرەکەم دەرچووم و کەوتمە ڕاکردن، ماشێنەکان تەقەیەکی زۆریان دەکردەسەرمان، هەر ئەو پەڕی ٩. . ١٠ مەترێک لە سەنگەرەکە دورکەوتمەوە لەناو سکمدا هەستم بەئازار و گەرمییەک کرد، قاچەکانم بەیەکدا هات و کەوتم، چاوم ڕێچکە و پێچکەی کرد و چەند تەقلەیەکم داو ئیتر ئاگام لەخۆم نەما، هەروەک بڵێی کەوتبێتمە ناو بۆشایی تاریکییەوە !.

کاتێک چاوەکانم کردەوە لە ناو ئەو بەتانییە بووم کە لەنێوان دوو داردا بەیەکیانەوە بەستبوو، پرسیارم لەو هەڤالانەکرد کەمنیان هەڵگرتبوو چیم بەسەر هاتووە؟ !! لەبەر ئەوەی دوای هەستکردن بەئازارەکەی ناوسکم ئیتر ئاگام لەهیچ نەمابوو هەڤاڵێکیان ووتی برینداریت. کەتەماشام کرد دەمەو ئێوارە بوو، ئازارێکی زۆریشم

هەبوو، پێیانم ووت زۆرم تینووە، هەندێ ئاوم بدەنێ، یەکێ لەهەڤاڵەکان ووتی شتی وانابێت بریندارییت، ناتوانیت ئاو بخۆیتەوە!.

هەڤاڵ مەزڵومم هات بەئەقڵدا، کاتی بەیانی کە لە سەنگەرەکە هاتمە خوارەوە لەبەر ئەوەی لێدرام هەڤاڵ مەزڵومم نەبینیەوە، بۆیە لە هەڤاڵانم پرسی هەڤاڵ مەزڵوم لە کوێیە؟. هەڤاڵێکیان ووتی لە دواوەیە ئێستا دێت. لە پرسیاری ئەوەی ئەنجامی چالاکییەکە چۆن بوو؟ هەڤاڵێک ووتی ١٥ ماشێنی سەربازیمان تێکشکاند و هەندێ لەماشێنیش کەوتە ئاوی مونزورەوە، ژمارەیەکی زۆری سەرباز کوژران و برینداریکی زۆریان لێکەوت و تەقەمەنییەکی زۆرریشمان دەست کەوت.

بەم قسانەدڵخۆش بووم، لەدڵی خۆمدا ووتم لەئاکامدا سەرکەوتنمان بەدەست هێنا، بەڵام ئەم دڵخۆشیەم زۆری نەخایاند، لەبەر ئەوەی خوێنێکی زۆرم لێ ڕۆشتبوو حاڵم پەرێشان بوو، هەندێ جار خەوم لێدەکەوت و لەئازاری ناو سکم بەئاگا دەهاتمەوە، هەتا ئازارم پڕاوپڕ بۆ بهاتایە بەرچاوم تاریک دەبوو، جارناجاریش هاوارم دەکرد. . دامگرن. .. . دامگرن. . ئازارم زۆرە..، هەڤاڵان لەزەوی دامیاننا و بەدیارمەوەدانیشتن. بەتوڕەییەکەوە لێیانم پرسی بۆچی هەڤاڵ مەزڵوم نەگەیشت؟.

هەڤاڵێک ووتی لەدواوەیە دێت.

بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ پرسیارەکانم دەکرد، تا دووبارە پرسیاری هەڤاڵ مەزڵومم کردەوە یەکێ لەهەڤاڵان ووتی هەڤاڵ مەزڵوم شەهید بوو.

کاتێ وایووت لەخەفەتدا ئاگام لەخۆم نەما، ئەم هەواڵە دنیامی سەروبن کرد ! ڕەفتار و هەڤاڵ دۆستیەکەی و ئەو



بەختەوەرییەی کەلەکاتی گوێگرتنی لەشیعرەکانی ئەحمەد عارف لەچاوانیا بەدیدەکرا لەهزرم نەدەسڕانەوە، دوا قسەی لەگەڵمدا کەکردی ئەوەبوو کەووتی ( گەردنم ئازادکە) لەگوێما هەر دەزرنگایەوە! لەنیوەی شەودا هاتمەوە سەرخۆم و هەڤالان برینەکەمیان پێچایەوە، نزیک زۆپاکە منیان درێژ کردبوو، بۆ ئەوەی سەرمام نەبێت جامانەکانی خۆشیان بەسەر مندا دادابوو. من هەر بیرم لەهەڤاڵ مەزڵوم دەکردەوە، تەماشای هەر شوێنێکم بکردایە وێنەی ئەوم تیدا ئەبینی و نەم دەویست باوەڕ بکەم کەشەهید بووە. بیری یادە وەرییەکانیم دەکردەوە، ئەو کاتەی کەسم لەلاوەنەبوایەبەبێ دەنگ بۆخۆم دەگریام ! دوای زانیم بۆ دواجار کە دەچێتە خوارەوە بریندار دەبێت و دەکەوێت، ئەو سێ هەڤاڵە کچەی کە لەسەنگەرەکەی هەڤاڵ مەزڵوم بوون بۆ هێنانەوەی هەڤاڵ مەزڵوم دەچنە خوارەوە بەڵام

شەهید دەبن، هەڤاڵ دەلیل کەئەویش یەکێک بوو لەفەرماندەکانی ئەم چالاکییە ئەویش بۆ هێنانەوەی هەڤاڵ مەزڵوم دەچێتە خوارەوەب هڵام برینداردەبێت ناچار بڕیاری پاشەکشێ دەردەکات.

ئەو ساڵەهەڤاڵ مەزڵوم وەک فەرماندەی بەتوانای هەرێمی دێرسیم هەڵبژێردرا و گردێکیان نا بەناوی ئەوەوە.

ئەگەر ئێوەش دەتانەوێت چیرۆکی مەزڵوم و نمونەی ئەم مەزڵومانە بزانن، گوێ بۆ زێی مونزور ڕادێرن چونکە زێی مونزور شاهید حاڵە.

# ئەوکاتەی بەفر و سپیایت
# لێدەبێت بە دوژمن

## دکتۆر باهۆز ئەرداڵ

کۆتایی وەرزی پایز بوو، لەمانگی نۆڤەمبەر ساڵی ١٩٩٧ نزیک دەبوینەوە، هێزەکەمان لە تیپێک پێکهاتبوو دوای ئەوەی سەختی و دیمەنە دڵڕفێنەکانی باکورمان بڕی گەیشتینە هەفتانین، ئەمەش لەئاکامی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی هێزەکانی گەریلا هاتبووە ئاراوە، دەبوایە لە هەفتانین هێزەکەمان ببوایە بە دوو بەشەوە و گرووپێکمان دەبوایە بچوایە بۆ ناوچەی شەهیدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرووپەکەی تریشمان دەبوایە بەسەر زاگرۆسەوە بچونایە بۆ خواکورک، من لەناو گرووپی دووەمدابووم، سەرەرای ئەوەی بەشێکی زۆری هەڤاڵان کە گەریلای نوێ بوون بەبێ ئەوەی هیچیان بەسەر بێت لە هەفتانینەوە خۆیان گەیاندبووە قاشوا.

لەسەرەتای ڕێپێوانەکەماندا بۆئەوەی بگەینە هەفتانین بەدرێژایی شەو ڕێمانکرد و دەمەوبەیانی پشویەکماندا، بۆئەوەی دوای نیوەڕۆ جارێکی تر بکەوینەوە ڕێ کەوتینە ئامادەباشییەوە، دەبوایە لەکاتی عەسردا ڕێمانبگرتایەتەوەبەر، ئێمە نزیکەی ١٠٠ گەریلا بووین، دوای ئەو هەموو ڕێگابڕینە و ماندوبونە بۆئەوەی کەمێک لەبەر تیشکی خۆرە لاوازەکەی مانگی نۆڤەمبەردا پاڵماندایەوە و خۆمان گەرمکردەوە، ئەوکاتەی سەرقاڵی حەوانەوە بووین لەناکاو چاومان کەوت بە دوو کەس کە بەرگی سڤیلیان لەبەردابوو بەلاماندا تێپەڕین، ئەو هەڤاڵانەی شارەزای ئەم ناوچەیە بوون پێیان ووتین کە ئەم دوو زەلامە دەناسن و خەڵکی گوندەکانن و چەندینجار هاوکاریان کردوون، دوای ئەم قسانە نیگەرانیمان نەما، ئەو ڕێیەی کە بەسەریدا ڕێماندەکرد دوای پشوەکەمان سەرگردێک بوو کە بەرز نەبوو بەڵام زۆر تەخت بوو دەتوانم بڵێم کیلۆمەترێک پانێکەی بوو، لەڕاستیدا ئێرە شوێنێکی مەترسیدار نەبوو دەتوانرا بەئاسانی

لێوەی گوزەر بکەین بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا لەم ناوچەیە لەژێر چاودێری هێزی دوژمندا بوو، ببوو بە شوێنێکی مەترسیدار، هەربۆیە دەبوایە لەکاتی تاریکو ڕوونی ئێوارە و شەودا ئێرەمان تێبپەڕاندایە، لەبەرئەوەی ئەم گردە کەوتبووە ناوەڕاستی چەند گردێکی ترەوە ناویان نابوو گردی ناوەند، هێزی دوژمن بە لێزەر لەسەر گردێکی ترەوە ئەوێیان خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.

بەشێوەیەکی یەک ڕیزی و کە ناوبەرێکی باشی هەبوو لە نێوانماندا هەتا بەردەم دەربەنەکە ڕێمانکرد، من لەدوای ڕێبەرەکەمانەوە بووم، هەرکە گەیشتینە بەردەم دەربەنەکە تۆپێک نێوان ئەو هەڤاڵانەی کە لەدوای ئێمەوە بوون تەقییەوە، ئیخباری ئێمەیان کردبوو، پێشوتر دەمانزانی کە دوژمن بۆئەوەی کۆنترۆڵی ئێرە بکات ١١ تۆپی دوورهاوێژیان دانابوو بەڵام ئێستا کردبویان بە ٢١ تۆپ، هێزەکانی ئێرەمان لێرە پاشەکشێیان کردبوو، ژمارەمان ٨٠ هەڤاڵ بوو، تەنها توانیمان ٥ هەڤاڵ بچینە ئەودیوی دەربەنەکە، هەڤاڵانی ترمان لەوبەری دەربەندەکە مانەوە، ئەگەر هەڤاڵان لەوێدا بمانایەتەوە هەموویان شەهید دەبوون بەهەمان شێوە ئێمەش، ئەگەر بمانویستایە بچوینایەتە لای هەڤاڵان ئەوا دەکەوتینە داوی لێزەرەکانەوە و ئێمەشیان دەدۆزییەوە، لەیەکەم تەقینەوەی تۆپدا دوو هەڤاڵی لای ئێمە بریندار ببوون، ئەو دوو کەسەی کەلەکاتی پشومان لەلامانەوە ڕێیان کرد کەسانی گوند نشین نەبوون، چونکە ئەو ڕەوشەی تێی کەوتبووین ئەمەی نیشاندەدا، ئێمە بێخەمانە جوڵابوینەوە، هێزی دوژمن بە هەموو جۆرە چەکە قورسەکانیان ئێمەیان داکوتییەوە، ئەو کامیرە لێزەرە تەنانەت هەست بە نەبزی خوێن و ترپەی دڵیش دەکات، هەربۆیە کاتێک دەجوڵاینەوە

بۆردۆمانەکان زیاتر چڕدەبۆوە، لەهەمانکاتدا هەوڵماندەدا کە پەیوەندی بکەین بەو هەڤاڵانەوەی کەلە نزیک قاشورا لە مەتینا بوون، بەڵام شوێنەکەی لێرەوە دوربوو هەروەها پێچەوانەش بوو، ڕێبەرەکەشمان لەناوماندابوو، لەبەرئەوەی ئەو لەپێشی پێشەوە بوو ئەو یەکەمین کەس بوو کەلە دەربەنەکە پەڕیبۆوە، دەبوایە کۆببینەوە و بڕیارێکمان بدایە، ئێمە ٥ هەڤاڵ مابوینەوە و کاتیش نیوەی شەو بوو، ئێمە پێمانوابوو سەرەرای هەموو گریمانەیەک دەبوایە گرووپەکەمان بە سکە خشکێ ئەو گردەیان ببڕیایە کەئەمەش لەوانەبوو ڕێگا بۆ شەهید بوون خۆشبکات، لەلایەکی تریشەوە مانەوەیان لەشوێنی خۆیان بەهۆی بۆردۆمانەکانەوە هەر شەهید دەبوون، دەبوایە ڕێگا چارەیەکمان بدۆزیایەتەوە، ئەو مەسەلەیەشی کەلەسەری گەنگەشەمان دەکرد ئەوەبوو کە بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی لێی هاتبووین ئەوەشمان دەزانی کە ئەمە یەکێکە لە گەورەترین هەڵەکان لەبەرئەوەی لەوێش هێزی دوژمن فریای ئەوەکەوتبوو کە بۆسەی لێدابنێن، ئەو ڕەوشەی تێیکەوتبووین بەڕاستی سەخت بوو هەروەها نەماندەتوانی ڕێگا چارەیەک بدۆزینەوە بەڵام دەبوایە چارەیەکمان بدۆزیایەتەوە چونکە دەمانزانی کە دەبێت چارەسەرییەک هەرهەبێت چونکە کوڕان و کچانی گەریلا هەرگیز بێچارە نامێننەوە، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەنێوان خۆماندا گەنگەشەی ئەم ڕەوشەمانکرد، بڕیارماندا کەچی دەبێت بابێت کە دەبێت هەڤاڵەکانی ئەوبەری دەربەنەکە بگەهێنینە شوێنێکی تر، بڕیارماندا کە کە سێ سێ بیانپەڕێنینەوە ئەودیوی دەربەندەکە، بۆئەوەی زیاتر شوێنەکانیان کەشف نەبن و شەهادەت نەیەتە ئاراوە دەبوایە یەک یەکە بیانپەڕێنینەوە، ئێمە لەوبەرەوە

بووین، کاتێک هەڤاڵان نزیک لە ئێمە ئەم هەواڵەیان پێگەیشت ئەوانیش و ئەو هەڤاڵانەی لەگەڵ ئێمەبوون و لەوبەرمانەوە مابونەوە بە سکەخشکێ بەسەر گردەکە تێپەڕی بوون، کاتێک چوارەمین گرووپ دەپەڕینەوە لەلایەن کامیرە لێزەرەکانەوە کەشف دەبن و یەکسەر بەرتۆپ و هاوان دەدرێن، هەرچییەک ڕویبدایە با ڕووبدات دەبوایە بیانپەڕێنینەوە، نەماندەتوانی لەوە زیاتر چاوەڕێ بکەین، وەستان لەژێر بارانی مەرگدا هاوشانی تەسلیم بوونە، تەنها ڕێگا چارەمان ئەوەبوو کە جوڵە بکەین، ١١ هەڤاڵمان بریندار ببوون، هەندێکیان برینەکانیان سەخت بوو، هەڤاڵێکی کچمان قاچێکی پارچەی گوولە هاوانی بەرکەوتبوو قاچێکی لێببۆوە، بۆئەوەی ئەو هەڤاڵەمان لەناو جەرگەی شەڕەکە دووربخرێتەوە ٥ هەڤاڵمان مابونەوە لەلای، هەوڵیاندەدا کەلە شوێنەکەی خۆی دووری بخەنەوە، لەڕێگا چاومان بەو هەڤاڵانە کەوت کەلەلای هەڤاڵە بریندارەکەمان مابونەوە، دوو هەڤاڵی ئەوانمان هێنایە لای خۆمان و دوو هەڤاڵی لای ئێمەشمان دابەوان، منیش لەناو گرووپەکەماندا دەمامەوە، دوو هەڤاڵمان بەناوی سۆسێن و مەزڵوم دوای بریندارbوونیان شەهید بوون، دوو هەڤاڵی ترمان یەکێکیان بەناوی فەرهاد و هەڤاڵ بنەوش کە گەریلایەکی نوێ بوون بریندار ببوون، دەبوایە هەڤاڵ بنەوشمان لەوێ ڕزگار بکردایە، کەچاوی بەئێمە کەوت خۆی پێڕانەگیراو دەستی کرد بە گریان و داوای لێکردین کە تەنیا جێی نەهێڵین، ئێمەش پێمان ووت کە ئەگەر لەناو ڕەوشێکی زۆر خراپیشدا بین جێتناهێڵین و ئەگەر مردن هەیە با هەمووومان بەیەکەوە بمرین و خەم مەخۆ دڵنیابە ڕزگارت دەکەین، داوای ڕومانەیەکی لێکردین، پێی ووتین ( ئەگەر دەڕۆن بمکوژن

ئینجا بڕۆن، ئەگەرنا ڕوومانەیەکم بدەنێ ئینجا بڕۆن خۆم دەکوژم )، کاتێک لەگەڵ هەڤاڵ بنەوش قسەم دەکرد بۆئەوەی دڵنەوایی بکەم لەناکاو گوێم لە دەنگی زریپۆش بوو، ئەو شوێنەی لێی بووین دارستان بوو لەبەر زۆری و چڕی دارەکان نەماندەتوانی چواردەوری خۆمان ببینی.

من هۆکاری ئەوەم نەدەزانی کەلەبەر چی بوو کە بەو شێوە کتوپڕییە نۆ دانە زریپۆشیان گەیاندبووە لای ئێمە و مەزەنەی ئەوەشم نەدەکرد کە بەو دەستوبردە بگەنە شوێنەکانی ئێمە، بەخۆمم دەووت کە من هەڵەم و زریپۆشەکان لێمانەوە دوورن، کاتێک لە بێتەلەکەمانەوە هەڤاڵان پێیان ڕاگەیاندین کە چواردەورمان گیراوە ئەوکاتە تێگەیشتین کە بۆسەیان بۆداناوین، چواردەوری ئێمەیان گرتبوو ئێمەش هاتبووین بۆ ڕزگارکردنی هەڤاڵە بریندارەکانمان، کە لە چوار لاوە تەقەیان لێکردین ئێمەش کەوتینە تەقەکردن، نە ئەوان دەیانتوانی شوێنی ئێمە بەتەواوەتی بزانن نە ئێمەش شوێنی ئەوانمان نەدەزانی تاکو نیشانیان لێبگرین، تەنها بەگوێرەی گریمانەی خۆمان تەقەمان لەوان دەکرد، هیچ فیشەکێکی نیشانجی ئەوان کاریگەری لە ئێمە نەدەکرد، لەبەرئەوەی ئێمە و هێزی دوژمن زۆر لە یەکتر نزیک ببوین هەربۆیە نەماندەتوانی خۆمان بگەهێنینە لای هەڤاڵە بریندارەکان و ڕزگاریان بکەین، بەردەوام لە بێتەلەکەمانەوە هەڤاڵان بانگەوازیان بۆدەکردین کە پێویستە خۆمان بگەهێنینە شوێنێکی پارێزراوەوە، نێوان ئێمە و سەربازەکانی دوژمن هەر ١٠٠ مەترێک بوو، لەبەشی ڕاستی دەربەندەکە ڕووبارۆکێکی تەسک هەبوو ئێمە هەربەخۆمان نەزانی کەچۆن بە چواردەوریدا سوڕاینەوە، هەرگیز چاوەڕێی ئەم کارەی

خۆمان نەبووین، لەبەرئەوەی ئێمە شارەزایی ئەم ناوچەیە نەبوین و کەوتبوینە ناو ئەم شەڕ و پێکدادانەدا هەربۆیە هەستمان بە بوونی ئەم رووبارۆکەیە نەکردبوو، خۆگەیاندن بە کەناری ئەم ڕووبارۆکۆیە شتێکی تەسادوف بوو هەربۆیە هەلی بۆ ڕەخساندین کە سوڕێک بدەین، ئێمە لە شوێنە مەترسیدارەکە ڕزگارمان ببوو بەڵام هێشتا بەتەواوەتی نەماندەزانی کە چەند شەهیدمان هەیە.

هێزی دوژمن توانیبویان بگەنە سەر هەڤاڵە بریندارەکانمان و بەبێ هیچ دڵەڕاوکێیەک و هیچ لێپرسینەوەیەک لە شوێنەکانی خۆیان هەڤاڵانیان شەهید کردبوو، لەوکاتەوە تاکو ئێستاش ناڕەحەتی لەمەڕ هەستەکانی ئەوکاتەم دەچێژم کارەساتێکی دڵتەزێن بوو، من وەک شاخێکی بورکاناوی وابووم لە تەقینەوەدا بووم بەڵام لە هەمانکاتدا لە چاوەڕوانیدا بووم، مرۆڤ کاتێک لە نێوان ئارەزووی تەقینەوە و ناچاری چاوەڕوانیدا بژی شتێکە زۆر ستەمە جێی داخ بوو دەمانویست وەک بورکان بتەقینەوە بەڵام نەماندەتوانی دەبوایە چاوەڕوانیمان بکردایە.

ئێمە توانیمان بگەینە زاپ، ١١ هەڤاڵمان شەهید بوون، ئێمە داوامانکرد کە لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە هەڤاڵانی کۆمیتەی فەرماندارێتیمان بکرێت، ئەم کارەساتە مۆڕاڵی هەموو هەڤاڵانی تێکشکاندبوو، بەتایبەتی ئەو هەڤاڵانەی نوێ بوون توشی هەرەسی دەروونی ببوون، کە گەیشتینە زاپ زانیمان کە کێشەی لۆجیستی لەئارادایە، ئازوقە نەک کەم بەڵکو هیچ نەبوو، هەڤاڵانی ئەوێ بە نیوە تێری دەژیان و ژمارەشیان زۆر بوو، کاتێک لە شوێنێکدا ژمارە زۆر بوو بێگومان کێشەی ئازوقەش دبێتە سەرەکیترین کێشە، هەڤاڵێکی زۆر لە شەهید بوون ڕزگاریان ببوو زۆریش ماندوو بوون هەربۆیە

دەبوایە خواردنی باشیان بخواردایە ،ئەگەر وانەبێت گریمانەی هاتنە ئاراوەی کێشە دێتە ئاراوە، هەندێکجار دەچوینە کەناری ئاوی زاپەوە و چەند ڕوومانەیەکمان تێفڕێ دەدا، ئەو ماسیانەی دەمانگرتن بەشی ڕۆژێکیشمانی نەدەکرد، لەمانگی نۆڤەمبەردا بووین، دەبوایە گەریلا بۆ زستان ئامادەباشی خۆیان بکردایە، هەربۆیە بۆ ئامادەبوونێکی باش ئەوکاتە دەرفەت و پێداویستێکان بەباشی بەدەست نەدەهێنران، نەماندەتوانی لێرە لەمە زیاتر بمێنینەوە، باشترین ڕێگاچارە ئەوەبوو کە بچینە شوێنێکی ترەوە، سەرەرای ئەوەی بەفریش کەتبوو بەڵام ئێمە بە فەرماندارێتیمان ووت کە دەمانەوێت بڕۆین بۆ زاگرۆس و ڕێبەرێکمان بۆ دابینبکەن، زاگرۆس بەرزترین زنجیرە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، نەک تەنها لە زستان بەڵکو لە سەرەتای وەرزی پایزیشدا بەفری لێدەبارێت، لە وەرزی هاوینیشدا لە زۆر شوێن لە زاگرۆس دەتوانرێت پاشماوەی بەفر ببینرێت.

ئەوکاتەی ئێمە بڕیارماندا بچین بۆ زاگرۆس هێشتا بەفرێکی زۆر نەباری بوو هەربۆیە دەمانتوانی بەسانایی بگەین، پێموابێت ئەو هەڤاڵەی دیاریکرابوو بۆ ئەوەی چاوساغیمان بکات لەبارەی ئەم ئەرکەیەوە دوو دڵ بوو هەربۆیە لەناو هەڤاڵاندا کۆمەڵە قسانێکی دەکرد کە سەرودڵی هەڤاڵانی دەگرت و مۆڕاڵی هەڤاڵانی تێکدەشکاند، بەتایبەتی ئەو هەڤاڵانەی کە نوێ بوون مۆڕاڵیان خراپ دەبوو چونکە ئەو هەڤاڵەمان لەناو گەریلاکاندا دەیووت کە گوایە بەفر ڕێگامان پێنادات و لەسەر ڕێگامان گوند هەیە کە سەر بە پارتەکەی بارزانین و کەئەمەش بۆ گەریلا باش نییە و لەڕێگا گیردەخۆین، ئەوەی ڕاستی بێت تەنها شتێک نارەحەتی بۆ ئێمە درووستدەکرد



لەکاتی ئەم ڕێکردنەماندا ئەویش دەربەندێک بوو تەسک بوو کەلە بەرزایدا بوو، ئەو هەڤاڵە چاوساغەمان دەیووت کە ناتوانین لەو دەربەندە بپەڕێینەوە بەڵام بڕیاردرا بوو هەردەبوایە چاوساغی ئێمەی بکردایە، دەبوایە بۆسبەی کاتژمێر ٩ هەموو هێزەکەمان بەرەو خواکورک بەڕێبکەوتایە، ئەو ڕۆژەی بەڕێدەکەوتین کاتژمێر ٨ تەقینەوەیەکی مەترسیدار هاتە ئاراوە کە دڵی هەموومانی بریندار کرد، شەهادەتێکی تر هاتە ئاراوە.

هەڤاڵێکمان هەبوو بەناوی لەیلا کە بە بەدەن ناڕەحەتی دەچێژا، لەزۆربەی کاتدا لەدوای دواوەی گرووپەکەمان دەمایەوە و هەندێکجاریش هەڤاڵێک بۆ یارمەتیدانی لەگەڵ ئەودا ڕێی دەکرد ئەگەر زۆر دوابکەوتایە لەگەڵ خۆیدا بیهێنێتەوە، ئەم هەڤاڵ لەیلایەمان بەرەگەز تورک بوو، پێوەی دیاربوو کە بۆیەکەمجار کە کەوتینە ناو

بۆسەکەوە و ناڕەحەتیمان چێژت مۆڕاڵی خراپ کردبوو کە ئەمەش لە قسەکانی دیاربوو، هەڤاڵ لەیلا لەناو لاپەڕەیەک کە ئەوەندەی مشتێک بوو پێش ئەوەی کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت و خۆی شەهید بکات نوسیبووی ( من نامەوێت لەبەرخاتری من هەڤالانم شەهید بن، پێشوتر لەپێناو ڕزگارکردنی هەڤاڵێکدا چوار هەڤاڵ شەهید بوون، من نامەوێت ببمە هۆکاری ڕووداوێکی لەوشێوەیە، ڕێگامان چەتوونە و منیش لەدواوە دەمێننمەوە چونکە لاوازم و ناتوانم وەک ئێوە بم، ئەگەر پێشمەرگەکانی بارزانی ڕێگامان پێنەگرن ئەوا بەفر ڕێگا بەمن دەگرێت، لەهاتنەئاراوەی هەر زەحمەتییەک نامەوێت ببمە بارگرانی بە سەر هەڤالانەوە هەربۆیە لەپێناو هەڤالانی خۆم بەخت دەکەم و هەڤالانم بەگشتی زۆر خۆشدەوێن ).

بۆتێکچوونی مۆڕاڵمان هۆکارێک زۆر هاتنە ئاراوە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی لە گەریلادا هەیە ئەویش ئەوەیە کە بتوانرێت بەپێوە بمێنێتەوە، ئیتر دەبوایە کاتمان بەفیڕۆ نەدایەو شەهادەت نەیەتە ئاراوە، دەبوایە بکەوتینایەتە ڕێ، لەیلامان لەوێ بەخاک سپارد و ماڵئاواییمان لێکرد.

دەتوانم بڵێم بەدرێژایی ٢٤ کاتژمێر ڕێگامان کرد، ڕێگاکەمان کەمی مابوو، دواهەمین مەترسی ئەوەمابوو کە دەربەندە تەسکە بەرزەکە ببڕین، هەتا لە دەربەندەکەش نزیک ببوینایەتەوە ئەوە بەفر زیاتر دایدەکرد، هەتا ڕێگامان بکردایە بەدەنمان زیاتر خاودەبۆوە و هەنگاومان پێهەڵنەدەگیردرا ئەوەی کە زیاتر پاڵی پێوەدەنایین کە دوای ئەو هەموو زەحمەتی و ناڕەحەتییە هەنگاو بنێین بێگومان ئیرادەمان بوو، بەتایبەتی بۆ ئەو هەڤالانەی پێشەوە زیاتر ناڕەحەتی ناڕەحەتی دەهاتە ئاراوە چونکە دەمەترێک لە پێشەوە بوون و

دەبوایە ڕێگایان خۆشبکردایە، هەڵبەت هەڤاڵیشمان تێدابوو کە زیاتر خۆڕاگرییان دەکرد بەڵام ئەوانیش هەرنیو کاتژمێرێک دەیانتوانی لە پێشەوە بمێننەوە، هەتا ڕێگامان بکردایە بەفر زیاتر دایدەکرد و باهۆزی بەفر ڕێگای لێدەگرتین کە بەباشی هەنگاو بنێین، نەماندەتوانی بەباشی هەناسە بدەین، لەلای هەموومان پرسیارێک خۆی قیتکردبۆوە ئەویش ئەوەبوو ئایا دەتوانرا بەسەلامەتی بگەینە شوێنی خۆمان؟ ، بەهۆی کرێوەی بەفر و باهۆز و تەمومژەوە چاوساغەکەمان ڕێی لێتێکچوو ،بەم شێوەیە شوێنێکی دیاریکراومان نەما کە ڕووی تێبکەین و هەروەهاش بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتبووین ئەمەش مەحاڵ بوو، کاتێک ئێمە دڵخۆش بوین بەوەی کە لەکەناری مردن ڕزگارمان بووە کەچی ئێستا ڕوبەڕوی مردنێکی تر بوینەتەوە، ئێمە ئاسمانێکی سپی بەسەرمانەوە بوو هەروەها ژێر پێشمان بەهەمان شێوە و لەناو تەمومژێکدا بوین کە چاوچاوی نەدەبینی، وەک دەزانرێت ڕەنگی سپی و بەفر خۆشەویستی مرۆڤایەتین هەربۆیە ئێمە لەم ڕەوشەدا نەماندەویست کە سپییایەتی و بەفر بکەین بە دوژمنی مرۆڤایەتی، جارناجارێک تەنها دەمانتوانی مەترێک پێشخۆمان ببینین، کاتێک چاوساغەکەمان ووتی من دڵنیانیم لە ڕێگاکەمان مۆڕاڵی هەموو هەڤاڵانی پێخراپ بوو، هەندێک لە هەڤاڵان پێڵاوی پێیان ڕەق ببۆوە و هەندێکیشیان نەیاندەتوانی ڕێ بکەن، بەفر ووزەی هەموومانی نەهێشتبوو بەهۆی تەم و مژەوە بەرگەکانمان تەڕ ببون و بارگرانی درووستدەکرد و ڕەق ببونەوە، دەبوایە کۆتایی بەم باهۆزی بەفرە و تەمومژە بهاتایە چونکە لەوەزیاتر نەماندەتوانی ڕێ بکەین و ڕێگای خۆمانمان پێنەدەدۆزرایەوە، لەوانەیە ئەم جۆرە جوڵانەوەیەمان

ئەنجامی خراپتری لێبکەوتایەتەوە، ئەگەر بۆ کەمێکیش بوایە دەبوایە چاوەڕێی خۆشبونەوەی بەفر و ڕەوینینەوەی تەمومژمان بکردایە، هەربۆیە لایلۆنەکانی ناو جانتاکانمان کردەوە و خستمانە بان سەری خۆمان و لەسەر جانتاکانیشمان دانیشتین، هاڵاوی دەممان یەکتریمانی گەرم دەکردەوە و ئەگەر بۆ کەمێکیش بوبێت پشویەکماندا، چەند پارچە نانێکی ناوجانتاکانمان خوارد، هەندێک لە هەڤاڵان ئیتر نەیاندەتوانی ڕێ بکەن، هەربۆیە ئەو هەڤاڵانە ناچارمان کە جانتاو شتومەکە قورسەکانیان لەوێ جێبهێڵن، لەهەمانکاتدا ئەو هەڤاڵانەی کە نەیاندەتوانی چەکەکانی خۆشیان هەڵبگرن هەڤاڵانی تر کردیانە شانی خۆیان، ئێمە نەماندەتوانی بۆماوەیەکی زۆر پشوبدەین.

کاتێک هەستاینە سەرپێ بۆ ڕێکردن بینیمان زۆربەی هەڤاڵانی کچ لەبەرئەوەی قاچیان ڕەق هەڵگەڕابوو نەیاندەتوانی ڕێ بکەن، لەوانەیە لەحاڵەتی پشوودان هەست بە خوران و ئازار و برین و روشانی قاچ نەکرێت بەڵام کاتێک جارێکی تر ڕێ دەگریتەوەبەر ئەوکاتە زیاتر هەست بەو ئازارانە دەکەیتەوە، هەندێک لە هەڤاڵانیش دەیانووت کە هەست بە بوونی پەنجە و قۆڵیان ناکەن، ئەو هەڤاڵانەی کە نەیاندەتوانی ڕێ بکەن و دەست و قاچ و لەشیان لەگۆ کەوتبوون بەهەموو هێز و توانای خۆیانەوە بە مشت لەناو دەستیانماندەدا، ئەمە یەکێکە لەیادگارییە سەیر و سەمەرەکان کە زۆر بە دڵخوازیەوە لە دەست و پشتی هەڤاڵانی خۆمان بدەین، ئەمەشمان لەپێناو مانەوەیان لە ژیاندا بۆدەکردن ئەم حاڵەتە هەمیشە لە ڕەوشەکانی ئاوادا زوو ،زوو ئەنجامدراوە، بەم شێوەیە خوێنی لەش دەکەوێتەوە جوڵە و لەگۆکەوتن ڕزگاری

دەبێت، ئەم کارەمان سوودی خۆی هەبوو، هێشتا بەفر و باهۆز بەردەوام بوو، دیدەمان ماوەکەی زۆر کەم بوو، تەنها کلوبەفرمان دەبینی کەدەباری، لەم حاڵەتانەدا هەست دەکەیت کە بەرەو نادیار ملدەنێیت، لەم حاڵەتانەدا نەتدەزانی کە پێشتەوە چی هەیە و بۆکوێ دەچیت و تەنانەت هەست بەواتای ئەم ڕێکردنەتیش ناکەیت، ئەمە هەستێکی باش نییە تەنانەت زۆر زۆریش خراپە، بەڵێ ئێستا کەس هەست و بیر و بۆچوونی خۆی نەدەشاردەوە، بیروبۆچونەکانمان لەناو سمێڵە ڕەقبۆوەکان و برژانە ڕقبۆکاندا دەچۆڕین.

فەرماندەکەمان ناوی دەنیز بوو، ئەم هەڤاڵەمان لەپێشی پێشەوە ڕێی دەکرد، لەناکاو لەناو بەفرەکەدا بەچۆکدا هات و دەستی کرد بە گریان، لەگەڵ بەچۆکدادانی هەڤاڵ دەنیز لەبەرئەوەی ئێمە بەیەک ڕیز ڕێمان دەکرد هەموو هەڤاڵان ڕاوەستان، ئەوانەی کەمێک لەپێشەوە بوون ئەم حاڵەتەیان بینی، بێگومان ئەمە کارێکی باش نەبوو، بینینی بەچۆک هاتنی فەرماندەکەمان بۆ گرووپەکەمان خراپەی لێدەکەوێتەوە، لەم ماوە کورتە وەستانەدا چاومان دەگێڕا بۆ ڕەشاییەک، ئێمە پێویستیمان بە ڕەنگانێک بوو کەسپی نەبوایە، دۆزینەوەی ڕەنگێکی لەو شێوەیە بەمانای ڕزگاربونمان بوو.

چی بوو هەڤاڵ دەنیز بۆچی ڕاوەستایت؟ ، دەنیز ووتی هەمووومان شەهید دەبین کەس ناماندۆزێتەوە و بەرەو مردن دەڕۆین حاڵی دەبیت لێم هەمووومان بەیەکەوە دەمرین.

من یاریدەدەری ئەوبووم، ئەگەر کەسێک لەم ڕەوشە نیگەران و تووڕەبوایە دەبوایە من بەشێوەیەکی باش هێوری بکەمەوە، باشە بۆچی لە پێش هەموو کەسێکەوە فەرماندەکەمان هەرەسی هێنابوو هەروەها تووڕە بوو؟ ، پێم ووت باشە هەر تاکێکی ئێمە بۆکوێ بچێت

هەمووومان بەدوایدا دەڕۆین ڕێگای هەمووومان یەکە بۆچی دەبێت تۆ تاکە کەس بیت کە بیر لە ئێمە بکەیتەوە؟، دەنیز بێدەنگ بوو، زاتەن ئەو نەکەوتە ناو ئەم حاڵەتەوە تەنها لەبەر خۆی بەڵکو بەگشتی بیری لە ئێمە دەکردەوە، وەک هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و هەستیارێتی لەهەمبەر ئێمە بەوشێوەیە کرداری نواند، دەنیز فەرماندەمان بوو، ئەو لەناو ژیانی بەفر و شاخدا زۆر رانەهاتبوو، تەنانەت کردەوەی فەرماندە کاریگەری دەکردە سەر گەریلای بە ئەزمونیش، قوراڵ و کولتورێکی شێوەی کردەوەکەی هەڤاڵ دەنیز لەناو ئێمەدا نەبوو، بەڵام جەنگاوەرێکی بە ئەزمون دەزانێت کە ئەوجۆرە ڕەفتارانە لەناو فەرهەنگی ئێمەدا جێینابێتەوە، گەریلایەکی بێ ئەزموون کە دەکەوێتە ناو حاڵەتێکی سەخت و ناخۆشەوە لە گەریلا بە ئەزمونەکان و لە فەرماندەکانیان دەڕوانن، لەڕوانگەی ئەوەوە هەڵوێستی خۆی نیشان دەدات و کاریگەری دەکەوێتە سەر، هەربۆیە هەڵوێستەکەی هەڤاڵ دەنیز بەوشێوەیە نیگەرانی لەناوماندا درووست کرد و، ببووە مایەی تورەبونمان، زاتەن بەدرێژایی ڕێگا ئەو سەختی و ناڕەحەتییەی ڕوبەڕوی ببوینەوە کاریگەرییەکی زۆری کردبووە سەر گرووپەکەمان، هەربۆیە ئەرکی وریاکردنەوەیەکی جدیم لەخۆدا بینییەوە، چاوساغەکەمان بەئاشکرا پێی ووتین کە ئیتر سەری لەڕێگاکە دەرناچێت و حاکیمییەتی خۆی لەدەستداوە و قەدەری خۆشی ڕادەستی ئێمە کردووە، هەتا ڕێگامان بکردایە بەرەو نادیارییەک دەڕۆشتین کە ڕزگار بوونی نەبوو، ڕاوەستان و جوڵە نەکردن شتێکی خراپ بوو، ئێمە نەماندەزانی کە بۆکوێ بچین و چەنێکی تر ڕێ بکەین، دوای ماوەیەک هەستم کرد کە هێواش. ... هێواش بەرەو خوارەوە لێژدەبینەوە، وەک کەسێکی چاوبەستراوە

وابوین تەنها هەستمان بە پێیەکانمان دەکرد، بەڵێ لەوەدڵنیا بووین کەبەرەو لێژایی شۆڕ دەبوینەوە، سەرەرای ئەوەی قەوێتی بەفر لە هەموو شوێنێک وەک یەک وابوو بەڵام هەستمان دەکرد کە بەرەو خوارەوە شۆڕدەبینەوە، نێوان جەستەمان و بەفر هێواش.. هێواش کەم دەبۆوە، بۆئەوەی زیاتر دڵنیابین ئەم پرسیارەمان لەیەکتری دەکرد کە ئایا هەست بە گۆڕانکاری دەکەیت یان نا، ئەم پرسیارە لەو شێوەیەیەی دەکرد ئەرێ من هیچ نابینم ئەی تۆ؟ ، یان بەیەکتریمان دەووت هەڤاڵ واهەست دەکەم کەبەرەو لێژایی شۆڕدەبمەوە ئەی تۆ؟ ، هەمووومان دەستمان کردبوو بە پرسین ئەو پرسیارە لەیەکتری، هەندێک لەهەڤاڵان دەیانووت کەبەرەو قوڵایی شۆڕدەبنەوە بەڵام قەویتی بەفر وەک خۆی وایە، لەوە دەچوو کە ئێرە زێ بێت بەڵام کامە زێی ڕووبار، دەبوایە شۆڕببوینایەتەوە چونکە چارەیەکی ترمان نەبوو، دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی دەبوایە خۆمان و هەڤاڵانمان لەدەستی ئەم عەزرائیلە بەرگ سپییە ڕزگار بکردایە، دوای چەند کاتژمێرێک گەنگەشە و باسکردن لە هەموو گریمانەکان ئینجا شۆڕبوینەوە، وامهەست دەکرد کە لە ڕێگای راستدا بین، قەوێتی بەفرەکە کەم دەبۆوە و باهۆزیش لە ڕەوینەوەدا بوو، ماوەی بینینمان درێژ دەبۆوە، هەمووئەمانە شتی باش بوون ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە لە زۆزانەوە نزیکین بەڵام ئایا ئەم ناوچەیە کوێیە و لەژێر کۆنترۆڵی کێدایە؟ ، بێگومان ئەمە گرنگە چونکە ئێرە کوردستانە، لەوانەبوو لەناکاو پێشمەرگەکانی بارزانی کە ئەوکاتە نێوانمان ئاڵۆزبوو یان تیمەکانی دەوڵەتی تورک لەهەمبەرمان قیتببونایەتەوە.

دوای ماوەیەکی کەم چاومان کەوت بە پارچە زەوییەکی تەڕی

قاوەیی، سەرەتا باوەڕمان بەمە نەکرد، ئەوەی کە هەڤاڵان ڕاستەوخۆ کردیان تەقاندنی چەند فیشەکێک بوو، ئەو سەردەمە ئەم نەریتی نیشاندانی دڵخۆشیەمان هەبوو زاتەن هیچی ترمان لەدەست نەدەهات.

ئەم خاکە تەڕاوییە وەک ئەوەوابوو کە سەرلەنوێ ژیانمان پێببەخشێتەوە، هەتا بە بەختەوەرییەوە ڕێمان بکردایە دەنگی بەختەوەریمان بڵندتر دەبوو، وەک ئەوەوابوو سەرلەنوێ ژیان بکەینەوە، ژیانێک کەلە کەناری مردن گەڕابێتەوە، ئێمە نەماندەزانی کە گەیشتوینەتە کوێ بەڵام لەوە دڵنیا بووین کە مەترسی نەمابوو، هەڤاڵان باوەشیان بەیەکدا دەکردو سەرلەنوێ ژیانەوەیان لەیەکتری پیرۆز دەکرد، دوای ئەوەی کەمێک زیاتر چوینە خوارەوە و بێتەلەکەمان کردەوە و بانگەوازیمان کرد و دەنگێکی ناسراو وەڵامی داینەوە لە خواکوڕکەوە پێیان ووتین کە گەیشتوینەتە شوێنێک کەلەژێر کۆنتڕۆڵی گەریلادایە.

# چی کاتێک گونجا

**پیرۆز ماڤا**

له‌١ حوزه‌یرانی ساڵی ١٩٩٤ له‌گوندی ( مدڤره‌) بووین، ماوه‌ی ١٥ ڕۆژێک بوو گه‌یشتبووینه‌ ئه‌وێ، ئێمه‌ تازه‌ هاتبووینه‌ ئه‌م ناوچه‌یه‌وه‌ هۆکاری هاتنیشمان ئه‌وه‌بوو که‌هه‌ڤاڵ ڕه‌سول، زامدار بوو هێنا بومان تاکو بتوانین له‌وێ تیماری بکه‌ین، ئێمه‌ ژماره‌مان به‌هه‌ڤاڵ ڕه‌سولیشه‌وه‌٤ هه‌ڤاڵ بووین، هه‌ڤاڵ ڕه‌سول ملیس( به‌رگری میللی) بوو هاوکاریه‌کی زۆری ده‌کردین دواجار زامدار بوو، ده‌بوایه‌ به‌ زووترین کات ته‌داوی بکرایه‌، له‌م ناوچه‌یه‌دا جگه‌ له‌ ڕه‌سول دۆستێکی تریشمان ملیسی بۆمان ده‌کرد که‌ ناوی ئه‌حمه‌د بوو، هه‌ڤاڵ ئه‌حمه‌د که‌سێکی چاونه‌ترس و گرجوگۆڵ بوو هه‌موو پێداویستیه‌کانمانی بۆ دابین ده‌کرد و ڕێگاکانی بۆ ده‌پشکنین، که‌ده‌مان بینی هه‌میشه‌ باسی له‌خێزان و منداڵه‌کانی بۆ ده‌کردین دوایش منداڵه‌کانیمان بینی که‌ ٤ منداڵ بوون کچه‌ گه‌وره‌که‌ی ناوی گوڵبه‌هار بوو. ماوه‌ی ٢ هه‌فته‌ له‌م ناوچه‌یه‌ ماینه‌وه‌، هه‌ڵبه‌ت به‌رده‌وام په‌یوه‌ندیمان له‌گه‌ڵ هه‌ڤالانی تردا هه‌بوو، ڕۆژێکیان په‌یامێکی گرنگ له‌هه‌ڤالانه‌وه‌ به‌ده‌ستمان گه‌یشت، له‌په‌یامه‌که‌ هاتبوو که‌له‌ناوچه‌ی ( کورته‌لان ) له‌ئه‌نجامی خیانه‌تی میلیسێکمان له‌سه‌نگه‌رێکدا ٩ هه‌ڤاڵمان شه‌هید کراون، ئه‌مه‌ کاره‌ساتێکی گه‌وره‌ بوو دوژمن هه‌رگیزاو هه‌رگیز نه‌یده‌توانی ئه‌و زه‌ره‌ره‌ گه‌وره‌مان لێ بدات به‌ڵام خیانه‌ت ئاخ خیانه‌ت، ئه‌مه‌ ئه‌وه‌ی ده‌گه‌یاند ده‌بوایه‌ ئێمه‌ ته‌دبیری زیاتر بۆخۆمان وه‌ربگرین، به‌گشتی ئێمه‌ که‌ ده‌چوینه‌ ناو گه‌له‌وه‌ له‌ گونده‌کان چه‌کمان هه‌ڵنه‌ده‌گرت، به‌ڵام دوای ئه‌و هه‌واڵه‌ی به‌ده‌ستمان گه‌یشت ده‌بوایه‌ ته‌دبیرمان وه‌ربگرتایه‌، ئه‌و ڕۆژه‌ی ئه‌م هه‌واڵه‌مان پێگه‌یشت هه‌موومان له‌شه‌ودا نیوه‌نوست و نیوه‌به‌خه‌به‌ر ڕۆژمان کرده‌وه‌، نه‌مان ده‌توانی بنوین، چونکه‌ له‌م

نزیکانەی دەور و بەری خۆماندا ٩ شەهیدمان دابوو، سبەی لەگەڵ گزنگدا هێزی سەربازی دوژمن هاتبوونە گوندەکەوە، هەموو ماڵەکانیان دەپشکنی، ئێمە دەمانزانی کەبەشوێن ئێمەدا دەگەڕێن، بەڵام هیچیان نەدۆزیەوە، دوای ئەم پشکنینە هێزی دوژمن گوندەکەی چۆڵکرد، بەڵام کاتژمێر ٨ ی بەیانی جارێکی تر هاتنەوە، هەڤاڵ ئەحمەد لەگەڵ برینداره‌کەمان لەدەرەوەی گوند دەمایەوە، دوای ئەو ٩ شەهیدەمان وەک تەدبیر برینداره‌کەمان لەدەرەوەی گوند شاردبۆوە، ئێمەخۆمانمان تێکەڵی ناو گوند نشینەکان کردبوو وەک هەر گوندیەک بەبەرگی سڤیلەوە، سەربازەکانی هێزی دوژمن هەر خەریکی پشکنین بوون لەناکاو گوێمان لەدەنگی تەقەبوو لەدەرەوەی گووند بوو بە شەڕ، لەبەر ئەوەی ئێمە تێکەڵی ناو خەڵکی ئاوایی ببوین هێزی دوژمن نەیان دەزانی کە ئێمە گەریلاین، سەرەرای ئەوەی ئێمە لە مەترسیدا بووین بەڵام دڵم لەلایی گوند نشینەکان بوو دەترسام کەسەرباز ئەزێتیان بدەن، ئێمە لەوێدا سەنگەرێکمان نەبوو کەخۆمانی تێدا بپارێزین بێچارەو دەستەو ئەژنۆ مابوینەوە هەر چرکەیەک مردنێک بوو بۆ ئێمە، من بۆ ئەوەی هەستم پێنەکەن کەکەسێکی جیاوازم لەناو هەوڵدانێکی زۆردا بووم کە خۆم لە گوند نشینەکان جیا نەکەمەوە، خێزان و منداڵەکانی هەڤاڵ ئەحمەد لەگەڵ مندابوون لەناو مەراقی چاوەڕوانی هەواڵی ئەو تەق و شەڕەدا بوون، خێزانی ئەحمەد باوەشی بە منداڵەکانیدا کردبوو نەیدەویست گوێی لە هەواڵی خراپ ببێت، دوای ماوەیەک دەنگی تەقە نەما، ئێمەو گوند نشینەکان دەمانزانی کە زەرەرمان لێکەوتووە بەڵام بێدەنگ بوونی ئێمەش لەوێدا ئەوەبوو کەنەمان دەویست زەرەری زیاتر بدەین.

دوای ماوەیەک ئەو سەربازانەی لەدەرەوەی گوند بوون گەڕانەوە کەسیش نەیدەتوانی لێیان بپرسێت کەچی ڕوویداوە، خێزانەکەی هەڤاڵ ئەحمەد دەیزانی کە مێردەکەی لەناو ئەو شەڕەدایە بەڵام نەیدەویست هەست بکات کە لەوانەیە شەهید بووبێت هەر بۆیە ئامێزێکی گەرماوگەرمی بۆ منداڵەکانی کردبۆوە ئێمەش من و هەڤاڵەکانم دەستەو ئەژنۆ مابوینەوەنەوە چونکە هەر کارێکمان بکردایە کارەساتی زیاتری لێدەکەوتەوە، یەکێ لەسەربازەکان لەمریەمی پرسی کەمێردەکەت لەکوێیە، ئەویش ووتی مێردەکەم چووەبۆ شاری باتمان، سەربازەکان ووتیان نەخێر ئەو نەچووە بۆ شار بچۆ بۆ دەرەوەی گوند و بڕۆ تەرمی مێردەکەت بهێنەوە، بەم شێوەیە حاڵی بووین کە٢ هەڤاڵمان گەیشتنە پلەی شەهادەت، ئێمە وەک گەریلا و گەلیش وەک کەسایەتیش دەبوایە دانمان بۆخۆدا بگرتایە تاکو شەهیدی تر نەدەین، ئەو ٢ هەڤاڵەمان تا دوا فیشەک شەڕیان کردبوو، ئێمە کە ڕوبەڕوی خیانەت و ناپاکی ببوینەوە و خۆمان ناخی خۆمان دەخوارد بەڵام هێزی دوژمن سەرخۆشی سەرکەوتن بوون، سەربازەکان دەستیان کرد بەپەلاماردانی گوند نشینەکان، دەست و چاوی هەموو پیاوەکانیان بەستەوە، کەوتنە لەش پشکنینی منداڵ و ژن و لاوانی کچ، ئێمەو گوند نشینەکان دەمانزانی کەبەشوێن ئێمەدا دەگەڕێن، بەڵام ئێمە نەماندەویست شەهیدی زیاتر بدەین، چەند کاتژمێر هەموو گوندیان پشکنی بەڵام ئێمەو گوند نشینەکان هیچمان بۆ نەڕەخساندن، ئێمەو گوند نشینەکان وەک کانی و ڕووبار ئاوێتەی یەکتر ببوین، سەربازەکان دەیانویست لە ڕۆشتن و قسەکردن و جوڵانەوەماندا جیاوازیەک ببینن بۆئەوەی بزانن کەخەڵکی بێگانە لە ناو گوند نشینەکاندا هەیە.

هەڵبەت مێژوو ڕووداوی تاڵ و شیرین دەنوسێتەوە، سەرەرای هەموو ئەزیەت و سوکایەتی پێکردنێک بەڵام گوند نشینەکان شان بەشانی ئێمە لە خۆ ڕاگریدا بوون و ئێمەیان دەپاراست، ئاگریان لەئازوقەی زستانی گوندنشینەکان بەردا، ئاگریان لەژێرخانی ئازوقەکان بەردا، لەگەڵ گوند نشینەکاندا تەماشای سوتانی ئەو ڕەنج و ماندوبونانەیمان دەکرد کەساڵێک زیاترە پێوەی خەریک بوونە، سەرەرای هەموو شتێک ئەم خۆڕاگریەی گەلەکەمان لەم گوندەدا هێز و توانای بەمن دەبەخشی.

لەساڵی ١٩٩٢ لەنزیک ئەم گوندە٧ هەڤاڵمان شەهید ببوون، هەربۆیە خەڵکی ئەم گوندە سوێندیان خوارد بوو کە جارێکی تر ڕێنادەن کە هەڤاڵانمان لێرەدا شەهید بن، ئێمەیان کەشف نەکرد کە گەریلاین، پێیان وابوو کەئەرکی سەرشانیان ئەوەیەکەدەبێت ئێمە بپارێزن، چونکەدەیانزانی کە ئێمە پارچەیەکین لەوان و ئاسۆی ڕۆژی ڕووناکی گەلین، دوای ئەوەی سەربازەکان ڕۆشتن هەموو گوند نشینەکان هاتن بۆلامان لێیان دەپرسین هەڤاڵ گیان خۆ هیچتان لێنەکرا وەزعتان باشە، لەوکاتەدا لەدڵی خۆمدا ووتم دوای ئەم دیمەنە دەبێت تەمەنم ١٠٠ ساڵی تر درێژ بکەمەوە تاکو بتوانم زیاتر خزمەتی ئەم گەلەی پێ بکەم، ٢ هەڤاڵەکەمان شەهید بوون واتا ٢ ملیسەکەمان، خیزانی هەڤاڵ ئەحمەد مریەم خان سەرەرای ئەوەی مێردەکەی شەهید ببوو کەچی هەواڵی لەش ساغی ئێمەی دەپرسی، لەم ڕووداوەدا بەدرێژایی تەمەنم گەورەترین مۆراڵم وەرگرت و بەم هێز و گوڕەوە چەندین ساڵ لەناو خەباتدا مامەوە، شۆڕشمان گەورە بۆوە و منیش خەباتی خۆمم گەورەتر کردەوە.

لەساڵی ١٩٩٨ تیشکی ٢ چاوی شەهید ئەحمەدم بینی لە٢ چاوی

کچێکدا. بەڵێ کچەکەی ئەحمەد گوڵبەهار ببوو بە گەریلا، بەبێ ئەوەی یەک پەیڤین لەنێوانماندا دروست ببێت گوڵبەهارم ناسیەوە، دوای چەندین ساڵ باسی خەبات و تێکۆشانی گەورەی باوکیم بۆ کرد، باسی بنەماڵەکەیانم بۆکرد کە چۆن ئامادەبوون سەری خۆیان ببەخشن بەڵام ئامادە نەبوون نهێنیەک بدر کێنن، لەگەڵ گوڵبەهاردا گەلەکەمان ببوون بەخاوەن ٢ فیداکار، کەوتینە ناو قسەوباسەوەوباسمان لەگرنگی خەبات و پیرۆزی و تێکۆشان و ئەرکەکانی سەرشانمان کرد، باسی ئەوەمان کرد کە چۆن ئەو گوند نشینانە لەبەر ئەوەی

بەئەرکی سەرشانی خۆیانیان دەزانی کەئێمە بپارێزن هەروەک ئەوانیش ئەرکی سەرشانی ئێمەیە بەرگریان لێ بکەین. دوای ماوەیەک چیای گابار منی لە گوڵبەهار دابڕی چونکە بۆ تێکۆشان گوڵبەهار دەبوایە بچوایە بۆ ئەو چیایە، ئەو بۆیە چوو تاکو بتوانێت مێژوویەکی نوێ بنوسێتەوە، لەساڵی ٢٠٠٨ گوڵبەهار داستانەکەی خۆی نوسیەوە، گەیشتە ناو کاروانی شەهیدانەوە، منیش خۆم و تفەنگەکەم لە ناو تێکۆشینداین هەر بۆیە فیشەکی چەکم چاوەڕێمە تاکو داستانێکی نوێ بنووسمەوە. بێگومان چیکاتێک گونجا.



# لەناو شەڕێکی ئاوادا کەس دەبورێتەوە؟

## شەڤین سەرهاتا

بەدرێژایی ڕێ تەنها یەک ناو لە ناو مێشکمدا دەهاتوو دەچوو، ئەویش ناوی ناوچەی ( خاپوشکە) بوو، چاوساغەکەمان ووریای کردینەوەپرسیاری وەک ئێرە کوێیە.. لەکوێوە دەڕۆین. . بۆ کوێ دەڕۆین؟ بۆ ئێمە قەدەغە بوو، هەڵبەت هەڤاڵان پێیان وابوو کەهەموومان نەزانین بۆ کوێ دەچین و بەکوێدا تێدەپەڕین ئەمەشیان بۆ دڵنیایی ئێمە دەکرد چونکە شتێکی باش نەبوو کەهەموو شتێک بزانین، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم شێوازە کرابوو بەبڕیار کە کەس ئەم جۆرە پرسیارانە نەکەن وە دەبوایە هەموومان پابەندی ئەم بڕیارە بوینایە.

هەڵبەت زانینی ناوی ئەو هەموو شوێنە تایبەت مەندیەکی خۆی هەیە بەڵام بۆ هەڤاڵانی نوێ مەخابن، نەک وەک ڕێبوارێک بەڵکو دەمویست هەموو ڕابردووی ئەو شوێنە دڵگیرانە بزانم، جوانی ئەم هەرێمە کاریگەریەکی سحراوی بەسەر مندا دروست دەکرد بەتایبەتی ئەو کاتەی کە ئەو هەڤاڵانەی دوای ئەنجامدانی چالاکی دەگەڕانەوە لامان و باسی بەسەرهاتەکانیان بۆ دەکردین.

من لەناو دەریای ئەو هەموو باس و گێڕانەوەدا مەلەی خۆمم دەکرد، وەک ئەوە وابوو لە لام کە من خۆم ئەو چالاکییانەم سازدابێت و بەشداریم تێدا کردبێت، دوای ماوەیەک ٤ کەرتمان لە هەمان ناوچە کۆبونەوە، کۆبونەوەیەکمان سازدا، من لە شوێنێکی شێدارردا دانیشتبووم هێواش. . هێواش هەستم بەسەرما و تەڕبوونی جلەکەم دەکرد، بەو شێوەیە گوێم بۆ هەڤاڵ شاهین گرتبوو.

هەڤاڵ شاهین لە ئاخافتنەکانیدا ئێمەی گەڕاندەوەبۆ ساڵی ١٩٩٤، ساڵی ١٩٩٤ دژ بە هێزەکانی ئێمە هێرشێکی زۆر بەرفراوان لەئارادا بووە، دەوڵەت ئەم هێرشە گەورەی ناونابوو هێرشی پۆڵا.

دژ بەم ئۆپەراسیۆنە هێزەکانی ئێمە بۆ وەڵامدانەوەی هێزی دوژمن پیلان سازیەکی باش کرا بوو هەروەها شێوازێکی زۆری نوێی تری هێرشی دژ بەهێزی دوژمن پێشنیار کرابوو، ئەم پێشنیار و داخوازیانە تاکو ئێستاش لەئارشیفی هێزی مەڵبەندەکان لە ئارادان، دوای گەنگەشەیەکی زۆر هەڤاڵان گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە پەلاماری بارەگای بێسۆس بدەین، چەند گروپێکمان بۆ چەندین هەفتە خەریکی چاودێری کردنی بارەگاکە بوون، دوای ئامادەباشی بڕیاری ئەنجامدانی چالاکێکە درا، ماوەی ٣ ڕۆژ بەردەوام لە کۆبونەوەدا بووین، دوای گەنگەشەیەکی زۆر هەڤاڵ شاهین ووتی هەموو هێزەکەمان کۆبکەنەوە، ئامادەباشێکان و ناوەکان دەخوێنینەوە کە کێ بەشداری ئەم چالاکێیە دەکات.

بەم شێوەیەکۆتایی بەکۆبونەوەکەمان هێنرا، دوای ئەوەی هێزەکەمان ڕیز بەستنی گرت هەڤاڵ شاهین بەرامبەرمان ڕاوەستا بوو دەستی برد بۆ گیرفانەکەی و چوکلێتە نامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا، ئێمە چاومان بڕی بووە هەڤاڵ شاهین و گوێمان بۆ فەرمانەکانی گرتبوو.

هەڵبەت لەشوێنێکی ئاوادا خوێندنەوەی فەرمان ئەنجامدانی چالاکییەکی بەو شێوەیە کارێکی ئاسان نییە چونکە هەڤاڵ شاهین باشی دەزانی دوای ئەم کۆبونەوەیە چی هەراو زەنایەک روو دەدات بەڵام ئەو لەبەر ئەوەی بەئەزموون بوو زۆر لەسەر خۆ بوو، لەرەوشێکی ئاوادا هەر هەڤالێک زیاتر بەووره و روحێکی مەزن ترەوە پەیوەستی یەکتر دەبن، هەیەجان و مۆڕاڵی هەڤاڵان هەر هەموویان وەکو یەک بوو، ئێمەلەو حاڵەتانەدا بیرمان دەکردەوە کە ئایا بەشداری ئەم چالاکییە دەکەم ئایا دەبێت شوێنی من کوێ

بێت ئایا لەکام گروپ جێدەگرم؟ ، هەمووما‌ن بەوشێوەیە بیرمان دەکردەوە، ئەی ئەگەر ئەرکیان بە من رانەسپارد؟ ، لەم رەوشی دەروونیە دەژیاین، بەڵام بەردەوام لەناو هیوایەکی گەورەدا بووین کەبەشداری لەو چالاکییەدەکەین، هەتا دوا ساتیش بەو هیوایەوە دەژیاین.

بەگشتی ئەو هەڤاڵانەی کە دەستەی هێرشن خاوەن مۆڕالێکی بەرزن، ئەگەر هەڤاڵێک بزانرێت مۆڕاڵی لە شوێن خۆی نییە لە گروپی بۆسە دادەنرێت، ئەگەر لەگروپی بۆسەش ئەرکیان نەدەنێ ئەوا لەگروپی بەرگری ئەرکدار دەکرین.

دوای ماوەیەک قسەکانی هەڤاڵ شاهین تەواو بوو، ناوەکان خوێندرایەوە و هەڤاڵ شاهین چوکلێتەنامەکەی خستەوە گیرفانی، من زۆر تەڕببووم، زۆر دڵگران بووم بەوەی کەناوی من نەخوێنرایەوە، ئەم ڕەوشە زوو. . زوو دووبارە دەبێتەوە وە دەبێتە هۆی ئەوەی بڵێن هەمیشە بەڵێن دەدەن بەڵام جیبەجێی ناکەن و هەمیشە دەڵێن بەڵێن بێت بۆجارێکی تر بەشداری دەکەن، بەردەوام هەڤاڵانی خاوەن ئەزموون بەشداری لەو جۆرەچالاکیانە دەکەن، باشە کەی من دەبم بەخاوەن ئەزموون؟ ، بەبێ ئەوەی مۆڵەت وەربگرم شوێنەکەی خۆمم جێهێشت، چومە شوێنی حەوانەوە، چومە سوچێکەوە و دەستم کرد بەگریان، بەخۆمم دەووت چی دەبوو ئەگەر منیشیان لەگەڵ خۆیاندا ببردایە؟، ئەگەر ئەوکاتەکێ بهاتایەتە لام دەستم دەنا بەرویەوە و لێی تورە دەبووم هەر بەبێ هیچ هۆیەکیش، ئەگەر فەرماندەی کەرتەکەمان هەڤاڵ ئادار گوڵان کەلەساڵی ١٩٩٢ وە گەریلایە ئەگەر ئەویش بهاتایەتە لام دەستم دەنا بە روویەوە، هەڵبەت هەڤاڵ ئادار گوڵان فەرماندەیەکی

خۆشەویست بوو، ئەو هەستی بەتوڕەبوون و هەستی بەدڵ پڕی من کرد بوو، ئەو دەیزانی کە لە ڕەوشێکی ئاوادا دەبێت لەگەڵ کەسێکی وەکو من ئاخافتن بکرێت، هاتە لام و کەوتە قسەکردن لە گەڵمدا لە ئاکامدا منیش پێم ووت هەڵبەت تۆ لە گروپی هێرشبەردا جێدەگریت، تۆ هیچ کێشەیەکت نییە وەئێستاش هاتووی دڵی من بدەیتەوە؟.

ئەو زیاتر نازی منی هەڵدەگرت، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت منی بەتەنیا جێهێشت، هەڵبەت ئەمە ئەوەی نەدەگەیاند کەئیهمالی کردبێت، هەر چەندە بە ڕووکەش و رووالەت وا دەبینرا بەڵام هەستم دەکرد کە بەردەوام چاودێری من دەکات، لەراستیدا نەدەتوانرا لەم بارەیەوە کارێکی ئەوتۆ بکرێت، ئەگەر لەم بارەیەوە گۆڕانکاریەکیشم بویستایە دەبوایە نەک لەگەڵ ئەو بەڵکو دەبوایە لەگەڵ هەڤاڵانی تر قسەم بکردایە، ئەم شێوازی بیرکردنەوەم پێ باش بوو چاوەکانم سڕی و لەشوێنی حەوانەوەمان هاتمە دەرەوە، چووم بۆ ئەو شوێنی حەوانەوەیەی کەهاڤاڵ شاهین لێی دەمایەوە، کاتێک منی بەو شێوەیە بینی حاڵی بوو، پێش ئەوەی من دەست بکەم بەقسەکردن ئەو ووتی هەڤاڵ شەرڤین دڵگران مەبە جارێکی تر تۆش دەبەین بۆ چالاکی. منیش ووتم بەردەوام وادەڵێن، بەڵام کەکاتی چالاکی ئەنجامدان دێت بەردەوام هەڵم دەخەڵەتێنن و پێم دەڵێن جارێکی تر دەتبەین.

لەلایەکەوەهەڤاڵ شاهین خەندە گرتبوی لەلایەکی تریشەوەهەستی دەکرد کە قەناعەتم پێناهێنێت لەئاکامدا ووتی باشە.. باشە تۆش وەرە.

بەم شێوەیە فەرمانیدا کە منیش بچم لە گەڵیاندا، زۆر خێرایانە

ئەم گۆڕانکاریە هاتە ئاراوە، ئەگەر بمزانیایە ئەوەندە بە ئاسانی ئەنجام بەدەست دەخەم هیچ خەفەتم نەدەخوارد، پێشوتر ئەم کارەم دەکرد، کەبیرم لە چەند خولەکێکی رەوشی خۆم دەکردەوە پێکەنینم بەخۆم دەهات، دەبوایە بەخێرایی بچومایە بۆلای هەڤاڵ ئادار و ئەم مژدەیەم پێ بدایە، کەچومە شوێنی حەوانەوەمان یەکەم کارم ئەوەبوو باوەشم کرد بەهاڤاڵ ئادار پێم ووت منیش دێم. . منیش دێم.

بۆ ئەوەی هەڤاڵانی تریش گوێیان لێبێت بەدەنگی بەرز ئەمەم ووت.

کاتێکی کەم مابوو، کاتێک پێیان ووتم دەبێت بەخێرایی خۆم ئامادە بکەم، بە خێرایی چووم ئەو بوخچەیەم لەژێر سەرینی شوێنەکەم بوو دەرهێنا، من پێش دوو ڕۆژێک ئامادەباشی خۆمم کرد بوو، کاتێک پێشانی هەڤاڵانمدا پێیان ووتم زاتەن لەمێژە ئامادەباشی خۆتت کردووە.

تاریکی شەو باڵی بەسەر هەرێمەکەدا کێشا بوو، هەڤاڵان ئاگرێکی گەورەیان کردبۆوە و هەڵدەپەڕان، بەهاڤاڵ ئادارم ووت ئەڵێی چی هەڤاڵ تەنها من و تۆ ماوین.

کەوام ووت دەستیم گرت و چوینە نێوان هەڤاڵانەوەو دەستمان کرد بەهەڵپەڕکێ، دوا گۆرانیمان گۆرانی ئەز خەلەفم بوو، دوایش بەشێوەی گروپ. گروپ ماڵئاوایمان لەیەکتری کرد و بەڕێ کەوتین، گروپی چاودێری لەپێشمانەوە ڕێیان کرد.

لەخاپوشکەوە بۆ شکارەسپی و لە وێشەوە بۆ ئەوەی بگەینە بارەگای بێسۆس دەبوایە بناری چیای گۆستە ببڕین، گروپێکی ترمان بەکەناری ئاوی باسیا دەپەڕانەوە، بەم شێوەیە لە٢ قۆڵەوە پەلاماری

بارەگاکەمان دەدا، ناوچەی شکارەسپی بە گابەردی سپی ناسراوە، کە گەیشتینە ئەوێ دەبوایە ماوەیەک چاوەڕێمان بکردایە، بەبناری شکارەسپی پەرینەوەو گەیشتینە شوێنی مەبەست، ئەم ڕێگاو بانە ئارام تر بوو توانیمان بەشێوەیەکی دڵنیایانە تێبپەڕین، بەڵام دوای ئەم شوێنە ڕێگاو بانەکان مەترسی دار تر بوون.

شەوێکی تاریک و نوتەک بوو، لەگەڵ دەرکەوتنی مانگدا ڕێگاو بانەکان کەوتنەبەرچاو و ڕێگاو بانێکی خۆڵاوی بوو، لەو دەورو بەرەدا گوندێکی زۆری جاش هەبوو، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبین دەبوایە زۆر وریایانە ڕەفتارمان بکردایە.

دەبوایە یەک لەدوای یەک ڕێمان بکردایە، دەبوایە نێوانێکی باشمان لەنێواندا هەبوایە، کەس وورتەی لەدەمەوە نەدەهات، ئەگەر زۆر پێویستی نەکردایە تەنانەت لەپەنای گوێی یەکتریشدا قسەمان نەدەکرد، یەکەم جار بوو روبەڕووی جدیەتێکی لەو شێوەیە دەبومەوە، کاتێک لەگۆستێ نزیک بوینەوە کەممان مابوو بگەینەبارەگا سەربازێکە، نێوانمان تەنها دەربەندێک مابوو، گەیشتینەدەربەندەکە و ئەمەش ماوەیەکی کورتی خایاند، لێرەدا ماوەیەک چاودێریمان کرد، کاتێک ئێمەلەچاوەڕوانیدا بوین هەڤاڵانی گروپی چاودێری بەڕێ کەوتن، ئێمە دەمانتوانی لە شوێنەکەی خۆمانەوە بارەگاکە ببینین، لە نزیکمانەوە چەند شوانێک هەبوو، لەبەر ئەوەی گوندەکانی چواردەورمان جاش بوون شوانەکانیش پەیوەندیان بەبارەگاکەوە هەبوو هەر بۆیە دەبوایە زۆر وریا بین، ئەگەر هەستیان بەبوونی ئێمە بکردایە هەواڵیان دەگەیاندا بارەگاکە، ئەگەر بچوکترین هەڵەمان بکردایە ئەوا ئاشکرا دەبوین و پیلانەکانمان پوچەڵ دەبۆوە.

جانتاکانی سەر شانمان زۆر قورس بوو، بەم حاڵەشەوە بەبێ ئەوەی لەیەک داببڕین تا شوێنی مەبەست ڕێمان کرد، بەبێ ئەوەی جانتاکانی پشتمان داگرین لەشوێنێکدا پشتمان دابووە پاڵ بەردەکان و لەچاوەڕوانیدا بووین، دوای ماوەیەک گروپی چاودێریمان گەڕانەوە، دوای ئەوەی هەڤاڵ شاهین قسەی کرد لە گەڵیاندا دوایش بانگی فەرماندەی کەرتەکانی کرد، جارێکی تر پیلانەکانی بۆ دووبارەکردنەوە و لێشیانی پرسی ئەگەر دەیانەوێت شتێک بڵێن یان نا، دوایش بەدەست ئیشارەتی ئەو شوێنانەی بۆ کردن کەدەبوایە بۆی بچن، فەرماندەی گروپەکەی ئێمە هەڤاڵ کارکەر شرناخی بوو، دوای ئەوەی ئامادەباشی کارەکانی کرد ئەویش چوو بۆلای هەڤاڵ شاهین.

من لەگروپی بەرگری بووم، فەرمانیان پێکردین کەدەبێت لەپشت گروپی هێرش بەر ڕێ بکەین، لەکاتی ڕێکردنماندا هەموو شتێک سەرنجی ڕادەکێشا، کاتێک رێم دەکرد لەهەمان کاتیشدا تەماشای بارەگاکەم دەکرد، لەترسی ئەوەی نەک هەست بەئێمە بکەن هەنگاوەکانمان خێراتر دەکرد، بەهۆی تیشکی مانگەوە ئێمە وەک تارماییەک بووین و ڕێمان دەکرد، ئەمەش ڕێی بۆ دوژمن خۆش دەکرد کە بە سانای هەستمان پێبکەن، ئەگەر هەڤاڵانم نەبوایەهەموو دارێک و لقێک و بەردێکم بەسەربازی دوژمن دەزانی بەڵام لەبەر ئەوەی هەڤاڵان لەپێشەوە ڕێیان دەکرد دڵنیایی بەمن دەبەخشی، لەو تاریکیەدا روبەڕوی شوانێک بوینەوە، لێی کەوتینە گومانەوە، کاتێک لێمان پرسی چی دەکەیت لێرە بەم شەوە لەوەڵامدانەوەی ناڕەحەتیەکی زۆری دەچێشت، باڵبەستمان کرد و ٢ هەڤاڵمان پاسەوانیان لێدەکرد، تا کۆتایی چالاکێکەش ئازادمان

نەکرد.

بەگوێرەی پیلانی چۆنیەتی لێدانی بارەگاکە لە یەک کاتدا لە چوار لاوە لە باسیا و گۆشێ و شکارەسپی و دەربەند و، بەچەکی گران پەلاماری بارەگاکە درا لە هەموو شوێنێکەوە بوو بەتەقە.

چواردەوری بارەگاکە لەبەر ئەوەی گوندەکانی جاش بوو دڵنیایی پێدەبەخشین، بۆ ڕێگرتن لەهەر هاوکارییەک لەگوندی جاشەکانەوە گروپێکمان نارد بۆ ئەوەی بۆسەدابنێێن و ڕێ لەهاتنی هاوکاری گوندی جاشەکان بگرێت، لەکاتی پەلاماردانی بارەگاکە سەرەتا هیچ دەستکردنەوەیەکیان نیشان نەدا، هەڵبەت هۆکاری ئەمەش شڵەژاوی و ترسی سەربازەکان بوو، هەربۆیە بۆ ئەوان شەڕ نەکردن و ڕاکردنیان ئاسانتر بوو، لەماوەی ١٥ خولەکێک بەتەواوی دەست بەسەر بارەگاکەگیرا، هەڵبەت ئەمەشمان لەئەنجامی ئەو پەیوەندییە بێتەلییەوە زانی کە لە نێوان گروپی هێرشبەر و ئێمەدا دەکرا دەیانووت کەبەتەواوی چوونەتە ناو بارەگاکەوە، هەڤاڵانی هێرشبەر داوای هەڤاڵانی تری دواوەیان دەکرد کە بچن بۆ لایان، دەیانووت لەناو بارەگاکەدا ئەشیایەکی زۆر هەیە هەر بۆیە پێویستیمان بەگروپێک لە هەڤاڵان هەیە.

لەسەر ئەم بانگەوازییە هەندێ لەهەڤاڵانی گروپی بەرگری چونە لایان، گروپی بەرگری ئێمە بیکەیسی و چەکی ب ٧ مان پێ بوو، لەسەر خواستی چوونی هەڤاڵان بۆ بارەگاکە تەنها بیکەیسیەکمان مایەوە، من بەشێوەیەکی سەرسورمانە تەماشای چواردەوری خۆمم دەکرد، نەم دەزانی کەچی بکەم، نەم دەزانی لەشوێنی خۆم بمێنمەوە؟ یاخود بچم بۆلای هەڤاڵان؟ ، چونکەکەس بەمنی نەووت کەبچم بۆ بارەگاکە، تەماشای چواردەوری خۆمم کرد کەسی لێ

نەمابوو، ئەو هەڤاڵەی بیکەیسێکەی پێ بوو لە گروپێ تر بوو بۆیە نەم دەناسی، تەنانەت ناویشیم نەدەزانی، تەنها شتێکم دەزانی کەئەویش وەک من هەڤاڵ بوو بەڵێ هەڤاڵی من بوو، ڕووم تێکرد و پێم ووت هەڤاڵ ئەویش ووتی بەڵێ پێم ووت هەڤاڵ منیش بچم بۆلایان؟ ئەویش ووتی باشەبڕۆ هەڤاڵان لەبارەگاکە ئەشیا دەهێنن دەتوانی یارمەتییان بدەیت کارێکی باش دەکەیت.

هەڵبەت من شانسم لەوەدا هەبوو کەئەم هەڤاڵە نەیدەزانی کە ئەمە یەکەمین چالاکییە بەشداری تێدا دەکەم، لەوباوەڕەدام ئەگەر بیزانیایەئ یزنی نەدەدام، هەندێک لەو هەڤاڵانەی دوایی چوون بۆ هێنانی ئەشیا چەکەکانیان لەسەنگەرەکانیان بەجێ هێشتبوو، منیش چەکێکیانم هەڵگرت و بەرەو جادەکە کەوتمە ڕاکردن، لە دوورەوە گوێم لەدەنگی هەڤاڵان دەبوو چونکەبەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد، منیش ڕوو لەوان هەنگاوی خێراترم نا، لەناکاو نەم زانی وەک بڵێی شتێک لەشەڕواڵەکەم گیربێت وابوو، لەگەڵ ئەم هەست پێکردنەدا بەدەمدا کەوتم، ئەم ڕووداوە لە ماوەی چەند چرکەیەک ڕوویدا ئیتر ئاگام لە خۆم نەما، لەگەڵ کەوتنم بورامەوە، کەهۆشم هاتەوەسەرخۆم تەنها گوێم لەدەنگی پێ بوو، نەم دەزانی کەلەکوێم تەنها هەستم کرد کەچەند کەسێک بەرەو لام دێن، لەکاتی نزیک بونەوەیان هەر بەدەنگیان زانیم کەهەڤاڵانن، کەلێم نزیک بوونەوە بینیم کە لەباوەشیاندا تف و ڤیدیۆ و ڕادوێی و شتی تریان پێیە، هەروەها چەکیش، ویستم هەڵسمەسەر پێ شەڕواڵەکەم تاکو نزیک ڕانم دڕا بوو، لەکاتی هەڵسانمدا دەستم بەر تەلەزی کەوت ئەوکاتە هۆی دڕینی شەڕواڵەکەم زانی.

هاوارم کرد هەڤاڵ.. هەڤاڵ، سەرەتا هەڤاڵان وابیریان کردبۆوە

لەوانەیە کەئ هم دەنگە جاشێکی گوندەکە بێت، بەدەنگێکی گڕاوی ووتیان کێی زەلام؟ ، دوای ئەوەی چەند جارێک ووتم منم هەڤاڵ منم من. . ئینجا هاتنە لام، پرسی ئەوەیان کرد کەهیچم لێهاتووە یان نا؟ ، منیش پێیانم ووت کەباشم و دڵیان لەلای من نەبێت، دوای ماوەیەک فەرماندەی کەرتەکەمان هەڤاڵ ئادار گوڵان هاتە لامان، سەرەتا ئەوم نەناسیەوە لە بەر ئەوەی گوێم ئازاری پێگەیشتبوو دەنگیم نەدەناسیەوە لەگەڵ ئەوەشدا بینیم ک هڤیدێۆیەکی لەباوەشدایەو پاڵتۆیەکی سەربازی گەورەشی لەبەر کردووە، هەڵبەت شتێکی مەحاڵ بوو کەبەو شێوەیە بیانناسمەوە، دوای ئەوەی هەڤاڵ ئادار گوڵان ئەشیاکانی باوەشی دابەهەڤاڵێک هاتەلای من، قۆڵی گرتم یارمەتیدام بۆ ئەوەی هەستمە سەر پێ، دوای ماوەیەک هاوکاری کردن لەڕێکردن ئیتر پێم ووت کەدەتوانم خۆم بڕۆم، هەڤاڵ مەزڵوم کەخەڵکی سەرحەد بوو لەگەڵ ئێمەدا ڕێی دەکرد، پێشتر ئەوم دەناسی هەڤاڵ مەزڵوم ووتی ئێمە بارەگایەکی سەربازیمان گرت تۆ ئاگات لەهیچ نەبوو، لەچالاکییەکی وادا کەس دەبورێتەوە؟

.

هەڤاڵ مەزڵوم لە لایەکەوە باسی چالاکێکەی دەکرد هەروەها لەلایەکی ترەوە بە گاڵتە سەری دەخستە سەرسەرم و بەدرێژایی ڕێگا و دوای ماوەیەکی دورو درێژی تریش ئەم ڕووداوەی لەبیر نەکرد و کردبووی بەبنێشتە خۆشەی سەر زوبانی.

ئەو گروپەی بەدواماندا دەهاتن قەڵەباڵغ بوون، یەک ڕیز ڕێیان دەکرد و بەدسپلینەوە و لەسەر خۆش ئەمەش مایەی سەرسوڕمان بوو بۆ من، هەڤاڵانی تریشم بینی کەپاشەکشێیان کردبوو دوو. . دوو یان سێ. . سێ بەخێرایی ڕێیان دەکرد، کەچی ئەم هەڤاڵانە هیچیان

نە بەدەستەوە و نە بە باوەشیانەوە بوو، من پرسیم کە ئەوانەی دێن کێن؟ هەڤاڵ مەزڵوم کەوتەپێکەنین، کاتێک هەڤاڵ مەزڵوم ووتی کە ببورێێتەوە ئاوات لێدێت، ئەمانەسەربازی دوژمنن، بەدیلی گرتومانن، کاتێک پرسیم بەڕاستیتە؟ ئەویش ووتی گەر باوەڕ ناکەیت بڕۆ بیانبینە، کاتێک من بورابومەوە زۆر شت ڕویدابوو هەروەها زۆر شتیشم لەدەست چوو بوو، وەک گەریلایەک هێشتا روبەڕووی سەربازی دوژمن نەبوبومەوە، نەم دەزانی کەچۆن بیردەکەنەوە و چۆن هەڵسوکەوت دەکەن، من بیستبووم کە سەربازی دەوڵەت چی لەشار و چی لە گووندەکان دەکەن و ئەزێتێکی زۆری گەل دەدەن، وە ئێستاش ٥ لەو سەربازانە لەلایەن هەڤاڵانەوە بە دیلی گیرابوون، لەڕاستیدا مەراقی ئەوەم هەبوو کە چۆن هەموو ئەمانەیان کردووە، زاتەن من نەچوومە بارەگاکەوە، پێش ئەوەی من پرسیار بکەم هەڤاڵ ئادار دەستی کرد بەقسەو ووتی کەچوینەبارەگاکەوە دەتوانم بڵێم یەک سەربازی لێ نەما بوو، کاتێک هەڤالان هەموو ژوور و هۆڵەکان دەگەڕێن چەند هەڤاڵێک دەچنە موبەقەکەوە، موبەقەکە چۆڵ دیار دەبێت واتا کەسی لێنابێت، لەدەستی ڕاستیاندا مێزێکی گەورەی لێ دەبێت، بەڵام کاتێک چەرچەف بە سەر مێزەکەوە دەبینن دەکەونە گومانەوە، هەڤاڵ باران دەچێت سوچێکی چەرچەفەکە دەگرێت لای دەدات، لەناکاو سەربازێک دەبینێت دەموچاوی سپی.. سپی هەڵگەڕا بوو هەڤاڵان هاواری بەسەردا دەکەن پێی دەڵێن وەرە دەرەوە، ئەویش لەترسی ئەوەی هەڤاڵ باران ڕووی چەکەکەی تێکرد بوو لە ترساندا نەدەهاتە دەرەوە، ئەو وای دەزانی باران دەیکوژێت، بۆیە نەدەهاتە دەرەوە هەڤاڵ باران بۆ ئەوەی نیشانی بدات کەبەنیاز نییە بیکوژێت ڕووی چەکەکەی بەلا خست و داوای لێکرد بێتە دەرەوە،

هەڤاڵێک بارانی ووریا کردەوە کە ڕووی چەکەکەی لێ بکات، بارانیش ووتی کەشتی وا ڕوونادات، دوایش دەستی بۆ سەربازەکە درێژ کرد، پاشان پێی ووت مەترسە کەس هیچت لێناکات وەرە دەرەوە، سەرەتا هەڤاڵان وادەزانن کەتەنها سەربازێکەخۆی حەشارداوەب هڵام دوایی ئەوانی تریش دەردەچن بەم شێوەیەئەو ٥ سەربازە دەگرن، ئەو ڕۆژە ئەو ٥ سەربازە ئێشکچی موبەقەکە بوونە، زۆرینەی سەربازەکانی تریش ڕایان کرد.

هەر پێنجیان پێڵاو و گۆرەویان لەپێدا نەبوو، دوای ئەوەی لەبارەگاکە سەربازەکان دەردەکرێن بەو ئەشیایانەی گیرا بوو پێداویستی سەربازەکانی پێدابین کرا.

هەڤاڵ ئادار لەناو ئەو پاڵتۆیەی لەبەریدا بوو خۆی وون کردبوو چونکەزۆر گەورەبوو بەبەری، دەستی کردە گیرفانی پاڵتۆکە و ناسنامەیەکی دەرکرد و نیشانی دام، پێی ووتم تەماشاکە ئەمەناسنامەی ئەفسەرێکەهەروەها ووتی کاتێک بارەگاکە گیرا بەناو ژوورەکاندا گەڕاین، بەسوتفە من چومەژووری ڕاکاڵ و بێتەلەکانەوە، ئەفسەرێکم بینی کەڕووی چەکەکی لەمن کردبوو دەیویست تەقەم لێ بکات، من زووتر هاتمەدەست و لەوێدا بەلادا هات، پاڵتۆکەیم لەبەری داکەند لەوێدا جیا بوومەوە.

ئەو ناسنامەیەی نیشانی دام خوێنی پێوەبوو، کەناسنامەکەم گرتە دەست موچڕکە بە لەشمدا هات و خێرا ناسنامەکەم دایەوە دەستی، هەڤاڵ ئادار هەستی بەموچڕکەی لەشی من کردبوو هەربۆیە ووتی بەڕای تۆ چیم بکردایە؟ ئەگەر من نەمکوشتایە ئەو منی دەکوشت.

هەڤاڵ ئادار ڕاستی دەکرد، ئەگەر ئەو ئەفسەرە وەک سەربازەکانی تری بکردایە ئێستا لەژیاندا دەبوو.

گەیشتنمان بەخاڵی کەشفی شکارە سپی زۆری نەخایاند، بەڵام ئەو گرووپەی لەبۆسەدا بوون لەڕێی گوندەکانی جاش هێشتا نەگەڕابوونەوە، هێشتا هەموو گروپەکانمان پاشەکشێیان نە کرد بوو، دوو کاتژمێرێک مابوو بۆ ئەوەی خۆر هەڵبێت، ئەگەر خۆرمان لێ هەڵبهاتایە دەبوایە چاوەڕێی خۆرنشینمان بکردایە، بەم شێوەیەش چاوەڕێی گەڕانەوەی هەڤاڵانمان دەکرد.

دەمەو بەیان بەسەر بەگێلتا بەرەو دۆڵی هێستابا بەڕێ کەوتین، گوندی بەگێلتا گوندی جاش بوو کەچۆڵکرا بوو، ئەم گوندەکەوتبووەکەناری چەمی باسیاوە، ئەم شوێنەپێش چالاکێکەدیاری کرابوو بۆ ئەوەی دوای چالاکێکەهەموو هەڤاڵان یەکتری لێ بگرنەوە، دەمەو ئێوارەهەموو هێزەکەمان گەیشتنەشوێنی دیاری کراو کەچەمی باسیا بوو. بۆ ڕۆژی دوایی فرۆکەگەیشتنەنزیکمانەوە، ٤ فرۆکەو ٢ کۆپتەری کۆبرا، دەستیان کرد بەبۆردومانکردنی چواردەوری باگێلتا، بەڵام هەڤاڵان ئامادەباشی خۆیان کردبوو، ئێمەپێش ئەوەی بۆردومان بکرێن لەحاڵەتی هەر هێرشێکدا سەنگەرەکانمان بۆخۆمان دیاری کردبوو، هەڵبەت لەکاتی بۆردومانەکاندا دیلەکانیشمان لەلا بوو، بۆکوێ بڕۆیشتینایەلەگەڵ خۆماندا دەمانبردن، ئەوەندەی خۆمان گرنگیمان بەوانیش دەدا نەبا شتێکیان لێبێت، هەڵبەت ئەوان سەریان سوڕما بوو کەئێمەبەوشێوەیەشەڕ دەکەین و کارەکانمان بەگوێرەی پلان دەکەین، بۆردومان تاکو ئێوارەی خایاند خۆشبەختانەهیچ شەهیدێکمان نەدا، ئێمەهیچ ڕفتارێکی نامرۆییمان بەرامبەر بەوان نیشان نەدا، ئێمەئەوانمان لەپەنا گابەردێکدا حەشاردا بوو، هەڤاڵ ڕاپەڕینیان کرد بەفەرماندەی

گروپەکەی ئێمە، دەمەو ئێوارەفرۆکەو کۆپتەرەکان پاشەکشێیان کرد، دوایەمین فرۆکەدوایەمین بۆمبای خۆی هاویشت و لەتەنیشت گابەردێک کەوت بەڵام نەتەقییەوەتەنها بوو بە٢ پارچە، ئەم بۆمبایەنزیک هەڤاڵ ڕاپەڕین کەوت هەڤاڵان زۆر نیگەران بوون نەک هەڤاڵ ڕاپەڕین شەهید بوبێت، هەمووی بانگەوازیان لەهەڤاڵ ڕاپەڕین کرد ڕاپەڕین.. ڕاپەڕین، کاتێک وەڵامیان لەئێمەوەوەرگرت کەهیچمان لێ نەهاتووەئیتر کەوتنەوەڕێ کردن، کاتێک هەموو ئەمانەهاتەئاراوەدیلەکانمان لەئێمەیان دەڕوانی، هەڤاڵان داوایان کرد کەبەزووترین کات دیلەکان لەگۆڕەپانی مەیدانەکە دوور بخەینەوە، گروپێکمان دیاری کرد کەدیلەکان بۆ شوێنێکی دڵنیا بگوازێتەوەکەمنیش لە ناو ئەو گروپە ئەرکم پێسپێردرا.

ئێستا هەست دەکەم کە گەیاندنی ئەو دیلانە بۆ هەرێمی چەمچۆ کە چەندێک کارێکی پیرۆز بووە، لەکاتی بۆردومانەکان یەکێ لەدیلەکان زۆر بەسوکی بریندار ببوو لەگەڵ ٢ هەڤاڵی ئێمە ئەوانمان خستە سەر پشتی هێستر و ئەوانی تر وەک ئێمە بە پێ ڕێیان دەکرد، ئەوان چاودێری ئێمەیان دەکرد و ئێمەش چاودیری ئەوان، سڵیان لەئێمە دەکرد، هەردوو لاش چاونەترسانا لە یەکمان دەڕوانی لە هەمان کاتدا دۆست بوین و لەهەمان کاتیشدا دوژمن، من سەرم لە مەسەلەکە دەرنەدەچوو بیرم دەکردەوە خوا دەزانێت ئازاری چەند منداڵ و پیاو و ژنی کوردیان دابێت لەلایەکی تریشەوە بیرم دەکردەوە لەوانەیە ئەمانە هیچ تاوانیان نەبوبێت، هەڵبەت نەم دەهێشت کە هەست بکەن کە من بیری خراپیانە لە بارەی ئەوانەوە دەکەم لەگەڵ ئەوەشدا فەرمان هاتبوو کەهیچ شتێکی ناشرینیان بەرامبەر نەکەین، دەبوایە بەبێ ئەوەی توشی هیچ شتێک بن بەسەلامات



بیانگەهێنینە ئەو گروپەی کە لە چەمچۆ چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد بۆئەوەی دیلەکان وەربگرن، ئێمە دەمانزانی کە ئەوان فێر نین وەک ئێمە ڕێی شاخ و داخ ببڕن هەربۆیە کە دەگەیشتینە هەر کانییەک مۆڵەتێکمان دەکرد بۆئەوەی بحەوێنەوە، لە ڕێگا هەر داری میوەیەکمان ببینیایە لە دارمان دەکردەوە و دەماندا بە دیلەکان، بەو شێوەیە تاکو گوندی شیژا ڕێمان کرد.

دوای مۆڵەتێکی کەم ڕێی چەمچۆ مان گرتەوەبەر، لەچەمچۆ ئەو هەڤاڵانەچاوەڕێی ئێمەیان دەکرد کە بۆ وەرگرتنی دیلەکان لە زاپەوە هاتبوون، دیلەکانمان تەسلیم کردن، بەڵام ئێمەش بەدوایاندا ڕێمان کرد، هەڵبەت ئەو هەڤاڵانەشمان ڕفتاری باشیان دەکرد لە گەڵیا ندا.

سەداقەت

# گەریلایەک

لەساڵی ٢٠٠٣ دا بە ئامانجی خۆدانبەناساندن دەچوینە گوندەکانی چواردەوری پیرانشار، دەبوایە خۆمان بدایەبەناساندن و ڕێخۆشکەریمان بکردایە و دۆستمان بۆخۆمان پەیدابکردایە، ئێمە هەتا گوندی ئۆڤالیکی پیرانشار چووبوین، شەوێکیان سەردانی دوو گوندمان کرد و لێی هاتینە دەرەوە، ڕێماندەکرد بۆئەوەی بۆمانەوە شوێنێک بۆخۆمان پەیدابکەین، ئەو شوێنەی ڕێمانلێدەکرد بێستان بوو، پڕ بوو لە تەماتە و خەیاری تازە، هەڤاڵان داوایان لێکردم ووتیان ( با هەندێک تەماتە و خەیار لەگەڵ خۆماندا بەرین )، منیش پێیانم ووت ( هەڤاڵینە ئەمە بێستانی خەڵکییە و مەچنە ناوی، ئێمە تازە دێینە ئەم ناوچەیەوە، ئەگەر بەبێ پرسی خاوەنەکەی ئێمە تەماتە و خەیار ببەین کارێکی باش ناکەین، لەوانەیە نەزانن کە ئێمە تەماتە و خەیارەکانیانمان بردووە بەڵام سەرەرای ئەمەش هەر کارێکی باش نییە، پێویستە ئەم کارە نەکەین )، یەکێک لە هەڤاڵان ووتی ( هەڤاڵ ئازوقەمان لەگوند نەهێنا.

ئەگەر لێرەش شتێک نەبەین ئەوە بەدرێژایی سبەی بە برسێتی دەمێنینەوە، هەربۆیە پێم باشە لێرە تەماتە و خەیار لەگەڵ خۆمان بەرین )، منیش ووتم باشە، تەماشای چواردەوری خۆمم کرد، چاومکەوت بە شوێنێکی بچوک کە کەپر بوو جوتیارەکانی ئێرە بۆ شوێنێ حەوانەوە بەکاریان دەهێنا، بە هەڤاڵانم ووت ( با وەک دەستپێک چاوێک بەژێر ئەو کەپرە بخشێنین لەوانیە لەوێ تەماتە و خەیاریان جێهێشتبێت ئەوانەی ئەوێ هەڵدەگرین )، چوومە ژوورەوە و تەماشایەکم کرد، لەتەختە مێزێکیان درووست کردبوو، لەسەر مێزەکە تەماتە و خەیاری لێدانرابوو، بەهەڤاڵانم ووت پێویست ناکات بچنە ناو بێستانەکەوە لێرە تەماتە و خەیاری لێیە ئەمانە

هەڵگرن، بەگوێرەی پێویستی خۆمان تەماتە و خەیارمان هەڵگرت، بەخۆمم ووت ئەمە وانابێت هەربۆیە بە هەڤاڵانم ووت پێم باشە نامەیەکی بچکۆلانە بۆ خاوەن بێستانەکە بەجێبهێڵین، بۆی ئەنوسین کە بەمەزەنە چەنێ تەماتە و خەیارمان هەڵگرتووە و هەندێ پارەشی بۆجێدەهێڵین، هەڤاڵان بەم قسەیەم پێکەنین، پێیان ووتم ئێ هەڤاڵ لەپێناو چەند تەماتە و خەیارێک پێویست ناکات نامە بنوسین، بەهەڤاڵێکم ووت کە فارسی دەزانی بنووسە، لە نامەکە نووسیم کە ٥ خەیار و ٦ دانە تەماتەمان بردووە، لەگەڵ ئەم نامەیەدا ١٠٠٠ تمەنیشم بەجێهێشت و کەوتینەوە ڕێ، نەمهێشت هەڤاڵ بزانن کە پارە بەجێهێشتووە، دوای ئەوەی لەوێ دوورکەوتینەوە لەدارستانێکدا بۆحەوانەوە ماینەوە، بەدرێژایی ڕۆژ لەوێ ماینەوە، ئێوارە لەوێ دەرچووین و ڕێی گوندێکمان گرتەبەر، چوینە گوندێکەوە و دامان لەدەرگای ماڵێک، بەشێوەیەکی زۆر سادانە و بێ سڵمینەوە فەرمویی ژوورەوەیان لێکردین، کاتێک دانیشتین پرسیاریان لێکردین ئەرێ ئەوە ئێوە بوونە چوونەتە بێستانێکەوە تەماتە و خەیارتان بردووە و پارەشتان بەجێهێشتووە؟ ، منیش ووتم نازانم باسی چی دەکەیت، پێیان ووتین کە لەناو خەڵکیدا بڵاو بۆتۆتەوە کە نیوە شەو ئێوە چونەتە ناو بێستانێکەوە و تەماتە و خەیارتان بردووە و پارەکەشیتان داناوە.

ئەم مەلەسەیە لەسەر زاری هەموو کەسێکە، منیش پرسیم کە خەڵکی چۆن و باسی دەکەن؟ ، خاوەن ماڵەکە ووتی کە گرووپێکی چەکداری سەر بە پەکەکە هاتونەتە ناوچەکەوە و نیوەشەو چونەتە ناو بێستانێکەوە و ٥ دانە خەیار و ٦ دانەیەک تەماتەیان بردووە و نامەیەکیشیان بۆ خاوەن بێستانەکە بەجێهێشتووە داوای لێبوردن

له خاوەن بێستانەکە دەکات کە بەبێ مۆڵەتی ئەو چۆنەتە ناو بێستانەکەوە لەهەمبەر ئەو تەماتە و خەیارانەی بردوویانە پارەیان بۆ خاوەن بیستانەکە جێهێشتووە، کابرا دەیووت کە هەمووکەسێک باسی ئەم ڕووداوە دەکات و کاریگەری کردۆتەسەر خەڵکی، خاوەن ماڵەکە جارێکی تر پرسییەوە ئەوە ئێوە بوون؟، منیش پێم ووت بەڵێ ئێمەبووین، ئێمە بەبێ مۆڵەت هیچ شتێک لە خەڵکی نابەین، ئەو شەوە پێویستیمان بەو خەیار و تەماتەیە بوو، ناچاربووین کە کارێکی وابکەین، ئەوانەی لەپێناو گەلدا تێدەکۆشن بەبێ مۆڵەت هیچ شتێکی گەل نابەن، ئەمە پرانسیپی سەرۆکایەتییمانە، خاوەن ماڵەکە ووتی کە زۆر بەختەوەرە کە چاوی کەوتووە بە گرووپەی کە بووە بە وێردی سەر زمانی خەڵکی، پاشانیش دەستی کرد بە پرسینی پرسیارێکی زۆر، دەیپرسی ئێوە کێن؟ ، چیتان دەوێت؟ ، سەرۆکەکەتان کێیە؟ ، ئامانجتان چییە؟ ، لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا وەڵامی هەموو پرسیارەکانیمان دایەوە، دوای ئەوەی ئێمە ئەو ماڵەمان جێهێشت گرووپێکی تر میوانداری ئەو ماڵەیان کرد بوون بە دۆستێکی کۆن لەگەڵ خاوەن ماڵەکە کە تاکو ئێستاش ئەو دۆستایەتییە بەردەوامە.



جەژن بۆ کێ؟

**ڕۆژدا ئامەد**

ئەو ڕۆژە لە دەنگی گڕی هەڤاڵ ڕێدار بەئاگا هاتین، بە دەنگێکی زۆر بەرز گۆرانی دەووت، دوای ئەوەی بەدەستەکانی قژەکورتەکەی داهێنا، چوار مەخزەنی لە یەک بەست و کردییەسەر چەکەکەی، دوایش ووتی ئەمڕۆ کارێکی زۆرمان هەیە. پاشانیش یەک بەیەک باسی ئەو کارانەی کرد کە دەبوایە بکرایە، گرووپەکەی ئێمە بۆ ئامادەباشی هێرشکردن لە تیپەکەمان جیابوینەوە، هەربۆیە ژمارەمان کەم ببۆوە، هەڤاڵی ئێشکگری موبەق و چاودێر و گروپی گوند دابەشکرابوون، ئەمە کارێکی باش نەبوو، لەبەر ئەوەی پارچەپارچە ببوین و یەکتریمان پێنەدەپارێزرا و لەبەر ئەوەی ببوین بە گروپی بچووک بەتەواوی نەمان دەتوانی بەرگری لە خۆمان بکەین، بەڵێ ئەو ڕۆژەدە بوایە بەو ژمارەکەمەوە کارەکانمان بە ئەنجام بگەیاندایە. گردەکانی شێلێ و هانی و لیجەپشتیان بەیەک بەستوەو زنجیرەچیایەک پێکدێنن، دیوێکیان پێکهاتووە لەدۆڵ و شیوێکی ڕەق و ووشک دیوێکی تری بەردەڵانە، دوای هەڵگەڕان بەدیوی بەردەڵانەکەدا شۆڕدەبیتەوە بۆ چیاکانی گێنج، دیوی دۆڵو شیوەکەش بەرەو لیجە ڕێی لێدەکەویتەوە، هەر چوار دەوری ئەم زنجیرە چیایە گوند و بارەگای سەربازی زۆری لێیە، لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە نزیکە لە بارەگای مەرکەزی سەربازییەوە چیای شێلە ،زوو. . زوو ئۆئۆپەراسیۆنی سەربازی لێ ئەنجام دەدرا و شەڕ و پێکدادان دەهاتە ئاراوە. هەر لەوە دەچێت کە ئەم ناوچەیە بۆ سازدانی فلیمی شەڕ دروست کرابێت، ناوچەیەکی زۆری بەردەڵانی لێیە هەروەها دارستان و ناوچەیەکە کە هەرگیز گەریلا دەستبەرداری نابێت، کانیاوێکی زۆری لێیەو خاوەن داری بادەم و بەئاسانیش دەتوانرێت لێرەوە بەرەو گوندەکان شۆڕبینەوە و چیای شێلێ بووە



بەپارچەیەک لەدڵماندا. شەوی ٢٢ ی نیسان بوو، گروپێک بووین هەڵگژاینە سەر گردێک، فەرماندەی ئەم گروپەمان هەڤاڵ فیداڵ بوو کەناوی خۆی ( شەمسەدین پایچۆ ) بوو بەئەویشەوەهەموومان گەریلای نوێ بووین و کەم ئەزمونیش بووین، وەک گەریلای کچ جگە لە من هەڤاڵ ( دۆزدار ) یشمان لەگەڵدا بوو، ئەم هەڤاڵەمان زۆر گەنج بوو هەروەک منداڵێک وابوو، هەردوکمان لەهەمان مەفرەزەبووین، بەیەکەوەدەچوین بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانمان ،لەبەر ئەوەی ئەم هەڤاڵەمان دەیویست زوو شت فێر ببێت بەشداری هەموو ئەرکێکی دەکرد. کۆنترۆڵی ئەو سەنگەرەم کرد کە دەبوایە ئێشکمان لێبگرتایە، ئەم سەنگەرە دەیڕوانییە ڕێگاکانی گێنج و لیجە، ئێمە بە سەر شێلێوەبووین، بۆ یەکەمین ئێشکگرتن لەپاڵ گابەردەکانی سەنگەرەکەمان دانیشتم و

تەماشای ڕوناکییەکانی چواردەورمانم دەکرد، ئەستێرەکانی سەر چیای شێلێ هەروەکو هەموو جارێکیان لەشوێنی خۆیاندا بوون و دەدرەوشانەوە، لەناخمدا هەستێکی زۆر نامۆیان دروست دەکرد. کاتژمێر ١١ شەو بوو لەڕێگاکانی هانی و گەنج کاروانێکی سەربازیمان بەدیکرد، دوای ماوەیەک چاودێری بۆمان دەرکەوت کەئەم کاروانە ئامادەباشی ئۆپەراسیۆن دەکات، هەڤاڵانی سەنگەرەکانی ترمان ئاگەدار کردنەوە، پێمان ووتن کاروان تێدەپەڕێت ئامادەباشی بۆ ئۆپەراسیۆن لەئارادایە، بەڵام ئەو وەڵامانەی لەسەنگەرەکانمانەوە دەدرانەوە زۆر ئارامانەبوون دەیان ووت ئێوە تەدبیری خۆتان وەرگرن، پێمان وانییە لەم هەرێمەدا ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدرێت، دوو ڕۆژ پێش ئێستا لەم هەرێمەدا ئۆپەراسیۆن ئەنجام درابوو، هەڤاڵان باوەڕیان وابوو دوای ئەو ماوە کورتە دووەمین ئۆپەراسیۆن ئەنجام نادرێت، ئەو نارەحەتیەی ئەم کاروانە لەدڵمی دابوو نەیدەهێشت خەم سارد بم بەرامبەر ئەو ڕێنماییانەی کە لە سەنگەرەکانەوە هاتبوون، بەرامبەر ئەو بێ بەزەییەی لەشکری تورک ئەو ڕەحەتییەی هەڤاڵان هەڵبەت شتێکی باش نەبوو، شەڕ قوڕاڵی خۆی نییە، تەنانەت ئەوە قەبوڵ ناکات کەتۆ چیت بینیوە، هەر لە هاتنمانەوە بۆشێلێ شەڕ دەستیپێکردبوو. جوڵانەوەمان بە ڕۆژ لە شێوەی گروپی بچووک و بیرکردنەوەی دابەزینمان لە شێلێ دەبووە هۆی ئەوەی کاری ناخۆشی لێبکەوێتەوە، هەر لەبەر ئەوەش من دوو دڵ بووم. درەنگی شەو ئەوەی لێی دەترسام ڕویدا، ئەو هەڤاڵانەی گۆڕەپانی شەڕیان دەبرد.

بەڕێوەهاتنەسەنگەرەکانەوەو ووتیان سوپای تورک ئامادەیی دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنیان کردووە، لەسەر ئەم هەواڵەهەموو

گرووپەکان بڵاوبونەوە، داوایان کرد کەمن و هەڤاڵ دۆزدار لەگردەکەبێینەخوارەوە، لەهەموو سەنگەرەکاندا ئامادەییەکی باش ئەنجام درا، ڕەوشەکەزۆر جدی بوو هەربۆیە بەڕێوبەرایەتی بۆ ئەوەی تەدبیرێکی باش وەربگیردرێت لەنێوان خۆیاندا نیقاشێکی زۆریان کرد، زۆر درەنگ کەوتبووین کە بچینە شوێنێکی دوور تر، هەربۆیە بڕیار وەرگیرابوو کە شوێنە ستراتیژییەکانی شێلێ بە باشی بگیردرێت. گرووپێک لە هەڤاڵان لەسەر ئەو ڕێگایەی سەربازی تیمی تایبەت لێی دەرباز دەبوون لە سەنگەردابوون، گرووپێکی ترمان لەسەر گردی بادەم ، من و دۆزدار و مزگین و ڕێدار لەنزیک سەنگەرەکانی هەڤاڵان شوێنی خۆمان گرت. هەڤاڵ ڕێدار لەلام دانیشتبوو جار نا جار سەری شۆڕ دەبۆوەو خەوی لێدەکەوت و دوایش بە ئاگا دەهاتەوە، لە دەمووچاویدا شۆڕشگێڕییەکی چەندین ساڵەی پێوە دیاربوو، ئێستاش چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە ڕوبەڕوی هەزارەها سەرباز بجەنگێت، هەڤاڵ میزگین پشتی خۆی بەبەردەکانی سەنگەرەکەوەنابوو، هەڤاڵێکی لاواز و باڵا بەرز بوو، قژی ڕەنگی خەناوی و دووچاوی گەورەی جوانی هەبوو، من هەستم بەهەستیارێتی و جۆری بیرکردنەوەی نەدەکرد، زاتەن ڕەوشی شۆڕشگێڕێتی و ژیانی پێکەوەمان تەواوکەر بوو بۆ ناسینی ئەو، ماوەیەکی کورت پێش ئێستا لە بۆتانەوە هاتبوو، ئەگەر پرسیار لەو بکرایەهێشتا بەلایەوەڕێگایەکی دوور و درێژ لەپێشدایە، هەڤاڵ دۆزدار لەناو جۆشێکی چڕوپڕ دابوو، یەکەمجار بوو بەرامبەر بەسەربازی تورک شەڕ بکات و دەیویست شەڕێکی قارەمانانە بکات، بەم شێوەیە دەیتوانی ئەزمونێکی نوێ بۆ خۆی بەدەست بخات، لەناخی دڵمەوە هەستم بەهەستی ئەم شەڕکەرە گەنجەمان دەکرد.

من لەناو دەریای بێدەنگی سەنگەرەکەدا بووم و لەناکاو دەنگێکی تۆپ لەگردی بادەمەوە هات، لەگەورەیی دەنگەکە زانیمان کە لوغم تەقیوەتەوە، دوو ڕۆژێک پێش ئێستا سەربازی تیمی تایبەتی تورک هاتبوونە ئەم هەرێمەوە، هەموو شوێنێکیان لوغم ڕێژ کردبوو، دوای چەند خولەکێک بۆمان دەرکەوت کە لوغمەکە بەکێدا تەقیوەتەوە، هەڤاڵ ( فیدال ) لەسەنگەرێک کە پێشوو تر کۆنترۆڵم کردبوو چوبوو بۆ ئەوێ و ئەم لوغمەی پێدا تەقیبۆوە، لوغمەکە قاچی پەڕاندبوو، پێیانمان ووت کە بەزووترین کات بیهێنن بۆلای ئێمە، ووتیان بیبەن بۆ حەشارگەکە کە وەک تونێل دروستمان کردبوو بیشارنەوەو تەداوی بکەن و دوای ماوەیەکی کورتی تر بیبەین بۆ شوێنێکی دڵنیا و تەداوی بۆ بکرێت، لەلایەکەوە دەمویست هەڤاڵ فیدال ببینم و لەلایەکی تریشەوە حەزم نەدەکرد، من پێش ئەو چوبومە ئەو سەنگەرەوە، بەڕاستی بەوە دڵگران بووم کە سوتفەیەکی بچووک منی لەو لوغمە رزگار کردبوو، پێویست بوو بەزووترین کات تەداوی بکرێت و بگوازرێتەوە بۆ سەنگەرێکی دوور تر، ئێمە کوونەئەشکەوتێکمان هەبوو لەم هەرێمەدا، هەڤاڵانی بریندار دەبوایە ڕەوانەی ئەوێ بکرانایە، بەڵام دیار بوو هەڤاڵانمان بیریان لەوەنەکردبۆوە کە لەوانەیە تیمی تایبەتی تورک ئەوێشیان لوغم ڕێژ کردبێت بۆیە بەبێ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەو شوێنە بکەن هەڤاڵ فێلات دەچێتە ژوورەوە و لەسەر لوغمێک دانیشتبوو، تەقینەوەیەکی گەورە هاتە ئاراوە، هەڤاڵ فێلات شەهید بوو، ئەگەر ئەم قارەمانەمان لەوێدا شەهید نەبونایە لە ژووری کوونەئەشکەوتەکەدا هەموو هەڤاڵانمان شەهید دەبوون، بەڵام دوای شەهید بوونی ئەم هەڤاڵەمان، هەڤاڵان تەدبیری خۆیان

وەرگرتبوو. هەڤاڵ دۆزدار لێی پرسیم ئەگەر گوندیەک بیەوێت لەم شاخانە بگەڕێت چی ڕوودەدات؟. منیش ووتم ناگەڕێن. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، هەڵبەت گوندێکان تەنها دەیانتوانی لەناو گوند و جادەی فەرمی هاتووچۆ بکەن، لە دەرەوەی ئەمانە گەڕانیان قەدەغە بوو، ئەوانیش کە تەماشای چیا سەرکەشەکانیان دەکرد ئاخێکی زۆریان دەکێشا، بۆ بەیانی چاومان کەوت بە هەڤاڵ فیدال کەقاچێکی نەمابوو. ڕۆژ بە کاوەخۆی بەرەو سەروو هەڵدەکشا، لەسەنگەرەکەمانەوە هەروەکو هەموو جارێک چاومان لە هەڵاتنی خۆر بوو، ماندوویی شەو و بێ خەوی کوێرمانی کردبوو، گروپی کەشفمان بۆ لێکۆڵینەوە بە هەموو شوێنێکدا دەگەڕان، کاتێک ئێمە چاوەڕێی زانیارێکانی ئەوانمان دەکرد دەمانووت { ئیتر هیچ ڕونادات } کەچی تیمی تایبەتی سەربازی تورک بەسەر گردەکانی گوندەکەوە بەرەو ڕوویان دەهاتن، ئەو ڕێگایەی پیای دەهاتن ئەو ڕێگایە بوو کە بەناوەڕاستی چیالۆکەی شێلێ بەرەو گوندەکە شۆڕ دەبۆوە، دوو گردۆڵکە هەبوو کە دەربەندێکیان دروست کردبوو، لە گردی بادەم لەو دوو گردەدا هەڤاڵان سەنگەریان گرتبوو چاوەڕێی دوژمنیان دەکرد، کاتێک هێزی  دوژمن لەناوەندی گردەکاندا بە بێ دەنگ دەهاتنە پێشەوە، هەڤاڵان زۆر پۆڵایانە دەستێکی باشیان وەشاند، دەمانتوانی هاواری سەرکەوتنی هەڤاڵانمان لەبێتەلەکەمانەوەگ وێ لێ ببێت، ئەم هاوار کردنە وورەیەکی بەرزی بە ئێمە بەخشی و هێزی دوژمنیشی وروژان، کاتێک هەڤاڵان چەکی دوژمنیان بەدەست کەوتبوو دەیانووت کە فەرماندەیەکی گەورەی هێزی دوژمنیان کوشتووە، هەر لەبەر ئەمە سەربازانی دوژمن بەبێ تەلەکەیان داوای هێزی فریاکەوتن و تۆپبارانیان دەکرد، دواى ماوەیەکی کورت چەند

کۆپتەرێکی کۆبرا گەیشتنە مەیدانەکە. گردەکان لە ژێر بۆردومانێکی چڕ دابوون، چەند هەڤاڵێکمان وەک فریاڕەز ڕەوانەی گردەکە کران بەڵام بەهۆی ڕەمیکردنی کۆپتەرە کۆبراکانەوە چەند هەڤاڵێکمان شەهید بوون، بۆ ئەوەی بە دیل نەگیرێن هەڤالان هۆگر و باوەڕ بۆمباکانیان بەخۆیاندا تەقاندەوە، ئەوانی تریش تا دوا فیشەک شەڕیان کرد، دوژمن دەستی گرت بەسەر دوو سەنگەرەکەی پێشەوە و بەم شێوەیە توانیان بە سەر ناوچەکەدا زاڵ بن، دوایش هێرشیان هێنایە سەر سەنگەرەکەی ئێمە کە لە گردی شەهید مونزور بووین، هێزی پیادەیان بەرەو ئێمە دەهاتن و کۆپتەرەکانیش بەسەرمانەوە دەفڕان، کۆپتەرەکان هەر جوڵانەوەیەکیان ببینیایە لێیان دەدا، لە هەر شوێنێکی بدایە چاو چاوی نەدەبینی، بۆ ئەوەی پۆزسیۆنی بەرگری نەمێنێت کۆپتەرەکان زیاتر لە سەنگەرەکانیان دەدا، لەبەر ئەوەی ژمارەی هەڤاڵان لەسەنگەرەکەی ئێمە زۆر بوون منیان نارد بۆ سەنگەرێکی تر، کاتێک لەوێ جیابوومەوە چاوم چووە سەر هەڤاڵ ڕێدار کە کچی خێزانێکی وڵات پارێز بوو، خێزانەکەیان خاوەن چەندین شەهیدە، ئەم هەڤاڵە خۆی کردبوو بەکچی پارتمان وە پاشەڕۆژی خۆی لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا دەبینیەوە، پەنجەی لەسەر زامن بوو چاوەکانی پڕ وورەو پێی ووتم ( یەک دەبینینەوە)، گەریلا بچکۆلەکەشمان دۆزدار بەتەواوی خۆی خستبۆوە ناو ئەم شەڕەوە و چاوەکانی هیچی تریان نەدەبینی، پێم وابێت لەتەقانی هەر فیشەکێکدا وایدەزانی تەمەنی درێژ تر دەبێت. کاتێک کۆبراکان زیاتر سەنگەرەکانیان بۆردومان دەکرد پیادەکانیشیان تەقەیان دەکردە سەرمان، هەرچۆن کە غیرەتی ئەوەیان نەبوو هێرش بکەنە سەرمان هەنگاو بەهەنگاو دەهاتنە پێشەوە، ئەوەندەنزیک بوونەوەکە

دەمانتوانی ڕومانەیان تێبگرین، کاتێک وایلێهات کەخەریک بوو تێکەڵ بەیەکتری ببین ئیتر تۆببارانەکان ڕاگیران و کۆبراکانیش تەقەیان نەدەکرد، هۆیەکەشی ئەوەبوو نەکابا سەربازەکانی خۆیان بکوژن، سەربازەکان نەیان دەتوانی خۆیان بپارێزن، ئەوان خاوەن ئەو ئەزموونە نەبوون کە خۆیان لە بۆردوومانەکان بپارێزن و توانای ئەوەشیان نەبوو، هەڵبەت ئەوان وەک گەریلا نەیان دەتوانی لە هەموو زۆر بۆهێنانێک و زەحمەتییەک خۆیان ڕزگار بکەن. دەنگی فیشەک تەقاندن بەردەوام بوو، کۆبراکان هەر سەنگەرێکیان ببینیایە لێیان دەدا، دەیانویست بواری شەڕکردن لە سەنگەر کەم کەنەوە، ئەوکاتەیان دەبوایە سەرم بڵند بکردایەتەوە و شەڕم بکردایەیان خۆم لەناو سەنگەرەکە خەفە بکردایە، سەرەڕای ئەوەی هەردوو شێوازەکە نزیک بوون لەمردن هەرگیز نەدەبوو مردنێکی بەترسەوە بۆخۆم هەڵبژێرم، ئەگەر ژیانێک بەدەست دەخرێت بەخەبات و شەڕکردنەوە بەدەست بێت، ئیفادەی بە ڕێزترین ژیانی مرۆڤ بە چەمکەکانی شێوازی جوانی ژیانەوە دەبێت هەڵسەنگێنرێت. تا دەمە و ئێوارە لە شەڕ دابووین، دەبوایە پێش نیوەی شەو هەموو هێزەکەمان کۆببوایەتەوە، سەرەڕای هەموو ئەو تۆبباران‌انە دەبوایە لە سەنگەرەکانمان دەربچونایەو بچونایەتە ئەو شوێنەی کەپێیان ووتبوین، لەگەڵ هەڤاڵەکەی تەکمەوە دەستمانکرد بەڕاکردن و دەبوایە بگەینە شوێنی دیاریکراوی خۆمان. کاتێک گەیشتینە قەدپاڵەکە هەر کە کۆپتەرەکانمان بینی خۆماندا بەزەویدا، نەمان دەتوانی بجوڵێینەوە، کاتێک کۆپتەرەکان دەسوڕانەوە ئێمەش دەستمان دەکردەوە بەڕاکردن، لەوەدەچوو یەکێ لەکۆپتەرەکان ئێمەی بینیبێت بەشێوەیەک گەیشتنە سەرمان

کەنەمان توانی بۆ بەرگری کردن شوێنێک بۆخۆمان پەیدا بکەین، کۆپتەرەکە ئەوەندە لێمان نزیک ببۆوە فرۆکەوانەکەشی تێیدا دیاربوو، چاویلکەیەکی خۆری لەچاو دابوو هەروەها تیشێرتێکی نیوقۆڵی لەبەر کرد بوو، پارچە مووشەک بەسەرماندا دەباری، بەڵام هیچمان بەرنەکەوت، کاتێک کۆپتەرەکان چونەوە بۆ ئەوەی تەقەمەنی بار بکەن لەو ماوەیەدا توانیمان بگەینە هەڤاڵان. دونیا هێواش. . هێواش تاریک دادەهات، بۆنی باروت و تۆپ هەموو شوێنێکی تەنی بوو، چاوانم داخست و چاوەڕێی هەڤاڵانم دەکرد بەڵام ترس و داخی ئەوەشم لەدڵدا بوو کە لەوانەیە هەندێکیان نەگەڕێنەوە، ئێمە بە گوێری سەختی شەڕەکە دەمانزانی کە هەندێ هەڤاڵ ناگەڕێنەوە بەڵام من نەم دەویست بزانم ئەو هەڤاڵانەکێن ، کە کۆبوینەوە هەریەکە و باوەشی دەکرد بەوی تردا، دونیا بەتەواوی تاریک ببوو، گروپەکانمان خۆیان کۆکردەوە، بەڵام هەڤاڵ ڕێدار لەناو گروپەکەی خۆیدا نەبوو، لە هەڤاڵانی گروپەکە پرسیاری هەڤاڵ ڕێدارم کرد، سەرەتا وەڵامیان نەدایەوە، کە من هەر سوور بووم لەسەر پرسیارکردنم هەڤاڵێک ووتی ( چوار هەڤاڵمان لەسەنگەرێک شەهید بوون ) ئەژنۆم شکا، تەنها دوو دڵۆپ فرمێسک لەچاوانم ڕژان، دەمویست بگریم هاوار بکەم، بەڵام نەمدەتوانی، زۆر بەداخەوە هێشتا تیمی تایبەتی تورک بەدوامانەوە بوون و دەبوایە بەرەو شوێنێکی دوور بچوینایە.هەڤاڵ میزگین کچێکی ئازا و چاو نەترسی دێرسیمی بوو، خەیاڵی شاری دێرسیمی ئەو بەم شێوەیەبوو کەدەیویست ئاڵاکەی تەسلیمی هەڤاڵێکی تری بکات. کچەبچکۆلەی گەریلا دۆزدار تەنانەت ئەو دۆزەی کە لە پێناویدا خۆی خەبات کردبوو بەباشی نەدەناسی، هەموو ئەمانەشی لە

دەرونێک کۆکردبۆوە کە بە هیچ شێوەیەک لەکەدار نەکرابوو وەنەشی هێشت لەکەداری بکەن. بەماندوبوونەوە بە لەدەستدانی ١٧ هەڤاڵەوە بەرەو دوورایی و بەرەو چیاکانی گەنج ڕێمان گرتەبەر، تاریکی شەو بەتەواوی باڵی بەسەر دونیادا ڕاکێشا، ڕادوێکەم کردەوەگ وێم لە هەواڵی دەوڵەتی تورک گرت، دەیووت ( ساڵانێکی دوورو درێژەهێزی سەربازیمان کە نەچوبونە چیاکانی شێلێوە بۆدواجار توانیان بگەنە ئەو شوێنە، لاشەی ١٧ تێرۆریست بەدەست کەوتووە) منیش یەکسەر تێرۆریستی بچکۆلە دۆزدار هات بەئەقڵمدا، مرۆڤ چۆن بەو منداڵییەوەروبەڕوی ئەو ناوەچەپەڵەدەبێتەوە، هەواڵەکەکەدرێژەی خایاند ئینجا ووتی (ئەمڕۆ ٢٣ ی نیسانەو جەژنی منداڵانەو بە ئاهەنگەوە پیرۆز کرا، منداڵێکی زۆر لەهەموو شوێنێکی جیهانەوە هاتوون بۆ تورکیا و لەگەڵ منداڵانی تورک ئاشناییان دروستکردوو جەژنەکەیان بەیەکەوە پیرۆز کرد ). با لەخۆمان بپرسین جەژن بۆ کێ؟

ئیتر چالاکی دەدوێت

**گەریلایەک**

لەگەڵ درێژایی زستاندا لەڕۆژهەڵاتی بارەگای فەرماندەییمان لەگەڵ گروپێک هەڤاڵدا ڕەوانەی ڕۆژئاوای بارەگاکەمان کراین، هەڤاڵ فایەق لەبەر ئەوەی بەباشی شارەزای ناوچەکەبوو ئەویش لەگەڵماندا بوو، رۆژئاوای بارەگاکەمان وەک جوغرافیا شوێنەکانی وەک ئۆڤچەلیک. . پەرتیک. . چەمێگەزاک. . هۆزات و شاری دێرسیمی دەگرتەوە، ناوچەکەدارستانێکی زۆری هەبوو، ئەم هەرێمەسێ شاری لەخۆدەگرت وەک ئەلازخ. . ئێرزنجان و دێرسیم، کاتی هاتنی ئێمە بۆ ئەم ناوچەیە قۆناغی چوونی سەرۆک بوو بۆ ڕۆما. بۆ ئامادەباشی وەرزی بەهار خەریکی پەروەردە.. پلان و هەڵسەنگاندنی قۆناغەکەمان بە بناغە گرتبوو، لەبەر ئەوەی کەمپەکەمان لەلایەن هێزی دوژمن پێشتر ئاشکرا ببوو لە بارەی هێرشی ناکاوی هێزی دوژمن بە درێژایی پەروەردەکەمان هەڵسەنگاندنمان لە بارەیەوە دەکرد، هەرێمی دێرسیم لەبەر ئەوەی سروشتەکەی چەتوونە و بەفرێکی زۆری لێ دەباری ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی جموجۆڵەکانمان هێواش بکاتەوە، بەشێوەی نیوەجوڵەیی لە نزیک شاری دێرسیم لە شوێنێک جێگیر بووین، لەبەر ئەوەی لەشارەکە و چواردەوریدا بەفر زۆر نەدەباری، بەم شێوەیە دەمانتوانی کۆنتڕۆڵی جوڵانەوەکانمان بکەین و هەروەها چاودێری کاروانی هێزی دوژمنیش بکەین کە لە شاری دێرسیم دەهاتنەدەرەوە، ئامانجمان ئەوەبوو کە لە هەموو بوارێکەوە بۆ بەهار خۆمان بەباشی ئامادەبکەین.

لەبەر سەختی ڕەوشی کەش و هەوای هەرێمەکە لە بارەی پەیوەنیمان لەگەڵ هەڤالانی مەڵبەندەکە ناڕەحەتیمان بۆ دروست دەبوو، بەڵام زۆر بەباشی دەمانتوانی ڕێنمایەکانی مەرکەزی پارت و

هەڵسەنگاندنەکانیان وەربگرین، لەسەر هەڵسەنگاندنەکانی سەرکردایەتی و دەرچونی سەرۆک بۆ ڕۆما و ئەو قۆناغەی هاتۆتە ئاراوە گەنگەشەمان دەکرد، هەربۆیە هەڤاڵانی مەڵبەندەکە و بەتایبەتی ئێمەش بۆ ئامادەییەکان و ئەو ڕۆڵەی پێویستە بیگێڕین هەڵسەنگاندنمان دەکرد. کاتێک گوێمان لەڕادوێ گرت گوێمان لەڕەوشی سەرۆک و قۆناغی ١٥ ی شوبات بوو، باوەڕمان بەو ڕەوشە نەکرد کە هاتۆتە ئاراوە، ئێمە دەمانزانی کەلەسەر سەرۆک و هێزی گەریلا بە هەواڵی درۆ و دەلەسەکانیان دەیانەوێت مۆڕاڵی گەریلا و گەل بروخێنن و دەمانزانی ئەم کارەشیان شەڕێکی دەرونییە کە ساڵانێکی دوور و درێژە بەڕێوەی دەبەن، هەربۆیە بیرمان دەکردەوە کە ئەم هەواڵەش پارچەیەکە لەبەرنامەی ئەم شەڕەیان، گووتنەکانی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتە بولاند ئەجەڤیت کە لە بارەی سەرۆکەوە کردی دڵەڕاوکێی کردە دڵمانەوە، دەستمان کرد بە هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سەرۆک و ئەو شوێنەی لێیەتی، بەڵام نەمان دەویست کە باوەڕ بەمە بکەین، لە بارەی ئەم ڕەوشە هێشتا پارتیمان هیچ رونکردنەوەیەکی نەدابوو، دوای ڕۆژێک رونکردنەوەکەی هەڤاڵانی بەرپرسیارانی ئەوروپا لەنێوانمان شڵەژاویەکی دروست کرد، دیلکردنی سەرۆک و هێنانەوەی بەم شێوەیە لەلای ئێمە کین و نەفرەت و ڕقی دروستکرد، ئێمە کە هەرگیز چاوەڕێی کارەساتێکی وامان نەدەکرد و بە بیریشماندا نەدەهات، بەتایبەتی لەڕەوشێکی ئاوادا کە سەرۆک هەموو شتێکی ئێمەیە، هەموو هەڵە و کەموکوڕی ژیانی رابوردومان لەناو تەڤگەرەکەدا وەک شریتێکی فلیم دەهاتە بەرچاومان، هەڵبەت لەناوماندا زۆر کەم هەڤاڵ هەبوو کەدەست نەکات بەگریان، بەم

شێوەیە رێنمایی و رونکردنەوەکانی سەرکردایەتیمان بەدەست گەیشت، ئەمەش ڕێی بۆ ئامادەباشیەکی باش و ئاوردانەوە لە رابوردومان و چاوەڕوانی بۆ دەست وەشاندن لەدوژمن خۆشتر کرد. سەرکردایەتیمان بەگشتی قۆناغی ١٥ ی نیسان و ١٥٥ ی مایسی بەقۆناغی ( چالاکی گیانبازیانە) هەڵسەنگاند و لەبەر ئەوەیکێشەی پەیوەندیمان هەبوو لەگەڵ هەڤاڵەنی ناوچەکانی تر نەماندەتوانی ئەم زانیاریانەیان بدەینێ، بەشێوەیەکی سروشتی یەکەم تۆڵەسەندنەوە دەبوایە ئێمە بمانکردایە. هەڤاڵ فایەق کە بەرپرسی گروپەکانی رۆژئاوای بارەگای فەرماندەییمان بوو، لەنزیک دەربەندی عەلی جێگیر ببوو، بەخۆی و ١٢ هەڤاڵەوە بەرەو مەرکەزی ( پەرتەک ) ملی نابوو، هەڤاڵ فایەق دوای ئەنجامدانی چالاکییەکەی بەبێتەلێکی بچوک قسەمان لەگەڵ کردوو دەبوایە بهاتایە بۆ ناوچەی ( جارگێتی ) سەر بەدێرسیم و ئەویش لەشوینێک بوو کە لە هاویندا بۆ مانەوە بەکارمان دەهێنا، لەگەڵ هەڤاڵ فایەق و١٢ هەڤاڵەکەی تر لەوێدا یەکتریمان بینیەوە. هەڤال فایەق خەڵکی شاری ( بینگۆل ) بوو، توانای سەربازێتی و بە پێوە ڕاوەستانی پڕ باوەڕی و بە هێزی و تواناکەی خۆی لەناوماندا خۆشەویست کردبوو، زاڵ بوونی ئەو بەسەر ناوچەکەو سروشتەکەیدا سوپای تورکی کردبووە ناو نارەحەتیەوە و دەستی باشی لێدەوەشاندن، هەربۆیە ببووە ترسێکی گەورە لە دڵی دوژمن، هەڤاڵ فایەق لەساڵی ١٩٩١ دا لەدێرسیمەوە بەشداری ناو شۆڕش ببوو، کاتێک ساڵی ١٩٩٦ دەچێتە گۆرەپانی سارۆکایەتی و لەکاتی گەڕانەوە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی هەرێم کرا بە فەرماندە، ئێمە لە ڕەوشێکی شڵەژاوی و وروژانێکی دەرونیدا دەژیاین، هەڤاڵ فایەق ووتی لەژێر ناوی

پەیوەستی بەسەرۆکایەتیەوە ئیتر دەست بەچالاکی دەکەین هەربۆیە بە خۆی و ١٢ هەڤاڵەوە چالاکیان ئەنجامدا بوو، لەگەڵ هەڤاڵ فایەقدا هەڤالانی وەک ( بەرچەم خەڵکی هۆزات. . وەهاب ساڵی ١٩٩٨لەبۆتانەوە بەشدار ببوو. . ڕێناس خەڵکی پەرتەک. . ئەم چوار هەڤاڵە فەرماندەی گروپ بوون. . زێنا خەڵکی موش. . ڕۆزەرین خەڵکی پەرتەک. . شرڤان خەڵکی دێرسیم. . شیار ساڵی ١٩٩٧ لەدێرسیمەوە بەشدار ببوو. . ئەرگەنیل. . سەردار خەڵکی ئورفە بوو ئەم هەڤاڵە لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتیەوە لەگەڵ بەرپرسیارانی مەڵبەندەوە گەیشتبوون. . باگۆک خەڵکی ئامەد، بەیەکەوە ئەم چالاکییەیان پێکهێنا، ماوەیەک لە شوێنەکەمان ماینەوە، دوای ئەوەی هەموو شتێکمان بەوان ڕاگەیاند لەگەڵ هەڤاڵ فایەقدا ڕەوشەکەمان هەڵسەنگاند، دوای گەنگەشەمان بڕیاری ئەنجامدانی چالاکیمان دەرکرد. هەمووومان بۆ هەدەفەکەمان کەبارەگای سەربازی ( چیچەکلی ) بوو لەسەر ڕێگای دێرسیم کەوتینە سەنگەرەوە، ئەو شەوە بەشێوەیەکی چاوەڕێ نەکراو سەربازی تورک بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن کەوتنە جوڵەوە بۆیە ئێمەش دەستمان کرد بەجوڵە، دوای تەواو بوونی جموجۆڵی سەربازی تورک جارێکی تر هەمووومان لە شوێنێک کۆبوینەوە، بۆ ئەوەی پلانەکەمان بخەینە پراکتیکەوە دەستمانکرد بە ڕێکخستنی شێوازی چالاکییەکە، کین و نەفرەتی هەڤاڵ فایەق جیاوازتر بوو، بۆ بەدەست خستنی ئامانجەکان و پابەند بوون بەسەرۆکەوە دەبوایە ببین بەشایەنی سەرۆک. . والاکردنی ئەو گەلەکۆمەیەی کەوەک هەورێک بەسەرمانەوە بوو دەبوایە پوچەڵی بکەینەوە، لەگەنگەشەو ئاخافتنەکاندا دەوترا ( لەپێناو ڕەنجەکانی

سەرۆک دەبێت ئەو ڕۆڵەی لەئێمە چاوەڕوان دەکرێت بیگێڕین و پابەندی بەسەرۆکەوە نوێ بکەینەوەو پەیامی دەست خۆشی لە هەڤاڵانەوە وەربگرین ) ئێمەلەوێدا ٥٥ هەڤاڵ دەبوین، بێگومان بۆ بۆسەو زەبر وەشاندن پێویستی بەهێنیەکی باش هەبوو، ١٢ هاڤاڵمان دیاریکرد بۆ هاوکاری کردن بۆ دوای چالاکییەکە بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو هەڤاڵان ئعتیرازیان لەم بڕیارەگرت داخوازی ئەوەیان دەکرد کە دەیانەوێت بەشداری چالاکییەکەبن ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دروست بوونی گەنگەشەی پلانێکی نوێ ، لە ئەنجامدا گروپی لوغم و بەرگریمان پێکهێنا، هەڤاڵانی تر بۆ کاروباری پاراستنی جیاواز دیاری کران و ٢٢ هەڤاڵیشمان بۆ بۆسەنانەوە دیاری کرد، پیلانی چالاکیەکەمان وابوو کەسەرەتا ٥/٤ مەترێک لەسەرووی ڕێگاکەوە سەنگەری باش لێبدەین و بەبێ ئەوەی هەڤاڵان خۆیان دەربخەن چاوەڕێی کاروانی سەربازی تورک بکرێت. کاری دووەممان ئەوە بوو کە گروپەکەمان لەسەر ڕێگاکان لوغم دابنێن، کاری سێیەمان دانانی ئەو گروپە بوو کەلەهەرحاڵەتێکدا بەرگریمان لێبکەن، ئەو هەڤاڵانەی لەسەنگەرەکانەوەچاوەڕوانیان دەکرد، جارێکی تر لەبارەیانەوەهەڵسەنگاندن کرا، هێنرایەزمان کەکاتێکی زۆرمان نییەو ئەگەر زۆر قسەلەسەر ڕەوشەکەبکەین ناتوانین ببین بەوەڵام دەرەوەی قۆناغەکەو باوەڕمان وابوو کەلەهەر حاڵەتێک دەبێت ئەرکی پێویستی سەر شانمان جێبەجێ بکەین، ئەو هەڤاڵانەی بەشداریان پێ نەکرا لەم چالاکییەدا لەبەر ئەوەیهەستیان بەبەرپرسیارێتی مێژوویی دەکرد بەتەواوی قەناعەتیان بەبڕیارەکان هێنا، بۆ بەشداربوونی هەڤاڵ فایەق لەدەستەی پێشەوەی ناو

سەنگەرەکان لەلایەن فەرماندەکانی مەڵبەندەوەڕەزامەندی لەسەر نەدرا، سوربونەکەی هەڤاڵ فایەقمان ڕەدکردەوە، ئەو ئەم چالاکییەی بەگشتی ئۆرگانیزەدەکرد و دەبوایەلەگەڵ هێزی بەرگریدا بمایاتەوە، هەرچەند ئەمەی نەدەویست بەڵام لەئەنجامدا بڕیارەکانی قەبوڵکرد. گەیشتینەشوێنی بۆسەکەمان، تا دەمەو بەیان سەنگەرەکانمان تەواو کرد، هەڤاڵ فایەق چاودێری سەنگەرەکانی دەکرد و لەبارەی لوغم دانانەوەزانیاری وەردەگرت، بارەگای سەربازی بەناو ( چیچەکلی ) کەوتبووە ٥٠٠ مەترێک لەنزیک مانەوە، ئیتر هەڤاڵانمان لەسەنگەرەکان دامەزران و هەڤاڵانی تریش دورکەوتبونەوەو شوێنی خۆیان گرتبوو، بچوکترین هەڵەو بچوک ترین جوڵانەوەکەببێتەهۆی ئەوەی کەگوندیەکان بزانن ئێمەلێرەین دەبووەهۆی پوچەڵ بونەوەی هەموو پیلانەکانمان، بۆ پەیوەندی کردن من بێتەلێکم پێ بوو دانەیەکیش بەهەڤاڵ فایەق، هەڤاڵ فایەق لە( سرتە) لەگەڵ گروپی بەرگریدا چاودێری ناوچەکەی دەکرد، شاری دێرسیم کەوتبووەبەرامبەرمان، ٣ ڕۆژ چاوەڕوانیمان کرد، بەڕۆژ لەسەنگەرەکان دەماینەوەو شەویش دەکشاینەوەو پشوومان دەدا، ڕێگای ( ستابلیزە) کە کەوتبووە خوار ئێمەوە بەهۆی ڕمانی خۆڵەوە بەسەر جادەکەو لەلایەکی تریشەوە لمیان هێنابوو بۆ چاککردنی جادەکان، هەڵبەت ئەمە بۆ ئێمەشتێکی باش بوو، لەبەر ئەوەی ئەو ماشێنانەی دەهاتن ناچاربوون لەبەر دەم ئێمە هێواش ببنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەهێنێت کە ماشێنەکان زۆر لەیەکتری نزیک دەبنەوە بەم شێوەیە تەقاندنی هەر فیشەکێکمان بەفیڕۆ نەدەچوو، شتێکی باشتر ئەوە بوو کەماشێنەکانی تر لەبەر زۆربوونی ماشێنەکانیان و ڕاوەستانیان

لەیەک شوێن نەیان دەتوانی بەباشی تەقەمان لێبکەن، هەڵبەت چالاکییەکەمان لەگەڵ تەقینەوەی لوغمەکاندا دەستی پێدەکرد و ئێمەش بەبێ ووچان لە چاوەڕوانیدا بووین، ١٦ ی نیسان کاتژمێر ٥ ی بەیانی بینیمان کاروانی سەربازی تورک لەشێوەی شەمەندەنەفەر بەدوای یەکدا لەشاری دێرسیم دەرچوون، لەشوێنی خۆمانەوە گوێمان لە دەنگی ماشێنەکانیان دەبوو، بێگومان ئەوان بیریان لەوە نەدەکردەوە کە لە بەیانییەکی ئاوادا و لەنزیک بارەگاکەیانەوە ئێمە لەسەنگەر دابین، هەر لەبەر ئەوەش کاروانەکە زۆر بە هێواشی بەرەو ئێمە دەهاتن، هێواش. . هێواش دونیا روناک دەبۆوە.هەمووومان ئامادەبوین چاوەرێمان دەکرد کە ماشێنەکان بگەنە سەر لوغمەکان و بتەقێنەوە بەڵام لوغم نەتەقیەوە، چارمان نەما دەستمان کردەوە، لەبەر ئەوەی زۆر لەیەکەوە نزیک بوین دوو زیل و دوو زریپۆش لە نێوانماندا زەربەیان خوارد، بۆ زانیاریدان بەردەوام پەیوەندیمان بەهەڤاڵ فایەقەوە دەکرد، چالاکییەکە بەگوێرەی پلانەکەی خۆمان ئەنجامدا، ئەو چوار ماشێنە سەربازییەمان تێکشکان، ماشێنەکانی دواوە لە ناو شڵەژاویدا بوون و سەربازەکان دابەزی بوون و بەربڵاو ببونەوە، بە خێرایی بەرە و ئەو شوێنە ملمان نا کە بۆ بەرگری دیاری کرابوو کە هەڤاڵ فایەق لێ بوو. لە نیوەی ڕێگادا هەڤاڵ وەهابم بینی دانیشتبوو، لە توڕەیدا سوور سوور هەڵگەڕابوو چەکەکەی لەلایەکدا فڕێ دابوو کاتێک ئێمە بە خێرایی دەڕۆیشتین وەک باران فیشەکمان بەسەردا دەباری، کاتێک لێم پرسی کە بۆچی دانیشتووە ئەویش ووتی لەکاتی شەڕەکەدا دەرزی چەکەکەی شکاوەو هیچ تەقەی نەکردووەو ئەویش بەمە توڕە ببوو، منیش هێورم کردەوە و بەزۆر گەیاندمە لای هەڤاڵان، هەڤاڵ

فایەقیش بەشێوەیەکی ئامادەیی چاوەڕێی ئێمەی دەکرد، لەسیمای هەموو هەڤاڵان پێکەنین و دڵخۆشی دەبینرا، دوای ئەوەی هەڤاڵانمان ژمارد دەستمان کرد بەجوڵە، بەبێ ئەوەی یەک هەڤاڵمان لوتی خوێنی لێ بێت توانیمان زەرەرێکی گەورەلەدوژمن بدەین، دوایی زانیمان کە٣٧ سەربازیان کوژراوە. لەناوچەی ( سرتە) کۆپتەرێک گەیشتەسەرمان و دەسوڕایەوە، هەڤاڵانمان کەکۆپتەرەکەیان بینی نیشانەیان گرتەوەو تەقەیان لێکرد، لە بێتەلەکەی کۆپتەرەکەوە گوێمان لێ بوو دەیانووت (لەپشتەوە لەسرتە تەقەدەکەن ) بەم شێوەیە تێگەیشتین کە هێزی سەربازی تورک لە گردەکەی پێشەوەن، بە تەقینەوەی لوغمە کۆنەکانمان کەلەشوێنە دورەکانەوە دامانابوون ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوان دەست پێدەکات، لەئەنجامی تەقەکردن لەکۆپتەرەکە شوێنی خۆمان بۆ ئەوان ئاشکرا کرد، دوایش زانیمان ئەو کاروانەی کە ئێمە دەستمان لێوەشاند ئەو کاروانە بووە کە ڕێگا بۆ ئامادەکردنی ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی خۆش دەکرد، ئێمە بەرەو زێی دنار دەڕۆیشتین، لەبەر ئەوەی دارەکان هێشتا گەڵایان نەگرتبوو نەمان دەتوانی خۆمان بشارینەوە، لایەکمان بەرەو ( موگایک ) دەڕیشتوو لایەکی تریشمان بەرەو زێی مونزور، ئەو شوێنەی کەدەبوایە پاشەکشێ بۆ بکرایە لەلایەن دوژمنەوە گیرابوو، دەبوایە بەبێ ئەوەی کات بەفیڕۆ بدەین شوێنێکی گونجاومان پەیدا بکردایە، هەڤاڵ فایەق ئیشارەتی شوێنێکی بەردەڵانی دەکرد، پێی ڕاگەیاندین کە دەبێت بەزوترین کات بگەینە ئەوێ و سەنگەر بگرین، کاتێک بەشێکی هەڤاڵانمان دەیانویست بگەنە سەنگەرەکانیان کەوتنەژێر بارانی فیشەکی دوژمنەوە،

هەڤاڵ فایەق کەوتبووە دوای گروپی پێشەوە و ئێمەش کەوتبوینە دوای گروپەکەی دواوە، بەم شێوەیە هەڤاڵ فایەق لەگەڵ گروپەکەی پێشەوەو ئێمەش لەگەڵ گروپەکەی دواوە مابوینەوە، هەڤاڵ فایەق دەیویست بگاتە لامان لەو سەنگەرەیەی کەیەکەم جار یەکمان لێ گرتبۆوە، ئێمە لەبەردەڵانەکەدا ماینەوە و ئەوانیش پەڕیبونەوە ئەو دیوی ئاوەکەوە، کۆپتەرەکانیش بۆردومانەکەیان چڕتر کردبۆوە، بەبێتەل پەیوەندیم کرد بەهەڤاڵ فایەقەوە، پێی دەوتین کەدەبێت بگەینەلای ئەوان، بەبێ ئەوەی کات بەفیڕۆ بدەین گەیشتینە لای هەڤاڵ فایەق، ٤ هەڤاڵمان کەبۆ کەشفکردن ڕەوانەی ئەو شوێنەکرد کە پێشوتر سەنگەرمانی لێ بوو، هەڤاڵ فایەق ووتی هیچ شتێک نییە کە بیکەین هەموو شوێنێکیان گرتووە ئەگەر سەنگەرەکانمانیان نەگرتبێت لێی دادەمەزرێین بۆ پاراستنمان لە کۆپتەرەکان هێزی دوژمن لە خۆمان نزیک دەکەینەوە بەم شێوەیە ئەگەر شەڕ بکەین کۆپتەر ڕەمیمان ناکات. لەم کاتەدا فرۆکەوانی کۆپتەرەکە لە ئاسمانەوە پەیوەندیان لەگەڵ هێزەکانی خۆیان بەستبوو، شوێنی هەڤالانی ئێمەی لە سەربازەکان دەپرسی پێی دەووتن گوایە لەوێدا سەربازی خۆیان هەیە یان نا، ئێمەش ووتمان دیارەشوێنی هەڤالانیان دۆزیوەتەوە هەڤاڵ فایەق ووتی ئەگەر ئەوانیان ببینیایە لێیان دەدان کۆپتەرەکە تەنها کەشف دەکات و دەڕوات دەبێت بەبێ ئەوەی خۆمان ئاشکرا بکەین بگەینە سەنگەرەکان. پەیوەندیمان کرد بەوچوار هەڤاڵەی کەبۆ کەشفکردن ناردبومان، پێیان ووتین دەبێت بگەینە لایان و سەنگەرەکان بەتاڵن و هێزی دوژمن لێمانەوە نزیکن، بەخێرایی گەیشتینە ئەوێ، کاتێک خەریکی سەنگەر لێدان بووین

بەسەرمانەوە٥ کۆپتەر دەسوڕایەوە، سەنگەرەکانمان سەنگەری شەڕ کردن بوون، سەنگەرێکی کۆن بوون و کراوەش بوو، کۆپتەرەکان بە هێزەکانی خوارەوەی خۆیانیان دەووت کەیەکەم جار چوار و دوایش بیست کەسێکی بینیوە کە لە سەنگەرەکان ڕایان کردووە، لەبەر ئەوەی کۆپتەرەکان ئێمەیان بینی بوو بەهێزەکانی خوارەوەیان دەووت کە لە شوێنەکانی خۆیان بمێننەوە، کۆپتەرەکان بۆردۆمانەکانیان چڕکردبوو ،لەبەر ئەوەی چەکێکمان لەلا نەبوو کەکاریگەری بکاتە سەر کۆپتەرەکان هەر بۆیە بە ئارەزووی خۆیان بەئاسماندا دەگەڕان، بەچوار دەورماندا وەک زەردەواڵە دەسوڕانەوەو بۆردومانی ئێمەیان دەکرد. ئێمە لە بچوکترین بۆشایی هەڵمان دەقۆزتەوەو هاوارمان دەکردە سەنگەرەکانی ترو قسەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد، یەکەمجار هەڤاڵ باران برینداربوو، ئێمەلەهەر هەلێکدا بەهاوارکردن پەیوەندیان بەیەکەوە دەکرد و پرسیارمان لەیەک دەکرد کەچی بکەین، هەڤاڵ فایەق لەسەنگەرەکەی دەستی چەپمانەوە بوو، لەکاتی قسەکردنمان لەگەڵ یەکدا بۆمان دەرکەوت کە٢ هەڤاڵمان شەهید بووە، هەڤاڵ فایەق بەسکە خشکێ دەیویست بچێت بۆلای هەڤاڵان بەڵام لەئەنجامی بۆردومانی کۆپتەرەکان پارچەی بەرکەوت، هەڤاڵ فایەق بەوحاڵەیەوە گەیشتبووە هەڤاڵان و هەڤاڵە برینداەرەکانی لەگەڵ خۆی بردوو دەرچوو، ئەو پێی وابوو کە گوایە ئێمەش لەوێین، بەڵام دوای ووردبونەوە لە سەنگەرەکان بۆیان دەردەکەوێت کەوا نییە، فڕۆکەوانەکە بەهێزەکانی خۆیان لە خوارەوە دەووت کە دوای ڕەمی کردن دەکشێنەوەو دەبێت سەربازەکانیان ووریا بن، ئێمە حاڵی بوین کە ئەم بۆردومانەیان دوا

بۆردومانە و ئیتر هێرشی پیادەیان دەست پێدەکات ، کە ئەم هەواڵەم گوێ لێ بوو ویستم ڕاستەوخۆ بەبێتەل بەهەڤاڵ فایەقی ڕابگەهێنم، هیچ دەنگێک لە سەنگەرەکەیەوە نەدەهات، دوای ڕۆشتنی کۆبراکان لەشوێنەکانی خۆمان هاتینە دەرەوە و چوینە سەنگەرەکانی ترەوە بەڵام کەسی لێ نەمابوو، لەلایەکەوە دڵمان خۆش بوو کە هەڤاڵانمان ڕزگاریان بووەو دەرچونە هەر بۆیە من و دوو هەڤاڵەکەمان لە حاڵەتی هێرشی پیادەی سەربازی دوژمن شەڕمان لەگەڵ دەکردن تاکو کات بەدەست بخەین تاکو هەڤاڵان بەباشی لەوێ دوربکەنەوە، ئێمە بەرەو ئەو گردە بەردەڵانە ملمان نا کەشوێنێکی ستراتیژی بوو، هەڤاڵ ئاگر پێی ووتم کەپشتی زۆر ژان دەکات و دەیویست کە تەماشای بکەم، هەڵبەت ئەم هەڤاڵەمان لەبۆردومانەکەی کۆپتەرەکان پارچەی بەرکەوتبوو بریندار ببوو، بۆ ئەوەی زۆر نەشڵەژێت پێم ووت کەپارچەکە تیغی کردووە، کاتێک من و هەڤاڵ ئاگر و سێڤرا کە دەمانویست بگەینە شوێنی خۆمان هەڤاڵ سێڤرا بریندار کرا، ئێمە بەرەو سەرەوە هەڵدەگژاین ،لە هەوڵی ئەوەدا بوین بگەینە هەڤاڵان، لە ناکاو هەڤاڵ شیارمان بینی کە لە هەڤاڵان دابڕابوو، بیکەیسی پێ بوو، من دڵخۆش بووم کە چەکی گرانمان پێیە، بەهاوکاری هەموو لایەک لەگەڵ بریندارەکانمان ڕێگامان بڕی، دوژمن ئێمەیان بینی بوو هەر بۆیە تەقەیان لێ دەکردین و هاوانیان پێوە دەنایین، کۆپتەرە کۆبراکان جارێکی تر هاتنەوە، بە هۆی بۆردومانی کۆبراکانەوە من و هەڤاڵ ئاگر لەلایەک و هەڤاڵ سێڤرا و شیار بەیەکەوە لەلایەکی تربوون خۆمان پەنادابوو، خۆمان گەیاندە پشت گابەردێک، بەم شێوەیە بۆردومانی کۆبراکان کاریگەری لێ نەدەکردین، تەماشای

هەڤاڵەکانی ترم کرد نەدەبینران، تا ئێوارە لەپشت ئەو گابەردە ماینەوە، بەتەواوی لە بەرامبەرمان لەو دیوی ئاوەکە بۆردومانی کۆبراکان بەردەوام بوو، پێیانم ووتم لەوانەیەهەڤاڵان چوبێتن بۆ ئەوێ ، چەنێک لەوێ ماینەوە بەڵام کۆبراکان بەلای ئێمەدا نەهاتن، لەگەڵ تاریک بووندا کۆبراکان ڕۆیشتن، دوای ڕۆشتنی کۆبراکان چوینە ئەو شوێنەی کە لەوانەیە هەڤاڵ شیار و سێڤرەی لێ بێت بەڵام نەیانمان دۆزیەوە، بیرمان کردەوە لەوانەیە ئەو ڕێگایەیان بڕی بێت کەبۆ لای فایەق دەچوو، بیرمان لەوەش دەکردەوە کە لەوانەیە لەوبەر ئاوەکە هەڤاڵ فایەق و ئەوانی لێ بێت، بەخێرایی چوین بۆ ئەوێ، ئێمە بە تەواوی لەیەک دابڕاین چەند ڕۆژێک یەکمان نەبینیەوە، لەڕۆژی چوارەمدا برسێتی و ماندوبونی زۆری بۆ هێناین، هەڤاڵ ئاگر شارەزای ئەم ناوچەیە بوو، من شارەزای ئەو ناوچەیە نەبووم، ئێمەنەمان دەزانی کە هەڤاڵان لەکوێن، دوای ڕۆژێک کاتژمێر دەوروبەری ١١ بوو بینیمان هێزی دوژمن پاشەکشێ دەکات، بێگومان هەڤاڵانمان هەر نەدۆزیەوە. دوای دوو ڕۆژ چوینەگوندێکەوە، لەوێدا هەڤاڵانمان دۆزیەوە زانیاریمان لە بارەی چالاکیەکە و ئۆپەراسیۆنەکە وەرگرت، شتێکیان باس دەکرد کەهەرگیز لێی تێر نەدەبووین، هەڤاڵان ووتیان هەڤاڵ فایەق هەڤاڵەکانی سەنگەرەکانی کۆکردبۆوە و کە بەرەو گردەکە هەڵدەگژان دوژمن هەستیان پێ دەکات، سەرباز و کۆبراکان پەلاماریان دەدەن، هەڤاڵ فایەق ئەوکاتە دەزانێت کە ئێمە لەگەڵ ئەواندا نین، پێی وابووە کە دەبینێت سەنگەرەکەمان لەلایەن کۆبراکانەوە بۆردومان دەکردرێت وادەزانێت ئێمە شەهید بویینە، هەڤاڵ فایەق دەزانێت کە هێرشی پیادە دەست پێدەکات هەڤاڵ

وەهاب لەگەڵ خۆی دەبات و چەکەکەی خۆی دەدات بەهەڤاڵێکی تازەو چەکەکەی بۆخۆی لێ وەردەگرێت و پێیان دەڵێت کەخۆی لێرە دەمێنێتەوەو گروپەکەیان دەبێت بڕۆن و لێرەشەڕ لەگەڵ هێزی دوژمن دەکات و بەم شێوەیە دەیەوێت بەسەلامەتی هەڤالان دەرچن و ئەگەر هەڤالان بمێننەوە زەرەری گیانیان زۆر تر دەبێت هەر بۆیە هەوڵدەدات کە لەبارەی بیروبۆچونەکانی قەناعەت بە هەڤالانی بکات، هەڤالان بۆ ئەوەی بەیەکەوە بمێننەوە،زۆر هەوڵدەدەن لە گەڵیدا ،بەڵام بێ سوود دەبێت هەڤاڵ بەرچەم و وەهاب لەلای هەڤاڵ فایەق دەمێننەوە، گروپەکە دەڕوات، هەڤاڵ فایەق و بەرچەم و وەهاب و ڕێناس سەنگەر دەگرن و چاوەڕێی دوژمن دەکەن، ئەو شەوە دوژمن نایەت، بۆ ڕۆژی دوای دوژمن دەگەن و دەکەونە شەڕەوە، هەڤاڵ ڕێناس و وەهاب شەهید دەبن، هەڤاڵ فایەق و بەرچەم دوای ئەوەی چەکی هەڤاڵە شەهیدەکانیان دەشکێنن بەڕومانەکانی خۆیان. خۆیان شەهید دەکەن، گروپەکەمان هەتا دەگەنەشوێنی خۆیان شەهیدیان لێدەکەوێتەوە، دوایش دەگەنەهەڤالان، هەڤاڵ شیار و سێڤەر کە پێشوتر لە ئێم هدابڕابوون دەکەونە چەمبەری دوژمنەوە، سێڤرا تەسلیم دەبێت هەڤاڵ شیار بەرخودان دەکات، دوایی هەڤاڵ شیاریش کە بەدیلی دەگیرێت لەلایەن تیمی تایبەتەوە لەو شوێنەی کەدامان لەکاروانەکە لەکۆپتەرەکە فڕێی دەدەنە خوارەوە. گوندێکان تەرمی سەربازەکانیان بینی بوو، سەرەتا کوژراوەکانیان دەبەنە بارەگاکەیانەوە و لەوێشەوەبەکۆپتەر دەیان گوێزنەوە، ئێمەپێمان وابوو ٣٧ سەرباز کوژراون بەڵام وانەبوو ژمارەی کوژراوەکانیان ٥٥ کەس بووە، تەرمی شەهید شیار گوند نشینەکان هێنا بویانە

گوندەکەوە، بەهەڤاڵ فایەقەوەبەگشتی ٩ شەهیدمان هەبوو. لەلایەکەوە دڵخۆش بوین کە توانیمان چالاکییەکی لەو جۆر هئەنجام بدەین بۆ وەڵام دانەوەی ئەو قۆناغە، لەلایەکی تریشەوە دڵگرانی ئەوە بوین کە نەدەبوایە ئەوەندە شەهیدمان بدایە، بە چالاکییەکی گەورە وەڵامی دوژمنمان دایەوە، بە گوێرەی پابەندی بونمان بەسەرۆکەوە و کینمان لەگەڵەکۆمە نێودەوڵەتییەکەو بەتۆڵەسەندنەوەکەی ئێمە توانیمان ئەگەر بچوکیش بێت وەڵامێکی دوژمن بدەینەوە، دوای ئەمەبڕیارماندا کەبۆ تۆڵەسەندنەوەی شەهیدانمان دەبێت چالاکی گەورەتر ئەنجام بدەین. بانگەوازەکەی سەرۆکایەتی لە٢ ی مانگی ئاب لەقۆناغی یەکی ئەیلولدا بۆ وەڵامدانەوەی ڕێنمایەکانی سەرۆک قۆناغی پاشەکشێ دەستی پێکرد، سەرۆک هەموو شتێکی ئێمەیە، ئەوەی ئەو بهێنێتە زمان ئەرکی سەرشانی ئێمەیە، بەگروپێکی ٢٥ کەسییەوە لە١٤ ی ئەیلول لەهەرێمی دێرسیمەوە بەڕێ کەوتین، دوای بڕینی ڕێگاوبانێکی زۆر گەیشتینە گۆڕەپانی باشوری کوردستان، ئەرکێکی گەورەی سەرشانمان بوو کەبەدەم بانگەوازی سەرۆکایەتیمانەوەبهاتینایە، ئەرکی خۆمان هێنایە جێ لەوەدەچێ هەموو شتێک لەنوێوەدەست پێبکات.



ئومێد دوا فیشەکمانە

**ئیدریس گوزال**

**١ ی نیسان ١٩٩٩**

لەژێر چادرەلایلۆنەکەدا لەگەڵ هەڤاڵاندا دانیشتبوین، هەڤاڵ شیار لەدەرەوەڕاوەستابوو لەناکاو بانگی ئێمەی کرد و ووتی تەماشای مانگ بکەن سوور هەڵگەڕاوە. منیش ووتم کوا لەکوێیە؟. پاشان ووتی کەمێکی تر لەنێوان هەورەکاندا دەردەکەوێت. بەڕاستی دوای چەند چرکەیەک مانگ لەنێوان هەورەکاندا بەشێوەیەکی بریقەدار بەدەرکەوت، هەموو شوێنێک ئەگەر کەمیش بوبێت ڕووناک بۆوە، سەرەڕای ئەوەی شەویش بوو بەڵام دەمانتوانی سەوزایی چیمەنەکان ببینین، لەبەر ئەوەی بە ڕۆژ بارانێکی زۆر باری بوو درەخت و بەردەکان دەدرەوشانەوە، ئەستێرەکان لەناو هەورەکاندا کەڕێیان دەکرد جار نا جار وون دەبوون، دوربینەکەم هەڵگرت و ماوەیەک تەماشای مانگم کرد زۆر گەورە دەبینرا، چەند ساڵێک لەمەو پێش لەشەوێکی مانگەشەوی ئاوادا لەگەڵ تیپی بارەگاکەماندا لە هەرێمی بۆتان دەرچوین و چوین بۆ باشور، ئەمەجیابونەوەیەکی ناچاری بوو، ئێمەئەم جیابونەوەمان نەخوڵقاند بوو ،ژیان و ئازادی و هەڤالایەتیمان خۆشدەوێت، ئەگەر چی زۆرجار باسی خۆشەویستیەکەمانیش نەکردبێت بەڵام چاومان دەدوا، ئەمەش بەس بوو بۆ ئێمە.هەتا ئەوکاتەش شوێن پێمان هەرمابوو، گەڵا زەردەکان وەری بوونە ژێر دارەکانەوە، ئێمەش بەدەلی ئازادیمان بەگرانی دەدا، ئەگەر جارێک دەنگی خۆشەویستی و ئازادی کپ ببێت دونیاش کپ دەبێت، بەڵام بۆ ئێمەمانان بێ دەنگ بوون بێ ئومێدیە.

**٢ی نیسانی ١٩٩٩**

هەڤاڵی خۆشەویستم فەرهاد هەردوو چاوت ماچدەکەم ئەزیزی من، لەکاتی هاتنی هەر بەهارێکدا لەگەڵ سەوزبوونی گەڵاکانی دارەکاندا تۆ بە ئەقڵمدا دێیت، بیری پێکەنینەکەت دەکەم. دواجار کەبینیتم کاتی نیوەڕۆ بوو، تازەلەخەو هەڵسا بویت، ماندوبوبویت، ڕووت زەرد هەڵگەڕابوو، قژت تێکەڵوپێکەڵ ببوو، لەژێر جلەزەردە دڕاوەکەتەوە بێجامەڕەش و کۆنەکەت بەدەرکەوتبوو، ئەو سێ جوتە گۆرەوییەشی کەلەپێت کردبوون دڕابوون. پێم ووتی پەرێشان دیاریت؟ ، تۆش ووتت هیچ مەپرسە لەموبەق خەفەر بووم. هەندێ قسەمان کرد، هەڤاڵانی تریش لەلامانەوە بوون، کاتێک دونیا هەندێک تاریک داهات تۆ ووتت من هەڵدەسم. ڕۆیشتی و دوای ماوەیەک گەڕایتەوە، دوایش ووتت ئەمشەو ئەرکم پێڕاسپێردراوە. کام جۆر ئەرک؟ . دەچینە خوارەوە بۆ ناو گوند ئازوقە دەهێنین. دوای ئەم قسەو باسەمان چویت بۆ ئەرکەکەت بەڵام نەگەڕایتەوە، ئەو شەوە زۆر نارەحەتانە خەوم لێکەوت، بەیانی هەواڵمان پێگەیشت کە لێدراوی، سەرەتا ئەم هەواڵەیان لەمن شاردەوە، دەمەوێت بڵێم لەڕۆژێکی بەهاردا لە١٧ ی مانگدا چویتە ژێر خاک ئەمەش نارەحەتی دروست دەکرد، بەڵێ ئێمە بەم شێوەیە بەدەڵی ئازادیدەدەین، لەڕۆژێکی ئاوادا تەماشای گەڵای سەر خاک بکەیت و بەتایبەتی کەبزانم ئێستا تۆ لەژێر خاکی ئەمە نارەحەتییەکی زۆر گەورەیە.ئەم ڕوداوەپێش ساڵێک بوو، هەڤاڵان سەرحەد و فەرهاد هەردوکیان بۆ ئازوقەهێنان چوونە خوارەوە بۆ ناو گوند، لەناوەڕاستی گوندەکەدا کاتێک دەیانەوێت لەڕێگای ( بانیکا ) بگەڕێنەوە لەلایەن جاشەکانەوە لێدەدرێن و

شەهید دەبن، دوایش تەرمەکانیانمان هێنایەوەو لەگۆڕستانی شەهیدان لەهەفتانین بەخاکمان سپاردن، دوو کێلمان لەتەک یەکەوە بۆ دانان، شەهید فەرهاد خەڵکی شاری بیتلیس بوو بەڵام هیچ لەکوردستان نەژیابوو، لەبەر ئەوەی دایک و باوکی فەرمانبەر بوون ماوەیەکی زۆر بوو گواستبویانەوە شاری مەرسین، شەهید فەرهاد لەو شارە گەورە ببوو، لەشاری مێرسین بەشداری لەڕێکخراوی باڵی لاوانی پارت و دوای ماوەیەک لەبەشی کۆمەڵەی کولتوری کاردەکات، دوایش دێتە ناو ڕیزەکانی گەریلاوە.دەتوانم بڵێم شەهید فەرهاد شەڕڤانێکی نوێ بوو، پابەند بوو بەپارت و هەڤاڵانێوەو کەسێکی ڕاستگۆ و زەحمەتکێش بوو، دەیویست گەشەبەخۆی بدات و ببێت بەفەرماندە، هەمیشەدەیووت ( بمنێرن بۆ ئەو شوێنەی کەشەڕی زۆری لێدێتەئاراوە) ئێمەش لەبەر ئەوەی نەماندەنارده ئەو شوێنەی کە دەیویست ئازاری زۆر دەچێشت، کێ ئازاری نییە؟، ئیتر تەحەمولی ئەم شەهید بونە ناکەین، نەک لەبەر بێ هێزیمان بێت بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئازارەگەورەکەی ئەوان و خۆشەویستیە گەورەکانیان ئێمەئازار دەدات.

**٥ ی نیسانی ١٩٩٩**

هەواڵی ئۆپەراسیۆنمان پێ گەیشت، دوای ئەوەی گەنگەشەی ئەوەمان کرد کە دەکرێ یاخود ناکرێت هەواڵێکی ترمان پێگەیشت کە هێزی دەوڵەت ئۆپەراسیۆن ئەنجام دەدات ئیتر کەوتینە ئامادەباشییەوە، ئێمە٣ هەڤاڵ بووین لەپێشی پێشەوەڕێمان دەکرد، لەلای من هەڤاڵ پڵنگ کە بێتە لە گەورەکەی پێ بوو کە پەیوەندی لەگەڵ بارەگای گشتی پێ دەبەسترا هەروەها هەڤاڵ

لاشەڕمان لەگەڵ بوو لەگەڵ هێسترێکی سپی کە بارێکی زۆرمان لێ نابوو، بەیەکەوە چوینە خوارەوە، لەشوێنێکی چەتوندا ڕاوەستاین، دەبوایە دوای ماوەیەک هەڤاڵان بگەیشتنایە، شەو بوو ڕوناکی مانگ لە ئارادا بوو، جگەرەیەکم پێچایەوە، تازە جگەرەم تەواو کردبوو لەلای دارستانەکەوە لەو ڕێگایەی ئێمە پیای هاتبوین گوێمان لەهەندێ دەنگ بوو بەیەکتریمان ووت ( لەوەدەچێت هەڤاڵان گەیشتبێتن ) سەرەتا هەڤاڵ پڵنگ چو بۆلایان بەڵام نەگەڕایەوە، دوایش لاشەڕ چوو، ئەویش نەگەڕایەوە، لەگەڵ گروپەکەدا ڕێیان دەکرد، شتێکی سەیرە منیش لەشوێنی خۆم هەڵسام و بەرەو ڕووی ئەوان ڕۆیشتم، کەگەیشتمە دەربەندەکە لەبەر ئەوەی ئێمە لەبەردەم دەربەندەکە ڕانەوەستابوین هەردوو هەڤاڵەکەم گەڕانەوە.. بەرەو لای من دەهاتن، پێم سەیر بوو هەڤاڵ پڵنگ لێم نزیک بۆوەو لەپەنا گوێما ووتی سەرباز. . سەرباز. سەربازی چی؟ . بڕوا بکە هەڤاڵ بێری سەربازەکانم بینی. زۆر سەیر بوو بەلامەوە، من باوەڕم نەدەکرد کەسەرباز بوبێت پێیانم ووت باشە ئەگەر وایە بۆچی لەگەڵ ئەواندا ڕێتان دەکرد؟ ئێوەیان نەبینی؟ . بەڵێ بینیمانیان بەڵام. ... ئەگەر قسەکانیان ڕاسبێت مانای وایە لە ناو مەترسیداین، کاتێک گەیشتینە بەردەمی دەربەندەکە بینیم دوا سەربازی دواوەیان تێدەپەڕێت، سەرنجی هەنگاوەکانیانمدا، لەڕێکردنی هەڤاڵانمان نەدەچوو، لەکاتی ڕۆشتن پێیان زیاتر بەرز دەکردەوە ئەمەش دەنگی زیاتری دروست دەکرد، ئیتر منیش کەدڵنیا بووم سەربازن بەخێرایی بەرەو شیوەکە شۆڕبوینەوە، لەبەر ئەوەی سەربازەکان شیوەکەیان بڕی بوو ئەو هەڤاڵانەی دەهاتن نەدەکەوتنە مەترسییەوە، هەرچۆنێک بێت دوای ماوەیەکی

کورت هەڤاڵان گەیشتن، یەکتریمان بینییەوەو ڕوداوەکەمان بۆ باسکردن، کەچی هەندێ لەهەڤاڵان وەک ئێمە ئەوانیان بینیبوو، بەڵام وایان زانیبوو هەڤاڵن، دوایی زانیبویان کە سەربازن، زۆر باڵکێشە، سەرنج ڕاکێشەری لەوەدایەکە هەڤاڵ پڵنگ و لاشەڕ تا نزیک سەربازەکان ڕێیان کردووە، ئەوەندە نزیک بونەتەوە ئەگەر دەستیان درێژ بکردایە بەر سەربازەکان دەکەوت، ئەگەر بیان گوتایە مەرحەبا وەڵامیان دەدانەوە، یاخود یەک مەخزەنیان پێوەدەنان، ماوەیەک بەیەکەوە ڕێیان کردبوو دوایش بەتیشکی مانگەشەو بێری سەربازەکان دەبینن بێ دەنگ دەبن، ماوەیەک لەناو دوو دڵی دەمێننەوە ئایا دەست بکەنەوە یاخود نا، منیش لەوکاتەدا دەمویست هاوار بکەم و بپرسم کە ئێوە کێن، بەڵام دەنگێکی سەیر لەناخمدا پێی ووتم بێ دەنگ بە، بێدەنگ بونم ژیانی ئەوانی پاراست. هێسترەسپێکەمان کە جیهازە گەورەکەمان لێ بارکردبوو کە هەرسێکمان دەبینێ دەچین بۆ دەربەندەکە دەکەوێتە دوای هەڤاڵانمان و گەیشت پێمان، ئۆپەراسیۆن دەستی پێکرد.

**٦ی نیسانی ١٩٩٩**

دەمەو بەیان گەیشتینەشوێنی خۆمان، ئەو ڕۆژەلەبەر ماندوبون وەک مردوو خەومان لێکەوت، جار نا جارێکیش بەئاگا دەهاتین، هەمیشەهەڤاڵان دیاری کرابون کەچاودێری ئۆپەراسیۆنەکان بکەن، هێزەکانی دوژمن هەرلەیەکەم ڕۆژەوەشوێنەستراتیژییەکانیان گرتبوو، دەستیان کرد بەکەشفکردنی ئەو شوێنانەی زێیەکانی لێ بوو، شوێنەکەی ئێمەلەبەر ئەوەی زۆر چەتون نەبوو نەهاتنەئەو شوێنەی ئێمەبەڵام سەنگەرمان لێ دابوو، ئەگەر بهاتنایەبڕیار

بوو دەبوایەلێمان بدانایە، هەر کەدونیا تاریک داهات شوێنەکەی خۆمانمان گۆڕی، چوینەشوێنێکی ترەوە، ئامانجمان ئەوەبوو کەبەشێوەیەکی نهێنیانە بمێنینەوە و لەهەلێکدا دەستێکی باش لەدوژمن بوەشێنین.

**٧ی نیسانی ١٩٩٩**

دووەم ڕۆژی ئۆپەراسیۆنەکە ئەو ڕۆژە ڕووداوێک ڕوویدا کە هیچ چاوەڕێمان نەدەکرد، ئەو ناوچەیەی خۆمانمان لێ حەشاردابوو چواردەوری لەلایەن دوژمنەوە گیرا، بە پێشەوایەتی پێشمەرگەی پارتی چەپ و ڕاست و پشتمان و بەردەممان گروپی پاراستنیان لێ جێگر کرد، لەوە دەچوو لەناکاودا هێرشیان ئەنجام بدایە ئێمەش لەناو ئەشکەوتەکە چاودێری سەنگەرلێدانی ئەوانمان دەکرد، هەڤاڵان تەماشای ناوچەوانی یەکتریان دەکرد، کەسمان ورتەمان لەدەمەوە نەدەهات تەنانەت هەناسەشمان نەدەدا. هەڤاڵ ڕۆژهات بەدەستێوە بێتەل هەبوو نەمان دەزانی قسەدەکات یان نا، ئەم هەڤاڵەمان ئەسمەر بوو زەرد هەڵگەرا بوو واقی دامابوو پێشوتر هیچ بەو شێوەیە نەم بینی بوو، بەگۆڕانی سیماو خەتەکانی دەموچاوی دیار بوو کەلەمەترسییەکی گەورەداین، هێزەکانی تورک لەدۆڵەکەی خوارمانەوە هێزەکانی خۆیانیان کۆکردەوەو ئەوەندە نزیک بوون تەنانەت لەقسەکردنەکانیشیان حاڵی دەبووین، ئێمە هێشتا لەشوێنەکەی خۆماندا بوین مەحاڵ بوو شوێنەکەمان بگۆڕین لەبەر ئەوەی بەسەرمانەوە و لەخوارمانەوە هێزی دوژمنی لێ بوو، هێشتا هەستیان بەبونی ئێمە نەکردبوو بەڵام لەوانەیە هەرساتێک بێت ئێمە ببینن، هەڤاڵ لاشەڕ لە تەکمەوە خەوتبوو،

جارناجارێک هەڵدەساو بەشڵەژاویەوە تەماشای چواردەوری خۆی دەکرد، دوایش لەبێ چارەیی دەخەوتەوە، لاشەڕ تەمەنی ١٥ ساڵێک بوو خەڵکی ڕەواندز بوو پێش دوو ساڵێک بەدزی ماڵەوە ڕایکردبوو هاتبووە ناو ڕیزەکانی ئێمەوە، ئێستا ئەویش وەک ئێمە لە ناو جەرگەی مەترسیدایە، ئێمە زیاتر بەزەییمان بەو دەهاتەوە لەبەر برسێتی و ماندوویی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، هەڤاڵ دێنیز بە دوربین تەماشای دوژمنی دەکرد ووتی ئەوەهاتن، منیش تەماشام کرد گروپێکی قەڵەباڵغ وا دێن، لەوانەیە هێرش بۆ ئەشکەوتەکەی ئێمە بەرن.. باشە چیمان پێ دەکرا؟ ، لەڕەوشێکی ئاوادا شڵەژاوی بوون زۆر خراپە، دەبوایە شتێکمان بکردایە، زۆر بیرمان کردەوە، هیچ ئومێد مان نەبوو، ئومێدمان دوا فیشەکمان بوو، ئەو هەڤاڵانەی خەوتبوون هەڵسان و ووریایانمان کردەوە، لەناکاو هەڤاڵ لەشکر بەچاو بەدەستی ئیشارەتی بۆ کردم کەزۆر تەنگاوە، ناو ئەشکەوتەکە زۆر تەنگ بوو تەنانەت نەمان دەتوانی جوڵەش بکەین، لەبەر ئەوەی بەردەم ئەشکەوتەکە هەندێ کراوە بوو بچوک ترین جوڵە دەبوە هۆی کەشف بونمان، سەرەتا نەم دەزانی کەچی پێ بڵێم، ئەگەر پێی بڵێم دان بەخۆتا بگرە دەزانم ناتوانێت، پێم ووت کە بەشێوەیەک بەسەر سک بڕوات بچێتە ناو گژوگیای بەردەم ئەشکەوتەکە و کارەکەی خۆی ئەنجام بدات، بەشەرمەوە تەماشای هەڤاڵانی کچانی کرد، منیش پێم ووت شەرم مەکە پشتی خۆت لەوان بکە، بەو شێوەیە ناتبینن، خڕبونەوەو زۆربوونی پێشمەرگە لە بەردەممماندا زیادی دەکرد، لەناکاو بەرەو لای ئێمە پێشمەرگەو سەرباز هەڵگژان، دیارە لەلایەکەوە بڕیاری هێرشیان وەرگرتووە، باشە ئەمە مانای چییە؟، کاتێک ئێمە چاوەڕێی هێرش

کردنی ئەوان بووین کەچی بەرامبەرمان کەوتنە سەنگەرەوە نەهاتنە ئەو شوێنەی کە ئێمەی لێ بووین، بە باشی گوێمان لە بێتەلەکەیان گرت، لە ناوخۆیان دەیانووت ( ئەشکەوتەکە چۆڵە) نەمان زانی کە لەخوارەوە ئەشکەوتێکی بچوکی تری لێ بووە، بەم شێوەیە زانیمان کە هێرشەکە بۆ ئێمە نەبووە، ئێمەش تەماشای یەکترمان دەکردوو پێ دەکەنین.

**٩ی نیسانی ١٩٩٩**

هێزەکان دەکشێنەوە و لێیان دەدەین، بەسە ئەوەندە خۆشاردنەوە، هەڤاڵان لە( کێشان ) بەرامبەر بەتیمی تایبەتی دوژمن چالاکیان ئانجامدابوو، نزیکەی ٥٠ سەربازیان کوشتبوو، لەشوێنێکی تریش هەڤاڵان چالاکیان ئەنجام دابوو کوژراوێک و ٤ برینداریان لەدوژمن خستبوو، سەرکەوتن بۆ ئێمەبوو، بەرامبەر بە٢٠ هەزار سەربازی تورک و هیزێکی زۆری پدک لەشەڕدا بووین.

**١٠ ی نیسان ١٩٩٩**

باوەڕم بەهێزی خۆشەویستی هەیە، تەنانەت باوەڕیم بەهێزی نەفرەتیش هەیەبەڵام زیاتر باوەڕم بەهێزی زانابوون هەیە.

**٢٤ ی نیسانی ١٩٩٩**

ڕۆشتن لە هەفتانیبنەوە بەرەو زاپ.

ئەمڕۆ لەگەڵ گروپێک هەڤاڵدا کەوتینەڕێ، لەنیوەڕۆدا گەیشتینە ئەو هەڤاڵانەی کە لە( ماسیرۆ ) ی سەربە( کێشان ) بوو، دوای پشوویەک دەمەو ئێوارە کەوتینەوەڕێ، دەبوایە

ئاوی خابورمان ببڕیایە، لەئاوەساردەکەی کانی قەد پاڵی گردی سیپانمان خواردەوە، دوایش دەربەندەکەمان بڕی و بەرەو خابور بەڕێکەوتین، بۆ ڕۆژی دوای گەیشتینەکەناری ئاوی خابور، ئاوی خابور وەک جارانی سەرشێت نەبوو ئارامتر بوو، بێدەنگانەئاوی دەخوڕا، چوپێکی گەورەمان پڕکرد لە هەواو یەک بەیەکمان لە ئاوەکە پەڕاینەوە، هەندێک تەڕ بوین، بەڵام کێشە نەبوو لەبەر ئەوەی خۆرەتاو بوو، هەر چۆنێکیش بێت بەڕێگاوە وشک دەبوینەوە. دوای ئەوەی دەربەند و چیاکانی بەردەممان بەدوربین تەماشاکرد کەزانیمان هیچ نییە ئینجا کەوتینەوە ڕێ، دەبوایە پێش ئەوەی تاریک دابێت بگەینە هەڤاڵانمان، لەوانەیە لەبەر گەرمی بوبێت بۆیە بە هێواشی ڕێمان دەکرد، دەمەو ئێوارەگەیشتینەگروپێکمان کەلەسەر هێڵی ( هێرۆر ) بوون.

**٢٧ ی نیسانی ساڵی ١٩٩٩**

ئەم شەو دەچوین بۆ مەتینا، بەڵام گەڕاینەوەدواوە، هۆیەکەی ئەوەبوو کەڕابەرەکەمان ڕێی لێ وون بوو، جارێکی تر هاتینەوەبۆ هیرار، زۆر بێ تاقەت بووم، نەم دەویست قسەلەگەڵ کەسدا بکەم، بەدریژایی ڕۆژ هەر بێ دەنگ بووم، ئەگەر توشی شەڕ و بۆسەبوینایەئەوەندەی ئێستا دڵگران نەدەبووم، دوو هەڤاڵی گروپەکەمان لەهیرار بەجێهێشت، بێ پێڵاو بوون بەڵام پێڵاومان بۆ یەکێکیان پێ پەیدا کرا ئەوی تریشیان پێی سوتابوو، هەرچۆنێک بێت دەبوایە ئەو شەوە بگەیشتینایە شوێنی خۆمان، دوای دۆزینەوەی ڕیگەکەمان بەڕێ کەوتین، چیا کانمان بڕی و گەیشتینە مەتینا، جوانی و سەوزایی ئەم ناوچەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە،



کانیاوەکانی سارد و سازگار و ڕوون و ئارامانە خوڕەی دێت، کانیاوەکانی ئێرە پێداویستی ئاوی ئەو ناوچەیە دابیندەکات، ئەگەر تەنها تەماشای خوڕەی ئاوەکەی بکەین کەلەژێر دار گوێزەکاندا خوڕەیان دێت ئەمە بەسە بۆ عاشق بونت بەم خاکە، ئەو شەوە لە مەتینادا چاومان بە گروپێک هەڤاڵان کەوت کە بە کاری لۆجستیکەوە خەریک بوون، لە مەتیناوە ئازوقەیان دەبرد بۆ زاپ، دەبوایە بچوینایەتە زاپ بەڵام ئیتر وەکو هەفتانین دۆڵ و چەم و چیای چڕوپڕ نییە، بەرزترین گردی بەپێ هەر بە ٢٠ خولەکێک دەگەیتە سەری، مرۆڤ هەر هەست ناکات چۆن دەگاتەسەر لوتکەکەی هەروەها بۆنی خونچە تازەکانی دارمێوەکان تایبەتمەندیەکی خۆیان هەیە، ئەو هەڤاڵانەی کە پێشوتر لە مەتیناوە هاتبوون لەسەر حەق بوون، ئەگەر ئازوقەش نەبوایە بە ئاسانی گەریلا دەتوانێت لێرەدا بژێت، دەبێت کانیاوەکانی مەتیناشمان لەبیر نەچێت،

دەمانتوانیش کارەکانمان لە مەتینا چارەسەر بکەین.

هەرلەبەر ئەوەش دڵخۆش بووم کە لە مەتینا دەمێنینەوە لەبەر ئەوەی ڕێگایەکی ١٢ کاتژمێریمان لەکۆڵ ببۆوە، هەڤاڵ کەماڵمان بینی کە ئەویش ئەندامێک بوو لە بەڕێوبەرایەتی فەرماندەیی مەڵبەند، ئەو پارەیەی کەبۆ خەرجی هەفتانین دیاری کرابوو بەو بوو، پارەکەش پێکهاتبوو لە١٥٠٠ هەزار مارکی ئەڵمانی، ئەویش چاوەڕێی ئێمەی دەکرد، دوای ماوەیەک لەبەر ئەوەی زۆر ماندوو بوین خەومان لێکەوت.

**٢ ی مایس**

بە١٥٠ هەزار مارکی ئەڵمانییەوەگەڕاینەوەبۆ هیرار، دوایش ڕومان وەرگێڕا بەرەو هەفتانین، لەبەر دەممماندا دوو مەترسی هەبوو، یەکێکیان بۆسەدووەمیشیان شێتی شەپۆلەکانی ئاوی خابور، کۆبونەوەیەکی کورتمان کرد، دەبوایەلەڕێگا زۆر ووریا بوینایە.

**٣ ی مایس**

کاتێک لەدەربەندە تەسکەکەدا دەپەڕاینەوەلەبەر ترسی ئەوەی نەک بکەوینەبۆسەوەزۆر بەووریایانەڕێمان دەکرد، لەڕاستیدا ئەگەر ئەو پارەیەمان لەلا نەبوایەئەوەندەگوێمان لێ نەبوو، هەمووومان دەستبەرداری گیانی خۆمان بوین، بیرمان دەکردەوەکەدەبوایەپارەکەمان بەسەلامەتی بگەیاندایە، لەبەر ئەوەی ئەم پارەیەپێداویستیەکانی ئەم هەرێمەی پێ دابیندەکرا، کاتژمێر ١٢ شەو گەیشتینەکەناری ئاوی خابور، بەشێوەیەکی زۆر

ئارامانەشەپۆلەکانی سەمایان دەکرد، بەڕاستی ئەم دیمەنەو ساردی کەش و هەواش ترسناک بوو، کەس لەوبەری ئاوەکەوەنەبوو، دەمانزانی کەبەیانی دەگەین چونکەلەبێتەلەکەمانەوەلەگەل هەڤالان وا ڕێکەوتبوین بەڵام ئێمەزووتر گەیشتبوینەشوێنی خۆمان، لەبەر ئەوەناچار بوین تا بەیانی دەبوایەچاوەڕێمان بکردایە، ئێشگرمان دیاری کرد و نوستین.

**٤ ی مایس**

من بیری هەفتانین و هەڤالانم دەکرد، یەکەم جار کەهەڤالانم بینی پێیان ووتم ( زۆر گۆڕاوی ) لەڕاستیدا زۆر لاواز ببوم و قژو ڕیشم تێکەڵ بەیەک ببوون، گەرمایی خۆر و عارەقی نێوچەوانمان دەموچاومانی سوتاندبوو، ڕەش. . ڕەش هەڵگەڕابوین، هەر ئەو شەوەپارەکەم تەسلیم بەبەرپرسی هەرێمەکەمان کرد، لەم ئەمانەتەڕزگارم بوو، ئێستا زیاتر هەست بەئازادی خۆم دەکەم.

لەئێوارەی عەرەفەی ٣٠ ی
حوزەیراندا
زیلان چەند ڕۆژێک پێش
شەهادەتەکەی

**گەریلایەک**

( وەک دەزانرێت چالاکییەکە کاتژمێر ٥ ئەنجام دەدرێت، کاتژمێر ٦ لەبەر من گویٚ لەهەواڵەکانی ڕادیۆی بی بی سی بگرن، لە هەواڵەکەدا دەوترێت ژنێکی شێتیان هەڵخەڵەتاند و، خۆی تەقاندەوە).

پێشبینیەکەت هاتەدی و لەچاوانتا بریقەی سەرکەوتنێکی مەزن پێش شەهید بوونت بەدیدەکرا، ئێستا ٣٠ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٦ و کاتژمێر ٦ لە ڕادیۆی بی بی سی هەمان ئەو بۆچوونەی تۆی لەزمانی بەرپرسێکی تورکەوە بڵاوکردەوە، ئای چۆنت زانی کە ئەو هێزە پۆلاینەی تۆ لەلایەن دوژمنەوە نکۆڵی لێدەکرێت، هەروەکو چۆن هەستت کرد کە بەمردنەکەت ژیانێک دەخوڵقێنیت، تۆ لەشێوەی ژنێکی دووگیان دەڕۆیشتی بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکەت، دوژمن لەژنی دووگیانیش زۆر دەترسێت، بەڵام با بترسن، لەبەر ئەوەی تۆ ووتت ( لەم خاکە هەرمنداڵێک هاتە دونیاوە دەگەڕێت بەدوای سەربەستی وڵاتەکەی ).

کاتێک تۆ بەم چالاکییەت وڵاتێکت هێنایە دونیاوە هەموو ژنە دووگیانەکانیان کردەژێر لێپرسینەوە، دووجار دەیانپشکنین بەڵام ئەوان شانازیان بەخۆیانەوە دەکرد چونکە هەستیان دەکرد کە لێیان دەترسن، و، ئەم ژنانە هەر ساتێک کە بیر لە تۆ دەکەنەوە هەست دەکەن کەشان بەشانی تۆ هەریەکەیان وڵاتێکیان هێناوەتە دونیاوە.. ڕۆژی یەکەم دانت بە خۆداگرت و چاودێری ئێمەت دەکرد، کێ دەزانێت چیت لە چاوەکانماندا دەخوێنەدەوە، بەردەوام بەموتەوازی و شەرمنانە پێدەکەنیت، کاتی ئێوارەکە ئاگرمان کردەوەب ۆ چای لێنان تۆ ووتت ( بۆچی تاکو ئێستا دەستان نەکردووە بەدووستکردنی تیەنتێکان؟ ). هەڤاڵێکمان ووتی (

تینەتێکانمان شێدارن بۆ ئەوەی ووشک ببنەوە دەبێت لەبەر خۆر دایاننەین، کەمێک ماوە ئاوەکەمان بکوڵێت دەچم چای دەهێنم ). هەڤاڵێکی ترمان ووتی ( من دەچم شەکر دەهێنم ). هەڤاڵێکی ترمان ووتی ( من دەچم پەرداخەکان دەهێنم ).

کەسمان لەچوادەورت نەماین، تۆمان تەنها جێهێشت و کاتێک گەڕاینەوە لات هەوڵێکی زۆرماندا تاکو باسەکە بگۆڕین، بەڵام تۆ ڕێگات بەمەنەدا، کاتێک ئێمە لە هەوڵی درێژکردنەوەی قسەو باسەکان بووین بەڵام تۆ ووتت ( هەڤاڵان من پرسیاری بۆمباکانتانم لێکردن ). تۆ هەروەک جەنگاوەرێک کە هەواڵی بۆمبێک بپرسیت بۆ شەڕکردن وابویت زۆر بێ خەمانە، دوایش ووتت ( پێویستە بزانم ئەو ئومێد و هیوایەی بەمنەوە گرێدراوە چەندێک بەهێز و کاریگەرە، با تیەنتێکان شێدار نەبن، مەعجونێکی زۆری پێوەبکەن، پێویستە بەهێز و کاریگەر بێت، لەکاتی بەستنیدا هیچ پارچەیەکتان لەبیر نەچێت ).

سەرسام ماین، نەماندەزانی چیت پێ بڵێین، تۆ لەبیرنەکردنی زەرەیەک لە پارچەکان کە هێناتەزمان هەمووی پارچەی لەشی تۆ بوون واتا تۆی هەڤاڵمان، ئێمە هیچمان پێ نەووتی بۆ ئەوەی زیاتر ئێمە سەرسام و دڵگران و نیگەران نەبین تۆ هەوڵتدا کە ئارامکمان بکەیتەوە.

شەو بەدیار ئاگرەکەوە دانیشتبووین نازانم کاتژمێر چەند بوو تۆ باست لە منداڵی و دوایش لاوێتی. . دایک. . برا. . خوشکەکانت. . برادەرەکانت. . کێشەی ناسنامەی نەتەوەیی. . پابەندی بوونی کادێر بە بڕیارەکان. . باسی ماوە کورتەکەی گەریلا بونت و سەرۆکایەتیت دەکرد، ئەوەی زیاتر کە ئارەزووت لێدەکرد قسەی لەبارەیەوە

بکەیت سەرۆکایەتی بوو، دوایش هاتیتە سەرباسی گەل و ئازادی ژنان هەڵبەت باسی ئەم چالاکییەتیشت، بەم قسەو ئاخافتنانەت زەمان ئێمەی لەناو خۆیدا قوتدەدا، هەموو چرکەو ساتێکی ئەو شەوە بە ئاخافتنەکانی تۆوە خۆیان گرێ دابوو، جارناجارێک دەکەوتیتە دەریای بێ دەنگییەوەو دەمانزانی بیرت لە پابەندی بوونت بە بڕیاری ئەم چالاکییەوە دەکردەوە، دوایش دەکەوتیتەوە باسکردنی ووردەکاریەکانی چۆنیەتی ژیان کردن هەڵبەت ئێمەشت لەگەڵ خۆتدا بانگێشی قوڵایی دەریای ئاخافتن و بێ دەنگێکەت دەکرد.

تۆ ووتت ( ئەوەی لەمنداڵیمدا زۆر ناڕەحەتی پێم چێژابێت جیاوازی نێوان چینی نەدار و دەوڵەمەند بووە، هەرلەبەر ئەوەش هەمیشە ئارەزووم دەکرد کە لەگەڵ چینی نەداردا هاوڕێتی بکەم، هەست و زانستی نەتەوەییم لاواز بوو، لەناو خێزانەکەماندا هیچ باسمان لەبارەی ئەم کێشەیەوە نەدەکرد، شیعییەت و سونێتی و ناسنامە شەڕی ئێمەبوو، بەڵێ چەپڕەوێتی بێ ناسنامەیت بەسەردا دەسەپێنێت، لە کاتی سەردەمی زانکۆمدا لێکۆڵینەوەم لەبارەی ڕەچەڵەکی خۆمەوەکرد و بەناسنامەی نەتەوەیی خۆم ئاشنا بووم، دوایش ئەم لێکۆڵینەوە منی گەیاندە ئێرە... چی کاتێک کوردێکی چەوساوەم ببینیایە هەڵوێستم بەرامبەر بەبێ هەڵوێستێکەی دەردەبڕی، دەکەوتمە ئاراوەو بەخودانی دەردەکەوتم و داواشم لێدەکرد باوەڕی بەخۆی هەبێت، زیاتر لەشاری – ئەدەنە- ئاشناییم بەناسنامەی نەتەوەیی خۆمەوە کرد، زۆر بە شێوەیەکی تینویانە ئاوێتەی گەلەکەم بووم، گەلی کورد شایەنی هەموو شتێکی جوانە).

ئەگەر وشە بە وشەش ڕاستگۆ نەبوبێتیش بۆ ئەوەی قسەکانت

لەناو خێزانەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا شوێنی خۆی بگرێت بەم چالاکییەت جوانترین بوونی مرۆڤایەتیت پێ خوڵقاند، ئەمە خۆشەویستی ژنێکە بۆ گەلەکەی، ژنانێک کە لە ناو دەریای کۆیلایەتیدا مەلەیان پێبکرێت ئایا لەم چالاکییەی تۆ جوانتر و بەها تر هەیە کەب هرەو ژیانێکی ئاسودەیان بەرێت؟ .

تۆ ووتت ( دایکم زۆر بەباشی لێم حاڵی نەبووە، نەیدەزانی بۆچی هاتومەتە ناو پەکەکەوە و بۆچی هەڵبژاردنی ژیانم لەو جیاواز تر بووە، دەیویست من لەلای ئەو بمێنمەوە، ئایا هەست بەمەفهومیەتی ئەم چالاکییەم دەکات؟ ، من نامەوێت ئازار بچێژێت بەڵکو دەمەوێت بەمە بەختەوەر بێت، خۆزگا ئێستا لەلام دەبوو مناقەشەمان بکردایەو پێم بووتایە کە ئەم چالاکییە لەبەر خاتری ئەو دەکەم ).

بۆ ڕۆژی دوایی لەو نامانەی نووسیت لەبارەی ئازادی ژن و جوانی بە دایک بوون و باسکردن لە پێویستی بەخودان بوونی گەل لەمنداڵەکانیان، باسی ئەوەی کە ڕزگاری ژن لەڕزگاری نیشتیمانەوە بەدی دێت هەروەها باسی ئەوەت کرد کە چەند دایکت خۆشدەوێت، چالاکییەکەت وەرچەرخا و بوو بەوڵات واتا وەرچەرخان بەبوون بەدایک، بوو بەنیشتیمان، زانینی واتای ئەم چالاکییەت ئەگەرچی ئەوکاتەش لێی حاڵی نەبوبوین بەڵام چالاکییەکەت هەموو ئەمانەی پشت ڕاستکردەوە، بوو بەشیکاری ئەودیوی سنوری حاڵی بوون.

هەڤاڵ زیلان ڕووحت شادبێت، دایکت بەخودانت دەرکەوت، دایکت دڵخۆش بوو کە نیشتیمان وەرچەرخا بەدایک و بەمەش سەرفراز بوو، سەرەڕای ٥ هەزار ساڵی کۆیلایەتی ئەم دڵخۆشییەی ئەو لەدڵی ژنێکی کۆیلەوەیە، ئایا دەیتوانی ڕەفتارێکی تر بنوێنێت

بەرامبەر بەم مەزن بوونەت؟ ، هەڵوێست و چالاکییەکەت ژنێکی قارەمانی کوردی بەدونیا ناساند.

تۆ ووتت ( من بەهزر و دەروونمەوە سەربازم، دەبێت چالاکییەکەم مەزن بێت نەک سادە، دەڵێن گوایە کوردان هەمیشە سەربازێکی باش بوونە بۆ گەلانی تر، نیشانیان دەدەم کە چۆن گەلی کورد دەبن بەسەربازێکی باش بۆ خۆیان، دەبێت ترس بخەمەدەروونی دوژمنەوە، دەبێت هەزار جار پەشیمان ببنەوە کەپێیان ناوەتە ئەم خاکەوە، ئیتر زۆر دەترسن، وانییە هەڤاڵان؟ ، ئیتر زۆر دەترسن و دەشڵەژێن ).

هەرچۆنت هێنایەزمان هەرواى لێهات، هەروەکو چۆن بوون بەشاهیدی پارچە پارچەب وونی سەربازەکانیان هەروا ترس کەوتە دەروونیانەوە، ئێمە دڵنیاین لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمباکە کەئاشنابوون بەمردن ئەو چرکەیەی کە لەنێوان ژیان و مردندا بوو بەهۆکارێک کەهەزار جار پەشیمان ببنەوە لە بوونی خۆیان کە لەوڵاتێکن کەهی ئەوان نییە.

تۆ ووتت ( سەرۆک ئاپۆ ). ئەم دوو وشەیە کە لەسەر شێوەی تامەزرۆی بینینی سەرۆک و پابەندی بوونت بەسەرۆکەوە هێناتەزمان کاتێک ووتت ( خۆزگەدەمبینی و لەئامێزم بگرتایە).

کە ئەم قسانەت کرد یەکەمجار بوو بتبینین کە دەگریت، گریانێکی زۆر بەئارامانەو دەم درێژ، کاتی گریانت هەستمان بەبێ دەسەڵایەتی خۆمان کرد کە ناتوانین ئاواتەکەت بهێنینەدی، کاتێک حەسرەتی نەبینینی سەرۆکت کە تۆڵەکەی لەدوژمن کردەوە لەلایەکی تریشەوە بوونی سەرۆک ئاپۆ لەدەرونماندا زیاتر و زیاتر مەزنتر کرد، بەڵام هەرگیز ئەم ڕستەمان لەبیر نەکرد کەووتت ( پێم

وایە سەرۆک ئامانجی ئەم چالاکییەم زۆر بەقوڵی هەڵدەسەنگێنێت و، بەهەموو شێوەیەکەوە لێم حاڵی دەبێت ).

بەڵێ دوای چالاکییەکەت سەرۆکایەتی ووتی ( زیلان خوداوەندە).

تۆی تا کۆتایی ژیانت ژیاند، لەڕاستیدا تۆ سنوری هەموو هەستەکانت بەزاند و بەتەواوی سەرۆکت ناسیوە و خۆتت بەوەوە گرێداوە.

بەخودابوونت لێ پیرۆز بێت ئەی زیلان تۆ ووتت ( دەمەوێت ببم بەهەڤاڵی شەهیدان، بە هێزی ئایدۆلۆژی و فیداکاریەکانیان من بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن ).

ئایا ئێمە دەتوانین ئەو پەیوەندییە بەهێزەت بەشەهیدانەوە پێناسەبکەین؟ ، ئەو تەنها شتەی کەبیزانین ئەوەیە کە دڵنیاین لە مێژەوە لەگەڵ ئەواندا دەژیت، لە خەوی هەر شەوێکت بەدڵنیاییەوە خەیرێکان. . کەمالەکان. . بێریتانەکان و مەزڵومەکان دەبینیت، ئێمە نەمان دەتوانی خەونەکانت هەڵسەنگێنین تەنها بێ دەنگانە دەماینەوە، زاتەن ئیفادەکەی ڕوخسارت دەریدەبڕی کە نەتدەویست بەدەنگی بەرزەوە خەونەکانت هەڵسەنگێنیت، لە سەروی خەونەکانیشەوە لە ژیانێکدا دەژیایت کە کەس نەتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت.

چڕوپڕی هەستی دەروون ناهێنرێتەزمان، باوەڕیت بەسۆسیالیزم تەنها گوتنێکی تیۆری نەبوو، ڕووحت باڵی دەگرت و دەستەکانت بەجۆش بوون و جۆشوخرۆشی داتی دەگرت، ئەوکاتەی کە لەبارەی خۆشەویستیەوە ئاخافتنت دەکرد هەموو شتێک وەک لۆکەی لێدەهات نەرموو نیان، بەتایبەتی ئەو ساتانەی کە باست لەسەرۆک دەکرد وەک منداڵت لێدەهات، منداڵان باوەڕییەکی پتەویان بەبێ

سنوری خۆشەویستی هەیەو بێ تاوانن، هەر وەک چۆن لەتۆدا بروسکە لە چاوەکانتدا چەخماخەی دەکرد، ئەم چەخماخە دەبێت بەمشتێک و هەموو شتێکت پێدەشکاند، خەمباریت لەفرمێسکی چاوەکانتدا بەدی دەکەوت، دەتووت ( نابێت مرۆڤ شەرم بکات کەخەم و پەژارەییەکەی بەگریان نیشان دەدات ). ئەگەر ئێمە ئەوەندە بە توانابوینایە کە خەم و پەژارەمان دەربڕیایە هەربۆیە ووتت ( ئەگەر ئەو توانایەت نەبێت گوناح هفرمێسک بڕێژیت ).

ئێمە ووتمان ( هەڤاڵ زیلان با ئەم چالاکییە نەکرێت، با بۆمباکە لە مەڵبەندی شاری دێرسیم دابنێین، دەتوانین لەوێدا بیتەقێنینەوە، دەتوانیت بژیت و هەمیشە بەشداری چالاکییەکان بکەیت، نەک چالاکییەک بەڵکو دە چالاکیش ئەنجام دەدەیت )، تۆش ووتت ( منتان خۆشدەوێت؟ ، خۆشەویستی زۆر بەختەوەرم دەکات، بەڵام لەهەستەکانم مەترسن، دەمەوێت هەست بە وورووژانی خورپەی هەستەکانم بکەم کە ئەو کاتەی بۆمباکان دەتەقێنمەوە، ئەگەر مێشکم چەکی دەستمە.. ئەوا هەستم زامنی دەستمە، ئەگەر چی بڵێم خەم مەخۆن ئێوە هەر خەم دەخۆن، بەڵام ئارام بن، باوەڕم پێبکەن، ئەم چالاکییە بە ئەنجام دەگات، ئەگەر بەدەڵی ئازادی شەهید بوون بێت کەواتە هەموومان هەڵبژێردراوین بۆ ئەم بەدەلە، کەواتە هیچ جیاوازییەکمان لەنێواندا نییە).

دوای ئەم قسەیەبێدەنگ ماینەوە... ئەگەرچی هەوڵماندا کەپەشیمان ببیتەوە بەڵام تۆ هەر سوور بویت، نەمانتوانی فرمێسکی قەتیسماوی چاوەکانمان بشارینەوە، بەڵێ کات وەک ئەوەوا بوو لەبێژنگێکی بدەیت.

کەشف و ئامادەیی چالاکییەکە کۆتایی هات و ئەو شەوە کاتژمێر

٣ هاوارێکی زۆرت کرد، بەشڵەژاوییەوە هەڵمان ساندیت لە خەو، بەڵام تۆ بەردەوام دەگریایت، ئەوکاتەبێ چارەبووین، تووڕەو دەتویست هەموو دونیا سەروبن بکەیت ووتمان (هەڤاڵ زیلان پێمان بڵێ چی بووە.. چیت بینی؟ ). زۆرمان بۆ هێنایت و هەر پرسیارمان لێکردیت تاکو وەڵامێکی سەیرت دایەوەو ووتت (لەخەوما هەوڵمدا بۆمباکە بتەقێنمەوە بەڵام نەتەقییەوە، دووژمن منیان گرت و هەموو کارەکانمان پوچەڵ بۆوە، ئەوان سەرکەوتن ). ئەگەر لەبەر تاریکی نەبوایە سیمای دەموچاوی هەموومانت دەبینی چۆن گۆڕا بوو، ئێمەش بۆ ئەوەی دەمووچاومان نەبینی پەنامان بۆ تاریکیەکە برد، ئێمە زیلانمان لەو ساتەدا لە هەموو جارێکی زیاتر خۆشویست ئەو بۆ ئەوەی خەوەکەی پوچەڵ بێتەوەتە دبیری زیاتری گرتەبەر ووتت ( ٢ ڕوومانەلەگەڵ خۆم دەبەم، ئەگەر تیەنتێکانی لەشم نەتەقێتەوە بە ڕوومانەکان دەیان تەقێنمەوە، با کارەکانمان نەدەینە دەست شانسەوەو با دوژمنمان دڵخۆش نەبێت).

لە چەند ڕۆژێکدا کارێکی زۆرمان ئەنجامدا، پرچیمان کورت کردەوە، جلەکانیمان ئامادەکرد، ئەو وەک ژنێکی لێهات کە وڵاتێک بهێنێتە دنیاوە، باسی ماڵئاواییەکە ناکام، تەنها باسی ئیشاراتی دەستت دەکەم کە بەشێوەی ئیشاراتی سەرکەوتن لەئێمە دوور کەوتیتەوە، پێمان ووتی ( تکایەئەگەر کێشەیەک هاتە ئاراوە بگەڕێوە، خۆت مەکە ناو کێشەوە، چاوەڕێت دەکەین ). سێ جار ئاوڕت دایەوە و بەپێکەنینەوە ئیشاراتی سەرکەوتنت کرد، دوایش بەڕاکردن لێمان دوورکەوتیتەوە، هەڵبەت ووتنی ئەوەی ئەگەر کێشەیەک هاتەئاراوە... هاوارەکانی شەوی ڕابوردوت. .. غەمگینی ناردنت بەتەنیایی، پەرێشانی ئەوەی کەئایا چی ڕوودەدات. .. هەموو



ئەمانە کارێکی زەحمەت بوون.

دوای چاوەڕوانییەکی بێ ئارامی ٧/٦ ڕۆژێک لە ئێوارەی ڕۆژی ٣٠ حوزەیران هەواڵمان پێگەیشت کە لە شاری دێرسیم تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویداوە، هەموومان ووتمان زیلان، دووژمن شڵەژا، کێ مرد. . مرد، داگیرکەران هەندێکیان لەکەناری مردن گەڕانەوە و بۆ ساتێکیش بێت دۆزەخیان بەچاوی خۆیان بینی، ئێمەش ئەگەرچی تۆشمان بەباشی نەناسیبێت شانازیمان پێوەت کردوو بەو یادەوەرییەتەوە و بەدەروون و فیشەکمانەوە لە گۆڕەپانی شەڕداین.

بەخاک سپاردنی گەریلایەک

**دۆرشین پۆیراز**

شەوێکی گەرم و خامۆش بوو، جار نا جارێکیش ڕەشەبایەک چواردەورمانی دەتەنی، یەک دوو کاتژمێرێک مابوو تاکو ڕۆژ ببێتەوە، هەڤاڵ باوەڕ بەهێواشی پێی ووتم دەتوانین بڕۆین؟ . دەستمان کردەوە بە ڕۆیشتن، کاتێک گەیشتینە دامێنی دەربەندەکە حاڵی بووم کە ڕێگایەکی کەممان ماوە، شەوێکی سەخت و چەتونمان بەسەر بردبوو، وام لێهاتبوو کە نەتوانم هەست بەبوونی پێیەکانم بکەم، وام هەست دەکرد کە من خۆم ڕێناکەم و بەڵکو خاک لە ژێر پێمدا دەرباز دەبێت، سەرەرای بارگرانیم و هەست نەکردن بە پێیەکانم بەڵام هەر دەمتوانی لەئاستی شانی هەڤاڵ باوەڕ ڕێبکەم.

سەرم هەڵبڕی و تەماشای ئاسمانکرد، ئەوەندە جوان و ئارام بوو پێم وابوو کە هیچ گوێی لە ڕوداوەکانی شەو نەبووە یاخود نەیبینیووە، دوای ماوەیەکی کورت لەگەڵ هەڵاتنی رۆژدا پەردەیەک دەدرێت بەسەر ئەم شەوەدا و ڕوداوەکانی ئەم شەومان تەنها لە زاکیرە وەک تیشکی خۆر لە دەرونماندا بەگەرمی دەمێنێتەوە.

دوو هەڤاڵمان هەڤاڵێکی برینداریان پێ بوو بەخێرایی بەرەو خوارەوە دەهاتن، زۆزانەکانی دەربەندەکە لەیەک دەچوون و چواردەورمان لە دەنگی تەقە هێواش. هێواش کەم دەبۆوە، دوای ئەوەی گەیشتن من چەکی هەڤاڵە بریندارەکەم هەڵگرت لەگەل چەکەکەی هەڤاڵ باوەڕ کە ئەویش هەڤاڵە بریندارەکەی هەڵگرتبوو، زەحمەتی ڕێکردن بە سێ چەکەوە هەر وا ئاسان نەبوو و، بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێت بە زوو ترین کات ئەم هەڤاڵە بریندارە بگەهێنینە شوێنێکی باش و لەناو ئەم ڕەوشە نا ئاراميیە دووری بکەینەوە، هەڵبەت زۆر ئاستەمە کە بتوانیت لە شوێنێک کە داری نەبێت خۆت بشاریتەوە، سەرەرای ئەوەی ئەم هەڤاڵە بریندارەمان هەڵگرتبوو لە ڕێکردن بە بێ وەستان بەردەوام بووین، لەبەر ئەوەی هەڤاڵەکەمان باڵا بەرز بوو پێی لەزەوی دەخشا، من دەموچاویم نەدەبینی، تەنها جارناجارێک بە شێوەیەکی نزم گوێم لەدەنگی دەبوو دەیووت هەڤاڵ، هەستم دەکرد کەئازارەکەی زۆر بووە، ئەو برینپێچیەی هەڤاڵان بۆیان کردبوو نەدەبووە هۆی ئەوەی کە بتوانێت ڕێگا لەخوێن ڕشتنی بگرێت، هەڵبەت ئەم خوێن

لێ ڕشتنەشی دەبووە هۆی ئەوەی کە توشی نەزیف داخلی بکات، هەربۆیە بۆ تەداویەکی باش دەبوایە بمانگەیاندبا بە شوێنێکی دڵنیا.
ئەو دەربەندەی لێی شۆڕبوینەوە لەنێوان گردە بەرزەکانیدا پێکهاتبوو لە بەردەڵان و ڕەز، هەرچەنێک ئێرە شوێنێکی دڵنیاش نەبوو بێت بەڵام گونجا بوو بۆ ئەوەی ماوەیەک لێی پشو بدەین و تەداوی هەڤاڵەکەمان بکەین، لە پشت گابەردێک دانیشتین کە دەمانتوانی بۆ سەنگەریش بەکاری بهێنین، هەڤاڵ باوەڕ هەڤاڵە بریندارەکەمانی لەسەر زەوی دانا و پشتوێنەکەی خۆی کردەوەو کردیە ژێر سەری، منیش چەکەکانم لە شوێنێک دانا، کاتێک چومەلای بریندارەکەمان هەڤاڵ باوەڕ ڕومەت و دەموچاوی دەشێلا، کەنزیک بوومەوە هەڤاڵ باوەڕ ڕوویکردەم ن و ووتی ( فیشەک داوێتی لەسنگی ئایا دەتوانین وەک سەرەتایەک کارێک بکەین و تەداویەکی بکەین؟ ).
هەڤاڵە بریندارەکەمان هێواش. . هێواش خەتەکانی نێوچەوانی قوڵتر دەبۆوە، جوتێ برۆی پان و دووچاوی گەورەی هەبوو، هەندێ جار چاوەکانی دەکردەوە و سەری بۆ دواوە درێژ دەکرد، لەسەر ئەژنۆ دانیشتم و تەماشایم کرد، هەڵبەت هەستکردن بە ئازارەکەی منی وروژاند بوو، لە فەلسەفەی گەریلادا بێ چارەسەری شوێنی نابێتەوە، پێش ئەوەی بچین بۆ ئەنجامدانی چالاکێکە گیرفانەکانمان خاڵی کردوو هیچمان پێنە بوو تەنانەت حەبێکی سەرهێشەش، هەڤاڵ باوەڕ هەستایە سەر پێ و ووتی ( ئێوە لێرە لەگەڵ ئەودا بمێننەوە ئێمەش هەندێ دەچینە پێشەوەو پەیوەندی لەگەڵ تیپدا دەکەین ).
هەڤاڵ باوەڕ بۆ زیاتر دڵنیای پێش ئەوەی بڕوات ووتی ( ئەگەر ئاوی ویست نەیدەنێ ).
من دەمزانی کە نابێت ئاو بەبریندار بدرێت، هەڵبەت ئەم قسەیە لە هەموو ڕەوشێکی برینداریدا دوبارەدەکرایەوە و منیش هەروەکو هەموو جارێک ووتم باشە، هەڤاڵ باوەڕ لەگەڵ هەڤاڵێکی ترمان لەناو تاریکی دەمەو بەیاندا ونبوون.
تیپەکەمان ڕۆژێک پێش ئەم چالاکیە هاتبوونە ئەم ناوچەیە،

کەرتەکەمان نەخشەی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم چالاکییەیان دارشتبوو، بەڵام کە بینیان ژمارەی هەڤاڵان کەمن بۆ ئەم چاڵاکییە بۆ هاوکاری داوای هەڤاڵانی تریان کردبوو ،گروپی چالاکییەکە دوو. . دوو دابەشکران، لەبەر ئەوەی پێشووتر لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی هاتبوون بۆ بەشداریکردن لەم چالاکییە پێشوتر یەکتریمان نەبینی بوو، نەئەوان منیان دەناسی نەمنیش ئەوان، تەنها ناوی فەرماندەکەمان باوەڕم دەزانی، ئەو هەڤاڵانەی کەلەوێ بوون کە پێشوتر نەیانم بینی بوون و یەکتریمان نە دەناسی بەڵام لەوێدا واهەستم دەکرد کە چەندین ساڵە دەیانناسم، بەبێ ئەوەی بەیەکەوە قسەبکەین و پێ بکەنین ئەوەی لەنێوانماندا ببوو بە پردێک تەنها هاڤاڵێتی و شۆڕشگێڕیمان بوو، نەم دەزانی خەڵکی کوێن. . کێن و چۆن و چۆن ژیاون، تەنها یەک شتم دەزانی ئەویش ئەوەبوو کەهەڤاڵ بوون، ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی باوەڕیان پێ بکەم، ئەگەر وانەبوایە لە ناو ئەم جوگرافییە چەتونە و ئەم ڕەوشە سەربازییەدا چۆن دەمانتوانی لەوێ کۆببینەوە.

هەڤاڵەبریندارەکەمان زۆر بەهێواشی چاوەکانی کردەوە، ویستی دەستی بەرز بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی، لەوەدەچوو کەشتێکی بویستایە، لێی نزیک بومەوەپێم ووت ( چیت دەوێت؟ ) زاتەن ئەویش دەیزانی ئەوەی دەیەوێت ناتوانم بیدەمێ، دانیشتنمان لەپاڵ سەری و زانینی ئەوەی کە ئێمە ئامادەین بە هەموو شێوەیەک یارمەتی دەدەین ئەمەش مۆڕاڵی پێ دەبەخشی، هەر هەڤاڵێکمان بریندار ببوایە هەر بەم شێوەیە بیریان دەکردەوە، بەڵام هەندێ لە هەڤاڵانی بریندار دەیانزانی کە شەهید دەبن، هەڵبەت من نازانم کامیان وابیریان کردۆتەوە بەڵام بۆ ئەوەی مۆڕاڵی بدەمێ ووتم ( شوێنی مەترسیمان بڕی ).

لەوە دەچوو گوێی بۆ نەگرتبێتم لەوانەیە هەستی بەسەختی برینەکەی کردبێت یاخود باوەڕی پێم نەهێنابێت، جارێکی تر ویستی دەستی بەرز بکاتەوە، بەڵام هەر نەیتوانی، کە جارێکی تر دەستی بەرز کردەوە پێی ووتم ( تەماشای گیرفانی ناوەوەی هێلەگەکەم بکە ). بەبێ ئەوەی کات بە فیڕۆ بدەم تەماشای گیرفانی ئێلەگەکەیم کرد،



دەستم کەوتەن ناو خوێنێکی زۆرەوە و دەستم دەرهێنایەوە، یەکەم جار بوو کەهەست بەگەرمی خوێنی هەڤاڵێک بکەم، نەم دەزانی دەترسام یاخود ئازارم دەچێشت، لە ڕاستیدا نەم دەتوانی هیچیان لەیەک جیا بکەمەوە.

جارێکی تر تاقیمکردەوە، ئەم جارەیان ویستم هەندێ ئارام تر بم، لەگیرفانیدا دەفتەرێکی بچوکم دەرهێنا کەبەلایلۆن پێچرا بوو، زەحمەتێکی زۆری چێژرا بۆ قسەکردن و لەبەر غرەغری قورگی نەیدەهێشت لێی حاڵی ببم، پێی ووتم ( ئەمە بدە بە کەسێک ). منیش پرسیم ( بیدەم بەکێ؟ ). ویستی وەڵامم بداتەوە غرەغری قورگی زیادی کرد، ویستی قسەبکات بەڵام چاوە گەورەکانی زەق داما، سەری بەلادا هات، دیارە بە تەواوی هەستی بەم مردنەی کردبوو، ئەو دەیزانی کە نەماندەتوانی ڕزگاری بکەین لەبەر ئەوەی زیاد لەژیان مردنیشی دەناسی.

بەدەستە خوێناوێکەم چاوەکانیم داخست، من پێشتر گریان و پێکەنین و توڕەبوون و چاوە پڕ ئومێدەکانیم نەبینی بوون بەڵام بۆ دواجار ئەرکی سەرشانی هەڤاڵێتیم بە جێ دەگەهێنا، تەماشای

دەموچاویم کرد خەتەکانی دەموچاوی کە پێشوتر بە گرژی بینی بووم بەڵام ئێستا دەموچاوی لەوە دەچوو کە حاڵێکی نۆڕماڵی ئارامی بەخۆیەوە گرتبوو بەڕاستی زۆر گەنجانە دەبینرا.

بەپشتێنەکە دەموچاویم داپۆشی کە هەرگیز جارێکی تر ئەستێرەی نەدەبینیەوە، تەماشا جەنگ چی فێری ئێمە دەکات، سەرەتا فێری ئەوەی دەکردین کە لە پێناو مرۆڤایەتی و ژیاندا بمرین، بەڵام پابەندێتی هەڤاڵێتی و بەستنەوەمان بەژیان لە ناخماندا بوو، ئێمە فێری هەموو جۆرە خویەک بووین بەڵام هەرگیز فێری ئەوە نەبووین کە لە هەڤاڵێک جیا ببینەوە، هەڵبەت ئەم جیابونەوەشمان هەرگیز پێ هەزم ناکرێت، خۆشەویستیمان بۆ یەکتری بەژیانەوە زیاتر بەیەکەوە دەمانبەستێتەوە، دەمتوانی لەم کاتەدا زیاتر هەست بەمەبکەم.

دوای ماوەیەکی کورت هەڤاڵ باوەڕ و هەڤاڵەکەی ترمان هاتنەوە، هەڤاڵ باوەڕ کاتێک بینی دەموچاوی هەڤاڵم داپۆشیوە تێگەیی، نزیک بۆوە و لەلای تەرمەکە لەسەر ئەژنۆ دانیشت، زۆر بەهێواشی سەری شەهیدەکەمانی بەرز کردەوە، دەستەکانی دەلەرزین، شەهیدەکەمان سەری بەلادا هاتبوو ئەویش ڕێکی خستەوە، بەدەستەکانی دەستی بەدەموچاویدا دەگێڕا، بەشێوەیەکی زۆر لەسەر خۆدانەوی و نێوچەوانی ماچکرد، دوایش هێواش. . هێواش سەری دانایەوە و دەموچاوی داپۆشی، ئەمە بە خاک سپاردنی گەریلایەک بوو، نەم بینی کە هەڤاڵ باوەڕ بگری بەڵام لەوە دەچوو کە دەگریا، هەڤاڵەکەی ترمان پشتی بەبەردێکەوەدادابوو جگەرەی دەکێشا و چاوەکانی دەسڕی، ئەم هەڤاڵەمان زۆر گەنج بوو، تەنانەت دەتوانم بڵێم وەک منداڵێک بوو، هەڵبەت گەنجێکی ئاوا لەو تەمەنە هێشتا زۆر زوو بوو بۆ ئەو کە دیمەنێکی وا ببینێ و ئازارێکی وا بچێژێت.

هەڤاڵ باوەڕ چو بۆلای گەریلا گەنجەکەمان و بەکپی شتێکی پێ ووت، وەک دوو مرۆڤ قسەیان دەکرد، ئەوان نە نەفرەتیان لەمردن دەکرد و نەئاخ و ئۆفیشیان هەڵدەکێشا، نکۆڵی ئەم ئازارەشیان نەدەکرد، دوای ماوەیەکی کورت هاتنە لامەوە، منیش

لە شوێنەکەی خۆم هەر مابووم، هەڤاڵ باوەڕ ووتی ( پێویستە تەرمەکە بشارینەوە، دەبێت خێرا بکەین، پێش ئەوەی ڕۆژ بێتەوە دەبێت بگەینە شوێنەکەی خۆمان ).

بەحەربەکانمان دەستمان کرد بەچاڵ هەڵکەنین، دوای ناشتنی تەرمەکە هەر وەک چۆن ئەو شاردرایەوە ئێمەش دوای لەناو تاریکیدا خۆمان شاردەوە و منیش بە دەفتەرێکەوە ڕێمدەکرد کە نەم دەزانی کێ داوێتی پێم و بۆ کێشی بەرم.

بەهیوایەکەوە کە لەزهنیەت و دەرونماندا هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

ئەمەش بەخاک سپاردنی گەریلایەک بوو.

# چالاكی مازی

**پۆلات جان**



له٢٢ ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ دا، لەشکری دوژمن لە هەرێمی زاپدا هێرشێکی گەورەیان ئەنجامدا، دەیانویست لەگەڵ گرتنی زاپ باشوری کوردستان داگیر بکەن، بەڵام ٩ ڕۆژ دوای ئەنجامدانی هێرشەکەیان هێزی دوژمن زەرەرێکی گەورەیان لێکەوتوو بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان پاشەکشێیان کرد، هەڵبەت ئەم زەرەر لێکەوتنە ،ژێرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو بۆ لەشکری تورک، بەڵام بۆ ئێمە سەرکەوتنێکی شکۆدارانە بوو، بەرخودانی زاپ سەرکەوتنێکی سەربازی و سیاسی و ئایدلۆژی و مەعنەویش بوو، لە بەرخودانی زاپدا لەلایەن هەڤاڵانەوە جگە لە شێوازی پاراستن چالاکییەکی زۆریش ئەنجامدرا، لە ئەنجامی ئەم چالاکییە مەزنانەدا گەلێک تەکتیک و شێوازی نوێی شەڕ و ئامادەکاری سەرسوڕێنەر هاتە ئاراوە.

ئامادەباشی ئەم هێرشەی دوژمن دەگەڕایەوە بۆ دوو ساڵی

پێشوو، هێرشەکەشیان نەک لە٢١ی شوبات دەست پێ بکات بەڵکو لەگەڵ هاوینی ساڵی ٢٠٠٧ دا بە شێوەیەکی گشتی دەستیان کردبوو بەئامادەباشی ئەم هێرشە، لە پایزی هەمان ساڵدا هێرشی ئاسمانیان چڕکردەوە و لەکۆتایشدا دەیانویست دەستکەوتێکی باش بەدەست بخەن، بەرامبەر بە پیلان و حیساباتەکانی ئەوان هەڤاڵانی زاپمان بەرخودانێکی مەزنیان نیشاندا و پیلانەکانیان پوچەڵکرایەوەو دوژمنیان شەرمەزار کرد، دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئامادەباشی و ئامادەبوونی هەڤاڵانیش پتەو بوو، تەکتیک و پلان و ستراتیژی ئامادەکرابوون، بەرخودان و سەرکەوتنی چالاکییەکانی زاپ لە ئەنجامی ئەو ئامادەباشیانەوە بوو، هەموو چالاکییەکانی زاپ خاوەن گرنگی و ڕۆڵی تایبەتی خۆیانن، نەک بە بیرەوەریەکی لەم شێوەیە بەڵکو مرۆڤ دەتوانێت تەنها لەدوتۆی پەرتوکێکدا مافی ئەو چالاکیانە و هەڤاڵان بدات، ئێمە با لێرەوە باسی چالاکی دەربەندی مازی بکەین.

دەربەندی مازی لەهەرێمی زاپ دەکەوێتە نێوان ( کارکەر و چەمی چەمیۆ ) وە، ئەم شوێنە گرێدراوە بە زنجیرە چیای بریندااران، لەبارەی سەربازییەوە خاوەن شوێنێکی ستراتیژیە، وەک دەزانرێت خاوەنی ئەشکەوتێکی زۆریشە، بۆ ئەم مەبەستەش هێزی لەشکری تورک لە دووەمین ڕۆژی هێرشەکەیدا هێرشیان کردە سەر دەربەندی مازی، ئەگەر ئەم دەربەندە بکەوتایەتە دەستی دوژمن ئەوە دەیانتوانی بەئاسانی بچنە ساژێ . کۆکەلێ و لەوێشەوە دەیانتوانی دەربازی گردی کارکەر و لە پشتیشەوە بچنە ئەشکەوتەکانی بریندااران، ئەگەر بکەونە ناو ئەشکەوتەکانی بریندااران بەم شێوەیە دەتوانن زاڵبن بەسەر هەموو زاپدا.

سەرەتا لەبەیانی ڕۆژی ٢٢ی شوبات لە نێوان هێزەکانی ئێمە و سەربازی تورکدا لەمازی شەڕ و پێکدادان هاتە ئاراوە ،ژمارەی ئێمە کەم بوو، بەڵام سەربازێکی زۆری تورک بەشداریان تێدا کرد، هەڤاڵان وەک دوو گروپی جودا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەربەندەکە سەنگەریان گرتو و، نەیاندەهێشت دوژمن بێتە پێشەوە، بەیانی تاکو ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو، لەشکری دوژمن بۆ ئەوەی دەربەندەکە بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە٤یان ٥ جار هێرشیان ئەنجامدا، بەڵام هەموو جارێک بە هۆی بەرگری هەڤاڵانەوە هێرشەکانیان سەرنەدەکەوت، ئەو هەڤاڵانەی شەڕیان دەکرد زۆربەیان ڕۆژێک پێش ئەو هێرشانە بەمیوانی هاتبون بۆ زاپ، بۆ نمونە وەک هەڤاڵ ئایهان و هەڤاڵێکی زۆری تر، هەڤاڵ ئایهان و هەڤاڵانی تر کە ژمارەیان هەر ١٠ کەسێک دەبوو. دوای ئەو هەموو هێرشانە کە چەند هەزار سەرباز و جاش تێیدا بەشداربوون بەڵام هەڤاڵان هەر نەیانهێشت مازی بگرن، لە کاتی شەڕەکەدا کۆپتەری کۆبرا بەبێ وەستان شوێنەکانی هەڤاڵانیان بۆردومان دەکرد، لەژێریشەوە سەرباز بە ئاشکرا یان بە شێوەی نهێنی دەیانویست دەربەندەکە داگیر بکەن، چوار کۆپتەری کۆبرا بۆردومانیان دەکرد و دوانیان دەڕۆیشت و دوانیان دەهاتن، بەردێک نەما بۆردومانی نەکەن، لەم هێرشەی کۆپتەرو سەربازیەدا لە بەیانی تاکو ئێوارەیەک هەڤاڵمان خوێنی لەلوتی نەهات، یەک هەڤاڵیش شوێنی خۆی جێنەهێشت و نەیانهێشت دوژمن یەک هەنگاو بێتە پێشەوە، گروپێک لە هەڤاڵان بۆ روبەروبونەوەی دوژمن چوون بۆسەیەکیان دانا، لەبەر ئەوەی هێزی تورک دەیانویست بەچوونیان بۆ ( سێریا. شیلادزێ و بامەرێ) لەوێوە بچنە زاپەوە، کە گەیشتن بۆسەیان .

دانا، کاتێک هەڤاڵان نزیک دوژمن دەبنەوە خۆر هەڵدێت بۆیە پێویست بوو کە ئەم گروپە شوێنەکەی خۆیان بگۆڕن، بۆ ئەوەی بچنە شوێنێکی تر نزیک ترین شوێن مازی بوو، ئەم گروپە کاتژمێر ٤ بەیانی دەگەنە لوتکەی مازی، فەرماندەکەیان هەڤاڵ ماهیر بوو، هەر ١٥ هەڤاڵێک بوون، هەموو هەڤاڵانی کۆن و خاوەن ئەزمون بوون، دەبوایە ئەم گروپە بچونایە بۆ هاوکاریکردنی گروپەکەی هەڤاڵ ئایهان.

پێش ئێوارە ئەو هەڤاڵانەی لە مازی شەڕیان دەکرد کۆپتەرێکی کۆبرای دوژمنیان خستەخوارەوە، خستنە خوارەوەی ئەم کۆپتەرە ورەی هەڤاڵانی بەرز کردەوە و وورەی دوژمنیشی تێکشکاند، کەوتنە خوارەوەی ئەم کۆپتەرە هێزی دوژمنی هەژاند، ئەم هەواڵە لەلایەن دەزگا ڕاگەیاندنەکانی جیهانیشەوە باسکرا.

یەکەم جار لەشکری تورک ئەم هەواڵەی بەدرۆخستەوە بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی دیمەنی کەوتنی کۆپتەرەکە ئیتر کەوتنەوە قاڵبی خۆیانەوە، دەمەو ئێوارە گروپەکەی هەڤاڵ ماهیر گەیشتنە لای گروپەکەی هەڤاڵ ئایهان و بۆ ئەنجامدانی چالاکی پیلانیان داڕشت، بە گوێرەی پلانەکە دەبوایەهێرشیان بکردایەتە سەر سەنگەرەکانی دوژمن و چواردەوری خۆیان پاکبکردایەتەوە، ئەم چالاکیانە ڕاستەوخۆ لەلایەن فەرماندەی هێزی پاراستنی گەل هەڤاڵ باهۆزەوە بەڕێوەدەبرا. لەناو چالاکییەکاندا دوو گروپی سەرەکی هەبوو، گروپێک لەڕۆژهەڵاتی دەربەندەکە بوو کە فەرماندەی ئەم گروپە هەڤاڵ ڕۆژهات چیلۆ بوو، گرووپەکەی تریش لە ڕۆژئاوای دەربەندەکە لە ژێر فەرماندەی هەڤاڵان ماهیر و ئایهان بوو. کاتژمێر ٨ چالاکیەکان دەستی پێکرد، هەر گروپێک لەناو خۆیاندا

ببوونە چەند بەشێکەوە، بەشێک بۆ هێرش. . بەشێک بۆ پاراستن و بەشێکی تریش بۆ هاوکاری گشتی ، نێوانی ئەم گروپانەش هەر چەند هەنگاوێک دوریەکبوون، لەدەربەنەکەدا جگە لە کۆمەڵە دارێک هیچی تری پێوە نەبوو شوێنێکی بەردەڵانی بوو، ئەو لایەی ئێمەی پێوە بوین ووشکەڵان بوو، بەڵام بەشی لای باکور کە دوژمنی لێ بوو، هەموو لایەکی بەفر بوو هەروەها زۆر سارد بوو، ئێمە لە سەرەوە بووین دوژمنیش لە خوارەوە، بەکورتییەکەی هەموومان تێکەڵی یەک ببوین.

هەڤاڵان توانیان بەدزییەوە خۆیان بگەێنە سەنگەرەکانی دوژمن و لە ناکاو دەستیان لێبوەشێنن، لە سەرەوە بە چەکی بیکەیسی هێرشیان ئەنجامدا، هەڤاڵان کەوتنە ناو جەرگەی دوژمنەوە و توانیان هەموو سەنگەرەکانیان تەفروتونا بکەن، هەندێ جار فیشەکی هەڤاڵان تەواو دەبوو ئەوانیش چەکی سەربازە کوژراوەکانیان هەڵدەگرت و شەڕیان پێدەکرد، چالاکییەکان زۆر سەرکەوتوانە بەئەنجام گەیشت، لەناو ئەم چالاکییەدا هەڤاڵێک لە ناو گروپی هێرش بەردا بریندار بوو، ئەو هەڤاڵەش لە شوێنی چالاکییەکە دورخرایەوە، نزیکەی ١٢ سەرباز کوژراو بەدەیان برینداریان لێکەوتەوە، هاوار لە سەربازەکانەوە بەرز دەبۆوە و زۆربەیان دەگریان و زۆربەشیان ڕایان دەکرد.

دوژمن لەم شەڕەدا قەنناسی شەویان بەکار دەهێنا، بەهۆی ئەم چەکانەوە کە دەیانتوانی بەئاسانی نیشان بگرن دوو هەڤاڵی هێرش بەرمان لێدران، بێگومان لەم شەڕەدا دوژمن نوێترین و چەکی پێشکەوتووی تەکنەلۆژیان بە کار دەهێنا، چەکەکانی وەک دوربینی شەو. . قەنناس. . کۆپتەری کۆبرا و فرۆکەش بەکارهێنرا،

هەڵبەت چەکی نوێ بەرامبەر بە بیروباوەڕی هەڤاڵان و بەرامبەر بەڕوحی ئاپۆجێتی و بەرامبەر بە مافی ڕەوای گەلەکەمان و بەرامبەر بە هەڤاڵان دوژمن خۆی پێڕانەگیرا.

ئەنجامەکانی شەڕی مازی لەبەر چاو بوو، لەبەر ئەوەی باوەڕ نەدەکرا ١٠ – ١٥ هەڤاڵێک بەرامبەر بەو هێزە گەورەی دوژمن شەڕ بکەن و کۆپتەر بەردەنە خوارەوەو لە هێرشەکانیاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، چەلاکی دەربەندی مازی سەرکەوتوانە ئەنجامدرا، چالاکییەکی بێ وێنە بوو، بەرخودانێکی شکۆمەند بوو.

ئەگەر چی هەندێ کەموکوڕیش لە ئەنجامدانی ئەم چالاکیە دەرکەوتبێت، بەڵام ئەنجامی سەرکەوتنەکانی لەچاو خۆیدا زۆرتر بوو.

دوای ئەم چالاکییە دوژمن لە چواردەوری مازی و هەرێمی چەمچو پاشەکشێیان کرد، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بە هەزار حاڵ کوژراو و برینداری خۆیان ڕزگار کرد، بەرخودانی مازی لە مێژوودا بەرخودانێکی بێهاوتایە، ڕۆڵ و کاریگەری و ماندوبونی هەڤاڵان و هەڤاڵ ئایهان لەم چالاکییەدا زۆر گەورە بوو، هەڤاڵ ئایهان ڕۆژێک پێش ئەم شەڕە هاتبوو بۆ زاپ، ئەو هێشتا میوان بوو، بەڵام کاتێک دوژمن هێرشی هێنا هەڤاڵ ئایهانیش چوو پێش دوژمنی گرت و لە شەوەکەشیدا بەشداری ئەم هێرشەی کرد، بەڵام لەم چالاکییەدا مەخابن شەهید بوو، لەدوای هەڤاڵ ئایهان هەڤاڵ بارانیش شەهید بوو، هەڤاڵ باران لە گروپی هەڤاڵ ماهیر بوو، ئەو لە بارەگای ئاکادیمیای ( هـ ) دەمایەوە ( دیارە لە بەر نهێنی ناوچەک و کەمپەکەیان تەنها ئەم پیتەی بەکار هێناوە- وەرگێڕ )، سەرەتا بەشداری بۆسەکانی ( بالند ) ی کرد و دوایش بۆ یارمەتی

هەڤاڵان بەشداری لە چالاکییەکانی مازی کرد، لەم شەڕەدا چەکی ٧ ب بەکار دەهێنا، هەڤاڵ باران مرۆڤێکی دڵگەورەو مرۆڤ دۆست بوو، ڕۆڵی ئەم هەڤاڵەمان لەم شەڕەدا زۆر گەورە بوو، هەڤاڵ باران و هەڤاڵ ئایهان بە قارەمانیەتی و جوامێری خۆیان سەرکەوتنی ئەم چالاکیەیان بەرقەرار کرد، توانیان لە دڵ و ئەقڵی هەڤاڵاندا تۆی تۆڵەسەندنەوە بچێنن.

بەرخودان و سەرکەوتنی شەڕی زاپ بێگومان لەئەنجامی ماندو بوون و خوێنی ئەم شەهیدانەوە بەدەست کەوت.

سەرکێشی مەمۆ، بۆ خۆی

داستانێکە

**گەریلایەک**

ئێمە پێک هاتبوین لە٥ هەڤاڵ من و سینان و سەید رەزا و ئیدریس و شیار بووین، لەبەهاری ساڵی ١٩٩٠ دا چووینە هەرێمی ئارزرومەوە، یەکەم جاربوو ئێمە بچینە ئەو هەرێمەوە، ئەمەش نارەحەتی بۆمان دروست دەکرد، هێواش. . هێواش بە تایبەتمەندی هەرێمەکە ئاشنا دەبوین، ئەرکی ئێمە پروپاگندەی چەکداری بوو، ئەگەرچی بەشێکی گەل ئێمەشیان دەناسی، بەڵام هیچ گەریلایان نەبینیبوو، لەلایەکەوە خۆمان بەگەل دەناسی و لەلایەکی تریشەوە بناغەی ئامادەباشی بۆ چالاکییەکانی گەریلامان ئامادە دەکرد، بۆ کاروباری ڕێکخستن زوو، زوو دەچوینە گوندەکانەوە، زیاتر لاوان لە ئێمە نزیک دەبونەوە، بەڵام لە بارەی بەشداربونیانەوە دوودڵ بوون، ئێمەش باوەڕمان وابوو کە لەگەڵ بەسەرچونی کاتدا ئەم دوودڵیانەیان نامێنێت.

کاتێک ئێمەسەرقاڵی ئەم چالاکیانەب ووین چووینە گوندی { ج } سەر بە شارۆچکەی { ڤارتۆ } لە شاری { موش }، خەڵکەکەمان کۆکردەوە و گوێمان بۆ کێشەکانیان ڕاگرت، لە گەڵیاندا بۆ چارەسەری کێشەکانیان کەوتینە گفتوگۆوە، لەبەر ئەوەی کە پێویست بوو پێش خۆرهەڵاتن بچوینایەتەوە شاخ بەردەوام کاتمان ڕەچاو دەکرد، کاتێک لەو ماڵەی لێی بووین هاتینە دەرەوە گەنجێک لەلای هەڤاڵ سەید ڕەزا وەستا بوو، سەید ڕەزا ئێشکگرمان بوو، ئەم گوندنشینە سەرنجی زۆر ڕاکێشا، لەبەر ئەوەی کراسێکی سپی لە بەردابوو کە خەڵک تەنها لەجەژنان لەبەریان دەکرد ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشا پێلاوێکی ڕەشی لاستیکی ئەمپاوپای لە پێ کردبوو، بەسەید رەزام ووت ئەم برادەرەکێیە؟. سەید ڕەزا بە شێوەیەک وەک ئەوەی سەرکەوتنی بەدەست هێنا بێت ووتی

ئەیەوێت بەشداری ناو شۆڕش بکات. منیش جارێکی تر تەماشای گەنجەکەم کردەوە، بەسەید ڕەزام ووت تۆ دڵنیایت؟ . دیاربو سەید ڕەزا بۆ ئەوەی دوودڵییەکەی من نەهێڵێت بە دەنگێک کە باوەڕی بەخۆی هەبوو ووتی دڵنیام لەک اتی ئێشکگرتنمدا قسەم لەگەڵی کرد، بیرکردنەوەکانیم بەدڵە، با لەگەڵ خۆمان بیبەین.

پێشتر لەم گوندە کەس بەشداری ناو شۆڕشی نەکردبوو، هاتنی ئەم لاوە بۆ ناومان کاریگەری خۆی بەسەر گوندنشینەکان دروست دەکرد، سەڕەرای هەموو هەوڵەکانی سەید ڕەزا من هەر دوودڵ بووم، منیش بۆ تێکنەچونی شیرازەی دیموکراسی لەناوماندا هەروەها بۆ دروست نەکردنی دڵەڕاوکێی لە یەکەم بەرهەمی کارەکانمان بۆیە ناچارمام ووتم باشە. دوایش ڕووم کردە لاوەکە و، ووتم: جلەکانت دەست نادات، چاکەتێک لەبەر بکەیت باشترە. لاوەکەش بەشێوەیەکی دڵنیا لەخۆی ووتی من هەر وا دەژیم. منیش ووتم پێلاوەکەت بگۆڕە کەس هەیە پێلاوی تەرس لە پێ بکات و بەشداری ناو هێزی گەریلا بێت؟ .

ئەویش گوتی هیچ پێویست ناکات، من هەر وا ڕێگا دەکەم.

من کردەوەکانیم بەتەواو نەدەزانی، دوودڵیەکەم زیادی کردبوو، بەڵام کارلەکار ترازابوو، دوای تەواو کردنی ئامادەباشیەکانمان شەڕکەرە نوێیەکەمان ( مەمۆ ) شمان لەگەڵ خۆماندا برد و لە گوندەکە جیابوینەوە، بە درێژایی ڕێگامان من هەر لەمەمۆم دەڕوانی، بێگومان ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر قسە هەلەقو بەلەقەکانی خۆی، منیش بۆ ئەوەی هەندێ سەر بکەمە سەر هەڤاڵ سەید ڕەزا ووتم ئەم لاوە قسەی هەلەقوبەلەق دەکات، تۆش یەکێک هەڵەبژێریت کەلەخۆت بچێت. سەید ڕەزاش بە

شێوەیەکی جدی کەوتە مەدحکردنی ئەم شەڕکەرە نوێیەمان ووتی :چۆن وادەبێت ! مرۆڤێکی پاکژ و ژیرە لەلایەکی تریشەوە بەهەزار هەوڵدان توانیم قەناعەتی پێ بکەم تا بەشداری ناو شۆڕش بکات کەچی تۆش بەدڵت نییە!.

کاتێک هەستم کرد سەید رەزا ئەمەی لە دڵگرتوە منیش زیاتر قسەم نەکرد و بەڵام لەکاتی ڕێکردنماندا بڕیارمدا لەگەڵ ئەم لاوە قسە بکەم، ویستم بزانم ئاستی ڕۆشنبیریەکەی چەندە، دوای کاتژمێرێک چومە لایەوە بۆ ڕێکردن، لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا هەندێ جار بە باشی و هەندێ جاریش تێکیدەدا لێم پرسی فیودالیزم چییە؟. فیودالیزم ئاغایە، چەند رۆژێک پێش ئێستا هاتە گوندەکەمانەوە !. باشەب ورژوا چییە؟ . شتێکی سەوزە، تامەکەشی مزرە. باشە ئەی بورژوای بچوک چییە؟. دیاربوو سەید رەزا دەیزانی مەبەستی من چییە کەوتە بەینمانەوە ووتی :بورژوای بچوک دەخورێت !.

ئیتر تێگەیشتم کە ئەم لاوە کەسێکە تەواو نییە، لە دڵی خۆمدا ووتم بۆ ئامانجی پروپاگندە بۆ لاوەکانی گوندەکانی تر شتێکی باشە، دوای تێپەڕبونی چەند رۆژێک هەمومان دڵنیا بووین کە مەمۆ شێتە، ئێمە بۆ ئەوەی گوندییەکان نەمان بینن لە پشت بەردا خۆمان دەشاردەوە هەروەها کاتێک کە بەشێوەیەکی زەحمەت کە دەچوین بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک بە هەزارەها حاڵ خۆمان لە شوانەکان دەشاردەوە کەچی ئەم شەڕکەرە نوێیەمان دوربینی لە مل دەکرد و چەکەکەی دەکردە شان و لە سەر لوتکەکان دەسوڕایەوە، چەند جارێک چومە لای و پێم ووت لەکاتی ئێشکگرتندا مەسوڕێوە پێویستەک هس نەتبینێت، ئەگەر ئاشکرا ببین دوژمن ئۆپەراسیۆن

ئەنجام دەدات. ئەویش ووتی ئێوە ترسنۆكن، لەسەرباز مەترسن منتان لەگەڵم.

ئەو هەموو پرانسیپەكانی گەریلای خستبۆوە ژێر پێوە، پێی وابوو كە هەموو ئەمانە بكات نیشانی دەدات كە چاو نەترسە، هە رچەندە لە ڕووی جەستەیەوە بە خۆوەبوو، بەڵام كردارەكانی ناڕەحەتی بۆ ئێمە دروست دەكرد، دەبوایە ئێمە زۆر ووریا بوینایە و كارەكانمان بە شێوەیەكی نهێنیانە ئەنجاممان بدایە.

گروپەكەی ئێمە بۆ ئامانجی پروپاگەندەی چەكداری لەناو خەڵكدا كاری دەكرد بۆیە دەبوایە زۆر بە دسپلین و جدیەت ڕەفتار بكەین، لە حاڵەتێكی ئاوادا مەمۆ زەرەری پێدەبەخشین، دەكرا مەمۆ لەناو گروپێكی گەورەی گەریلا بمێنێتەوە نەك گروپەكەی ئێمە، لە شوێنێكی تردا هەڤاڵان دەیانتوانی پەروەردەی بكەن، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیارم كرد كە ڕەوانەی هەرێمی دێرسیمی بكەین، هەڵبەت ئەم پێشنیارەم یەكسەر قەبوڵكرا، لەبەر ئەوەی هەموو هەڤاڵان پێیان باش بوو كەڕەوانەبكرێت، ئەم قەبوڵكردنەبەهۆی ئەوەوەبوو كە هەرێمی دێرسیم بوارەكانیان لە ئێمە باشتر بوو، كاتێك كە گروپێكی ترمان دەپەڕینەوە بۆ دێرسیم لە گەڵیاندا مەمۆ و هەڤاڵ سینانمان نارد.

پاشماوەیەك كاتێك ئەم گروپەمان لە شوێنێك بۆ حەوانەوە دەمێننەوە مەمۆ كە ئێشكگر دەبێت دوربین و چەكەكەی هەڵدەگرێت و هەڵدێت.

لەبەر ئەوەی بەرگی مەدەنی لەبەر بوو هەروەها ئەو دوربینەی لە جاشەكانمان سەندبوو لە ملی خۆی كردبوو هەموو ئەمانە وایلێكرد بوو كە كەس نەزانێت گەریلایە، بە چەكەكەی

سەرشانێوە گوندەکان دەبڕێت و بێگومان گوندنشینەکان لە بەر ئەوەی بەجاشیان زانی بوو هیچ ڕێیان پێنەگرتبو تا دەگاتە گوندی ( ج ) لە ڤارتۆ، ئەم گوندە بەقەد پاڵی گردێکەوە بوو، لە نێوان دارەکان و بەردەڵانەکاندا جادەیەک هەیە، ئەم گوندە بۆ هێرش کردنەسەرمان بۆ هێزی دوژمن زۆر گونجاو بوو.

مەمۆ یەکسەر هەڵدەگژێتە سەر گردەکە، گوندنشینەکان ئەشڵەژێن و ئەچنە ماڵەکانی خۆیانەوە گوند نشینەکان دەڵێن ( ئاپۆچییەکان چواردەوری گوندەکەیان گرت ) هەندێ لە جاشەکان لە ماڵەکانی خۆیان دەچنەسە نگەرەوە، مەمۆش بەچەپ و ڕاستدا تەقە دەکات و دەچێتە ناو گوندەکەوە، کە دەگاتە ناو گوند بە موختارەکە دەڵێت ئاپۆچییەکان چواردەوری گوندەکەیان گرتووە، بە زووترین کات چەکی جاشەکان کۆکەرەوە و با خۆیان تەسلیم بکەن. موختارەکەش بە شڵەژاویەوە پێی دەڵێت چەکەکانتان نادەمێ، دەوڵەت شەرمان دەکات، بەڵێن دەدەم هەموو چەکەکان کۆدەکەمەوەو تەسلیمی بارەگا سەربازێکەی دەکەم. مەمۆ دەڵێت شتی وانابێت، هەڤالان زۆر پێویستیان بەچەکە. گوندنشینەکان بەبێ چارەد همێننەوەو دەیانەوێت چەکەکان تەسلیم بکەن، لەم کاتەدا گوندنشینێک هەواڵ بە بارەگا سەربازێکە دەدات، کاتێک موختار هەست دەکات سەرباز دێت هەوڵ دەدات کە قەناعەت بە مەمۆ بکات پێی دەڵێت ئێستا ناتوانین چەکەکانتان بدەینێ، بەیانی گشت چەکەکانیان بە ئێوە یاخود ئەی دەین بە دەوڵەت. مەمۆش دەڵێت باشە.. بەڵام هەندێ خواردنم دەوێت. لەم کاتەدا سەرباز لە گوندەکە نزیک دەبێتەوە، موختارەکە زیاتر دەشڵەژێت بۆیە بە مەمۆ دەڵێت تەماشاکە وا سەرباز هات، بە هەڤاڵەکانت بڵێ با

چواردەوری گوندەکە چۆڵکەن، ئەگەر لێرە شەڕ بێتە ئاراوەماڵ و منداڵمان تیا ئەچن، بەزوو ترین کات ئێرە چۆڵکەن. مەمۆش بەشێوەیەکی سەر بڵندانە بە خۆ بایبونەوە پێی دەڵێت ترسنۆکانە کێ لەسەربازی تورک دەترسێت، ئێوە بڕۆن ئێمە شەڕ دەکەین.

بەم شێوەیە گوندنشینەکان بۆیان دەردەکەوێت کە مەمۆ تەواو نییە، کاتێک گوندنشینەکان تکاو ڕجا لە مەمۆ دەکەن و لێی دەپاڕێنەوە، مەمۆ کە لەدورەوە چاوی بە سەربازە تورکەکان دەکەوێت دەچێتە دەرەوەی گوندەکەو سواری ئەسپێک دەبێت و ڕادەکات، کاتێک سەربازەکان دەیبینن کە ڕادەکات تەقەی لێدەکەن، ئەسپەکەی دەپێکرێ ئەویش دەکەوێت و خۆی دەگەهێنێتە پشت بەردێک و چەند تەقەیەک دەکات و دیسان ڕادەکاتەوە، کۆپتەر دێت و لەچەند شوێنێک سەرباز دادەگرێت، مەمۆ کە لە گوندەکە دور دەکەوێتەوە لە خانویەکی بچوکی دەرەوەی گوندەکە ئاگر دەکاتەوەو چاکەتەکەی هەڵدەواسێت بەدارێکەوە و دیسان ڕادەکاتەوە، سەربازەکان چاکەتەکەی دەبینن وادەزانن کەمەمۆ لەوێدایە و هێواش. . هێواش دەچنە خانۆکەوە، کاتێک بۆیان دەردەکەوێت بەهەڵەدا چونە بەچەپ و ڕاستدا تەقەدەکەن، دوای ئەوەی مەمۆ دوژمنی هەڵخەڵەتاند دەگەڕێتەوە ناو گوندەکە، یەکەم جار دەچێتە ماڵی موختار، چەکەکەی لە سەر موختارەکە ڕادەگرێت و پێی دەڵێت تەسلیم بە.

لەم کاتەدا هەواڵ دەگەیێنە براکەی، کە براکەی دەگات یەک دو زللە لە مەمۆ دەدات و چەکەکەو دوربینەکەی لێدەستێنێت.

هەڤالان بەبراکەی مەمۆیان ووتووە کە مەمۆ بەشداری ناو شۆڕش دەبێت، براکەشی ووتویەتی مەمۆ بە کەڵکی ئێوە نایەت،

هەڤاڵانیش دەڵێن ئێمە ئەم بڕیارە دەدەین.

پاشان براکەی مەمۆ چەکەکەو دوربینەکە دەشارێتەوە.

دوای چەندین ڕۆژ هەواڵێکمان پێگەیشت کە ٢٠٠ ئاپۆجییەک لەقارتۆ کوتاویانەتە سەر گوندی ( ج ) لەگەڵ گوندنشینەکان ڕێککەوتوون، کاتێک شەڕ دێتە ئاراوە ئاپۆجییەکان بۆ ئەوەی گوندنشینەکان زەرەریان لێنەکەوێت پاشەکشێ دەکەن، سەڕەرای ئەوەی کۆپتەری دوژمنیش هاتبوو کەس زەرەری لێنەکەوت، گوندنشینەکان بەمە زۆر خۆش حاڵبوون، بۆ ڕۆژی دوای ١٥ جاش چەکەکانیان تەسلیم بەدەوڵەت دەکەنەوە و گوایە وتویانە ئێمە بەرامبەر بە ئاپۆجییەکان شەڕ ناکەین، ئەمانە هەمویان شێتن، جارێکی تر ئێمە چەک هەڵناگرینەوە، کێ دەتوانێت بەرامبەر ئەم ئاپۆجییانە شەڕ بکات؟.

بێگومان ئێمە بیستنی ئەم هەواڵەمان پێ سەیر بوو، لەبەر ئەوەی لەو ناوچەیەدا نەک ٢٠٠ گەریلا بەڵکو هەمومان ٥ کەس بوین، تەنانەت توانای ئەنجامدانی چالاکی سەربازیشمان نەبوو، بەڵام لەناو خەڵکدا کەئەم هەواڵە بەو شێوەیە بڵاوبۆوە، دیارە ڕاستییەکی خۆی هەبووە، ئێمەش هەموو گریمانەکانمان هەڵدەسەنگاند، ئایا دەبێت جاشەکان ئەم کارەیان کردبێت؟ ئەی ئایا دوژمن تەکتیکی نوێ ئەنجام دەدات؟ زۆر هەوڵماندا شتەکانمان بۆ ڕونببێتەوە، بۆ دڵنیا بوون دۆستێکی باوەڕپێکراوی خۆمان بۆ ئەوێ نارد، کاتێك گەڕایەوە هەمان شتی گێڕایەوەو دەیووت یەکێک دابەزیوەتە گوندەکە، کابرایەکی ئەوەندە بەجەرگ بووە بەردەوام ووتویەتی وەرنە دەرەوە ترسنۆکینە، ئەوەندەی شێرێک ئازا بووە.

دوای چەندین ڕۆژ نامەیەکی هەڤاڵ سینانمان پێگەیشت کە



باسی لە ڕاکردنەکەی مەمۆی دەکرد، دوای چەندین ڕۆژ لە گوندەکە چوینە ماڵی برای مەمۆ، مەمۆش لە ماڵەوە بوو پێم ووت چی دەکەیت لێرە؟.

مەمۆ بە دوور و درێژی باسی ڕوداوەکەی و ڕاکردنەکەی بۆ گێڕاینەوە.

بۆمان دەرکەوت ئەو هەموو کارانە مەمۆ شێتی خۆمان کردویەتی.

نهێنی

# دۆرشین پۆیراز

بەهار بوو هێشتا چیاکان تارای زوینی خۆیان لە بەردا بوو، هەروەکو کچێکی شەرمنی گەنج کە ئامادە بێت نهێنێکانی خۆی ئاشکرا بکات سرووشت وابوو. سروشت بۆ داماڵینی دوا ئاشکرا کردنی شوێن پەنجەکانی خۆی هێواش. . هێواش بەفری چیاکانی دەتواندەوە.

گزنگی بەیان دەیویست دەستی خۆی بەسەر تاریکیدا درێژ بکات، خونچەی سەر نەمامەکان تازە بەتازە دەکرانەوە و بەو هەوایەی لە باکورەوە هەڵیکرد بوو دەلەرینەوە، لە هەموو شوێنێک هەستت بەنویێ بونەوەی سروشت دەکرد.

سەڕەرای ئەوەی بەبێ وەستان و پشودان بە درێژایی شەو ڕێگامان بڕی بوو، هەڤاڵ ڕووبار کە ڕێبەرمان بوو هەروەها گەریلایەکی کۆنیش بوو ووتی زۆر بە هێواشی ڕێمان کردووە هەر بۆیە لە ژووانەکەی خۆمان دوادەکەوین.

ئەو کاتە من حاڵی بووم کە زەحمەتییەکانی بوون بە گەریلا چییە، بەڵام من کە دەمبینی چەندێک بە خێرایی ڕێگا دەبڕین بیرم دەکردەوە کە لە کاتی خۆی دەگەینە شوێنی خۆمان و بەڵکو چەند کاتژمێرێک زووتریش دەگەین. لە لایەکەوە ئەم خێراییەی هەڤاڵان منی سەڕسام کردبوو هەروەها لەلایەکی تریشەوە ئەو کێشەیەم لە بەردەمدا بوو کە چۆن بگەینە لای هەڤاڵان، بێگومان یەکەم جارم بوو بەڕستەی گەریلا بێ چارەسەر نامێنێتەوە ئاشنا ببم، هەڵبەت ئەمەش فەلسەفەیەک بوو بۆ من، ئەمەش ئەوەی فێرکردم کە ڕووبەروی زەحمەتی سروشت و ناڕەحەتی ببینەوە و شەڕی لە هەمبەر بکەین.

من کاتێک بیرم لە گەریلا بێ چارە نامێنێتەوە دەکردەوە هەڤاڵ

رووبار ووتی دەتوانین لە شوانەکان بپرسین ئەمانە بست بەبستی ئەم ناوچەیە شارەزان، ئەگەر بێتو شوێنی هەڤاڵانی ئێمەش نەزانن بەڵام دەتوانن لەماوەی دوو ڕۆژێکدا هەواڵی ئێمە بە هەڤاڵان بدەن.

بە پێکەنینەوە بە هەڤاڵ رووبارم ووت ئایا چۆن شوانەکان دەدۆزینەوە؟. ئەویش ووتی ئەگەر ئەم گردە ببڕین دەتوانین ناوچەی زۆما ببینین.

پێش ئەوەی بگەینە زۆما بووین بەدوو بەشەوە، ئەو گروپەی منیان لەگەڵ بووم بەرە و چادرێکی گەورە ملینا، کە چوینە ناو چادرەکە ناوەوەی لە دەرەوە گەورەتر دەبینرا، ئاورشێنکرا بوو هەروەها بەجوانی گسک درابوو، دۆشەک و لێفەکانیان بە جوانی بە سەر یەکدا قەد کردبوو. لە لایەکی ناو چادرەکە لە سوچێکدا لە ناو بێشکەیەکدا منداڵێک دەگریا، کچێکی تەمەن ٧ یان ١٠ ساڵێک لەناو چادرەکە خەریکی زۆپاکە بوو کۆتکەداری تێدەکرد، سەرەتا کە ئێمەی بینی هەڵوێستەیەکی کرد و بەڵام دوای هەر ئەو کەسە وەک کەسێکی بەتەمەن فەرمووی لێکردین و لەسەر حەسیرەکەدانیشتین، لەناکاو بەبێ ئەوەی چاوەڕێی شتێکی وای لێبکەم تەوقەی لەگەڵ یەک بەیەکمان کرد، خاوەن جوتێ چاوی ڕەش و گەورە بوو. دوای ئەم هەموو شتانە هەستم پێکرد کە رومەتەکانی سوور هەڵگەڕاون، بە خێرایی چوو ماستاوی بۆ هێناین، لەو کاتەدا ژنێکی باڵا مامناوەند و ڕەش پۆش خۆیکرد بە ناو چادرەکەدا، سەرەڕای ئەوەی ماندوبونی و زەحمەتی چەندین ساڵەی لە سیمای نیشتبوو، بەڵام چاوانی وەکو کچەکەی جوان و بریقەدار بوو، دەستەکانی شلومل بەڵام دەمارەکانی پێوە دیار بوو، بەبێ هیچ دوودڵیەک هات و سڵاوی لێکردین، من کە نەم دەزانی

چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەم بەڵام ڕاستەوخۆ هەستاینە سەرپێ و وەڵامی سڵاوەکەیمان دایەوە.

ئەم ژنە بە کردەوە ئاسایەکەی خۆی سفرەی بۆ ئامادە کردین، لەسەر سفرەکە ماست و پەنیر و برنجی بۆ دانایین کە بەرماوەی ڕۆژێک پێشتر بوو چایشی بۆ دانایین، لە لایەکەوە خەریکی ئیش و کار بوو لە لایەکی تریشەوە بە ژێر چاو مراقەبەی ئێمەی دەکرد.

تەماشای جلوبەرگ و چەکەکانمانی دەکرد، لێم پرسی پورێ هەڤاڵان سەردانی ئێرەدەکەن؟. ئەویش ووتی وەللای ماوەیەکی زۆرە کەسمان نەدیوە. لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو شڵەژاوی پێوە دیار بوو، بەبێ ئەوەی تەماشای ئێمەبکات قسەی دەکرد، بەبێ ئەوەی بەرامبەر ئێمە کەساردبونێک بنوێنێت هەستم دەکرد کە ساردبونێک لە دەرونیدا هەیە، من بیستبووم کە خەڵک خۆشەویستیەکی گەورەی بەرامبەر بەگەریلا هەیە بەڵام ڕەفتاری ئەم ژنە ئەم خەیاڵ و بیر و بۆچونەی منی خستبووە ژێر گڵ. ڕووخساری ئەم ژنە ئەو لێکدانەوەی بە من بەخشی، زریانێک لە دەرونیدا هەبوو، من هیچ نەم دەویست لە ڕەوشێکی ئاوادا دانیشم بۆیە دەمویست لێرە ڕزگارم ببێت. بێگومان ئەم نەویستنی میوانی وەکو ئێمە بۆ گەریلا هەندێ جار دەبەسترێتەوە بەشەڕی چەپەڵەوە، هەندێ جاریش پێویستەگەریلا ئەو شوێنەبەجێ بهێڵێت. من کەلەناو ئەو هەست و نەستەی کەهەرگیز چاوەڕێم نەدەکرد دەژیام بەبێ ئەوەی نان بخۆم دوای نان خواردنی هەڤاڵان هەستاینە سەر پێ.

ئەو شەوە زۆر خامۆش بوو، دوای خۆکۆکردنەوە ئیتر کاتی ڕۆشتن هاتبوو، دوایش پیاوێکی بە تەمەن هەندێ قەمبور هاتەژورەوە، ئەم پیاوە پیرە لە باپیرەی ئەم خێزانەی دەکرد، لەبەر ئەوەی شوان بوو



وەڵام بداتەوە ژنەکە زۆر بەخێرایی خۆی گەیاندە نێوان من و باپیرەو ئەوی خستە پشت خۆیەوە و دوایش ووتی ئەو کوێرە! کەڕوڵالە! لەهیچ شتێک نازانێت. لەچاوانیدا دیار بوو شتێکی زۆر دەشارێتەوە، خەڵکی زۆما بە وڵاتپارێز ناسراوبوون، بەڵام کە ڕوبەروی رەفتاری ئەم ژنەبوینەوە هەموومان پێی سەرسام بووین، هەڤاڵ رووبار قۆڵمی گرت و پێی ووتم دەی بابڕۆین. من سەرسام بووم، لە بارەی هەڤاڵانەوە دەبوایە زانیاری لەلا هەبوایە، ژنەکەش لەبەردەم چادرەکە دەستی کچەکەی گرتبوو لە ئێمەی دەڕوانی، من تا لەدەستم بهاتایە نەم دەویست هەست بکات کە تەماشای ئەو دەکەم، بێگومان ئەمەشم بەزانستەوە دەکرد.

من و هەڤاڵ رووبار چوینە لای مامەپیرە و دوای سڵاوکردن لێمان پرسی باپیرە لەم ڕۆژانەدا هەڤاڵانت بینیوە؟. بەڵام کاتێک باپیرە ویستی

ئەم ژنەهەموو ئەمانەی بەبێ هیچ سڵمێنەوەیەک دەکرد، بەبێ هیچ دوودڵیەکیش ئەم کارانەی دەکرد تا جاری دووەم هەڤاڵ رووبار ووتی دەی بابڕۆین. هاتمەوە سەر خۆم، من هیچ لەم تابلۆیە حاڵی نەبووم، دەرونمی هەژاند، بەڵام زۆر دڵتەزێنە ئەگەر هەڵوێستی گەل بەرامبەر بەئێمە بەم شێوەیەبێت، لە هەڤاڵ رووبارم پرسی بۆچی بەم شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵ کردین؟ . هەرچەندەهەڤاڵ رووبار دڵنیاش نەبوو، بەڵام بۆ قایلکردنی من و خۆشی چارەسەرییەکی دۆزییەوەو ووتی جلوبەرگ و چەکەکانمان زۆر تازەن هەروەها هەڵسوکەوتمان لە گەریلا نەدەچوو. منیش ووتم ئینجا چییە ئێمە تازە لەئەکادیمیە هاتوینەتەوە هەڵبەت شتومەکمان تازە دەبێت. هەڤاڵ رووبار ووتی بێگومان ئەوەی دەیڵێی ڕاستە بەڵام ئەم شەڕە دژوارە ئەو تابلۆیەی تۆ باسی لێوە دەکەیت سڕاوەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم ژنەپێش ئێمە گەریلای تری بینیووە، بۆیە هیچی نەووت.

کەواتەئێمەی لەخۆمان شاردەوە.

میوان

# دۆرشین پۆیراز

کاتژمێر ٩ی بەیانی بوو، شەوی ڕابردوو بەبێ ووچان بەفرێکی زۆر باری، وەک بڵێی ئاسمان پەردەیەکی سپی بەسەر زەویدا داپۆشی بێت، جێی حەوانەوەی گروپەکەمان لەنێوان دوو کەمپی گەورەدا بوو، بەهۆی بەفر بارینێکی زۆرەوە ڕێگاکانی کەمپەکان هەر هەمووی گیرابوو، ئەمەش ببوو بەهۆی ئەوەی کە میوانێکی زۆر ڕوو لەلای ئێمە بکەن.

بێگومان بە هۆی هاتنی ئەم میوانە زۆرانەوە، جگە لە پەروەردەدە بوو بە بوارێك کە هەر گەرلایەک یادەوەرییەکانی خۆی بگێڕێتەوە، ئێمەش بە تامەزرۆوە گوێمان بۆیان ڕادەگرت، لە کاتی ئێوارەدا من و هەڤاڵ ژیان لە سەرووی کەمپەکەوە بۆ چێشت لێنان و خۆ گەرم کردنەوە سەرقاڵی دار برینەوە بووین.

ئەو ڕەشەبایەی کە بەبەفرەوە هەڵی کردبوو وەک تیژی گوێزانێک بەدەست و دەموچاومانەوە تیخی دەکرد، لەبەر ڕچێوی دەسمان نەمان دەزانی کە چۆن تەورەکەی دەسمان دەوەشێنین. کاتێک سەرما و ماندوبوون لە یەککاتدا ئاوێتەی لەشمان ببوو هەروەها کاتێک کە بێزاری داربڕین چۆکی پێدادان ڕوبەروی ساتێک بوومەوە کە هەناسەی لەبەر بڕیم، بە شێوەیەک سەرسام ببووم کە هەرگیز پێم نەزانی چۆن کۆتکە دارەکانم پارچەپارچە کردووە، تاکو لە ناکاو هەڤاڵ ژیان ووتی خەیاڵت ڕۆی بەلایەکدا بۆیە هێواش بویتەوە؟.

دوای ئەم قسەیە هۆشم هاتەوە سەر خۆم، هۆشم لەلای ئەو هەڤاڵەی پێشەوەبوو کە لە ناو مەفرەزەیەک لە ناو ئەو هەموو بەفرەدا لە ناکاو بەرەو شوێنی حەوانەوەی ئێمە دەهاتن. هەر چەندە لە منیشەوە نزیک نەبوون بەڵام ئەوم بەقەد و باڵا باریک

و درێژەکەی ناسییەوە، ئەو یوسفی پورزام بوو بەڵام وەک دوو برادەریش بووین، من لەت همەنی منداڵی و سەرەتای لاوێتیمدا بڕوام بەوە نەدەکرد کە یوسفی پورزام بەشداری ناو شۆڕشی کردبێت. لە دوایشدا هەرچەند پرسیارم کرد بێت و لێپرسینەوەشم کردبێ بۆم ئاشکرا نەبوو کە لە کوێیە یاخود ماوەیا نا، تا لە دوایشدا هەر وەکوو قایلبونێک بەخۆم کەپێم وابوو شەهید بوبێ بۆیە دەستبەرداری سۆراغی بووم. چونکە گەلێک لە هەڤاڵان دوای ماوەیەکی کەم لە بەشداربوون لەناو گەریلادا شەهید ببوون، هەر بۆیە لەلام وابوو لەوانەیە یوسفیش یەکێک بێت لەو شەهیدانە. بێگومان چڕبونەوەی ئەم بیر و بۆچونەشم لەبارەی ئەوەوە هەر ئەوەبوو کە لەدوایدا لە ناو گەریلادا پرسیارێکی زۆریم کرد بەڵام کەس نەیدەناسی.

کێ دەزانێت لە چی هەرێمێک لە چی شەڕێکدا لەوانەیە تا دواهەمین فیشەکی شەڕی کردبێت و لە دوایشدا شەهید بووبێت، یاخود لە بۆسەیەکدا کەوتبێتە ناو شەپۆلی ڕووبارێکی سەرشێتەوە، هەڵبەت کەسیش نازانێت کە گۆڕەکەی لە کوێیە، من بیرم لەم شتانە دەکردەوە هەر بۆیە ئومێدم نەما بوو، لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا کە تەنها بیرم لە سەرما و لە خۆم دەکردەوە بینینی ئەو بەلای منەوە وەک موعجیزە وابوو.

هەڤاڵ ژیان لێی پرسیم کام پارچەیان هەڵدەگریت؟ . منیش ووتم فەرق ناکات با بەزووترین کات بگەڕێینەوە. هەڤاڵ ژیان بەخەندەکانی سەر لێوی بەنیانێکی نەرمەوەن یشانیدام کە لێم حاڵی بووە. ژیان ووتی تۆ تەورەکە و پارچە بچوکەکان هەڵگرە، منیش پارچە گەورەکان هەڵدەگرم. باشە.

بەبێ ئەوەی گوێ بدەمە لەشی سڕبووم بەشێوەیەکی زۆر خێرا دوای ئەوەی کۆلکەدارەکانم لە سەر شانی چەپم دانا و بەدەستی ڕاستیشم تەورەکەم هەڵگرت، هەڵبەت ژیانی هەڤاڵیشم مەراقی ئەم خێراییەی منی بوو. ژیان ووتی ئەوەیە کەم جارە کە تۆ بەو شڵەژاویە ببینم. لەبەر ئەوەی هیچ وەڵامێکم لانە بوو هەر بۆیە بێ دەنگ مامەوە، من دەمویست بە بێ ئەوەی کات بەفیڕۆ بدەم بگەمە ناو مەفرەزەکە و پێش ئەوەی میوانەکان لێمان جیاببنەوە بیان بینم، ئێمەنازانین بۆ کوێ دەچن؟ لەوانەیە جارێکی تر نەیان بینمەوە، کۆتکەدارەکانم لەپ هنای چادرە لایلۆنەکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک داناو بەشێوەیەکی سەرسامانە تەماشای چواردەوری خۆمم دەکرد، مەراقی ئەوەم بوو کە ئاخۆ میوانەکان ڕۆیشتون یان نە.

هەڤاڵێک کە بەرەو ئێمە دەهات بە هۆی تەمومژ و بەفر بارینەوە پێشی خۆی پێ نەدەبینرا هەرچۆنێک بوو گەیشتەلامان ووتی بەهۆی ئەم تۆفانی بەفرەوە گروپێک لە هەڤاڵان لەلای ئێمە دەمێننەوە، دەبێت پێداویستێکانیان دابین بکەین.

منیش بۆ ئەوەی ئەم هەلەم لە دەست نەچێت یەکسەر کەوتمە ئامادەباشییەوە، بیرم کردەوە کە هەڤاڵان زۆر ماندوون هەربۆیە بە پێویستم نەزانی کە هەر ئەم کاتە بچمە لایان.

ئەو دوو هەڤاڵەی کەب ۆ پەیداکردنی پێداویستیەکانی میوانەکان تەرخانکرابون و دەچوون بۆ داربڕین جامانەکانیان بە توندی بەسەر و دەموچاویاندا هەڵپێکابوو، یەکێکیان لەبەر سەرما دەستەکانی کێشابۆوە ناو قەمسەڵەکەیەوەئ هوی تریان دەستکێشێکی کۆنی لە دەست کردبوو.

ئەم مەفرەزەیە پەیوەندیان لەگەڵ کەمپەکانی تردا پچڕابوو، کەمپەکەی ئێمەش بەبەرد چواردەور و بانەکەی گیرا بوو، بەهۆی ئەم بەفر بارینەوە کە جوڵەمان پێنە دەکرا، ئازوقەمان خۆی لە کەمی دابوو، بێگومان لە شوێنێکی تردا ئازوقەی شاراوەمان هەبوو بەڵام کێ دەیتوانی لەبەفر بارینێکی ئاوادا بڕوات دەریبهێنێت. ئەو هەڤاڵانەی کە بە کاری لۆجیستیکەوە خەریک بوون لە شوێنی چێشتلێنانمان خەریکی ریزکردنی دوا پاکەتە ماعکەرۆنێکان بوون، منیش هەندێ نانم بە دەستەوە بوو خەریکی خواردنی بووم تەماشای ئەو شوێنەم دەکرد کە میوانەکانی لێبوون، بەهۆی تەمو مژەوە هیچ شوێنێک نەدەبینرا، بە هەڤاڵانی موبەقەکەم ووت میوانەکان چی دەکەن؟ . یەکێکیان ووتی نوستون، دوێنێ شەو لە کاتژمێر ٣ وە تاکو ئێستا بەم تۆفانی بەفرە بەبێ ڕاوەستان ڕێیان کردووە، کاتێک خواردن و چا ئامادە بوو هەڵیان دەستێنین. لە دوایشدا لێی پرسیم کەسیان دەناسی؟ . بەدەنگێکی پچڕ پچڕ پێمووت ئەوانم نەبینی لەوانەیە ناسیاویان تێدابێت.

بە شێوەیەکی خێرا چوومە لای فەرماندەکەمان و مۆڵەتی ئەوەم وەرگرت کە دوای نان خواردن سەردانی میوانەکان بکەم، بێگومان بۆ ئەوەی یوسف بەم شێوەیە نەم بینێ قژم داهێنا و گۆرەویەکانم گۆڕی، تەماشای ئاوینەکەم کردو ڕاستەوخۆ حاڵی شەش ساڵی پێشوم وەبیر هاتەوە، ئیتر وەکو جاران قسەکردن بەشەرمەوە و لە ژێر لێوان نەدەکرا لە نێوانمان، لە جێی ئەو شەرمە واقعیەتی ژیان لە ڕوخسارماندا بەدی دەکرا، کاریگەری ئازادی ژیان زۆر لە هەستمانی گۆڕی بوو، بۆ نموونە ئیفادەی بێ قەراربوون لە بەردەم خواستەکان لە ئارادا نەمابوو، بە واتایەک کولتوری جارانمان لە

ئارادا نەمابوو، بەڵام جیاوازی سیمای شەش ساڵی ڕابردو و ئێستام لە ئاوێنەکەی بەرامبەرم بە دیدەکرا.

هەڵبەت یوسفیش گۆڕا بوو، بیرم دەکردەوە و بە خۆمم دەووت لەوانەیە وەکو جارانی کەمدو نەبێت، لە یادمە جارێکیان سەڕەرای ئەوەی دڕک هەموو دەستی کونکردبوو بەڵام هەر کۆڵی لەگوڵ کۆکردنەوە نەدەهێنا کاتێک من داوای گوڵەکانم لێکرد ئەویش بەبێ یەک و دوو هەمووی دا بە من، من هەرگیز ئەم یادەوەرییەم لە بیر ناچێتەوە.

بیرم کردەوە کە دەبێت شتێکی بە خەڵات بدەمێ، چاوم بەناو جانتا کۆنەکەمدا گێڕا و کە دڵنیاش بووم شتێکی ئەوتۆشی تێدا نییە، جگە لە گۆرەوی کۆن. . بلوزێکی کۆن. .ئەلبوم و دەفتەر هەروەها ئەو پێنوسەی کە ئەو هەڤاڵەی ڕۆژێک پێش شەهید بوونی خەڵاتمی کردبوو هیچی تری تیا نەبوو.

ئەو دەفتەرەی کە زۆربەی لاپەڕەکانی بە پەڕەی گوڵ رازاندبوومەوە لاپەرەلاپەڕە ئەم دیودیوم کردن لە ناویاندا ئەو شیعرانەی کە کاتی خۆی لەسەردەمی جیاوازدا نوسیبووم، بە خەیاڵی ئەوەی ئەو شیعرانە لە ناو دەفتەرەکەب دڕم هەر بۆیە چەند جارێک خوێندمەوە، بۆ ئەوەی دوتۆی ناو دەفتەرەکە ناشرین نەبێت شیعرەکانم نەدڕین و دەفتەرەکەم کردە گیرفانمەوە.

دوای نیوەڕۆ من و هەڤاڵ ژیان چووینە ئەو شوێنەی کە میوانەکانی لێبوون، زۆر بە کەم لە بیرم دێت کە هەستم کردبێت ئەژنۆکانم لەرزیبێتن، بەڵام ئێستا دەلەرزن. زۆر جار لە کاتی گەرمترین شەڕدا ئارامی زۆرم پاراستووە، بێگومان لە حاڵەتێکی وەکو ئێستا تەنانەت هەناویشمی دەهەژاند ئایا ئەمەش سادەترین

حاڵەتی ڕابردو نەبوو کەتیایدا دەژیام؟.

کۆتایی بەو ڕێگایە هەر نەهات کەد هبوایە بەرەو شوێنی میوانەکان بمبڕیایە، دەمێک بوو میوانەکان نانیان خواردبوو، چونکە من دوای نان خواردن مۆڵەتی چونم بۆ ئەوێ وەرگرتبوو، دوای گەیشتن و سڵاوکردن لەیەک بەیەکیان بە تەواوی تەماشای دەموچاوی هەمویانم کرد بەڵام یوسفیان تیا نەبوو، دوای ئەم سڵاو خاتر پرسینە هەڤاڵێک بۆ دانیشتن فەرمووی لێکردم، بەرامبەر ئەو شوێنەی فەرموویان لێکردم دانیشتم، هەڤاڵێک بەتانییەکی بەخۆیدا دابوو نوستبوو، هەرلەبەر ئەوەش بوو دەموچاویم نەبینی، ویستم پرسیار بکەم کە ئەو هەڤاڵەکێیە، بەڵام نا باشترە چاوەڕێ بکەم تاکو هەڵدەستێت، چونکە لە ناو شۆڕشدا نازناوی یوسفم نەدەزانی، جگە لە چاوەڕوانی چارەی ترم نەما بوو، جارێکی هەستم کرد کە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، بیرم دەکردەوە ئایا تۆ بڵێی نەخۆشبێت؟ بێگومان منداڵێتی ئەوم کەوتەوە بیر کە چۆن لەو حاڵەتانەدا نازی دەکرد بە سەرماندا، ئەی کەسوکارمان چۆن بەسەریدا دەتوانەوە. بەهۆی توشبوونی هەڵامەتێکی بچوکەوە چای بەلیمۆیان بۆ دروست دەکرد، بە چواردەوریدا دەبووین بە پەروانە.

بەشێوەیەک کە هیچ چاوەڕێم نەدەکرد هەڤاڵێک بەشەرمەوە ووتی من دەناسیتەوە؟. چڕبونەوەو قوڵبونەوەی بیرکردنەوەم دیارە وایلێکرد بووم کە دوای تەماشایەکی زۆریش هزرم یارمەتی نەدام کە بیناسمەوە، بێگومان ئەگەر کاتێک و حاڵەتێکی لەم شێوەیەی ئێستا نەبوایە بە دڵنیایەوە دەمناسییەوە، بەڵام زۆر بە داخەوە لەو حاڵەتەدا هەموو هەست و سۆزێکم بۆ سەر پورزاکەم

دەچوو کە وەکو نەخۆشێک خەوی لێکەوتبوو، بەڵام هەر ئەو هەڤاڵە ووتی ساڵی ١٩٩٩ لەیەک تیپ بووین، من لە مەفرەزەی یەکەم بووم، بەیەکەوە چوبوین بۆ ئەنجامدانی ئەرکێک لە( کاتۆ ) تۆ نەت دەتوانی باز بدەیتە ئەو بەری ئاوەکە منیش بەحەبل شوێنێکی پەڕینەوەم بۆ خۆم دروست کرد بوو.

هەرکەوای ووت ناسیمەوە، ئەم هەڤاڵە لەناو تیپەکەماندا فیداکارترین کەس بوو، ناوی مەروان بوو، کاتێک ووتم ئەتناسمەوە.

دەیڕوانییە هەڤاڵەکانی و ئەمەی وەک شانازییەک بۆخۆی دەزانی. لێی پرسیم لە کاتی جیابونەوەمان لە تیپ هەتا ئێستا یەکمان نەبینیوەتەوە وانییە؟. بەگوێرەی مەراقی مەروان کە بۆ پرسیارکردن هەیبوو منیش بە پێچەوانەوە مەراقی ترم لە دڵدا بوو، نەم دەتوانی بچمە ناو ئەو قسەو باسەی کە لەوێ دەکرا، هەمیشە چاوم دەچووە ئەو شوێنەی یوسفی لێ نوستبوو، مەروانیش هەستی کرد بوو کە خەیاڵم لە شوێنێکی ترەو هەروەها بەزمانە کوردیە ناتەواوەکەشم نەم دەتوانی بەشداری گفتوگۆکەیان بکەم، سەرەڕای ئەمەش منیش هەستم بە مەروان دەکرد کە خوازیاری پرسینی پرسیارێکی زۆرە، لە هەمان کاتدا هەڤاڵ رەوشەن لە بارەی چۆنیەتی شەهید بوونی هەڤاڵان میدیا و بنەوشی هاوشارێکەی خۆی لەهەڤاڵ ڕۆکانی دەپرسی، هەڵبەت ساڵی ١٩٩٩ ئەو ناڕەحەتیە و ئاڵۆزییەی لە ئارادا بوو خۆشەویستی هەڤاڵێتی گەیاندبووە ئاستێکی بەرز هەروەها خیانەت و قارەمانێتی وەک ئاوێنەیەک وابوو لە ڕۆماندا دەبینرا، ئەو ساڵە لە ناو یادگارێکانماندا شوێنی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەگەر زەمان و کاتێکی باشتر و جیاوازتر بوایە هەڵبەت قسەیەکی

زۆرترمان دەکرد، هەڤاڵ ژیان هەواڵی ئەو هەڤاڵانەی دەپرسی کە کاتی خۆی لە گەڵیان بووە، ژیان لەسەر خۆی قسەی دەکرد و بەبێ ئەوەی یەک ووشە بپەڕێنێت چی لەلا گەڵاڵە ببوو دەیپرسی، لەدوای خواردنەوەی چایەکەی بەردەمی تەماشای کاتژمێرەکەی کردو منیش بەبێ گوێنەدان بەشوێن و کات چاوم هەرلەسەر یوسف بوو، یوسف بەشێوەیەکی ڕێکوپێک هەناسەی دەداو هەروەک بڵێی بۆ ماوەیەکی دورو درێژ لەو شوێنەی لێی ڕاکشاوە دەمێنێتەوە یاخود لەناو خەونێکدایە کە نایەوێت لێی داببڕێت. هەروەک ئەوەی لە ناو پێخەفەکەی ماڵەوەیان بێت لە هەمان کاتدا ئەو لێفەیەی کە نەنکمان بەدەستی خۆی بۆی دروبوو کەوتەوە یادم، نەنکمان شتی دەستی بۆ ئێمەش دروستدەکرد بەڵام نەی دەتوانی لێمان بشارێتەوە کە یوسف لەلای ئەو تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، یوسفیش هەوڵیدەدا کە هەموو داخوازێکانی ماڵەوە بەجێ نەهێنێت.

لەیادمە دواجار لە ڕۆژێکی گەرمی وەرزی هاوین بەیەکەوە قسەمان دەکرد، کراسێکی چوارگۆشەیی لە بەردا بوو، ئەو ڕۆژەیەکەم جار بوو کە باس لە ئازادی بکەین، من لەوێدا دەمویست باس لە جیاوازی خواستی تاک و دیاریکردنی خواستی تاک بکەم.

لەو ڕۆژانەدا بنەماڵەکەمان لە حاڵەتی شڵەژاویدا بوون چونکە هەستیان دەکرد کە ڕەوشی ژیانی یوسف گۆڕاوە، دەیانووت هەر کاتێکتان زانی دەچێتە شاخ.

ئەگەر یوسف بەئاشکراش بڕیارەکەی خۆی نەشی هێنابێتە زمان بەڵام ئەمەی هەر پێوە دیار بوو، کاتێک بنەماڵەکەمان لە هەوڵی ڕێگری یوسف بوون بۆ ئەوەی نەچێتە شاخ بەڵام من خۆم ونکرد.

هەڤاڵ ژیان لەناو قسەو باسێکی چڕ و پڕدابوو، جارناجار تەماشای کاتژمێرەکەم دەکرد بەڵام هەرگیز لەدەست و یەخەی ئەو خەیاڵانە ڕزگارم نەدە بوو، ئەو کەسەی خەوتبوو منی خەزانبۆوە ئەو دەریایەی خەیاڵەوە، ئایا چی کاتێک بە ئاگا دێت؟ لەوانەشە چاوەڕێی ڕۆشتنی ئێمەی بکردایە، بە گشتی هەڤاڵانی کوڕ لە لای هەڤاڵانی کچ بۆ نوستن درێژ نەدە بوون، ئەگەر هەڤاڵێکی کوڕ بریندار نەبوایە و نەخۆش نەبێت یاخود ئەگەر بە سوتفە توشی ئەو حاڵەتە هاتبێت لەوانەیە لە شەرما هەڵنەسێت و چاوەڕێی ڕۆشتنی هەڤاڵە کچەکان بکات.

لەوە دەچێت ئەویش بە گوێرەی تەجروبەی خۆی ئەمە بزانێت و هەڵنەسێت، کاتێک کە من بیرم دەکردەوە کە یوسف هەڵسا چۆن قسەی لەگەڵ بکەم بۆ دووەمجار چای لێنراو چایمان خواردەوە، تەنانەت بەشێوەیەک نوستبوو کە هیچ جوڵەی نەدەکرد، بیرم کردەوە بەخۆمم ووت لەوانەیە بورابێتەوە !.

ئەو مرۆڤەی ژێر بەتانێکە کە چەند کاتژمێرێکە لێی دەڕوانم، منی بە ئاسمانی هەموو بیرکردنەوەیەک دەفڕاند، وایلێکردبووم هەموو خەیاڵەکانم کە پێشتر لە فلیمێکی تۆز لێنیشتوی کۆن دەچوو بەڵام ئێستا زۆر بەڕەوانی کار دەکات، لەناو ئەو خەیاڵانە و قسەکانی هەڤاڵان چەند کاتژمێرێکم بە سەر برد، سەرم خەریک بوو لە ئێشدا بتەقێت.

کاتێک هەڤاڵ مەروان دەستی کرد بەئ امادەکردنی چێشتلێنانی ئێوارە تێگەیشتم ئیتر کاتی هەڵسانە، شڵەژابووم، دانم بەخۆمدا گرت چونکە دەمویست بچم باوەشی پیابکەم و لەخەو هەڵیسێنم بەڵام نەم دەتوانی، ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەی ڕێگر بوو لەم کارەم



هەر قسەکانی خۆم بوو کە بە مێشکمدا دەهات بەخۆمم دەووت ئەی ئەگەر یوسف نەبووی؟ ، ئەو کاتە دەڵێم زۆر سوپاست دەکەم کە بۆ چەند کاتژمێرێک لەناو ئەو هەموو هەستەدا منت ژیاند، بیرم کردەوە کە دەبێت بەزوو ترین کات ئەو شوێنە بەجێ بهێڵم، ئەم میوانە وەک ئەو ڕەشەبایەی دەرەوە وابوو بۆ من، دەبا هەر لەخەوی شیرینی خۆیدا بمێنێتەوە.

با لەشوێنی خۆیدا هەر لەخەودابێت بەبێ ئەوەی لێفەکەی نەنکم بەسەر خۆیدا بدات، تا نزیک بونەوەی کاتی پێگەیشتنی خواردن بانگیان لێکرد ووتیان هەڤاڵ !، یەکەم جاربوو کە کەسێک ببینم کە لەو شێوەیە لەخەو هەڵسێت بەشڵەژاوی و بەو دەموچاوە گرژەوە، من ئەو کاتە دەموچاویم بینی، ئەو هیچی نەووت، بەتانێکەی لەسەر خۆی لاداو بەسەرسامیەوە تەماشای چواردەوری خۆیکرد، دوایش بەدەستی قژی ڕێکخست و ئەو چاکەتەی کە وەک سەرین بەکاری هێنابوو لەبەری کرد، پاشان ووتی سڵاو... بەخێر بێن !، دوایش بەخێرایی لەژورەکە چووە دەرەوە. بێگومان بۆ نوێکردنەوەی هەموو یادگارێکانی ئەمرۆم تەنانەت فریای سوپاس کردنیشی نەکەوتم.

مانگی شوباتم خۆشناوێت

**س. فێرهات**

ئەگەر جارێکی تر بگەڕێینەوە ڕابردوو دیارە نوێکردنەوەی هەموو ئازارەکان بۆ ئێمەمانان کارێکی ئاسان نییە، لەم سەردەمە و لە ڕابوردوشدا تێکۆشان لە ناو ئەو ژیانە پڕ لەتراژیدیایەی کە پێشوتر هیچ نەبینراوەو نەبیستراوە بۆ ئێمەمانان زۆر بەئازارە.

بۆ حاڵیبونی هەموو ئەمانە و خەباتکردن لە دژی ئەو تراژیدیایانە هەڵبەت تەنها بە کەسانی وەکو ئێمەب هڕێوەدەبرێت، دوور لە بە ئاگابون لە مانا ڕاستەقینەکەی ژیان و غەفڵەتەکانیشی بینای چاوی هەمووومانی لێڵکرد بوو، ئێمە زۆر دوور لە دەرەوەی گەمەی ئەم دونیایە دەژیاین.

بارانی بێوچانی کۆتایی وەرزی بەهار بێ ڕاوەستان بەردەوام بوو، لە ناو تاریکستانی شەودا ڕێمان دەکرد، تا بەیانی ڕێمان کرد، بەهەرحاڵێک بێت گەیشتینە شوێنی خۆمان، لە حەشارگەیەکدا ماینەوە، ئاگرێکی بچوکمان کردەوە و خۆمان بە ووشکردنەوە سەرقاڵ کرد، ئەو شوێنەی لێی گیرساینەوە دیمەنێکی زۆر دڵڕفێنی هەبوو، هەتا زیاتر سەرنجی دارستانەکەت بدایە، هەستی خۆتت تیا وندەکرد، ڕێکردنمان لەناو ئەم دارستانە بە تایبەتی بەشەو زۆر دژوار بوو ،شوێنێکی وەک ئێرە دڵنیایەکی بەهەڤاڵان دەبەخشی، من ئەو ڕۆژە هەندێک ناساغ بووم، هەموومان لەژێر ئەو چادرە دانیشتبوین کە بەلایلۆن دروستمان کردبوو، گوێمان لە ڕادیۆ دەگرت، یەکەم شت کەگوێمان لێ بوو بەم شێوەیە بوو ( عەبدوڵلا ئۆج ئالان لەبەر ئەوەی دەرکرا سوریای جێهێشت ).

لەڕاستیدا هەموومان بەم هەواڵە سەرسام بووین، یەک کەس وورتەی لە دەمەوە نەهات، باوەڕمان نەکرد، بۆ ئارامکردنەوەی هەڤاڵان ووتم هەمیشە دوژمن هەواڵی درۆ بڵاودەکاتەوە.

لە خراپترین حاڵەتدابووم کە لە ژیانی ناو تێکۆشانمدا بەسەرم بردبێت. روبەرووی جدیترین کێشە ببوینەوە، ئەو ڕۆژە هیچ وەڵامێکمان نەبوو بۆ هیچ پرسیارێک ،منیش هەندێ لە هەڤاڵان دورکەوتمەوەو لەشوێنێکدا بەتەنها لێی دانیشتم، لە شوێنێکی ناو دارستانەکە کە کەس منی نەدەبینی پشتم دایە دارێکەوە و کەوتمە بیرکردنەوەو گریانێکی زۆر گریام.

دوای ماوەیەک گەڕامەوە هەڤاڵان هێشتا دانیشتبون، لێیان پرسیم کە چیم لێهات منیش ووتم لەناو دارستانەکە ونبووم، لەبەر ئەوەی دوژمن لەو شوێنەی ئێمەی لێبوین بەنیازبوو هێرش ئەنجام بدات ناچار ماین شوێنەکەمان بگۆڕین، ئێمە تەنها خاوەن ڕادیۆیەک بووین ،تەنها گوێمان لە بەشی هەواڵەکانی دوژمن بوو، جیهازی ڕاکاڵی گەورەشمان نەبوو، لەو شوێنەی کە لێی بووین هەڤاڵانی ترمان پێ نەدەدۆزرایەوە تاکو زانیاریان لێوەربگرین، هەموو شتەکانمان تەنها بە بیروبۆچونی خۆمان هەڵدەسەنگاند. دەمانووت ( سەرۆکایەتی بەهێزە، ئەو خۆی دەزانێت چی دەکات، هەمیشە سەرۆک کاری ڕاستی کردووە )، لە کەناڵی ڕادێوی دوژمنەوە هەڵسەنگاندن و باس لە هۆکاری دەرچونی سەرۆک دەکرا لە سوریا، نەشمان دەزانی کە هۆی دەرچونی چی بووە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوین جیابۆتەوە، بەم هەستانەوە، شەو لەژێر بەفر بارینداا ڕێگامان کرد، هەر وەک قیامەت وابوو ئەو شەوە، هەموو شوێنێک تەم و مژ بوو، بەناو شیوو و دۆڵەکاندا ڕێمان دەکرد، هەندێ جاریش ڕێگامان وون دەکرد، دەکەوتینە ناو ئاوی زێیەکانەوە، جانتای هەموومان تەڕببوو، بێگومان قورسایەکەشی دوو قات زیادی کردبوو، کێشەکە کێشەی قورسبونی جانتاکان

نەبوو خەم و دڵتەنگی باری ئێمەی قورس کرد بوو، لە هەر هەنگاوێک بیرمان لە سەرۆکایەتی دەکردەوە، دەمەو بەیان گەیشتینە شوێنی خۆمان لەو شوێنەدا ئەشکەوتی بچوکی زۆری لێبوو، لەناو ئەشکەوتەکاندا کۆتکە دارێکی ووشکی زۆر هەبوو، ماندوبون ئێمەی شەتەک کردبوو.

هەندێ لە هەڤاڵان بەبێ ئەوەی نان بخۆن هەر بە جلوبەرگی تەڕیانەوە خۆیان لێ درێژ کرد، قاچ و دەستی هەموو هەڤاڵان ئاوسا بوو، بێگومان ڕێگاو بانێکی زۆر سەختمان بڕی بوو. دوای مانەوەی هەفتەیەک چووینە ئەو کەمپەی کە بۆ زستان بەکارمان دەهێنا، هەموو ئامادەباشییەکانمان ئامادەکرد، کێشەی کەمی ئازوقەمان هەبوو، ڕۆژێکیان کۆبونەوەی بەڕێوبەرایەتیمان کرد، پیلانمان داڕشتوو چل هەڤاڵ ئەرکدار کران.

لە١٣ی شوبات بەدەم ڕەشەباوە بەفرێکی زۆر باری، بەڕۆژ چووینە شوێنی ئەنجامدانی کارەکەمان و گەیشتینەشوێنی ( س. .. ب ) ئەم شوێنە بۆ ئێمە زۆر مەترسیدار بوو، هەروەک چۆن تەماشای فلیمێکی ترسناک بکەیت ئێرەش هەروابوو، ئێمە بۆ شکاندنی ئەو ترسە کارمان دەکرد، هەر ١٥ خولەک جارێک ڕێبەرەکەی پێشەوەمان دەگۆڕی و بۆ گەیشتن بە لووتکە ١٢٢، کاتژمێر ڕێمان بڕی بەڵام هەرەسی بەفر بەسەرماندا هات، لەوێدا ٣ هەڤاڵمان بریندار بوون و هەڤاڵێکمان شەهید بوو، بەم شێوەیەبەبێ ئەوەی بگەینە لووتکە گەڕاینەوە، هەڵبەت هەرەسی بەفر زۆر ترسناکە، ئێمەش شەهید ( جوان ) نمان لەژێر بەفر ناشت، ناچارماین بگەڕێینەوە بۆ کەمپەکەمان، بەم شێوەیە نەمانتوانی ئازوقە بهێنین، تەنها توانیمان بڕیندارەکان بهێنینەوە، پێویست بوو لە

ڕەوشێکی وادا دەستبەرداری کار و خەباتەکانمان ببوینایە، هەر کاتژمێر و خولەکێکمان شەڕی مەعنەوی و ئیرادەبوو لەگەڵ خۆماندا، دەمەو تاریکی ئێوارە گەیشتینە کەمپەکەمان، لە بەر ئەوەی شەهیدێکمان دابوو ورەی هەموو هەڤاڵانمان زۆر خراپ بوو، ئێمە هیچ هەواڵێکی سەرۆکایەتیمان نەدەزانی، تەنها لەهەواڵی ڕادوێی دوژمنەوە هەواڵمان دەبیست، ئێمە نەماندەزانی کە ئەم هەواڵانە تا چ ڕادەیەک ڕاستن یان درۆن، پرسیارێکی زۆر لە مێشکی هەڤاڵان گەڵاڵە ببوو ،ئێمەش نەمان دەتوانی وەڵامیان بدەینەوە، چونکە ئێمەش هیچ هەواڵێکمان نەدەزانی تاکو وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە. بەفرێکی زۆر دەباری، لەگەڵ چەند هەڤاڵێک چووین بۆ داربڕینەوە، لەکاتی گەڕانەوەماندا چەند هەڤاڵێک بەدیار زۆپاکەوە دانیشتبون، گوێیان لە ڕادیۆ دەگرت گوێمان لێبو لە هەواڵکەدا وترا کە سەرۆکیان هێناوەتەوە بۆ تورکیا، بەڵێ ئەو کاتە مێشک و دەرونمان هەژا، هەموو هەڤاڵان دەستیان کرد بەگریان، تەمی ماتەمینی باڵی بەسەر کەمپەکەماندا کێشا، کەسمان ورتەمان لەدەمەوە نەدەهات، ئەو دیمەنەی ئەوێ زۆر ترسناک بوو، هەرگیزاو هەرگیز لەمێشکم ناسڕێتەوە.

هەروەک ئەوەی لەناو خەونێکی قوڵدابین ئەم خەونەش ئاکامەکەی هەر ئازارە، هەموو هەڤاڵان چەک و تەقەمەنێکانیان ئامادەکردو پیلانیان داڕشت بۆ پەلاماردانی مۆڵگە سەربازێکان، بێگومان زۆر مەحاڵ بوو هەڤاڵان ئارام بکەینەوە، ئێمەش کە چەند فەرماندەیەک بووین خاوەنی هەمان هەست و پڕ نەفرەتی دوژمن بوین. ناخی هەموومان ڕەش هەڵگەڕا بوو، ئێمە لە دونیایەکی تاریک و نوتەکدا دەرگاکانمان دەکردەوە، ئێمە وەکو دەستەی بەرپرس

شەو و ڕۆژ بەسەر هەڤاڵاندا ئێشکمان دەگرد هەڵبەت ئەمەش لەبەر ئەوە بوو نەک هەڤاڵێک چالاکییەک بەسەر خۆیدا بهێنێت واتا زەرەر بەخۆی بگەهێنێت، بۆ ڕۆژی دوایی ئێوارە وەک دەستەی فەرماندەیی کۆبونەوەیەکمان ئەنجام داو ویستمان لە بارەی کەش و هەواو جموجۆڵی ناوچەکەوە بگەینە بڕیارێک، بڕیار وەرگرتن بۆ هەرکارێک لەو ناوچەیەدا کارێکی دژوار بوو، ئێمە هەڤاڵێکمان لە دەستەی فەرماندەیی هەڵبژارد کەلەبارەی ڕەوشەکەوە کۆبونەوە بە هەڤاڵان بکات، لە کاتی ئەنجامدانی کۆبونەوەکە هەموو هەڤاڵان نارەحەتبوون و دەیان ووت با تۆڵەی سەرۆک بکەینەوە، هەروەها دەیان ووت با ڕێگانەدەین دوژمن بە سانایی بژی.

دوای کۆبونەوەکە ئەو شەوە من کرام بە بەرپرسی گشتی هەڤاڵان، لە بەردەم ئەشکەوتەکەدا هەڤاڵان کە پرێکی بچوکیان کردبوو، منیش چووم لێی دانیشتم و زۆر هەستم بەتەنیای دەکرد، هەموو سروشت بۆمن نامۆ بوو، تەنانەت من خۆم لە خۆمدا نامۆ ببووم، بەردەوام دەگریام، هەمیشە دیمەنەکانی سەرۆک دەهاتەوە بەرچاو کە لەسەرۆکایەتی بینیبووم، لە ناو هەستێکی زۆر قوڵ و بەریندارردا دەژیام، من خەیاڵی ئەو پلانەم دەکرد کە لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی کێشا بووم، خۆزگەی ئەوەم دەکرد کە بتوانم بگەڕێمەوە ئەو ڕۆژگارە، هەموو پرسیارەکانم بەبێ وەڵام دەمانەوە، هەموو پرسیارەکانی مێشک و دەرونم ئازاریان دەدام، دەبوایە ئەم کارەساتە ڕوینەدایە، پرسیارم لە خۆم دەکرد ئەگەر هەموو ئەمانە ئەی بۆ خەونێک نەبوایە؟ نەم دەویست باوەڕ بە هەموو ئەم ڕوداوانە بکەم، نەم دەتوانی دیل بوونی سەرۆک قەبوڵ بکەم، بیرم دەکردەوە بۆ نابێ هەموو ئەمانە خەونێک بێت و دوور



بن لەڕاستی، من لە ناو ئاسمانی خەونەکانی خۆمدا بووم و نەم زانی بەهۆی چییەوە ڕاچەڵەکام و هاتمەوە سەر هۆشی خۆم، پاشان بۆم دەرکەوت کە ماوەی چوار کاتژمێر لەناو ئەو هەموو خەیاڵدا ماومەتەوە.

هەستم بە تێپەڕبونی ئەو هەموو کاتژمێرە نەکرد بوو، چوومە دەرەوە نوتەک بوو هەروەها ڕەشەبایەکی تیژ و ڕەشەبایەک لەئارادا بوو کە سەمای بەهەموو بەفرەکان دەکرد، وامهەست دەکرد کە سروشت لەگەڵ مندا دەگری، پشتم نا بە کەڵەکە بەردێکەوەو گوێم لەئاوازەکانی سروشت دەگرت، پەیوەندی ڕوحیم لەگەڵ سروشتدا بەست و پێم ووت ئەی خاکی پیرۆز تۆش دەگریت؟ پێویستە تۆش خەم بخۆیت و بگریت، لەبەر ئەوەی ئەو کەسە گەورەیەی کە تۆی پیرۆز کردبو و، پابەندە بە بونتەوە دەستگیر کراوە ! ئایا ئازارێک لەمە گەورەتر هەیە؟

ئەی خاکی پیرۆز و بەپیت ئەو کەسە ئەوەندە مەزنە هەوڵدەدات پیرۆزیت لە ئاستی داگیرکەر بپارێزێت، ئایا تۆش دەبیتە هاوبەشی خەمم؟.

بۆ ماوەی هەفتەیەک لەشوێنەکەی خۆمان نەهاتینە دەرەوە، هەرەسی بەفر هەموو شوێنێکی داپۆشیبو، ڕەشەبایەکی ترسناک هەڵی کردبوو، بەفر ئێمەی دیل کردبوو، چونکە ئێمەدەمانویست تۆڵە لە دوژمن بکەینەوە، هەموو هەڤاڵانمان نەخۆش کەوتبون، کەس نانی پێنەدەخورا، کەس وزەی تیا نەما بوو، تێنەگەیشتین هۆکارەکەی بونی ئەو سەرما و سۆڵەبوو یاخود شتێکی تر، پێویست بوو بە زووترین کات بێینەوە سەرخۆمان، بەرەو وەرزی بەهار دەچوین و دەبوایە ئامادەباشی بکەین بۆ ئەوەی تۆڵە لە دوژمن بکەینەوە، نەدەکرا بەرامبەر ئەم تاوانە بێدەنگ بمێنینەوە، ئەم شێوازی تۆڵەکردنەوەیە لە سەرۆکەوە فێرببوین، ئەمە قسەی سەرۆک بوو کە دەیووت( لەگەڵ هاتنی بەهاردا دەبێت خۆتان ئامادەکەن بۆ ئەوەی بتوانن لەناو جەرگەی دوژمن دەست بوەشێنن)، لەگەڵ گەورەبونەوەی ڕق و کینەمان بەرامبەر بە دوژمن هیچ شتێکمان لە بەرامبەر بەڕێگر نەدەبینی. هەر بۆئەمەش بەباشی خۆمان ئامادەکرد، هەموو ڕۆژێک لەبارەی نەخشەدانانی ئەوەی کە چۆن دەست لەدوژمن بوەشێنین کۆبونەوەمان دەکرد. لەڕۆژی ٢٥ ی شوبات کۆبونەوەی بەڕێوبەرایەتیمان کرد و لە کۆبونەوەکەدا ڕەوشەکە و ڕەوشی سەرۆکایەتیمان هەڵسەنگاند، هەر بۆ ئەمەش شێوازی چالاکی و بەشداربونمان ڕەچاوکرد، دوای ئەمەش پیلانێکی باشی چالاکیمان دارشت، دوایش گەنگەشەی ئەوەمان کرد کە کێ بەشداری لەو چالاکییەبکات، سەرەتا

من و هەڤاڵ ( ش. . شڤان ) پێشنیارەکانی خۆمان هێنایەزمان، کاتێک هەموو هەڤاڵان داخوازی ئەوەیان دەکرد کە بەشداری ئەم چالاکییە بکەن، بێگومان ئەمەش بۆ ئێمە کێشەی دروست دەکرد، باشە ئەمە چۆن دەکرا؟ لە ئەنجامدا بۆچونەکانی من و هەڤاڵ شڤان قورسایی خۆی بەدەست هێنا، ئیتر کاتی ئەوەها تبوو بڕیارەکانی کۆبونەوەکە بکەینە باری پراکتیکەوە.

توانای خۆمان کۆکردەوە ئێمە لە٢٨ ی مارت کە ساڵ یادی شەهیدبونی هەڤاڵ ( عەگید ) بوو وەکو گروپی گیانباز بەڕێکەوتین، بێگومان تۆڵە و هەیەجان و ئازار و خەم لە یەککاتدا لە ناخماندا بوو، دەمەو ئێوارە گەیشتینە شوێنی مەبەست، دەمەو بەیان گەیشتینە خاڵی چالاکییەکە و کاروانێکی دوژمن بە دیکەوت، ئیتر کاتی تۆڵەسەندنەوە بوو، پێویست بوو زێی مونزور بەخوێنی دوژمن سوور بکەین.

من لەسەنگەرێک و هەڤاڵ شڤان و تێکۆشین لەسەنگەرێک دابوون، دوژمنمان کردە ناو بازنەی خۆمانەوە، هەموو چەکەکانمان لەیەککاتدا دەستیان بەتەقەکرد، دوژمن شڵەژا بوو، نەیاندەزانی تەقە لەکێ بکەن، پێویست بوو هیچ فیشەکێکمان بەفیرۆ نەدایە، هەر فیشەکێکمان بۆ تۆڵەی سەرۆک بەدوژمنەوە دەنا، هەموو بواری شەڕەکە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەوە، توانیمان هێزی دوژمن بە تەواوی لەناو ببەین، دوایش پاشەکشێمان زۆر بەباشیکرد، هەڤاڵ تێکۆشین باوەشی پێداکردم و ووتی تۆڵەی سەرۆکمان زۆر بەباشی کردەوە. دوای چەندین ساڵ گرنگی ١٥ی شوباتم بە باشی بۆ دەرکەوت، تەنها دەست وەشاندن لە دوژمن بەس نییە، بەڵکو دەبێت ڕخنەو پێداچونەوەی هەڤاڵێتی ناوخۆشمان بکەین.

هەڵبەتەهەموو ئەمانەم لەپەرتوکی بەرگرییەکەی سەرۆکەوە بۆ دەرکەوت، وا جارێکی تر ١٥ی شوبات نزیک دەبێتەوە پێویستە ئێمە پرسینەوەی زاتی بکەین، هەڵبەت تا کات بە سەر بچوایە لە سەرۆکەوە زیاتر ئامانج و مەبەستی ئەم پیلانە نێودەوڵەتیەمان بۆ ڕونتر دەبۆوە، حاڵی بوون لەسەرۆک بە واتای چارەسەرکردنی هەموو کەموکوڕییەکان دێت، ئەم١٥ی شوباتەدەبێت بکەین بە ئامانجمان بۆ ئازاد کردنی سەرۆک، من ١٥ ی شوباتم خۆشناوێت، چونکەهەست بەهەمان ئازار دەکەم، ئەگەر چی ساڵانێکی زۆریش تێپەڕ بوبێت مەحاڵە ئەمە لە بیر بکەین، ئێمەئەمرۆ ئەرکی بە پارتی بوون و بە کادێربون و بە گەریلا بونمان لە پێشدایە، ئەگەر ئێمەبمانەوێت ئەم گەلەکۆمەیەپوچەڵ بکەینەوە ئەوە دەبێت بە گوێرەی داخوازێکانی سەرۆک خۆمان ڕێک بخەین، ئێمە دەتوانین تەنها بەم ڕێگایە وەڵامی ١٥ی شوبات بدەینەوە، ئەگەر ئێمە شۆڕشی ویژدان و زهنییەت نەکەین هەرگیز ناتوانین بگەینە ترۆپکی ئازادی، بێگومان ١٥ ی شوبات پەڵەیەکی ڕەشە بە ناوچەوانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە. هەر بۆیە نەعلەت لەو زهنییەتە دەکەم کە١٥ی شوباتی خوڵقاند.

دەبێت ڕۆژێک لەپێناو وڵات و

خۆشەویستی گەلەکەم بمرم

**نێچیر خەبات**

کچێکی نەشمیلە و جوان لە گوندی ( ئێرکەند ) نزیک چیای ( هەرەکۆڵ ) لەدایک بوو، دانیشتوانی ئەم گوندە هەموویان وڵات پارێز بوون، خاک و نیشیمانەکەی خۆیان خۆشدەویست، ئەم گوندە خاوەن چەندین شەهیدن، ئەگەر چی نەشتوانین بە تەواوی وەسفی ئەم گوندەش بکەین بەڵام هەمیشە ڕوحی وڵاتپارێزیان لە پێش هەموو شتێکەوەیە، هەرێمی بۆتان لە مێژووی کوردا خاوەن پێگەیەکی تایبەتی خۆیەتی، ئەم هەرێمە بە چیا سەرکەشەکانی خۆی ناسراوە وەک ( هەرەکۆل. پیرۆ و کاتۆ ) بێگومان خاوەن دەوڵمەندیەکی سروشتی خۆیەتی لە هەموو بوارێکەوە، هەڤاڵ ڕەنگین هەمیشە باسی جوانی و دەوڵەمەندی هەرێمەکەی خۆی بۆ دەکردین دەیووت ( من خەڵکی گوندی ئێرکەنم، ئایا ئێوە دەزانن بۆچی هاتومەتە ناو شۆڕشەوە؟ من لە کاتێکی زۆر گونجاودا بەشداری ڕێکخستنم کرد، لەساڵی ١٩٩٣ بەشداریم کرد، ئێمە دوو کەس بووین کە بەشداریمان کرد، هەڤاڵەکەم ناوی ڕوکەن بوو، ڕێمان گرتەبەر و بەشوێن هەڤاڵان دەگەڕاین، تەنها ئێمە دەمانزانی کە هەڤاڵان لە هەرێمی بەستە لە سەر چیای هەرەکۆلن، لەوکاتەدا هەڤاڵان خەلیل و سۆزدارم بینی، کاتێک گەیشتینە ئەوێ پێمان ووتن کە دەمانەوێت بەشداری ناو شۆڕش بکەین، ئەوانیش تەماشایەکی ئێمەیان کرد و پێیان ووتین هێشتا زۆر گەنجن زۆر زووە چەکتان بدەینە دەست، منیش دوای تێڕوانینێک و هەڵوێستەیەک پێم ووتن ئێوە ناتوانن دەست بەڕوماندا بهێنن، هەڤاڵ خەلیل بانگی منی کرد و پێی ووتم هەڤاڵ رەنگین وەرە دانیشە و پێم بڵێ بۆچی تۆ هاتویتە ناومان و ئایا تۆ ئێمە دەناسی؟ ، منیش ووتم هەڤاڵ وەک دەزانیت من خەڵکی گوندی ئیکەندم، ئێوەش

باش دەزانن کە دوژمن گوندەکەمانی وێران کردووە و ئەمەش ئازارێکی زۆریداوم، با بۆتانی بگێڕمەوە، ڕۆژێکیان لەگەڵ هەموو منداڵانی گوند یاریمان دەکرد ، خەڵکی گوند ئەو ڕۆژە خەریکی کاری ڕۆژانەی خۆیان بوون و هەمووشیان بەختەوەر بوون، دوای هەستمان کرد کە کاروانێکی سەربازی بەرەو گوندەکەمان دێت، دوای گەیشتنیان بە گوندەکەمان هاواریان لە گوند نشینەکان کرد و ووتیان بە زووترین کات لە گوندەکە چۆڵکەن یاخود هەمووتان گوللەباران دەکەین، هەموومان کۆبوینەوە و خەڵکەکە منداڵانیان کردەسەرشانیان و هەمدیسانەوە سەربازەکان بە توڕەییەوە هاواریان لێکردین و ووتیان ئەگەر هەر ئێستا لە گوندەکە دەرنەچن هەمووتان دەکوژین، ژنێکی گوندەکەمان بەسەربازەکانی ووت ئێمە چیمان کردوە تاکو ئێوە لە گوندەکەمان دەرمان دەکەن؟ . یەکێک لەسەربازەکان ووتی تۆ بۆ بەکوردی وەڵامی ئێمە دەدەیتەوە ! ئەگەر بەم زمانە قسە بکەیت گوللە بارانت دەکەم، ژنەکەش وەڵامی دایەوە و پێی ووت بۆچی زمانێکی ترمان هەیە تاکو وەڵامی ئێوەی پێ بدەمەوە؟ ئەم زمانە زمانی باو و باپیررانمە !، لەم کاتەدا پیاوێک هاواری کرد و ووتی بۆ خاتری خودا، من بکوژن بەڵام لە گوندەکەم دەرم مەکەن، ئەو ڕەز و بێستانانە هی منن، من لێرە هاتومەتە دونیاوە و لێرەش دەمرم، تەماشای ئەو گۆڕستانەب کەن ئێسکو پروسکی باوباپیرانمان لێرەدایە با ئێسک و پروسکی منیش لە پاڵ ئەواندا بێت، لە دڵی سەربازەکە هیچ ویژدانێک نەبووە ڕێگر، دەست ڕێژێکیان لێکردین و ووتیان دەبێت هەر ئێستا ئێرە چۆڵکەن، تەقەیان بەسەر خەڵکدا کردو دوایش گوندەکەیان سوتاند، منیش لەو خەڵکەم دەڕوانی کە دەگریان و هاواریان

دەکرد و قیژەی منداڵان دەگەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان، کاتێک خەڵکەکە لە گوندەکە دەردەچون هەر ئاوڕیان لە گوندەکە دەدایەوە، هەرگیز دڵۆپێ بەزەیی لە چاوانی سەربازەکاندا بەدی نەدەکرا، گوندەکەیان سوتاند و دوایش قسەی ناشرینیان پێووتین ئینجا ووتیان ئەم گوندە گوندی جوامێرانە دوای ئەم سوتاندنە ئیتر جوامێری تیا هەڵناکەوێت، ئەوکاتە من و هەڤاڵ ڕۆکان ووتمان با بچین بەشوێن گەریلادا بگەڕێین، لەبەر ئەوەی دەمانزانی کەگەریلا لەم ناوچەیەدایە چونکە زوو، زوو دەهاتنە گوندەکەمانەوە، هێواش، هێواش رومانکردە چیای هەرەکۆل، کاتێک تاریکیمان بە سەرهات خۆمان گەیاندە بەر نزارێک، بەخۆمانمان ووت سبەی هەر دەگەینە هەڤاڵان. بەڵێ ئێمە گەیشتین پێتان وهەر ئەم شەویش دەمانەوێت ببین بەگەریلا ).

هەڤاڵانی کچ لە چواردەورمان دانیشتن و گوێیان لە ئێمە دەگرت، ئەم چیرۆکەی من کاریگەرییەکی زۆری تێکردبوون، هەڤاڵێکی گەنجیان تیابوو کەناوی ڕۆژدا بوو بانگی منی کردو ووتی هەڤاڵ ڕەنگین ها جامێ ئاوی سارد بخۆرەوە و هۆشتهێنەوە سەر خۆت،

هەڤاڵ خەلیل و سۆزدار تەماشای ئێمەیان دەکرد و نەیان دەزانی چیمان پێ بڵێن، دوای گەنگەشەی نێوان خۆیان ڕازیبون کە ئێمە بەشداری تەڤگەری ئازادی کوردستان ببین، هەر هەڤاڵێک خەڵکی پارچەیەکی کوردستان بوو، ئەمەش بۆمن شتێکی نوێ بوو، چونکە من شتێکی ئەوتۆم نەدەزانی، بە تایبەتی فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای پەکەکە م نەدەزانی، تازە بەتازە بەشداری پەروەردەم دەکرد و بە داخەوە خوێنەواریشم نەبوو، لەبەر ئەوەی لە گوندەکەمان

قوتابخانە نەبوو، لەبەر ئەم هۆیەش هەڤاڵان سەرەتا فێری نوسین و خوێندنەوەی کوردیان کردین، شەونخونیەکی زۆرم چێشت بۆ خوێندنەوەی پەرتوکەکانی سەرۆک ئاپۆ، لێرەدا فێری شتێکی زۆر بووم وەک پەروەردەی سیاسی و سەربازی.

ڕۆژێکیان ئێمە گروپێک بووین دەچوین بۆ ( پەیور ) نزیکی گوندەکەمان بوینەوە، دوای ماوەیەک تەماشاکردن لێی دانیشتم، بیرەوەریەکی زۆری کۆنم کەوتەوە یاد، بێگومان هەڤاڵان زۆر دڵتەنگ بوون کەمنیان بەم شێوەیە بینی، ئەوکاتە پەرتوکێکی سەرۆکم خوێندبۆوە لەژێر ناوی مێژووی کوردستان و وڵاتپارێزی، لەم کتێبەیدا سەرۆک دەیووت مرۆڤ لەو خاکەی تێیدا گەورە بووە، ئەوەندە ئاسان نییە دەستبەرداری بێت، ئازادی لە هەموو شتێکی تر بە نرخترە بەڵام کۆیلایەتی گەورەترین ڕوخانە.

خۆزگە پێش ئەوەی گوندەکەمان وێران بکرێت بەم ڕستەیە ئاشنا دەبووم، خۆزگە دەمتوانی گوندەکەمان بپارێزم، بەڵام لە ئێستا بە دواوە بە چەکی خۆم و بەو زانستەی سەرۆک پێی بەخشیوم و بەو هیوایەی کە سەرۆک لە دەرونمدا پێکیهێناوە زیاتر و زیاتر خاکەکەم دەپارێزم.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ من و هەڤاڵەکەم زانستمان لە بارەی ڕێکخستنەوە گەشەی دەکرد، چونکە هەڤاڵان خەلیل و سۆزدار هەوڵێکی زۆریان دەدا کە ئێمە پێش بخەن، هەمیشە هەڤاڵ خەلیل پێی دەووتم تۆ گەنجیت مێشکت لە تەمەنت گەورەترە هەربۆیە زوو پێشدەکەویت،

منیش بە هەڤاڵ خەلیلم دەووت ئێرە شوێنی جوامێرانە، ئەگەر چەندێک هەوڵیش بدەم ناتوانم ببم بەخاوەنی ئەم هەموو بەها بە

نرخانە.

هەڤاڵ سۆزدار هەمیشە سەرقاڵ بوو پێمەوە، فێری دەکردم چۆن ژیانم خۆشبوێت، بە تایبەتی لەم بارەیەوە پەروەردەی دەکردم، بەتایبەتی لە بارەی فەلسەفەی سەرۆکایەتی و نزیک بونەوەی سەرۆک لە کێشەی ژن، جارێکی پەرتوکێکی سەرۆکم لە بارەی پرسی ژنەوە خوێندەوە، بە شێوەیەکی زۆر دڵخۆشانە بانگی هەڤاڵانم کرد، دەمویست ئەوەی خوێندومەتەوە و فێری بوومە بە هەڤاڵانی بڵێم، سەرۆکایەتی لەم کتێبەیدا دەڵێت لەئەنجامی کاری دەستی دایکانەوە کۆمەڵگا پێکهاتووە، ئێستاش ئەم بەرهەمانەی لە بەردەستانە هەر لەکاری دەستی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ڕاستیدا لە گوندی ئێمەش کاری دەستی زۆربوون وەک دۆشین، دەستاڕ و تەشی و شتی زۆری تر، ئەو کاتە هەموو هەڤاڵان بە دڵخۆشییەوە بە من پێکەنین، هەموو ڕۆژێک فێری شتی نوێ دەبووم، ئەو کاتە هەڤاڵ سۆزدار پێی ووتم هەڤاڵ ڕەنگین کاتێک سەرۆکایەتی ببینیت ئەوکاتە بۆنی ئازادی دەکەیت، من ئەو کاتە بۆ ئەوەی ئایا چۆن دەتوانم زیاتر خۆم پێش بخەم کەوتمە ناو دەریای خەیاڵێکی قوڵەوە، دوای ماوەیەک پەروەردەمان تەواو بوو، بەڵام هەر یەک لە هەڤاڵانمان لە دوای ئەو پەروەردەیەدا چوون بۆ شوێنی جیاواز، ئەگەر چی ئەم جیابونەوە بۆ ئێمە کە ناڕەحەتیش بوبێت، بەڵام بە شێوەیەک غەمگینیش نەدەبوین، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی ئێمە بۆ یەکتری لە سەر بناغەی ڕوحی ئاپۆجێتیەوە بوو، لەلایەکی تریشەوە لەم پەروەردەیەدا هەڤاڵێکی زۆری نوێم ناسی.

ئەوەی کەدڵی منی زۆر خۆشکرد بوو ئەوە بوو کە من بەشداری

ناو ڕیزەکانی گەریلا ببووم، ئەمەش بۆ من بەختەوەرییەک بوو، بەڵام هەندێ خوڕەوشتی ناشازیشم دەبینی کە بەرامبەر بەژن دەکرا، ئەو هەڤاڵانەی کە تەنها لە بارەی بەدەنییەوە خۆیان پێشخستبوو ئەو هەڤاڵانەی هەندێک لاوازبوون لە دواوەی پلانەکان دادەنران، یەکەم جاربوو کە زهنیەتێکی ئاوا ببینم، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرخودانی ئێمە زۆر مەزن بوو نەمان دەهێشت کە ئەو کاری ناشازانە کاریگەری بکاتە سەرمان، بێگومان ئەگەر ڕێگامان لێنەگرتنایە خەباتی ئێمەیان دژوارتر دەکرد. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەکەوتینە ژێر کاریگەری ئەو بەرپرسیارێتیەی کە سەرۆک دابووی پێمان لە بارەی نرخدان بەژن، لە بەر ئەوەفیداکاری لە هەمووومان دەخوازرا و ئێمەش ئەم ئەرکەمان بەجێ دەهێنا، بۆ ئەوەی لە پەیڕەوی ناو خۆمان توشی هەڵدێری نەبین، ئێمە زۆر بە وریاییەوە دەجوڵاینەوە، هەموو هەڤاڵانی کچ بە هەموو توانایەکیانەوە بۆ ئەم مەبەستە کاریان دەکرد و هەموو توانای خۆیان دەخستەگەڕ.

لە بەر ئەوەی بەباشی شارەزای ناوچەکە بووم ڕێبەریم بۆ هەڤاڵان دەکرد، ئەو ماندوبونەی من دەمچێشت لەلایەن هەندێ هەڤاڵانەوە بەباشی پێشوازیان لێدەکردم و هەندێ هەڤاڵیش بە پێچەوانەوە کەمن لێیان حاڵی نەدەبوم وەک جەلال شڕناخی، بۆ نمونە نزیک بونەوەی هەڤاڵان خەلیل و ماهیر زۆر پتەو بوو هەروەها لەنزیک بونەوەیان لەبەرامبەر بە ژن زۆر بەڕێزەوە بوو، بەڵام هەڤاڵ جەلال زۆر بێ ڕێز و وشک بوو، هەر لەبەر ئەمەش ئێمە زیاتر لە هەڤاڵ خەلیل نزیک دەبوینەوە، لەبەر ئەوەی لەنزیک بونەوە لەودا بیردۆزی سەرۆکمان دەبینی.

لەساڵی ١٩٩٣ دا لەهەرێمی بەستا دوژمن ئۆپەراسوێنێکی

گەورەی دەست پێکرد، هەموو هەڤاڵانی کچ کەوتنە ناو ئەم ئۆپەراسێنەوە، هەڤاڵ ڕۆژا دوای قارەمانێتییەکی مەزن چووە کاروانی شەهیدانەوە، لەم کاتەدا هرسی ئێمە زیادی کرد هەروەها خۆمان زیاتر کۆکردەوە کە بەرگریەکی زیاتر بکەین، هەمووبان لە شوێنێکدا کۆبوینەوە، ئەو دەمە فەرماندەی ئێمە هەڤاڵ سۆزدار بوو، ئەویش بۆ قسەکردن خەریکی ڕاکاڵەکەمان بوو، بەڕوخۆشییەوە بینیمان بەرەو ئێمەدێت، من و چەند هەڤاڵێکمان بەرەو هەڤاڵ سۆزدار چووین، ئەو کاتە سەرۆک بڕیاری دابوو کە لەشکری ژن پێکبهێنرێت، بەگشتی هەڤاڵانی کچمان هەموویان دڵخۆش بوون بەڵام بیرمان لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەم فەرمانەی سەرۆک جێبەجێ بکەین، ئەمە یەکەم جار بوو لە مێژوودا کە لەشکری ژنان پێکبهێنرێت، لەناو ئەم پێکهاتە نوێیەدا تەنها من و هەڤاڵ نەجا گەنج بوین، ئێمە ڕۆڵی سەرەکی ژن لە ناو شۆڕش و کۆمەڵگادا بە باشی نەدەزانی، ئەو دەمە هەموو هەڤاڵانی کچ خەباتێکی پتەویان دەکرد بۆ بەدیهێنانی هەموو ئەم ئامانجانە، بەڵام هەندێ نزیک بونەوەی فیودالی و گوندێتی ئێمەی دوا دەخست لە کارەکانماندا. دێتەوە یادم کە هەڤاڵێکمان ناوی مەنال بوو دەیووت بۆ ئەوەی بگەینە ئامانجەکانی خۆمان و ئەو پرۆژەیەی کە سەرۆک خستویەتی بەردەممان دەبێت بتوانین بەرخودانی بۆ بکەین و لە شەڕیشدا سەرکەوتن بە دەست بهێنین ،

ئەو کاتە ئەو هەڤاڵانەی زیاتر هاریکاری ئێمەیان دەکرد تەنها هەڤاڵان خەلیل و ماهیر بوو، لەبەر ئەوەی ئەم دوو هەڤاڵە گرنگیەکی زۆریان دەدایە پێرسپێکتیفەکانی سەرۆک، ئەوان باشتر لێی حاڵی دەبوون، هەر چەندە زەحمەتیشی هەبوو بەڵام کارێکی زۆر

دەکرا بۆ پێکهێنانی ئەم لەشکرە، ئیتر وامان لێهات هەڤاڵانی کچان بۆخۆیان دەچوونە کەشف و بۆسەیان دادەنا و دەکەوتنە شەڕەوە، ئێمە بەرخودانێکی زۆرمان دەکرد، لەم بارەیەوە سەرۆک دەیووت ئەگەر یەکێک شەڕبکات مەزن تر دەبێت ئەوەی مەزنیش بێت خۆشەویستر دەبێت.

بەڵێ هەڤاڵ ڕەنگین ئەم پێناسەیەی وەک پرانسیپێک بینی و خۆی پێوە گرێدا، هەرچەندە هەڤاڵ ڕەنگین گەنجیش بوو، بەڵام خاوەنی چالاکییەکی مەزن بوو، لەڕوح و بەدەنیدا لە ناو حەسرەتی ئازادیدا دەژیا، هیچ شتێک ناتوانێت جێی خوشەویستی و گرێدراوی ئەو بگرێتەوە بەرامبەر بە خۆشەویستی وڵاتەکەی هەروەها هێڵی ئەو هێڵی سەرۆکایەتی دەپاراست. دژواترین شەڕی ئەو بەرامبەر بە پاشڤەڕۆی بوو، بێگومان گرێدراوی ئەو بەرامبەر بە کێشەی ژن ناهێنرێتە زمان، دەمەوێت یادگارییەکی ئەو بگێڕمەوە، جارێکیان دەچوینە سەر گردێک شەوێکی زۆر تاریک بوو، باران و ڕەشەبایەکی زۆر لە ئارادا بوو، لەو دەمەدا هەڤاڵ ڕەنگین ئێشکگری ئێمە بوو، چوبووە سەر دارێکی زۆر بەرز، هەڤاڵێکی ترمان کە ئەویش گەنج بوو ناوی ڕۆژدا بوو، بانگی هەڤاڵ ڕەنگینی کرد بەڵام ئەو ووتی وازم لێبێنە من لەئاسماندام، هەڤاڵ فیدان پێکەنی و ووتی ئێمە ناتوانین پێشخۆمان ببینین، دوایش هەڤاڵ ڕەنگین بە پێکەنینەوە وتی ئێوە دەزانن من لەسەر دارم، هەمیشەهەڤاڵ ڕەنگین جێی دڵخۆشی و پێکەنینی ئێمە بوو، لەبەر ئەوەی دوژمن لێمانەوە نزیک بوون، نەمان دەتوانی ئاگر بکەینەوە، باران زۆری بۆ هێناین و هەمووشمان تەڕ ببوین، لەبەر ئەوەی هەڤاڵ ڕەنگین خەڵکی گوند بوو ئەزمونی ئەو لە ئێمە زۆرتر بوو، پێی ووتین کە دەبێت جلەکانی خۆمان



دابکەنین و بیانگوشین، هەموو شەوێکی تاریک هەڤاڵ ڕەنگینم دەهێنێتەوە یاد، دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە هەڤاڵ ڕەنگین زۆر حەزی لە سواری ئەسپ بوو، هەڤاڵ ڕەنگین بە گوێرەی ویستی خۆی بەشداری هەموو چالاکیەکانی نەکرد بوو، ئەگەر چی نەدەویسترا کە هەڤاڵ ڕەنگین بەشداری چالاکییەکان بکات، لەساڵی ١٩٩٤ لەهەرێمی بەستا ویسترا پەلاماری بارەگای دوژمن بدەن بەخێرایی ئەمادەباشیەکان کرا تاکو لە شەودا هێرشەکە ئەنجام بدەن، هەڤاڵ ڕەنگین ویستبووی کە بەشداری چالاکییەکە بکات، لە ئەنجامدا لە کۆتایی شەڕێکی دەستەو یەخەدا هەڤاڵ ڕەنگین و ئۆزگور و زۆزان شەهید بوون، هەڵبەت هەموومان بە شەهادەتی هەڤاڵ ڕەنگین غەمگین بووین، تەنانەت سەربازی دوژمن کەچوبونە سەر تەرمەکەی پێی غەمگین ببوون.

بەڵێ هەڤاڵ ڕەنگین ئەو ڕێ و هیوا مەزنەی تۆ و هەڤاڵانی شەهید پێوەی گرێدرابوون هەموو ئەم ئامانجانەی زیاتر و زیاتر مەزنتر کرد، مەخابن دڵنیام ئەگەر ئەمڕۆت ببینیایە بەختەوەر دەبویت، ئێوە لەشی خۆتان بەخوێن سورکرد و پەیامێکن بۆ ژنی ئازاد.

ئەو ڕێگایەی بەرەو ئازادی دەڕوات

لەو کەسانەوە تێدەپەڕێت کە،

دەیخوڵقێنن

**سەعادەت فەرهاد**

هەندێ جار مرۆڤ لەناو شۆڕشدا ڕوبەڕوی هەندێ ڕوداو موعجیزەی وا دەبێتەوە کە هەرگیز خەیاڵی بۆ ناچێت. لە سەختترین بەشێکی جوگرافیای کوردستاندا ڕێمان دەکرد، ئێمە نامۆی ئەم جوگرافییە نەبووین، بەڵکو نەوەی ئەم جوگرافیایەین، ئەگەر چی جەلادەکان ئێمە بەم جوگرافییەشەوە نەبەستنەوە، ئێمە بەدڵ وگیانەوە گرێدراوی ئەم خاکەین، چونکە ئێمە گرێدراوی ئەو سەرۆکەین کە ئەم خاکەی بە ئێمە ناساند و ئێمەش لەم خاکە گەورە بووین، بێگومان هەر سەرۆکیش فێریکردین کە چۆن گەورەبین ! کاتێک بە سەر ئەم جوگرافییەدا ڕێمان دەکرد، هەر هەنگاوێکمان مانایەکی گەورەی نوێی پێدەبەخشین.

لەکۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٩٠ دا بوو، گەڵاوەرین دەستی پێکرد بوو، هەروەرزێک لە سروشتی خۆیدا جوانە. شەو و ڕۆژ ڕێمان دەکرد، ئیتر کاتی ماڵئاوایی و جیابونەوە هاتبوو لە هەرێمی دێرسیم، هەڵبەت ئامانج و ڕێگامان لەلا ئاشکرابوو، بەرەو ڕووناکی ڕێمان گرتەبەر، ئەم کاروانەمان وەک ئەوانی تر نەبوو، ئەم جارەیان دەچووین بۆ ناسینی جیهانێکی نوێ، ئەمەش دروشمی لەدایک بونێک و سەرەتایەکی نوێ بوو، ئەوەی لەبیری ئێمە دەمایەوە لەم ڕۆشتنە تەنها یادگارێکانمان بوو، ئەوەی لەلای ئێمە گرنگ بوو تەنها گەیشتنمان بوو بە ڕۆژ.

لە ماوەی چوار مانگدا گەیشتینە هەرێمی هەفتانین، لە یادم نەماوە چەند ئاو و بۆسەمان بڕی، هەست بە هەموو ئەو مەترسیانە دەکەم کە لە ناوچەکە ڕوبەڕوی بوینەوە. ئێمە لە مردن نەدەترساین بەڵکو لە نەبینینی سەرۆک دەترساین، بە درێژایی ئەو هەموو ڕێگایە خەمی ئێمە ئەوە بوو کە بەزووترین کات ڕێگا ببڕین و بگەینە ئاواتی

خۆمان، دەمانویست بە زووترین کات بگەینە لای سەرۆک و دەستی بگوشین و سڵاوی لێبکەین ئیتر مردن لە کوێیەوە دێت با بێت بە خێر بێت ! بە درێژایی ڕێگا دروشم و خەیاڵی ئێمە هەر ئەمە بوو، هەموو ئەم هەستانەمان وای لە ئێمە کردبوو کە هەموو توانایەکی خۆمان بخەینەگەڕ بۆ تەواو کردنی ئەم ڕێگایە. زاتەن ئەم خواستەمان هێز و توانا و وورەی بە ئێمە دەبەخشی، گوێمان بە سەختی ڕێگاوبان نەدەدا، بەدرێژایی ڕێگا خەیاڵی ئێمە هەر لەلای سەرۆک بوو.

بەگەیشتنمان بە هەفتانین کاتی ئامادەباشی کۆنگرەی چوارەم بوو، ماوەیەک لە هەفتانین ماینەوە، بەیانییەک هەڤاڵ ( ج ) گروپەکەی ئێمەی بانکرد، پێی ووتین دەبێت خۆمان ئامادەبکەین لەبەر ئەوەی دەچین بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی. بەم شێوەیە ئیتر ئەو کاتە هات کە چەند مانگێک بوو چاوەڕێمان دەکرد، زۆر بەختەوەر بووم !.

لەگەڵ هەڵاتنی تیشکی خۆردا بە ڕێکەوتین، فەرماندەی گروپەکەمان هەڤاڵ ماهیر بوو، هەڤاڵێکی زۆر بە توانا بوو. دوای گەیشتنمان بە شوێنێک چەند ماشێنێک هاتن سواری ماشێنەکان بووین، ئێمە لە گەڵ سواری ماشێن ڕانەهاتبووین، دەمەو ئێوارە گەیشتینە سنوری سوریا، هەر ئەوکاتە سنورمان بڕی، دوای کاتژمێرێک ڕۆیشتن گەیشتینە گوندێک هەڤاڵێکمان دای لە دەرگای ماڵێک و چووینە ژورەوە. هەمومان ماندوببووین و لەشمان لە قوڕ و چڵپاودا بوو، ئێمە لە ناو خاکی سوریادا بووین و ئەم پارچە خاکە بۆ من نامۆ بوو بۆ ئەویش من، لە ژورێکدا دانیشتبووین پیاوێک هاتە ژورەوە کابرایەکی سەیر بوو، کابرایەکی باڵابەرز و عەگال لە سەربوو، جوتێ سمێڵی فشی هەبوو، جلوبەرگێکی سەیری

لە بەردابوو دوای پێیان ووتم کەئەم پیاوە کولتوری عەرەبی لە خۆگرتووە، ڕێک بەرامبەرم دانیشت، من لەم دیمەنە بچوکەوە بۆم دەرکەوت کە دوژمن چۆن کوردانی لەیەکتر نامۆ کردووە، هەڵبەت ئەمەش تراژیدیایەکە.

ڕۆژێک لەو گوندە ماینەوە ئێوارە کراسی مەکسیان بۆ هەڤاڵە کچەکان هێنا، هەروەها لەچکیشیان کردەسەرمان، دوای خۆ گۆڕین لە گوندەکە دەرچووین، هەڵبەت ئێمە فێرنە بووین بە نەعلو و مەکسیەوە ڕێ بکەین ئەمە ناڕەحەتییەک بوو بۆ ئێمە، هەڤاڵمان شەهید حاجی گاڵتەی پێدەکردین، هەڤاڵ حاجی ئەوەندە گاڵتەی پێدەکردین و بە ئێمە پێدەکەنی تەنانەت نەیدەتوانی ڕێگا بکات، ئەگەر چی ڕەوشی ئێمەش شایەنی گاڵتەپێکردن بوو سەرەڕای ئەمەش توانیمان بەم شێوەیە لە نیوەی شەودا بگەینە شوێنی مەبەستمان، بەم گەیشتنەمان زۆر خۆشحاڵبووم، بۆ بەیانێکەی چووینە ماڵی وڵاتپارێزێک، لەبەر ئاوەی کوردیم نەدەزانی من نەم دەزانی کە ئەوان باسی چی دەکەن، لەو ماڵەوە چووین بۆ شام، من خەیاڵی ئەوەم دەکردەوە کە لە شام سەرۆک دەبینم، کەس شوێنی سەرۆکی بە ئێمە نەدەووت، دەچوومە هەر شوێنێک چاوم بۆ سەرۆک دەگێڕا، لەبەر ئەوەی تامەزرۆی بینینی بووم دەم ویست کات بەفیڕۆ نەدەین و هەرچی زووە بچین بۆ لای سەرۆک، من وام دەزانی لەم ماڵەدا کات ڕاگیراوە، ئەم چاوەڕوانییە زۆر ناخۆشبوو، ئێمە ئاراممان لە بەردا نەمابوو دەمانویست بە زووترین کات سەرۆک ببینین، ئێوارەیەک هەڤاڵێک هات و ووتی ئامادەبن دەڕۆین، ئەم هەواڵە ئێمەی زۆر دڵخۆش کرد، هەڤاڵ ئورهان پێشمان کەوت و لە سەر قاڵدرمەکە هاتینە خوارەوە، پێی ووتین

دەبێت هەندێ ووریابین کاتێک دەچنە دەرەوە نابێت وەک گەریلا ڕێگا بکەن و نابێت کارێک بکەن کە سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆمان ڕابکێشین. ڕێگامان کردو بێگومان ئەوەی لێمان ویسترا هەمووی جێبەجێ نەکرا، ئێمەهەر وەکو شێوازی گەریلا ڕێمان کرد نەمان توانی لەو شێوازە خۆمان دابڕین. هەڤاڵ ئۆرهان بۆ ڕێگرتن لەم حاڵەتە زۆر ماندوو بوو پێمانەوە، بە ماشێن تا شوێنێکی دیاری کراو ڕۆشتین، ئیتر نزیک بوینەوە لەو شوێنەی کە مەبەستمان بوو، من چاوم هەر بۆ سەرۆک دەگێڕا، لە قوڵای دەرونمەوە هەستم بەنزیکی سەرۆک دەکرد، هەستم دەکرد کە لە هەر هەنگاوێک لە ئازادی و هیوا نزیک دەبمەوە، دوای سەرکەوتن بە بەرزاییەکدا چووینە پێدەشتێکەوە، چاوم بە ئاکادیمیای مەعسوم قۆرکماز کەوت، گەیشتینە باوەشی سەرۆکایەتی و پەکەکە، بەم شێوەیە گەیشتینە ئاواتی خۆمان، لەوێ ئێمەیان بردە شوێنی حەوانەوە، من لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەم دەکرد، ئێمە هەر چاوەڕێی هاتنی سەرۆکمان دەکرد، لە ئەنجامدا سەرۆک هاتەژورەوە و بە گەرمی بەخێرهاتنمانی کرد، سەرۆک ناوی یەک بەیەکمانی پرسی و هەروەها هەواڵی ماندوبونمانی پرسی، دوای ئەوەی هەندێ دیالۆگی لەگەڵمان کرد بە هەڤاڵانی ووت ( با هەڤاڵان نان بخۆن. . پشوو بدەن وەک دەزانن لە ڕێگای دوورەوە هاتوون ).

ئەم قسانەی سەرۆک زۆر کاریگەری کردەسەرم ، هەر قسەیەکی شایەنی بیرکردنەوە بوو، من تازە بەژیانێک و جیهانێکی نوێ ئاشنا ببووم، وام دەزانی خەو دەبینم، قسەو باوەشپێکردن و نزیک بونەوەی سەرۆک منی هەژاند، هەستمان دەکرد لە باڵندەیەکی ئازاد دەچین، ناتوانم ئەو هەستە خۆشە بهێنمەزمان، کاتێک

باوەشم کرد بە سەرۆکدا دەستم کرد بەگریان، سەرۆک بەدەستی خۆی فرمێسکی چاومی سڕی و ووتی ( دیارەهەڤاڵان زەحمەتیەکی زۆریان چێشتوە، هاتن لە دێرسیمەوە بۆ ئێرە خۆی لە خۆیدا موعجیزەیەکە) !.

من لەح اڵەتی ئەوەدا نەبووم کە هیچ بڵێم، تەنانەت نەم توانی ووشەیەک بدۆزمەوە کە پێناسەی هەستی خۆمی پێ بکەم، هەڤاڵانی تریش هەروەک من وابوون، ئەو ساتەکاتی دۆزینەوەی کەسایەتی خۆم بوو لە ئاسمانی ئازادی و مرۆڤایەتیدا، بە درێژایی ژیانم باوەڕ ناکەم کە ئەوەندەی ئەو ساتە بەختەوەریم بە خۆمەوە بینیبێت، خۆم بەشادترین مرۆڤ دەزانی، ئیتر بەرەو شوێنی حەوانەوەی هەڤاڵانی کچ بە ڕێکەوتین، بە سەرنجەوە تەماشای چواردەوری خۆمم دەکرد، هەر چەندێک من لەم خاکە نامۆ بووم بەڵام بۆ من وەک پەرستگایەکی پیرۆز وابوو، هەر هەنگاوێکمان پردێک بوو بۆ پاشەڕۆژێکی گەشتر، هەڤاڵان لەهەموو پەروەردەکانماندا باسی سەرۆک و ئەکادمیای مەعسوم قۆرکمازیان بۆ دەکردین، هەروەک ئەفسانە بوون بۆ من، بەڵام ئێستا من خۆم لەو شوێنە ئەفسانەیەم. ئەمە وەک خەیاڵێک بوو، لەهەر هەنگاوێکمدا بیرم لەڕابردو دەکردەوە و هەوڵمدەدا پرسیارەکانی ناو مێشکم بهەژێنم و وەڵامیان بۆ بدۆزمەوە، لەم کاتەدا ڕووم کردە هەڤاڵ چیچەک و پێم ووت ئێمە لەکوێوە هاتین بۆ کوێ؟  بەڵێ ئەمە خەباتی ڕاستەقینەی پەکەکە یە، هەندێ جار مرۆڤ ڕووبەڕوی شتی وا دەبێتەوە کە هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتووە.

هەڤاڵ چیچەک ووتی ئێمە هاتوینەتە شوێنێکی پیرۆز و بێگەرد، ئایا دەتوانین شایستەی ئەم شوێنە بین؟ .

ئەم قسانەی هەڤاڵ چیچەک کاریگەری لێکردم و کەوتمە بیر کردنەوە، بەم شێوەیە گەیشتینە شوێنی حەوانەوەی خۆمان.

بەهۆی دەنگە دەنگێکەوە بەئاگا هاتمەوە، لە پەنجەرەکەوە بینیم سەرۆک یاری دووگۆڵی دەکات، تا یارییەکەیان تەوابوو من هەر لەسەرۆکم دەڕوانی، هاتنمان بۆ ئێرە سەرەتای ژیانێکی نوێ بوو، سەرۆک هەموو هێزی باکوری کۆکردەوە و کۆبونەوەیەکی پێکردین، سەرۆک من و هەڤاڵ چیچەکی کرد بەفەرماندەی مەفرەزە، ئەوەی سەرنجمی زۆر ڕادەکێشا لە بارەی سەرۆکەوە ئەوەبوو کە خۆی خەریکی هەموو کارەکان بوو، سەرۆک لەگەڵ یەک بەیەکمان قسەی دەکرد، بۆ ڕۆژی دوایی بۆ پیاسەکردن هەمووومان بەیەکەوە کەوتینەڕێ، لەگەڵ سەرۆک ماوەی چەند کاتژمێرێک لە ژێر بەفر بارین ڕێگامان کرد، سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە لە باکوری کوردستانەوە هاتبووین بەڵام هێشتا نەماندەتوانی وەکو سەرۆک خێرا ڕێگا بکەین، هەر قسەیەک و کردەوەیەکی سەرۆک بۆ ئێمە پەروەردەیەک بوو، لە شوێنێکدا سەرۆک هەڵگژا بەسەر گردێک هەندێ لە هەڤاڵان ویستیان یارمەتی بدەن بەڵام ڕێگای نەدان، پێی ووتن ( بەخۆتاندا بچنەوە ئێوە لە باکورەوە هاتوون بەڵام ناتوانن پێش من بکەون ) !.

دوای ئەم قسەیە هەڤاڵان شەرمیان لە خۆیان دەکرد کە ویستوبیان یارمەتی سەرۆک بدەن، لە ڕاستیدا ئەم ڕێگا بڕینە بۆ من بەرەو ڕێگای مرۆڤایەتی و ئازادی درێژ دەبۆوە، ئەم ڕێکردنە زۆر لە ڕێگا بڕینەکانی ترم بەواتادار تربوو، هەڵبەت جیاوازی ئەمەیان بەهۆی ئەوەوە بوو کە لەگەڵ سەرۆک ڕێمان دەکرد، ئەمەش نەدەبووە قسمەتی هەموو کەسێک، ئێوارە داهاتوو

کۆتاییمان بەڕێپێوانەکە هێنا، کاتێک چووینە کەمپەکەوە وێنەیەکی زۆرمان گرت، لەگەڵ سەرۆک بەتاک و بەکۆ وێنەمان گرت، ڕونکردنەوەو شیکار و پەروەردەی سەرۆک زۆر بەهێز بوو، لێرەدا هەموو شتێک زۆر جدی و بە بەرنامە بوو، ئەو شوێنەی سەرۆکی لێ بێت دسپلین، نیزام، کولتور و ئادابی لێیە، سەرۆک بۆ چەسپاندنی هەموو ئەمانە هەوڵێکی زۆری دەدا، لێرەدا مرۆڤێکی نوێ دەخوڵقێنرا، هەزارەها کادێری پێگەیاند، هەوڵ و ماندوبوونی سەرۆک بێ سنور بوو، چەندین کاتژمێری تەنها بە شیکردنەوەیەک دەبردەسەر، لە ئاخافتنندا هیچ دانەدەنیشت، کەچی ئێمەمانان سەرەڕای ئەوەی دانیشتبوین ماندوو دەبوین، بێگومان سەرۆکیش ماندوو دەبوو بەڵام ئیرادەی ئەو بەهێز بوو ! ڕۆژێکیان هەڤاڵێکمان پێنوسەکەی لەدەست کەوت سەرۆک لەمە توڕە بوو ووتی ( ئەگەر لەدەستتاندا کۆنترۆڵی پێنوسەکەتان پێنەکرێت ئەی چۆن بەیانی کۆنترۆڵی چەکەکانتان پێدەکرێت؟ ).



لەسەر ئەمە چەند چارەسەرییەکی هێنایە زمان، بەڵام ئێمە هەموو ئەم شتانەمان بە بچوک دەهاتەپێش چاو، ئێمە هەڵسەنگاندنمان لەسەر ئەم شتانە نەدەکرد، بەڵام سەرۆک لەسەر بچوکترین شت هەڵوێستەی دەکرد و چارەسەری دەدۆزییەوە، لەبەهاری ١٩٩١ هەموو هەڤاڵان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ئاهەنگی نەورۆز، سەرۆک بۆ ئەوەی ئێمە زیاتر لە ڕاستی گەل شارەزابین بۆیە بەتایبەتی داوای کرد کە ئەو هەڤاڵانەی لە باکورەوە هاتوون بچنە ناو گەلەوە، ئێمە ڕۆژێکمان لەناو گەل بە سەربرد و دوایش گەڕاینەوە کەمپەکەمان. خەڵکێکی زۆر هاتبوون بۆ ئاکادمی، من سەرم لەوە سوڕما کە ئەم هەموو خەڵکە لە کوێوە پەیدابوون و هاتوون بۆ ئێرە ! بۆ رۆژی دوایی گەل لەو شوێنەی بۆ ئاهەنگ ئامادەکرا بوو کۆبونەوە و ئێمەش ئەرکی پاراستنی سەرۆکمان لە ئەستۆ گرتبوو، بێگومان خەڵکێکی زۆر دەیانویست لە سەرۆک نزیک ببنەوە ئێمەش بۆ پاراستنی ئاسایشی سەرۆک هەموو هەوڵێکی خۆمان خستبوەگەڕ، سەرۆک تەوقەی لەگەڵ یەک بەیەکیان کرد و وێنەشی لەگەڵ زۆریان گرت، هەڵبەت هەموو ئەمانە کاریگەری لە سەر من دروست کردبوو لەبەر ئەوەی پابەند بوونی گەلم بینی بە سەرۆکەوە، تا کۆتایی ئاهەنگەکە سەرۆک لەگەڵ گەل مایەوە ئەمەش یەکەم جارم بوو کە هەشاماتێکی ئاوای کورد پەروەر ببینم، لێرەدا پەروەردە هەمیشە بەردەوام بوو، بەردەوام مرۆڤ ڕووبەڕوی خۆی دەبۆوە و بەردەوام لێپرسینەوەی لەگەڵ زاتی خۆیدا دەکرد، بە تایبەت کاتێک سەرۆک لە بارەی پرسی ژنەوە کە پەروەردەی دەکردین لە شیکاری ناسنامەی ژندا بوونی خۆمم دۆزییەوە. من لێرەدا توانیم بزانم ژن کێیە و مێژوو چۆن دەستی پێکردووە، من

له پەروەردەکانی سەرۆک فێری چۆنییەتی ئازادی ژن و سەر لە نوێ لەدایک بونەوە بووم، لە ئەنجامی ئەم پەروەردانەدا بۆم دەرکەوت کە پێشتر چەنێک لە زاتی خۆم دوربوومە، هەڵبەت زانینی هەموو ئەمانەش بەهەوڵ و کۆششی سەرۆک بوو.

ڕۆژێکیان لە بەردەم دەرگای فێرگەکەمان ڕاوەستا بووم لە ناکاو سەرۆک هاتە بەردەمم، پێی ووتم ( ئەوەچییە پرچت وەک پیاو بڕیوە، لایەکانیشی وەک قژی منت لێکردوە، ژن بەپرچی درێژەوە جوانە ) !.

کاتێک ئەمەی ووت زۆر شەرمم لەخۆم کرد و دڵم تەنگ بوو، هەر بۆچونێکی سەرۆک مرۆڤی زیاتر لە خودی خۆی نزیک دەکردەوە.

ڕۆژێک من تەماشای ئارشیفی ئاکادیمیام دەکرد خەریکی کاری خۆم بووم، ژوورەکە زۆر بێدەنگ بوو، لەناکاو گوێم لەدەنگی شاور بوو لەهەمان کاتدا سەرۆک خۆیکرد بەژووردا هەڵسامە سەر پێ و پێی ووتم ( هەڤاڵ چی دەکەیت؟ بۆ نەچویت بۆ پەروەردەی سەربازی؟ دیارە ئیتر خۆت بەسەرباز دەزانیت، زاتەن ئەوانەی لەوڵاتەوە دێن خۆیان بە سەرباز دەزانن، نابێت واز لە پەروەردەی سەربازی بهێنیت، کێ ئەم ئیزنەی داوەپێت؟ )، منیش ووتم دکتۆر باران ئیزنی داوم. بەپێکەنینەوە تەماشای کردم و ووتی ( ئیشی خۆت بکە، کارەکانت چۆن دەڕوات بەڕێوە؟ )، بە باشی دەڕوات بەڕێوە.

سەرۆک دوایی تەماشایەکی ژوورەکە ،ئیتر چووە دەرەوە، هەڵبەت پەروەردەی سەربازی بە شێوەیەکی چڕوپڕانە ئەنجام دەدرا، سەرۆک بە شێوەیەکی نهێنیانە چاوی هەر لەسەر ئێمە بوو، هەر کاتێک لەکاتی پەروەردەی سەربازی و وەرزشدا

کەمتەرخەمیمان بکردایە چارەسەری دەدۆزییەوە، پرسیارێک لە مێشکم گەڵاڵەببوو، لەکاتی هەر جۆرە وەرزشێکماندا سەرۆک شیکردنەوەی لەسەر دەکردین. سەیر لەوەدا بوو کە سەرۆک بەشداری وەرزشەکانی ئێمەشی نەدەکرد، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت کەلەکاتی وەرزشماندا سەرۆک چاودێریمانی کردووە!

سەرۆکم لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی بینی، بۆچونەکانم لە ڕوانگەی مرۆڤەوە گۆڕدرا، ئێرە بۆمن هەلێک بوو کە باشتر ژیانی پەکەکە بناسم. نزیک بونەوەی سەرۆک بۆ شتە بەنرخەکان زۆر جیاواز بوو، سەرۆک دەهات و تەماشای هەموو ژوورەکانی دەکرد ئەگەر ژورێکی بەناڕێکی ببینیایە لە سەر ئەمە چارەسەری دەهێنایەزمان، بێگومان دسپلین و پەروەردە بەشێکن لە ژیان، پێویستە ئەو پەروەردەی دەبینرێت دەبێت لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگ بداتەوە، ئێوارەیەک لەسەر قەڵەوێرەکانمان درێژ ببووین و کتێبمان دەخوێندەوە، لە ناکاو سەرۆک خۆی کرد بە ژووردا و هەموومان هەڵسااین و بەشێوەیەکی سەربازیانە ڕیز بووین، لەگەڵماندا دیالۆگێکی کورتی کرد، دوای ئەم قسەکردنەی ئیتر چووە دەرەوە، ڕەوشی ئەکادمییەکە زۆر ڕێک و بەسیستەم بوو، هەندێک کەس دەیانویست ئەمە بشێوێنن، دژی ئەمەش سەرۆک لە ناو هەوڵێکی چڕوپڕدا بوو، ڕێگای بەهیچ کارێک نەدەدا کە لەدەرەوەی کولتوری پارت ئەنجام بدرێت، ڕێگای بەلادەرەکانی ناو پارتی نەدەدا کە بە ئارەزووی خۆیان کاربکەن، مانەوەم لە ئەکادیمیا لە ژیانمدا خۆشترین ڕۆژانم بوو، لەوێدا ئاشنایم لەگەڵ کەسایەتی خۆمدا دروستکرد، ئیرادەو زانستم گەشەی کرد، پابەندبوونم بە سەرۆکەوە پتەوتر بوو. حەوت . هەشت مانگێک مامەوە، ئەو کاتانەم هەرگیز لەیاد ناچێتەوە، ئیتر

کاتی گەڕانەوە بۆ کوردستان هاتبوو، دوای ئەو هەموو پەروەردەیە خۆمان ئامادەدەکرد بۆ گەڕانەوە، لەهەمان کاتیشدا بەجێهێشتنی سەرۆک هەموومانی بریندار کرد بوو. ئێوارەیەک کاتژمێر شەش لە دەرەوەی ژورەکەمان دانیشتبووین، چاوەڕێی سەرۆکمان دەکرد، ئەم جیابونەوەیە ئازارێکی زۆری ئێمەی دەدا، دەبوایە بۆ بەیانێکەی بەڕێکەوین. سەرۆک هات و پێی ووتین ( بۆ ئەوەندە بەدەنگی بەرز قسەدەکەن؟ بەیانیش کە چونەوە وڵات بەم شێوەیە بن خۆتان لە هەموو شوێنێک ئاشکرا دەکەن دەتوانن دەنگی خۆتان نزمتر بکەن؟!). سەرۆک قسەی بۆ گروپەکەمان کرد، دوای کۆتایی هاتن بەم کۆبونەوەیە گەڕاینەوە شوێنەکانی خۆمان. ئەو شەوە خەومان لێنەکەوت، من و هەڤاڵ چیچەک تا بەیانی گریاین، بێگومان جیابونەوە لە سەرۆک بۆ ئێمە زۆر زەحمەت بوو. بەیانی خۆمان ئامادەکرد و ئیتر کاتی ماڵاوایی هاتبوو، لەگەڵ سەرۆکدا وێنەمان گرت و سەرۆک بانگی من و هەڤاڵ چیچەکی کرد ووتی ( وەرن با بەیەکەوە وێنەیەک بگرین ). چووینەلای سەرۆک و جارێکی تر ووتی ( ئێوە دەڕۆن وا مەزانن جیابونەوە لەیەکمان دادەبڕێت، ئێمە هەمیشە بەیەکەوەین ).

ئیتر کاتی جیابونەوە هاتبوو، لە دوای دەست گوشین دانمان بەخۆماندا گرت بۆ ئەوەی نەگرین، دوای ئەوەی هەندێ لە سەرۆک دورکەوتینەوە دەستمان کرد بە گریان، کە ئاوڕم دایەوە سەرۆک هێشتا هەر ماڵاوایی لێدەکردین، ئەم دیمەنەم هەرگیز لە یاد ناچێتەوە، ئەم جیابونەوەیە بێگومان لە جیابونەوەکانی تر ناچێت، ئەمە بۆ ئێمە هەروا ئاسان نەبوو.

بۆ ئەوەی قەرزی سەر شانی خۆمان بەرامبەر بە سەرۆک

بدەینەوە دەبێت خەباتمان زیاتر و زیاتر مەزنتر بکەین.

هەمیشە ئێمە لەسەر ڕێی پڕ سەروەری ڕێدەکەین، هەتا ئێمە لە ژیندابین بەردەوامی بە خەباتی گەلمان دەدەین، ئەو حەز و پابەندییەی سەرۆک هەیەتی بەرامبەر بە گەل و هەڤاڵان و ژن، هەمیشەلەبیری ئێمەدا دەمێنێتەوە و هەرگیز لە یاد ناچێتەوە.

# له یادگاریەکانی شەهیدی

# فەرماندە

# ساری ئیبراهیم

**١٩٨٣ بادینان**

ئێمە کێشەیەکی زۆری لۆجەستیک و ئازووقەمان هەبوو، بە گشتی لە هەموو بوارێکەوە نەبوونیمان دەچێشت، دەتوانم بڵێم ئارد و نانمان هەر نەبوو، لە جیاتی نان بەڕوومان دەخوارد، ناووکی بەڕووکەمان دەردەهێناو ووردمان دەکرد و لەگەڵ ئاردا تێکەڵمان دەکرد و نانمان پێ دروست دەکرد، ئێمە بەم نانی بەڕووانە دەژیاین، چەنێک هەوڵمان دەدا بیکەین بەهەویرێکی باش بەڵام نەدەبوو، لەبەر ئەوەی خومرەمان نەبوو بێگومان هەویری بێ خومرە جوان دەرناچێت و نانەکەشی ڕەق و ووشک دەردەچوو هەروەها دەسووتا، هەڤاڵ عەباسیش ( دوران کاڵکان ) بەسەر ئەم نەبوونییەوە کەچی کە نانەکەی دەخوارد دەیووت ئەم نانە ئەگەر چەوری بکەین و شەکری پێوەبکەین زۆر خۆش دەبێت.

ئەو ڕۆژانە بۆ کارێک چووم بۆ بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، بانگێشیان کردم بۆ نان خواردن، هەر وەکوو هەموو جارێک هەر چەندە زۆریشم برسی بوو بەڵام لە سەر سفرەکەیان دانەنیشتم، لە دەرەوە مامەوە، ئەوان ڕەوشی نەبوونی ئێمەیان دەزانی و ئێمەشیان دەناسی، وابزانم هەستیان پێ کرد بووم کە برسیمە هەربۆیە پێشمەرگەیەکیان هاتە دەرەوە و نانێکی کردە ناو دەستم و چووە ژوورەوە، تەنها پارچەیەکم لە نانەکە کردەوەو کردمە دەممەوە ئەوکاتە هەڤاڵ حەسەن ( حامی ئاڤجی ) بەرەو ڕووم هات، منیش یەکسەر خۆم سووڕان و پارچە نانەکەی دەمم لە دەمم فڕێداو نانەکەی دەستیشم کردە گیرفانمەوە، بە ڕاستی نەم ویست هەڤاڵ حەسەن ببینێت کە من نانی پارتی دیموکرات دەخۆم.

## کاتێک ئازوقەمان کۆدەکردەوە
## ١٩٨٣ خواکورک و لێلکان

لەسەر ڕێنمایی هەڤاڵ عەباس { دوران کاڵکان } بۆ کۆکردنەوەی ئازووقە ناردمانی بۆ لای ئاغای ناوداری ئەوێ { حاجی سەیدۆ ئاغا } ئێمە بەشێوەیەکی جوان خۆمان بە حاجی سەیدۆ ناساند، بۆیمان باسکرد کە بۆچی هاتووین، کاتێک بە تەواوی لێمان وورد بۆوە دوایش ووتی پارەتان پێیە؟. نەخێر پارەمان نییە. دەتانەوێت زۆرداریی بەکار بهێنن؟ . ئێمە ئەگەر لە برساناش بمرین هیچ شتێک لەگەل بە زۆر وەرناگرین، زۆرداریی بە کار ناهێنین. لەم ناوچەیەدا حزبێکی کۆمەنیست هەیە، خاوەن پارەیەکی زۆرن و ئازووقەشیان لە ڕووسیاوە بۆدێت، هەر کۆمەنیستێکیان لە من دەوڵەمەند ترە و لە منیش ئاغا ترە، پدک ش زۆرداریی بەکار دەهێنن، چییان بوێت بە زۆر لێمان دەستێنن، ئێوە نەپارەتان هەیە و نەزۆرداریش. .. باشە ئێوە چۆن لێرە بە بێ پارەو بە بێ زۆرداریی دەتوانن بژین؟ ، ئێستا چی بکەین؟ ، چیتان لێ بکەین؟ .

دوایش زەردەخەنەیەکی کردوو دەستی نایە سەر شانم و ئێمەی بردە عەمبارەکەیەوە و ئازووقەیەکی زۆری داپێمان.

بۆ ئەوەی ئازووقە بە دەست بخەم بە ئۆتۆریتانە جوڵامەوە

هەڤاڵ جومعە( جەمیل بایک ) ووتی هەڤاڵ ئیبراهیم ئازووقەمان نەما بڕۆ هەندێ ئازووقە پەیداکە.

ئەو سەردەمە من لە هەرێمی هەککاری بووم و بۆ ئازووقە پەیداکردن چووم بۆ زۆزانەکان، لە ڕێگا هەر بیرم لەوە دەکردەوە

کەچی بکەم باشە، چۆن ئازووقە پەیدا بکەم، لە ئاکامدا بڕیارمدا لەسەر ناوی خۆمان بۆ ئازووقە پەیداکردن شێوازی پدک بەکار بهێنم، بەرپرسیارانی پدک دەچوونە لای گوندێکان و نامەیەکی نووسراوەی پدک یان دەدا پێیان و زۆر بەشێوەی ئۆتۆریتارانە دەجوڵانەوە، منیش چاودێری بەرپرسی پدک کەم کرد کە چۆن هەڵسوکەوت دەکات، لەو ناوچەیەی لێی بووم نووسراوەیەکم بەناوی پەکەکەوە نووسی و دەمدا بەگوندێکان و زۆر بەشێوازی ئۆتۆریتانە دەجوڵامەوە و توانیم ئازووقەیەکی زۆر کۆبکەمەوە، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە گوند نشینەکان هیچیان خوێندەواریان نەبوو.

**ئەوەندەی کوردستان بەرفراوانە**
**١٩٨٤ گابار**

لە گوندی ( گوینا ) لە گابار لەگەڵ خۆماندا ( عومەر قایە) مان هێناو بوو بە گەریلا، پاشان ناومانناا فەرهاد، لەگەڵ ئەم گەریلا نوێیەماندا چوین بۆ گوندێک کە هەر شەش کاتژمێرێک لە گوندی گویناوە دوور بوو، هەڤاڵ فەرهاد لێی پرسیم ئێرە کوێیە؟. ئێرەکوردستانە. کە چووینە گوندێکی ترەوە فەرهاد لێی پرسیمەوە، ئەی ئێرە کوێیە؟. ئێرەش کوردستانە. هەمان شەو چووینە گوندێکی ترەوە هەڤاڵ فەرهاد پرسییەوە، ئێرەش کوردستانە وانییە؟. منیش ووتم بێگومان ئێرەش هەر کوردستانە.

دوای ئەو گوندە دەمەو بەیان لە سەر ڕێگای شڕناخ ( ئێرو ) بەسەر گردێکەوە هەڵگیرساینەوە کە لە نێوان جادەیەکی قیرتاوی درێژدا بوو، هەڤاڵ فەرهاد لەگەڵ هەڵاتنی خۆردا کەجادەکەی

بینی و ناوچەکە روون بۆوە دەستی درێژ کردوو ووتی ، ئێ تاکو ئەوێش هەر کوردستانە؟. منیش ووتم، ڕاستەهەڤاڵ فەرهاد تاکو ئەوێش هەر کوردستانە.

ئەویش بەسەرسوڕمانەوەووتی کوردستان چەند فراوانە.

هەڤاڵ فەرهاد وەک سرووشتی بۆتان سادەبوو، لەژیانیدا یەکەم جاری بوو لەگوندەکەیان بێتەدەرەوە، هەڤاڵ فەرهاد لەناو گروپەکەی هەڤاڵ عەگیدا لەناوچەیەکی فراوانی کوردستان جەنگا، دوای شەهید بوونی هەڤاڵ عەگید هات بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی، کاتێک سەرۆک لەسەر کەسایەتی شەهید عەگید هەڵسەنگاندن و چارەسەری کەسایەتی دەکات هەڤاڵ فەرهاد خۆی پێڕاناگیرێت و لەوێدا خۆی دەکوژێت، هەڤاڵ فەرهاد لەوکاتەی مەفرەزەکەی هەڤاڵ عەگید کەوتە بۆسەوە و عەگید شەهید بوو ئەو لە پێشی پێشەوە بوو.

**شەمەندەفەر ١٩٨٧**

ئێمە لە ناوچەی ( گێنج ) بووین لە بینگۆل، بەیانی بوو، لە کەمپەکەی خۆمان دەحەواینەوە، هەڤاڵ ( سەرتاج ) کەئێشکگر بوو لەشوێنەکەی خۆیەوە دەنگی لێ بەرز بۆوەو ووتی هەڤاڵان ڕاکەن وەرن، خێرا بگەنە ئێرە. ئێمەش خۆمان کۆکردەوەو خێرا گەیشتینە لای هەڤاڵ سەرتاج، هەمووومان بیرمان لەیەک شت دەکردەوە ئەویش دوژمن بوو بەڵێ بیرمان لەوە دەکردەوە کە دوژمن هاتووە، گەیشتینە لای هەڤاڵ سەرتاج و لێم پرسی هەڤاڵ سەرتاج چی بووە؟ چیت بینیوە؟. هەڤاڵ سەرتاج سەرسام ببوو چاوەکانی زەق. . زەق کرابونەوە، تەماشای خوارەوەی دەکردوو

ووتی تەماشاکان. . هەڤاڵان تەماشاکان، تەماشای ماشێنەکانی ئێرە بکەن چەند درێژە.

کاتێک بۆمان دەرکەوت هێزی دوژمن لەئارادا نییە تەماشای ئەو شوێنەمان کرد کە هەڤاڵ سەرتاج ئیشاراتی بۆ دەکرد، بینیمان دوو ڤاگۆنی شەمەندەنەفەر تێدەپەڕێت، هەڤاڵ سەرتاج تازەببوو بە گەریلا، هەڤاڵێکی زۆر لاو بوو، لە ژیانیدا بۆ یەکەم جار لە هەرێمی بۆتان ماشێنێکی بینی بوو هەڤاڵ سەرتاج ئەم شەمەندەنەفەرەی هەر بەماشێن لەقەڵەم دابوو.

**ئەحمەد کاسب دووپشک پێوەیدا**

هاوینی ساڵی ١٩٨٣ بوو، ئێمە لە کۆبونەوەیەکی هەڤاڵ عەباس ( دوران کاڵکان ) بووین، من و هەڤاڵ (ئەحمەد کاسب) لەتەک یەکەوە دانیشتبوین، لەبەر تەنگی شوێنەکەمان هەڤاڵ ئەحمەد قورسایی خۆی دابووە سەر من، هەڤاڵ عەباس بەردەوام قسەی دەکرد، ئێمەش زۆر جدیانە گوێمان بۆ گرتبوو، لە نیوەی کۆبونەوەکەماندا دووپشکێک هاتەبە ینمانەوە، دای بەدەستی هەڤاڵ ئەحمەدەوە، هەڤاڵ ئەحمەد هیچ دەنگی لێوە نەهات تەنانەت دووپشکەکەشی نەکوشت، بەبێ ئەوەی کەس ببینێت بەچلکەدارێک دووپشکەکەی دوورخستەوە، ئێمە دوایی زانیمان کە هەڤاڵ ئەحمەد بە حەشەرات حەساسیەتی هەیە هەر بۆیە دەستی زوو پەنما، هەتا هەڤاڵ عەباس قسەی بۆ ہاتاییە کۆبونەوەکە درێژەی دەخایاند، هەتا کۆبونەوەکەش درێژ ببوایەتەوە دەستی هەڤاڵ ئەحمەد زیاتر دەپەنما ، لەبەر ئەوەی کۆبونەوەکەمان فەرمی بوو هیچمان لەدووپشکەکە نەکرد، لەدڵی خۆم دەمووت هەڤاڵ عەباس لەوانەیە

ئێستا کۆتایی بە کۆبونەوەکە دەهێنێت بەڵام هەر بەردەوام بوو ناچار بووم کە ئارام بم، هەڤاڵ عەباسیش هەتا قسەی بۆ بهاتایە کۆبونەوەکەی درێژ دەکردەوە هەڵبەت ئەویش ئاگای لەمەسەلەی دووپشکەکە نەبوو، دەستی هەڤاڵ ئەحمەد وەک گوانی مانگا سوور هەڵگەڕابوو، نازانم کۆبونەوەکە چەندێکی خایاند هەروەکو هەموو جارێک کە کۆبوونەوەی هەڤاڵ عەباس کە درێژەی دەخایاند، لە ئاکامدا کۆتایی پێهێنا، دوای کۆتایی کۆبونەوەکە توانیمان تەداوی دەستی هەڤاڵ ئەحمەد بکەین.

ئەو سەردەمەدسپلین و رەسمییەت و ڕێزگرتن بەو شێوەیەبوو.

## ژن و شاخ ١٩٨٣

لەڕاستیدا ڕەوشی ژیانی شاخ بۆ هەڤاڵانی کچانمان لەسەرەتادا زۆر دژوار بوو، من باس لە وەرگرتنی ئەزمونی ژیانی بەدەنی شاخ ناکەم، ئەگەرچی لە هەڤاڵانی کوڕ زەحمەتی زیاتریان دەچێژت بەڵام توانیان لە ماوەیەکی کورتدا خۆیان بگونجێنن و کێشەکانیان چارەسەر بکەن، کۆمەڵگایەک لە شاخ دەژی، هەڤاڵانی کچانمان لێرەش لە ڕەخنەو گازندەی کۆمەڵگا ڕزگاریان نەببوو، لەو سەردەمەدا نە هەڤاڵانی کچ و نەپارتیشمان نەیان دەتوانی بە ئاسانی بەسەر ئەو کێشانە زاڵ ببن.

لە قۆناغی ساڵی ١٩٨٣ دا کە چوینە هەرێمی باشوری کوردستانەوە گەلی باشور و پێشمەرگەکانی پدک ش هەرگیز قەبوڵیان نەدەکرد و باوەڕیشیان بەوەنەبوو کە کچان شان بەشانی پیاوان بێنە شاخ و دژ بە دوژمن بجەنگێن، گەل و پێشمەرگە ئەو سەردەمە ئەگەر گەریلایەکی کچیان لە گەڵ گروپێکی پیاوی گەریلادا ببینیایە پێیان

وابوو کە ئەم کچە هەڵخەڵەتێنراوە و لەلایەن سەرسەرییەکەوە هەڵگیراوە و بە چاوی بەدرەوشت تەماشایان دەکرد، کاتێک یەکەم گروپمان پێکهێنا لە باشوور سەرۆکایەتی ڕێنمایی جدی دەرکرد بوو کە دەبێت لەگەڵ گروپێکدا بەلایەنی کەمەوە کچێکی گەریلایان لەگەڵ بێت، لەسەر ئەم ڕێنماییەی سەرۆک ئێمەش هەڤاڵانی کچمان کە ئەو سەردەمە ژمارەیان زۆر نەبوو بە سەر گروپەکاندا دابەشمان دەکردن، ئێمەش لە نێوان ئەو کولتورەی باشوور و ڕێنماییەکەی سەرۆک مابوینەوە، هەربۆیە لە باشوور ئەگەر میوانێکمان بهاتایە یان پێشمەرگەیەک بۆ پەیوەندی بهاتایە کچەکانمان دەشاردنەوە و دوای ڕۆیشتنی میوانەکان دەیانتوانی بگەڕێنەوە ناومان، جاری وا هەبوو کە چەندین کاتژمێر ناچار دەمان کە خۆیان بشارنەوە، بەڵام لەدوایدا کە گەل و پێشمەرگە کە پەکەکە یان بە باشی ناسی بۆیان دەرکەوت ڕەوشەکە وەک ئەوەنییە کە ئەوان باسی لێوە دەکەن، کە زانیان پیاو و کچی ناو ڕیزەکانی ئێمە لە پیاو و کچانی تر ناچن بەم شێوەیە گەل بوونی کچانیان لە ناو ڕیزەکانماندا قەبوڵکرد و ڕێزیشیان لێگرت، لە ڕاستیدا لە دوایدا بوونی کچان لە ناو شۆڕشدا بەڕێزێکی گەورەوە پێشوازی لێکرا، بەم شێوەیە کچانی گەریلا بوون بە پردێکی نێوان شۆڕش و گەل، بەڵام بە ئاسانی ئەم ڕەوشە گەشەی نەکرد، ئەم پێشکەوتنە بە سوربون و پێشکەوتنی کچان خۆیان لە ناو ڕیزەکانی شۆڕش و گەلدا ئەم ڕێزەیان بۆ خۆیان بەدەست خستووە.

## لەسەر شەهیدبوونی هەڤاڵ عەگید



شەو بوو، بەسەر گردێکی بەردەڵاندا سەر دەکەوتین، کەش و هەوا زۆر سارد بوو، سەرەڕای ئەوەی کۆتایی مانگی ئادار بوو بەڵام هەموو شوێنێک بەفر تەنی بووی، لەشوێنێکدا شوێنی پێمان بینی، شەهید عەگید بە دەستی کەشفی شوێن پێیەکانی کردوو لێی وورد بۆوە، عەگید ووتی ئەم شوێن پێیانە تازەن و شوێن پێی دوژمنە، بە ووریایی ڕێبکەن و ووریای خۆتان بن.

دەستمان بە ڕێکردن کردەوە، هەڤاڵی پێشەوەی بەشی ئێمە هەڤاڵ دەشتا لالە( عەبدولرەحمان ) بوو، بەڵام لە نێوان ئێمە و هەڤاڵ عەگیددا هەڤاڵ خرخەلە کەمال ( وەلی تەیهان ) و سەلیم ( فەوزی ئایدن ) هەبوو، لەناکاو ئێمەیان دایە بەر دەست ڕێژی گوولە، کەوتینە ناو جەرگەی بۆسەوە، لە بەرامبەرماندا گابەردێک هەبوو، دوژمن لەپشت و چواردەوری ئەو گابەردەدا بۆسەیان بۆ دانا بووین، کاتژمێر دەوروبەری ٢ / ٣ ی شەو دەبوو، من هەڤاڵان سەلیم و خەیریم بینی بە تەقڵەلێدان بەرەو خوارەوە گل بوونەوە، دوایش بە هەمان شێوە هەڤاڵێکی ترم بینی کە بە شانوشەوکەتی لە عەگید دەچوو دوایش هەڤاڵ فەرهاد

کە لەدوایدا لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتیدا خۆیکوشت هات بۆ لام، من بۆ پاراستنی گروپەکەمان ماوەیەک بەرامبەر دوژمن کەوتمە شەڕەوە، هەڤاڵ فەرهاد کە لە لامەوە بوو هیچ تەقەی نەدەکرد، منیش هۆکارەکەیم پرسی کە بۆ تەقە ناکات پێی ڕاگەیاندم کە فیشەکی تەواو بووە، نەدەبوایەل هم بۆسە گەورەدا لەیەک شوێندا هەموو فیشەکەکانی خۆی تەواو بکردایە، ئەمە بۆ گەریلا بێ دەسپلینییە.

ئەم شەڕە هەر ماوەی نیو کاتژمێرێکی خایاند، ئێمەش بەخۆ گلکردنەوە چوینە خوارەوە، لە خوارەوە هەڤاڵان کۆبوونەوە هەڤاڵان مەتین (قەلەندەر ئیلهان) م بینی کە بریندار بوو، کەخۆمان ژمارد هەڤاڵ عەگید و لەزگین دیار نەبوون، جگە لە هەڤاڵ مەتین برینداری ترمان نەبوو، هەرگیز بیرمان لە شەهادەتی هەڤاڵ عەگید نەدەکردەوە.

لەبەر ئەوەی بیرمان لە شەهادەتی عەگید نەدەکردەوە هەر بۆیە لە شوێنی شەڕەکە دورکەوتینەوە و چوینە ئەو شوێنەی کە لە حاڵەتێکی ئاوادا یەکتریمان تیا دەبینیەوە، پێمان وابوو کەهەڤاڵ عەگید و لەزگین هەردووکیان دێن بۆ شوێنەکەی خۆمان و لەوێدا کەوتینە چاوەڕوانییەوە، تاکو هەواڵەکانی ڕادوێی بی بی سی لە شوێنەکەی خۆمان چاوەڕێمان کرد، بەڵام هەڤاڵ عەگید نەهات، بۆ سبەی ئێوارە لە هەواڵی بی بی سی هەواڵی شەهادەتی عەگیدمان گوێ لێبوو، دوای ماوەیەکی زۆر ئەو گەریلایەی لە گەڵماندا بوو لە بۆسەکەدا بەناوی بۆزان (کەمال ئەملیک) دوای بوو بەکۆنتر گەریلا لەناو ژیتەم باسیکرد بوو کە بەدەستی خۆی هەڤاڵ عەگیدی شەهید کردووە.

# سەعاتی دەست

## خەلیل ئویساڵ

دوای تەواوکردنی هەموو کارەکانمان دوای ئەوەی دانیشتین هەموومان یەک پرسیارمان لەلا گەڵاڵە ببوو، ئایا ئەم ئێوارەیە باران دەبارێت؟ ، بەرامبەر ئەم پرسیارە هەموومان بێدەنگ ماین و کەسمان وەڵاممان پێ نەبوو، پێم وابێت کەسمان نەمان دەویست بیر لەگریمانەیەکی لەو شێوەیە بکەینەوە، من لەناو ئەو خەیاڵەدا بووم لە ناکاو بەدەنگی هەڤاڵ ژیان هاتمەوە سەر خۆم کە لێی پرسیم هەڤاڵ چای دەخۆیتەوە؟، هەستم بە شەرمی ئەم پرسیارەی ئەم هەڤاڵەمان کرد چونکە نەک ئەو دەبوایە من ئەم پرسیارەم لە هەڤاڵ ژیان بکردایە چونکە ئەوەی بۆ بەیانی ئێمەی بە جێدەهێشت هەڤاڵ ژیان بوو، بە خێرایی هەموو گیرفانەکانم پشکنی، دەگەڕام بەدوای شتێک کە پێی بدەم، تەماشای بێ بەختی هیچ شتێکم لە گیرفانەکانمدا نەدۆزییەوە، گەڕام بەڵکو لە گیرفانەکانمدا قەڵەمێک. . دەستەسڕێک. . یاخود هەر شتێکی بچووک کە سودێک بەو ببەخشێت بەڵام لە گیرفانەکانمدا هیچم نەدۆزییەوە، ئەو ئێوارەیە ئەوەی لەم دونیایەکە شکم دەبرد تەنها بەرگەکانی بەرم بوون، لە ناکاو چاوم کەوتە سەر سەعاتەکەی دەستم، بیرم کردەوە کە لەوانەیەئ هم سەعاتە سودێک بە هەڤاڵ ژیان ببەخشێت، بە دەستە قوڕاوێکانم سەعاتەکەم لە دەستم دەرهێناو بۆیم درێژ کرد، چونکە هێشتا بوارم بۆ نەڕەخسا بوو کە دەستەکانم بشۆم، ماوەی ٧ ڕۆژێکە خەریکی خشت دروستکردنین هەڵبەت ئەوەی خشتی دروست کردبێت زەحمەتێکەشی دەزانێت، ماوەی ئەو ٧ ڕۆژە بە پەنجا هەڤاڵەوە خەریکی هەڵکەنینی خۆڵی سووربوین و لەگەڵ کا و خوێدا سەرقاڵی قورشێلان بووین، دوای تەواو بوونی قورشێلانەکە دەمانکرد بە خشت و لەبەر خۆر بۆ

ووشکردنەوە دامان دەنان.

هەورەکانی ئاسمان خۆیان کۆکرد بۆوە، ئەوەی جێی نیگەرانی و دڵتەنگی ئێمە بوو کە باران دابکات و خشتەکانمان تەڕ بکات، لەگەڵ هەستکردنی یەکەم دڵۆپە باران کە کەوتەسەر دەستم هێشتا هەڤاڵ ژیان سەعاتەکەی لێ وەرنەگرتبووم، سەرەڕای هەموو هەوڵێکم بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە نایەوێت سەعاتەکە وەربگرێت.

کاتێک پێم ووت کە ئەم سەعاتە هی من نییە بەمە زۆر سەرسام بوو، پێی سەیر بوو کە چۆن شتێک موڵکی من نەبێت و بیدەم بەو، بە بێ ئەوەی ئەو پرسیاری ئەمەبکات من ڕونکردنەوەم کرد.

ئەم سەعاتیدەستە دەبێت بیدەم بە کەسێک، ئەمە ئەمانەتێکە کە دەبێت تەسلیمی خاوەنی خۆی بکرێت، هەربۆیە دەبێت وەریبگرێت، بەم شێوەیە ئەم سەعاتی دەستە نەک وەک دیارییەک بەڵکو وەک ئەرکێکی ڕاسپاردە دەبوایە وەریگرتایە، هەڤاڵ ژیان بۆ سبەی بەرەو بۆتان بەڕێدەکەوت، ئەم سەعاتە خاوەنەکەی هەڤاڵی گەریلا کانیڤارە، هەڵبەت وا دەردەکەوت کە بەم زووانە نەدەچومە هەرێمی بۆتان، ئەم زستانە لەو قوتابخانەیەی لە زاگرۆس دروستمان دەکرد دەمامەوە، گەروام نەکردایە ئەم سەعاتە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژی تر لەلای من دەمایەوە.

کاتێک ئەم سەعاتەم وەرگرت کاتی خۆی بەڵێنێکم دابوو کە بیگەهێنمە دەستی کانیڤار، بەم شێوەیە دەمویست هەڤاڵ ژیان ببێت بە شەریکە بەشی ئەم بەڵێنەم، لەوانەیە هەڤاڵ ژیان دەستی بە ڕووی خەڵاتدا بهێنایە بەڵام هەرگیز دەستی بە ڕووی ئەرکدا نەدەهێنا، سەعاتەکەی لێوەرگرتم بەڵام نەیکردە دەستی،

سەعاتەکە بەمەچەکە بچوکەکەی گەورە بوو.

چوار مانگێک بەر لە ئێستا برایەکی هەڤاڵ کانیڤار هاتبوو بۆ چیا، دەگەڕا بە دوای براکەیدا، هەر گەریلایەکی ببینیایە پرسیاری کانیڤاری لێدەکردن، کەسمان کانیڤارمان نە دەناسی، هەڵبەت منیش نەم دەناسی هەرگیز ڕوبەرووی کانیڤار نەبوبومەوە، بەداخەوە کانیڤار لە بەهاری ئەو ساڵەی من هاتمە چیا لەزێی خابوور خنکا بوو، زێی خابوور کە لەگەڵ بارانی دوا بەهاردا کە وەک شێتی لێدێت هەڤاڵ کانیڤاری شەهید کرد بوو وە جارێکی تر کەس ئەوی نەبینیەوە و زێی خابوور لەگەل خۆیدا برد بووی.

لەکۆتایی بەهاری هەمان ساڵدا کچێکی گەریلا بەناوی نەورۆز دەستی گرتم، منی لەم زێیە سەرشێتەی خابوور پەڕاندەوە، من لەشار گەورەبوومە و مەلە نازانم وە ئێستاش بەو شەوە غیرەتی ئەوەم نەبوو کە بەتەنها لەم زێیەی کوردستانە بپەڕێمەوە.

لە کاتی گەڕانەوەی براکەی شەهید کانیڤار ئەم سەعاتی دەستەی بەمندا و،منیش ئێستا دام بە هەڤال ژیان، براکەی لە جیاتی ئەوەی بیدات بە کانیڤار دابووی بەمن هەڵبەت منیش ئەم سەعاتەم بۆخۆم هەڵنەدەگرت چونکە موڵکی من نەبوو موڵکی کانیڤار بوو.

ئەم سەعاتە لەشارەوە لە ڕێگای دوورەوە بۆ کانیڤاریان هێنا بوو، براکەی شەهید کانیڤار زۆری بۆ هێنام کە سەعاتەکەی لێ وەربگرم، هەڵبەت نەم دەویست دەست بۆ ئەم سەعاتە بەرم لە ئەنجامدا چارەسەرییەکم بۆ خۆم دۆزییەوە.

من بیرم لەوە دەکردەوە کە گەیشتمە زێی خابوور ئەم خستە ناو ئاوەکەوە، هەڤاڵ ژیان بەم شێوەیە سەعاتەکەی نەکردە مەچەکی



و کردییە گیرفانی و ئەرکێکی پیڕاسپیردرا، بەم شێوەیە ئەمە یەکەم شت بوو کە بەو شەوە بیدەم بە هەڤاڵ ژیان، شەهید کانیڤار کە هیچ نەم بینی بوو لە زێی خابوور چاوەڕێی سەعاتەکەی دەکرد، چەند دڵۆپێک بارانی تر باری و ئیتر خۆشیکردەوە، بەم شێوەیە ئەم شەویش خشتەکانمان لەتەڕ بوون رزگاریان بوو، بیرم لە ئاوی زێی خابوور دەکردەوە کە لەگەڵ بارانی دوا بەهاردا چۆن شێت و شەیدا دەبێت.

با براکەی شەهید کانیڤار دڵی ئاسودە بێت چونکە هەڤاڵ ژیان بە ڕێکەوت.

# سوێندی تۆڵەی چیاکان

بێریڤان سیرت

من لە چیای زاگرۆسی بە هەیبەت و ناودار گەریلا بووم، پێش ئەوەی ببم بە گەریلا لە بارەی چیای زاگرۆسەوە شتێکی زۆرم دەزانی و شتێکی زۆریشم خوێند بۆوە، لە کاتی منداڵیمدا نەنکم بە گێڕانەوەی داستانەکانی زاگرۆس ئێمەی دەکردە دەریای خەوەوە، هەڵبەت ئەوکاتە من لەم داستانانە حاڵی نەدەبووم، کە گەورە بووم و بووم بەگەریلا و چوومە چیای زاگرۆس ئەو کاتە لە داستانەکانی نەنکم حاڵی بووم، من نەمدەویست تەنها لەو داستانانەی نەنکم دەیگێڕانەوە حاڵی ببم بەڵکو لەو داستان و قارەمانێتیانەی کە تازە رویانداوە هەوڵم دەدا لەم داستانانەش تێبگەم.

ئەمەش ئەوەی دەگەیاند لەگەڵ داستانە کۆنەکانی زاگرۆس داستانەکانی ئێمەش زیادی کرد بوو، زاتەن داستانی قارەمانێتی دەیان و سەدان و هەزارانی هەڤاڵانی ئێمە زیادی کرد بوو، ئێمەش بە سەر داستانەکانی هەڤاڵانەوە داستانی خۆمانمان زیاد دەکرد، بەم شێوەیەش لە داهاتودا گەل چیرۆکی داستانەکانی زاگرۆسی ئێمەیان دەگێڕایەوە.

ئێمە لە ڕێگای ئەم شۆڕشە رێیەکی نوێمان گرتبووە بەر، بەداخەوە هەروەکو داستانە کۆنەکان ئەم داستانە نوێیانەی ئێمەش پڕ بوون لە ئازار و مەینەتی، هەڵبەت ئەمەش هەڤاڵانی پێش ئێمە ئەمەیان سەلماند بوو، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە ناو جوانێکەی چیای زاگرۆسدا درێژەمان بە خەباتی خۆمان دەدا، بەڵام دوژمن هەروەکو ڕابردوو ئێستاش بە بڕیار بوون کە بوارمان بۆ نەڕەخسێنن لەم شوێنە دڵڕفێنەدا بژین، لەبەر ئەوە بەبێ ووچان بۆ لەناودانی هێزی ئێمە هێرشیان ئەنجام دەدا، بۆ ئەوەی ئێمە لە خاکی پیرۆزی خۆمان دابڕن ئەوەی لە دەستیان بهاتایە دەیانکرد،

بۆ ئەوەی ئازار بە گەلی کورد بچێژن دەیانویست بە تەواوی ئێمە لە ناو ببەن، هەر بۆیە لە کۆتایی هاوینێکدا لە ئەنجامی هێرشێکی دوژمندا ٦ هەڤاڵمان بە ناوی ( لاڤەند. . زیلان. . شاهۆ. . لەتیف. . عەگید و سیڤان ) شەهید ببوون، بەردەوام گەریلا نەیهێشتووە خوێنی هەڤاڵانیان بە فیڕۆ بڕوات و ئاخیان بۆ هەڵنەکێشاوون هەمیشە تۆڵەیان سەندراونەتەوە و، ئێستاش بۆ ئەم هەڤاڵانە دەبوایە تۆڵە بسەندرێتەوە، هەر بۆیە ئێمەش بۆ تۆڵەسەندنەوە سوێندی پیرۆزمان خوارد، ئێمە هەروەکو چۆن نەمان هێشتووە خوێنی هەڤاڵانمان بە فیڕۆ بڕوات هەر بۆیە سوێندمان خوارد کە ئەگەر تۆڵەی ئەم هەڤاڵانە نەکەینەوە ئەو نانەی دەیخۆین لێمان حەرام بێت.

ئێمە لە زاگرۆس وەکو هێزی چیلۆ کارمان دەکرد، ئەو کاتە ئێمە لە ناوچەی زاپ دەماینەوە، بۆ تۆڵە سەندنەوە بڕیارماندا لە بارەگای گامان بدەین، هەڤاڵانی فەرماندەیی بڕیاریاندا کە بۆ تۆڵەسەندنەوە پەلاماری ئەو بارەگایە بدەین، ئەم چالاکییەی ئەم بارەگایە دوای ماوەیەکی دور و درێژ دەبووە یەکەم چالاکی دەستوەشان لە چیای زاگرۆس، فەرماندەی ئەم چالاکییە هەڤاڵ ( ئامەد ) بوو کە لە دڵی مندا شوێنێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەڤاڵ ئامەد هەڤاڵێکی کۆن و بە ئەزمون بوو هەروەها تازە لە هەرێمی ئامەدەوە هاتبوو، هەڵبەت پێشووتریش لە چیای زاگرۆس مابۆوە، بەڵام دوای چوونی بۆ هەرێمی ئامەد جارێکی تر گەڕابۆوە، ئامانجی بنگەیی چالاکییەکەمان وەک ووتم تۆڵەسەندنەوەی ئەو هەڤاڵە شەهیدانە بوو، بەڵام بۆ من ئەم چالاکییە دوو واتای تایبەتی خۆیم تێدا دەبینی، یەکەمیان ئەوە بوو کە یەکەم چالاکی بوو کە بەشداری

تێدا بکەم دووەمیشیان ئەوەبوو کە بەم چالاکییە تۆڵەی هەڤاڵانم دەکردەوە، بۆ ئەوەی بگەینە شوێنی چالاکییەکەمان دەبوایە٣ یان ٤ ڕۆژێک ڕێمان بکردایە، دوای ڕێکردنی چوار ڕۆژ گەیشتینە نزیک ئەو خاڵەی کە پەلامارمان دەدا.

شەڕ کات و ساتە لەو کاتەدا هەر دەبێت شتێک بکەیت پلانی چالاکییەکەمان دەکەوتە ڕۆژی یەکی ئەیلوولی ٢٠٠٦ وە، ئێمەش هەر بۆیە کەوتینە گەنگەشەی ئەنجامدان و ئەنجام نەدانی ئەم چالاکییە بەڵام ماوەی چوار ڕۆژ ڕێمان بڕی بوو وە، نەخشەمان دانابوو، دوو دڵ بوین لەم چالاکییە لەبەر ئەوەی ڕۆژی یەکی ئەیلوول ڕۆژی ئاشتی جیهانییە و ئەگەر ئەم چالاکییە لەرۆژی ئاشتیدا بکرێت دەبووە پێچەوانەی ئایدۆلۆژیمان، هەموومان ئەمەمان دەزانی بەڵام بارودۆخی ئێمە بواری بۆ نەدەرەخسانین کە گۆڕانکاری لە پیلانەکەمان بکەین، هەر لەبەر ئەوەبوو پێمان نەدەکرا کە پیلانەکەمان بگۆڕین، ڕەوشی ئێمە ناخۆش بوو هەر بۆیە هیچمان لە دەست نەدەهات تاکو پیلانەکەمان بگۆڕین، هەڵبەت وەک ئاشکرایە ئامادە باشی چالاکی کارێکی هەروا ئاسان نییە، دەبوایە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکە زۆر شت لە چاو بگرین، هەر بۆیە بڕیارماندا کە بە گوێرەی دانانی پلانەکەمان چالاکییەکە بە ئەنجام بگەێنین، لە بەر ئەوەی ئەو دەرفەتی ئێستا دەستمان کەوتووە لەوانەیە لەکات و ساتێکی تردا بۆمان نەرەخسایەتەوە، هەڵبەت شەڕ مەسەلەی سات و کاتە واتا ئەو شتەی کەوتۆتە دەستت دەبێت لەو کاتەدا هەڵیسەنگێنی و بەکاری بهێنیت.

سەرەتا ئێمە رۆژەکەیمان بە باشی لە چاو نەگرتبوو، هەڤاڵان شەهید ببون وە، دەمانویست تۆڵەیان بکەینەوە، من لەگەڵ

هەڤاڵ ئامەددا لەم بارەیەوە گەنگەشەیەکی زۆرم کرد، چونکە بە ئەزموونترین کەس لە ناو ئێمەدا ،ئەو بوو. لەناو ئێمەدا هەڤاڵان هەبوون کە لەبارەی بۆسەو لوغم دانانەوە شارەزاییان هەبوو بەڵام لەناو هەمووماندا لەو بە ئەزموونتری تیا نەبوو، دەتوانم بڵێم زۆر کەم لە هەڤاڵان هەبوون کە وەک هەڤاڵ ئامەد بەشداری چالاکی وا گەورەیان کردبێت، کە گەیشتینە خاڵی سفر پەلاماری بارەگای ( گەمانە) ماندا، لەبەر ئەوەی دوای ماوەیەکی دور و درێژ یەکەم چالاکی بوو دوژمن زۆر شڵەژان، دوای ماوەیەکی شڵەژانی دوژمن ئیتر کەوتینە شەڕی بەرامبەرییەوە، بەڵام دوژمن تاهۆشیان هاتەوەسەر خۆیان ١٠ کوژراو ١٢ برینداریان لێکەوتەوە، ئەم شەڕە ماوەی کاتژمێرێکی خایاند، ئێمە ئامانجی خۆمان بە دەست خست ئیتر دەبوایە پاشەکشێمان بکردایە.

دوای گەیشتنمان بە خاڵی خۆمان هەستمان بە قورسایی زەرەری خۆمان کرد، لەو کاتانەدا ئەو هەڤاڵانەی شەڕەکەیان دەبرد بەڕێوە بەردەوام بەبێتەل بانگی هەڤاڵ ئامەدیان دەکرد، بەڵام هەڤاڵ ئامەد وەڵامی نەدەدایەوە، هەمووومان شڵەژاوبوین و چاوەڕێی وەڵامی هەڤاڵ ئامەدمان دەکرد، بیرمان لەوە دەکردەوە کەئایا بۆچی هەڤاڵ ئامەد وەڵام ناداتەوە کەوتینە چاوەڕوانییەوە، هەر بۆیە بڕیارمدا کە بانگی لێوەبکەم لەبەر ئەوەی ئەو لە شوێنەکەی ئێمەوە نزیک بوو، بانگمان لێکرد بەڵام لەجیاتی هەڤاڵ ئامەد هەڤاڵێکی تر وەڵامی داینەوە، ئیتر هێواش. . هێواش دەستمانکرد بە پاشەکشێ، ئەو شوێنەی هەڤاڵ ئامەدی لێ بوو لەگەڵ هەڤاڵان هەندێ بەهێواشی پاشەکشێیان دەکرد، کە گەیشتنە لامان بینیمان نەک هەڤاڵ ئامەد خۆی بەڵکو تەرمەکەی گەڕاوەتەوە، زۆر نیگەران و ترساین

بەڵام سەرەتا نەماندەتوانی بە کەس بڵێین کە هەڤاڵ ئامەد شەهید بووە، فەرماندەکەمان شەهید بوو ئەمەشمان گەیاندە هەڤاڵانی بەرپرس کە شەڕەکەیان دەبرد بەڕێوە، هەڤاڵان ووتیان بە خێرایی تەرمی هەڤاڵ ئامەد هەڵگرن و پاشەکشێ بکەن، لەم چالاکییەدا برینداریشمان هەبوو، هەڤاڵ رەفعەت کە فەرماندەی مەفرەزە بوو ئەویش بریندار ببوو، دوو بریندار و شەهیدێکمان هەبوو، هەر بۆیە زۆر بە هێواشی پاشەکشێمان دەکرد، دوژمن ئەمەیان بەهەل زانی هەر بۆیە هێرشیان دەکردە سەرمان لە ژێر بارانی فیشەکدا پاشەکشێمان کرد، ئەو شوێنەی هێرشمان تیا ئەنجام دابوو لە بەر ئەوەی لە هەککارییەوە نزیک بوو کۆپتەریش گەیشتە سەرمان، کە شەڕەکە چڕ بۆوە ئیتر نەمان دەتوانی تەرمەکە لەگەڵ خۆمان بەرین، هەر بۆیە تەرمی شەهید ئامەدمان لە شوێنێک شاردەوە، بریندارەکانمان لەگەڵ خۆماندا بردوو لەو شوێنە بە خیرایی جیا بوینەوە، گەیشتینە شوێنی خۆمان بەڵام بە کەموکوڕییەوە، دوای گەیشتنمان هێواش، هێواش قورسایی زەرەرەکەمان خۆی دەدا بە سەرماندا، لە بەر ئەوەی ئەم شەهادەتەی هەڤاڵ ئامەد کارێک بوو کەهەرگیز چاوەڕێی نەبووین.

**ئێمەهەڤاڵ و هاوخەباتین.**

هەڤاڵ ئامەد کەسێکی مەزن و زۆر موتەوازی بوو هەروەها لەبارەی بزووتنەوەی ئازادی ژنان و ئایدۆلۆژی زۆر جدی بوو و، خەباتکار بوو، هەڤاڵێک بوو کە دەتوانرا بە نمونە بهێنرێتەوە، هەمیشە دەیووت ئێمە هەڤاڵی رێی یەک ئامانج و تێکۆشانین، بەردەوام دەیووت ئەگەر نزیک بونەوەیەک هەبێت بەرامبەر

بەیەکتری دەبێت لەچوارچێوەی هەڤاڵایەتیدا بێت، ئەم شۆڕشە کە ئێمەی بەیەکتر ناسیوە دەبێت ئێمەش شایەنی ئەم شۆڕشە بین، هەڤاڵێک بوو کە زۆر پتەو بوو بەرامبەر بە شۆڕش، هەمیشە دەیووت ئەگەر کەسێک لە ناو پەکەکە دا مەزن ببێت دەبێت بە ماندوو نەناسیەوە ناو دەرکات وگەورە ببێت، زۆر نرخی بە ماندووبونی کەسایەتی دەدا، هەموومانی لەسەر بناغەی شێوازی ژیان و ئایدۆلۆژی پەروەردە دەکرد، ئەو پێی وابوو کە هەموو کەس دەبێت لەو چوارچێوەیەدا خۆی پەروەردە بکات، کە هەموو ئەم شتانەی دەهێنایە زمان هەڵبەت لە ئەزمونی ژیانی خۆی بە نمونەدە هێنایەوە، ئێمەش زۆر جدیانە گوێمان بۆ ڕادەگرت، لەو هەرێمانەی کە بەردەوام شەڕی لێدەهاتە ئاراوە زۆر مابۆوە، ئاخر بۆ دواجار لەپێش هەرێمی ئامەد لە هەرێمی بۆتانەوە هاتبوو، لە بارەی هەڤاڵایەتیەوە سنوری نەدەناسی، ئەگەر هەڤاڵێک پێویستی بەو ببوایە بەبێ جیاوازی کچ و کوڕ یارمەتی دەدا، هەربۆیە هەموو کەس زۆر خۆی لەوەوە بەنزیک دەزانی.

هەڤاڵ ئامەد چیایەک بوو لەناو چیاکانیشدا عاشقی چیای زاگرۆس بوو، هەڤاڵ ئامەد جگەرەی دەکێشا هەروەها هەڤاڵانێکی زۆری تریش جگەرەیان دەکێشا، جیاوازی هەڤاڵ ئامەد بەم شێوەیە بوو ئەگەر جگەرە هەبوایە جگەرەی بەکەس نەدەدا، لە کاتی هەبوونی جگەرەدا یەک جگەرەی لە گیرفان دەردەهێنا و بەکەسی نەدەووت فەرموو، بەڵام کاتێک جگەرە نەبوایە ڕاستەوخۆ جگەرەی دەردەهێناو دەیدا بە هەڤاڵان، کە لێمان دەپرسی بۆچی وادەکەیت ئەویش دەیووت نامەوێت هەڤاڵان ژەهراوی بکەم بەڵام ئەگەر پێویستی هەڤاڵان هەبێت مەجبورم پێداویستیەکانیان دابین



بکەم، هەمیشە دەیووت لەناو هەڤاڵایەتیدا خۆپەرستی نییە بەم شێوە یەهێڵی هاڤاڵێتی گەریلای پەکەکەی دەکێشا.

پاشان بۆهێنانەوەی تەرمەکەی هەڤاڵ ئامەد چەند جارێک چووین بەڵام هەموو جارێێک دەکەوتینە بۆسەوە و دەکشاینەوە، بەڵام هەرگیز دەستبەرداری ئەوە نەبوین کە تەرمەکەی نەهێنینەوە، تاکو زستان هەوڵماندا کە تەرمەکەی بهێنینەوە، لە ناوەڕاستی زستاندا توانیمان تەرمەکەی بهێنینەوە، لە زاگرۆس لە گۆڕستانی شەهیدان ناشتمان، هەڤاڵ ئامەد چیایەک بوو لە ناو چیاکانیشدا عاشقی چیای زاگرۆس بوو، مرۆڤ لە چاوانی هەڤاڵ ئامەددا خەمی هەڤاڵانی بەدی دەکرد، زاتەن ئەو لەپێناو تۆڵەسەندنەوەی هەڤاڵەکانیدا شەهید ببوو، خۆی بەخاکی کوردستان ڕاسپارد، ئازارێکی گەورەی لە دڵماندا دروست کردوو ماڵاوایی لێکردین، خەفەتێکی تری لەدڵماندا زیاد کرد، ئەو هەمیشە لە دڵماندا

دەمێنێتەوە، سەرەرای ئەوەی کە لەبیر کردنی گەریلایەک چۆن مەحاڵە لەهەمانکاتدا بیر لەوە ناکرێتەوە کە بتوانرێت بژین ئەگەر شایەنی ئەو هەڤاڵانە نەبین.

کاتێک ئەم یادەوەریەم کە دەبێت بە یادێک لە ژیانی گەریلایمدا کە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە هەروەها هەڤاڵ ئامەد بوو بەو فەرماندەیەی لە دڵ و هزرمدا کە هەرگیز لە یادم ناچێتەوە.

گەریلای ٣ساڵە......غوربەت

**ئاگری سۆران**

شەر و پێکدادان لەچیای جودی بە سەختی بەردەوام بوو، فرۆکەجەنگێکانی ف ١٤ و ف ١٦ ی سوپای تورک بەردەوام خەریکی بۆردومانکردنی ئێمە بوون، دەمەو ئێوارە بۆ پاراستنی خۆمان گەیشتینە قەدپاڵی گردەکان، هەڤاڵان نەیاندەزانی کە ئەو دەورو بەرە کە هێزی دوژمنی لێیە، هەر بۆیە لەکاتی تاریکی شەودا هێزی دوژمن سەرگردەکانیان گرت، دیار بوو ئەم شەو و ڕۆژە ڕوداوی دڵتەزێنی لێدەهاتە ئاراوە، هەندێک لە هەڤاڵانمان کە ناویان ( گوڵیستان. . سڵاڤ. . گوڵان. . دەریا. . هێلین. . کۆچەر و سۆزدار ) بوو، کەمیان مابوو بگەنە سەر لووتکەی گردەکە، دوای گەیشتنیان هەڤاڵ گوڵیستان چاوی بە چوار دەوری خۆیدا گێڕا بوو، هیچی بەرچاو نەکەوتبوو، لە ناکاو لە چوار لاوە دەست ڕێژیان لێکرا، هەڤاڵ سلاڤیش بۆ ئەوەی هاوکاری بکات بەرەو لای هەڤاڵ گوڵیستان هەڵگژا، هەڤاڵ سلاڤ خۆی لەناو بارانی فیشەکدا بینیوە، لە سەر ئەم هێرشە هەمووومان بە گشتی پاشەکشێمان کرد، بەڵام ٢ هەڤاڵمان دیار نەبوون، هەڤاڵان بەگشتی ئەو ٢٢ هەڤاڵەیان بینی بوو کە چۆن لەناو بارانی فیشەکدا ماونەتەوە، هەڤاڵ گوڵان لەبەر ئەوەی کەم ئەزموون بوو نەیتوانی لەناو ئەو دۆزەخەدا خۆی ڕزگار بکات، بۆ ئەوەی بەزیندوویی دەستی دوژمن نەکەوێت نارنجۆکەکەی بەخۆیدا تەقاندەوە، ئێمە هەرگیز چاوەڕێی ئەو قارەمانێتیەمان لە هەڤاڵ گوڵان نەدەکرد بەڵام ئەو ئەم قارەمانێتیەی نیشاندا.

ئەوکاتەی هەڤاڵ گوڵان خۆی شەهید کرد، هەڤاڵ سڵاڤ بەهاوار کردن و تەقەکردن بەرەو ڕووی دوژمن چووبوو، بەڵام هەڤاڵان بینیبویان کە دوژمن خۆیان دادا بوو بە سەر سەر هەڤاڵ سڵاڤ و بە زیندوویی دەست گیری بکەن، بەگوێرەی بۆچونی هەڤاڵان ئەم

ڕەوشی دیلبوونەهەندێک جار ڕوو دەدات، مەخابن هەڤاڵ سڵاڤ ڕوبەڕوی ئەو ڕەوشە نائاساییە ببۆوە.

دوای ئەم دیلکردنەی هەڤاڵ سڵاڤ دادگای دەولەتی تورک سزای زیندانی بەسەردا دەسەپێنێت، سالێک بەسەر زیندانێکەیدا تێپەڕی، لە زیندان هەموو ئێوارانێک دادەنیشت و پشتی دەدایە دیوارێکەوە، وێنەی هەڤاڵ ڕوکەن بەردەوام دەهاتە بەرچاوی، هەڤاڵ روکەن پێشوتر شەهید ببوو، سڵاڤ وێنەی هەڤاڵ گوڵانی لە دڵدا هەڵگرتبوو، لەبەرئەوەی بە دیلی گیرابوو بنەماڵەکەی سەردانیان نەدەکرد بەڵام هەڤاڵ سلاڤ بەمە دڵتەنگ نەببوو چونکە دەیزانی ڕووحی کوردبوونی بنەماڵەکەی ڕازی نەدەبوو کە هەڤاڵ سلاڤ دیلبکرێت بەڵام ئەو کات و ساتەکانی زیندانی لەگەڵ بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەبردە سەر، کاتێک هەڤاڵ سڵاڤ لە زیندانیش دەرچوو کەس بە پیرێوەی نەهات هەر بە تەنیا مابۆوە، دەگەڕا بەشوێن برادەرێک بەڵام کەسی چنگ نەدەکەوت، دەیویست ژیانێکی ئاسودە بە سەر بەرێت بەڵام بواری بۆ نەدەڕەخسا، دەیویست بگەڕێتەوە شاخ بەڵام لەوە دەترسا کە هەڤالان لێی بەشک و گوومان بن، ئەو دیلکرابوو، لە حاڵەتێکدا کە هەڤاڵەکەی بە نارنجۆکێک خۆی شەهید کرد بوو بەڵام ئەم بە دیلی گیرا بوو.

ساڵ تێپەڕی، برادەرێکی بۆخۆی پەیدا کرد بەناوی ڕووبار کەئ هویش ماوەیەک گەریلایی کردبوو پاشانیش لە ناو ڕیزەکانی گەریلادا هەڵاتبوو، سڵاڤ شووی کرد بە ڕووبار، سڵاڤ هەر بە خەیاڵی ژیانێکی پڕ قارەمانانە دەژیا، دوای ماوەیەک بوون بە خاوەن کچێکی خنجیلانە، ناوی کچەکەیان نا ( غوربەت )، کەس نەیدەزانی بۆچی ناویان نابوو ( غوربەت )، چونکە سڵاڤ لە شاخدا هەڤاڵان

پێیان دەووت غوربەت، کاتێک بانگی کچەکەیان دەکرد بە غوربەت خەیاڵی دایکی دەگەڕایەوە بۆ بیرەوەریەکانی سەر شاخ، ژیانی ڕۆژانەیان هەر وەک هەموو کەسێک دەبردە سەر، بەڵام بواری ژیانیان سادە نەبوو، بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بۆ چیا، چاویان کەوت بەگەریلا، چەندین ساڵ بەسەر ئەو بەسەرهاتە تێپەڕی بوو، ساڵی ١٩٩٤ ئەو بەسەرهاتە روویدا بوو بەڵام ساڵی ١٩٩٨ رووبەرووی گەریلا ببونەوە، غوربەتی کچیان تەمەنی ٣ ساڵ بوو، لەڕاستیدا ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕووداوەکان تێنەپەڕیبوو بەڵام ئەوان لە ژیانی سادەی خۆیاندا بەختەوەر نەبوون، هەردووکیان هەستیان بە ئازاری دەروون دەکرد و هەستیان دەکرد کە ناتوانن بەو شیوەیە ژیان بەرنەسەر، هەڤاڵ سلاڤ دیلکرابوو ڕوباریش هەڵاتبوو.

کە گەیشتنە شاخ غوربەتی کچیان ببوو بە گەریلا، هەڤاڵانی کچانمان بوون بەخاوەن غوربەت و ئەوان بەخێویان دەکرد، لەئەنجامی پارچەکردنی بەرگەکانی خۆیان بەرگێکی خنجیلانەی گەریلایان بۆ دروست کردبوو، بەڵێ غوربەتی تەمەن ٣ ساڵە لە هەرێمی بۆتان ببوو بە گەریلا، هەرێمی بۆتان بەردەوام شەڕ و پێکدادانی دژواری لێدەهاتە ئاراوە، غوربەت لەناو ئەو ئاگر بارانەی هەرێمی بۆتاندا بوو، هەڤاڵان دەیانویست غوربەت دوور بخەنەوە بۆ شوێنی پاراستن بەڵام لەبەر ئاڵۆزی ڕەوشەکە دەرفەت نەدەڕەخسا، لەساڵی ١٩٩٩ دا سەرۆکایەتی لە ئەنجامی گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی دیلکرا، ئەم کارەساتە بۆ گەریلا گەورەترین بومەلەرزە بوو ، گروپێک لە هەڤاڵان بۆ تۆڵەسەندنەوە بڕیاری ئەنجامدانی چالاکییان دا و ،بۆ ئەنجامدانی چالاکێکە خۆیان سازدا، سوێندی تۆڵەسەندنەوەیان خوارد، لەوکاتەدا رووباری

باوکی غوربەت پێشنیاری چالاکی کردبوو، دەیویست چالاکی ئەنجام بدات، جارێکی تر دەرفەت هاتەژێر دەستی و چوو بۆ ئەنجامدانی چالاکی، تەقەمەنیەکی باشی لەگەڵ خۆیدا برد، بەڵام مەخابن ئەو تەقەمەنیانە کەوتە دەستی دوژمنەوەو رووبار خۆی ڕادەستی دوژمن کردەوە، هەڤاڵان بیریان دەکردەوە ئایا رووبار بەئەنجامی سیخوڕی لەسەر خواستی دوژمن جارێکی تر هاتۆتەوە ناومان؟ ، کەس نەیدەتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، لە ئەنجامی ئەم کارەی ڕووبار هەڤاڵێکی زۆر ڕوبەڕوی مەترسی بوونەوە.

هێواش. . هێواش وەرزی بەهار نزیک دەبۆوە ، سروشت سەرلەنوێ دەژیایەوە، کاتێک مرۆڤ چاوەڕێی نێرگز و گوڵ و چیمەنیان دەکرد بەڵام گەریلا چاوەڕێی هاتنی هێزی دوژمن بوون، دەنگی هاتنی کۆپتەری کۆبرا دەم بەخێر نەبوو، ڕووبار شان بەشانی هێزی دوژمن بەرەو چیاکانی هەفتانین چوو بوو، کەس نەیدەزانی ئەم جارەیان کێ بەشەهید بوون دەدات، هەموو لایەک دوکەل و ئاگر بوو، هێزێکی زۆرمان لە ناچاریدا شوێنی خۆیان گۆڕی.

غوربەت و سڵاڤی دایکی لەگەڵ گروپێک گەریلادا بوون، لە چواردەوری چیاکانی هەفتانین بوون، کاتێک هێزی دوژمن لێیان نزیک دەبێتەوە خۆیان لە ناو ئەشکەوتێکدا حەشاردەدەن، هێزێکی زۆری دوژمن چواردەوریانی تەنی بوو، بۆئەوەی ئاشکرا نەبن دەبوایە دەنگیان دەرنەچووایە، لە ڕەوشێکی ئاوادا تەنها بە شەو گەریلا دەتوانێت جوڵەبکات، کاتێک گوێیان لە نزیک بونەوەی دەنگی دوژمن دەبێت گەریلاکان نارنجۆکی خۆیانیان دەرکرد، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت لەگەڵ خۆیاندا چەند سەربازێکی دوژمن بکوژن، غوربەتی کچە گەریلای ٣ساڵەمان هەستی بەگرنگی و مەترسی

ڕووداوەکان نەدەکرد، ئەو تەنها بە ڕامانەوە لە ڕووداوەکانی دەڕوانی سەرسام مابوو، غوربەت لە ئاستی ئەم هەموو ڕووداوانە تەنها توانی دەست بکات بەگریان.

غوربەت نە خاوەن نارنجۆک بوو نە دەشی توانی وەک گەریلاکانی تر ڕێگا چارەیەک بدۆزێتەوە، ئەو تەنها خاوەن گریان بوو، کاتێک دەنگی گریانی غوربەت تێکەڵ بەدەنگی هێزی دوژمن بوو، دایکی غوربەت سڵاڤ بۆ ئەوەی نەهێڵێت دەنگی غوربەت دەربچێت و بە هۆی ئەم گرایانەی غوربەتەوە ئاشکرا نەبن و نەکەونە شەڕەوەو هەموویان شەهید نەبن دەستی نایەسەر دەمی غوربەت، دوای ئەوەی هێزی دوژمن لێیان دوور دەکەوێتەوە دەنگی غوربەتیش نەما، جارێکی تر کەس گوێی لەدەنگی ئەو نەبۆوە، هەموو داخی گەریلا ئەوەبوو بۆچی نارنجۆکەکانیان بەخۆیاندا نەتەقاندۆتەوە چونکە لەلایانەوە ئیتر دەنگی غوربەت نەدەهات چونکە غوربەتی ٣ ساڵە بەدەستی دایکی خنکا. ............

**شەهید هۆزان سەرحەد**



**هۆزانێک.. شۆڕشگێڕێک.. وڵاتپەروەرێک**

داهێنەرێک کە بەردەوام بە دوای نوێکاریدا دەگەڕا، هەندێک جار لە ڕێی بەرنامەو هەندێ جاریش وەک هۆزانێک وەک هونەرمەندێکی شۆڕشگێڕ **هۆزان سەرحەدمان ناسی.**

هۆزان سەرحەد لە٢٤ ی تەموزی ساڵی ١٩٧٠ لە شارۆچکەی ( ئێلیشکرد ) ی سەر بەشاری ( ئارارات ) هاتۆتە دونیاوە، باوکی ناوی ( محەمەد ئیحسانە) کە لە شارۆچکەی ناوبراو فەرمانبەری میری بووە، دوای کۆچی باوکی لەگەڵ دایکی کەناوی ( گوڵشان ) هەروەها لەگەڵ برا و خوشکەکانیدا دەگەڕێنەوە زیدی خۆیان کە(پاتنۆسە)، ئەم شارۆچکەیەش سەر بە ئاراراتە. هۆزان سەرحەد خاوەن ٢ خوشک و ٢ برایە، سەرحەد کوڕە بچوکی ماڵەو ناوی ڕاستەقینەی هۆزان سەرحەد ( سولەیمان ئالپدۆغانە)، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شارۆچکەی ( پاتنۆس ) تەواو کردووە.

لە قۆناغی خوێندنیدا خوێندکارێکی ژیر بووە و پەیوەندیەکی دۆستانەی باشی هەبووە لەگەڵ خوێندکارەکانی تردا، لەتەمەنی ٧ ساڵیدا کەئەوکات برا گەورەکەی لەقۆناغی ناوەندی دەخوێنێت خاوەن سازێک بووە، هۆزان سەرحەد لەو تەمەنەدا سازی براکەی دەگرێتەدەست و ئەیژەنێ، بەڵام بەردەوام روبەڕووی توڕەیی برا گەورەکەی دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی منداڵ بوو بۆ ئەوەی دەستی نەگاتە سازەکە ،سازەکەیان بە دیواری ژوورەکەیاندا هەڵدەواسن، بەڵام ئەو هەر سوور دەبێت لە داگرتنی سازەکە، زۆرجار لە کاتی ژەنینی سازەکەدا تەلەکانی پچڕاندووە و هەربۆیە زوو. . زوو برا گەورەکەی دەمەقاڵەی دەبێت لەگەڵیدا، ئەو سوورە لەسەر ئەوەی ساز لێبدات، دەستی کردەوە بەساز لێدان و بە نیازیش نەبووە

دەست بەرداری بێت، برا گەورەکەی کەناوی ( عارف ئالپدۆغانە) ئەو سەردەمە بەم شێوەیە دەهێنێتەزمان ( یەک سازمان هەبوو، بۆ کڕینی ئەو سازە من و دایکم ماوەی ساڵێک پارەمان کۆکردەوە، سەرحەد زۆر مەراقی ئەو سازەی هەبوو، دەترسام کەشتێک لە سازەکە بکات، شەڕێکی زۆرمان کرد لەگەڵ یەکدا، سەرحەد کۆڵی هەرنەدا، دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بینیم کە لە من باشتر دەتوانێت میلۆدی گۆرانێکان بژەنێت، کاتێک بینیم حەزی لە سازە و سەرکەوتوشە ئیتر دەستم کرد بە هاوکاریکردنی ).

**یەکەم کاسێتی خۆی دەرخست.**

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٥ و ١٩٨٦ لە باکوریکوردستان و تورکیا پێشبڕکێی زارۆکی بەهرەمەند دەست پێدەکات، ڕۆژانە هەر جارەی منداڵێک هەڵدەبژێردرێت، هۆزان سەرحەد لە قۆناغێکدا گەورە دەبێت کەڕووح و هزری نەتەوەیی تێدا گەشەی نەکرد بوو، بۆ دەرکردنی کاسێت ڕوو لە شاری ئەستەنبوڵ دەکات، ئەمەیەکەم دابڕانی دەبێت لە بنەماڵەکەی، برا گەورەکەی داڕشتنی کاسێتەکەی بۆ دەکات کەناوی نابوو ( گولۆ )لەهەمان ئەو قۆناغەدا هونەرمەند ( کوچوک ئێمرە) سەرهەڵدەدات، ماوەیەک لە ئەستەنبوڵ لەگەڵ ( کوچوک ئێمرە) دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی باری ئابوری خراپ بووە ناچار دەبێت کەبگەڕێتەوەبۆ ( پاتنۆس ).

لەساڵی ١٩٨٧ کاتێک لەشارۆچکەی ( پاتنۆس ) قۆناغی ناوەندی تەواو دەکات هێزی دەوڵەت دژ بە چەپڕەوەکان ئۆپەراسیۆنێک ئەنجام دەدەن، چەند برادەرێکی دەست گیر دەکرێت، ( عارفی ) برا گەورەی لەو کاتانەدا لەشارەوانی شاری ( بورسە) کاردەکات و لەهەمانکاتیشدا لەکۆلێژی زانستی ئیداری خوێندکار دەبێت،

بۆ ئەوەی سەرحەد توشی کێشە نەبێت بەپەلە دەیهێنێتە لای خۆی، ماڵەوەیان نەیاندەویست هزری نەتەوەیی هۆزان سەرحەد گەشەبکات، لەساڵی ١٩٨٨ هۆزان سەرحەد لەناو ١٨٠٠ خوێندکاردا لەزانکۆی ( ئێگا ) لەشاری ( ئیزمیر ) کۆنسەرڤەی دەوڵەت بەشی موزیکی تورکی بە پلەی دووەمین بەدەست دەخات، لەوێدا لەجیاتی ساز بەشی ( تار ) ی موزیکی ئازەری دەخوێنێت، لەوێدا فێری ژەنینی شمشاڵ و پیانۆ و گیتار دەبێت، ئەم قۆناغەی ژیانی هۆزان سەرحەد قۆناغی سەرکێشی سیاسەتێتی، هەربۆیە لە بارەی کورد بوون و هونەری کوردیەوە دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە.

**پارێزبەندی شکاند.**

لەکاتی فێر بوونی موزیکی تورکی و بیانیدا هۆزان سەرحەد لە زانکۆ دەیهێنێتەزمان کە هونەر و موزیکی کوردیش خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و دەوڵەمەندە و پێویستە لەبارەیەوە لێکۆڵین بکرێت، هەربۆیە لەسەر موزیکی هەرێمەکانی وەک سەرحەد.. بۆتان دەکۆڵیتەوە، هۆزان سەرحەد چەند گۆرانیەکی لەسەر شێوازی ڕۆژئاوا نوێدەکاتەوە و بەم شێوەیە توانی کە گەشەیەکی باش بە موزیکی کوردی بدات و بە خەڵکی بدات بە ناساندن.

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩١ هۆزان سەرحەد برا گەورەکەی خستەناو گێژاوی هزریەوە، کاتێک کە دەویسترا سەرحەد لەکێشەی نەتەوەیی و ئایدلۆژی سیاسی بە دوور بگیرێت، لەو بارەیەوە گەنگەشەیەکی زۆری لەگەڵ خوشک و براکانیدا دەکرد، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مەسەلەی ژن هێنانی خستە رۆژەڤی بنەماڵەکەیەوە، چونکە دەیویست پارێزبەندی بشکێنێت، ئەو

سەردەمە کولتوری فیودالی بوو کەبرا بچووک ناتوانێت باز بدات بە سەر برا گەورەدا و ژن بهێنێت، بەڵام ئەو گوێی بەو کولتورە نەداو ئەو پارێزبەنی کولتوری وورد و خاش کرد، هەربۆیە لەگەڵ کچێکی خوێنکاردا بە ناوی ( یڵدز ) ی مارەکرد و لەناو خۆیاندا شاییەکی بچوکیان سازدا.

**دەزووەکانی پساند.**

هۆزان سەرحەد و یڵدزی خێزانی لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٩١ دەچنە ناو هێزەکانی پەکەکە وە، یڵدزی خێزانی هۆزان سەرحەد لەشارۆچکەی ( جزرە) لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە دەگیردێت، دەخرێتە زیندانی شاری ( ئاماسیا )، لە ئاکامدا ١٢ ساڵ و ٦ مانگ زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت.

هۆزان سەرحەد سەرەتا دەچێتە هەرێمی هەفتانین و لەوێشەوە دەچێتە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی و لە ئەکادیمیای مەعسوم کۆرکماز پەروەردە دەبینێت، بەهۆی دەست ڕەنگینی و سەرکەوتنی لە بارەی موزیکەوە بۆ ئەوەی چالاکی هونەری سیاسی کورد پێشبکەوێت ڕەوانەی ئەوروپای دەکەن، بەم شێوەیە ماوەی ٤ ساڵ خەباتی سیاسی و هونەری لە ئەوروپا ئەنجام دەدات، هۆزان سەرحەد نەک تەنها باکاری موزیکەوە خۆی سەرقاڵ کردبێت بەڵکو کاری شانۆشی دەکرد، سەرحەد دەڵێت پێویستەهەموو هونەرمەندێک بگەڕێتەوە بۆ وڵات. هەروەها دەڵێت ئێمە سەرچاوەیەکی بەهێزی هونەریمان هەیە، ئەرکی سەر شانمانە کە لە وڵات ئەو سەرچاوانە بژێنینەوە، ئەمەش ئەرکی ئێمەیە، تاکو ئەمڕۆ گۆرانی بێژە کۆنەکان توانیان موزیکی کوردی بگەهێننە ئەم ئاستە، ئەگەر ئێمەکارێک

نەکەین ئەو بەرهەم و دەوڵەمەندیانەمان بەرەو ناوچوون دەچن، زاتەن هونەرەکەمان دەکرێن بە تورکی، ئێمە نمونەی وەک ( عیزەت ئالتونمەشە و نوری سێسی گوزال ) مان هەیە کە هونەری کوردی وەک هونەری تورک ناوزەند دەکەن، پێویستە بەرهەمە فۆلکلۆریەکانمان زیندو بکەینەوە تاکو لەناو نەچن.

هۆزان سەرحەد لەساڵی ١٩٩٦ گەڕایەوە کوردستان، چەند مانگێک لەزاپ دەمێنێتەوەپاشانیش دەچێتەباڵەخانەی مەڵبەندی کولتوری مێزۆپۆتامیا لەشاری هەولێر، لە باشوری کوردستان بەشداری هەموو چالاکییە هونەریەکان دەکات، لە بادینان و سلێمانی چالاکییەکی زۆری هونەری ئەنجامدا، لە سلێمانی بەشی ئۆکۆسترای هونەرەجوانەکان بانگی دەکەنە لای خۆیان و بەرهەمێکی لەگەڵ ساز دەکەن.

لە١٦ ی مایسی ساڵی ١٩٩٧ هێزی پێشمەرگەی پدک چواردەوری باڵەخانەی مەڵبەندی کولتوری مێزۆپۆتامیا و مانگی سوور دەگرن، لەئەنجامی شەڕ و پێکدادانەدا چەند هونەرمەندێک شەهید دەبن، بەڵام پێش ئەم کوشتارەی پێشمەرگانەی پدک بە٤ ڕۆژ هۆزان سەرحەد لە هەولێرەوە دەچێت بۆ سلێمانی، سەرحەد توانی گۆرانییە ناودارەکەی بەناوی ( هەولێر ) بە مێلۆدی بکات.

لەساڵی ١٩٩١ وەهیچ کامیرەیەک نەچوبووەهەرێمی بۆتان، دوای ماوەیەک بەرپرسیارانی پەکەکە بڕیار دەدەن کە حسین قایتان و دەرهێنەر خەلیل ئویسال بۆ وێنەگرتن لەگەڵ گروپێک گەریلادا بچن بۆ هەرێمی بۆتان ، کاتێک هۆزان سەرحەد گوێی لەم بڕیارە دەبێت ئەویش پێشنیار دەکات و داوا دەکات کە بڕوات بۆ هەرێمی بۆتان، بەڵام ئەم پێشنیارەی قەبوڵ ناکرێت.

دوای ماوەیەک جارێکی تر داوا دەکات کە کلیپێک لەهەرێمی بۆتان دەربکات، دوای سوربوونی لەسەر ئەم داخوازییەی ڕێگای دەدەن کەداخوازییەکەی بێتەجێ، مەخابن لە١٠ ی تەموزی ساڵی ١٩٩٩ لە هەککاری دەکەونە بۆسەی جەندرمەی تورکەوە و شەهید دەبێت.

ئەو لەهەموو شوێنیک

لەشەڕدایە

**هاوخەباتێک**

هەڤاڵ نیهات فەرماندە بوو، ئەگەر هێزی دوژمن بکەوتنایەتە سەر لوغمەکان ئەوکاتە شەڕ دەستی پێدەکرد، ئەو ڕۆژەهێزی دوژمن هاتنە ئەو ناوچەیەی کە هەڤاڵان خۆیان لێ جێگیر کرد بوو، ماشێنەکانی دوژمن کەوتنە سەر لوغمەکان لەو جێیەدا ٥ سەربازیان پارچە.. پارچە بوون، هەڤاڵ نیهات ئەو سات و کاتەی بەم شێوەیە بۆ هەڤاڵ دەهێنایە زمان کاتێک هێزی دوژمن لە لوغمەکان نزیک بوونەوە هەڤاڵ سەرخۆبوون هاتە بەرچاوم ووتم ئەی دوژمنی دڕندە دەبێت تۆڵەی هەڤاڵ سەرخۆبونتان لێ بکەینەوە.

دوای تەقینەوەی لوغمەکان بەسەر هێزی دوژمندا و دوای ئەوەی هەڤاڵانی گروپی هێرشبەر کە هەڤاڵ نیهات فەرماندەیان بوو دوای دەست وەشاندن و زەرەر لێدانێکی زۆری هێزی دوژمن پاشەکشێیان کرد، هەڤاڵ نیهات هەڤاڵێکی ووریا و پڕ ووزەو بە جۆش و پڕ ووره بوو، خۆی پێڕانە دەگیرا لە هەموو چالاکیەکدا لە گروپی هێرشبەر جێی دەگرت هەر بە هۆی جەربەزەیی و ئازایەتی خۆی کرا بە فەرماندەی تیپ، ئەو قۆناغە ،قۆناغێکی زۆر دژوار بوو، دەبوایەکاروبارێکی زۆر ئەنجام بدرایە، تا دەهات ١٥ ی ئاب نزیک دەبۆوە، هەر بۆیە دەبوایە کاروبارەکان خێراتر ئەنجام بدرێن، چونکە پێمان وابوو کە هێزی دوژمن لە ناو ئامادەباشی ئەنجام دانی ئۆپەراسیۆنن، هەروەک هەموو جارێک دەبوایە ئامادەببوینایە، پێشوتر لە دەربەندی گرانە کەرتێکمان ئامادەباشی خۆیان کردبوو، ئەگەر ئەم ئامادەباشییە بگەیشتایەتە ئاستی ئەو قۆناغە ئەوە بەگشتی کاردانەوەیەکی باشی دەبوو، کاروبارەکانمان بەشێکی زۆری بە ئەنجام گەیشتبوو، ئەوەی مەبەست بوو ئەوە بوو کە هێزی دوژمن بکەونە ناو چەمبەرمانەوە، چونکە ئەگەر هێزی دوژمن بهاتنایەتە ئەو شوێنەی ئێمە مەبەستمان

بوو ئەوە دوژمن زەرەرێکی زۆری لێدەکەوت، لە ئاکامدا هێزی دوژمن هاتنەئەو ناوچەیەی کە ئێمە مەبەستمان بوو، ڕۆژی ٧ ی ئاب هێزی دوژمن بە ئامانجی ئۆپەراسیۆن ئەنجامدان هاتنەناوچەکەوە، لەبەر ئەوەی هەڤاڵان زوو تر ئامادە باشییان کرد بوو هەروەها چاودێریەکی باشی هێزی دوژمنیان کرد بوو هەر بۆیە هەست بە جموجۆڵی هێزی دوژمن زوو کرا، هەموو ئامادە باشییەکانی شەڕ لە ماوەیەکی کەمدا بە ئەنجام گەیشت، لە ئامادەباشییەکاندا و لە خۆسازدانەکاندا هەڤاڵ نیهات لە گروپی هێرشبەر جێی گرت، لە کاتی کۆبونەوەی ئامادە باشیماندا هەڤاڵ نیهات ووتی دەبێت هەموو کەس ڕۆڵی خۆی ببینێت، ئەوەی بەباشی ڕۆڵی خۆی نەبینێت بۆی هەیە سزاشی بدەم.

کاتێک ئەمەی دەهێنایەزمان بەڵام خۆی لەڕیزی پێشی پێشەوە بوو، کات تا دەهات تەنگ دەبۆوە، ئەو هەڤاڵانەی بۆ بۆسەدانان تەرخان کرابوون شوێنی خۆیان گرتبوو، هێزی دوژمن هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشەوە دەهاتن، ئەمە بۆ یەکەم جار بوو کە هێزی دوژمن بەو ژمارە زۆرەوە لەم ناوچەیە ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدات، دەتوانم بڵێم هەر هەڤاڵێکمان بەرامبەر بە١٥٠ سەربازی دوژمن دەبۆوە، واتا ١ بەرامبەر بە١٥٠٠ سەرباز، هەڤاڵ نیهات ڕومانەیەکی زۆری لەخۆی بەست، هەڵبەت ئامادە باشییەکان تەواو ببون سەرەرای ئەمەش سەرکەوتن بەووره و باوەڕەوە گرێدرا بوو.

کاتێک هەڤاڵ نیهات لەبێ هودەییدا بوو هێزی دوژمن تا دەهات نزیک دەبوونەوە، شەوێکی تاریک و نوتەک و ئارام و هێمن بەڵام دەبوایە بورکانێک ئەم بێدەنگیەی بهەژاندایە ،بەڵێ هەڤاڵان بورکان بوون و دەتەقینەوە، تا دەهات هێزی دوژمن نزیک تر دەبونەوە

پەنجە لەسەر زامنەکان بوون و پیمی ڕومانەکان دەرهێنران و ئامادەی تەقینەوە بوون، هێزی دوژمن لەنزیک بونەوەیان لەدەربەندەکەژمارەیان دەگەیشتەنزیکەی ٥٠٠ سەربازێک، هەڤاڵان بەشی سەرووی دەربەندەکەیان گرتبوو هەر بۆیەهێزی ئێمە بەسەر هێزی دوژمنەوە زاڵتر بوون ئەمەش ئەوەی دەگەیاندا کە ئێمەدەستی باشتر لە هێزی دوژمن دەوەشێنین، بەڵێ کەمی مابوو کە مێژوویەک بنوسرێتەوەم ێژووی ٧ ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ کاتژمێر ١ و ٣٠٠ خولەکی شەو.

بەڵێ لەگەڵ یەکەم تەقینی فیشەکدا بێدەنگی باڵی بەسەردا دەگیرا و تاریکی دەڕەوایە و دروشم دەگوترایەوە و مێژوویەکی نوێ تۆمار دەکرا.

بەڵی هەڤاڵان دەستیان کردەوەو دەنگی تەقەو رومانەو ئاربێجی ناوچەکەی تەنی، هێزی دوژمن هەرنەیان زانی چی بکەن سەریان لێشێوا، چونکە لە هەموو لایەکەوە ئاربێجیان تێدەگرتن و رومانەیان تێدەگرتن و لە هەموو لایەوە دەست ڕێژیان لێدەکرا، ئەوەی کوژرا.. کوژرا.. ئەوەی رای کرد.. ڕای کرد.

هەروەکو هەموو چالاکییەک هەڤاڵ نیهات ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، لەکاتی پەلامارەکەدا دەنگی زوڵاڵی هەڤاڵ نیهات دەهاتەگوێمان، ئەم دەنگەی هەڤاڵ نیهات ترسێکی زۆری خستبۆوە دڵی سەبازەکانی دوژمن، ئەم چالاکییە ئەنجامێکی باشی بەدەست خست، لەبەر ئەوەی ژمارەی هێزی دوژمن زۆر بوون و هەروەها چارەیەکی تریشیان نەبوو هەربۆیە ناچارمان هێرش بهێنن، هەربۆیە هەڤاڵان هێواش.. هێواش کەوتنە پاشەکشێ کردن، هەرچەندەچالاکییەکی مێژووی بوو سەرکەوتنیشی لێکەوتەوە هەروەها دڵتەزێنیشی بە دوادا هات، ئەم



بێبەختییە هەڤاڵ نیهاتی گرتەوە، پاشەکشێکردن کۆتایی پێهاتبوو، بەڵام لەناو هێزەکەماندا هەڤاڵ نیهاتی تێدا نەبوو، هەڤاڵ نیهات شەهید ببوو ئەو هەڤاڵانەی لەگەڵیدا بوون تەرمەکەیان لە شوێنێکدا شاردبۆوە، ئەم شەهادەتە ناڕەحەتیەکی زۆری لە نێوانماندا دروست کرد و هەموو مەسەلەکانمان باس. . باسی شەهادەت بوونی هەڤاڵ نیهات بوو.

ئەم چالاکییە بۆ هەریمەکەمان چالاکییەکی مێژوویی بوو، لە هەموو مێژوویەکدا قارەمانان هەیە کە ئەم مێژووە بنووسنەوە و بیخولقێنن، ئەوەی مۆری خۆی لە مێژووی ئەم چالاکییەدا هەڤاڵ نیهات بوو، هەربۆیە بەردەوام ئەم مێژوویەی هەڤاڵ نیهات یاد دەکرێتەوە.

هێزی دوژمن تەرمەکەی هەڤاڵ نیهات یان بەردەست کەوتبوو هەربۆیە لەبەر قین و نەفرەتی خۆیان تەرمەکەیان سوتاند بوو، هێزی دوژمن ئەوەندە بێ دەسەڵات و بێ

چارەمابوونەوە هەربۆیە لەترساندا تەرمەکەیان سوتاند بوو، هەڵبەت ئەم ڕفتارەی سەربازەکانی دەوڵەتی تورک لەجیهاندا نەبینراوە و نمونەشی نییە، بەڵێ تەرمی هەڤاڵ نیهات سوتێنرا دوکەڵەکەی چوو بە ئاسماندا و خۆڵەمێشەکەشی بەخاکی بەرینی کوردستاندا بڵاوبۆوە و هەزارەها ڕۆڵەی وەک نیهاتی لێکەوتەوە.

هەر بۆیە شەهید نیهات لە هەموو شوێنێکدا لە شەڕدایە.

# پرانسیپەکانی ژیانی گەریلا

## دلبەر قامیشلو

بەشێکی زۆری ژیانی مرۆڤ لە پرانسیپ پێکهاتووە، هەمیشەپرانسیپەکان هەموو کاتێک شوێنی جیاوازی خۆیان هەیە، بە تایبەتی ئەو پرانسیپانە ئەگەر لە سەر چیاکانی کوردستان گەریلا بیت زۆر جیاوازە و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نمونە بۆ یەکەم جار لەتاریکیدا ڕێکردن.. یەکەم ئاگر کردنەوەی بێ دوکەڵ.. یەکەم چای لێنانی سەر چیا.. دروستکردنی یەکەم نان.. یەکەم شەڕ کردن.. بۆ یەکەم جار لەلاتەوەشەهید بوونی هەڤاڵێکت.. بردنەسەری یەکەم زستان لەناو چادری لایلۆندا هەروەها بۆ یەکەم جار مانەوە بە برسێتی و تینوێتی و هتد.. هتد.

پرنسیپەکان ئەو خاڵانە لە ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنێت کە هەرگیز لەبیر ناچنەوە، چونکە ئەو شتانەی کە مرۆڤ بۆ یەکەمجار تێیدا دەژیت مەحاڵە لە بیر بچێتەوە و لە بیر بکرێت.

ساڵی ١٩٩٤ بووم بە گەریلا، ئەو شتانەی لە سەرەوە هێنانمەزمان لەسەرەتایاندا بووم، من و ئەو هەڤاڵانەی نوێ بوون وەک من لەلایەن هەڤاڵانەوە براین بۆ ئەو کەمپەی کە پەروەردەی سەربازی لێدەبینرا، کەمپەکەمان لە هەرێمی هەفتانین بوو، دوایش ڕەوانەی ئەو شوێنە کراین کە کۆنفرانسی کۆنگرەی ٥ مینی لێدەبەسترا، هەڵبەت ئەشکەوتێکی باشیان ئامادە کردبوو بۆ هەڤاڵان واتا شوێنمان باش بوو، فەرماندەی ئەم مەشقی گەریلاییەمان لەلایەن هەڤاڵی فەرماندە ئەحمەد ڕاپۆوە بەڕێوە دەبرا، هەڤاڵ ئەحمەد هەموو ڕۆژێک لەبارەی مەشقی سەربازییە وەشتی نوێی فێردەکردین.

ڕۆژێکیان بۆ مەشقی بۆسەدانان چوینە پێدەشتەکانەوە، پێش ئەم مەشقە هەڤاڵ ئەحمەد لە بارەی تیوری قانونەکانی سەربازی و نزیک بونەوەو پابەند بوون بە پرانسیپەکانەوە وانەی پیگوتوبوین

هەروەها لە بارەی پابەند بوون بە ژیانەوە و ڕێز گرتن لەرەنج و ماندوو بوون و ڕێزگرتن لەمرۆڤ لەم بارانەوە پەروەردەی جدی پێکرد بووین.

ئەو ڕۆژەی چوینە پێدەشتەکانەوە هەر وەک پیشەی هەموو جارێکی گەریلا کراین بە چەند مەفرەزەیەکەوە و لەیەک جیابووینەوە، دەستمان کرد بەمەشقی بۆسەنانەوەو کاتەکەمان تەواو کرد، بۆ پشووی نیوەڕۆ مۆڵەتیان داین، مەفرەزەکان هەموویان هاتنەوە ئەو شوێنەی کەنانی نیوەڕۆی لێ ساز کرابوو، هەڤاڵان کەوتنەخواردن دروستکردن، هەندێک لەهەڤاڵان سەرقاڵی خواردن دورستکردن بوون هەندێکی تریش سەرقاڵی ئاگر کردنەوە بوون، منیش لەبەر ئەوەی تازەفێری ئاگر کردنەوەی بێ دوکەڵ بووم بۆ دورست کردنی چای بۆ مەفرەزەکەمان خەریکی ئاگر کردنەوە بووم و ئاگرم کردەوەو کترێکەم لەسەر ئاگرەکە دانا، من لەگەڵ هەڤاڵ بەرچەم کە هاوڕێی منداڵیمە بەیەکەوە بەشداری ناو ڕیزەکانی گەریلامان کردبوو، ناوی هەردوکمان بۆ هەمان کەمپی مەشقی سەربازی دەرچو بوو، لەو ڕۆژانەوەی فێری ئاگر کردنەوەی بێ دوکەڵ بووم من ئاگرم دەکردەوە و هەڤاڵ بەرچەم کۆتکەلە داری کۆدەکردەوە، ئەمەدابەشکردنی ئەرک بوو لە نێوان خۆماندا، لە ڕاستیدا ئێمە لە ناو خۆماندا ئەم ئەرکەمان دابەشکردبوو کە کەس فەرمانی پێنەکردبووین.

ئەو شوێنەی بەکارمان دەهێنا بۆ مەشقی بۆسەدانان بەپێ ماوەی کاتژمێر و نیوێک دوور بوو لە شوێنی کەمپەکەمانەوە، لەناو ئەشکەوتێکدا پەروەردەی ئامادەباشی کۆنفرانسی کۆنگرەی پێنجەم دەبرا بەڕێوە، بۆ ئەم مەبەستی پەروەردەی کۆنفرانسە چەند سەد

هەڤاڵێک بەشدار بوون.

خواردن لەشوێنی پەروەردەد روست نەدەکرا، من چایم بۆ هەڤاڵان دروست دەکرد، لە ناکاو گوێمان لە دەنگی فرۆکە بوو، کە گوێمان لە دەنگی فرۆکە بوو فەرماندەکانمان فەرمانیان پێکردین کە بچینەناو ئەشکەوتەکانەوە، لەسەر ئەم فەرمانە هەڤاڵان بەرە و ئەشکەوتەکان کەوتنە ڕاکردن، بەڵام من سەرقاڵی چای لێنان بووم، لە پەروەردەماندا فێریان کردبووین کە هەر شتێک ڕەنجت بۆدا دەبێت ببیت بە خاوەنی، منیش بۆ ئەم چای لێنانە ڕەنج و ماندوبونیم چێژا بوو، بیرم کردەوە کە دەبێت خاوەندارێتی لەم ماندوبوونەم بکەم، لەگەڵ ئەمەشدا ناڕەحەتیەکی زۆرم چێژابوو تاکو ئاگری بێ دوکەڵ بکەمەوە، بەبێ وەستان بەرەو ئەشکەوتەکان ڕایان دەکرد، منیش کترێکەم کە چاییم تێ لێنا بوو گرتمە دەستمەوە و بەر ئەو شوێنە کەوتمە ڕاکردن کە هەڤاڵان بۆی دەچوون، لەبەر ئەوەی کترێکە پڕ بوو لە چای نەم دەتوانی بە باشی ڕابکەم، هەڤاڵان بانگەوازیان دەکرد کە بەرەو ئەشکەوتەکان ڕابکەین و دەشیان ووت کە لەدوای خۆتان هیچ شتێک بەجێ مەهێڵن.

بەپابەند بوون لەسەر ئەم فەرمانە منیش پەرداخەکانی مەفرەزەکەمان گرتەدەست، هەردوو دەستم گیرابوو بەم شێوەیەدەستم کرد بە ڕاکردن بەرەو ئەشکەوتەکە، کاتێک هەڤاڵ بەرچەم منی بینی لە دواوە ماووم هاتەلام، چەنێک زۆرم لێکرد کە بچێت بۆ ئەشکەوتەکە بەڵام ڕازی نەبوو، چەنێک هەوڵمدا لەگەڵی ڕازی نەبوو بەجێم بهێڵێت، پێم ووت کەبچێت ئەشیای ترماوە بهێنێت و لەوێوەبچێت بۆ ناو ئەشکەوتەکە و دوایش منیش دێم بەم شێوەیە ڕازیم کرد و ڕۆی.

یەکەم جارم بوو فڕۆکە ببینم کە بێننە سەرمان، پێشوتر هەڤاڵان باسی ئەوەیان بۆ کرد بووم کە فڕۆکە هاتووەو بۆردومانی کەمپەکانیان کردووە هەروەها لە هەندێ بیرەوەری هەڤاڵانم خویندبۆوە کە باسیان لە بۆردومانی فرۆکەکان دەکرد، بۆ یەکەم جارم بوو کە ڕوبەڕوی بۆردومانی فڕۆکە ببمەوە، دەمزانی کە بەسانایی ناگەمە ئەشکەوتەکە هەر بۆیە لەپاڵ گابەردێکدا خۆم شاردەوە، پێش ئەوەی فڕۆکە بێت من خەریکی ساندویچ دروستکردن بووم بۆ خۆم تا ئەو ساتەی فڕۆکەش هات من ساندویچەکەم هەر بە دەستەوە بوو، لەلایەکەوە خەریکی ساندویچ خواردن بووم لەلایەکەوەتەماشای فڕۆکەکانم دەکرد.

هەڤاڵ بەرچەم دوای من ماوەیەک ڕێ دەبڕێت، کاتێک دەزانێت من نەچوومە بۆ ئەشکەوتەکە لە نێوان من و ئەشکەوتەکەلەبن گابەردێکدا دەمێنێتەوە، لەو کاتەدا هەڤاڵ ئەحمەد راپۆ دەچێتەلای هەڤاڵ بەرچەم و لێی دەپرسێت کە بۆچی لەوێدایە ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵیت کە چاوەڕێی من دەکات، لەناکاو گوێم لەدەنگێک بوو لێی پرسیم کەچی دەکەم لەوێ، منیش ووتم کە هیچ ناکەم، لێی پرسیمەوە کەچ یم گرتووە بەدەستمەوە؟، منیش ووتم کە کتریم پێیە، پێی ووتم چایەکە بڕێژەو وەرە بۆلام، منیش پێم ووت ڕەنجێکی زۆرم چێژتووە بۆ ئەم چای لێنانە هەربۆیە چایەکە ناڕێژم، ئەی خۆت لە پەروەردەکاندا پێت نەدەووتین کە دەبێت ببین بەخاوان بەها گرنگەکان و رەنجەکانمان بپارێزین، هەربۆیەچایەکەم ناڕێژم هەروەها دەمەوێت هەڤالان ئەم چایەبخۆنەوە، هەڤاڵ ئەحمەد راپۆ کەزانی لەم بارەیەوە ناتوانێت قەناعەتم پێ بهێنێت هەر بۆیە ناچارما کە بڵێت باشە دەی کترێکە هەڵگرەو با بڕۆین.

ئەو لە پێشەوە ڕێی دەکرد و منیش لە دواوە کترێکەم پێ بوو، دوای ڕێکردنێکی نیو کاتژمێری گەیشتینە ئەشکەوتەکە، هەڤاڵانی کادێر کە هاتبوون بۆ پەروەردەکردن لەگەڵ هەڤاڵانی تردا لەبەر دەم ئەشکەوتە تەماشای ئێمەیان دەکرد، ئەوان دڵیان لەلای ئێمەبوو، کاتێک گەیشتینەلایان لێیان پرسین کە بۆچی دوای کەوتین؟ ، هەڤاڵ ئەحمەد ڕاپۆ ووتی من پەروەردەیان دەدەمێ ئەوانیش دژ بە من بەکاری دەهێنن، کترێکەی گرتووە بەدەستێوە و دەڵێت دەستبەرداری نابم، منیش ووتم چایم بۆلێناون، هەربۆیە دەبێت هەمووتان ببن بە خاوەنی ڕەنج و ماندوو بوونم و چایەکەم بخۆنەوە. چام کردە پەرداخەکانەوەو دام بە هەڤاڵان هەروەها پێیانم ووت ئەگەر بەخاوەنی ڕەنجی خۆم دەرنەکەوتمایە ئەگەر چایەکەم برشتایە ئێستا ئێوە چایتان نەدەخواردەوە.



شتێکی زۆری نوێم بینی لەو کەمپە، هەڤاڵی قارەمانمان هەڤاڵ ئەحمەد راپۆ زۆر شتی فێرکردین، فێری پرانسیپێکی زۆری ژیانی گەریلای کردین، تاکو ئێستاش هەموو مەشقەکانی هەڤاڵ ئەحمەد ڕاپۆم لەیاد ماوەو کردومەتە پرانسیپی ژیانی گەریلایەتیم، بەڵام کاتی کتریگرتنەدەستم و ڕۆشتنم بەرەو ئەشکەوتەکە لەبیرەوەریەکانمدا کۆمیدی و تراژیدیاشە.

بەم شێوەیە ئەم بیرەوەریەم هەرگیز لەیاد ناچێت هەر بۆیە توانیم لەم بیرەوەریەمدا یادی فەرماندەی شەهیدی قارەمان هەڤاڵ ئەحمەد ڕاپۆ بکەمەوە.

گیانبازانی دێرسیم

# باوەڕ دێرسیمی، شیار

گرووپەکەی ئێمە لە دارستانی هۆزانی کاهپەری جێگیر ببوو، ئەو هەڤاڵەی بێتەلەکەی پێ بوو کە لە دوورم ڕاوەستا بوو لە ناکاو هاواری لێ بەرز بۆوە و ووتی هەڤاڵ. . هەڤاڵ. . هەڤاڵ باوەڕ.

بەدەم ئەم هاوار کردنەوە بەرەو ڕووم بە خێرایی دەهات، کە گەیشتە ئاستم پێم ووت کە دانیشێت، دوای پشویەک پێی ووتم ئەو هەڤاڵانەی کە نوێ لە شاری دێرسیمەوە هاتونەتە ناو شۆڕش هێشتا بێ چەکن و دەبێت بە زووترین کات چەکداریان بکەین.

هەڵبەت هەڤاڵ دەیزانی واتای ئەم قسەیە چییە هەربۆیە بە خێرایی کۆبونەوەم بە گروپەکەمان کرد، بۆ ئەم مەبەستە پێویستیمان بە چەک بوو هەربۆیە بڕیارماندا کە دەست لە دوژمن بوەشێنین تاکو چەک بۆ هەڤاڵان دابین بکەین، بۆ ئەمەش پێویست بوو دوژمن بیزانیایە کە ئێمە لەو شوێنەداین تاکو لە ناکاو دەستیان لێ بوەشێنین، لە ئاکامدا چوینە ناو گوندێکەوە و کۆبونەوەمان بە گوندنشینەکان کرد.

بەم شێوەیە ڕێمان بۆ دوژمن خۆشکرد کە بێنە ئەو ناوچەیەی کە ئێمەی لێ بووین چونکە دەمزانی دوای ئەم چونە ناو گوندە و کۆبونەوەیە و جوڵانەوەمان هێزی دوژمن هەست بە بوونی ئێمە دەکات، هەربۆیە لوغمان لەو شوێنانە ڕشت کە هێزی دوژمن لێی جێگیر دەبێت، ئێمە بە ناوچەکە بڵاوبوینەوەو بۆ سبەی هێزی دوژمن ئۆپەراسیۆنی دەست پێکرد، سبەی زوو کۆپتەری بارهەڵگر لە سەر گردەکان و لە سەنگەرەکاندا سەربازیان دادەگرت بەڵام لەبەر ئەوەی کۆپتەری کۆبرا هاوکاریانی دەکرد نەمان دەتوانی دەست لە کۆپتەرە بارهەڵگرەکان بوەشێنین، ئێمە بە باشی شوێنی خۆمان قایم کرد بوو، تا کاتی نیوەڕۆ هێزی دوژمن هەر سەرقاڵی سەرباز داگرتن

بوون، هێزی دوژمن دەیانزانی کە ئێمە لە ناوچەکەین هەربۆیە پێیان وابوو کە لەگەڵ گەیشتنیان پاشەکشێ دەکەین هەر بۆیە زۆر بە سانایی دەجوڵانەوە.

کاتژمێر ٥ ی ئێوارە دەستمان بە ئەنجامدانی چالاکی دەکرد، هێزی دوژمن لە سەر هەموو گردێک ٤ یان ٥ سەنگەریان لێدا بوو، گەر بمان ویستایە هەموو سەنگەرەکانمان دەخستە ژێر دەسەڵاتی خۆمانەوە بەڵام لەبەر ئەوەی نەمان ویست شەهید بدەین ئەم کارەمان نەکرد، کتێبێکی ماهۆم خوێندبۆوە دەڵێت لە جیاتی ئەوەی ١٠ پەنجەی دوژمن بریندار بکەیت پەنجەیەکی لە ڕەگەوە ببڕیت باشترە، ئەم شێوازە لەگەڵ ئێمەدا دەگونجا، لوغم ڕێژی زۆر شوێنمان کردبوو، ٣ هەڤاڵمان هێرشبەر بوون، گروپی پەلاماردانمان لە٦ هەڤاڵ پێکهاتبوو، لەگەڵ تەقینەوەی لوغمدا ٣ هەڤاڵەکەمان هێرشیان ئەنجامدا، هەڵبەت ئێمەش ئەوەندە لە سەنگەرەکانی دوژمن نزیک ببوینەوە کە دەمانتوانی ڕومانەی دەستیان تێبگرین، هەڤاڵ تیراژ پیمی ڕومانەکەی دەرهێنا و هاویشتیە سەنگەرەکانی دوژمن لەگەڵ تەقینەوەیدا ئێمەش رومانەکانی خۆمانمان گرتە هەموو سەنگەرەکانی دوژمن، لەگەڵ تەقینەوەی ڕومانەکاندا سەربازێکی دوژمن کە سەری لێشێوا بوو خۆی فڕێدایە خوارەوە بەبێ ئەوەی یەک فیشەک بتەقێنن سەنگەرەکەمان گرت، هێزی دوژمن سەریان لێ شێوابوو لە٢ قۆڵەوە هێرشیان کرا بۆ سەر، چونکە ئەوان بە هیچ شێوەیەک چاوەڕێی ئێمە نەبوون، من و هەڤاڵ تیراژ چوینە سەنگەرەوە، هەڤاڵانی ترمان لە پشتەوە ئێمەیان دەپاراست، دەستمان گرت بەسەر چەکەکانیان کە پێک هاتبوو لە کلاشینکۆف و بیکەیسی و ئاربێجی.

بە هەڤاڵانم ووت کە تاکو ئەم چەکانەدا ئەگرینە خوارەوە بمانپارێزن، بە بێتەل بە هەڤاڵانی ترم ووت کە هێزی هێرشبەر پاشەکشێ بکەن، پێیان ووتم کەسەنگەرێکیان گرتووە و لە سەنگەرەکانی ترەوە دەست ڕێژێکی زۆریان لەسەرە، هەروەها پێیانم ووت کە چەکەکان بهێنن و بێنە سەنگەرەکەی هەڤاڵ تیراژ، کاتێک من تەقەم لە دوژمن دەکرد هەر ٦٠ مەترێک لەولامەوە سەربازی دوژمنم بینی کە تەقەمان لێدەکەن، هەڤاڵ تیراژ توانی سەرکەوتوانە لە سەنگەرەکە دەربچێت، هاواری لێکردم کە بچم بۆ لای، کە ویستم دەرچم بیکەیسی بەبێ وەستان تەقەی لێدەکردین، سەرەرای ئەو هەموو تەقەیە دەبوایە لە شوێنەکەی خۆم دەربچومایە، ئەوەی تەقەی لێدەکردین پێی وابوو کە من بەشێوەیەکی سادە لە سەنگەرەکە دەردەچم بۆیە تەقەی لە زەوێکەی بەردەمم دەکرد بەڵام من توانیم تەقڵەیەک لێ بدەم و خۆم بخەمە ئەودیو سەنگەرەکەوە، چومە خوارەوە بۆ زێکە، هەڤاڵان لەوێدا چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد، بڕیارماندا بوو دوای چالاکێکە بچینە دەربەندی عەلی، کاتێک خۆمان ئامادەکرد بۆ دەرچوون گوێمان لە دەنگی کۆپتەری کۆبرا بوو، ئەو شوێنەی ئێمە بۆی دەچوین بەپێ ماوەی٢ کاتژمێرێکی دەخایاند، لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر چوبوینە خوارەوە ئەو تەقانەی دەکران کاریگەری نەدەکردە سەرمان، کاتێک گەیشتینە شوێنی خۆمان هەڤاڵانی ترمان چاوەڕێی ئێمەبوون، هەروەکو هەموو جارێک کتری چایەکە لەسەر ئاگر بوو، دوای ئاخافتن گروپی هێرشبەرەکەی ترمان شەهیدێکیان دابوو، کاتێک چەکەکانمان دەدا بە دەستی هەڤاڵە تازەکانەوە کاتێک چەکی شەهید وڵاتم دایە دەستی هەڤاڵێکەوە لە دڵی خۆمدا ووتم هەڤاڵ وڵات بە ئارامی بنوو لەو

شوێنەی چەکەکەتی لێکەوتبوو هەڵمان گرتەوە.

هێشتا گروپەکەمان ماندوبوونی چالاکیکەیان پێوە دیار بوو فەرماندەی ئەو سەردەمەی هەرێمەکەمان کە شەمۆ . شەمدین سەقق بوو بە بێتەل پێی ڕاگەیاندین کە مۆڵگەیەکی دوژمن هەیە لە چیای زێل دەبێت دەستیان لێ بوەشێنین چونکە ئەم مۆڵگەیە ڕێگا لە هاتوو چۆی هەڤاڵان دەگرێت، کات هێشتا زوو بوو بەڵام فەرمان بوو دەبوایە جێ بەجێی بکەین، هێزەکەمان کۆکردەوە،هێزەکەی ئێمە پێکهاتبوو لە٢٤ گەریلا پێیانم ووت کە دەبێت ٨ هەڤاڵ بەشداری ئەم چالاکییە بکات ئەمەش بەگوێرەی خواستی خۆیانە، لەسەر خواستی خۆمان من و تیرژا و وڵات و مەزڵوم هەروەها ٢ هەڤاڵی تریش ئامادەیی خۆیان هێنایەزمان، بەیەکەوەئەم چالاکییەمان ئەنجام دەدا، چوینە شوێنی مەبەست و بە بنارەکەدا هەڵگژاین، لەبەر ئەوەی گردەکە زۆر قوت بوو نارەحەتیەکی زۆرمان چێشت.

کاتێک نزیک بوینەوە لە لوتکەی گردەکە بە هەڤاڵانم ووت کە لە٣ قۆڵەوە هێرش دەکەین، گروپەکەمان لێمان جیا ببونەوە و دورکەوتنەوە، بەم شێوەیە هیچ هۆکارێک نەبوو بۆ ئەنجام نەدانی چالاکێکە، کاتێک خەریکی دەست کردنەوە بووین سەربازەکانی مۆڵگەکە دەستیان لێکردینەوە، لەوە دەچوو جوڵەیەکی زۆرمان کردبێت هەر بۆیە هەستیان بە بوونی ئێمە کرد بوو بەڵام لەبەر ئەوەی گردەکە بەردەڵانێکی زۆر بوو فیشەکەکان زۆر کاریگەریان نەدەکردە سەرمان، هەرچۆنێک بوو چوینە سەر و ڕومانەمان تێگرتن، توانیمان لە ماوەی ١٥ خولەک بچینە ناو مۆڵگەکەوەو سەربازەکان لە ناو بدەین.

هەڤاڵان تەقەی سەرکەوتنیان کرد، توانیمان لە مۆڵگەکەدا

٦ تفەنگ و بیکەیسی یەک و دوو ئاربێجی بگرین بەڵام بە هۆی ڕومانەکانەوە ئاربێجێکان تێکشکابوون، ئەم مۆڵگەیە لەبەر ئەوەی لە بارەگای سەربازیەوە نزیک بوو هێزی دوژمن دەیانتوانی بە زووترین کات بگەنە سەرمان، گوێمان لە دەنگی کۆپتەرەکانی کۆبرا بوو، بەرەو ئێمە دەهاتن لە خواروی گردەکە٢ هەڤاڵم دانا ئەگەر سەرباز بێن ئەو ٢ هەڤاڵە شەڕیان لەگەڵ دەکردن، سەرباز گەیشتەسەرمان ماوەی ٥ خولەکێک لە گەڵیاندا کەوتینە شەڕەوە هەروەها کۆپتەر گەیشت و بۆمبای تێدەگرتین، لە ناو چڕی دوکەڵ و باروتدا بووین لەم شوێنە ڕۆژێک و ٦ کاتژمێر خۆڕاگریمان کرد، دوای تێپەڕبوونی ئەو ٣٠ کاتژمێرە ڕەوشەکە هەندێک هێور بۆوە، چاوم بۆ هەڤاڵان گێڕا جگە لە بوونی برینداریکمان هەڤاڵ مەزلوم شەهید بوو، هەر لەنزیک شوێنەکەمانەوە دەستمان کرد بە چاڵ هەڵکەنین و هەڤاڵ مەزلومان لەوێ بەخاک سپارد، بەڵێ بەم شێوەیە پارچەیەکی دڵی خۆمان لە بناری چیای زەل بە خاک سپارد.

دوای ئەم بەخاک سپاردنە ملی ڕێگامان گرتەبەر، هەڵبەت هێزی دوژمنیش دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتبوون، چواردەوری ئێمەیان گرتبوو، هەربۆیە دەبوایە بچوینایەتە خوارەوە بۆ زێیەکە، هەڵبەت دەمانزانی کە کۆپتەرە کۆبراکان وازمان لێناهێنن، یەک لەدوای یەک چووینە خوارەوە، هێزی دوژمن لە خوارەوەش سەنگەریان گرتبوو، کە سەربازی دوژمنم بینی لە سەنگەرەکان بە هەڤاڵانم ووت کە سەنگەر بگرن، ئەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین لەبەر ئەوەی دار و پەڵاش و گژوگیای زۆر بوو دوژمن ئێمەیان نەبینی، نێوان ئێمە و هێزی دوژمن هەر ٤٠ یان ٤٥ مەترێک بوو، کە بینیانم لە نزیکەوە لە دڵی خۆمدا ووتم ئێستا کاتی تۆڵە سەندنەوەی هەموو شتێکە هەر

بۆیە زامنم کردەوەو لەگەڵ تەقاندنی یەکەم فیشەکم سەربازێک بەلادا هات، هێزی دوژمن دوای ئەم دەست کردنەوەمان زۆر شڵەژان، تەقەیەکی زۆریان لێ کردین.

ئێمە لەبەر ئەوەی قورسایی خۆمان دابووە سەر شوێنێک هەر بۆیە توانیمان ڕێیەک بۆ خۆمان بکەینەوەو لەناو ئەو دۆزەخەدا دەربچین، هەڵبەت دەستێکی زۆر باشمان لە هێزی دوژمن وەشاند بەڵام مەخابن ژمارەی زەرەری گیانی و مادیمان نەدەزانی، بیرمان لەوەدەکردەوە کە دەبێت لەو شوێنەی لێی بوین دوربکەوتینایەتەوە چونکە دەمانزانی کۆپتەر دەگاتە سەرمان، تەنها ڕێگا چارەئەوەبوو کەدەبوایەخۆمان بدەینەدەم ئاوی مونزورەوە، دوای ڕێکردنمان لەناو ئاوەکەکەپێم وایە٤٥ خولەک لەناو ئاوەکەڕێمان کرد، توانیمان بچینەسەر ووشکایی، لەناو دۆخەکەدەرچوبوین، ڕێگامان دوور بوو هەروەها زۆرمان برسی بوو بۆیەبڕیارماندا بۆ خواردن پەیداکردن بچینە گوندێکەوە، ئەگەر نانێکمان نەخواردایە نەمان دەتوانی ئەو ڕێگا دوورەببڕین، لەنزیک گوندێک سەنگەرمان گرت، دوای چاودێرکردنی گوندەکە بۆ ماوەی نیو کاتژمێرێک بۆمان دەرکەوت کە گوندەکە ئارامە هەربۆیە چوینە بەردەم ماڵێکی لاپەڕی گوندەکەو لە دەرگاماندا، دەرگای ماڵەکە لەلایەن کوڕێکی گەنجەوە کرایەوە، فەرمووی لێکردین بۆ ژوورەوەو پرسیاری ئەوەم لێکرد کە جگە لەو کەسی تر لە ماڵەیان نا ووتی نەخێر، لەسەر سینییەک هەندێ خواردنی هێناو دەستمان کرد بەنان خواردن، کاتێک ئێمە خەریکی نان خواردن بووین هەستم کرد کە چاوی بڕیوەتە چەکەکانمان، کاتێک منیش لە تەمەنی ئەو بووم کە گەریلا دەهاتنە ماڵمان زۆر تامەزرۆی ئەوە بووم کە دەست لە چەکەکانیان بدەم،

بەڵام هیچ کاتێک بۆم نەلوا، هەربۆیە لە هەستی ئەو گەنجە باش حاڵی دەبووم، پرسیاری ناویم لێکرد ووتی ناوم باوەڕە، پرسیاری ئەوەم لێکرد کە حەز دەکەیت چەکەکەم بگریتە دەست زۆر خۆشحاڵ بوو بەم پرسیارە، بەبێ یەک و دوو ووتی بەڵێ، کاتێک ئێمە خەریکی نان خواردن بووین ئەو سەرقاڵی چەکەکەم بوو.

دوای تەواو بوونی نان خواردنمان هەرچەندە هەڤاڵ تیراژ هەوڵیدا سفرەکە کۆکاتەوە بەڵام باوەڕ ڕێگای پێنەداو خۆی کارەکەی ئەنجامدا، کاتێک پێم ووت کە پێویستە ئێمە بڕۆین داوای ٢ خولەکی کرد کە لە سەری ڕابوەستین، دوای ٢ خولەک کە لە ژوورەکەی تر هاتەوە بینیمان خۆی گۆڕیەوەو جانتایەکی لە شانکردووەو بەرامبەرمان قیت ڕاوەستا، بەڵێ لە بەردەممان قیتبۆوە و پێی ڕاگەیاندین کە دەیەوێت لەگەڵ ئێمە بێت و ببێت بە گەریلا، کە گوێمان لەم قسەیە بوو هەموومان خەندە دایگرتین، منیش حاڵیم کرد کە تەمەنی بچووکە بەڵام دەتوانێت لە گوند بە شێوازی جیاواز یارمەتیمان بدات، بەڵێ لە ماڵەکە بە بێ باوەڕ هاتینە دەرەوە و ڕێیەکی دوور و درێژمان بڕی.

دوای ئەم بڕینی ڕێیە درێژە گەیشتینە شوێنی یەک گرتنەوە لەگەڵ هەڤاڵان، هەڤاڵی چاودێری گروپەکەمان هەستی گەیشتینی ئێمەی کردبوو، دوای ئەوەی چاومان بەیەک کەوت پێیان ڕاگەیاندم کە شەمۆ شەمدین سەقق دەیەوێت ئێمە ببینێت، دوای ئەوەی تەوقەمان لەگەڵ هەموو هەڤاڵاندا کرد، شەمۆ لەبەر ئەو چالاکییە سەرکەوتووە پیرۆزبایی و دەست خۆشی لە هەموومان کرد، هەڵبەت ئێمە دڵخۆش نەبووین بەم پیرۆزباییە و دەست خۆشی لێکردنە چونکە ئێمە پارچەیەکی دڵی خۆمان لە چیای زەل بەجێ هێشتبوو.

چەند ڕۆژێک ئارامی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، ئێمەش دوای ئەوەی دڵنیا بووین هیچ لە گۆڕێدا نییە ئاگرێکمان کردەوەو هەڤاڵ کاوەو فەرهاد بۆ ئاو هێنان ڕێیان گرتەبەر، پێم وابێت ماوەی گەیشتن بەئاوەکە هەر ٢٠ خولەکێک دەبوو پێموابوو تاکو ئەوان دەگەڕێنەوە ئاگرێکی باش دەکەینەوە، ئێمە٢٠ هەڤاڵ بووین گروپی گەڕۆک بووین، کە هەڤاڵان چاویان کەوت بە ئاگرەکە گەیشتنە لامان، جگە لە هاڤاڵانی چاودێر ١٥ هەڤاڵ بەدیار ئاگرەکەوە دانیشتبووین، لەناو خۆماندا باسی چالاکێکانمان دەکرد، پێمان سەیر بوو کە هێزی دوژمن بێ دەنگن و ڕوبەڕویان نەبوینەتەوە، کاتێک ئێمە سەرقاڵی ئەم قسەو باسانە بووین لەو ئاراستەیەی ٢ هەڤاڵەکەمان چوبون بۆ ئاو هێنان دەنگی تەقە بەرز بۆوە، بۆمان دەرکەوت کە ئەو ٢ هەڤاڵەمان کەوتونەتە بۆسەوە، بۆیە بڕیاری پاشەکشێماندا، هەڵبەت دڵیشمان لەلای هەڤاڵەکانمان بوو، بڕیارماندا بەمنەوە٥ هەڤاڵ لە تاریکی شەودا بچینە ئەو شوێنەی ٢ هەڤاڵەکەمانی لێکەوتبووە بۆسەوە، بەڵام مانەوەی گروپەکەمان لەو ناوچەیە مەترسی دروست دەکرد بۆیە هەڤاڵانی ترم نارد بۆ ناوچەی ئۆڤەجک، دوای ئەوەی ئەوانمان نارد و چاودێری ناوچەکەمان کرد لەگەڵ گروپەکەمان لە ناوچەی پولومور یەکمان دەگرتەوە، تا دەمەو تاریکی چەند چاودێرێکمان ناردە ناوچەکە و ٢ هەڤاڵیشمان بۆ ئەو دەپۆیە نارد کە ئازوقەمان تێدا شارد بۆوە، کە گەڕانەوە پێیان وتین کە ناوچەکە ئارامە هەربۆیە کەوتینەنان دروست کردن، یەکەم کولێرە برژاوم گرتە دەست وام دەزانی خۆشترین خواردنی دونیام پێیە، کولێرەکەم چەور کردوو بە چایەکەوە کەوتمە خواردنی هەڤاڵانیش یەک لەدوا یەک کولێرەی خۆیان پێ بوو بۆ چای خواردنەوە بە دیار ئاگرەکەوە

دانیشتبوون، بەڵام سەرەرای ئەمەش دڵمان لەلای ئەو ٢ هەڤاڵەبو.

من بەنیاز بووم کە دوای چای خواردنەوە بچم بۆلای ئەو ٢ هەڤاڵەی کە چاودێرمان بوون، لەم کاتەدا لە بێتەلەکەمانەوە دەنگێک بەرز بۆوە دەنگی یەکێ لەو ٢ هەڤاڵە بوو کە چاودێر بوون داوای لێکردم کە بچم بۆ لایان بە ڕاکردن خۆمم پێ گەیاندن و پێیان ووتم کە لە نزیک مانەوە گروپێک هەیە، لە٢ هەڤاڵەکە جیابومەوەو بەرەو گردەکە ملم نا، ماوەی ٢٠ خولەکێک ڕێم کرد لە ناکاو دەنگێک هات کێی زەلام، لەگەڵ بیستنی دەنگەکە خۆم دایە زەوی و سەنگەرم گرت، دەنگەکە دووبارە بۆوە، حاڵی بووم کە هەڤاڵانی خۆمانن، منیش ووتم هەڤاڵ، هەستامە سەرپێ و خۆم پێناساندن کە لە یەک نزیک بوینەوە یەکترمان ناسی، دوای ئەحواڵ پرسینی یەکتری چوین بۆلای هەڤاڵانی تر، کە نزیک بومەوە لێیان هەڤاڵان سەرقاڵی پەروەردەی سیاسی بوون، منیش بۆ ئەوەی لە پەروەردەکە دایان نەبڕم خۆم پەراوێز گرت، بەڵام کە منیان بینی دەستیان لە پەروەردە هەڵگرت و هاتنە لای من.

دوای ئەحواڵ پرسین کە ئەو تەقانە لای ئێمەوە بووە چی ڕوویداوە؟، کاتێک باسی ٢ هەڤاڵەکەم بۆکردن فەرماندەکەیان هەڤاڵ کارکەر کەوتە قسەو ووتی ئاخۆ ئەو کۆپتەرەی هات تەرمی ئەو ٢ هەڤاڵەی هەڵگرتۆتەوە؟ ، کە هەڤاڵ کارکەر وایووت وەک ئەوە وابوو خنجەرێک لە دڵم بدەن، پێم وابێت شەهید بوونی هەڤاڵان کاوە و فەرهاد ڕاست بووە چونکە تەقەلەیەک لاوە دەکرا، دیارە هەڤاڵان فریای دەست کەوتنەوە نەکەوتوون، دەمویست قسە بکەم بەڵام ئەو کاتە زمانم لاڵ ببوو، دوای دانیشتن هەڤاڵان چایان بۆ هێنام پێم نەخورایەوە ماوەی ١٠ خولەکێک سەرسام

مابووم.

تەنها بیرم لە تۆڵە سەندنەوە دەکرد، بەبێ تەل داوام لە گروپەکەی خۆمان کرد کە بێنە لام ، دوای ماوەی ٢٠خولەکێک هەڤاڵان گەیشتن ئەوانیش لە بێ دەنگی و غەمباری من هەستیان بە شەهید بوونی ئەو ٢ هەڤاڵەمان کرد، هەرچۆنێک بوو خۆم کۆکردەوە و لەگەڵ فەرماندەی گروپەکەی تر هەڤاڵ کارکەر کەوتینە ناو قسەو باسەوە، هەردوکمان ڕێککەوتین بە هاوبەشی چالاکییەک ئەنجام بدەین، بەڵام چۆن و لە کوێ، گروپی ئێمە ٢٠ و ئەوانیش ١٢ کەواتە هەمووومان ٣٢ هەڤاڵ بووین، دوای گەنگەشەیەکی زۆر بڕیارماندا لەو کاروانە بدەین کە لە سەر ڕێی پولومور گوزەر دەکەن، لەو ناوچەیەی لێی بووین دەپۆی چەکمان هەبوو لە گەڵ ٣ هەڤاڵم چوین تاکو تەقەمەنێکان لە ژێر زەوی دەر بهێنین، لە ئەنجامدا تەقەمەنێکانمان هێنا، لە دەپۆکەدا نیو فەردەفیشەکی کلاشینکۆف و نیو فەردەش فیشەکی بیکەسی و لوغمی دژە زریپۆشمان هێنا، دوای نیو کاتژمێرێک گەیشتینەوە لای هەڤاڵان، بە هەڤاڵانم ووت کە فیشەکەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن و خۆئامادە بکەن چونکە لەگەڵ کەوتنی تاریکی بەڕێ دەکەوتین.

دەبوایە بارەگای فەرماندەیی گشتیمان لە بارەی ئەنجامدانی چالاکێکەوە ئاگەدار بکردایە هەربۆیە من و هەڤاڵ کارکەر کە بەرپرسی گروپەکەی تر بوو چوینە ئەو شوێنەی کە جیهازی ڕاکاڵی لێ بوو، هەڵبەت شوێنی جیهازی ڕاکاڵەکە ئەشکەوتێک بوو، دوای ئەوەی پەیوەندیمان کرد و ڕەوشەکەمان حاڵی کرد و دوای ئێزنی ئەنجامدانی چالاکێکەمان کرد، لە وەڵامدا ئێزینیمان داین کە چالاکێکە ئەنجام بدەین، گەڕاینەوە لای هەڤاڵان، بە هەڤاڵانم

ووت من و ٤ هەڤاڵی تر لە پێشەوە ئەڕۆین دەبێت ئەوانیش دوای ١٥ خولەک دوامان بکەون، هەڤاڵ دێرسیم لە پێش منەوە ڕێی دەکرد، هەروەک بڵێی بفڕێ وابوو، لە نزیک بارەگای سەربازی دوژمنەوە تێدەپەڕاین، گەیشتینە شوێنی مەبەست و چاوەڕێی گەیشتنی هەڤاڵانمان دەکرد، کاتژمێر نزیکەی ١١ ی شەو بوو هەڤاڵان گەیشتن و دڵنیایان کردم کە هەموو شتێک لە باشیدایە، دوایش ئەو شوێنەم پێ ووتن کە دوای چالاکیێکە یەکتری لێدەبینینەوە، کاتژمێر ٣ و نیوی شەو گەیشتینە گوندی ئالاجک کە لە ساڵی ١٩٩٤ وە چۆڵکرا بوو، لەناو گوندەکە هەڤاڵانم لە ناو مەکتەبی گوندەکە جێگیر کرد بەڵام لەبەر ئەوەی مۆڵگەیەکی دوژمنمان لێوە نزیک بوو پێیانم ووت کە دەبێت زۆر ووریا بن، کاتژمێرێک لێرە ماینەوەو نانمان خوارد و دوایش کەوتینەڕێ، کە گەیشتینە نزیک جادەکە دونیا ڕووناک ببۆوە، بە٢ هەڤاڵم ووت کە خێرا تییەنتێکان بچێنن، ٨ هەڤاڵیشم ڕەوانەی ئەوبەری جادەکە کرد، ئەگەر هەر سەربازێک لە کاتی دەست کردنەوەمان چونە ئەو بەرەوە ئەو هەڤاڵانەی ئەو بەردەستیان لێدەوەشاند.

ئێمەش کەوتینە سەنگەر لێدان و کاتژمێر ١١ و نیو هەموو ئامادەباشییەک کۆتایی پێهات، چاوەڕێی هاتنی هێزی دوژمنمان دەکرد، کاتژمێر ٣ نیوەڕۆ گوێمان لە دەنگی ماشێنی سەربازی بوو، زۆربەی هەڤاڵانمان لە بەشی دیوێکی زێیەکە جێگر ببوون، ئەوان مەترسیەکی ئەوتۆیان لە سەر نەبوو، من و هەڤاڵ تیراژ ٤٠ مەترێک دوور لە جادەکە سەنگەرمان گرتبوو، ئەرکی ئێمەئەوەبوو کەهێرش بکەین و کۆکردنەوەی چەک و هەروەها ئەگەر ئێمە تیەنتێکانمان نەتەقایەوە ئەوا من دەم تەقاندنەوە، یەک و دووەم ماشێن تێپەڕین



له‌٣ یه‌م ماشێندا تیه‌نتێکانم ته‌قانده‌وه‌، هه‌ڵبه‌ت له‌گه‌ڵ ته‌قینه‌وه‌ی تیه‌نتێکه‌ له‌ هه‌موو لاوه‌ هه‌ڤاڵان ته‌قه‌یان له‌هێزی دوژمن کرد، گوێم له‌ هاواری هه‌ڤاڵ تیراژ بوو ده‌یووت هاوار، بۆلای چووم سه‌ربازێکی بریندارم بینی به‌خشکه‌ ده‌یویست خۆی بکاته‌ ئاوه‌که‌وه‌، سه‌ربازه‌که‌م له‌وێدا کوشت و چووم بۆلای هه‌ڤاڵ تیژدار، هه‌ڤاڵ تیراژ درێژ ببوو ڕوو له‌ ئاسمان که‌ ته‌ماشام کرد خه‌نده‌یه‌کی بۆ کردم، نه‌م ده‌زانی کوێی بریندار بووه‌، بینیم خوێنی لێ ده‌ڕوات خستمه‌لا پشت و بینیم لێدراوه‌، هه‌ڤاڵ تیراژ خۆشه‌ویستی تایبه‌تی له‌لای من هه‌بوو، هه‌ردوکمان له‌یه‌ک ڕۆژدا به‌شداری ناو شۆڕش ببوین، هه‌ڤاڵ تیراژ له‌ ته‌مه‌نی ٢٧ ساڵیدا چووه‌ ناو کاروانی شه‌هیدانی کوردستانه‌وه‌، به‌ هه‌ڤالانم ڕاگه‌یاند که‌ بکێشنه‌وه‌ هه‌روه‌ها ته‌رمی شه‌هید تیراژمان له‌گه‌ڵ خۆدا برد، گه‌وره‌ترین زه‌ره‌رماندا له‌ هێزی دوژمن، له‌به‌ر ئه‌نجامدانی ئه‌م چالاکییه‌ سه‌رۆک بانگێشی کردین بۆلای خۆی و یه‌ک به‌یه‌ک ده‌ست خۆشی لێکردین، هه‌ڵبه‌ت سه‌رۆکیش هه‌ستی به‌گ هوره‌یی زه‌ره‌رمانی ده‌کرد که‌ شه‌هیدێکمان دابوو.

# جارێکی تر بۆ مەتینا

# گەریلایەک

بە تولە ڕێکەدا بە ناو ئاوی کۆبۆوەی باراندا پێمان دەنا بە سەر زیخەکانی ناویدا و ڕێمان دەکرد، دوای ناڕەحەتیەکی زۆر توانیمان بگەینە هەرێمی مەتینا، بەڵێ دوای ساڵانێکی زۆر جارێکی تر هاتمەوە هەرێمی مەتینا و پێم نایەخا کە سوورەکەیەوە، بۆ ئەوەی قوڕەسورەی مەتینا نەنوسێت بە پێڵاوەکانمانەوە بە سەر چیمەنەکاندا ڕێمان دەکرد، لە مانگی مایسدا بووین، دوا بارانی بەهار بە سەرماندا دەباری، سڵاو ئەی مەتینا، دوای ساڵانێکی دوور و درێژ جارێکی تر بەیەک گەیشتینەوە.

بەردەوام چاوەکانم دەگەڕان بە شوێن بیرەوەریە کۆنەکانم، ئەمڕۆ چاوەکانم دەیانویست شوێنی بیرەوەریەکانم ببیننەوە، مەتینا هەروەک خۆی وابوو، ناوی شوێنەکانی نەگۆڕا بوون، هەڤاڵە ڕێبەرەکەمان چیرۆکی هەموو گرد و زێ و گردەکانی بۆ باس دەکردین، دوای ڕاوەستانی باران لەگەڵ جریوەی باڵندەکاندا چوومە ناو دەریای بیرەوەرییەکانم، دەریای خەیاڵی بیرکردنەوەم ڕێکردنمی هێواش کردبۆوە، گوێم لە دەنگی چاوساغەکەمان نەمابوو، من تەنها گوێم لە دەنگی تفەنگی سەرچیا و کۆپتەری کۆبرا و دەنگی هەڤاڵ کە دەیووت بە هێواشی بڕۆن دڵتان لەلای ئێمەنەبێت پێتان دەگەین، هەروەها هەڤاڵان سۆسین و ژین و بنەوش و فورات و زەلال و دەنگی ئەو هەڤاڵانەی تر کە لە قوڵایی ناخماندا کە دەیان ژێنین.

لە ئاکامدا گەیشتینە ئەو شوێنەی کە جێی حەوانەوەی گروپێک لە گەریلای کچان بوو، لە تولەڕێکەدا بینیم کە گەریلایەکی کچ چەک بە دەست چاوەڕێی من دەکات، ناسیمەوە و پرچە لوولەکەی لە دواوە بە توندی بەستبوو، ڕەنگی پرچی قاوەیی و باڵا مامناوەندی و

چاو قاوەیی و ئێستا لە ناو لە شکری ژنانی ستێرک جێ دەگرێت، دوای تەوقەکردن و باوەش پێکردن ووتی بە خێرهاتی هەڤاڵ، چۆنی؟ . منیش بە هێمنی وەڵامیم دایەوە و دوای کەوتم، دوای ڕۆشتنێکی چەند کاتژمێری گەیشتینە لای هەڤاڵان کە بەدیار ئاگرێکەوە دانیشتبوون و چایان دەخواردەوە، ڕوخساریان دەم بەخەندە و بریقەی چاوەکانیان و وورەی بەرزیان و گڕوتینی هەڤاڵانی کچ وەک ئەوە وابوو کە سەر لە نوێ لە دایک بوبێتمەوە، من لەناو گروپێکی ٣٥ هەڤاڵی کچاندا بووم، دوای ساڵانێکی دورو درێژ لە هەرێمی مەتینا دام و لە ناو هێزێکی گەریلای کچانم، لە ناویاندا ڕوبەڕوی هەڤاڵ مەهاباد بوومەوە. هەڤاڵ مەهاباد وەک بڵێی شەڕ لەگەڵ زەماندا بکات وابوو دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە هەروەک جارانی گەنج و گورجوگۆڵ بوو، هەڤاڵ مەهاباد بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە ئێمە لە هەرێمی مەتینا دەماینەوە هەڤاڵێتی ئێمەی دەکرد، کە لەگەڵ هەڤاڵانی کچان بە چوار دەوری ئاگرەکە دادەنیشتین هەستمان نەدەکرد کە چۆن کات بەسەر دەچێت خۆمان لە نیوەی شەودا بینیەوە، نووستم و دەبوایە لەگەڵ کازێوەدا بەرە و گولکا بە ڕێکەوتینایە، دەبوایە لە وێشەوە بەرەو کانی گوزێ دەرباز ببوینایە.

دوای هەڵسان و ڕێکردنمان دەمەو بەیان گەیشتینە گولکا، ئەم ناوچەیە خاوەن جوانییەکی دڵڕفێنەو هەر دەڵێی پارچەیەکە لە بەهەشت، دوای ماوەیەک بە گەیشتنمان بەرەو کانی گۆزێ بەڕێ کەوتین، لە ڕێگادا هەڤاڵ مەهاباد باسی لە هاتنی خۆی بۆ هەرێمی مەتینا و ژیانی کرد، هەڤاڵ مەهاباد بەم شێوەیە دوا (لەبەهاری ساڵی ١٩٩٩ لەهەرێمی بۆتانەوە لەگەڵ گروپێک هەڤاڵ کە هەموویان زامدار بوون هاتمە هەرێمی مەتینا، پێش ئۆپەراسیۆنی ١٣ مایس

هاتمە گولکا، لێرەدا ٢ ڕۆژماینەوە، دوای ٢ ڕۆژ هەواڵمان پێگەیشت کە پێشمەرگەکانی پدک و سوپای تورک بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە هەرێمەکە جێگیر بوونە، دەبوایە بە خێرایی بگەیشتینایە بە کانی گۆزێ، بەڵام لەبەر ئەوەی گروپەکەمان پێکهاتبوون لە هەڤاڵانی بریندار نەمان دەتوانی بە باشی ڕێگا ببڕین، توانیمان بە شێوەیەکی پچڕ. . پچڕ لە تاریکی شەودا بگەینە کانی گۆزێ).

ئەم گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی هەڤاڵ مەهاباد ئێمەشی کردبۆوە ناو دەریای خەیاڵی خۆیەوە، هەستمان نەکرد کە چەنێک ڕێمان کردووەو چەنێک ماندوو بوینە، هەڤاڵانێکی زۆرمان کە نرخ و ڕێزی تایبەتی خۆیان هەبوو شەهید ببوون، لەوە دەچوو هەڤاڵ مەهاباد دەیویست هەموو شتێک بۆ من بگێڕێتەوەو ئێمەی بە هەموو لایەکدا گێڕاو بە دەستی خۆی ئەو شوێنانەی نیشان دەداین کە لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکاندا هەڤاڵانی لێ جێگیر کردبوو، هەڤاڵ مەهاباد ووتی هەڤاڵان سینان و مەدەنی کە ئەندامی دەستەی فەرماندەیی هەرێمی مەتینا بوون کۆبونەوەیەکیان سازدا، ناوی ئەو گرووپانەیان هێنایە زمان کە ڕوبەڕوی هێرشەکان دەبنەوە، گروپی چالاکی و بەرگری لەگەڵ گروپی گردەکان کۆکرانەوەو ئەو شوێنانەیان بۆدیاری کرا کەلێی دادەمەزران، هەڤاڵ مەدەنی بە درێژایی کۆبونەوەکە لە بارەی تەکتیکی ئۆپەراسیۆنەکەوە قسەی بۆ کردین.

گڕی دەنگی هەڤاڵ مەهاباد هیچ نەگۆڕا بوو، ڕوخساری هەر وەک خۆی وابوو دوایش ووتی هەڤاڵ ماهیر لە گەڵ گروپێکی ٧ کەسی وەک چاودێرانی شەو لێمان جیابونەوە، گروپەکەی ئێمە کە ماینەوە لە شوێنەکانی تردا سەنگەرمان گرت، کاتژمێر ٦٦ و نیو دوژمن دەستی کرد بە ئەنجامدانی هێرشکردن، بەرپرسی پەیوەندی

بێتەلەکان هەڤاڵان سینان و مەدەنی بوون، هەرکە هەڤاڵان هەڤاڵەکانی سەرگردەکانیان ئاگەدار کردەوە و پێیان ووتن ڕێگا نەدەن دوژمن بێتە پێشەوەدەست کرا بە تەقەکردن، شەڕ دەستی پێکرد، ئێمە کە لە چەمەکە بووین هێواش.. هێواش بەرەو سەرەوە هەڵگژاین، دوای ماوەیەک گەیشتینە سەر بەرزایی دەربەندەکە، دەنگی هەڤاڵانی پەیوەندیدار بڕا، دەنگی تفەنگی سەرگردەکەش نەما، ماوەیەک بێدەنگانە ماینەوە، دوای لە بێتەلەکەوە پێیان ووتین دەبێت بچینە سەر گردەکەی بەرامبەرمان، تاریکی داهاتبوو، دوای ماوەیەک لە بێتەلەکەوە پێیان ووتین کە هەموو ئەو گروپانەی بڵاوبونەتەوە لەو گردەی پێیان ڕاگەیاندبووین کۆببنەوە، ئێمە زۆر بووین، بەڵام هەستمان بەوە نەکردبوو کە لە باکوری گردەکەوە پێشمەرگەی پدک ی لێیە، دوای ماوەیەک پێشمەرگە دەستیان لێکردینەوە جارێکی تر ئێمە بەم لاو بەو لادا بڵاوبوینەوە، هەڤاڵان سینان و مەدەنی گروپێکی لای ئێمەیان بردوو سەر گردەکەیان گرت، لەگەڵ گرتنی لووتکەی گردەکە ئەو هەڤاڵانەی پەرشوبڵاو ببونەوە جارێکی تر کۆبونەوەو لە کوشتن ڕزگاریان بوو.

هەتا بهاتایە درێژەی بە گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی دەدا، ماندوو بوونی ئەو شەڕەی لە ڕوخسارێوەی دیار بوو، هەڤاڵ مەهاباد لە گیرفانی ئێلەگەکەی دەفتەرێکی بچوکی دەرهێنا و کەوتە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی، من دەمویست بزانم نیازی چییە بۆ وا دەکات، بەڵێ ئەو دەفتەرە بچوکەی دەریهێنا نووسینەوەی بیرەوەریەکانی بوو، هەڤاڵ مەهاباد هەروەکو هەموو هەڤاڵان دەفتەرە بچوکەکەی و قەڵەمێکی پێ بوو، ئەویش هەموو ژیانی ڕۆژانە و بەسەرهاتەکانی لە دەرونیدا دەنوسیەوە، لەناو دەفتەرە بچوکەکەیدا وێنەیەکی دەرهێنا و بۆی

درێژکردم، بە ڕاستی پێم سەیر بوو کە ئەم وێنەیەی بۆ درێژ کردم هەڤاڵ مەهاباد ووتی ئەم وێنەیە ڕۆبین هەڤاڵە، لە دایک بووی شاری کارسە، لەساڵی ١٩٩٦ هاتبووە ناو تەڤگەرەوە.

دوایش هەڤاڵ مەهاباد ئەو شیعرەی نیشانمدا کە لەناو دەفتەرەکەیدا هەڤاڵ ڕۆبین بۆی نووسی بوو دوایش بۆی خوێندمەوە، هەڤاڵ مەهاباد ووتی سەر گردەکانمان گرتبوو، ئەو هەڤاڵانەی کۆببونەوە جارێکی تر بڵاوبوونەوە، پێشمەرگەکان لە خوارەوە دەیانویست ئەو هەڤاڵانە بدۆزنەوە کە بڵاوببونەوە، بەڵێ لە پەنا بەردێکدا کە هەڤاڵ ڕۆبین بریندار بوو تەرمەکەی کەوتە دەست پێشمەرگە، هەڤاڵ ڕۆبین خاوەن کەسایەتیەکی خۆڕاگر بوو، دوای گەلەکۆمەکەو بە دیلگرتنی سەرۆک ئەو یەکەم هەڤاڵ بوو کە ڕاپۆرتی نووسی چالاکی گیانبازی ئەنجام بدات، ئەو بەشێوەیەکی ڕوحی گرێدراوی سەرۆکایەتی بوو، کاتێک خۆڕاگری کرد بەرامبەر بە پێشمەرگەو دوژمن دوای شەڕێکی دەستەو یەخە لەلایەن پێشمەرگەکانەوە شەهید کرا.

لەلایەکەوە گوێم لە هەڤاڵ مەهاباد دەگرت لەلایەکی تریشەوە تەماشای وێنەی شەهید ڕۆبینم دەکرد، هەڤاڵ ڕۆبین ناوی سەداگول ئۆکمان بوو، چاوەکانی زۆر سەرنجی ڕاکێشا، لە وێنەکەیدا پرچەکانی لە دواوە بەستبوو وە پێدەکەنی، هەڤاڵ مەهاباد بە شێوەیەک بیرەوەریەکانی دەگێڕایەوە هەروەک ئەوە وابوو کە بڵێی ئێستا لە ناو ئۆپەراسیۆنەکاندا دەژی، منیشی کردبووە ناو ئەو ڕەوشەوە.

هەڤاڵ مەهاباد کە باسی لە ئۆپەراسیۆنی ١٣ ی مایس دەکرد هەر هەنگاوێکی هەڵدەهێنا بیری لەو شوێنانە دەکردەوە کە هەڤاڵەکانی

لێ شەهید ببوون، بیری لەو شەهادەتانە دەکردەوە، ئەمجارەیان باسی لە هەڤاڵ سینان کرد، کاتێک کە بە تولە ڕێیەکدا تێدەپەڕاین گەیشتینە ئەو شوێنەی کە هەڤاڵ سینان لێی شەهید بوو، هەڤاڵ سینان ناوی موراد دەمیرخان بوو، لە کاتی باسکردنی کەسایەتی هەڤاڵ سینانی تێگەیشتم کە هەڤاڵ مەهاباد نرخێکی زۆر بەسینان دەدا، کاتێک باسی هەڤاڵ سینانی دەکرد دەمبینی کە فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس دەما، هەڤاڵ سینان لە زانکۆ لە بەشی ژمێریاریدا بە یەکەم دەرچوبوو، کە هاتە ناو تەڤگەرەوە ڕۆژنامەکانی تورکیا نوسیبویان پەکەکە منداڵە زیرینەکەی ڕفاند، هەڤاڵ سینان هەروەکو چۆن لە ناو ئێمەدا ناسراو بوو هەروەها دەوڵەتیش دەیناسی، کاتێک هەڤاڵانی گەریلا لە گردەکە کۆدەبنەوە لە ئەنجامی دەست کردنەوەی پێشمەرگەکان بریندار دەبێت، هەر بۆیە لە کاتی بڵاوبونەوەماندا زۆر دوور نەکەوتبۆوە، پێشمەرگەکان بینوبیان کە بریندارە و ناتوانێت دووركەوێتەوە، هەڤاڵ سینان زانیبووی کە پێشمەرگە دەگاتە سەری هەر بۆیە رومانەکەی دەرهێنا و بە خۆیدا تەقاندێوەو خۆی شەهید کرد، هەڤاڵ سینان لە بەر ئەوەی دەوڵەتی تورک دەیانناسی بۆ ئەوەی دەوڵەت نەزانێت شەهید بووە رومانەکەی بە دەموچاوی خۆیدا تەقاندەوە، سەرۆک و تەڤگەر لەبەر ئەوەی شارەزای پراکتیکی هەڤاڵ سینان بوون زۆر لە سەر ئەوە ڕادەوەستان کە نەبا هەڤاڵ سینان شتێک لە خۆی بکات، هەڤاڵ سینان بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورک شەهید بوونەکەی بۆ ئامرازی خراپ بەکار نەهێنێت بۆیە بەو شێوەیە خۆی شەهید کرد.

هەر پێم نەزانی کە چۆن گەیشتینەکانی گۆزێ خۆر ئاواببوو، شەو کاتێک بەدیار ئاگرەکەوە بووین لە بارەی ئەو ئۆپەراسیۆنە هەڤاڵ

مەهاباد بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی، دوای هەناسە هەڵکێشانێک ووتی ئۆپەراسیۆنەکە دوای ٤ ڕۆژ دەمە و ئێوارە کۆتایی پێهات، دوای تاریک بوون لێرەدا گروپەکەمان کۆبۆوە، هەڤاڵ مەدەنی بریندار بوو، سەرەرای ئەم بریندار بوونەشی کەچی هەموو هەڤاڵانی کۆکردەوە، هەڤاڵانی وەک سینان و ڕۆبین و عەگید و زیلان و ئەشرەف شەهید ببوون، دوای دیلکردنی سەرۆک ئەم ئۆپەراسیۆنە لە هەرێمی مەتینادا گەورەترین ئۆپەراسیۆن بوو کە بۆ ئامانجی لە ناودانی ئێمە ئەنجامیان دابوو، ئێمەش بە وورەیەکی پۆڵاینەوە روبەرووی ئەم ئۆپەراسیۆنە گەورەیە بوینەوە.

لەژێر تیشکی مانگە شەودا لەگەڵ هەڤاڵ مەهاباددا گەڕاینەوە شوێنی خۆمان، ئێمەڕێمان گرتبووەبەر، لەگەڵ بیرەوەریەکانی شەڕەکانی ١٣ ی مایسی ١٩٩٩، بەڵێ ئێستاش لەگەڵ تیشکی مانگدا بۆ دوا ڕۆژێکی رووناک بەرەو شوێنی گروپی هەڤاڵانی کچانمان گەڕاینەوە.



ئەفسانەیەک

**گەریلایەک**

ڕۆژی ٢٥ ی گوڵانی ساڵی ١٩٨٨ وێنەی ١٨ تەرمی گەریلای ئارگەکە لەسەر مێزی فەرماندەی جەندرمەی جۆلەمێرگ جەنڕاڵ ئالتای تۆکات دانرا بوو بەڵام وێنەیەک لەناو وێنەکاندا هێشتا ببووە هۆی تۆقاندنی جەنرال ئالتای، ئەو وێنەیەش وێنەی فەرماندەی ئارگەکە ئەحمەد کاسب بوو کە نازناوەکەی جەمشید بوو.

جەنڕاڵ ئالتای تۆکات لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێت هەرگیز لە یادم ناچێت، کابرایەکی ناودار هەبوو کە ناوی ئەحمەد کاسب بوو نازناوی جەمشید بوو، باوکی خۆی کوشتبوو، ناوبراو فەرماندەی هەرێم بوو، کەسێکی زۆری لە ئێمە کوشت، دوای ئەوەی خۆی و هاوڕێکەیانمان کوشت وێنەی تەرمەکانیانمان گرت، ئەحمەد کاسب لە وێنەکەدا دیاربوو دەم بە خەندە بوو، ئەم حاڵەتەم لە دەروونناسێک پرسی دەزانن دەروونناسەکە چی ووت؟ ووتی ئەو کەسانەی کە خۆیان دەکەن بە قوربانی ئایدۆلۆژیایەک کاتێک دەکوژرێنیش هەر دەم بە خەندەدەبن.

ئەحمەد کاسب خاوەن کەسایەتیەکی ئاوا بوو کە دوژمنیش لێی دەترسان و ڕێزیان لێدەگرت، ئەحمەد کاسب باوکی خۆی نەکوشتبوو، باوکی چەتەیەکی ناوداری هەرێمەکە بوو کە ناوی قاسۆیە میرزا بوو، باپیرەی لە باوکی ناودارتر بوو، باوکی ئەحمەد کاسب باوکی خۆی کوشتبوو، ماوەیەکی دورو درێژ بە قاچاخ دەژیا لە دەشت و کێوان، باوکی شەهید ئەحمەد کاسب ٢ کوڕی خۆشی کوشتبوو، دوای ئەم کردارانەی بۆ ئەوەی ڕادەستی پۆلیس نەبێت و زیندانی نەکرێت دابویە ئەو دەشت و کێوە، بنەماڵی ئەحمەد کاسب ئەوەندە ناودار ببوون تەنانەت لە کاتی گەریلا بونیشدا بە ناوی باوکێوە بانگیان دەکرد، پێیان دەووت کوڕەکەی قاسۆ، بەڵام

شەهید ئەحمەد کاسب لە ناو پەکەکە دا ئەوەندە مەزن ببوو توانی نازناوێکی نوێی ئەفسانەیی لە چیای ئاگری بۆ خۆی تۆمار بکات.

٣ گەنجی هەڵکەوتوو شەهید ئەحمەد کاسب لە قۆناغی دواناوەندی خوێندنیدا لە گەڵ تەڤگەر ئاشنایی پەیدا کرد، ئەو سەردەمە نزیکترین هەڤاڵ لە شەهید ئەحمەدەوە هەڤاڵ حیکمەت تاباک بوو، حیکمەت تاباک لە بارەی شەهید ئەحمەدەوە بەم شێوەیە دەدوێ ئەحمەد کاسب ٣ ساڵ لە من گەورە ترە، شەهید ئەحمەد لەگەڵ ئەکرەم. . ز بەینی خۆش بوو، هەرسێکیان بەردەوام خەریکی گەنگەشەی سیاسی بوون بەردەوام لەژێر پەلاماری ڕەگەزپەرستە تورکەکاندا بوون، فاشیستەکان رقی گەورەیان لە هەرسێکیان بوو بەڵام بە گشتی قوتابیان خۆشیان دەویستن، سەرەتا هاتوچۆی کۆمەڵەی چاند و بنکەی شۆڕشگێڕیان دەکرد لە شاری ئاگری، ماڵی شەهید ئەحمەد کاسب بۆ گەنگەشەی سیاسی وەک بارەگای لێهاتبوو.

ئەحمەد دەبێت بە ئاپۆجی، ئەکرەم لەساڵی ١٩٧٨ دا ئاگەداریەکی پێگەیاندم و ووتی ئەمرۆ ئەحمەدم لە شاری ئغدر بینی، بەرگێکی سپی لەبەردا بوو، دڵخۆش بوو پێی ووتم لەمرۆ بە دواوە لە پێناو ئەم دۆزەدا لە شاری ئغدر کاردەکەم. ئەو ڕۆژە ئەحمەد ببوو بە ئاپۆجی، بەم شێوەیە لەو ڕۆژەوە ئەحمەد ببوو بە میلیتان و تیۆریست و بە ڕێکخستن و بەرپرسیار و سمبولی ئاپۆجێکان.

لەگەڵ کودەتای ١٢ ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٢ دا پێواژویەکی نوێ دەستی پێکرد، لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠ وە تاکو مانگی مژداری ساڵی ١٩٨٢ شەهید ئەحمەد کاسب لەگەڵ گروپێک لە هەڤاڵەکانی سەربەخوانە لە شاخ مابوونەوە، شەهید ئەحمەد کاسب و

هەڤاڵەكانی وەک هەڤاڵانی زیندانیان ئەو سەردەمە بەرخودانێكی گەورەیان نیشاندا، لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیە هیچ زانیاریەكیان لە بارەی پەكەكەوە نەمابوو، پەیوەندیان بە ڕێكخستنەوە پچڕا بوو، لە هەرێمی ئاگری بەردەوام لەشكری دوژمن بە دوایانەوە بوون، دوژمن نەیدەتوانی دەست گیریان بكەن، بە گوێرەی گێڕانەوەی هەڤاڵێكی ئەو سەردەمەیان كە ئەوان هیچ كاتێک تێر خواردنیان نەخواردووە و بە دڵنیاییەوە نەیانتوانیوە بنوون بەڵام هیچ كاتێک وورەیان نەڕووخاوە.

جارێكی تر لەگەڵ پەكەكە دا لەساڵی ١٩٨٢ دا شەهید ئەحمەد كاسب و هەڤاڵەكانی لەڕۆژهەڵاتی كوردستان چاویان بەگروپێک پەكەكە دەكەوێت، لەناو ئەو گروپەدا فەرماندە مەعسوم كۆركماز. عەگید و محەمەد قەرەسونگور هەبوون، كە گوێیان لە بەسەرهاتی ئەوان گرتبوو هەموویان سەریان سوڕمابوو، لەگەڵ گروپی هەرێمی سەرحەد لە لۆلان بەشداری پەروەردەی سەربازی دەبن، شەهید ئەحمەد كاسب و چەند هەڤاڵێكی لەساڵی ١٩٨٥ دەپەڕێنەوە بۆ چیای ئارارات، بەرپرسی گروپەكەیان محەمەد ئەرتورک بوو كە هەموویان لە٥ هەڤاڵ پێكهاتبوون.

دوای ئەوەی ئەحمەد كاسب دەگاتە ناوچەكانی ئارارات، دەوڵەت مامە و خاڵۆكانی دەكەن بە سیخور، چەند هەڤاڵێک دەچنە لای خاڵۆی ئەحمەد كاسب كە ناوی كەلۆ بوو قسەی لەگەڵ دەكەن، بەڵام كالۆ ئامادە نەبوو كە گوێیان بۆ بگرێت و واز لە سیخوڕی بهێنێت، دوای ئەوەی ئاڵۆزی دێتە ئاراوە دەست لەیەک دەكەنەوەو لەم شەڕەدا شەهید ئەحمەد كاسبیش بەشدار دەبێت لە ئاكامدا ٥ كەس لە بنەماڵەكەی دەكوژرێت، ئەم چالاكییەی ئەحمەد كاسب

لە هەرێمەکەدا دەنگیدایەوە، شەهید ئەحمەد کاسب لە٢٠ ی ئابی ساڵی ١٩٨٥ لەگەل هەڤاڵەکانیدا دەکەونە بۆسەوە، هەڤاڵان محەمەد ئێرتورک و فوئاد ئەرسلاس و فەیاد ئالکان شەهید دەبن، هەڤاڵ ئەحمەد و هەڤاڵیکی تریان بە برینداری دەرباز دەبن، بەڵام لەیەک دادەبڕێن.

جارێکی تر بە تەنیا مانەوە، شەهید ئەحمەد کاسب بە تەنیا دەمێنێتەوە، دەپەڕێتەوە بۆ هەرێمی ئغدر نزیک بنەماڵەکەی خۆی، دەست دەگرێت بەسەر چەند سەر مەڕێکی ئەو خزمانانەی کە کاری سیخوڕی دەکەن، لەگەڵ ٣ و ٤ لاوێک دەچنەڕۆژهەلاتی کوردستان، لەساڵی ١٩٨٦ بەرپرسیارانی تەڤگەر ڕێگا نادەن کەئەحمەد کاسب بپەڕێتەوەبۆ هەرێمی سەرحەد، هەربۆیەڕەوانەی هەرێمی شەمزینانی دەکەن، ئەحمەد کاسب لە کۆنگرەدا کرا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە، لەهەمان کاتدا دەبێت بە ئەندامی کۆنسەی لەشکری ئارگەکە.

ئەفسانە کۆتایی پێنەهات تاماوەیەکی زۆر کەس باوەڕی نەدەکرد کە لە هەرێمی سەرحەد ئەحمەد کاسب شەهید بووە، ئەفسانەیی ئەو هەر بەردەوام بوو، هەرجارە و دەبێتە میوانی ماڵێک و جارێکی تر لە شوێنێکی تر دەیبیننەوە، دوای ماوەیەک ڕۆژنامەی تەرجومانی تورکی هەواڵێکی بڵاوکردەوە نووسرا بوو کە ئەکرەم قایەلەر بۆ ئەوەی تۆڵەی ئەحمەد کاسب بکاتەوە بە خۆیی و گروپێکەوە چونەتە چیا، ئەکرەم کرا بە بەرپرسی هەرێمی سەرحەد و دوای چەند ساڵێک مەخابن ئەویش شەهید بوو.

حسکی برای تەلعەت حیکمەت تاباک بەم شێوەیە دەدوێت لەو شەڕەدا من دووەمین قارەمانێتی شەهید ئەحمەدم بینی.



حسکی برای تەلعەت لەو قۆناغەدا چووە شاخ، هەموو کەس دەکەوتنە دوای بە تایبەتی ئەو گەنجانەی کە لەگەڵ باوکی خۆیان شەڕیان ببوو زویر بوون یان لە کەسوکاریان زویر ببوون، هەر گەنجێک لە ماڵەوە توڕەبوایە و دەمەقاڵێ بوایە دەیووت، ئێوە دەزانن لەم ناوچەیەدا گەنجانێکی زۆر لە کەسوکاریان تورە دەبوو، کەسێک هەبوو ناوی تێ بوو کاتێک لە باوکی توڕە دەبێت بەم شێوەیە دەدوێت زۆر سەر مەکەنە سەرم دەکەومە دوای حسکی برای تەلعەت، واتا ئەگەر ئەم کارە دوریش بێت لە دۆزی نەتەوەیی و سیاسیش بەڵام سەرهەڵدان هەر سەرهەڵدانە، ئەوانەی کە دژ بە سیستەمی کۆمەڵگا قیت دەبنەوە هەمان واتای ئەوە دەبەخشێت کە دژ بە سیستەمی دەوڵەت بوبێتەوە، شەهید ئەحمەد برای حسکی بوو.

دەوڵەت بە زیندوویی دەست گیری نەکرد لە٢٥ ی گوڵانی ساڵی ١٩٨٨ دا هەڤاڵ ئەحمەد کاسب و گروپەکەی لە هەرێمی بە نافۆکێ دەکەونە شەڕێکی

گەورەوە، سەرەتا ٨٨ گەریلا شەهید دەبێت، لای چەپی لەشی ئەحمەد کاسب لێدەدرێت، ئەحمەد کاسب هەموو ئەشیاکانی خۆی جگە لە دەمانچەکەی دەدات بە هەڤاڵێکی، بە هەڤاڵەکەی خۆی دەڵێت تۆ بڕۆ، دوای ئەوەی دەبینێت هەڤاڵەکەی دوور کەوتۆتەوە دەمانچەکەی دەردەهێنێت و فیشەکێک دەنێت بە سەری خۆیەوە، تەرمەکەیان نەدایەوە بە بنەماڵەکەی هەربۆیە دەوڵەت لە گۆڕستانی بێکەسان ناشتیان، هەڤاڵێک لە بارەی ئەو شەڕەوە بەم شێوەیە دەدوێت چیای ئارارات قارەمانێکی لە دەستدا، هەرگیز ئەحمەد کاسب نەدەکەوتە دودڵیەوە، کاتێک بڕیاری کشانەوە درا ئەو تەنیا مابۆوە، برینداریش بوو، وەک چیای ئارارت بە تەنیا مایەوە، بەڵام لە دژوارترین کات و ڕۆژدا ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێهێنا ئەو ووتی نا بۆ خۆبەدەستدانەوە.

ئەفسانەیەک... بازێک

# گەریلایەک

هاواری هەڤاڵ حەلیم تێکەڵ بە دەنگی تفەنگ بوو، هەموو گەریلا بەیەکەوە لە یەککاتدا کەوتنە تەقەکردن، فیشەکەکان ئامانجی خۆیان دەپێکا هەربۆیە بینیم ئەفسەرێکی پایەبەرزی هێزی دوژمن بەلادا هات، ئەمە یەکەم شەڕی هەڤاڵ حەلیم بوو، هەربۆیە قارەمانێتیەکی باشی نیشاندا، دوژمن زەرەرێکی زۆری گیانی لێکەوت، لەم شەڕەدا نەقیبێک و ۲ ئەفسەر و زیاد لە ۲۰ سەربازیش کوژران، هەڵبەت ئێمەش ٤٤ شەهیدمان هەبوو، ئەو هەڤالانەی شەهید بوون ئەمانە بوون هەڤاڵ جەلال قارەمان و عەبدولرەحمان بۆلوک و قادر ئۆزقارەمان و محەمەد قاوەجی، دوای ئەم شەڕە لەبەر ئەوەی هێرشی دوژمن لە هەموو لایەکەوە بەردەوام بوو نەمانتوانی بۆ ماوەی ۲ ڕۆژ بچینە هیچ گوندێکەوە، لە ماوەی ئەو ۲ ڕۆژە تەنها ئاو و شەکرمان خوارد، لەبەر ئەوەی هەڤاڵ حەلیم گەریلایەکی نوێ بوو ناڕەحەتیەکی زۆری دەچێشت، زەحمەتی و برسێتی و ماندووبون هەرگیز وورەی هەڤاڵ حەلیمی دانەبەزاند، بەرامبەر بەو ناڕەحەتیە و برسێتی و ماندوبوونە هەڤاڵێکی گەریلا ویستی کە هەڤاڵ حەلیم تاقی بکاتەوە هەربۆیە پێی ووت حەلیم تۆ هێشتا منداڵی دوێنێیت، بڕۆڕەوە ماڵی خۆتان چی دەکەیت لێرە؟، تۆ ناتوانی ئەم بارەگرانە لەشان بگریت، ناتوانیت خۆڕاگری بکەیت، لە دڵی خۆتتدا گوتوبا گەریلا مەزنە منیش مەزن دەبم، بەچاوی خۆت بینیت کە خۆتت چۆن هەڵخەڵاتاندووە، دەبینیت کەرتە نانێکیشمان نییە کە بیخۆین، هەڵبەت دەبێت بەردەوام چاوەڕێی شەهیدبونیش ببین.

لەسەر ئەم قسانە هەڤاڵ حەلیم خەریک بوو هەردوو چاوەکانی لە توڕەبوندا بێنە دەرەوە، دەستی برد بۆ چەکەکەی و بەرەو ئەو هەڤاڵە ڕۆی و لە بەردەمی قیت بۆوە و پێی ووت تۆ باسی چی دەکەیت؟

، تۆ ناتوانیت لەم ڕێیە پەشیمانم بکەیتەوە، بەهەموو شێوەیەک و لەهەموو ڕەوشێکدا من گرێدراوی هەڤاڵان و ئەم بزووتنەوەیەم، نەتۆ و نەکەسێکی تر ناتوانێت لەم ڕێیە دوورم بخاتەوە.

دوای ٢ ڕۆژ ئەو گروپەی هەڤاڵ حەلیمی تێدابوو لەگەڵ ئەو گروپەکەی ئێمە کە لە یەک دابڕابووین یەکمان گرتەوە، هەڤاڵ حەلیم بە گوێرەی پیلانی نوێ و بە ئامانجی پەروەردە لەگەڵ ١٢ هەڤاڵیدا چوونە هەرێمی دێرسیم، هەڤاڵ حەلیم زۆر دڵخۆش بوو کە چوو بوو بۆ هەرێمی دێرسیم، کاتێک گەیشتنە هەرێمی دێرسیم دەمەو زستان بوو، هەڤاڵانی هەرێمی دێرسیم لە ناو ئامادەباشی وەرزی بەهاردا بوون، هەربۆیە هەڤاڵ حەلیمیان بۆ چەند چالاکییەک ئەرکدار کرد، ئەو گروپەی هەڤاڵ حەلیمی تێدابوو دەبوایە دەستیان بەسەر ناوچەیەکدا بگرتایە، بە گوێرەی پیلانەکەیان توانیان بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر دەست بەسەر ناوچەی مازگرت بگرن، لەم چالاکییەدا هێرشکرایە سەر بارەگایەکی سەربازی هێزی دوژمن و توانیان دەست بەسەر بارەگاکەدا بگرن و بیسوتێنن، بڵاوکراوەیان بەسەر دانیشتوانی ناوچەکە بڵاوکردەوە وداوایان لێدەکردن کە بەشداری ناو شۆڕش بکەن، هەڤاڵ حەلیم بە ئەنجامی ئەم چالاکییە زۆر دڵخۆش بوو وەک گەنجێکی تازە پێگەیشتوو لاسار دەیویست ژیری و چاونەترسی و توانستی خۆی بۆ هەڤاڵانی دەربخات، دوای ئەم چالاکییە سەرکەوتووە پاشەکشێیان کرد، لەکاتی گەڕانەوەیاندا لە نیوەی شەودا چونە گوندێکەوە، یەکێ لە گوند نشینەکان بە هەڤاڵانی ووتبوو کە سەربازی تورک لە قوتابخانەی گوندەکەدان، سەرەرای ئەوەی هەڤاڵان هەموو ماندو و برسی بوون بەڵام بڕیاریاندا بوو کە هێرشی سەر سەربازی

دوژمن بکەن، کاتێک لە قوتابخانەکە نزیک دەبنەوە سەربازەکانی دوژمن کە هەستیان کرد بوو گەریلا هاتووە لەشوێنەکانی خۆیان هەڵاتبوون، بەڵام هەڤاڵان بە ئاربێجی و ڕومانە هێرشیان کردبووە سەر قوتابخانەکەو گوللەبارانیان کردبوون، گڕی ئاربێجی و تەوقینەوەی ڕومانەو فیشەکی گڕداری تفەنگ شەویان کردبووە شەوی یلْدا.

هەڤاڵ حەلیم لەسەنگەرێکدا کە تەقەی کردووە لەناکاو چاوی بەکەسێک کەوتووە کە درێژ ببوو بەحەلیمی ووت (وووووسسسسس بە) هەڤاڵ حەلیم بەمە زۆر نیگەران بوو باوەڕی نەدەکرد چۆن دەبێت هەڤاڵێک لەڕەوشێکی ئاوادا شەڕ نەکات، لە کەسەکە نزیک دەبێتەوەو دەستی دەگرێت و پێی دەڵێت هەڤاڵ هەستەسەر پێ و با بەیەکەوەشەڕ بکەین، بۆچی کەوتویت؟ هەستە سەر پێ، دوای ئەوەی هەڤاڵ حەلیم دەچێتە پەنایەکی تر دەبینێت کە ئەو کەسەی درێژ ببوو هەستایە سەر پێ، حەلیم پێی سەرسام بووە بە خۆی وتووە وەڵلا ئەوە سەربازی بێشەرەفی دوژمنە، ئیتر هەڤاڵ حەلیم بۆی ئاشکرا ببوو کە ئەو کەسەی دەستی گرتبوو تاکو بیکاتەوە سەرپێ سەربازی دوژمنە دەست ڕێژی لێدەکات و دەیکوژێت، لەم چالاکییەدا هێزی دوژمن زەرەرێکی زۆریان لێکەوت، هەڤاڵان بەهۆی سەرکەوتنی ئەم چالاکییەوە ورەیان زۆر بەرز بۆوە، دوای ئەم چالاکییە گروپێکی تر لە هەڤاڵان هێرشیان کردبووە سەر ناوچەی هۆزان، هەڵبەت دوای ئەم چالاکیانە گەنجێکی زۆر هاتنە ناو ڕیزەکانی گەریلاوە، بەم شێوەیە هێزی گەریلا بەهێز تر بوو.

بەهۆی هاتنی زستانەوە هێزی گەریلا بۆ پەروەردە چوونە کەمپەکانیانەوە، بەڵام بەهۆی خیانەتی کەسێکی ناومان هەڤاڵان

ناچارمان کە شوێنەکانی خۆیان جێبهێڵن، هەربۆیە هەڤاڵان ناچارمان کە لەسەر شێوازی گەڕۆکانە ئەو زستانە بەسەر بەرن، هەڤاڵ حەلیمیش شانبەشانی هەڤاڵانی ئەو هەموو ناڕەحەتیەی بە سەر برد، ئەو هەموو ناڕەحەتیانەنە یانتوانی زەرەیەک لە وورەی هەڤاڵ حەلیم کەم بکاتەوە، هەڤاڵ حەلیم زانست و فیداکاری و توانستی خۆی زیاتر پتەوتر کرد، بەهۆی ئەو خیانەتەی ناومان هەڤاڵ حەلیم زیاتر و زیاتر سوور بوو لەسەر بەرخودان و سوور بوو لەسەر شۆڕشگێڕی و تۆڵەکردنەوە، هەڤاڵان ناچارمان بۆ زستان کەمپێکی نویٚ بۆخۆیان ساز بکەن و پەروەردەببینن، هەڤاڵ حەلیمیش بەهەموو هەستێکی بەرپرسیارێتیەوە بەشداری پەروەردەکان ببوو، بەهۆی دسپلین و بەرپرسیارێتی و گوێڕایەڵی و تەرزی شۆڕشگێڕانەیەوە توانی سەرنجی خۆی بەلای هەڤاڵەکانیدا ڕابکێشێت، هەرگیزاو و هەرگیز کارێکی نەدەکرد کەدڵی هەڤاڵێکی خۆی بڕەنجێنێت.

لەساڵی ١٩٨٨ گروپێک لە هەڤاڵان کە ژمارەیان ٧ کەس بوو بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک لە کەمپەکەیان دەرچوون، هەڤاڵ حەلیم یەکێک بوو لەو هەڤاڵانە، ئەم هەڤاڵانە لە ناو بەفر و باهۆزدا کە بەفر نزیکەی ٣ مەترێک باری بوو گەیشتنە شوێنی چالاکییەکەیان، بەڵام بەهۆی نەگونجانی بارودۆخ بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکە هەڤاڵان ناچارمان کە پلانێکی نویٚ دابڕێژن، بە گوێرەی پلانە نوێیەکەیان نووسراوەیەکی گەورەیان لەنێوان ڕێگای دێرسیم و ئەرزنجاندا داکووتی و هێڵی تەلەفونەکانیان بڕی، دوای زەحمەتی و نەهامەتی لەژێر بارانێکی زۆردا هەڤاڵان گەیشتنەوە شوێنی خۆیان و دەستیان کردەوە بە پەروەردە، هەڤاڵ حەلیم بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە

پەروەردەی سەربازی خۆی تەواو کرد، دوای ئەو هەموو نارەحەتیەی زستان ئیتر بەهار نزیک ببۆوە، وەک هەموو هەرێمەکان بە نزیک بوونەوەی بەهار کاتی پیرۆز کردنی جەژنی نەورۆز هاتبوو، هەڤاڵان بە گشتی لە هەموو گوندەکاندا کۆبونەوەیان دەست پێکرد، تەنانەت هەندێ لە هەڤاڵان لە چەند گوندێک شانۆشیان نمایش کرد، لە شانۆیەکدا هەڤاڵ حەلیم دەوری کوڕی کاوەی ئاسنگەری بینی کە بە سەرکەوتوانە کارەکەی خۆی ئەنجامدا، ئەم دەوربینینە لەو شانۆیەدا لە بارەیەوە هەڤاڵ حەلیم دەیوت دەبێت من خۆم بکەم بە شایەنی کوڕی کاوەی ئاسنگەر، هەڤاڵ حەلیم لە ناو هەموو چالاکییەکانی نێوان مانگی ئادار و نیساندا دا لەناوچەکانی دێرسیم و ئۆڤەجیک بەشداری کرد.

لە٨ ی نیسانی ساڵی ١٩٨٨ هەڤاڵ حەلیم لەگەڵ گروپێک لەگەریلا چوونە هەرێمێکی تر کە پێشوتر لە بارەیەوە بڕیاریان گرتبوو، کە گەڕانەوە توشی بەسەرهاتێکی ناخۆش هاتن و لەئاکامدا فەرماندەی گروپەکەیان هەڤاڵ ئولاش و عەلی موسا و هەڤاڵ حەیدەر و جەلال چەتین قایە شەهید بوون، هەڤاڵ حەلیم بەم شەهادەتەی هەڤاڵانی زۆر غەمگین بوو، هەڤاڵ حەلیم هەستی بەوەکرد بوو کە گریان و غەمگینی نابێتە تەواوکەری بیرهێنانی شەهیدان بەڵکو دەبێت بەردەوامی بە ڕێبازی شەهیدان بدرێت و تۆڵەیان بسەنرێتەوە، هەڤاڵ حەلیم دەیزانی کە ئەو دوژمنانەی باو و باپیرانی لەساڵەکانی ١٩٣٨ کوشتبوو ئێستاش هەر هەمان دوژمنن کە هەڤاڵان ئولاش و حەیدەریان شەهید کردووە، هەربۆیە هەڤاڵ حەلیم بەڵێنی وەفاداری و تۆڵەسەندنەوەیدا.

بە شەهید بوونی فەرماندەکەیان واتا شەهید ئولاش و حەیدەر

بۆشایەکی زۆر هاتبووە ئاراوە هەڤاڵ حەلیمیش هەستی بەمە دەکرد هەربۆیە پیلانێکی پتەویان داڕشت، بۆ تۆڵەسەندنەوە چەند لوغمێکیان لە ڕێگاکان چاند و لە ئاکامدا ئەفسەرێک و ٣ سەرباز کوژران، ئەم لوغمانەیان لە مانگی گوڵان لە ڕێگای گوندێکی گرێدراوی شاری دێرسیم چاندبوو، لەسەر ئەم کوشتنەی سەربازی دوژمن لەشکر ئۆپەراسیۆنیان ئەنجامدا.

هەڤاڵانی ئێمەبە٢ بەش کەلەیەک دوور نەبوون گروپێکیان لە گوندی بابا ئۆجاخ کە گرێدراوی شاری دێرسیمە گیرسانەوە، بەڵام هەڤاڵ حەلیم لەناو گروپەکەی تر بوو کە پێکهاتبوون لە٩ هەڤاڵ.

ڕۆژی ١٦ ی گوڵانی ساڵی ١٩٨٨ بوو کاتژمێر ٧ و نیوی ئێوارە بوو، هێزی دوژمن هێرشیان کردە سەر ئەو گروپەی کە هەڤاڵ حەلیم لە ناویاندا بوو، لەم شەڕەدا هەڤاڵ حەلیم ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا لە ڕیزی پێشی پێشەوە بوو هەڤاڵان توانیان بەرەنگاری دوژمن ببنەوە و تێکیان بشکێنن لە ئەنجامدا هەڤاڵێک زامدار بوو کە توانیان هەڤاڵە زامدارەکە لەشوێنی شەڕەکەدا دوور بخەنەوە.

ئەو گروپەی ژمارەیان ٥٠ هەڤاڵێک دەبوو بەهە ڵەلەیەک دابڕابوون، هەڤاڵان توانیان خۆیان کۆبکەنەوەو دەست بەشەڕ بکەنەوە، بەم شێوەیە جارێکی تر لە پێدەشتەکەدا شەڕ و پێکدادان هاتەئاراوە، بەم شێوەیە شەڕی دەستەویەخە هاتە ئاراوە، لەبەر ئەوەی هێزی دوژمن ژمارەیان زۆر بوو هەروەها پڕ چەک و تەقەمەنی بوون، دەیانویست بەرەو پێشەوەبێن بەڵام هێزی گەریلا بەرخودانێکی باشیان کردوو ڕێیان لێگرتن، ڕۆژ ڕۆژی مەردان بوو، هەڤاڵ حەلیم کە بیکەیسی پێ بوو ئەوەندە خاوەن وورە بوو وەک ئەوەی دەمانچەیەکی پێ بێت وابوو نەیدەهێشت هێزی دوژمن

بێتەپێشەوە، هەرچەند دوژمن دەیویست لەم سەنگەرەوە بۆ ئەو سەنگەر دزەبکەن و بێنە پێشەوە بەڵام بەردەوام هەڤاڵ حەلیم لەبەردەمیاندا ڕێگر بوو.

هەڤاڵ حەلیم لە شەڕدا خۆی سەلماند کە گەریلایەکە پشتی نادرێتە زەوی، دوای ئەوەی زۆر بۆ هێنانێک هاتەئاراوە فەرماندەکەمان بە چەند گوتنێکی شفرەیی بڕیاری کشانەوەیدا، شفرەکە ئەمەبوو چڵی سەوزی چنار. چڵی سەوزی چنار، دوای ئەم بانگەوازییە هێزەکەمان پاشەکشێی کرد، بەڵام هەڤاڵ حەلیم لەناو ئەو هەموو دەنگی تفەنگ و ڕومانەو تۆپەدا گوێی لە شفرەی کشانەوە نەبوو، ئەو هەر بەردەوام بوو لە شەڕکردن، کاتێک هەڤاڵ حەلیم هەستی کرد کە هێزی دوژمن تەنها بەسەر ئەودا دێن و کەسێک لەچوار دەوری نەماوە تێگەیشت کە هەڤاڵان پاشەکشێیان کردووە، هێزی دوژمن کە هەستیان کرد تەنها لەیەک شوێنەوە بەرخودان هەیە بە هەموو تەقەمەنی خۆیانەوە هێرشیان کردەسەر هەڤاڵ حەلیم، هەڤاڵ حەلیمیش بڕیاریدا کە پاشەکشێ بکات و بگاتە ئێمە، یەک دوانێک لە هێزی دوژمن هاواریان لێ بەرز بۆوەو ووتیان مەڕۆ کوڕە.. ئەی ئاپۆجێکان.. بۆکوێ ڕادەکەن.. کوانێ ئێوە پیاو بوون و قارەمان بوون؟.. مەترسن وەک پیاو بن. تەماشاکەن ئاپۆجێکان چۆن هەڵدێن.. هێرشیان بکەنەسەر.

هەڤاڵ حەلیم کە گوێی لەم قسانە دەبێت دەگەڕێتەوەو پێیان دەڵێت ئەی زۆڵینە دەبینن بەم زووانەچیتان لێدەکەین، ئەم قسانەی کردوو کشایەوە.

هەڤاڵ حەلیم بەتەنیا ڕێگای گرتەبەر، بەڵام شارەزایی ئەم

هەرێمە نەبوو، شەو داهات، بەم شێوەیە هەڤاڵ حەلیم دەتوانێت بگاتە هەڤاڵان، لەکاتی بەردەوام بوونی ڕێگادا هەڤاڵانی بریندارى خۆی دەبینێت، هەڤاڵ حەلیم یارمەتی هەموویانیدا ئەو کاتە هەڤاڵ حەلیم تەمەنی کەم بوو، حەلیم و هەڤاڵەکانی هەڤاڵە بریندارەکانیان بردوو دوایش هەڤاڵانی تری پەیدا کرد، دوای ئەوەی هەموو هەڤاڵان بەیەک گەیشتن لە٣٠ ی گوڵانی ساڵی١٩٨٨چوونە کەمپەوە، ئەم مانگە مانگی گوڵان مانگێکە کە لە مێژووی بەرخودان بە مانگێکی پڕ بەرخودان و شەهیدان پێناسە دەکرێت، ٣٠ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨ هەوری ئاسمان هەروەک بڵێی ڕۆژی دیلکردبێت نەیدەهێشت تیشکی خۆر بگاتەسەر زەوی، بەڵێ ئەمڕۆ خۆر بێدەسەڵات و بێ توانا بوو بەرامبەر بەهەور، ٣٠ گوڵانی ساڵی ١٩٨٨، هەموو هێزەکانی گەریلا بەسەر چیاکانەوە بوون، دوای نیوەڕۆ هەندێ لە هەڤاڵان چوونە خوارەوە.. هەڤاڵ کەمال کورو کە ناسراوە بە موسا و هەڤاڵ حەلیم چەند گەریلایەکی تر، کاتژمێر ١٤ مەتارەکانیان هەڵگرتوو



چوونەخوارەوە، لەناکاو دەنگی قرمەی تفەنگ هات، هەڵبەت چەکی بیکەیسی دوژمن نەیاندەوسیت بێدەنگ بن چونکە ئەو هەلەی بۆیان ڕەخسا بوو نەیاندەویست لەدەستی خۆیانی بدەن.

ڕەنگی ئاوی چەمەکەسوور هەڵگەڕا، ئاوی ساردی ئەم چەمە لە ئەنجامی ئەو سوور بوونە بوو بەئاوی گەرماو، زۆر مەخابن هەڤاڵانی قارەمانمان هەڤاڵان موسا، کەمال کورو و هەڤاڵ حەلیم شەهید بوون، ئەم نیشتیمانە ڕۆڵەیەکی وەک حەلیمی گەیشتە کاروانی شەهیدان، هەڤاڵ حەلیم و شەهیدان ڕێی نوتەکی ئێمە ڕووناک دەکەنەوە و فێرمان دەکەن کە چۆن دڵسۆز بین بەرامبەر بەگەل و نیشتیمان.

# پیاوێک لەئاگر

## موسلم

یەکتر ناسینمان لەگەڵ سەرۆکدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی، دایە ئوڤەیش خزممانە ،(مەبەستی دایکی سەرۆکە/ وەرگێڕ) لەبەر ئەوەی گوندەکەمان نزیک یەک بوون زوو، زوو یەکتریمان دەبینی، لەسەر دەمی منداڵیدا کاتێک دەچووم بۆ گوندەکەیان و دەچوومە ماڵی سەرۆکەوە دایەئوڤەیش بەردەوام سکاڵای لە سەرۆک دەکرد دەیووت کەسێک نییە ئاوڕێکم لێ بداتەوە، منداڵەکانم ئاگایان لێم نییە، دایەئوڤەیش ژنێکی خاوەن دەسەڵات بوو، باوکی سەرۆک کەسێکی زۆر بێدەنگ و ئارام بوو، بە گشتی دایەئوڤەیش لە ناو خێزان و بنەماڵەکەیاندا بە دەسەڵات بوو، بەڵام سەرۆک نە لە ماڵ و نە لە گوندیش زۆر نەدەمایە، هەر لەگەڵ دەست پێکردنی قۆناغی سەرەتایی قوتابخانە لە دەرەوەی ماڵ و گوند دەمایەوە، منداڵێکی شەڕانی نەبوو، بەڵام هەرگیز دۆڕاندنی هەزم نەدەکرد هەروەها نەیدەهێشت زاڵبن بە سەریدا.

لە کۆندا لە نێوان قوتابخانەکاندا بە کۆمەڵ سەردانی گوندی یەکتریمان دەکرد، سەرۆک لە قۆناغی سەرەتایی لە گوندی جیبین دەیخوێند، بە کۆمەڵ جارێکیان هاتن بۆ گوندەکەی ئێمە، منداڵانی گوند هەریەکەیان چەند منداڵێکی بۆ نانی نیوەڕۆ دەبردەوە ماڵی خۆیان، منیش ئەوکاتە سەرۆک و برادەرەکەی بە ناوی عەزیز بردەوە ماڵی خۆمان، دایکم ئەوانی نەناسی، بە یەکتریانم ناساند، بە دایکم ووت ئەم برادەرانەم لە گوندی جیبین دەخوێنن دایکم ووتی واتا خەڵکی جیبینن؟. نا خەڵکی گوندی ئۆماران.

زۆرینەی خزمەکانی دایکم لەو گوندە دەژیان کە ماڵی سەرۆکی لێ بوو، زۆرینەی خەڵکی گوندەکەی ئێمەتورکمان بوون، لە گوندی ئۆمارا نزیکەی ١٠٠ خزمێکی کوردمان هەبوو، لە ناو تورکمانەکان

و ئێمەدا لە بەر ئەوەی ژن خوازییەکی زۆر هەبوو پەیوەندیەکی باشی خزمایەتی دروست ببوو، کاتێک دایکم بیستی کە میوانەکانمان خەڵکی گوندی ئۆماران زیاتر خۆی پێیانەوە خەریک کرد، بە دایکمم ووت عەبدوڵلە دەناسی؟ . دایکم لە سەرۆک وورد بۆوە بەڵام نەیناسی، منیش ووتم کوڕی دایەئوڤەیشە.

دایکم باوەشی بە سەرۆکدا کردوو ماچی کرد، دایکم دایەئوڤەیشی باش دەناسی و رێزی لێدەکرد هەڵبەت لێشی دەترسا، دایەئوڤەیش نەک تەنها دەسەڵاتی هەبوو لە ناو گوندی ئۆمارادا بەڵکو لە ناو خزمەکانی گوندەکانی تریشدا خاوەن دەسەڵات و حیسابێکی تایبەتیان بۆ دەکرد دەتوانم بڵێم لێی دەترسان.

دوای ئەوەی دایکم زانی سەرۆک کوڕی دایەئوڤەیشە خواردنێکی باشی بۆ ئامادەکرد.

دوای قۆناغی سەرەتایی سەرۆک بۆ خوێندنی ناوەندی چووە گوندی نیزیپ، هەر بۆیە دیدارمان پچڕ. پچڕی لێهات بەڵام پەیوەندی خانەوادەییمان بەردەوام بوو، تەنها لەگەڵ سەرۆکدا کەم یەکترمان دەبینی و ئەگەر یەکتریشمان ببینیایە قسەیەکی زۆرمان بەیەکەوە نەدەکرد، بەڵام دەبێت بڵێم کە هەرکاتێک سەرۆکم دەبینی هەستم دەکرد کە خۆی پەروەردە کردووەو گەشەی بە خۆیداوە، ئەمە لە شێوازی قسەکردن و هەڵسوکەوتێوە بەدیدەکرا.

پەیوەندی سەرۆک بەگوند نشینەکانەوە هەروەک کۆن زۆر باش بوو، ڕێزێکی زۆری گەورەکانی دەگرت، هیچ برادەرێکی ڕەد نەدەکردەوە، لەبەر ئەوەی لەقوتابخانە سەرکەوتو بوو هەموو منداڵەکان بە چاوی سەرنجەوە لێیان دەڕوانی، زەوقێکی زۆری وەردەگرت کە دەهاتەوە گوند، لەگەڵ برادەرەکانیدا بە هەموو ناو

گوند و دەوروبەریدا دەگەڕا.

ئەوانەی خۆشیان دەویست مەدحیان دەکرد، ئەوکاتە لە دیاربەکر دەیخوێند، ڕێزی هەموو ئەو کەسانەی دەگرت کە ڕێزیان دەگرت.

کاتێک سەرۆک گەنج بوو بەردەوام لە ناو جوڵانەوەدا بوو، بەردەوام خۆی بە شتێکەوە سەرقاڵ دەکرد، هەمیشە لەو کارانەی دەیکرد سەرکەوتنی بە دەست دەهێنا، تەنانەت لە سەردەمی سەرقاڵی بوونی بە خوێندنەوە کاتی بۆ بە تەمەنەکان تەرخان دەکرد و دەچووە پەنایانەوە دادەنیشت، هەڵبەت بە تەمەنەکانیش ئەویان خۆشدەویست، چی تورک بێت یان کورد حەزیان لە چارەی کورد بوبێت یان نا هەرگیزاو هەرگیز لە بارەی سەرۆکەوە شتێکی خراپیان نە دەهێنایەزمان، کورد و تورک ئەویان خۆشدەویست، لە قۆناغی سەرەتایی تاکو قۆناغی کۆتایش بەم شێوەیە بوو.

سەرۆک گوێڕایەڵێکی زۆر باش بوو، کاتێک یەکێک ئاخافتنی دەکرد بە بێ ئەوەی قسەی پێ ببڕێت تا دوا قسەی گوێی بۆ دەگرت، چاوەڕێی دەکرد تا تەواو دەبوو ئینجا دەکەوتە ئاخافتن.

ئاپۆ دێت !.

سەردەمی منداڵیش، دوای چەند دیدارێکی کەم تا وەختێکی دوور و درێژ لەگەڵ سەرۆکدا یەکترمان نەبینی، دوای زەمانێک لە ساڵی ١٩٧٦ یەکترمان بینی، ئەو کاتە لە ئەنقەرە بوو، پەیوەندی بە بزووتنەوەی گەنجانەوە بەستبوو، لەو سەردەمەدا باوباوی شەپۆلی چەپڕەوانی کۆمۆنیستی تورک بوو، بەڵام زۆر پەرشوبڵاو و یەکگرتوو نەبوون، زاتەن لە گوندەکەی ئێمە گروپی چەپڕەوی تورک هەبوو، سەرۆک هات بۆ گوندەکەی ئێمە، ئەو سەردەمە

بە سەرۆکیان نەدەووت ئاپۆ، پێش دەوڵەت گروپە چەپڕەوەکانی تورک سەرۆکیان بە ئاپۆ ناوزەند دەکرد، هەڤاڵان دەیانووت سەرۆکایەتی ناوی عەبدوڵڵایە بەڵام لە بەرئەوەی ڕابەرایەتی دەکات پێی دەڵێن ئاپۆ، زاتەن ناوی ئاپۆ وەک برووسکە هەموو شوێنێکی گرتەوە، ساڵەکەیم نایەتەوە یاد جارێکیان لە ڕادیۆ ناوی ئاپۆیان هێنابووە زمان بەڵام گوندنشینەکانی گوندی ئێمە و گوندنشینەکانی گوندەکەی سەرۆکیش نەیان دەزانی کە ئاپۆ عەبدوڵڵای گوندەکەیانە، لە ڕادوێوە بانگەشەی ئەمەیان دەکرد کە ئاپۆ تێرۆریستە.. ئاپۆ پیاوکوژە بەڵام ئەوانەی دەیانزانی کە ئاپۆ عەبدوڵڵایە دەیانووت عەبدوڵڵا کاری خراپ ناکات، ڕۆژێکیان کە ڕادیۆی دژی ڕێبەر هەواڵی دەخوێندەوە ئەو کاتە باوکی سەرۆک لە گوندەکەی ئێمە بوو، هەندێ کەس پێیان ووت کوڕەکەت ڕێی خراپی گرتۆتەبەر، هەندێکیش دەیانووت عەبدوڵڵا شتی نابەجێ ناکات، باوکی سەرۆک لەسەر ئەم مەسەلانە زۆر قسەی نەدەکرد.

ڕۆژێک دانیشتبووین کە باوکی سەرۆک لەگەڵ ناسیاوێکدا قسەی دەکرد، باوکی سەرۆک دەیووت کوڕەکەم نەسودی بۆ ئێمە بوو نەزەرەریش، ناسیاوەکەش کوڕەکەی لەگەڵ سەرۆکدا دەیخوێند، کابرا ووتی ئەگەر کوڕەکەم وەک عەبدوڵڵا بوایە هیچ سکاڵام نەدەکرد، باوکی سەرۆکیش ووتی بۆچی؟ ، ئەویش ووتی عەبدوڵڵا دەزانێت لە ناو کۆمەڵدا قسەبکات و کاریگەری بکاتە سەریان و چواردەورەکەی گوێی بۆ بگرن، کوڕەکەی من ئەمەی پێناکرێت، هەندێک جار کە عەبدوڵڵا دێت پرسیاری دونیای لێدەکەم ئەویش زۆر بە جوانی باسی هەموو گۆڕانکاریەکانم بۆ دەکات، ئەوەندە جوان شیکار دەکات لە هەموو قسەکانی بەجوانی حاڵی دەبم بەڵام کاتێک

پرسیاری دونیا لە کوڕەکەی خۆم دەکەم بەردەوام دەڵێت ئەمەریکا دەمانچەوسێنێتەوە، ساڵێک زیاترە پرسیاری لێدەکەم هەمان وەڵام دەداتەوە، ئەمەریکا دەمانچەوسێنێتەوە، منیش لێی دەپرسم کوڕی خۆم جگە لە ئەمەریکا کەسی تر ئێمە ناچەوسێنێتەوە بەڵام ئەو هەمان وەڵام دەداتەوە، کاتێک لە عەبدوللە دەپرسم کاتژمێرێک قسەم بۆ دەکات جارێکیش ناوی ئەمەریکا ناهێنێتەزمان.

شەوانی وەرزی هاوین زۆر گەرم بە سەر دەچێت، شەوێکیان ووتیان ئاپۆ دێت بۆ ئێرە، لەو شەوەدا سەرۆک و چەند هەڤاڵێکی بە شێوەیەکی زۆر نهێنیانە هاتنە گوندەکەمانەوە، من دەرگام لێکردنەوە دوای سڵاو و خاتر پرسین سەرۆک ووتی تۆش لێرەیت؟ ، لە گوندەکەمان تەنها من وەک برادەری کۆن مابومەوە، بە گشتی سەرۆک و هەڤاڵەکانی زۆر بە نهێنیانە هەندێک جار دەهاتنە گوندەکەمانەوە، لە ماڵی موختاری گوندەکەمان کۆبونەوەیان ساز دابوو، هەڵبەت ئەم کۆبونەوە هەڵسەنگاندنی ڕەوشی دونیا و گەنگەشەکردن بوو لەگەڵ چەپڕەوە تورکەکاندا، ئەو خانویەی لێی بوین دوو نهۆمی بوو، سەرۆک ووریای کردینەوە کە هێمن بین و شەڕیان لەگەڵ نەکەین، ئەگەر کێشەیەکیش بێتە ئاراوە دەبێت لە چوارچێوەی دانوساندن چارەسەری بکەین، چەند هەڤاڵێکی لەگەڵ بوو بەڵام بەداخەوە ناویانم نایاتەوە خەیاڵ، بەو شێوەیەی سەرۆک ویستی گەنگەشە دەستی پێکرد، ئەم گەنگەشەیە تا کاتژمێر ٣ ی نیوەی شەوی خایاند، باسیان لە کێشەی نەتەوەیی و شێوازی چارەسەریەکەی هێنرایەزمان، ئەمە بۆ یەکەم جار بوو کە لە گوندەکەی ئێمە کۆبونەوەی سیاسی ئەنجام بدرێت، هەربۆیە ئاستی هەڵسەنگاندنی سیاسی سەرۆک بۆ ئامادەبوانی ئەوێ زۆر

گرنگ بوو، گەنجێکی زۆر بەشداری ئەم کۆبونەوەیە ببوون، ئەگەر لەم گەنگەشەیە بەسەر کەوتویی تەواو ببوایە کاریگەری خۆی بکردایەتە سەر ئامادەبوان ئەمە ئەوەی دەگەیاندا کە کەسانێکی زۆر بەشداری ناو ڕێکخستنەکانیان دەکرد، لەکاتی دەست پێکردنی گەنگەشەدا هەریەکەو بەگوێرەی کاتی خۆی دەستی بە ئاخافتن دەکرد، سەرۆکیش بە سەبرێکی گەورەوە گوێی بۆ دەگرتن، کاتێک نۆبە گەیشتە سەرۆک هەڵسەنگاندنێکی بەرفراوانی کرد، ئەوانەی تورک بوون هەڵسەنگاندنەکانیان بە پاڵپشتی قسەکانی لینین دەهێنایەزمان بەڵام سەرۆک بەبێ ئەوەی پەنا بۆ بۆچونەکانی کەس بەرێت بۆچونەکانی خۆی بەفراوانی هێنایەزمان.

مامی سەرۆک لە گوندەکەی ئێمە دەژیا، دەمەوبەیان لەگەڵ سەرۆکدا چوین بۆ ماڵی مامی، بەڵام سەرۆک ڕازی نەبوو کە لەوێ بمێنینەوە هەربۆیە گەڕاینەوە، دوای ماوەیەک لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا بەیەکەوە لە گوند دەرچوین.

من دێوانەی ئاپۆم !

لەقۆناغی ١٢ ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٢ دوژمن هێرشێکی زۆریان دەهێنایە سەرمان، هەربۆیە ناچار بووم بڕۆم بۆ سعودیە، لە سعودیە لەڕێی چەند کەسێکی وڵاتپارێزەوە توانیم پەیوەندی بە بەهەڤاڵانەوە بکەم، لەساڵی ١٩٨٨ توانیم بە تەلەفون لەگەڵ شەهید حەسەن بینداڵ ناسراو بە هەمزە قسەبکەم و داوام لێکرد کە دەمەوێت بچم بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی بەڵام سەرۆک ووتبوی ئەگەر بێت بۆ ئێرە کەشف دەبێت یا نەیەت، دوایش لەگەڵ سەرۆکدا بە تەلەفون قسەم کرد، دووبارە پێی ووتمەوە ئەگەر بێت بۆ ئێرە کەشف دەبیت گروپێک هەڤاڵ دەنێرم لەگەڵ ئەواندا کاربکەن،

تەنانەت کە هاتیشمە شام پێی ڕاگەیاندم کە سەردانی نەکەم و ڕاستەوخۆ بچمە تورکیاوە، هەڵبەت زۆر غەمگین بووم بەوەی کە لە سەرۆکیشەوە نزیک ببومەوە بەڵام نەم دەتوانی ببینم، هەر دەبوایە لە ناو ئەو چوارچێوەیە کارم بکرادیە کە سەرۆک دایڕشتبوو.

چوومە ئەڵمانیا، لەوێشدا کەوتمەکار، لەساڵی ١٩٩٤ دەوڵەتی ئەڵمانیا کارکردنی سیاسیمانیان قەدەغە کردبوو و، نەیاندەهێشت ئەو ساڵە ئاهەنگی نەورۆز ساز بکەین، هەربۆیە بەڕێوبەرایەتی ئەڵمانیامان بڕیاریدا کە چەند چالاکییەک بنوێنین، دوای گەنگەشەیەکی زۆر لە کۆبونەوەکەماندا بڕیاردرا کە لەگەڵ وڵاتپارێزاندا ڕێی فرۆکەخانەی شاری فرانکفۆرت بگرین، گروپەکەی ئێمە ڕێگاکەیان دەگرت، ڕێگای دارمستادت گروپێکی تر دەیگرت، دوای ماوەیەک پۆلیس توانی کۆنترۆڵی ئەوێ بکات بەڵام پۆلیسێکی زۆریان بۆ شوێنەکەی ئێمە هێنا بوو، پۆلیس بە هەلیکۆپتەر هاتنەسەر جادەگشتێکە، لەم ڕەوشەدا وڵاتپارێزان هەندێ ساردیان پێوەدیار بوو، لەبەر ئەوەی ڕەوشەکە زۆر جدی بوو زۆربەیان هەڵاتن تەنها من و چەند کەسێک مابوینەوە، پێش دەست پێکردنی چالاکییەکە بۆ ئیحتیات بەنزینمان بردبوو، بڕیارمان وابوو ئەگەر پۆلیس زەحمەتیمان بۆ دروست بکات و ئازارمان بدەن بەنزین بەخۆماندا دەکەین، مەتارە بە نزینەکەمان لە کەناری جادەکە لە ناو گژ و گیادا شاردبۆوە، بە وڵاتپارێزەکانم ووت کە نەترسن، بۆ ئەوەی پۆلیسەکان چاوترس بکەم پێیانم ووت ئەگەر دەستمان بۆ ببەن ئەوا خۆم دەسوتێنم، پۆلیس باوەڕیان وابوو کە من درۆ دەکەم هەربۆیە زیاتر لێمان نزیک دەبوونەوە، هەڵبەت چارەی تر نەمابوو، بۆ ئەوەی وورە بدرێتەوە بە وڵاتپارێزان و هەڵوێستێکی جدی بەرامبەر بە

دوژمن نیشان بدرێت دەبوایە چالاکییەک ئەنجام بدرایە، چونکە چواردەورمان گیرابوو ئەگەر کارێکمان نەکردایە لەوێدا شکستمان دەخوارد، هەربۆیە دەبوایە ڕێگری بەرامبەر ئەو کارانە بکرایە، بەڵام چۆن؟ ، هەڵبەت لە نوسینێکی وادا خوێندنەوەی ئاسانە بەڵام ئەگەر ئەو تابلۆیەی ئەوێ بهێنیتە بەرچاوی خۆت دیمەنێکی تری هەیە بۆیە دەبوایە کارێک بکرایە، تەنانەت گۆڕانکاریەکانی ئەوێ بە چرکەگۆڕانی بەسەر دەهات، هەربۆیە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو زۆر بۆهێنانە دەبوایە چالاکییەک بکرێت بۆ ئەوەی ڕێگری بەرامبەر بە دوژمن بکات، بەڵام چۆن چالاکییەک؟ سەرەتا بەنزینم بە خۆمدا کرد، چونکەلەدڵی خۆمدا بڕیاری ئەم چالاکییەم دابوو، چەرخەکەی گیرفانم دەرهێنا، ئێمە بە پۆلیسەکانمان ووت کە دوای ڕاپۆرتاژ و ڕوونکردنەوە بۆ ڕۆژنامەوانەکان ئیتر واز لە چالاکییەکە دەهێنین، کە بە مەرزای نەبوون ئیتر هێرشیان کردەسەرمان، پێیانم ووت نەمانگرن ئەگەر هەوڵ بدەن دەستگیرمان بکەن خۆم دەسوتێنم، باوەڕیان پێ نەکردم، پۆلیس باوەڕیەکی زۆریان بە خۆیان هەبوو پێیان وابوو کە درۆ دەکەین ئەم جیلیکانەیە بەنزین نییە بەڵکو ئاوە، کاتێک بینیم پۆلیس زیاتر گوشارمان بۆ دەهێنن چالاکییەکەم ئەنجامدا، ئاگرم لە خۆم بەردا، هەموویان شۆک ببوون، پۆلیسەکان نەیان دەزانی چی بکەن، بە سەرسوڕمانیەوە تەماشایان دەکرد و هەموویان لە چواردەورمدا هەڵدەهاتن، وڵاتپارێزەکانیش بەرامبەر بەم دیمەنە وورەیان کەوتەوە بەر و بەخودانیان پتەوتر کرد، دوای چالاکییەکە چەندین مانگ لە نەخۆشخانە مامەوە، لەبەر ئەوەی هەڤاڵان ووتیان دوای دەرچونم لە نەخۆشخانە سزام دەدەن هەڤاڵان لە نەخۆشخانەی شاری شتوتگار ی ئەڵمانیا منیان

فڕاند و بردمیان بۆ هۆڵەندا.

لەساڵی ١٩٩٥ لە ئەوروپاوە چووم بۆ گۆڕەپانی سەرۆکایەتی، هەڵبەت دوای ماوەیەکی زۆر بوو کە سەرۆکم دەبینیەوە، پێشوتر بە تەلەفون قسەم لەگەڵی کردبوو بەڵام ئێستا بینینی سەرۆک بۆ من شتێکی زۆر خۆش بوو، کاتێک گەیشتمە دیدەنی سەرۆک سەرەتا سەرۆک منی نەناسیەوە پێی ووتم زۆر گۆڕاوی ناتناسمەوە، کاتێک هەندێ باسی منداڵی و خزمایەتیم بۆ کرد ناسیمێوە، من لەبارەی فیزیکییەوە زۆر گۆڕابووم، دەموچاوم زۆر ناشرین ببوو هەڵبەت بەهۆی خۆسوتاندنەکەمەوە بوو، سەرۆک زۆر دڵگران بوو بەحاڵم. لەبارەی چالاکییەکەوە کەوتە قسەکرن لەگەڵم ووتی بۆچی ئەنجامدانی ئەم چالاکیەت بە پێویست زانی؟ ، ئێمە فەرمانێکی وامان نەدابوو پێتان، باوەڕیش ناکەم هەڤاڵانی ئەوروپا کە فەرمانی وایان دابێت پێتان. منیش ووتم کەس فەرمانی وای بەمن نەداوە تاکو خۆم بسوتێنم ئەو قۆناغەی لێی دەژیاین دەبوایە بۆ وەڵام دانەوە چالاکییەکی وا ئەنجام بدرایە، لەلایەکی تریشەوە چارەیەکی ترم نەبوو، تەسلیمیەتمان بەسەرماندا دەسەپێنرا یان دەبوایە لەگەڵ ئەو هەموو وڵاتپارێزانەدا تەسلیمییەت قەبوڵ بکەین یان دەبوایە یەکێک ئەم چالاکییە ئەنجام بدات، لەبەر ئەوەی زۆرینەی وڵاتپارێزان لە شوێنی چالاکییەکە دورکەوتبونەوە بۆیە بڕیارمدا ئەم چالاکییە بکەم. سەرۆکیش ووتی هەرچۆنێک بێت ئەنجامدانی ئەم چالاکییە زۆر واتادارە، ئێمەوەک قارەمانێتیەک هەڵیدەسەنگێنین ئەم هەڵویستەی تۆ بەرامبەر بە ئەڵمانیا ئێمەی سەر بڵند کرد، توانیت نیشانی دەوڵەتی ئەڵمانیا بدیت کە هەنگاو بەرەو دواوەنانێین و ئەگەر پێویست بکات خۆمان دەسوتێنین، هەرچەندەپێی ناڕەحەتین بەڵام

چالاکییەکی زۆر گرنگ بوو، دیمەنەکەی تۆ لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکە لە تەلەفزیۆن زۆر جیاواز تر بوو، هیچ خۆتت بینی لە تەلەفزیۆن؟. پێم ووت نەخێر.

سەرۆک ووتی کاسێتی چالاکییەکەت لێرە هەیە، کاسێتەکە لێدەدەم و خۆت ببینە، دوژمنان دەڵێن گوایە من تۆم ڕاهێناوەو فەرمانم داوەپێت تاکو خۆت بسوتێنیت، تەلەفزیۆنەکان و هەواڵی ڕۆژنامەکان بەو شێوەیە بڵاویان کردۆتەوە، ڕۆژنامەکانیش دەیان نووسی ئاپۆ چەند کەسێکی پێگەیاندووە کە لە خۆی بچێت، خۆیان دەسوتێنن، لە بارەی تۆوە دەڵێن تۆ نزیک ترین هاوڕێی ئاپۆی، هاوڕێی منداڵی، ڕاستە هاوڕێی نزیکمی و هاوڕێی منداڵیمی بەڵام من نەم ووت کە خۆت بسوتێنە لە کاسێتەکە بڕوانە چۆن قارەمانێکیەکت نیشانداوە.

باسی دیمەنی تەلەفزیۆنەکان و هەواڵی ڕۆژنامەکانی بۆ هەڤاڵەکانی چواردەوری دەکرد بەمنی دەووت پیاوێک لە ئاگر، کاتێک سەرۆک کاسێتی چالاکییەکەی بۆ لێدەدام چەند هەڤاڵێکی کچ لەوێ بوون سەرۆک ووتی بڕوانە بەزەیت بەخۆتتدا نەهاتۆتەوە؟، ئەوەی زۆر سەرنجی سەرۆکی ڕاکێشا بێت ئەو کاتەبووە کە ویستویان ئاگرەکەی لەشم بکوژێننەوە کە من ئەوکاتە کە لە بیرم نایە بەڵام هێشتا بە دوو پەنجەی دەستم ئیشارەتی سەرکەوتنم کردووە، سەرۆک ووتی ئەوەی زۆر سەرنجمی ڕاکێشاوە ئەمەیە تاکو کۆتایی چالاکییەکەت بەردەوام ئیشاراتی سەرکەوتنت کردووە، ئەوەندە بێ بەزەیت، تۆ زۆر بێ بەزەیت بەرامبەر بە خۆت بێ بەزەیت. هەڵبەت ئەم قسانەی لەگەڵمدا بە گاڵتەکردنەوە دەیهێنایەزمان.

لەکاتی دانیشتنەکەماندا بەردەوام ئەو پرسیارانەی دەکرد

کە سەرنجی ڕاکێشا بوو، بۆ نمونە دەپرسی لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکە هەستم بە چی کردووە؟، لە نەخۆشخانە دەهاتنە سەردانت؟ ، ئەوانەی دەهاتنە لات باسی چیان لە گەڵت دەکرد؟ ، ئەم پرسیارانەی دەپرسی، منیش هەموویم بۆ باسکرد، ئەوانەی دەهاتنە لام بۆ نەخۆشخانە بەزەییان پێدا دەهاتمەوە، دەگریان، بەڵام لە ئەڵمانیا بەو شێوەیە کردویانە بە هەواڵ گوایە داوایان لێکردووم بۆیە ئەم چالاکییەم ئەنجامداوە، هەربۆیە سەرۆک لەم بارەیەوە نیگەرانی هەبوو هەربۆیە سەرۆک ووتی ڕەوشی نەخۆشخانەت چۆن بووە؟. منیش ووتم کاتێک سەردانیان دەکردم هەموو دەگریان منیش دەمووت ئەمانە بە من دەگرین، لە جیاتی ئەوەی دڵنەوای من بدەنەوە من دڵنەوایی ئەوانم دەدایەوە.

کە من باسی هەموو ئەمانەم دەکرد زۆر کاریگەریی کردبووە سەر سەرۆک جارێکی تر ووتی دەبینیت دەبوایە وابێت؟ .

هەواڵی تەلەفزیۆنەکانی تورکیا زۆر پەیوەندی بەسەرۆکەوە هەبوو بەڵام سەرۆک هیچ ئاگای لەم چالاکییەی من نەبوو، سەرۆک ووتی پێویستە تێگەیشتنێکی باش بکەین بۆ ئەو ڕەوشەی کە لە خەستەخانە بردوتەتە سەر، هەڵوێستێکی مەردانە بووە ،وا نییە؟. منیش پێم ووت سەرۆکم، هیچ کاتێک نەگریام و ئاخۆئۆفم نەکرد، کاتێک دکتۆرەکان تەداویان دەکرد یەک جاریش ئۆفم نەکرد، پێیان دەووتم تۆ شێتی لەپێناو هیچ خۆت سوتاند، منیش پێیانم دەووت من شێتم یەکێک شێت نەبێت خۆی ناسوتێنێت بەڵام پێویستە و گرنگە بزانرێت کە من شێتی چیم. پێیانت ووت شێتی چیت؟ . منیش بە سەرۆکم ووت مرۆڤایەتی و شێتی شۆڕشم و شێتی ئازادی گەلی کوردم، پرسیارێکیان لێکردم، ڕاستە تۆ نزیک ترین برادەری ئاپۆی؟

پێیانم ووت لەبەر ئەوەی برادەری نزیکی ئاپۆم من دێوانەی ئاپۆم، شێتی ئاپۆجێکانم، ئەو کاتە یەکێک لە ناو گرووپە ڕۆژنامەوانەکاندا هەستایە سەر پێ و ووتی ئەمەشێت نییەت یرۆریستێکی تەواوە، منیش ووتم من شێتی ئەو ۱۰ مارکەنیم کە بۆ ئەم دیدارە دەتانەوێت بیدەن بەمن.

سەرۆک هەستایە سەرپێ و ووتی ئەی ئافەرین بە ڕاستی هەڵوێستێکی باشت نیشان داوا، بەو شێوەیە قسەت کرد؟ . بەڵێ سەرۆک بەو شێوەیە وەڵامم دانەوە. دوایش بەردەوام بووم لە قسەکردن و بە سەرۆکم ووت ڕۆژێکیان زۆریان بۆ هێنام بۆ ئەوەی ئیعتیراف بکەم واتا دەیانووت پێش ئەوەی خۆت بسوتێنیت ئاپۆ تۆی سوتاند، تۆ دەبێت بڵێت پەشیمانم لەوەی کە ئەم کارەم کردووە، کەئەمەم قەبوڵ نەکرد ٧ ساڵ حوکمی زیندانیان دابەسەرمدا.

سەرۆکیش ووتی نەک ٧ ساڵ بەڵکو ١٧ ساڵیش حوکومیان بدایتایەکێشەنەدەبوو چونکەئەوانت شەرمەزار کردووە.



ئەو وەختەی هەڤاڵ مریەم

شەهید بوو

**نولیفەر**

لەساڵی ١٩٩٧ لە هەرێمی بۆتان دوژمن ئۆپەراسیۆنی دەست پێکرد بوو هەربۆیە بڕیار درا کەیەکەکانی ئێمە پاشەکشێ بکەن، کاتێک گەیشتینە هەفتانین بڕیارێکی تر درا کە دەبێت کەرتێکمان بگەڕێتەوە بۆ مەتینا، لە سەر ئەم بڕیارە ڕێی مەتینامان گرتەبەر، بەڵام دوژمن هەر لە ئاوی خابورەوە چاودێری ئێمەیان کرد بوو و، بۆسەیان بۆ دانابووین، بە بێ ئەوەی هەست بە خۆمان بکەین بە ناو بۆسەکاندا تێپەڕی بووین و دوژمنیش هەر چاودێری ئێمەیان کرد بوو دەیانویست لە شوێنێکی گونجاودا پەلامارمان بدەن.

لەناو کەرتەکەماندا هەڤاڵ مریەم و جومعەشمان لە گەڵدا بوو، سەرەرای ئەوەی زۆر ماندوش بووین بەڵام بەردەوام بووین لە ڕێکردن، هەوڵماندەدا کە بەزووترین کات بگەینە ئەو شوێنەی کە بۆمانیان دیاری کردبوو.

هێزی پێشمەرگەی پدک و سوپای تورک چاودێری ئێمەیان دەکرد و دەیانویست لە شوێنێکی گونجاودا دەستمان لێ بکەنەوە، ئێمەش بە بێ ئەوەی ئاگاداری ئەم چاودێرییە بین بەیەک ڕیز بەردەوام بووین لە ڕێکردن، دوای ماوەیەک کە گەیشتینە شوێنێکی کراوەکە دوو ڕێگای بەیەکەوە گرێ دەدا لەکاتی پەڕینەوەماندا چاومان بەزرێپۆشەکانی دوژمن کەوت و ئێمەیان دایەبەر دەست ڕێژی گولە، ئێرە شوێنێکی گونجاو بوو بۆ دوژمن کە ئامانجی خۆیان بپێکن، لەگەڵ گروپێکی ترمان کە هاتبوون بۆ هاوکاری ئێمە کەوتینە ناو بۆسەی دوژمنەوە، لە چوارلاوە تەقەیان لێدەکردین، هاواری ئەوەی ڕاکەن، وەرە، بڕۆ تێکەڵ بە تۆز و دوکەڵ ببوو، نەماندەزانی بۆ کوێ ڕابکەین، منیش بە هەموو توانای خۆمەوە هاوارم دەکرد.. ڕاکەن.. ڕاکەن.

هەڤاڵ مریەم بڕیاری گەڕانەوەمان لە هەفتانینەوە بۆ مەتینا

ڕەد کردبۆوە، هەڤاڵ مریەم دەیویست لە شوێنەکەی خۆمان بمێنینەوەت اکو بتوانین هاوکاری ئەو گروپانە بکەین کە لە شەڕدا بوون، سەرەرای ئەو هەموو سوربونەی هەڤال مریەم بەڵام ڕێگا نەدرا کە بمێنینەوە و بڕیاری گەڕانەوەمانیان دابوو، هەڤاڵ مریەم کەسێکی زۆر مەزن بوو هەست کردنێکی پتەوی هەبوو، لەبەر ئەوەی لە زانکۆ لەبەشی دەروونناسی خوێند بووی زۆرجار گاڵتەم لەگەڵی دەکرد و پێم دەووت هەڤاڵ مریەم تۆ خویندنی باڵای دەروونناسیت خوێندووە ئەمڕۆ بێ زەوقم دەتوانی پێم بڵێت هۆیەکەی چییە؟، ئەویش بە بزەیەکەوە دەیووت ئۆ هەڤاڵ لەیلا چی دەڵێت تۆ. ..؟ ، هەڤاڵ مریەم هەوڵێکی زۆری دەدا کە دڵی کەس نەڕەنجێنێت، هەڤاڵ مریەم بە درێژایی ڕێکردنمان مۆڕاڵی زۆر خراپ بوو، هەروەک بڵێی هەستی بەم ڕووداوە کردبێت، جارناجارێک پێی دەووتم هەڤاڵ لەیلا ئەگەر شەهید بووم دەبێت ئەم نامەیەم بگەهێنیتە شیلانی کچم ئەیگەهێنیت وانییە؟، بەم قسەیەی تورە دەبووم و پێم ووت هەڤاڵ مریەم لە جیاتی ئەوەی مۆڕاڵم بدەیتێ کەچی باسی چیم بۆ دەکەیت.

دوای ماوەیەک جارێکی تر ووتی هەڤاڵ لەیلا نامەکەم دەگەهێنیتە کچەکەم وانییە؟، بۆ ئەوەی دڵی نەڕەنجێت سەرم بۆ ڕاوەشاند، دوای ماوەیەک وەڵامی بەڵێنی لە منەوە وەرگرت، ئیتر هەردووکمان بێ دەنگ بووین، یەک قسەمان پێ نەدەکرا، نەم دەتوانی قسەبکەم بەڵام ئەو قسانەی هەڤاڵ مریەم ناخمی خوارد بوو، ببوو بە دەردێک بۆ من، هەڵبەت هەڤاڵ مریەم هەمیشە مۆڕاڵی بە ئێمە دەدا و لەگەڵماندا دەم بە خەندە بوو، ئەم داواکارییەی جەرگمی بریندار کردبوو، بێچارە بووم، هیچم لە دەست نەدەهات، دەمویست مۆڕاڵی بدەمێ بەڵام قسەکانی سەرسامی کردبووم و، دڵگران ببووم، هەر

بۆیە بێدەنگیم بۆخۆم هەڵبژارد.

دەنگی هاواری هەڤاڵە بریندارەکان تاریکی شەویان دەلەراندەوە کە دەیانووت لێرە بە جێم مەهێڵن، تیشکی مانگە شەو هەموو تاریکی شەوی بەلادا خستبوو مرۆڤ دەیتوانی بە سانایی هەموو شتێک ببینیت، لە بەردەمما هەڤاڵ سەردارم بینی درێژ ببوو، هاوارێکم لێکرد هەڤاڵ سەردار هەڵسە وەرە دەستم بگرەو با بڕۆین، بەڵام هەڤاڵ سەردار هەڵنەسا هیچ نەجوڵایەوە، حاڵی بووم کە هەڤاڵ سەردار شەهید بووە، لەوکاتەدا گوێم لە دەنگی هەڤاڵ مریەم بوو بانگی منی دەکرد بۆلای خۆی و دەیویست بچم چەکەکی هەڵبگرم، هەڤاڵ مریەم بریندار ببوو، کاتێک گەیشتمە لای خوێنێکی زۆری لێدەچۆڕی، لەبەرئەوەی هەڤاڵ مریەم ئەندامی کۆمیتەی فەرماندەیی هەرێم بوو پێی ووتم کە لە ناو جانتاکەیدا ڕاپۆرتی لێپرسینەوە هەیە هەربۆیە نابێت بکەوێتە دەستی دوژمنەوە، چەند جارێک پێی ووتم کە دەبێت جانتاکەی و چەک و چاکەتەکەی هەڵبگرم، دوایش ووتی نامەکەم دەگەهێنیتە کچەکەم وا....، قسەکەی تەواو نەکرد و شەهید بوو، من زۆر شڵەژام، سەرسام بووم، نەمدەزانی کەچی بکەم، یەک شتم دەزانی ئەویش ئەوەبوو کە نەم دەتوانی بەو شێوەیە هەڤاڵ مریەم بە جێبهێڵم، بە ئێلەگەکەم ئەو خوێنەم دەسڕیەوە کە لە دەمی هەڤاڵ مریەمەوە دەهاتە خوارەوە، دونیام سەروبن ببوو، ئەو هەموو فیشەکەکە دەیان دەتەقاند من گوێم لە هیچیان نەبوو، ئەوکاتە وەک کەڕم لێهاتبوو تەنها خۆم بەسەر ئەو تەرمە دادابوو کە بەبێ گیان پاڵکەوتبوو، نەدەبوایە وابیوایە، دەبوایە هەڤاڵ مریەم شەهید نەبوایە.

لەناکاو چەند هەڤاڵێکم بینی کە لە نزیکمدا بەڕاکردن تێپەڕین

هاواریان لێدەکردم کە دەبێت بچمەلایان منیش هاوارم لێکردن ئێوە بڕۆن نەختێکی تر دێمەلاتان، ئەوانیش ڕویان تێکردمەوەو بە توڕەبونەوە پێیان ووتم هەڤاڵ لەیلا خێراکە وەرەلامان، لە شوێنەکەی خۆم هەڵسام چەکەکەی هەڤاڵ مریەمیشم هەڵگرت و کەوتمە ڕێکردن، دوایش دەستم کرد بەڕاکردن، دوای ماوەیەکی زۆر بۆم دەرکەوت کە چاکەتەکەی هەڤاڵ مریەمم لە جیاتی ئێلەگەکەی خۆم هەڵگرتووە، ماوەی نیو کاتژمێر تێپەڕی بوو، کەوتەوە خەیاڵم کە جانتاکەی هەڤاڵ مریەمم لەبیر چووە، ویستم بگەڕێمەوە بەڵام دوو هەڤاڵ گرتمیان پێیان ووتم شێت بویتە ماوەیەکی زۆر بەسەر چووە ناتوانیت بگەڕێیتەوە ئێستا دوژمن گەیشتۆتە ئەوێ، بەڵێ نەم توانی بگەڕێمەوە.

بۆ بەیانی زانیمان بریندارێک و ٧ شەهیدمان هەبووە، بریندارەکەشمان هەڤاڵ چیچەک بوو، بۆ ئەوەی بەدیلی نەکەوێتە دەستی دوژمنەوە روومانەکەی دەردەهێنێت و دەڵێت بمرێ خیانەت و بژی سەرۆک ئاپۆ، خۆی شەهید دەکات، لە ئەنجامی ئەم هێرشانەدا شەهیدێکی زۆرمان دابوو، دوای ماوەیەکی دوور و درێژیش هۆشمان نەهاتەوە سەرخۆ، هەموومان بیرمان لەوە دەکردەوە کە بەچی روویەکەوە بچینە بەردەمی سەرۆک، زۆر خەفەتمان دەخوارد، چۆن لەڕوومان دەهات بچینە بەردەم سەرۆک کە سەرۆک لە بارەی هەڤاڵ مریەمەوە ووتوبوی بۆ ئازادی ژنان هەڤاڵ مریەم شەرتە، چۆن بتوانین بە سەرۆک بڵێین هەڤاڵ مریەم شەهید بووە.

کاتێک گەیشتینە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی هەمووومان لە بەردەم سەرۆک ڕیز بووین، سەرمان شۆڕ و کەسمان قسەمان پێنە دەکرا، زاتەن لە تەماشاکردنی ئێمەدا لە هەڵوێستەکەی سەرۆک حاڵی



ببووین.

سەرۆک بەم شێوەیە دەستی بە ئاخافتن کرد بۆچی ئەوەندە شەهادەتی هەرزانبەها دەدەن. وەبەم شێوەیەش کۆتایی بە ئاخافتنەکەی هێنا کۆمیتەی بەرپرسیارێتی هەرێم لە ئەرکەکەی خۆیان دوور خراونەتەوە، هەمووتان چەکەکانتان دانێن، لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەکرێت.

هەڤاڵ مریەم خاوەن کەسایەتیەکی مەزن بوو، بۆ ئازادی ژنان پێشڕەو بوو، هەستی بە هەموو شتێک دەکرد، هیچ کاتێک لەبارەی هەستکردنییەوە بە هەڵەدا نەدەچوو، لەوەدەچێت ئەو ڕۆژە هەستی بەهاتنە ئاراوەی ڕووداوەکەی کردبێت هەربۆیە مۆڕاڵی خراپ بوو، ئەو ڕۆژە هیچ نانی نەخوارد پێی نەدەخورا تەنها چایەکی خواردەوەو ئەو نامەشی بۆ کچکەکەی نووسی.

کەسێکی زۆر بەتوانا بوو هەمیشە دەیووت لە پێناو

خوڵقاندنی ژیانێکی ئازاد وازم لە مێردەکەم هێنا.

هەڤاڵ مریەم بەردەوام وێنەی شیلانی کچی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت، لەڕاستیدا سەرۆک نەیدەویست هەڤاڵ مریەم بچێتە شاخ بەڵکو دەیویست لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی بمێنێتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی هەڤاڵ مریەم زۆر سوور بوو لە سەر خواستی ئەوەی کە دەیەوێت بچێتە شاخ سەرۆکیش ئەم خواستەی ڕەد نەکردەوە.

ژیانی ئەفسانە

**شەریف گۆیە**

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٥ لە هەرێمی بۆتان ئەفسانەیەک دەگەڕا، ئەمە ئەو ئەفسانەیە نەبوو کە وێردی سەر زمان بێت و بگێڕدرێتەوە، ئەوەندەی نزیک بوو ئەگەر دەستت درێژ بکردایە دەتوانی بیگریت، ئەوەندەی گەرمی مێشک و دەروون گەرم و گوڕ بوو، ئەفسانەیەک لە ناوماندا و موڵکی خۆمانیش بوو لە هەمانکاتدا زۆریش دوور بوو، نەفراوانی گەردوون و نەبەرەکەتی خاک ئەوەندەی ئەم ئەفسانەیە سەر سوڕێنەر و خوڵقێنەر نەبوون. گیانبازی ١٥ ی ئاب ئەوەندە گڕی گرتبوو بێ بڕوایی لە دەروون و مێشکماندا نەهێشت، شێوازی گەمەی هەموو منداڵەکان گۆڕان و رووخساری لاوان ڕوویان لە چیا کرد، بیروباوەڕی پیرەمێردانیش جارێکی تر سەوز بۆوە، چاو و گوێی هەموو کەس بۆ هەواڵێک ڕادێرا بوو، هەموو ژیانێک گرێدراوی ئەو ووشەیە بوون کە لەو هەواڵەوە دەهات.

لەم دوا ڕۆژانەدا باسیان لە دوا چالاکییەک دەکرد، لە سەر ڕێی کاشورەو هەفتانین پەلاماری بارەگایەکیان داوە کە دەوڵەت بە ئامانجی ڕێگرتن لە بازرگانی دروستیان کرد بوو لە ئاکامی چالاکییەکەدا بارەگاکەیان تەفروتونا کردووە، گەل هەستیان بە هۆکاری ئامانجی لێدانی ئەم بارەگایە دەکرد، کردنەوەی بارەگایەکی لەو شێوەیە لەو شوێنەدا بە مەبەستی عەزیەت دانی گەل و ڕێگرتن لە گەشەسەندی ئابوریان بوو.

چاوم بە گوند نیشینێک کەوت، زۆر سەربەرز و بەختەوەر بوو پێی ووتم هەڤاڵ عەگید بارەگاکەی تەفروتونا کردووە، ڕێی بۆ بازرگانی کردن خۆشکردووە، عەگید لەڕەوشی گەل باش شارەزایە، بەتایبەتی ڕەوشی هەژاران.

تازە نەبوو گەلی کورد کە دەست بە شۆڕشگێڕێتی بکات، ساڵانێکی

دورو درێژە گەل باوەشی بۆ چەندین ڕێکخراو کردۆتەوە، حاڵ و ماڵ و سەروەت و سامان و تەنانەت گیانیشیان پێشکەش بەوان دەکرد، بەڵام دەبینن بەرامبەر بە ناحەقی دەوڵەت و چەوسانەوەیان هیچیان نەکردووە، سەرەرای ئەمەش ماڵ و سەروەتی گەلیان دەخوارد، هەموو ئەو کردەوە چەوتانەی ئەوان گەلیان لە شۆڕشکردن ساردکردبۆوە، بێ باوەڕی گەل گەشەی سەند بوو، ئەم سارد بوونەوە و بێ باوەڕیەی گەل تاکو گیانبازێکەی ١٥ ی ئاب بەردەوام بوو.

چالاکی ١٥ ی ئاب یەکێتی ڕیزەکانی سەپاند، جارێکی تر گڕی لە کڵپەی خامۆشکراوی باوەڕی گەل بەردایەوە، دانیشتن و شێوازی ئاخافتنی کادێرەکان و ئەو پیرۆزییەی بەرامبەر بە سەروەت و ناموس و باوەڕی گەل نیشانیان دەدا ئەمەنەک تەنها ڕێی بۆ ئەوە خۆشکردبێت کە گەل پابەند بێت بە پەکەکە وە بەڵکو گەل بوونە خاوەن غیرەتێک کە ئامادەبن گیانی خۆشیان لە پێناو ئەم دۆزەدا بەخش بکەن.

هەڤاڵ عەگید پێشەوای ئەم گۆڕانکاریانە بوو، عەگید ڕێی نەدەدا کە دەست بۆ نرخەکانی گەل ببرێت و بە بێ مۆڵەتی گەل هیچ کارێکی سەربەخۆیانەیان نەدەکرد، ئەوەی زەرەری بدایە بەنرخە بەهاکانی گەل ووشیار دەکرایەوە یاخود سزا دەدرا.

لە شەوێکدا من و فەرهاد، مەڕ و ماڵاتەکانمان دەلەوەڕاند، مەروماڵاتەکەمان بڵاوکردەوە و لەژێر دارێکدا نووستین، لە خەونمدا مەروماڵاتەکەمان چووبونە ناو بێستان و باخچەکانی گوندنشینەکانەوە و، ئەوانیش هاواریان لێ بەرز ببۆوە، لە دەنگێکی بەرز بە ئاگاهاتمەوە، کە چاوم کردەوە پیاوێک بەسەرمەوە بوو

سەرەتا نەم ناسی بەڵام دوایی کە سەرنجمدا هاوگوندێکەی خۆم ڕەسول بوو کە لە ساڵی ١٩٨٤ ببوو بە گەریلا، پێی ووتین مەترسن من هەڤاڵم، کە ووتی هەڤاڵم ئیتر ترسمان لە دڵماندا نەما، هەرچەند گەل باوەڕێکی تەواوی پێیان هەبوو بەڵام دەوڵەت پێیانی دەووت گوایە ئەمانە لە ڕووسیاوە هاتوون و بێ دین و تێرۆریستن.

ڕەسول پێی ووتین هەڤاڵێک چاوەڕێی ئێوەدەکات، دەیەوێت قسەتان لەگەڵ بکات، پێی نەگوتین کە کێیە، هەندێک لە سەرومانەوە پیاوێک لە بەردەم گابەردێکدا ڕاوەستا بوو، مەڕوماڵاتەکەمانی کۆکردبۆوە، گۆچانێکی بە دەستەوە بوو، پاڵتۆیەکی سەربازی لەبەردا بوو، ئەوەندە بە هەیبەت بوو ترسی کردە دڵمانەوە، ئێمە مەراقی ئەوەمان هەبوو کە چیمان لێدەکات، لە بەردەمی ڕاوەستاین، لێی پرسین کە خەڵکی کام گوندین؟ ، دوایش پرسیاری ناومانی کرد، دوایی ئەوەی وەڵاممان دایەوە پێی ووتین گوندێکان لەسبەی تاکو ئێوارە لە کێڵگەکان کاردەکەن، کەچی ئێوە مەروماڵاتەکانتان دەخەنە ناو کێگەکانیانەوە و لێشی دەخەون، گوناح نییە؟، ئایا ئەمە تاوان نییە؟، ئێوە تاوان دەکەن، پێویستە ڕەنجی ئەو خەڵکە بە فیڕۆ نەچێت هەندی ووریا بن.

من زۆر ترسام، لە هەمان کاتیشدا شەرمم لە خۆم دەکرد، ئەژنۆکانم دەلەرزین، قسەم پێ نەدەکرا، قسەکانی کاریگەرییەکی زۆری کردە سەرم، نەم دەتوانی بیر بکەمەوە کە ئایا ئەم پیاوە کێیە، چییە؟، بۆ بەم نیوەشەوە هاتۆتە ئێرە؟، بۆ کوێ دەچێت؟ ، نەم دەزانی، ریشی ڕەش و چاوەکانی وەک بروسکە دەدرەوشایەوە.

دوای ئەم قسانەی کردوو ڕۆیشت، هێشتا سێ هەنگاوی نەنا بوو گەڕایەوە ووتی پێشتو تر بەڵینتان بەهەڤاڵ داوە کە بەشداری ناو

شۆڕش دەکەن، لە کاتێکی گونجاودا دێن وانییە، پێویستە ببن بە خاوەنی بەڵێنی خۆتان، بە تایبەتی ئێوە بەڵێنتان بە هەڤاڵ فیراز داوە، ئیتر ڕۆیشت، هەڤاڵ ڕەسول کە هاوگوندیم بوو هاتەلام و ووتی ئەو پیاوەتان ناسی؟. نەخێر نەماننناسی کێیە؟. هەڤاڵ عەگید.

ئەو مرۆڤێکە کە گوێمان لە چالاکییەکەی ببوو، لەناو گەلدا خۆشەویستیەکی لە ڕادەبەدەر هەبوو، من پێم وابوو کە هەرگیز ئەو پیاوەنابینم و زۆر لە ئێمەوە دوورە، بەڵام ئێستا ئەو ئاواتەم هاتەدی، چەندین ڕۆژ دیمەنی گۆچانەکەی دەستی و شێوازی قسەکردنی لەبەر چاوم لانەدەچوو، قسەکانی لەناو گوێمدا دەزرنگایەوە، هەموو شەوێک بە ئاواتی دەیدەنی ئەوان دەچوومە شاخ، لەلایەکەوە دەترسام و لەلایەکی تریشەوە پابەندی بوونم بەوانەوە زیادی دەکرد، واهەستم دەکرد کەشتیکی گرنگم وون کردووە، وەک ئەوە وابوو کەشتێکی زۆر گرنگ لە ژیانمدا وونکردووە و ئێستاش بە دوایدا دەگەڕێم.

لەو ڕۆژانەدا لەناو گەل باسی چالاکییەکی نوێیان دەکرد و باسی هەڤاڵانی عەگیدیان دەکرد و دەیان ووت هەڤاڵان بۆسەیان لەسەر جادە ناوەتەوە، دوو هەڤاڵیان بەرگی سەربازیان لەبەر کردووە و هەڤاڵەکانی تریان سەنگەریان گرتووە، کاتێک کەماشێن دێت ئەو دوو هەڤاڵە زمانی تورکی نازانن، خەڵکی ناو ماشێنەکە زۆریان پێ سەیر دەبێت کە دوو سەربازی دەوڵەت زمانی تورکی نازانن، دوایش هەڤاڵ عەگید پەلاماری ئەنجام دەدات و خاڵی پشکینی سەربازگەکە دەگرێت. سەرکەوتنی ئەم چالاکییەبەسەر زاری هەموو کەسێکەوە بوو.

من بۆ ئەوەی بە ئاوات و خواستی خۆم بگەم بووم بە گەریلا،

لەمانگی ئەیلولدا بۆ پەروەردە هەڤاڵان منیان ڕەوانەی هەفتانین کرد، هەڤاڵان لە هەفتانین گیرسابوونەوە، چاوم بە هەڤاڵ عەگید کەوت، باوەڕم بەخۆم نەدەکرد، لە دوورەوە تا ماوەیەک لەوم روانی، کەسێکی زۆر ڕێزدار بوو، گوێی بۆ قسەکانی بەرامبەرەکەی دەگر توو جارناجاریش سەری بۆ دەلەقاند، کە چوینەلای من و هەڤال فەرهادی ناسیەوە، بە دوورو درێژی لە گەڵماندا قسەی کرد پێی ووتین تەماشاکان ئەو هەڤاڵانەی لەوێ ڕاوەستاوون خەڵکی لای ئێوەن، لاوانی گەلەکەمانن، لە پێشوتردا چاومان بەیەک کەوتبوو، قسەمان کردبوو، ئێوەش لەسەر ئەو قسانە بەشداری ناو شۆڕشتان کردووە، باوەڕتان بە ئێمە هێناوەو ئێمەش باوەرمان بە ئێوە هەیە، بەمە زۆر بەختەوەرین، پێویستە پەروەردە ببینن، دوای تەواو بوونی پەروەردەتان بەڕێوبەرایەتی بۆ هەرێمەکان ڕەوانەتان دەکەن.

ئەوەد ووەمین و دواهەمین بوو کە ببیبینم.

ئێمە لە بێناقۆک بووین، ئەم ناوچەیە دەکەوێتە باشوری زاگرۆسەوە، ئێمەش لە خواکورکەوە هاتبووین، کاتێک گروپێکی گەورەمان بەرەو هەفتانین دەچوون ئێمەش هەموو ئازووقەی خۆمان بەواندا، نزیکەی دوو ڕۆژێک بەبێ ئازووقەرێمان کرد، هەڤاڵێک ووتی هەڤاڵ. . هەڤاڵ. چی بووە. مەروماڵاتێکی زۆر بەرەو ئێرەدێت. بەمە زۆر بەختەوەر بووین منیش ووتم زۆر باشە دەتوانین داوای مەڕێکیان لێ بکەین. هەڤاڵێکی ترمان ووتی ئێمە ئەوان ناناسین، لەوانەیە دژی ئێمەبن. لێرەکەس ناناسین بەڵام شوانەکانیان دەناسین، خراپکاریان لێ روونادات.

من و هەڤاڵ بەدری چوینە لای شوانەکە، ماوەیەک بەیەکەوە

ئاخافتنمان کرد، ئێمە بەومان نەووت کە دوو ڕۆژە بەڕێوەین و نانمان نەخواردووە و داوای هیچمان لێنەکرد. شوانەکەهەستایەسەر پێ و لەناو مەڕەکاندا باشترینیانی هێناو خەڵاتی ئێمەی کرد، لەبیریشی نەکرد کەلێمان بپرسیت ئایا شتی ترمان لێی دەوێت یان نا، دوای سوپاس کردنی شوانەکە جیابوینەوە.

شەو و ڕۆژێک ڕێمان کرد، هێشتا ڕێگامان زۆر مابوو، ڕێمان کەوتە ناو بێستانێکی شوتیەوە، یەکێ لە هەڤاڵەکانی پێشەوە شوتییەکی بۆ خۆی هەڵگرت، هەڤاڵ کازم کولە کە ناسرابوو بە شیار ئەمەی بینی بەڵام ئەو کاتە هیچ ووریاکردنەوەیەکی نەکرد، کە گەیشتینە شوێنێکی دڵنیا هەڤاڵ شیار ڕامانی گرت و هەموومانی کۆکردەوەو ووتی دەمەوێت روونکردنەوەیەکی کورتان بۆ بکەم. لە کاتی ئەم قسەیەدا هەستم بە تورەبوونی کردبوو دوایش ووتی لە ئێمە ناوەشێتەوەکە بە بێ مۆڵەت وەرگرتن دەست بۆ سامانی گەل بەرین، ئەمە لە ئادابی پەکەکە دا نییە، ئێمەکە هاتوینە تەشاخ بۆ پاراستنی سامان و گیانی گەلەنەک دەست بردن بۆ ماڵ و سامانیان، ئەمە شیوازی ئێمە نییە، دەبێت هەموو هەڤاڵان ئاگایان لەم شتانەبێت،

دوای تەواو بوونی ئەم کۆبونەوەیە ڕێمان گرتەوەبەر، کەوتینە ناو بێستانێکی ترەوە، هیچمان دەستمان بۆ هیچ میوەو سەوزەیەک نەبرد، لەو رۆژەوە تاکوئێستا بۆ هەر شوێنێک برۆم بەبێ مۆڵەت وەرگرتن دەست بۆ هیچ شتێک نابەم.

ماشێنێکی سەربازی تورک کەلەڕێی شەمزینانەوەدەڕۆی خستمانە ناو بۆسەوە، دوای ئەوەی لێماندا گرتمان و پێش ئەوەی بیسووتێنین هەموو ئەشیاکانی ناو ماشینەکەمان دەرهێنا، شتومەکێکی زۆرمان بەدەست کەوت، ماوەیەک لەمەوبەر مەتارەیەکی ئاومان لە شوانێک

وەرگرتبوو بەڵام کۆن بوو ئێمەش ئەوەمان فڕێداو مەتارەیەکی تازەی ناو ماشێنەکەمان هەڵگرت، لەسەر ئەمە هەڤاڵ شیار موداخەلەی کردوو هەموو هەڤاڵانی کۆکردەوە، ئەم کۆبونەوەیە لەسەر ئەوەبوو کە ئەو مەتارەیەکە کۆنیشە بەڵام دەتوانرێت بەکار بهێنرێت، ئەم کۆبونەوەیە چەند کاتژمێرێکی خایاند هەڤاڵ شیار ووتی ئەگەر ئەم مەتارە تازەیە نەبوایە مەتارە کۆنەکەتان بە کار دەهێنا، بەڵام کە دەزانن شتی نوێتان دەست دەکەوێت سەرەرای ئەوەی کۆنەکان بە کاریشدێن بەڵام فڕێی دەدەن، هیچ بیرتان کردۆتەوە کە ئەم ڕفتارە بەرەو کوێمان دەبات، هێزەکەمان فراوان دەبێتەوە هەزارەها لاو بەشداری دەکەن، کاتێک شەهید دەبن ناتوانین بڵێن گرنگ نییە هەر چۆنێک بێت هەڤاڵانی نوێ دێنە ریزەکانمانەوە، دەبێت فێر ببین چۆن ببین بەخودانی شتە بەنرخەکانمان، با کۆنیش بێت دەبێت تا دوا سات بەکاری بهێنن.

بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٨٩ بڕیاردرا کە بە تۆپزی گەنجان بکەین بەگەریلا، ئەمەبۆ ئێمەو بۆ گەلیش کارێکی نوێ بوو، لەبەر ئەوەی هیچ ئەزمونێکمان نەبوو لەگەڵ ئەم بریارە هەربۆیە بەردەوام لەبارەیەوە گەنگەشەمان دەکرد، دەمانویست بڕیارێکی هاوبەش بە دەست بخەین، لە ناوماندا بە تەمەنترین و بەئەزمونترینمان هەڤاڵ حەسەن چاوش بوو، لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی ببێت بەگەریلا پێشمەرگایەتی کردبوو، هەربۆیە بە نیوەچڵیش بێت زانیاری لەبارەی سەربازییەوە هەبوو پێی ووتین سەرەتا پروپاگندەی ناو گەل دەکەین، بەم شێوەیە لاوان دێنە ناو ڕیزەکانمانەوە.

لەسەر ئەم قسەیەی هەڤاڵ حەسەن لە ناو گوندەکاندا پروپاگندەمان دەکرد و گەنجانمان دەهاتنە ناو ڕیزەکانمانەوە،



بەڵام دوای چەند ڕۆژێک هەڵدەهاتن، نەمان دەتوانی لەناوماندا ڕایان بگرین، لەسەر ئەمە لەسەر ئسلوبی خۆمان کەوتینە گەنگەشەکردن، تا چارەسەری هەڵەکانی خۆمان بکردایە و هەڵاتن نەهاتایەتە ئاراوە، تەنانەت هەندێ لەو گەنجانەی ئەو ڕۆژانە بەشداریان کردبوو ئێستا لە ناو بزووتنەوەدا لە ئاستی فەرماندەیی بەرزدان.

لە بۆتان چوینە گوندێکەوە، ئامانجمان بە گەریلاکردنی گەنجان بوو، چوینە ماڵیکەوە لە ژوورەکەدا گەنجێکمان بینی کە بەرگی خوشکەکەی خۆی لەبەر کردبوو خۆی کردبوو بە نووستوو، لەبەر ئەوەی پێشووتر رووبەڕوەی کاری وا ببوینەوە بە درێژ بونەکەی زانیمان کە کوڕە، لێی نزیک بومەوە، ژنێک بە شڵەژاوییەوە هاتە نیوانمانەوەو ووتی نەخۆشە. ئێمەش ووتمان دکتۆرمان لەگەڵ دایە دەتوانین چارەسەری بۆ بکەین.

کاتێک ژنەکە بە سەربادان کە نارەزایی خۆی نیشاندا پێم ووت ئێمە بۆ ئێوە شەڕ دەکەین کەچی چارەسەری نەخۆشێکمان

پێنەکرێت؟.

ژنەکە خۆی لادا، کاتێک بەتانێکەم لادا گەنجەکە هەستایە سەر پێ پێم ووت دەردی نەخۆشەکەمان بۆ دەرکەوت.

ئەگەر هەڵە نەبم دوای ماوەیەک ئەو گەنجە هاتە ناو ڕیزەکانی گەریلاوە.

# من بوکی کوردستانم

## پیرۆز کۆچگری

ساڵانێکی دورو درێژە لە ناو شەڕ و شۆڕداین بەڵام نازانین کەی تەواو دەبێت لە هەمووشی گرنگ تر ئەوەیە کە نەشمان دەزانی کەی دەستی پێکردووە، کە پێمان نایە ناوچەی کۆچگریەوە فەرماندەکانی هێزی دوژمن لە بێتەلەکانیانەوە گوێمان لێ بوو کە نیگەرانی خۆیان دەهێنایەزمان و دەرەنجام بۆ ئەوەی نەچینە ئەو هەرێمەوە ئەوەی لە دەستیان بهاتایە دەیانکرد، لە بێتەلەکەیانەوە بە ئێمەیان دەووت لە قەرەسووەوە بۆ ئەولا سەر بە ئێوەیە، بەڵام بەشەکەی تری سەر بە ئێمەیە هەرگیز ناهێنە ئەم بەشەوە، بەم شێوەیە بەرامبەر بە ئێمە مەیدانیان دەخوێند، بەڵام کێ گوێ بۆ ئەم قسانە دەگرێت، قسە یەکجار لەزار دێتەدەرەوە، ئێمە بڕیارماندا بوو کە کرانەوەیەک لە ئەنەدۆڵو بکەین، ئەمەش بە شەڕ لەدوای شەڕ بەرخودان لەدوای بەرخودان بە ئەنجام دەگەیشت، بۆ ئەمەش بەبێ هیچ چاوپروکانێک ئامادەی هەموو بەدەلێک بووین.

وەک ئەوەی قین و نەفرەتمان هەبوو بە هۆی ئەو چەند ساڵی ڕابردووەی کە ئەو هەموو شەهادەتانەی هاتبوونە ئاراوە لە ناوچەی کۆچگری، چی دەبێت بابیێت ئێمە دژی ئەو هێڵە خیانەتەی کە لە ئارادا بوو بەرامبەر بە فەلسەفە و ئایدۆلۆژیمان تێدەکۆشاین، هەموو ژیان و بیرەوەری و ئاواتی شەهیدانمان لە دەرونماندا و لە مێشکماندا زەنگی لێدەدا، بەرامبەر بە مردن لە ناوچەی کۆچگری خۆڕاگریمان دەکرد، ئەو شەهادەتانەی دابومان ببووە مایەی ئەوەی کە من و هەڤاڵان زیاتر هەستیار و جدیتر ببین، ئەمەش پاڵی پێوەدەناین کە چالاکییەکی گەورە ئەنجام بدەین یاخود شێوازی تۆڵەسەندنمان پتەوتر بێت، لەم کاتەدا لە دێرسیم هەواڵی چالاکییەکەی هەڤاڵ زیلانمان پێگەیشت، بەلای کەمەوە ئەم چالاکییە وەڵامی هەموو

پرسیار و خواستەکانی ئێمەی دەدایەوە، بەرامبەر بەو هەموو تەکنۆلۆژیانوێیانەی دوژمن کە ئێمەشەهیدمان دەدا ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو کە شێوازی گیانبازی بەرامبەر بە دوژمن بەکار بهێنین، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش بەدڵ و گیان ئامادە بووین.

دوای خوێندنەوەی نامەکانی هەڤاڵ زیلان هەر هەموومان پێشنیاری چالاکی گیانبازیمان کرد، چوومە لای بەرپرسی هەرێمەکەمان هەڤاڵ روهات پێم ووت منیش دەمەوێت چالاکی گیانبازی ئەنجام بدەم، تەماشای کردم و پێی ووتم منیش دەمەوێت چالاکی گیانبازی ئەنجام بدەم ، بەم شێوەیە کەس نەیدەزانی کێ بۆ کێ پێشنیاری ئەو شێوازی چالاکییە بکات، لەوکاتەدا هەڤاڵ بۆتان شەهید ببوو کە ئەویش پێشنیاری چالاکی گیانبازی کردبوو ئەم شەهادەتە ئێمەی زۆر غەمگین کرد، هەڤاڵ بەرماڵ کە لە هەمان گروپ بوو کەس نەیدەزانی کە چی بەسەرهاتووە، کاتێک هەڤاڵان گەیشتنەلای ئێمە پێیان ووتین کە هەڤاڵێک لە دواوە ماوەتەوەو هەڤاڵێکی تریشمان لەگەڵی ماوەتەوە، لەو کاتەدا ئۆپەراسیۆنی هێزی دوژمن لە ئارادا بوو، لەو شوێنەی لێی بووین سەربازی دوژمن گردێکی ستراتیژیان گرتبوو، هاتنە ئاراوەی شەڕ مەسەلەی کات و سات بوو، سەرومان گیرابوو هەروەها هەڤاڵ بەرماڵیش وون ببوو، کاتێک بە دوای دەگەڕاین خۆشبەختانە بینیمان هەڤاڵ بەرماڵ لەگەڵ هەڤاڵ پیران بەرەو لای ئێمە دێن.

هەڤاڵ بەرماڵ زۆر بەختەوەر بوو کە ئێمەی بینی، لەبەر ئەوەی زۆر ماندوو ببوو لە ڕێگا لەهۆشی خۆی چووبوو هەربۆیە دوا کەوتبوو، پرسیارم لە هەڤاڵان کرد ئەگەر ئەم هەڤاڵە ئەوەندە زەحمەتی دەچێژێت چۆن دەیبەن بۆ شوێنێکی وەک کۆچگری کە

خاوەن سروشتێکی چەتوونە؟، پێیان ووتم ئێمە ڕەوشی بەدەنی ئەومان نەزانییوە ئێمە فەرمان جێبەجێ دەکەین، کاتێک راپۆرتەکانم خوێندەوە هەڵبەت وەک فەرماندەیی لەراپۆرتەکە نووسرابوو ڕەوشی ئەم هەڤاڵە جیاوازە هاتووە بۆ ئەنجامدانی چالاکی گەورەی گیانبازی.

لەوانە بوو جارێکی تر هەڤاڵ بەرماڵم نەبینیایەتەوە هەربۆیە چومەلای و کەوتینە قسەکردن ئەو ووتی دەبوایە پێش هەڤاڵ زیلان و ڕەوشەن ئەم چالاکییەم ئەنجام بدایە، تەنانەت نامەوێت یەک ڕۆژیش چاوەڕێ بکەم، هەرچەندە من هەستم بە واتا و گرنگی ئەم چالاکییە دەکرد بەڵام پێم ناخۆش بوو کەئەم هەڤاڵە بەو شێوەیە ڕەوانەبکرێت، من بەرپرسیاری ئەو گروپە بووم کە ئەم هەڤاڵەمان بگەهێنینە شوێنی مەبەست، دەبوایە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پیرۆزە پێداویستیەکانی دابین بکرێت، ئێمە پەیوەندیەکی باشیشمان نەبوو لە هەرێمەکەدا بەڵام دەبوایە زۆر بەباشی پێداویستیەکانمان دابینبکردایە، لەبەر ئەوەی من شارەزای ناوچەکە بووم ئەم کارەیان بەمن ڕاسپارد و دەبوایە بەباشی ئەرکی خۆم جێبەجێ بکردایە.

من لەگەڵ گروپێک هەڤاڵدا کە هەڤاڵ بەرماڵیشمان لەگەڵ بوو خۆمان ئامادەکرد بۆ دەرچوون، پێش ئەوەی بڕۆین بەرپرسی هەرێمەکەمان هەڤاڵ روهات قسەی لەگەڵ کردم پێی ووتم لەوانەیە هەڤاڵ بەرماڵ لەڕێگادا نارەحەتی بچێژێت، ڕێگا نەدەیت یەک کەس دڵگرانی بکات، ئەو ئەمانەتی تۆیە، پێش ئەوەی جیابینەوە هەڤاڵ بەرماڵ دەنگی خۆی لەکاسێتێکدا تۆمار کرد، لەبەر ئەوەی هەست و نەستی خۆی نەک بەنووسین بەڵکو دەیتوانی بە ئاخافتن بهێنێتەزمان، دەیان وێنەمان لەگەڵی گرت.

کاتێک بەڕێ کەوتین لەڕێگا لەگەڵ هەڤاڵ بەرماڵ کەوتینە قسەکردن، دەمویست بزانم کە هەست بەچی دەکات، دەیووت بۆ یەکەمجارە هەست بەخۆم دەکەم کەمەزن دەبم، من بووکی کوردستانم، باوەڕ ناکەم هیچ بوکێک ئەوەندەی من بەختەوەر بێت، هەوڵم دەدا لەهەست و نەست و چۆنیەتی بیرکردنەوەی حاڵی ببم، دەمویست منیش وەک ئەو لەناو ئەو هەموو هەستەدا بژیم.

لەبەر ئەوەی هەموو پەیوەندێکانمان لەو ناوچەیەدا ئاشکرا ببوو هەوڵێکی زۆرماندا کە پەیوەندی نوێ دروست بکەین، ئەمە سەرەرای ئەوەش بوو کە هێرشی دوژمن لە ئارادا بوو، ئەم ئەرکە زۆر گران بوو، بەڵام ئەنجام وەرنەگرتنیشی لەسەر شان زۆر گرانتر بوو، لەئاکامدا توانیمان پەیوەندی لەگەڵ خێزانێکی وڵات پارێزدا ببەستین، پێیانم ووت کە گوایە هەڤاڵ بەرماڵ زۆر ناساغەو بۆ چارەسەری دەبێت بچێت بۆ شار، پێیانمان ووت ئێوە تەنها تاکو شاری سیڤاس بیگەهێنن لەوە بەدواوە خۆی دەزانێت چی دەکات، لە ڕاستیدا ئەگەر بیانزانیایەئ هم هەڤاڵە نیازی چییە باوەڕ ناکەم کە هەرگیز ڕازی بوونایە، بیبەن.

لەوکاتەدا ڕۆژ جارێک دەچووم بە بەێتەلەکەمان پەیوەندیم بەهەڤاڵانەوە دەکرد، لە٥ ی مانگی ١٠ دا من و هەڤاڵ بەرماڵ و سەفکان چووین بۆئەوەی پەیوەندی بە بێتەلەکانەوە بکەین، بەڵام هیچ دەنگێک لەبێتەلەکانەوە نەدەهات، لەسەر لووتکەی چیای چەنگەل بانگەوازیمان بۆ هەڤاڵ روهات دەکرد، بەڵام هیچ وەڵامێکمان نەدرایەوە.

ماوەیەکی زۆر لەوێ چاوەڕێمان کرد، کاتێک کەهیچ پەیوەندییەکمان پێنە بەسترا گەڕاینەوە شوێنی خۆمان، بۆ شەوی

دوایی لە شوێنەکەی خۆمان نەماین، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی لێی بووین زۆر مەترسی دار بوو، لە٧ ی مانگی ١٠ دەمەو بەیان ئاگرێکمان کردەوەو بەدیارێوە دانیشتین، هەڤاڵ سەفکان کە دوایی شەهید بوو ڕادیۆکەی کردبۆوە و بە پەنا گوێیەوەی نابوو، لە ناکاودا چاوەکانی زەق کرانەوە و لەمنی ڕوانی منیش داوام لێکرد کە دەنگی ڕادوێکە زیاد بکات، هەڤاڵ سەفکان ووتی هەڤاڵ لەوانەیە ئەمانەشێت بوبێتن ، منیش پرسیم چی بووە؟. بەڵام وەڵامی نەدایەوە، لە هەواڵەکەدا گوێم لێ بوو کە دەیانووت کە٤١ هەڤاڵمان شەهید بووە، کاتێک ئێمە جیابوینەوە لە هەڤاڵان لەلای هەڤاڵ ڕوهات ئەوەندە هەڤاڵێکی زۆری لێ نەبوو، پێم وابێت هەر ٢٠ هەڤاڵێک دەبوون. کاتێک لە شوێنی خۆمان جیابوینەوە من پێیانم ووتبوو لەبەر ئەوەی هەڤاڵ موسلم چووە بۆ کەشف و بەتەنیا مانەوەی هەڤاڵ روهات کارێکی مەترسیدارە، بەڵام هەڤاڵ روهات پێیانی ووتبوو لە هەرێمی باشوری ڕۆژئاوا کێشەیەک هەیە ناچارە کە لێرە بمێنێتەوە، منیش پێیانم ووت مادام وایە با هەڤاڵێکی لەلا بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی زۆربەی هەڤاڵان چوبون بۆ ئەنجامدانی ئەرک لەلای هەڤاڵ روهات هەڤاڵی بە ئەزموون نەمابۆوە، لە ئاکامدا هەڤاڵ ڕوهات پێی ووتین ئێوە زۆر سۆزەکین، ئێوەکاری خۆتان بکەن، دەتوانم کاری خۆم ئەنجام بدەم.

دوای ماوەیەک جیابونەوەم لە هەڤاڵ روهات گوێم لە دەنگی تەقەبوو، بە بێتەل پەیوەندیم پێوەکرد و لێم پرسی کەچی ڕوویداوە ئەویش ووتی ئێوە بەردەوام بن لە ڕۆیشتن، هیچ شتێک لەئارادا نییە.

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هەڤاڵان نەدیم و خەڵات لە ماڵێکدا

چوار دەوریان دەگیردرێت و دەکەونە شەڕەوە، بەڵام هەڤاڵ روهات نەیویستبوو کە ئێمە ئەم هەواڵە بزانین، بەڵام بەردەوام ڕادیۆی دەوڵەت هەواڵی خۆشی خۆیان بڵاودەکردەوە و دەیان ووت کە ژمارەیەکی زۆری تێرۆریستیان کوشتووە.

من و هەڤاڵان بەرماڵ و سەفکان و جەمال و پیران لەیەکتری ڕامابین، ئێمە هەستمان بە ڕوداویک دەکرد، تاکو لە هەواڵی کاتژمێر ١٠ بیستمان کە دەیووت فەرماندەی شاری سیڤاس و شاری مەلاتیا تێرۆریست بە ناو روهات لێدراوە، لەناو خۆماندا نەمان دەتوانی قسەبکەین و حاڵی ئەوەشمان نەبوو کە هیچ پرسیارێک لە یەکتری بکەین، لەبەر ئەوەی من بەرپرسیار بووم هەڤاڵان چاوەڕێی منیان دەکرد کەشتێکیان پێ بڵێم، بەڵام قسەم پێنەدەکرا، تەنها بەهەڤاڵ سەفقانم ووت دەنگی ڕادوێکە کز کە ئەم هەواڵانە درۆن.

هەر ئەو شەوە هەڤاڵ پیرانم لەگەڵ خۆم برد و چوینەسەر چیای چەنگەل، بەخێرایی بەدرێژایی ٣ کاتژمێر سەرکەوتین، بۆ هەڤاڵان یەک لەسەر یەک بانگەوازم دەکرد، بەڵام هیچ وەڵامێک نەدەدرایەوە، کۆدی نهێنی بێتەلەکەی هەڤاڵ روهات شیماڤیت بوو، هاوارم دەکرد شیماڤیت وەڵام بدەرەوە ،بەڵام وەڵام نەدەدرایەوە، لەوکاتانەدا هەڤاڵ موسلم لەگەڵ ئوزگوردا بۆ کەشف کردن چوبون بۆ شاری تۆقات، بانگەوازیان بۆ من کرد، لێم پرسین هەڤاڵ گوێتان لە هەواڵەکان بووە؟، ووتیان بەڵێ، بیر لەچی دەکەنەوە؟، نازانین، باوەڕ بەو هەواڵانە مەکەن. ئیتر قسەی ترم پێنەکرا.

لەگەل هەڤاڵ پیراندا تاکو کاتژمێر ١٢ ی شەو بەردەوام بووین لەبانگەواز کردن، چاوەڕێ بووم کە وەڵامێکم بدرێتەوە بەڵام هیچ

وەڵامێک نەبوو، بە ناچاری چوینە خوارەوە بۆ لای هەڤاڵان، بۆ ڕۆژی دوایی بە شەو جارێکی تر چوینەوە سەرەوە، هیچ وەڵامێکمان نەدرایەوە، بە درێژایی ٦ ڕۆژ بۆ خولەکێکیش بێت نەنووستم، ڕۆژێکی تر لەگەڵ هەڤاڵ پیراندا سەرکەوتینەوە، بەڵام هیچ وەڵامێکی بانگەوازەکانمانیان نەدایەوە.

کاتێک لەسەر چیاکە بانگەوازیم لەهەڤاڵان دەکرد تیشکی شاری سیڤاسم لێوە دیار بوو، کاتێک بانگەوازیم لە بێتەلەکەوە دەکرد لەسەر شاخ تەرمی ٨ هەڤاڵمان هێنرابۆوە شاری سیڤاس. بۆتۆڵە سەندنەوە هەڤاڵ بەرماڵ بۆ ئەنجامدانی چالاکییە گیانبازێکەی کەوتەڕێ.



# یەک شەو و یەک ڕۆژ

**ئازاد ئێروە**

لەهاوینی ساڵی ١٩٩٨ دا لەناوچەی بەرڤارسەی لە سنوری هێڵی نێوان هەککاری و باشکەلە بووین، هێزەکەی ئێرەمان لەتیپێک پێکهاتبوو، سەرەرای ئەوەی هاوین بوو شەوانی ئەوەندەسارد بوو کەلە سەرماندا نەمان دەتوانی بخەوین، بە ڕۆژیش لەبەر گەرما خەومان لێنە دەکەوت، شوێنەکەمان زۆزان بوو لەبەر گەرمی تیشکی خۆر تەنانەت دارێکیشمان پێ پەیدا نەدەکرا کە لەژێر سێبەرەکەی هەندێک بحەوێینەوە، سێ کانی لە چواردەورماندا هەبوو، ئەو شوێنەی لێی بووین ناومان نابوو گۆلان، بۆ ئەوەی هەندێک فێنکمان بێتەوە زۆرجار دەچوینەسەر ئەو کانیانە، ئەم ناوچەیە هەر چوار وەرزەکەی تێدا دەژیا، هێشتا بەقەد پاڵی چیاکانەوە بەفر هەبوو، لە خواریشەوە بەهار و هاوین لەژیاندا بوو.

ناوچەی بەروار سەڤ کە بەرزترین و ستراتیژیترین ناوچەیە و خاوەن زنجیرە شاخێکە، لە هەموو ناوچەکە جگە لە چیای ڕەشکە شوێنێکی بەرزتر نابینرێت، کاتێک لە ناوچەی باشکەلە چالاکییەکمان ئەنجام دەدا یاخود دوژمن کە هەر ئۆپەراسیۆنێکی ئەنجام بدایە ڕاستەوخۆ دەچوینە هەرێمی هەککاریەوە، ئەگەر ئۆپەراسیۆنە کە لە هەککاریەوە بهاتایەتە ئاراوە ئەو کاتە دەچوینە ناوچەی باشکەلەوە، لەبەر ئەوەی خاوەن سنورێکی زۆربوو سوودێکی باشی بە ئێمە دەبەخشی، لەو ناوچەیەی ئێمەی لێ بووین سەدەها گوندی وێرانکراوی لێ بوو کە دەوڵەت وێرانی کردبوون، تەنانەت دوژمن شوێنە زۆزانەکانی لەوەڕی مەڕ و ماڵاتی دانیشتوانیشی وێران کردبوو، یەک ئاسەوار لە ژیانی مرۆڤ لە ناوچەکەدا بەدی نەدەکرا، ئێرەیان کردبوو بە ناوچەی قەدەغەکراو، چەند گوندێک لەژێر هەڕەشەی دەوڵەت ببوون بەجاش، بەڵام ئەوانیش سەرەرای هەموو

ترس و هەڕەشە و ڕووبەڕووبوونەوەی کوشتنیشیان پەیوەندیان لەگەڵ ئێمە نەدەپچڕاند، هەرچەندە دەوڵەت هەوڵیشی دابێت کە پەیوەندی فیزیکی نێوان ئێمە و گەلیشیان پچڕاند بێت بەڵام نەیان دەتوانی پەیوەندی مەعنەوی نێوانمان بپچڕێنێت، جارێکیان دانیشتوانی گوندێک بە دەنگی خۆیان کاسێتێکیان تۆمارکردبوو کە گۆرانیان بە سەر گەریلادا دەووت ناردیان بۆمان ئەمەش وورەیەکی زۆری بە ئێمە بەخشی هەروەها هەندێ جاریش شیرینیان دروست دەکرد و بۆمانیان دەنارد، لە هەموو ڕەوشێکدا دەیانویست هەست بکەین کە لە گەڵماندان، کاری تیپەکەمان ئەوەبوو کە ئامادەباشی بۆ زستان بکەین و ڕێی هاتوچۆ بۆ گەریلا ئامادە بکەین، هێسترەکانمان بۆ گواستنەوەی ئازووقە ژمارەیان دەگەیشتە٢٠ هێسترێک هەروەها بۆ ئازووقەی سەر پێیشمان نزیکەی ٢٠٠ سەر مەڕمان هەبوو، ئێمە بۆ حەشاردانی ئازووقە لە ناو تیپەکەماندا ببووین بە چەند بەشێکەوە.

سەرتیپەکەمان هەڤاڵ محەمەد گویا بوو، بانگی من و هەڤاڵی شەهید ڕۆستەم زەیدانی کرد بۆلای خۆی، پێی ووتین کە دوو هەڤاڵی تر لەگەڵ خۆمان بەرین بۆ ناو گوند بە هێسترەکان ئەو ئازووقەیە بهێنین کە بۆمانیان ئامادەکردووە، لەسەر ئەم فەرمانە دەستمان کرد بە ئامادەباشی ڕۆیشتن، دەمەو ئێوارە کەوتینەڕێ، هەڵبەت دوای ئەو کەش و هەوا گەرمەی ڕۆژ و ڕێکردن لەناو ئەو کەشوهەوا فێنکەی ئێوارە بۆ گەریلا شتێکی زۆر خۆشە.

هێزی سەربازی تورک بۆ ئامادە باشی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن هاتبوونە هەرێمەکەوە تەنانەت نزیک ئەو گوندەش ببوونەوە کە ئێمە بۆی دەچوین، پێم وابێت ئامانجیان ئەوەبوو کە ئەو شەوە

بە دزییەوە بێنە ئەو ناوچەیەی کە ئێمەی لێ بووین، بە بێ ئەوەی کەشف بکەین چووینە گوندەکەوە هەربۆیە هەستمان بە بوونی سەرباز نەکرد لە گوندەکەدا، بەڵام دیاربوو سەربازەکانیش زۆر بە دیقەت نەبوبون هەربۆیە هەستیان بە هاتنی ئێمە نەکردبوو بۆ ناو گوندەکە.

گڵۆپی ئەو ماڵەدا گیرسا بوو کە ئازووقەمان لێدەهێنا، پێویست بوو کە کەس نەمانبینێت، هەربۆیە سەرەتا دووانمان چوین، وەک قەڵەرەش دەستم کرد بە خوێندن، هەندێ چاوەڕێمان کرد بەڵام کەس نەهاتە دەرەوە، دیارە ئەوەندە بە باشی تەقلیدی دەنگی قەلەرەشم کردبۆوە پێیان وابووە کە بەڕاستی قەلەڕەش دەخوێنێت بۆیە نەهاتنە دەرەوە، دووەم جاریان بەدەنگێکی خراپ خوێندمەوە ئەم جارەیان چاودێرە جاشەکەیان گوێی لە من ببوو زانیان ئێمەین، هاتنە ئەو شوێنەی کە هەموو جارێک یەکتریمان لێدەبینی، ئەم ئیشارەتە پێشوتریش بە کارمان هێنا بوو، کە جاشەوڵات پارێزەکان ئێمەیان بینی زۆر سەرسام بوون، پێیان ووتین چۆن هاتنە ئێرە چوار دەوری گوند گیراوە، خێرا بڕۆن خۆتان ڕزگار بکەن. فەرماندەی گروپەکەمان ووتی لە ڕاستیدا ئەم گوندیانە بەم شێوەیە ترساون هۆیەکەی ئەوەنییە کە سەرباز هاتونەتە ناوچەکەوە ئەمە هۆیەکی تری هەیە، ئەگەر سەرباز لە ناوچەکە بونایە روبەرویان دەبوینەوە.

ئەوەی دەیووت ووتنێکی مەنتقی بوو، بە جاشەکانی ووت ناتوانین بڕۆین تا ئەرکەکەمان جێبەجێ نەکەین ناتوانین بگەڕێینەوە.

ئەگەر بەزۆریش بووبێت قەناعەتمان پێکردن، بە ڕاستی ئەوان بە بینینی ئێمە زۆر سەرسام ببوون.

دوای ماوەیەک ئازوقەی ماڵەکەمان کە بۆمانیان ئامادە کردبوو

لە هێسترەکانمان بارکرد و ئامادە بووین بۆ دەرچوون، لەگەڵ دوو جاشە وڵاتپارێزەکەدا ماڵئاوایمان کرد و بەڕێ کەوتین، پێویست بوو زۆر ووریا بوینایە، دەرچونمان لە گوند ئەوەندەی هاتنمان بێدەنگ و ئارام بوو، جگە لەدەنگی پێی هێسترەکان هیچ دەنگێکی تر نەدەبیسترا، دوای ٣ کاتژمێرێک گەیشتینە شوێنی خۆمان، دوای ئەوەی ئازوقەکانمان لە هێسترەکان داگرت باسی ڕەوشی ئۆپەراسیۆنەکەمان بۆ فەرماندەکەمان کرد کە لە زمانی گوندنشینەکانەوە پێمان گەیشتبوو، دوای گەنگەشەکردنی گروپەکەمان هەڤاڵان پێیان وابوو کە ئەم شەو ئۆپەراسیۆن ئەنجام نادرێت، گریمانەی ئەوەی هەیە کە سبەی دەست پێ بکەن هەربۆیە گروپێکمان پێکهێنا بۆ کەشف کردن، جگە لەو گروپە هەموو هێزەکەمان لە شوێنی خۆیان مانەوە.

ئێمە کە خەریکی ژیانی ڕۆژانەمان بووین هەندێ لە هەڤاڵان بۆ شیر چوون بۆ دۆشینی بزن، لە ناکاودا لە سەرومانەوە بە٣٠٠ مەترێک سەدەها سەربازی دوژمنمان بە دیکرد کە بەرەو ئێمە بوون، ئەوان ئێمەیان بینی و زۆر شڵەژان، یەکسەر تەقەیان لێ نەکردین، دیاربوو دەیانویست چوار دەورمان بگرن ئینجا دەست بکەنەوە، لەناو ئێمەشدا ئاڵۆزی هاتە ئاراوە، هەمان کات پەیوەندیمان بەست بە هەڤاڵەکانی سەرگردەکان بەڵام وەڵامیان نەدایەوە، بیرمان لەوەکردەوە بۆ وەڵام نەدانەوەیان تۆ بڵێی نوستبن یاخود بە دیلی گیرابن، ئەو هەڤاڵانەی پەرشوبڵاو ببونەوە کۆکرانەوە و لەپاڵ گابەردەکاندا سەنگەرمان گرت، شوێنەکەمان باش بوو بۆ شەڕکردن دەمانتوانی ماوەیەکی زۆر خۆڕاگری بکەین.

لە ئاکامدا هەڤاڵانی سەرگردەکان وەڵامیان داینەوە و

گەیشتنەلامان، هەندێجار لەناو گەریلادا ٣ و ٤ خولەکێک بەسە بۆ سەنگەر گرتن، لەشکری دوژمن بە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن ئەم هەلەیان بۆ ئێمە ڕەخساند، لەڕاستیدا سەرەتا کە ئێمەیان بینی ئەگەر دەستیان بکردایەتەوە زەرەرێکی گیانی زۆریان لێدەداین.

ئێمە٣ مەفرەزە لەپاڵ گابەردەکاندا لە سەنگەردا بووین، لەناو مەفرەزەکەی من و هەڤاڵ دەلیلدا هەڤاڵانی بە ئەزمونمان لەگەڵدا بوو، هەندێ هەڤاڵی نوێیان هێنا بووە ناو مەفرەزەکەی من کە تازەببون بە گەریلا، ئێمە هەر ٣ مەفرەزەکە بە شێوەیەک سەنگەرمان گرت کە بتوانین یەکتری بپارێزین، خۆمان ئامادەکرد بۆ شەڕ، کۆپتەرەکان سەربازێکی زۆریان لەسەر گردەکان دابەزاند و دەیانویست چوار دەورمان بگرن، بەڵام هێشتا دەستیان نەکرد بۆوە، لە بەرامبەرمان هاوانیان دابەست، کاتێک شوێنەکەی خۆمانمان جێ هێشت مەڕ و ماڵات و هێسترەکانمان کەوتنە دەست دوژمنەوە.

دوای ماوەیەک گوێمان لە دەنگی کۆپتەرە کۆبراکان بوو، سەربازەکان غیرەتی ئەوەیان نەبوو کە روبەڕو شەڕمان لەگەڵ بکەن، تا دەنگی کۆبراکان نزیک ببوایەتەوە هەموو هەڤاڵان بۆ پاراستنی خۆیان باشتر پەنا بەردەکانیان دەگرت، چونکە هەموومان دەمانزانی کە بۆردومانمان دەکەن، ئێمە زۆر لە بۆردومانەکان نەدەترساین لەبەر ئەوەی سەربازی دوژمن لێمانەوە نزیک بوون هەربۆیە کۆبراکان نەیاندەتوانی بە ئارەزووی خۆیان بۆردومانمان بکەن.

موشەکەکانی کۆپتەرەکان وەک بروسکە بەسەرمانی دەدا، لەبەر تەپوتۆزی فیشەک و موشەکەکان چاوچاوی نەدەبینی، کە

کۆپتەرەکان لێمان نزیک دەبونەوە بە یەکترمان دەووت با تەقەی لێ بکەین بەڵام لەبەر ئەوەی دەمانزانی کاریگەری لێناکات پەشیمان دەبوینەوە، لەو کاتەدا کۆپتەرێکی بارهەڵگرمان بینی کە دەیویست سەرباز داگرێت تەقەیەکی زۆرمان لێکرد، نەیزانی کە چۆن توشی ئەو لێدانەهات بە بێ ئەوەی هەموو سەربازەکان داگرێت لەو ناوە دوورکەوتەوە، دوای ئەوەی کۆپتەرە کۆبراکان مۆڵەتیان وەرگرت ئێمەیان دەدایە بەر مووشەک، لەکاتی ئەنجامدانی ئەم بۆردومانەدا سەربازەکانیش دەهاتنە پێشەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی شوێنی ئێمە بەردەڵان بوو کە سەنگەرمان باش گرتبوو هەروەها سەربازەکان لە شوێنی تەخت بوون هەربۆیە هێرشەکانیان بێ کاریگەر دەمایەوە، کاتێک زۆرمان بۆ سەربازەکان هێنا کە پاشەکشێ بکەن جارێکی تر کۆپتەرە کۆبراکان هاتنە ئاراوە، بە ناچاری جارێکی تر خۆمان حەشاردایەوە، هێزی دوژمن بۆ ئەوەی لە سەنگەرەکانمان هەڵمان تەکێنن هۆیەکەیم نەدەزانی چی بوو بەردەوام هێرشیان بۆ ئەو شوێنەدەکرد کە مەفرەزەکەی منی لێ بوو، دەیانویست لەو شوێنەی لێی بوین هەڵمان تەکێنن و زەحمەتی بۆ سەنگەرەکانی تری هەڤاڵان دروست بکەن، بەڵام هەموو جارێک توانیمان هێرشەکانیان پەرچ بدەینەوە، لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا هەڤاڵ عەلی ئیحسان لە قاچ و هەڤاڵ فەرهاد لە قۆڵی فیشەکیان بەرکەوت و بریندار بوون، هەڤاڵ سەرهەڵدان کە گەریلایەکی نوێ بوو لە ئەنجامی چەند پارچەیەکدا باڵی بریندار بوو، هەڤاڵ سەرهەڵدانی مەفرەزەکەی تریشمان بە پارچەی مووشەک ئەویش باڵی بریندار بوو، جگە لە من و هەڤاڵ سەردار کەسی ترمان نەبوو لە مەفرەزەکەمان کە شەڕ بکات، دوای ماوەیەک هەڤاڵ سەیدخان لە ئەنجامی پریشکی بەرد دەموچاوی

زامدار بوو کە ئەویش گەریلایەکی نوێ بوو، لە ڕاستیدا برینی ئەو هەڤاڵانە ئەوەندە سەخت نەبوو کەڕێگر بێت لە شەڕکردنیان، بەڵام لەبەر ئەوەی کەم ئەزموون بوون بە هۆی ئەو برینە سوکانەیانەوە ڕەوشی دورونیان خراپ ببوو، بۆ ئەوەی لە بۆردومانی ئاسمانی بیانپارێزین ناردیانمان بۆ شوێنێکی پارێزراو، دوایش من لە شوێنێک و هەڤاڵ سەردار لە شوێنێکی تر جێمان گرت و کەوتینە شەڕەوە، هەڵبەت ڕۆژ لە هاویندا ئەوەندە درێژە تەواو بوون هەر نازانێت، لەبەر ئەوەی شەڕی شەو بۆ گەریلا گونجاو ترە، چونکە من پێموایە لە کاتی شەودا سەربازی دوژمن دەکەوتنە ڕەوشی بەرگریەوە ئینجا گەریلا هێرشی ئەنجام دەدات.

ئەم شەڕەمان تاکو نیوەڕۆ درێژەی خایاند، کە تەماشای سەنگەرەکانی ترم کرد دەمانتوانی پەیوەندیان پێوە بکەین، هەڤاڵ سەرهەڵدان ووتی ئەگەر داوای یارمەتی لە سەنگەرەکانی تربکەین باشتر شەڕمان پێدەکرێت، چونکە من و هەڤاڵ سەردار زۆر نارەحەتیمان دەچێشت، سەرەرای ئەوەش ڕازی نەبووم کە داوای یارمەتی بکات، هەڵبەت من دڵنیا بووم لەوەی کە لە ناو ئەو هەموو تەقەو شەڕەدا هەر کەسێک بۆ یارمەتی ئێمە بێتە لامان هەر بریندار دەبێت، منیش ووتم تا دوا هەناسەلەم سەنگەرەدا شەڕ دەکەین و پێویستیمان بە کەس نییە.

من لەهەڤاڵ سەردارم پرسی کە لە سوچێکدا بوو کاتژمێر چەندە؟، هەڵبەت ئەوەندە ئەم پرسیارەم لێکردبوو کە بووە هۆی تورەبوونی هەڤاڵ سەردار، هەر کاتێک کە پرسیارم لێدەکرد دەیووت کات وەکو خۆیەتی دوو خولەک لەمەو پێش پرسیاری کاتژمێرت کرد، لە کاتی گەرمەی شەڕدا زۆرجار یان تیونوت دەبێت

یاخود برسیت دەبێت، هەندێ جاریش لە شوێنی خۆت دەتەوێت بچیتە دەرەوە، بەڵام لە هەموویان زیاتر حەزدەکەیت جگەرەیەک لە توتنی گەریلا بکێشیت، بەڵام من لەو حاڵەدا هەستم بە ئارەزووی هیچیان نەدەکرد، ئەوەی منی هەراسان کردبوو باری زۆر بۆ هێنانی خەو بوو کە هەموو لەشمی تەنی بوو، تەماشای هەڤاڵ سەردارم کرد ئەوکاتانەی شەڕ هەندێ کپ دەبۆوە سەر خەوێکی دەشکان، هەموو جارێکیش کە خەوی لێدەکەوت بەردێکم تێدەگرت و بە ئاگام دەهێنایەوە، ئەوەی ڕاستی بێت لە بارەی زۆر بۆ هێنانی خەو هیچ جیاوازییەکمان لە نێواندا نەبوو، لە تەقینەوەی هەر مووشەکێک و گوولە هاوەنێک بۆنی باروتێکی زۆر دەمانی تەنی و دەنگی تەقەش ناو بەناو لە ئارادا بوو.

تا دەهات زیاتر خەوم دەهات، نەم دەتوانی دان بە خۆمدا بگرم، کاتێک خۆر گەیشتبووەبان سەرم و هەستم بە گەرماییەکەی دەکرد نەم دەتوانی زاڵ بم بە سەر پێڵوی چاوەکانم، چاوەکانم دادەخران هێواش. . هێواش بەلادا دەهاتم، قۆڵم وەک سەرینێک کردە ژێر سەرم و هەندێ نووستم.

دیار بوو هێزی دوژمن هەستیان کرد بوو کە لە سەنگەرەکەی ئێمەوە تەقەکردن کز بووە هەربۆیە هێرشیان ئەنجامدا، ئاشکرا بوو کە سەرەتا دەیانەوێت هێرش بهێننە سەر سەنگەرەکانی ئێمە تاکو لەوێدا هەڵمان تەکێنن، ئەگەر شارەزایی ئەو خاکە نەبیت واتا ڕووبەڕوی تەڵەکەبازی زۆری شەڕ دەبیتەوە، گروپی هێرش بەری دوژمن لە دورەوە ئێمەیان دەبینی بەڵام کە بەرەو ڕومان دەهاتن هەڵەی ڕێگایان دەکرد، هەڤاڵانی بریندارانمان شاردەوە بەڵام لەبەر ئەوەی سەر خەومان دەشکاند تەقەمان نەدەکرد، دیاربوو پێیان

وابوو کە سەنگەرەکانمان دوورە هەر بۆیە لە ناکاودا گوێم لە دەنگی سەربازێکی دوژمن بوو دەیووت شوێنی ئەو ناکەسبەچانەئەو پەنا گابەردەی بەردەممانە، من لەبەر ئەوەی ئەوم نەبینی نەم دەزانی ئیشارات بۆ کوێ دەکات، بەڵام دەنگە کە زۆر لێمەوە نزیک بوو، هەڤاڵ سەرداریش بە خەبەر ببۆوە و ئامادە بوو، بە هێواشی سەرم لە سەنگەرە کە بەرز کردەوە، ڕێک بەرامبەرم بوون، سەربازێکی ئەسمەر ئیشاراتی بەولاترمانی دەکرد کە گوایە ئێمە لەوێین، بەوانی تری دەووت با لەوێوە بڕۆین، بە خۆمم ووت ئەمە باشترین هەلە، کاتی ئەوە هاتبوو کە دەستیان لێ بوەشێنم، رومانەکەم لە قەدم کردەوەو پیمەکەیم دەرهێنا و بەتوندی گوشیم، نەفەسی خۆمم گرت، رومانەکەم فڕێدایە نێوانیانەوەو لە نێوانیاندا تەقیەوە، بە شێوەیەک رومانەکە تەقییەوە کە کاریگەری لە گوێم کرد، ئینجا کەوتمە تەقەکردن، کەوتمە هاوارکردن هەروەها سەربازەکانیش هاواریان دەکرد، لەبەر تەپوتۆز نەم دەتوانی هیچ ببینم، تەنها گوێم لە هاواری سەربازەکان بوو کە دەیانووت دایە.. دایە، بانگی هەڤاڵ سەردارم کرد کە بێتە لام، کاتێک هات ئەویش کەوتە تەقەکردن، من لەبەر ئەوەی فیشەکم پێنە مابوو بۆیە بانگیم کرد، دوای ڕەوانەوەی هەندێ تەپوتۆز دوو سەربازم بینی کە درێژ ببوون و ئەوانی تر سەرەرای ئەوەی بریندارییش بوون بە تەقڵە لێدان ئەو دوو کوژراوەیان بە جێهێشت و ڕایان کرد، لەولاشەوە ئەو هەڤاڵە بریندارانەی شاردبومانەوە بەم سەرکەوتنەی ئێمە وورەیان کەوتەوە بەر و تەنانەت ئەو دوو بریندارەمان لە شوێنەکانی خۆیان دەرچوون و هاتنەلامان و سەنگەریان گرتەوە، وورەی هەموو هەڤاڵان بەرز بۆوە، لە ناوخۆماندا کەوتینە گاڵتەکردن،

چونکە دەمانزانی کە بەم لێدانی هێزی تایبەتیانەی دوژمن ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ئیرادەیان دەشکێت و بە ئاسانی خۆیان پێ کۆناکرێتەوە، هەڵبەت مەحاڵ بوو دوای ئەو دەست وەشانەمان بە کاتێکی زوو هێرش ئەنجام بدەنەوە، هەربۆیە ماوەیەک لە دورەوە تەقەیان دەکرد کە هیچ کاریگەرییەکی نە دەبوو.

بەرەو ئێوارە شەڕەکە هەر لە خۆیەوە کۆتایی هات، هێزی دوژمن ئەو سەربازانەی بڵاوببوونەوە لە ناوچەکەدا کۆیانی دەکردەوە، بەم شێوەیە زەختی سەرمان کەم بۆوەو بەشی هەرە زەحمەتی ڕۆژەکەمان بەسەر برد، هیچ شەهیدێکمان لە سەنگەرەکەمان نەبوو، بەڵام نەم دەزانی کە لە سەنگەرەکانی ترمان شەهیدمان هەیە یان نا.

دەرەنجام یەکەم ئەستێرەی ئاسمانم بەدیکرد، بەم شێوەیە هەتا تاریک داهاتایە ژمارەی ئەستێرەکان زیادیان دەکرد، هەموومان لە شوێنێک کۆبوینەوە، خاوەن وورە بوین، پرسیاری ئەوەمان کرد کە شەهیدمان هەیەیان نا، هەڤاڵان ووتیان کە شەهیدمان نییە، بیرمان کردەوە چۆن لەناو ئەو قیامەتەدا ئاوا بە ئاسانی دەرچوین، فەرماندەیی تیپەکەمان لەسەر ئەوە سەرقاڵ بوون کە پیلانێک دابڕێژن تاکو لە ناوچەی شەڕ چۆن دەربچین، بە درێژایی شەڕەکە تەنها دوو هەڤاڵمان بە سەختی بریندار ببوون، هەڤاڵ عەلی ئیحسان فیشەک دابووی لە قاچی هەروەها هەڤاڵ زاهیر پارچە تۆپ لێی دابوو هەربۆیە نیوەی لەشی فەلج ببوو، نەمان دەتوانی ئەوان لەگەڵ خۆماندا بەرین، پێویست بوو لە شوێنێکی دڵنیا بەجێیان بهێڵین هەروەها دەبوایە هەموومان بۆ شوێنێکی پارێزراو و دڵنیا، بمان گوازایەتەوە، هەرچەندە نەشمان دەویست بەڵام ناچار بووین، لە چاڵێکی ژێر گابەردا هەردوو هەڤاڵەکەمان شاردەوە،

دوایش هەندێ نان و شەکرمان داپێیان و بەجێمان هێشتن، بۆ گەریلا لەوهەستە ناخۆشترین شک نابرێت کە هەڤاڵی بریندارى خۆت بەجێبهێڵیت، بەڵام شەڕ بێ بەزەییە، چارەیەکی ترمان نەبوو، کاتێک کە باس دێتە سەر رزگارکردنی گیانی هەڤاڵانی تر ناچاردەبیت کە بڕیارێکی وا وەربگریت، هەڤاڵانی بریندار دەیانزانی کە ئەگەر ئەوانیشمان لەگەڵ بن گروپەکەمان ناچاردەبن کە زۆر بەخاوی ڕێگا ببڕن، سەرەرای ئەوەی بریندار بوون زۆر بەسەختی کەچی دەیانووت ئێمە بە جێبهێڵن و بڕۆن، ئەوان یەک داخوازییان لە ئێمە هەبوو دەیانووت رومانەیەکمان بدەنێ ئەگەر هێزی دوژمن هاتنە سەرمان نامانەوێت بە ساغی دەستگیرمان بکەن، ئەم داخوازییەمان هێنایە جێ و بەجێمان هێشتن، فەرماندەی تیپەکەمان بەردەوام چاودێری جوڵانەوەکانی هێزی دوژمنی دەکرد و بەردەوام گوێی لە بێتەلەکەیان دەگرت هەوڵی دەدا کە حاڵی بێت کەنیازی چییان هەیە، سەرەتا ووتی کەدەبێت بەرەو لای هەککاری بڕۆین بەڵام دوایی گەیشتنەبڕیار کەباشترەبەرەو باشکەلەمل بنێین، دوو هۆکاری ئەم بڕیارەوەرگرتنەئەوەبوو یەکەمیان نەبوونی هێرش بوو لەو ناوچەیەدا و دووەمیشیان سەرمان لەهێزی دوژمن دەشێواند، ئەمەتاکتیکێکی هاکەزایی بوو، لەبەر ئەوەی هێزی دوژمن پێیان وابوو کە ئێمە بەرەو ناوچەی شاخاوی واتا چیای رەشکە دەڕۆین، بۆ پاشەکشێمان ئامادەباشیمان تەواو کرد، دواهەمین ووریاکردنەوەو ڕێنماییمان دا بە گەریلاکانمان کە دەبوایە لە ڕێگا دەنگەدەنگ نەکەن، هەوڵ بدەین شوێن پێ لە دوای خۆمان جێنەهێڵین، چەکەکانمان بریقەیان نەیەتەوەو بە خێرایی ڕێبکەین.

فەرماندەکەمان ووتی پێویستیمان بە چاوساغێک هەیە، ئەم

چاوساغە بۆ ئەوە بوو کە لە پێش گروپەکەمانەوە بە دەربەندەکە گوزەر بکات تاکو بزانین بۆسە هەیە یان نا، ئێمە نەمان دەزانی کە هێزی دوژمن لە کوێ گیرساونەتەوە، ئەم نەزانینەشمان دڵەراوکێی بۆ دروست دەکردین، ناچاربووین ئەو دەربەندە ڕووتەڵەکە دارێکیشی نەبوو ببڕیایە، من پێم وابوو کە من دەست نیشان دەکەن بۆ ئەم کارە هەر بۆیە خۆم ئامادەکرد، لەراستیدا بڕیارێک درا کە بەدڵی من نەبوو، فەرماندەکەمان بۆ ئەم کارە هەڤاڵ دەلیلی دەست نیشان کرد، هەندێ دڵم شکا، وەک چاوساغ دەبوایە من بڕۆیشتمایە بەڵام لە دوایدا بیرم کردەوە کە ئەم هەڤاڵەمان لەمن زیاتر ووریایە و بەدیقەتە، ئەو لە من گورج تر بوو من و ئەویان دیاری کرد.

من و هەڤاڵ دەلیل بەڕێ کەوتین بەڵام هەڤاڵ دەلیل لە پێشمەوە بوو، تا لە دەربەندەکە نزیک ببوینایەتەوە هەیەجانمان زیادی دەکرد، بە هۆی مانگەشەوەوە هەموو کەسێک بەئاسانی دەیتوانی ئێمە لە دەربەندەکە ببینێت، هەڵبەت لەوانەیە بە هۆی بێ دەنگییەوە بێت هەر بۆیە بە ئاسانی گوێم لە دەنگی ژێر پێمان دەبوو، بەردەوام بە پەنا گوێی هەڤاڵ دەلیلم دەچرپاند پێم دەووت هەڤاڵ لێرە وریابە، لێرەدا خۆت داچەمێنە، هەرچەندە بەم کردەوەی من دڵخۆشیش نەبوبێت بەڵام هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەرم نیشان نەدەدا، دوایش بەخۆمم ووت پێویست ناکات وریای بکەمەوە، زاتەن وریایانە ڕێدەکات، زۆر لەسەر خۆیانە و ووریایانە بە دوای هەنگاوەکانیدا هەنگاوم دەنا.

کاتێک گەیشتینە دەربەندەکەزامنی چەکەکانمان ترازان، من بەخۆمم ووت تاکو ئێرەبەسەدەکەوینەبۆسەوەئەم دەربەندەشوێنی کۆتایی ژیانی ئێمەیەلەگەڵ بەگەیشتنمان لێدەدرێین، بەڵام ناچار

بووین ڕێگا ببڕین، لەبەر ئەوەی هێزی دوژمن خاوەنی دووربونی شەو بوون، بەشەویش دەیانتوانی بەئاسانی جوڵانەوەمان ببینن، گەیشتینەدەربەندەکە، بیرم دەکردەوەکەهەر ئێستا لێمان دەدەن، ئەوەندەبێزار ببوم بەخۆمم دەووت لەکوێن بۆ پەیدا نابن دەبا بێن و بماندەنە بەر فیشەک، ئەم مردنە کە نازانرێت کەی دێتە ئاراوە مرۆڤ سەرسام دەکات، بەڵام هیچ دەنگێک لە ئارادا نەبوو، بەبێ هیچ بەڵایەک دەربەندەکەمان بڕی، کەواتە بۆسە لە ئارادا نەبوو، بەڵام دەبوایە گریمانەمان لە دەست نەدایەو هەر ووریا بوینایە، ئێمە کە لە دەربەندەکە کە ڕوبەڕوی بۆسەنە بوینەوە بەڵام پێمان وابوو لەوانەیە لە دەوروبەری دەربەندەکە بۆسەیان دانابێت، نەبینین و نەزانین زۆر زەحمەتە، هەستم دەکرد کە بەزۆر هەنگاو بە قاچەکانم دەنێنم، هێزێکی نەزانراو زەختی لە قاچەکانم دەکرد کە هەنگاو نەنێت، هەتا بیرم لەو مەترسیانە بکردایەتەوە کە چاوەڕمانیانی دەکرد ئەم ناڕەحەتیانە زیادی دەکرد، لەبەر ئەوەی لێرە ئەوەندەی ئەو شەڕەی پێشوومان هەلمان نەبوو کە بتوانین دەست بکەینەوە.

پێش دەرچونمان لە بێتەلەکەی دوژمنەوە گوێمان لێ بوو کە لە کۆپتەرەکە داوایان دەکرد کە دوور بین و کامیرەی شەویان بۆ ڕەوانە بکەن، ئەوان پێیان وابوو کە ئێمە هێشتا لە شوێنەکەی خۆمانین، بەڵام ئێمە گەیشتبوینە شوێنێک کە ماوەی کاتژمێرێک لەوان دوربوو، ئێمە دوای دەرچونیشمان کە گوێمان لە دەنگی کۆپتەرەکان دەبوو بیرمان لەو دوو هەڤاڵەدەکردەوەکەجێمان هێشتبوون، دوو پارچەی جەرگمان لەناو ئەو هەموو هێزەی دووژمندا حەشاردابوو، دوای ئەو چاودێریەی کردمان بۆمان دەرکەوت کە لە ناو مەترسیەکاندا دەرچوینە، دوای پەڕینەوەمان ئیتر هەڤاڵانیش



هاتن و لە شوێنێکی دڵنیا گیرسابینەوە، تەنها بیرمان لەو دوو هەڤاڵە دەکردەوە کە جێمان هێشتبوون.

بۆ سبەی لەبەر ئەوەی هیچ جوڵانەوەیەکی جدی سەربازیمان بەرچاو نەکەوت هەربۆیە بە ڕۆژ بە ئارەزووی خۆمان حەواینەوە و کەوتینە چاوەڕوانییەوە، لە بەیانی ڕۆژی دووەمدا بۆمان دەرکەوت کە هیچ سەربازێک لە ناوچەکەدا نییە، دیار بوو هێزەکەیان پاشەکشێی کردبوو، مەفرەزەیەکی بچوکمان پێکهێنا تاکو ڕەوانەیان بکەین بۆ زانینی هەواڵی هەڤاڵە برینداەکانمان، ڕەوانەمان کردن و لە ناو مەراقدا چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەوانمان دەکرد، ئێمە دەمانزانی کە ئەگەر هەڤاڵانمان لەلایەن هێزی دوژمنەوە ئاشکرا بووبێت و شتێکیان بە سەردا هاتبێت تاکو مردن بە ئازاری ئەو ویژدانەوە دەژیاین، دوای چەند کاتژمێرێک هەردوکییانیان هێنایەوە، لەمە دڵخۆشتر شتێکی تر نەبوو، هەر کە گەیشتن باسی ڕەوشی خۆیانیان بۆ کردین، باسی دەنگ و قسەوباسی سەربازەکانیان بۆ دەکردین،

سەرەرای ئەوەی ئەفسەرەکەیان فەرمانی دابوو بە سەربازەکان بەڵام سەربازەکان لە ترسانەنەیان وێرا بوو بچنە خوارەوە، ئەفسەرەکەیان زۆری لێ نەکرد بوون و تەنها پێی ووتوبون چاوتان دەرێت، دوایش پاشەکشێ دەکەن، بەم شێوەیە ئەم دوو هەڤاڵەمان ڕزگاریان ببوو.

برینەکانیانمان پاکردەوە و تەداویانمان کرد، بەم شێوەیە بەبێ ئەوەی شەهید بدەین لەو دۆزەخە جیابوینەوە، بەڵام هێزی دوژمن سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا.

تا بەیەک گەیشتنەوەیەکی تر لەگەڵ هێزی دوژمندا ئەوان پاشەکشێیان کرد و ئێمەش گەڕاینەوە شوێنی خۆمان.

نامەیەک لەمەزڵوم دۆغانەوە

**مەزلوم دۆغان**

دەورو بەری کاتژمێر ٨ یان ٩ بوو دەستگیر کراین، ئەو مەفرەزە پۆلیسەی ئێمەیان گرت وایان زانی ئێمە کچمان هەڵگرتووە، هەرلەبەر ئەوە ئێمەیان ڕەوانەی جەندرمەکرد، کاتژمێر ٩ و چارەک یان ٩ و نیو دەبوو دوو هەڤاڵەکەم یڵدرم و ئایسەل کردنیانە ناو ماشێنێکی پۆلیس و منیشیان کردەوە ناو ئەو تەکسییەی تێیدا بوین و دوو پۆلیسیشیان هاتەناو تەکسێکەوە، لەو شوێنەی لێگیراین دەرچووین، بەڵام لە ڕێگا لەبەر ئەوەی لە گیرفانی یڵدرم ناسنامەیەکی سەختەبەناوی عەلی ئۆزەر گیرا هەربۆیە بڕیاریاندا کە ئێمە ببەن بۆ مۆڵگەی پۆلیس، کە گەیشتین هەڤاڵەکەمانیان بردە ژوورەوە و ناسنامەکەی من و شۆفێرەکەمانیان وەرگرت، دوای ١٥یان ٢٠ خولەکێک من و شۆفێرەکەیان بردە بارەگاکەوە، لە موبەقەکە ئێمەیان دانا، دوای ماوەیەک پۆلیسێک کە دوایی بۆم ئاشکرا بوو کە نەقیبی بارەگاکەیە هاتە لام و پێی ووتم کە ناسنامەی سەختە بە برادەرەکەم گیراوە تۆ ئەڵێی چی؟، لەم بارەیەوە هیچ زانیاریەکت هەیە؟، کچەکەش مێردارە ئەڵێی چی؟. سەرەتا هەوڵمدا بۆ ئەوەی قەناعەتی پێبهێنم کە زانیم قەناعەت ناهێنێت پێم ووت نایانناسم پەیوەندیم پێیانەوە نییە، من خەڵکی گوندی ئۆڤەجیکی سەر بە هیلڤانم، بەرم دەن با بڕۆم.

ئەم شتانەم ووت، لەبەر ئەوەی منیش ناسنامەیەکی سەختەم پێ بوو بەناوی ئیبراهیم شەنۆل هێشتا پێیان نەزانی بوو، دوایی من و شۆفێرەکەیان برد بۆ ئەو ژوورەی یڵدرم و ئایسەلی لێ بوو، دوایش تەلەفونیان کرد بۆ بەشی سیاسی پۆلیس پێیانیان ووت چوار کەسمان دەستگیر کردووە، بەم شێوەیە کەوتینە چاوەڕوانییەوە.

دوای ٢٠ یان ٣٠ خولەکێک پۆلیسی بەشی سیاسی هاتن و

تەکسێکەیان پشکنی و زەرفێکی گەورەیان دۆزییەوە کە هەمووی نووسراوەی چۆنیەتی کارکردنی پەکەکە بوو، ئەگەر هەڵەنەبم کاتژمێر ١١ ی شەو بوو، لەناو تەکسێکە من لەپێشەوە دانیشتبووم، ئەم زەرفەش لەژێر پاسپاسەکەی کوشنەکەی دواوە دۆزرابۆوە، من لە یڵدرمم پرسی بوو کاتێک ڕایانگرتین کە ئایا هیچمان پێیە ئەویش پێی ووتم نا، ئەگەر بە منی بگوتایە سەرەتا ئەو کاتەی یڵدرم و ئایسەلیان بردە بارەگاکەوە من لەناو تەکسێکە بووم دەمتوانی زەرفەکە لە ناو بدەم بەڵام بەداخەوە پێی نەووتم.

دوای گرتنی ئەم زەرفە جارێکی تر ئێمەیان پشکنیەوە، لە گیرفانی یڵدرم ١٥ هەزار لیرە و لە گیرفانی شۆفێرەکە٣ هەزار مارکی ئەڵمانی و منیش ٨٠٠ لیرەی تورکیم پێ بوو، دەستیان بۆ پارەکەی من نەبرد، پارەی شۆفێرەکە کە مارک بوو کردیانە گیرفانی خۆیانەوە، ناوی پارەکەی یڵدرمیان کردە ناو فایلەکەوە و ئیتر کەوتنە جوێندان پێمان، جوێنێکی زۆری ناشیرینیان پێدا و بەزللەو بۆکس و کێبڵ کەوتنە لێدانمان، بەڵام زیاتر یڵدرم لێدانی خوارد، پۆلیسی بەشی سیاسی لە ژوورێکی تر خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لە بەڵگەکان، ئەو پۆلیسانەی ئێمەیان گرتبوو لە بارەی چۆنیەتی گرتنی ئێمەوە خەریکی ڕاپۆرت نووسین بوون، هەتا بیانتوانیایە لە یڵدرمیان دەدا، دوای تەواو بوونی پۆلیسی بەشی سیاسی ئێمەیان برد بۆ بارەگایەکی تر، ئەگەر هەڵەنەبم کاتژمێر ١ یان ٢ ی شەو بوو، منیان برد بۆ بارەگای پۆلیسی چارشی.

لە٢ ی مانگی ١٠ دا تاکو کاتژمێر ٢ ی نیوەڕۆ لەوێ مامەوە، لەوێدا توانیم ١ و ٢ کاتژمێرێک بنووم، کاتژمێر ٢ ی نیوەڕۆ لەلایەن پۆلیسی بەشی سیاسی منیان برد بۆ بارەگای جەندرمەی شاری

ئورفە، ئەو بەشەی منیان لێدانا بەشی موخابەرات بوو، دوایش هەر ٣ هاوڕێکەم یڵدرم و ئایسەل و شۆفێرەکەمان هەر یەکەمان بە جیاوازی نیو کاتژمێرێک هێناییانە هەمان بارەگا، هەریەکەمانیان کردە ژوورێکەوە و هەریەکەشمان پاسەوانێکیان بە دیارمانەوە دانا، تا کاتژمێر ٧ ی ئێوارەبە و شێوەیە چاوەڕوانیمان کرد، دوای ماوەیەک من و شۆفێرەکەیان کردە یەک ژوورەوە، پشتمانیان لە یەک کردوو قسەکردنمان قەدەغەبوو، بەم شێوەیە هەوڵمان دەدا کە بەئ یشاراتی دەست ئیفادەمان بکەین بەیەک.

شەو دەوروبەری کاتژمێر ٩ بۆ ١١ ئیفادەمانیان وەرگرت، یەکەم کەس یڵدرمیان بۆ ئیفادە برد، دوای ماوەیەک ئەو ئەفسەرەی ئیفادەی وەردەگرت لە ژوورەکە دەرچوو گوێم لێ بوو ووتی قادر مارکن، بە گوێرەی ئەوەی حاڵی بووم ئاشکرا بوو کە ناسنامەکەی یڵدرم سەختەیە پێیانی وتبوو کە ناوەڕاستێکەی قادر مارکنە، کاتێک کە گیراین ئایسەل ناوی خۆی بە عایشە دابوو، هەردووکیان ووتوبیان کە خەڵکی شاری تونجەلینو لە شاری بینگۆل وە هاتوون، من پێشوو تر یڵدرمم دەناسی بەڵام یەکەمجار بوو کە ئایسەل و شۆفێرەکەمان بەکر ببینم، هەربۆیە لە بارەی رەوشیان و چۆنیەتی هەڵسوکەوتیانەوە هیچم نەدەزانی.

کاتێک سرە هاتە سەر من ئەفسەرەکە پێی ووتم ڕووداوەکە بگێڕەوە؟ منیش ووتم من عەلی و ئایسەل هیچ ناناسم و پێشووتر هیچ نەیانم بینیوە و هیچ هۆکارێکیش نییە بۆ ناسینیانم چونکە من هیچ لە گووند دەرناچم ڕێکخراوە چەپ و ڕاستەکانیش ناناسم ئەو ڕۆژەی گیراشم لە ماڵەوە دەرچووم بۆ ئەوەی کارێک بدۆزمەوە ویستم بچم بۆ ئورفە لەبەر ئەوەی دوا کەوتبووم نەم دەزانی ئوتێل هەیە

یان نا لە جیاتی ئەوەی بچم بۆ جەیلانپنار چووم بۆ ڤەرانشەهیر، دەمویست دوای ئەوەی شەو لە ڤارانشەهیر ببمەسەر دەچووم بۆ جەیلانپنار، بەڵام شۆفێرەکە پێشووتر لە گەراج بینیومە و ناسیووم. زاتەن بە بەکرم وتوبوو کەبڵێت دەمناسێت. شۆفێرەکە ئایسەل و عەلی لە ڕێگا سوار کرد و منیش لە گەراجی ڤارانشەهیر سواری ئەم تەکسییە بووم.

لە بارەی ئیفادەکەی منەوە ئەفسەرەکە کێشەیەک و درۆیەکی ئەوتۆی بەدینەکرد، هەموو قسەکانمی نووسی و ئیمزاشی پێنەکردم، لە ژوورەکە دەریان کردم و لە هۆڵێک منیان دانا، لەوێدا چاوەڕێم کرد تاکو ئیفادەی بەکریش تەواو بوو، دوایش من و بەکر و یڵدرم دەستمانیان لە دواوە کەلەپچە کرد و چاویشمانیان بەستەوە، دوایش سواری ماشێنێکیان کردین و دوای ڕۆیشتنێکی ١٠ یان ١٥ خولەکێک ماشێنەکە ڕاوەستا و دایان گرتین، چاومانیان کردەوە و هەرسێکمانیان کردە قاوشێکەوە، گڵۆپی قاوشەکە نەدەکوژایەوە، نەیان دەهێشت کەس لێمان نزیک ببێتەوە، قاچمانیان بە کەلەپچە بەڕەمزەکەوە بەستەوە و ئەو پاسەوانەی بە دیارمانەوە بوو نەیدەهێشت بەیەکەوە قسەبکەین، چوونمان بۆ تەوالێت قەدەغە بوو، دوایی دوو کەسیان بۆ قاوشەکەی ئێمە هێنا، پاشان زانیمان ئەم دوانە تاوەنبارن بەوەی کە تەقەیان کردووە لە شارەوانی شاری ئورفەدوو کەسی فاشیست بوون، سەرەرای نارەحەتی و سەرما ودڵەڕاوکێیشمان بەڵام تاکو بەیانی خەومان لێکەوت.

بەیانی کاتژمێر ٦ بۆ ٧ بەئاگا هاتین، سەرەرای هەموو تکایەکمان نەیانهێشت بچین بۆ تەوالێت تەنانەت بۆ دەموچاو شۆرینیش، شۆربای برنج و کەرتەنانێکی رەقیان داپێمان، خوێەکی زۆریان

تێکردبوو، سەرەرای ئەوەی زۆرم برسی بوو هەرچەندێک هەوڵمدا پارویەکم پێ نەخورا، دوای ئەوەی سەر و پەرداخێک ئاومان خواردەوەو سەرو جگەرەیەکیشمان کێشا کەلەپچەکەی قاچمان کە بەرەمزەکەوە بەسترا بوو کردیانەوە و ئێمەیان بردە دەرەوە، دوایش چاومانیان بەستەوەو سواری ماشێنمانیان کردوو کەوتینەرێ، کاتژمێر دەوروبەری ۹ ی بەیانی بوو لەبەردەم بارەگایەکی تری سەربازی ڕاوەستاین و ئەیسەلیان هێناو هەر یەکەمانیان کردە ناو ماشێنێکی جیاوازەوە و بەرەو دیاربەکر ئێمەیان برد، دەستەکانم کەلەپچە بوون لە دواوەو بەو شێوەیە لەسەر پشتیش منیان درێژ کرد، بە درێژایی ڕێگا سەرم لەملاو لەولای دەدا، سەربازەکانی ناو ماشێنەکە لە نێوان خۆیاندا سەرقاڵی قسەکردن بوون، داوای جگەرەیەکم لێکردن ئەوانیش دایان پێم لە ناو خۆیاندا باسی ئەو پەلەمارییەیان دەکرد کە دوێنێ شەو لە گوندی هەلفەتی ئەنجامیان دابوو، دەیانووت گوایە فەرماندەکەیان چەنێ خۆشی ماندوو کردووە بەڵام کەسی پێدەست گیر نەکراوە، ئەوانەی بە دوایدا گەڕابوون خوێندکاربوون و ماوەیەکی دوور و درێژە بەدوایاندا دەگەڕێن.

کابرا خۆ نەزان نییە، ئەو گوندەی باسیان لێوەدەکرد گوندەکەی ئاپۆ بوو، بەڵام کەسیان دەستگیر نەکردبوو، ئەمە منی زۆر بەختەوەر کرد، سەرەرای ئەوەی گەیشتبووینە دیاربەکر بەڵام تاکو ئێوارە ئێمەیان گەڕاند، سەرەرای ئەوەی سەرم ئێشی دەکرد و برسیشم بوو بەڵام بەختەوەریم لەهەموو شتێک زیاتر بوو، ئەگەر هەڵە نەبم کاتژمێر ۷ ی ئێوارە بوو ئێمەیان تەسلیمی مەرکەزی ئینزیباتی جەندرمەکرد، کەلەپچەکانیان کردەوەو چاویشمانیان کردەوەو

هەریەکەمانیان بردە ژوورێکەوە، هەر یەکەو پاسەوانێکیان لەلا دانابن و نەیاندەهێشت کەس لێمان نزیک ببێتەوە.

بەتانی و خواردنیان داپێمان، وابزانم لەبەر بێ شوێنی شەو من و یلدرمیان بەیەکەوە دانا، قەدەغەب وو کە دەرگای ژوورەکەمان دابخرێت هەروەها قەدەغەش بوو کە قسە بکەین، ڕۆژی دوایی ٥ لەو مامۆستایانەی لە زیندانەکاندا کە خۆڕاگریان کردبوو هێنایانە لامان، ئەگەر هەڵە نەبم ٥ ی مانگ بوو کاتێک هاتن بۆ وەرگرتنی ئیفادەمان زۆر توڕەبوون کە بینیان من و یلدرم و ئەو ٥ مامۆستایە بەیەکەوەین، یەکەمجار یلدرمیان برد، دوای کاتژمێرێک هێنایانەوە و لە ژوورێکی تر دایاننا، لە نێوان کاتژمێر ٣ بۆ ٤ بوو چاوەڕێم دەکرد بەڵام منیان بانگ نەکرد، دەوروبەری کاتژمێر ٦ یان ٧ بوو ئەفسەرێک هات و کاغز و قەڵەمێکی دامێ داوای لێکردم کە ژیاننامەی خۆمی بۆ بنوسم منیش ئەم شتانەم نووسی ( ناوم ئیبراهیم شەنۆلە، لەساڵی ١٩٥٥ لەگوندی ئۆڤاجکی سەر بە شارۆچکەی هیلڤانی شاری ئورفە هاتومەتە دونیاوە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندەکەمان چوومە قۆناغی سەرەتایی و لەساڵی ١٩٦٨ تەواوم کرد، لە گوندەکەمان یارمەتی باوکم دەداو لە هەمانکاتدا بە شوێن کاردا دەگەڕام، ئەو ڕۆژەی گیراین بە شوێن کاردا هاتم بۆ جەیلانپنار، دوایش دەستگیر کرام و هێنامیان بۆ ئێرە.

هەڵبەت کەکاغز و قەڵەمەکەیان دامێ ڕۆیشتن بۆ سبەی کە هاتنەوە وەرەقەکەم دانێ و کە تەماشایانکرد پێیان ووتم هەر ئەوەندەیە؟.

ئەو ڕۆژە٦ ی مانگی ١٠ بوو هەر بە چاوەڕوانییەوە دەرباز بوو، بۆ ڕۆژی دوایی کاتژمێر ٩ ی ئێوارە چاومیان بەستەوە و منیان بردە

ژوورێکی ترەوە، لەسەر کورسییەک دامیاننا، بە گوێرەی ئەوەی هەستم پێدەکرد دوو کورسی تری لێبوو کە بەرامبەرم بوون، مێزێکیان هێنایە بەردەمم و داوایان لێکردم کە هەردوو دەستم لەسەر مێزەکە دانێم، ئەوەی ویستیان کردم، ئەو ژیاننامەی نووسی بووم بۆمیان خوێندەوە و داوایان لێکردم کە جارێکی تر بۆیان بگێڕمەوە، پرسیاریان کرد کە لە کوێ سەربازیم کردووە، منیش ووتم لە مانیسا دۆغوکشلە، پێیان ووتم واز لەدرۆ بهێنە دەمانەوێت ڕاستێکانمان پێ بڵێت، کاتێک ووتم قسەی ڕاست دەکەم بە کێبڵ کەوتنە لێدانی دەستم، ئەوەی ڕاستی بێت خۆم ئامادە کردبوو بۆ ئەم لێدانە، هەڵبەت زۆر زەحمەتە کاتێک بە کێبڵ لەسەر و قاچ و دەست و سنگ و پشتت بدەن، هەڵبەت من باوەڕم بەوە هەبوو کە خاوەنی ڕووحی شۆڕشگێڕی بی دەتوانی تەحەمولی هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەک بکەیت، تاوایلێهات وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانیانم نەدایەوە، زۆربەی پرسیارەکان لە بارەی یڵدرم و زننار و جەمیل بایک و دوران کالکانەوە بوو و، هەندێک کەسی تریش، پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە لە مستەفا ئایدن چەنێک پارەم وەرگرتووە.. ڕێنمایی و فەرمانەکانم لە کێوە پێگەیشتووە و تاکو ئێستا چەند کەسم کوشتووە و کام لە ئاپۆجێکان دەناسم و کەی بووم بە ئەندام و لەکام چالاکیدا بەشداریم کردووە، هەتا بموتایە هیچ نازانم لێدان زیادی دەکرد، بەڵام زۆری نەخایاند دوای ٣٠بۆ ٤٠ خولەکێک منیان بردەوە بۆ ژوورەکەم و هەمدیسان کەوتمەوە چاوەڕوانی، ٨ و ٩ ی مانگ بە چاوەڕوانییەوە بە سەر چوو، گوێم لەهاواری ئەو کەسانە دەبوو کە ئەشکەنجە دەکران یان جگەرەیان لە لەشیان دەکوژانەوە یان بە کێبڵ لێیان دەدان، بەڵام وورە بەرز

بوو، لە دڵی خۆمدا سروودی شۆڕشگێڕانەم دەووتەوە، بە تەواوی نایەتەوە یادم ڕۆژی ٩ مانگ بوو یان ١٠ هاتن و چاومیان بەستەوە و بردمیان و من و یڵدرم و ئەیسەل و بەکر خراینە ژوورێکەوە، دوایش هەریەکەمان بە جیا خراینە ماشێنەوە و بەڕێکەوتین، من وام زانی دەمانبەن بۆ شوێنێک هەر لە ناو دیاربەکردا، بەڵام کە ڕێگا درێژ بۆوە هەستم کرد کە بەرەو سیلڤان دەچین، ئێمەیان برد بوو بۆ دێڤەگێچیدە، لە بینایەکدا ئێمەیان بردە نهۆمی دووەم و لە ژوورێک ئێمەیان دانا، دوای ئەوەی کاروباری تەسلیمیەت تەواو بوو هەر بە چاوبەستراویەوە هەریەکەمانیان بردە ژوورێکەوە، پاسەوانێکیان بەدیار هەر یەکێکمانەوە دانا، نەجگەرە و نەخواردن و ئاویان نەدەدا پێمان هەروەها تەوالێتیش قەدەغەبوو، قسەکردنیش قەدەغە بوو، بەم شێوەیە لەسەر کورسییەک دانرا بووم، لە بەر ئەوەی خەوم دەهات سەرم شۆڕدە بۆوە، دوایش بەتانیەکیان لەزەوی ڕاخست و داوایان لێکردم لەسەری دانیشم، دوای دانیشتن خەوم لێکەوت، کاتژمێر دەوروبەری ١١ بۆ ١٢ ی شەو دەبوو لەبەر ئەوەی زۆر سارد بوو سەرەرای ئەوەی یەک دوو جارێک بە ئاگا هاتم تاکو بەیانی نووستم، بەیانێکەی ئەفسەرێک هات و چایەک و پارچەیەک نان و سێ و چوار زەیتونێکی دامێ، مۆڵەتی دام کە ئاو بخۆمەوە و جگەرەیەکیش بکێشم، کەوتمەوە چاوەڕوانییەوە، کاتێک کاتژمێر ٩ بۆ ١١ دەبوو هەستم کرد جوڵانەوەیەک لە دەرەوە دەستی پێکرد.

کاتژمێر دەوروبەری ١١ یان ١٢٢ بوو دەستێکی ڕەق پەلی گرتم بە جوێندانەوە ڕایکێشام منی فڕێدایە ژوورێکی ترەوە، پێڵاوەکانی کردە سەر سنگم و کەلەپچەکەی دەستمی کردەوە، ئەوکاتە بیرم کردەوە کە کەسێکی شۆڕشگێڕ دەبێت لە تاقیکردنەوەیەکی وادا بە پلەی باش

دەرباز ببێت، بە خۆمم ووت نابێت شۆڕشگێڕێک ئەشکەنجە و ئازار بڕیاری بەسەر بدات و بژی پەکەکە و بژی سەربەخۆیی و نابێت تەنها لە پێناو رزگار کردنی گیانی خۆم کەسایەتی خۆم بشکێنم.

گۆرەوێکەمی لەپێ داکەند و لەسەر پشت درێژیان کردم، قاچمیان بەرزکردەوە و بەو کەلەپچەیەوە گرێیاندا کە لەناوەڕاستی بنمیچی ژوورەکە بەسترابۆوە، بەم شێوەیە شەڕی نێوانمان دەستی پێکرد، جارێکی تر باسی ژیاننامەکەی خۆمم بۆ کردنەوە، بەڵام باوەڕیان پێنەدەکردم دەیانووت کە دەبێت باسی ڕاستێکانیان بۆ بکەم، دەیانووت ڕاستێکانمان بۆ باس بکەو ئەوەندەی کەرێک لێدان مەخۆ، هەرهەرچۆنێک بێت لە ئەنجامدا باسی ڕاستێکان دەکەیت، کەسانێکی زۆر لە زیندانەکانی شاری ئەلازخەوەت ا باتمان وەکو تۆیانکرد، دوایش وەک بولبول کەوتنە قسە، ئێمە سەبرمان زۆرە، با بزانین تۆ چەند ڕۆژ دەتوانی دانبەخۆتدا بگریت، لە سەر ئەم شاخەپ هرێشانت دەکەین، کەسیش پێی نازانێت و کەسیش نایەت بە هاناتەوە.

ئەم قسانەیان دەکرد و دەستیان کرد بەفەلاقە کردنم، پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە لە هیلڤان کێ دەناسیت؟، کێ کارەکان دەبات بەڕێوە؟، کێ بەشداری چالاکێکانی کردووە؟، پارەو چەکەکانت چی لێکرد؟، چەکەکانت لە کێ وەرگرتووە؟، دات بەکێ؟، مستەفا ئایدن و جەمیل بایک و دووران کالکان و کەسانێکی زۆری تر کە ناویان نایەتەوە یادم لە کوێن؟، فەرمانت لە کێ وەرگرتووە؟، ئاپۆجێکان لە کام ماڵ و کام گووند کۆدەبنەوە؟، عەلیت بۆ کوێ دەبرد؟، کێ ئۆزتوپلەری لە ڤاران شەهید کرد؟، ئایا گەزەگۆری کوڕی پاسەوانەکە دەناسی؟، ئەوان بەشداری کام چالاکییان کردووە؟، لە

کوێ و لەگەڵ کێ خەڵکتان کوشت؟.

خوێیەکی زۆریان ڕشتبۆوە سەر زەوێکە، لەدوای هەر فەلاقەیەک منیان ڕاست دەکردەوە و هەڵوڕیان بەسەر ئەو خوێیەدا پێدەکردم، بەردەوام دەیانووت بدوێ، یاخود وەک کوڕی پاسەوانەکە سەقەت دەبیت، دەتکوژین، بوتڵ دەکەینت ق.. تەوە، ئاپۆ لەگەڵ کچ و ژناندا خەریکی ڕابواردنە ئێوە هەڵدەخەڵەتێنێت، تۆ کەریت بە خۆڕایی شەق دەخۆیت، لە شاری ئێلازخ هەموویان ئیعتیرافیان کرد، تەنها شاهین خۆڕاگری کرد، بەڵام پێی دەڵێن گوایە ئیعتیرافی کردووە و تۆڵەی لێدەکەینەوەو بەتۆ دەڵێن ئیعتیرافت کردووە ئەتکوژن و ئەتکەنە ناو تەنەکەی زبڵەوە هەروەها ئەگەر ڕاستیش نەڵەیت لێرە دەرناچیت، گوناحی هێشتا گەنجی، بۆچی بە خۆڕایی خۆت بە سەقەت کردن ئەدەیت، زاتەن ئەم بزووتنەوەیە هەڵدەوەشێتەوە، سینان و جەمیل و دووران کالکان و باقیشمان دەستگیر کردووە، قسەنەکردنت بێ مانایە، بۆچی بە خۆڕایی لێدان بخۆیت، یارمەتیمان بدە ئێمەش یارمەتی تۆ دەدەین.

پرسیارەکان لە کاتی فەلاقەکردنمدا دەکرا، دوو کەس ئەم پرسیارانەیان دەکرد، بە گشتی من پێیانم دەووت کە نازانم و نایناسم و کەسم نەکوشتووە و چەکم نییەو قسەی ڕاست دەکەم وەبێدەنگ دەبووم، دوای فەلاقەی ٥یان ٦ جارێک واملێهات نەم دەتوانی هەڵوڕ بکەم یان ڕێ بکەم، دوایی چەند جارێک هاتنە سەر پشتم جارناجارێکیش منیان دەگرت و دەیاندام بەچەپ و ڕاستی دیوارەکەدا، ئەوەندە خێرا بوون لە لێدانم نەیاندەهێشت لە زەوێکە درێژ ببم، دوای ماوەیەک هەستم کرد بوون بە٧ یان ٨ کەسێک، هەستم بە بوونی مێزێک کرد بۆم دەرکەوت کە ئەو کەسانەی

چواردەوری ئەو مێزە منیان فەلاقەنەکردووەو لێپرسینەوەیان لەگەڵم نەکردووە.

شوێنەکانی لەشم کە بە کێبڵ لێیان دابوو لەو شوێنانەی کە جگەرەیان پیا کوژاندبۆوە زیاتر ژانی دەکرد، بەڵام خۆم بەخۆمم دەووت کە دەبێت خوێن سارد بم و خاوەن ئیرادەی خۆم بم، زۆرجار خۆمم لەبیر دەچۆوەو گوێم لە پرسیارەکانیان نەدەبوو، لەوکاتەدا رەوشی شاهین کە خیانەتی کردبوو هەموو زانیارییەکی دابوو بە دوژمن هەر لە مێشکمدا بوو، بە خۆمم دەووت کەواتە هەرخیانەتێک خەڵاتی خۆی هەیە، دەوڵەت لە مردنی شاهین خۆش ببوون، بە دڵی خیانەت پاداشتی خیانەتێکی بێ شەرمانە بوو، لە ڕاستیدا کێبڵەکان ژانی دەکرد بەڵام ئەوەی من لێی دەترسام ئەوە بوو کە ئەوەی پێی ڕازی نەدەبووم کاتێک پۆلیسەکان چییان دەیانهێنایەزمان بە بەرامبەری بەبێ دەنگ بمێنمەوە، لەبەر ئەوەی ئەوکەسەی بچوکترین زانیاری بدرکاندایە ئیتر لەیەخەی نەدەبوونەوە، دوای ٤٥ خولەک یان ١ کاتژمێرێک دەرگاکە کرایەوە، یەکێ ووتی ئیبراهیم وازی لێبێنە بانەختێک بیر بکاتەوە، بردمیانەوە بۆ ژوورەکەم، بۆ ئەوەی خوێنی قاچم بکەوێتەوە گەڕ بەردەوام قاچەکانم دەدا بە زەویدا، لێوم خەریک بوو شەق بەرێت لەبەر ئەوەی ناودەمیانم پڕکردبوو لە خوێ، داوای ئاوم دەکرد بەڵام کەس وەڵامی نەدەدایەوە، داوام دەکرد کە بمبەن بۆ تەوالێت بەڵام کەس وەڵامی نەدەدایەوە.

سەرەرای ئەوەی بەرامبەر بە دوژمن سەر بڵندانە ڕاوەستا بووم بەڵام نەم دەتوانی لە سەر کورسێکە قیت دانیشم، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە جارێکی تر بمبەنەوە بۆ لێکۆڵینەوە، لە دڵی خۆمدا

دەمووت ئەگەر پێیان وایە قسە بەمن ئەدرکێنن ئەوە خەیاڵیان خاوە لە بارەی منیشەوە هیچ شتێک نازانن ئەمەش ئێوە شێت دەکات، من سوور بووم لەسەر ئەوەی کە بەرامبەریان خاوەن هەمان هەڵوێست بم، زاتەن ماوەی ١٠ ڕۆژێکە بە شێوەیەکی سیستەماتیک خۆمم ئامادە کردبوو بۆ هەموو ئەم شتانە، بەردەوام گوێم لە کێبڵ دەبوو کە لە زیندانێکانیان دەدا بەڵام نەدەهاتنە لای من، لە دڵی خۆمدا ووتم لەوانەیە زانیاریەکیان لە هەڤاڵێک دەست کەوتبێت بەوەوە خەریکن، بەم شێوەیە کات گەیشتە٧ یان ٨ ی ئێوارە، لە ناکاو هەمان دەستەڕەقەکە قۆڵمی گرتەوەو ڕامی کێشا، هەوڵمدەدا کە قاچەکانم لە سەر زەوی ڕاگرم بەڵام نەمدەتوانی پاشانیش بە پیلیکاندا چوینەخوارەوە، دوای ماوەیەک هەڤاڵەکانی تریشیان هێنا و سواری ماشێنێک کراین، تێگەیشتم کە دەمانبەن بۆ شوێنێکی تر، دوای تێپەڕ بوونی ٣٠ کاتژمێر، کاتژمێر ١٢ ی شەو دەبوو جارێکی تر ئێمەیان هێنایەوە بۆ دیاربەکر و ئێمەیان کردە ژوورەکانەوە.

لە١٢ ی تشرینی یەکەم چاومیان بەستەوە و لە ژوورەکە هێنامیانە دەرەوە، منیان بردە نهۆمی سەرەوە و چاومیان کردەوە، لەلایەن ٣ پۆلیسەوە ئیفادەمیان وەرگرت و نووسییانەوە، لە بارەی ئیفادەی کەسایەتیمەوە بەم شێوەیە دووام بۆ بژێوی ژیان بەرپرسیارم لە پەیداکردنی نان بۆ ماڵەوەمان و ئێستاش بێکارم، ئەم مانگە بۆ پەیداکردنی کار دەچووم بۆ کێڵگەی بەرهەمهێنانی دەوڵەت لە شاری ئورفەتا بزانم کرێکاریان دەوێت یان نا، بەڵام کەکات درەنگ داهات بڕیارمدا کە ئەو شەوە لە وێرانشەهیر بمێنمەوە، لەگەراجەکە پرسیارم لە تەکسییەک کرد کەبۆ کوێ دەچێت کەووتی دەچێت بۆ جەیلانپنار پێم ووت کە منیش بگەهێنێتە وێرانشەهیر و سواری

تەکسێکە بووم، هێشتا تەکسێکە لە شار دەرنەچووبو ٢ کەس دەستیان بەرزکردەوە بۆ تەکسێکەکە یەکێکیان ژن بوو، ئەوانیش ووتیان کە دەیانەوێت بچن بۆ ڤەرانشەهیر سواری تەکسێکە بوون، لە دەرەوەی ئورفە لەلایەن پۆلیسی هاتوچۆوە ڕاگیراین و دەست بە سەریان کردین، من کەسیان ناناسم، هیچ ئاگایەکم لەو زەرفە نییە کە بەڵگەی پەکەکە یەو پەیوەندی بەمنەوە نییە، من لە پۆلیسخانە بۆم ئاشکرا بوو کە ناسنامەکانیان سەختەیە پێشوتر نەم زانیوە.

پاشان ئێمەیان بەیەکەوە برد بۆ دادگا لە دیاربەکر، لە١٦ ی مانگدا ئێمەیان برد بۆلای داواکاری گشتی، داواکاری گشتی ووتی تۆ لە ئیفادەکەتدا ووتوتە خەڵکی گوندم بەڵام لە ناسنامەکەت نووسراوە شارۆچکە هەروەها ٢ نیشانەی خەتی قەڵەمی پێوەیە پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر ناسنامەکەت بکرێت، بەم هۆیانەوە داواکاری گشتی داوای لە دادگا کرد کە زیندانی کاتی بکرێم تاکو لێکۆڵینەوە تەواو دەبێت، دادگاش بڕیاری زیندانی بۆ دەرکردم.

کاتێک من حیسابی ئەوەم دەکرد چۆن لەم زیندانییەر زگارم دەبێت ئومێدی ئەوەشم دەکرد کە ڕاستی ناسنامەکەم دەرنەکەوێت کە ساختەیە، بەڵام لە١٠ یان ١١ مین ڕۆژدا جارێکی تر منیان برد بۆ لای داواکاری گشتی، داواکاری گشتی ووتی لە هیلڤان کەسێک نییە بەناوی ئیبراهیم شەنۆلەوە ڕاستی ئەم مەسەلەیە چییە؟، منیش ووتم لەوانەیە هەڵەیەک ڕوویدابێت پێویستە ئەو ناوە هەبێت، ئەویش ووتی باشە لێکۆڵینەوە دەکەین، دوایش منیان بردە ژوورێکەوە دووجار وێنەم گیرا، ئیتر بیرم کردەوە لە مەودوا ڕاستی ناسنامەکەم ئاشکرا دەبێت وەبیرم لەڕاکردن دەکردەوە، ئاسانترین ڕێگا بۆ ڕاکردن ماشێنی زبڵەکە بوو، زبڵەکانیان دەکردە ناو بەرمیلەوە

و دەیان بردە دەرەوە، دەمویست بچمە ناو ئەو بەرمیلەوەو بچمە دەرەوە، دەستم کرد بە ئامادەباشی، بۆ ئەوەی لەناو بەرمیلەکەدا جێم ببێتەوە دەستم کرد بە وەرزش، بەڵام بەرمیلەکە بچوک و تەنگ بوو، هەر بۆیە بەحەسحەسەکانم ووت کە زبڵەکان زۆرن و بەرمیلەکان بەش ناکەن پێویستە بەرمیلی تر بهێنن، دوای هاتنی بەرمیلی تر لە ڕۆژێکدا چوومە ناو بەرمیلێکەوەو جێی خۆم کردەوە، کەوتمە چاوەڕوانییەوە، دوای ١٠ یان ١٥ خولەکێک هەستم کرد کە تەحەمول ناکەم، ئارەقێکی زۆرم کرد و خەریک بوو لەهۆش خۆم بچم، سەرەرای ئەمەش ٤ کاتژمێر مامەوە و لە کاتژمێر ٤ ی شەو تاکو ٨ ی بەیانی مامەوە، قاچەکانم بە تەواوی سڕ ببوون.

بەیانی کاتژمێر ٨ لەناو بەرمیلەکە بووم و خرامە ناو ماشێنێکەوە، بەڵام نەدەتوانرا لە ڕێگا لەناو بەرمیلەکە بێمە دەرەوە، قاچەکانم سڕ ببون و، سەربازێکی زۆریش لە دەرەوە بوون، بەم شێوەیە تا ڕووباری دجلە ڕۆیشتین، کاتێک ماشێنەکە وەستا و بەگی دانا تێگەیشتم ئەمە دوا وێزگەیە، ماشێنەکە ڕاوەستا و بەرمیلەکانیان داگرت، کاتێک سەرەگەیشتە من لە ترسی ئەوەی ئەگەر بە بەرمیلەکەوە فڕێمدەنە خوارەوە لەوانەیە سەرم بشکێت بۆیە سەرم هێنایە دەرەوە، تەماشام کرد هیچ سەرباز لە چواردەورم نەبوو، لەبەرمیلەکە هاتمە دەرەوە، بەڵام لەولاوە سەرباز هەبوو، لەبەر ئەوەی قاچم و دەستەکانم سڕ ببون نەم دەتوانی لەجێی خۆم بجوڵێم، کاتێکم زانی سەربازەکان خۆیان دایە سەرم، بەم شێوەیە دەستگیرکرامەوە و بردیانمەوە بۆ زیندان.


سەربازەکان هەندێکیان لێدام، ملم ئازاری دەدام، ماوەی هەفتەیەک تەداوی کرام، لە١٩ ی مانگدا سەرۆکی زیندانێکە

ئیفادەمی وەرگرت، بەم شێوەیە قسەم بۆیکرد لە دەرەوە٣ براو خوشک و دایکێکم هەیە، باوەژنیشم هەیە، پێویستە من نانیان بۆ پەیدا بکەم هەروەها سابیقەم نییەو لەگەڵ زیندانیشدا ڕانەهاتووم، بۆیە هەوڵمدا ڕابکەم، نە لە زیندان و نە لە دەرەوەیش کەس یارمەتی نەداوم، من خۆم ئەم کارەم کردووە.

هەڵبەت هەندێ لێدانم خوارد، بەڵام ئیفادەکەیان بەو شێوەیە نووسی کە باسم کرد، دوایش ئیمزام کرد هەروەها پەنجە مۆریشیان کردم.

لە٢١ ی کانونی یەکەم برام بۆلای داواکاری گشتی پێی ووتم مەزڵوم وەرە دانیشە، پێشوو تر لە زیندان پێیان ووتو بوم کە ناسنامە ڕاستێکەمیان دۆزیوەتەوە من بەمە سەرسام بووم، داواکاری گشتی ووتی من پێم ووتیت کە لێکۆڵینەوە لە ناسنامەکەت دەکەین بۆچی ئێمەت سەرقاڵ کرد؟، لەکاتژمێر ٣ تاکو ٥ ی ئێوارە لە بارەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و تورکیا و کوردستانەوە قسەمان کرد، لەو کاتەدا بە زۆر چای و جگەرەیان ئەدامێ ،دەیویست پێم بڵێت کە دەوڵەتانی ئیمپریالیزم بە کارمان دەهێنێت، دەیویست پێم بڵێت لەوەی کردوومە پەشیمان ببمەوە، منیش بۆم باسکرد کە هێزەکانی ئیمپریالیزم و ڕۆژهەڵاتی ناوین دەیانەوێت کورد پێشکەش بکەن بە وڵاتە کۆلۆنیاکان و ئەو دەوڵەتانە بەکار بهێنن، داواکاری گشتی ئەمەی پێ قەبوڵ بوو بەڵام پێم ووتەوە کە یەکێ لە هەدەفەکانی بزووتنەوەکەمان ئەوەیە کە ئەم پیلانانە واڵا بکەینەوە و هەوڵەدەین کە هەوڵەکانیان پوچەڵ بکەینەوە، و ئێمە بەرامبەریان سەرشۆڕ نابین، بە گوێرەی ووتەکەی خۆی کە کۆماری تورکیا بە هێزە و

ئەگەر بێینە سەرباسی سەرکەوتنیشی گوایە ئەگەڕێتەوە بۆ بێ هێزکردنی دەوڵەت لە لایەن ئێمەوە، منیش ووتم بێ لاوازی ئێمە بەواتای بەهێزیمانە پاشقەڕۆیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین وەک میسر و ئیسرائیل و تورکیا و عێراق و وڵاتانی کەنداو ناتوانن بەرامبەر بە خەباتی گەلان خۆیان ڕاگرن، دوایش لە سەر مێژووی عوسمانێکان و شەڕی جیهانی یەکەم و ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕاوەستام، داواکاری گشتی بەردەوام دەیووت کەبزووتنەوەکەمان سوودی بۆ ئیمپریالیزم دەبێت و، سەرکەوتن بەدەست ناهێنین، منیش ووتم کە مرۆڤ مێژووی نوسیوەتەوە و، مێژوو قانوونی تایبەتی خۆی هەیە و نیەتی ئێمە ئەوەیە ئەو قانوونە بگۆڕدرێت و گۆڕانکاری ئەم قۆناغەمان شاهید حاڵی ئەمەیە.




دوای ٢ کاتژمێر دیاربوو داواکاری گشتی بۆی دەرکەوتبوو کە هیچ سودێک نابینێت لەم گەنگەشەیەمان بۆیە ووتی ئێستا مێشکم زۆر ئاڵۆزە بەیانی بەردەوام دەبین.

منی ناردەوە بۆ زیندان.

# چاوەڕێی ئێمە بکە کیبەلە

## خەلیل ئویسال

لەسێیەمین ڕۆژی شەڕەکەدا بووین، دوو ڕۆژ و دوو شەوی ناخۆشمان بەسەر بردبوو، لەو دوو ڕۆژەدا زۆر ماندوو ببوین، نەشمان دەزانی کە چەند ڕۆژی تر دەخاهێنێت، ئەو خواردنەی پێی بوو هەمووی خوارد، بەم شێوەیە برسێتی دەهاتە ئاراوە، بە گوێرەی سێ ساڵی گەریلای بەم ڕەوشانەی دەهاتە ئاراوە نامۆ نەبوو، دەتوانین بڵێین گەریلایەکی خاوەن ئەزموون بوو، دەیتوانی بە سەر برسێتی و ماندوو بوون زاڵ ببێت. ڕاستە خاوەن ئەزموون بوو بەڵام دووەم جاری بوو کە لە هەڤاڵەکانی کەمپەکە جیاببێتەوە، لە گەرمەی شەڕ و پێکدادانا لە هەڤاڵەکانی دابڕا بوو، لە بۆردۆمانی کۆپتەردا خۆیدا بوو بە زەویداو دوایش خۆی گەیاندبۆوە پشت گابەردێک، تەقەیان لە شوێنە کۆنەکەیان کرد بوو جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ئەوەی.

شەڕ هێشتا بەردەوام بوو، سەری بەرز کردەوەب ۆ ئەوەی بزانێت هەڤاڵەکانی لە کوێن، دەیویست خۆی لەو فیشەکانە بپارێزێت کە ڕووی تێدەکردن، نەی دەتوانی بڕیار بدات چۆن خۆی حەشار بدات یان تەقە لە کوێ بکات، لە نێوان ئەوەدا مابۆوە کە تەقەب کات لەوانەیە هاوڕێکانی بپێکێت یان لەلایەن دوژمنەوە بپێکرێت، زۆر بوونی فیشەکەکان کە ڕووی تێدەکردن بواری بۆ نەدەڕەخسان کە سەنگەر بگرێت، توانی پێنج خولەکێک لە ژێر بارینی ئەو هەموو فیشەکانەدا ڕێگا ببڕێت، دوو فیشەک بە پەنا گوێیدا ویزەیان کرد و ڕاوەستا، تەماشای مەخزەنەکانی کرد و تەنها دوو مەخزەنی پڕ و دانەیەکیشیان نیوە بوو واتا ٧٥ فیشەکی پێیە، دوێنێ دوو ڕومانەی بەکارهێنا بوو دوو ڕومانەکەشی کەپێ مابوو بەخۆیەوە بەستی، دوای پشویەک هەستایە سەر پێ، لە نێوان دارەکاندا گوێی لە دەنگێک بوو، ڕووی چەکەکەی لەناو دارەکان کرد و نیشانی گرت، گوێی بۆ

چواردەوری خۆی گرت، دەنگێکی زۆری تەقەو فیشەک لەئارادا بوو بەڵام ئەو تەنها گوێی بۆ دەنگی نێوان دارەکان ڕادێرا بوو، جارێکی تر گوێی لە دەنگی نێوان دارەکان بۆوە، بە گویرەی دەنگی پێ و خۆدانە لە چەک و دەنگی خشەخش ئیتر دڵنیا بوو کە کەسێک لە ناو دارەکاندایە.

بە خۆی ووت ئایا هەڤاڵانن؟ ، هەربۆیە نەیدەویست تەقە بکات، تا دەهات دەنگەکە نزیک دەبۆوە، بەم شێوەیە زانی ڕەوشەکە لە خەتەریدایە، ئیتر هێواش. . هێواش دەیتوانی تارمایەکە لە نێوان دارەکاندا ببینێت، سەربازێک بەخۆی و چەکەکەیەوە لێی نزیک دەبۆوە، سەربازەکە هێشتا ئەوی نەبینیبوو، توانی بێری سەربازەکە ببینێت، سەربازەکە سەری بەرز کردەوە ئەوی بینی و ئەم زوو تر هاتەدەست و فیشەکێکی نا بەسنگێوە و سەربازەکە بەلادا هات، تەقەی لە ناو دارەکان کرد، لە ناکاو سەدەها فیشەک ڕوویان تێکرد و هەموو ئەمانەش لە ماوەی چەند چرکەیەک ڕوویاندا.

وەک ئەوەی بیری لێکردبۆوە کەوتبووە ناو گروپێکی سەربازی دوژمنەوە، ڕاستەوخۆ بازی بەسەر بەردەکەی بەردەمی داو بە تەواوی کەوتە ناو دارەکانەوە، هێشتا فیشەکێکی زۆر ڕوویان تێدەکرد، چەند هەنگاوێکی ناو تەقلەیەکیدا، چەند جارێک کەوت، بەسکە خشکێ هەندێ ڕۆیشت و گەیشتە بن گابەردێک، خۆی حەشاردا ، لەو کاتەدا شتێک ڕوویدا، خۆڵی ژێر پێی ترازا و بەچەکەکەیەوە پانزە مەترێک کەوتە خوارەوە، کەوتەسەر خاکێکی ڕەق، تاماوەیەک لە شوێنی خۆی مایەوە، پێی وابوو کە هەموو گیانی شکاوە، کە هەستی کرد هیچ شوێنێکی نەشکاوە تەماشایەکی ئەو شوێنەی کرد کە لێی کەوتە خوارەوە، هێشتا دەنگی تەقە بەردەوام

بوو، هەستی کرد کە پێویستە لەو شوێنە دەربچێت چونکە ئەو شوێنەی لێیەتی دەبووە هۆی شەهید بوونی، تەماشای چواردەوری کرد هیچ شوێنێکی پێ پەیدا نەکرا کە خۆی لێ حەشار بدات، بۆ یەکەم جاری بوو بکەوێتە شوێنێکی ئاواوە و بێچارە بمێنێتەوە، هەر لە پڵنگێکی دەکرد کە کەوتبێتە ناو داوی ڕاوچیەوە، لەو شوێنەی تێی کەوتبوو دەبوایە چاوەڕێی سەربازی دوژمنی بکردایە و کە هاتنە سەری تەقەی لێدەکردن و خۆشی دەکوژرا.

بیری کردەوە کە نابێت چارەنووسەکەی بەم شێوەیە بێت، چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد کە دەبوایە بەو شێوەیە شەهید ببێت، بەردەوام بیری لە شەهید بوونێک کردبۆوە کە لە شەڕ و پێکدادانندا شەهید ببێت نەک بەو بێ چارەییە، دەبوایە لە کاتی هێرشکردندا فیشەکێک لە سنگی بدرایەو شەهید ببێت، لە ناو چاڵەکەدا دانیشت و چەکەکەی لەسەر کۆشی دانا، پەڕۆی چەک پاککردنەوەکەی لەگیرفانی دەرهێنا، چونکە لە کاتی کەوتنیدا چەکەکەی زەرەری پێگەیشتبوو، هەروەکو جارانی کە پێی ڕاهاتبوو دەستی کرد بە پاککردنەوەی چەکەکەی، چەک هەموو شتێکە بۆ گەریلا، گەریلا تەنها خاوەن چەکی دەستی خۆیەتی، لە نزیکیەوە دەنگێک پەیدا بوو دەنگێکی نەرم دەنگی کچ بوو، گوێی بۆ ڕاگرت، تەماشای چواردەوری کرد کەسی نەبینی، جارێکی تر دەنگەکە پەیدابۆوە بانگی ئەوی دەکرد، هەستایە سەر پێ، سەری سووڕمابوو نەی دەزانی چی بکات، نەی دەزانی ئەم دەنگە لە کوێوە دێت، بە گوێرەی تەخمینی خۆی بەرە و ئەو شوێنەی دەنگەکەی لێوە دەهات یەک دوو هەنگاوی نا، لەولای چاڵەکەی ئەوەوە کونێک هەبوو بەرەو کوونەکە ڕۆیشت و خۆیکرد بە کوونەکەدا، کوونێکی درێژ و تاریک بوو، بە شێوەیەکی

ووریاو لە سەرخۆ کونەکەی دەبڕی، کونەکە کۆتاییەکەی ژوورێکی بچوک بوو بەڵام چۆڵ بوو، جارێکی تر دەنگەکە بانگی لێکردەوە، ڕووی لە کوونێکی تری ژوورەکە کرد چووە کونەکەی ترەوە، خۆیشی نەیدەزانی بۆ کویێ دەچێت، بیری لە هەڤاڵانی دەکردەوە کە چیان بەسەر هەتووە ئایا جارێکی تر چاوی پێیان دەکەوێتەوە؟، لەگەڵ ئەم بیرکردنەوانەدا گەیشتە کۆتایی کوونەکە، ژوورێکی گەورەی بینی، لە ناوەڕاستی ژوورەکە کچێک دانیشتبوو کە پشتی لێوە بوو، لە شوێن خۆی ڕاوەستا بیری دەکردەوە کە ئەم ژنەکاری چییە لێرە؟، هاتە بەردەم ژنەکەو ژنەکەش پێی ووت بەخێر بێیت وەرە دانیشە دەمەوێت بتبینم.

لەسەر ئەژنۆ لەبەردەم ژنەکە دانیشت، بیری لەوە دەکردەوە کە ئەم ژنە ئازار دەچێژێت، فرمێسک لە چاوانی دەهات و لێوەکانی دەلەرزین، جارناجارێک دەستی دەکردەسەر سکی، ژنەکە لە حاڵەتی منداڵ بووندا بوو، سەرەرای ئەوەی لە ڕەوشێکی ناخۆشدا بوو ئازاری هەبوو بەڵام هێشتا زۆر جوان بوو، قژ ڕەش و چاو ڕەش و هەموو جوانێکانی شەو لەم ژنەدا شاردرا بۆوە.

بیری کردەوە کە ئەم ژنەگەنجە، دەموچاوی هیچ لۆچی تێدا نەبوو، لە ژیانیدا جوانترین ژنی بینی بووبێت ئەم ژنە بووە.

ژنەکەلێی پرسی تۆ کێیت؟ . من ناوم مەتینە و گەریلام. لەکام ساڵداین؟ . حوزەیرانی ١٩٩٧. کەواتە ئەوەندە کات بەسەر چووە، چەنێک بە خێرایی کات بەسەر چوو.

مەتین قژ و ڕیشی و دەمووچاوی لەناو خۆڵ و تەپوتۆزدا بوو، چەندین ڕۆژ بوو تەراشی نەکرد بوو زۆر چڵکن بوو، یەخەی کراسەکەی ڕەش هەڵگەڕابوو.

ژنەکە پرسیەوە دەزانیت من کێم؟ . نەخێر. من کێبەلەم کێبەلالالا.

ئەم ناوەی لە کتێبی مێژوو بیستبوو، ئەو ژنە ناودارە کەواتە ئەو خوداوەندە ژنەی مێزۆپۆتامیا ئەمەیە.

ژنەکە ووتی زاپ چۆنە هێشتا بە هەموو جوانێکەیەوە ئاوەکەی هەر خوڕەی دێت، هێشتا تەماشای ئەو عاشقانە دەکات کە لە کەنارەکەیدا دادەنیشتن، هێشتا شاعیرەکان ئیلهام لەوەوە وەردەگرن بۆ شیعر نووسینیان، کچ و کورەگەنجەکان لە ناویدا خۆیان دەشۆن؟ ،باسی زاپم بۆ بکە.

وەڵامی نەدایەوە، چۆن دەیتوانی بۆی باس بکات کە شەڕی گەورە لە زاپ هاتۆتە ئاراوەو مرۆڤ کوژراوە و ئاوی زاپ سوور هەڵگەڕاوە بە خوێن، نەی توانی وەڵامی بداتەوە.

ژنەکەت هماشای کرد و ووتی لە جەنگاوەر دەچیت، دانیشتن و هەڵوێست و تەماشات هەر لە جەنگاوەر دەچێت، دیارە ئەوەی دەستت چەکە، دیارە تاکو ئێستاش شەڕ بەردەوامە.

فرمێسکی چاوەکانی زیادیان کرد، ژنەکە پێوەی دیار بوو کە لە ناو ئازارێکی زۆردایە، هەندێجار سەری بەرز دەکردەوە و تەماشای بنمیچەکەی دەکردو دوایش تەماشای مەتینی کرد، مەتینیش دیواری بێدەنگی بەزاند و ووتی تۆ دووگیانیت؟ . بەڵێ. منداڵت دەبێت. بەڵێ. ئازارت زۆرە؟. بەڵێ. ماوەی چەنێکە دووگیانیت؟ . ٦ هەزار ساڵە.

مەتین سەری سوورما هەڵوێستەیەکی کرد چۆن دەبێت شەش هەزار ساڵ ژنێک دووگیان بێت، باشە چۆن تەحەمولی ئەم هەموو ئازارە دەکات، ئایا چۆن ٦هەزار ساڵ بێ خەو بەوشێوەیە بەو ماندووبونەوە بژێت؟ .

مەتین پرسی باشە بۆچی؟.

کێبەلە بەشێوەیەکی جوان ڕووی تێکرد و فرمێسکی چاوانی ڕاوەستان و بە دەنگێکی پڕ واتا کەوتە قسەکردن و ووتی ئازاری من ئازاری مرۆڤەکانە، ماندوبونیم و بێ خەویم بۆ مرۆڤەکانە، چاوەڕێ دەکەم. . چاوەڕێی دونیایەک دەکەم کە مرۆڤی پاکی تیابێت، منداڵەکەم بۆ ئازادی مرۆڤایەتی دەهێنمە دونیاوە، هەموو ئازارەکانم بۆ ئەمانەیە ماوەی ٦ هەزار ساڵە لەم ژووره تاریکە هەر بۆ ئەم ئامانجانە چاوەڕێ دەکەم، چاوەڕێی تەواو بوونی شەڕ دەکەم، بەڵێ دوای کۆتایی شەڕ منداڵەکەم دەهێنمە دونیاوە.

مەتین هیچی پێ نەدەوترا دوای بیرکردنەوەیەکی کورت هەڵیدایەو ووتی شەڕ بەردەوامە.

کێبەلەوەک ئەوەی ئازارێکی زۆری هەبێت سەری بۆ دواوە بەرزکردەوە، فرمێسک لە چاوەکانی بارین و ووتی من وام زانی تۆ ئەو کەسەی کە مژدەی تەواو بوونی شەڕت پێیە، کەواتە بەردەوام دەبم لە ئازار چێژتن، شەوانی بێ خەویم بەردەوام دەبێت چاوانم هیچ داناخرێن، نازانم چەنێک دەخایێنێت.

بێ دەنگ بوو، جارێکی تر سەری شۆڕکردەوە و فرمێسکەکانی لە ڕوومەتیەوە دەکەوتە سەر زەوی تێکەڵ بە خاک دەبوون، مەتین چەکەکەی هەڵگرت و هەستایە سەر پێ، مەتین پرسی چۆن دەتوانم لێرە دەرچم؟.

مەتین نەیدەویست بەو هەموو ئازارەوە بەتەنیا جێی بهێڵێت، دەبوایە لەژێر ئەو خاکە جێی نەهێشتایە، کێبەلە بەدەستی شوێنێکی نیشاندا، ئینجا مەتین لەکێبەلە نزیک بۆوە دەستەکانی گرت کە بەسکیەوەی نابوو، لەوی دەڕوانی، دەستەکانی بردەوە بۆ لێوی، لەو

دەستانەدا هەست بە٦ هەزار ساڵی لاوێتی دەکرد، خوداوەند کێبەلە هەر دەستێکی سێ جار ماچکرد و ووتی چاوەڕێی ئێمە بکە کێبەلە.

دوایش خێرا چوو بەرەو ئەو کوونەی ئیشاراتی بۆ کرد بوو، کاتێک گەیشتە بەردەم کونەکە جارێکی تر گەڕایەوە، تەماشای کێبەلەی کرد و ژنەکە سەری بۆ سەرەوە هەڵبڕی بوو دەگریا، ئازارێکی زۆری دەچێشت.

چووە کونەکەو لەو کوونانەی لەبەر دەمی بوون بە خێرایی لێی تێدەپەڕی، دوای ١٥ خولەک تیشکی خۆری بەدیکرد، خێراتر بوو گەیشتە کۆتایی، تیشکی خۆر ئازاری چاوەکانیدا، نەی دەزانی کە ماوەی چەنێک لەو ژوورە ماوەتەوە، ئایا هەموو ئەمانە ئەبێت خەیاڵ بووبێت، گوێی لە بیستنی دەنگی تفەنگ بوو، کۆپتەری کۆبراکان بە ئاسمانەوە بوون، شەڕ هێشتا بەردەوام بوو.

تەماشای خوارەوەی کرد ئاوی زاپ خوڕەی دەهات.

بیری لەک ێبەلە کردەوە، ئەم ڕستەیەی دووبارە کردەوە.

کێبەلە چاوەڕێی ئێمە بکە.



# گەریلایەک ١٩ ساڵ لەشاخ

## شەهید عادل

**سەعید ئەڤران**

شەهید عادل بەلیک لەساڵی ١٩٨٧ بەشداری ناو ڕیزەکانی گەریلای بووە، دوای دوو ساڵ دەکرێت بە فەرماندە، بە گوێرەی ووتەی خۆی شەهید عادل لە ماوەی ١٩ ساڵی خەباتیدا ئازارێکی زۆری چێشتووە و شان بە شانی قارەمانەکانی تری ئەم گەلە لە ناو ڕیزەکانی تەڤگەردا خەباتێکی دژواری کردووە هەروەها دەڵێت ئەم شاخ بڕین و ماندووبونە لە پێناو ئازادی بۆ گەل و ڕێبەری کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی کوردستان ڕێبەر ئاپۆیە.

شەهید عادل لە ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی بەلیکی سەر بە چیای جودی هاتۆتە دونیاوە، دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی لە بۆتان بەشداری ناو ڕیزەکانی گەریلا بووە، هەڵبەت بۆ بە بوونی بەگەریلا چووە بۆلای ئەو گەریلایانەی کە لە چیای جودی بوونە، لەگەڵ بوونی بە گەریلا لەساڵی ١٩٨٧ دا زۆربەی کاتەکانی لە هەرێمی بۆتان بەسەر بردووە هەروەها لە بادینان و زاگرۆس و قەندیلیش ماوەتەوە.

شەهید عادل ناوی ئەم بزووتنەوەیەی لە ساڵی ١٩٨٥ بیستووە و ئەو سەردەمە لەبەر ئەوەی منداڵ بووە نەیان کردووە بە گەریلا، لەو سەردەمەدا ئەوحاڵی بووە کەشتێک بەرامبەر بە کوردستان و کورد دەکرێت و لە هەمانکاتدا بەشێکی خەڵکی هەرێمی بۆتان لایەنگری پدک بوونە لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمە پدک دژ بە ڕژێمی مەرکەزی عێراق لە جەنگدابوونە، لە بارەی هاتنی پەکەکەوە بۆ ناوچەی شڕناخ و کاریگەریان بە سەر خەڵکدا لەم بارەیەوە ،شەهید عادل دەڵێت : بەسەر خەڵکی بۆتانەوە کاریگەری پارتەکانی باشوری کوردستان هەبوو، لە ساڵی ١٩٨٥ هێواش، هێواش گروپی ئاپۆجی هاتنە ناوچەکانی شڕناخەوە، ئەو سەردەمە بۆ یەکەمجار

گروپێکی گەریلام بینی، ئەم گروپەلە٧ هەڤاڵ پێکهاتبوون، هەڤاڵان ئەردال و مستەفا یۆندەم و سەعادەت لەساڵی ١٩٨٥ لەڕ ووباردا شەهید بوون و، هەڤاڵ عەگید ئەو سەردەمە لەناو ئەم گروپەدا بوو، ئەوکاتە من ئەوانم نەدەناسی کە کێن، بۆ یەکەمجار شەهید مستەفا یۆندەمم لە نزیک گوندەکەمان بینی و لە گوندی مەلاخەیری دەیانووت کە خەبات لە پێناو کوردستان و کوردا دەکەن و باسی لە شۆڕشی ئاپۆجی دەکرد لە باکوری کوردستان، بەم هۆیەوە هەندێ یەکتر ناسین هاتە ئاراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە تەمەن بچووک بووین زۆر بە باشی لە قسەکانیان حاڵی نەدەبووین، لە ساڵی ١٩٨٦ هەندێ چالاکی لە چواردەوری شڕناخ هاتە ئاراوە، ئەم چالاکیانە بوون بە هۆکارێک کە گەل ناوی ئاپۆجی و چالاکێکانیان گوێ لێببێت.

شەهید عادل کە باس لە چالاکیەکانی چواردەوری شڕناخ دەکات باس لەو هەڤاڵانە دەکات کە لە گەڵی بوونە وەک شەهید ڕەحیم کە لە هێرشی سەر بارەگای بەزەلە لە ساڵی ١٩٩١ شەهید بوو هەروەها شەهید ئۆرهان کە لە چالاکییەک لە دێرسیم شەهید بوو هەروەها چەند هاڤاڵێکی تر کە تاکو ئێستاش هەواڵیان نازانێت، شەهید عادل دەڵێت کە هێشتا منداڵ بووم کاتێکم زانی، بووم بە فەرماندەی چیای جودی.

**ئەو لە بیری نەماوە چەند جار بریندار بووە.**

شەهید عادل منداڵێکی لاساری شاخی و دوایش بوو بە فەرماندەی چیای جودی لەم بارەیەوە دەڵێت بە درێژایی ١٩ ساڵی خەباتی لە یادی نەماوە کە چەند جار بریندار بووە، هەڵبەت برینداری سووکی هیچ بەژمارە حیساب نەکردووە، ئەوەی کە حیسابی بۆ بکات تەنها

ئەو برینە قوڵانەیە کە باسیان لێوە دەکات وەک بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٩ لە چیای جودی بە سەختی قاچی پێکراوەو بریندار بووە، شەهید عادل دەڵێت برینداری سەختم لە ڕاستیدا لەساڵی ١٩٩٢ لە چالاکی لێدانی بارەگای ڕەشینە بە سەختی بریندار بووم، لەم چالاکییەدا ئەم بارەگایە دەگیردرێت و هەموو هەڤاڵان دەچنە بارەگاکەوە، هەڤاڵ عادل دەڵێت کاتێک دەیەوێت بچێتە ناو بارەگاکەوە بەسەختی بریندار دەبێت و لەبەر ئەوەی برینەکەی سەخت بووە هەڤاڵان منیان بردە پەنایەکەوە و لەناو خۆیان قسەی ئەوەیان دەکرد لەوانەیە شەهید ببم، دەیانووت با لە شوێنێک داینەین و بەجێی بهێڵین، شەهید عادل دەڵێت زۆر بە سەختی بریندار بووم، هەڤاڵان زۆر بە زەحمەت منیان لەب ارەگاکە دوورکردەوە، زاتەن بارەگاکە گیرابوو، سەرەتا هەڤاڵان لە بەینی خۆیان قسەی ئەوەیان دەکرد کە من بەجێبهێڵن، ماوەی کاتژمێرێک لەو شوێنەی منیان دانابوو مامەوە، بەڵام هەڤاڵ فازیل ،سوور بوو لەسەر ئەوەی کە منیش لەگەڵ خۆیاندا ببەن، دوایش بە قسەیان کردوو منیان لەگەڵ خۆیاندا برد.

دواتر لەساڵی ١٩٩٠ جارێک بریندار بووە هەروەها لەساڵی ١٩٩٣ ش بریندار بووە، شەهید عادل دەڵێت ئەوەی لەبیرم بێت تاکو ئێستا چوار جار بە سەختی بریندار بوومە.

**بۆتان بوو بەلانەی گەریلا.**

بۆ دەست پێکردنی شەڕی بزووتنەوەی ئازادی کورد بۆتان بە بناغەوە رگیراوە و سۆسیۆلۆگی جوغرافی و هۆکاری کولتوری لە بارەی جوغرافێکەیەوە هەربۆیە سوپای تورک کاریگەریەکی ئەوتۆی

نەبوو لێرەدا هەروەها بۆتان خاوەن مەڵبەندیەکی تایبەتی خۆیەتی و لەبەر ئەوەی چوارلا بەیەکەوە دەبەستێت بەستنەوەی ئەم چوار پارچەیە بەیەک پارچەیی هۆکاری سۆسیۆلۆگی جوگرافیەکەی شەهید عادل بەم شێوەیە دەهێنێتەزمان هەرێمی بۆتان لە هەموو ڕوانگەیەکەوە خاوەن بوارێکی بەرفراوانە، بۆتان زۆر ئاسیملە نەبووە وڵاتپارێزی گەل ئێرەی پاراستووە، لە یادمە لە هەرێمی بۆتان کەسانێکی زۆر کەم دەچوون بۆ سەربازی، هێشتا کەپیتالیزم نەگەیشتبووە بۆتان، گەلی بۆتان بە چاوێکی جیاوازەوە لە دەوڵەت دەڕوانن، کاتێک هەرکەسێک کە دەبێت بە سەرباز بە چاوێکی تر لەدەوڵەت دەڕوانن، هەڵبەت تەڤگەرەکەشمان ئەمەی دەزانی، سەرۆکایەتی لێکۆڵینەوەی لەم بارەیەوە کردبوو، ئۆتەریتەی دوژمن بەسەر ناوچەکەوە کەم بوو هەروەها ناوچەکانی بۆتان بۆ ژیانی گەریلا زۆر گونجاوە، هەربۆیە گەریلا بە شێوەیەکی زۆر خۆیان دایەسەر ئەم هەرێمە و بوو بە بنکەی شەڕی چەکداری، ئەم هەرێمە بوو بەلانەی نوێی گەریلا، هەڵبەت گەلی بۆتان لەبارەی ڕەوشی کۆمەڵایەتیانەوە گەشەیان نەکرد بوو بەڵام لە بارەی کورد بوون و وڵاتپارێزیەوە، بوون بە پارێزەری کولتورێکی نوێی کوردی.

شەهید عادل سەرنج دەکاتە سەر ئەوەی کێ بە دەسەڵات بێت لە بۆتان بەواتای ئەوەدێت کە حوکمی کوردستان دەکات، هەربۆیە بۆتان بۆ گەریلا و شەڕی ئازادی بوو بە مەڵبەندێکی گرنگ.

**خوێنی شەهیدان بۆتانی کرد بەبۆتان.**

شەهید عادل١٩ ساڵ گەریلا بووە، زۆربەی کاتی گەریلایەتی لە هەرێمی بۆتان بە سەر بردووە، پێی وایە ئەگەر ئاوڕ لە ڕابردوو

بدرێتەوە دەردەکەوێت کەچی بۆتانی کردووە بە بۆتان، شەهید عادل دەڵێت کە ئەوەی بۆتانی کرد بە بۆتانی ئەمڕۆ ئەو شەهیدانەیە کە لەڕێی ئازادی گەل و نیشتیمانیدا لە ناو ئەم تەڤگەرەدا هاتە ئاراوە هەروەها دەڵێت شەهیدێکی زۆری قارەمان جێی پەنجەیان هەیە لەگ ۆڕینی هەرێمی بۆتانداو وەکو بزووتنەوەش زۆربەی شەهیدان لە هەرێمی بۆتاندا هاتۆتە ئاراوە، شەهید عادل بەم شێوەیە لەم بارەیەوە دەدوێت شەهیدانمان بۆتانیان کرد بە بۆتان، وەک ژمارەش زۆرترین شەهید لە هەرێمی بۆتان هاتە ئاراوە هەروەها بە نرخترین هەڤاڵانمانیش هەر لە بۆتان شەهید بوون، ئەگەر ئەمڕۆ بۆتان بووە بە مەڵبەندی گەریلا و کوردستان و ئەگەر ئەمڕۆش قەدەری ئەم شەڕەمان دیاری کرابێت لەسایەی خوێنی شەهیدە قارەمانەکانمانەوەیە.

شەهید عادل ناوی چەند هەڤاڵێکی قارەمانی دەهێنێتەزمان کە لە بۆتانەوە سەریان هەڵداوە وەک ئەحمەد رەپۆ و پڵنگ کەچی و شەریف پێرتی و ڕۆژهات هەروەها یەکێکی تر کە ناوی جومعە بەلیکییە، ئەم هەڤاڵ جومعەیە هاوگوندی شەهید عادلە و لەبارەیەوە هەڤاڵ عادل بەم شێوەیە باس لە هەڤاڵ جومعە دەکات و دەڵێت: هەڤاڵ جومعە بەلیکین هاوگوندیمە و من خاڵۆی ئەوم، لە ساڵی ١٩٨٨ بوو بە گەریلا، دەیویست بچێت بۆ سەربازی بەڵام پێش ئەوەی بڕوات هات بۆلای من، لە چیای جودی یەکترمان بینی، دەیویست پەکەکە بناسێت، دەیویست بزانێت کە پەکەکەش وەک پارتەکانی ترە یان نا، وەلەم بارەیەوە کۆمەڵێ پرسیاری کرد، هەندێ گەنگەشەمان کرد و قەناعەتی هێنا، کە گەڕایەوە بۆ گوند دوای دوو ڕۆژ گەڕایەوە و بوو بە گەریلا، خاوەن ژن بوو، ژنەکەی بەجێهێشت،

هەڵبەت هەڤاڵ جومعە نەخوێندەوار بوو، ماوەیەک لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی پەروەردەی بینی، لە شەڕی باشوردا لەهەفتانین بوو، یەکێ لەو هەڤاڵانەی کە دەورێکی بەرچاوی بینی بوو هەڤاڵ جومعە بووە، ئەو بەڵێنانەی دای بەسەرۆک تا دوا هەناسەی پێوەی گرێدراو مایەوە، هیچ کاتێک بە چاوێکی نزم لە کەسی نەدەڕوانی، سەدەها کەسی پابەند بە پارتەوەک رد، کۆمەڵە هەڤاڵێک کاتێک بێ وورەبوون لەگەڵ شەهادەتی هەڤاڵ جومعەدا وورەیان کەوتەوە بەرجەستە.

هەڤاڵ عادل دەگێڕێتەوە کە زۆربەی ئەو کەسانەی لە بۆتانەوە بەشداری ناو شۆڕش بوون زۆربەیان بەهۆی کوردبوون و وڵاتپارێزیانەوە بووە، لە پێشودا خەڵکی بۆتان بەشێکیان لایەنگری پدک و بەشێکیان لایەنگری ینک بوون، بەڵام دوای گەشەسەندنی بزووتنەوەی پەکەکە گەل ڕوویان لە پەکەکە کرد.

**بۆتان خاوەن مێژوویەکی پڕ بە ئازاری.**

هەڤاڵ عادل کە لە جودی بوو بە گەریلا و هەر لەوێش گەیشتە پلەی فەرماندەیی و نیوەی زیاتری تەمەنی لە چیاکانی بۆتان بردۆتەسەر و هەربۆیە دەڵێت بۆتان مێژوویەکی پڕ بە ئازاری هەیە، چی لە پێش بزووتنەوەی ئازادی گەلی کورد یان دوایش گەلی بۆتان ئازارێکی زۆریان چێشتووە، هەرچەندە گەلی بۆتان دڵخۆش نەبوونە بەڵام هەستیارێتی و بەرپرسیارێتیان بەرامبەر بە ئازادی بوونیان هەمیشە دانیان بەخۆیاندا گرتووە.

هەڤاڵ عادل پێی وایە کە ئەو لاوانەی کە لە بۆتانەوە بەشدار بوونەو لە شەڕدا شەهید بوونە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتپارێزی گەل و گەلیش ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە و تاکو ئێستاش

بەردەوامن، لەم بارەیەوەهەڤاڵ عادل دەڵێت ئەم ناوچەیە نارەحەتیەکی زۆری چێشتووە، لە کەسایەتی ئەو هەموو شەهادەتە گەلی بۆتان ڕۆڵیان بینیوە، لە٪٧٥ ی گەل ئەوەی لەدەستیان هاتووەب ۆ ئەم بزووتنەوەیان کرد، گوندەکانیان سوتێنرا و چۆڵکرا، هەموو شتێکیان لە چاو گرت، لەوانەیە کەسانێکی زۆر هەموو ئەم شتانە نەزانن، هەر خێزانێکیان خاوەن شەهیدن یان کوڕیان گەریلایە، زۆربەی گوندەکانیان وێران کراوە هەروەها زۆر کەمیان هەیە کە ئازاری زیندانی نەچێشتبێت، لە مێژووشدا بۆتان مەڵبەندی سەرهەڵدان بووە، ئەو سەردەمە عەشیرایەتی بوو، لە سەرحەتەوە تاکو بتلیس و ئامەد هەمووی بەب ۆتان لە قەڵەم دەدرێت، بۆتان خاوەن کوردپەروەریەکی تایبەتە هەربۆیە تاکو ئەو دیوی سوریاش بەردەوامییان داوە بە پەیوەندی نێوانیانی گەلی ئەودیو و ئەم دیو.

**گەریلا کچە گەنجەکان کاریگەریان کردەسەر خەڵکی بۆتان.**

هەڤاڵ عادل لەبارەی هاتنی گەریلا بۆ هەرێمی بۆتان دەڵێت سەرەتا گەل کەوتونەتە چاودێریانەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت ئەو سەردەمە گەل ئەم تەڤگەرەی لە ڕێی سەرۆکایەتی و ئەو کەسانەی هاتبوونە ناو گەلەوە دەناسی، بۆ نمونە هەندێ هەڤاڵی گەنجمان هەبوو زەحمەتیەکی زۆریان چێشت تاکو ئامانجی ئەم بزووتنەوەیە حاڵی بکەن بۆ گەل، تەنانەت هەندێ لە دایکان پێیان دەووتین ئێوە منداڵن نازانن دەموچاوی خۆتان بشۆن چیتان پێدەکرێت بۆ ئێمە هەروەها بەشداربوونی هەڤالانی کچ لە ناو تەڤگەردا کاریگەرییە زۆر کردە سەر گەلی بۆتان بوونی هێزی گەریلا لەم هەرێمەدا و شەڕکردنی کچ و کوڕ لەیەک سەنگەردا کاریگەریەکی زۆری کردە

سەر گەل، هەربۆیە بزووتنەوەی پەکەکە بە پیرۆز بینرا، شێوازی ژیانی گەریلای کچ و کوڕ کاریگەری خۆی دروست دەکرد، ئەم ڕەوشە باوەڕی بۆ گەل دروست کرد، هۆکاری ئەم پێشکەوتن و گۆڕانکارییەش گەنجان بوون، ئەگەر لەسەر شێوازی عەشیرەتیش بێت بەهۆی بوونی هەڤاڵانی کچ کەسێکی زۆر بەشداری ناو ئەم تەڤگەرە بوون، گەنجەکان بە یەکترییان دەووت خوشکەکانمان لەو چیایانە شەڕ دەکەن چۆن دەبێت ئێمە لە ماڵەوە دابنیشین، زۆربەیان بەو بیرکردنەوە هاتنە ناو شۆڕشەوە، هەڵبەت زۆربەیان نەچوبونە قوڵایی ئایدۆلۆژیای پارتەوە، ئەم ڕەوشە وای لێهات لەگەڵ بە سەرچونی کاتدا بەپارتەوەز یاتر گرێدران.

**شەڕ دەژێنرێت.**

هەڤاڵ عادل زۆر زەحمەتی دەچێژێت لە گێڕانەوەی ئەو هەموو شەڕەی کە بەشداری تێداکردووە، هەربۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت شەڕ ناگێڕێتەوە بەڵکو دەژێنرێت، لەبارەی ١٩ ساڵی گەریلا بوونی لەناو ئەو هەموو شەڕانەدا تەنها لە ئۆپەراسیۆنەکانی ساڵی ١٩٩٨ زەحمەتیەکی زۆری بینیوە، لە ناو ژیانی گەریلادا شەڕ و زەحمەتی گەلێک زۆرن لەم بارەیەشەوە هەڤاڵ عادل دەڵێت: ئەو شەڕەی لە ناویداین شەڕێکی هەروا هاکەزایی نییە، هەڵبەت هەموو شێوازەکانی شەڕ ناهێرێتەزمان، ئازار و زەحمەتیەکانی گەلێ زۆرن، یەکێ لەوانە سەردەمی گەلەکۆمەنێودەوڵەتیەکان بوو لە سەر سەرۆک کە لە ئاکامدا لەساڵی ١٩٩٨ لە بۆتان هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ لەناودانی هێزی گەریلا دەست پێکرد، بە درێژایی مانگی ئادار و نیسان هێرش بەردەوام بوو، لەم هێرشانەدا هەڤاڵانی زۆر بەنرخمان شەهید

بوون، لە١١ ی نیسانی ساڵی ١٩٩٨ لە بۆتان هێرشی زۆر بەرفراوان هاتەئاراوە، ١٩ ساڵە لە ناو ئەم تەڤگەرەم، بەڵام تەنها ئەو ساڵەب هرامبەر بە هێرشەکانی دوژمن زەحمەتیم چێشتووە، کێشە تەنها شەهید بوون نییە، لەو کاتانەدا زۆر جار ووتومە خۆزگا ئێستا شەهید دەبووم، بەڵام ئەمە دادت نادات، لەوانەیە وەک کەسایەتی ڕزگارت بێت تەنها و تەنها خەباتی تەڤگەر دادت ئەدات، لەبەر ئەوەی بەرامبەر بەم تەڤگەرە بەرپرسیارێتیت لە شانە، هێرشێکی زۆر لەسەر کەسایەتی سەرۆک لە ئارادایە، پێویستە ببینە وەڵام دەرەوەی هەموو ئەمانە، ئێمە لەوە چڕ دەبوینەوە کە چۆن دەتوانین ببین بەوەڵام دەرەوەی هەموو ئەمانە، لە هەمانکاتدا کە وەڵامی ئەم پرسەش نەبێت، بە واتایەک ناڕەحەتیەکی زۆرم چێشت کە ئەم کۆمپلۆیانەم پوچەڵ نەکردۆتەوە هەروەها شەهادەتی هەڤاڵ زەلال لەگەڵ ٩ هەڤاڵدا کەتا دوا دڵۆپی خوێنیان شەڕیانکرد ئەمە منی زۆر ناڕەحەتکرد، ئەو ساڵە ئەو ساڵەیە کەنارەحەتیەکی زۆرم چێشت، بە درێژایی بەهاری ئەو ساڵە بەردەوام لەناو شەڕدا بووین، لەبەر ئەوەی شەهادەتمان زۆر بوو، زەحمەتی ئەو ساڵە و شەهادەتی ئەو هەڤاڵانە زەحمەتی بۆ من دروستکرد هەر بۆیە دەڵێم نەدەبوو ئێمە وامان بەسەر بهاتایە.

**لەخەیاڵی خۆیدا دەیەوێت لەباکور گەریلایی بکات.**

سەرەرای ئەوەی زۆربەی ژیانی گەریلای لە باکور بردۆتە سەر هەڤال عادل هێشتا لە خەیاڵیدا دەیەوێت لە باکور گەریلای بکات، هەڤاڵ عادل هەرچەندە ئاواتی ئەوەبووە کە لە باکور گەریلا بێت بەڵام گەورەترین ئاواتی ئازادی ڕێبەر ئاپۆیە، هەڤاڵ عادل خاڵی

گرنگی ١٩ ساڵی گەریلابوونی بەم شێوەیە دەهێنێتەزمان ئاواتی یەکەمم ئەوەیە کە بچم بۆ باکوری کوردستان، بەڵام ئامانجی گەورەم ئازادی ڕێبەر ئاپۆیە، بۆ نمونەهەندێ جار لەناوخۆماندا گاڵتەدەکەین و دەڵێین ڕاستییەک هەیە کە ئەویش کە بۆ شۆڕشگێڕ ساڵ هەژمار ناکرێت، ئەو قۆناغەی تیای دەژین لە هەمبەری خەبات دەکەین، مەسەلە تێپەڕانی ساڵ نییە، بەڵام هەندێ ساڵ هەیە کەمۆری خۆی لە قۆناغەکان دەدات، لەو ساڵانەش زۆرن، ئەو ساڵانەی کە مۆری خۆیان لەقۆناغەکان دەدات دەبێت ببن بە شایەنی سەرۆک، یەکەم کەس کە قەرزاری ڕەوشی سەرۆک بێت منم، ئەوەی پێویست بوو لە سەرۆکەوە وەرمگرت، منیش تاکو ئەمڕۆ ئەگەر کەموکوڕیشم هەبوو بێت لەهێڵی بۆچونەکانی سەرۆک بەڵام هیچ کاتێک لەناو تەرەددودا نەژیاوم، بەبێ چاوپرۆکاندن کارم بۆیکردووە و لەمەودواش بەردەوام دەبم، لە ساڵانی داهاتودا ئەوەی پێویستە بێت بە گوێرەی هێڵی سەرۆک هەروا دەکەم، گەورەترین ئامانجم وەک گەریلایەک وەک فەرماندەیەک لە بۆتان چی لەئاستی سەربازی و چی لە ئاستی شێوازی ژیانکردن بوون بە نوێنەری پاراستنی هێڵی سەرۆکە، ئەمەش هەدەفی بنگەیی منە.



# له بێستاوه بەرەو هەککاری

سالّی ۲۰۰۱

**دەلیل فورات**

بێستا کەوتۆتە نزیک شارۆچکەی شڕناخەوە، ئەم ناوچەیە لە هەموو قۆناغی خەباتدا بۆ هێزی گەریلا چی لە ئاستی ناوچەو چی لە ئاستی ستراتیژی هەمیشە شوێنێکی گرنگ بووە، ئەم ناوچەیە دارستانێکی زۆری هەیە و خاوەن گردێکی بەرزی زۆریشە، باڵێکی چیای جودییە و باڵەکەی تریشی زۆزانەکانی قەلادەم و هەروەها لە بەشێکی تریشی زۆزانەکانی بەیتولشەبابە کە ئەویش خاوەن دارستانێکی چڕ و پڕە، بە گشتی لەبەر ئەوەی زستانی ئەم دارستانە سەخت نییە بەردەوام گەریلا کەمپی زستانیان لێرە خستووە.

جارێکیان کە سەرقاڵی ئامادەباشی کەمپی زستان بووین لەلایەن دوژمنەوە هێرش کرایە سەرمان ناچارماین کەمپەکانمان چۆڵ بکەین، کاتێک ئێمە لە ناوچەکە خەریکی خۆ حەشاردانەوە بووین لە ڕاکاڵەکەمانەوە هەواڵمان پێگەیشت کە گروپێک گەریلا دێن بۆلامان کە گەریلای نوین و ٨ یان لەئامەد و ٩ شیان لە دێرسیمەوە هاتوون داوامان لێکرا کە ئەم هەڤاڵانە وەربگرین و بە خێراترین شێوە بیانگەێنینە هەککاری، دوای گەیشتنیان من و هەڤاڵ براجییەکە دەبوینەچاوساغیان کتوپڕ لەگەڵ گروپەکە کەوتینەڕێ، ئەوەی سوودی بە ئێمە دەبەخشی ئەوەبوو پێیان ووتین گروپێکیان کە بەسەر چیای جودییەوە هاتوون و ئەوی تریان لە هەفتانینەوە وە، ئەو گروپەی لە دێرسیمەوە هاتبوون هەڤاڵی بەئەزمونیان لەگەڵ بوو، کە ئەوانیش دەبوون بە هاوکاری ئێمە، دوای ئەوەی گەیشتین بەیەک دەمەو ئێوارەکە وتینەڕێ، لەبەر ئەوەی دوژمن لەهێرشکردندا بوو دەبوایە زۆر ووریا بوینایە، لە بێستاوە بەرەو بەیتولشەباب ڕۆیشتین لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی بەرز بوو هەروەها کۆتایی بەهاریش بوو زۆر سارد بوو.

کاتێک گەیشتینە کەناری ڕووباری کاچە بەهۆی ئەگەری بۆسەوە٢ هەڤاڵمان بۆ تاقی کردنەوە چوون بۆ دەربەندەکە، دوای ئەوەی دەرکەوت مەترسی لەئارادا نییە بە دوای یەکدا پەڕاینەوەو لەناوچەی کاتۆجرکا بەرەو بەیتولشەباب تێپەڕین، لەبەر ئەوەی کەش و هەوا زۆر سارد بوو بواری حەوانەوەمان بۆ نەدەڕەخسا، بەدەم ڕێگاوە نانمان دەخوارد و جار نا جارێکیش جگەرەمان دەکێشا، کە گەیشتینە مەیدانی جاسوسە بای سارد و تیژ وەک چەقۆ بەدەم و چاوماندا تیغی دەکرد، لە ڕاستیدا لەوەرزی هاویندا ئەم ناوچەیە زۆر سارد دەبێت، ئەگەر دوا بەهاریش بێت ئەوا هەر زۆر سارتر دەبێت، کاتێک ئەو ناوچەمان بڕی بەرەو گوندە وێرانکراوەکان پێمان هەڵگرت، تەنها دەمانتوانی لەم گوندە ویرانکراوانەدا پشوو بدەین، ئێمە پیلانی ئەوەمان کرد بوو کە دەمەوبەیان بگەینە گوندی عەرەب، لەبەر ئەوەی شوێنی مەترسیدارمان بڕی بوو دەمانویست ڕۆژێک لێرە بەسەر بەرین.

دەمەوبەیان گەیشتینە گوندی عەرەب، ساڵی ١٩٩٤ ئەم گوندەچۆڵکرا بوو ئەم گوندە لە ڕاستیدا لە کەسێکی عەرەبەوە ناوی وەرگرتبوو، چواردەوری ئەم گوندە زۆزان بوو، گوندێکی زۆر خۆش بوو، دوای ئەوەی ڕۆژێک لەم گوندە ماینەوە کاتژمێر ١٠ ی بەیانی کرێوەی بەفر دەستی پێکرد ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە بەفر دەبارێت، لەبەر ئەوەی بەفر دەباری دەبوایە بە خێرایی دەربچوینایە، لە ڕاستیدا ڕێگا کردن بە ڕۆژ لە هەندێ شوێندا باش نەبوو بەڵام هاتنی ئەم بەفر بارینە ئێمەی شڵەژاند، خێرا ڕێمان گرتەبەر، ئێمە ئامادەباشی ٢ ڕۆژی ئازوقەمان هەبوو واتا کێشەی ئازوقەشمان بۆ پەیدا دەبوو، هەر بۆیە دەمانویست بە زووترین کات بگەینە

ئەو هەڤاڵانەی کە لە ناوچەی هەککاری چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد، دەمانویست ئەم گروپی ٢٠ کەسییە بگەێنین و لەگەڵ هەڤاڵ براجییە بگەڕێینەوە بۆ بێستا، بەڵام بەفر لەوەی بیرمان لێدەکردەوە زووتر دەستی پێکرد و کە گەیشتینە گوندی سیخورە هەموو شوێنێک بەفر داپۆشی بوو، بە خێرایی بەسەر سەرحسەندا پەڕاینەوە و ڕێمان گرتەبەر، لە ڕاستیدا بەسەر ئەم ناوچەیەدا دەبوایەئێواران بڕۆیشتینایە بەڵام ئێمە بەڕۆژ ڕێمان کرد لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێوارەبوایە و بەفر و باهۆز لەئارادا بوایە نەمان دەتوانی ئەم ڕێگایە ببڕین، بەڵام بەهۆی بەفر و باهۆزەوە لە نیوەی ڕێدا گەڕاینەوە، من لەوانەیە پێشوو تر ٥٠ جارێک بە ئێرەدا تێپەڕ بوبێتم بەڵام ئەمجارە بە هۆی بەفر و باهۆزەوە ڕێگام لێ وون دەبوو، ئەمە بۆ من شتێکی چاوەڕێ نەکراو بوو، ساڵانێکی دوروو درێژە لەم ناوچەیە گەڕیلام چەندین جار بە شەو لێی ڕۆیشتووم بەڵام لەبەر ئەوەی دەمەو بەیان بەفر باری بوو ڕێگاکانم پێ نەدەدۆزرایەوە، ئەمەش بێ بەختیەکی گەورە بوو بۆ من، لەبەر ئەوەی هەموو چواردەورمان سپی بوو بە بەفر هەندێجار ڕێ وونکردن دەهاتە ئاراوە، هەموو شوێنێک تەم و مژ بوو، جارێکی تر گەڕاینەوە بۆ گوندی سیخورە، بیرمان لەوە دەکردەوە کە ئەم شەو لەژێر گابەردێک شەو بەسەر بەرین، هەر هەڤاڵێک بە گوێرەی بیروبۆچونی خۆی شتێکی دەهێنایەزمان یەکێ دەیووت با بگەڕێینەوە یەکێکی تریان دەیووت با بەردەوام بین، هەر یەکەو قسەیەکی دەکرد، بەڵام ئەگەر بگەڕاینەتەوە بۆ بێستا بۆ هەڤاڵانی ئەوێ هەژاندنێکی گەورەبوو، چونکە هەڤاڵان تەنها ئامادەباشیان بۆخۆیان هەبوو نەک بۆ ئەم گروپە زۆرە ئەمەش ناڕەحەتیەکی جدی بۆ ئەوان دروست دەکرد هەروەها گەڕانەوە

بەسەر چیای جودیدا وەک ٢ مانگێک ڕێکردن وابوو، ئەمەش بۆ ئەم گروپە زۆر ،زۆر زەحمەت بوو، هەربۆیەئەگەر مەترسیداریش بێت باشترین کار ئەوەیە بەسەر هەککاریەوە بچین بۆ قەندیل، ئامادەباشیمان کرد کەدەمەو بەیان ڕێ بگرینەوەبەر، هەڵبەت مەترسی ڕێگاوبان زۆر بوون بەڵام سەرەرای ئەمەش ناچار بووین کە بەرەو هەککاری ڕێگا بکەین، دوای گەنگەشەیەکی زۆر گەیشتینە ئەم بڕیارە، هەڵبەت چەند هەڤاڵێکمان خاوەن ئەزمونێکی باش بوون کە ئەم دوو گروپەیان هێنا بوو دەیانزانی کە بەفر و باهۆز ڕێگرییەکی گەورەن و قاچ دەرچێت و ڕێگرییەکی گەورەیە لەبەردەم ڕێکردنمان، پێشوتر گوندنشینەکان و چی گەریلاش زۆرجار قاچیان مۆرهەڵگەڕا بوو، هەڵبەت نەبوونی داودەرمانیش کێشەیەکی گەورە بوو لەبەردەم نەخۆشێکان، لە زستانی ساڵی ١٩٩٨ دا ٣٠ لەهەڤاڵانمان قاچیان فەلج بوو، زۆربەیان قاچ یان پەنجەیان بڕابۆوە، دکتۆرەکەمان بەبێ بەنج پەنجەکانیانی بڕی بوون، بڕینەوەی پەنجەی پێ بەبێ بەنج ئازارێکی زۆری هەیە، بەڵام هەڤاڵان بەو بیرو باوەڕی پتەوی خۆیان توانیان دانبەخۆیاندا بگرن.

لەوانەیە ئێمەش تووشی ڕەوشێکی وا ببوینایەتەوە، هەربۆیە دەبوایە لەکاتی ڕۆیشتنندا زۆر بەدیقەت بوینایە، لە ڕێگا بۆ ئەوەی خوێنی پێیەکانمان جوڵە بکەن هەر بەرد و درەختێکمان ببینیایە قاچمان لێدەخشاند، ئەمەمان زوو. . زوو دووبارە دەکردەوە، کاتێک بە خێرایی بەسەر سەرحسن تێپەڕین تا بەرەو بەرزایی بڕۆیشتینایە ڕەشەبا و باهۆز زیادی دەکرد.

سەرحسن سەر بە بەیتولشەبابەبەرزترین شوێنی ناوچەکانی بۆتان بوو، مرۆڤ لە بەرزاییەکی وادا و لە ناو ئەو بەفر و باهۆزەدا

دان بەخۆگرتن زۆر زەحمەتە، دەمانویست لێرەوە بگەینە هوب هوربە، لێرەوە چەند کاتژمێرێک دەما بۆ لای ئەو هەڤاڵانەی کە چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد، هەڤاڵانمان تەسلیم دەکرد و ئەگەر بگونجایە من و هەڤاڵ براجییە دەگەڕاینەوە بەڵام وادیار بوو ئەمە مەحاڵ بێت.

کاتێک لەهوب هوربە نزیک بوینەوە لێرە بەفر زیاتر کەوتبوو لەبەر ئەوەی ڕەشەبا بەفری بەرزاییەکانی بۆ ئێرە پێش خۆی دەخست، کەنزیک بوینەوە هەڤاڵان هەندێ کۆتکەدار و داری وشکیان کۆکردەوە و ئاگرێکمان کردەوە ،توانیمان نەختێک خۆمان گەرم بکەینەوە، لێرەدا ئەشکەوتێکی بچوکیشی لێ بوو، ئەم ئەشکەوتە ئەوەندە بچوک بوو تەنانەت لە وەرزی هاوینیشدا تەنها کەسێک دەیواتنی لێی درێژ ببێت، ئێمە١١ هەڤاڵ شوێنی خۆمان لێکردەوە، هەندێ لە هەڤاڵانمان کە لە دەرەوە مابونەوە ناچارمان لایلۆنەچادرەکەیان هەڵبدەن، ئاگرمان کردەوە و توانیمان چەند شۆربایەکی حازری ناو لایلۆن بکەینە ناو مەنجەڵەوە، هەندێ چای ووشکیشمان پێ بوو دەمانتوانی دوایی چای بخۆینەوە، نەبوونی ئازوقە و نان نەخواردن بێ هێزت دەکات بە شێوەیەک کە نەتوانی ڕێ بکەیت، ڕەشەبا چادرە لایلۆنەکەی هەڤاڵانی دڕاند، بەم شێوەیە نەدەتوانرا لە دەرەوە بمێننەوە، ناچار ئەو هەڤاڵانەش هاتنە ئەشکەوتە بچکۆلەکەی ئێمەوە، بەڵام نە دەتوانرا ٢٠ کەسێک لێرە جێی ببێتەوە، هەربۆیە دەبوایە شوێنێک بۆ ئەو هەڤاڵانە پەیدا بکەین، ناچارماین جانتا و چەکەکانمان لەدەرەوەدابنێین، جانتا و چەکەکانمان بەفر داپۆشی بوون هەڵبەت نەمان دەزانی لە حاڵەتێکی ئاوادا ئەگەر توشی هەر بەڵایەک بین ئایا چەکەکانمان کاردەکەن یان

نا بەڵام لە شوێنێکی ئاوادا ناچار بووین ئەم کارە بکەین، پێشوتر دوژمن هەستی بەم ڕەوشەی هەڤاڵان کردبوو لە شوێنی ئاوادا هەر بۆیە بە فرۆکە بۆردومانی کردبوون، پێشوتر لە چیای گابار گروپێک لە گەریلا دەکەونە شەڕ و هەڤاڵ ڕێبەر شەهید ببوو، دوژمن لەبەر ئەوەی دەیزانی ئێمە لەوێوە دەڕۆین هەربۆیە ئەو ڕێگایانەی گرتبوو، لەبێستاش زۆر لە ڕێگاکانی گرتبوو، ماوەی ٣٠ خولەکێکیان مابوو بگەینە گوندی سیگورپاشا بەڵام لەبەر بەفر و باهۆز ناچار بووین پاشەکشێ بکەین، هەر چەندێک بەفر و باهۆزیش بێت دەبوایە بە دیقەت بوینایە.

هەر دەبوایە بن بەردێک یان شوێنێک بدۆزرایەتەوە، پێشوتر کەلێرە مابومەوە هەڤاڵان باسیان بۆ کردم کە کونە ورچێک لێرە هەیە هەرچەندە زۆر نەمابومەوە پێشوتر بەڵام ئەم شوێنی ورچەم نەدۆزیەوە بەڵام ئەگەر بگەراینایە دەماندۆزییەوە، لە دوورمان بە٢٠٠ مەترێک بەردەڵانی هەبوو هەر بۆیەپێم وابوو کە ئەو کوونە وورچە لەوێدا بێت، دوای ئەوەی هەڤاڵ سەرحەد و ڕێناس کۆنترۆڵی ئەوێیان کرد بانگیان کردین بۆلای خۆیان، گروپەکەی کە لەئامەدەوە هاتبوون لە سەروی ئێمەوە شوێنێکیان بۆخۆیان دۆزییەوە بەڵام هێشتا شوێنی ئێمە زۆر تەنگ بوو، مانەوەم تاکو بەیانی لەو شوێنەی خۆم زۆر زەحمەت بوو هەربۆیە ڕۆیشتم تا لێیان بپرسم کە ئایا جێگای من دەبێتەوە لە لایان یان نا، خێرا لە شوێنەکەی خۆم هەڵسام و دەرچومە دەرەوە بەڵام بەفر و باهۆز نەیدەهێشت ڕێ بکەم، هەر دوو چاوم لەبەر بارینی بەفر و باهۆز وەک کوێری لێهاتبوون، بە جەمەدانیەکەم دەموچاوم بەست بەڵام ڕەشەبا نەیدەهێشت هەناسە بدەم، سەرەرای ئەوەی دەمیشم

کردبۆوە بەڵام هیچ هەوام پێ هەڵنەدەمژرا، لەوەدەچوو ئەم ڕەشەبایە هیچ تەواو نەبێت، ماوەی ٥٠ مەترێکم بڕی بوو ویستم بگەڕێمەوە، گەڕانەوەم زۆر زەحمەت بوو، هەندێجار لەکاتی گۆڕینی با دەمتوانی هەناسەیەک بدەم، لەو ساتەدا هەموو ژیانی ڕابوردوم هاتە بەرچاوم، دوای ئەو هەموو تەمەن و شەڕ و شۆڕەی کردبووم مردنم بە ڕەشەبا کارەساتێکی زۆر ناخۆش دەبوو، لەم بیرکردنەوەدا بووم ڕەشەبا هەندێ کەم بۆوەو توانیم هەندێ هەناسە هەڵمژم، کانیاوێک هەبوو توانیم خۆم بگەێنمە ئەوێ، دوای بڕینی ئەو کانیاوە توانیم بگەمە ئەشکەوتەکە، هەرچۆنێک بوو لە خنکاندن ڕزگارم بوو، توانیم لە ئەشکەوتەکەدا هەناسەیەکی باش هەڵمژم، دەتوانم بڵێم ساتەوەختێک بووکە هەرگیز لە هزرم ناسڕێتەوە، ئەو شەوەلەشوێنی خۆمان کەوتینە چاوەڕوانی، ئەگەر بەیانی بەفر و باهۆز ڕابوەستایە ڕێمان دەگرتەوەبەر، چەند کاتژمێرێک مابوو بۆ ئەو خاڵەی کە هەڤاڵان چاوەڕێیان دەکردین، لەگەڵ گەیشتن بەو شوێنەش لە ناو ئەو بەفر و باهۆزەدا دەبوایە دڵنیا بوینایە کە ئەگەر ئەوانن یان نا، لەو خاڵەی بۆی دەچوین پێش ٢ ساڵ لەمەو بەر هۆزان سەرحەد و گروپەکەی بۆ مۆڕاڵ ئاهەنگێکیان بۆکردین ئێستاش دەچوین بۆ ئەو شوێنەی کە ڕۆژانی خۆشمان تیا بینیبوو، دوای ئەوەی هەڤاڵ هۆزان سەرحەد لەوێ جیادەبێتەوە دەکەوێتە ناو هێرشی سەربازی تورکەوە، هۆزان سەرحەد شەهید دەبێت و ئەمەش بۆ هەموو کورد کارەساتێکی دڵتەزێن بوو.

کەبوو بە بەیانی هێشتا بەفر دەباری وەئەمەش ڕێی بەڕێکردنمان نەدەدا، دوای گەنگەشەیەکی زۆر بڕیاردرا کەڕێگا بگرینەبەر ، بەڵام ئەو هەڤاڵانەی خاوەن ئەزموون بوون دژ بەم بڕیارە بوون سەرەرای

ئەمەش ئێمە هەر کەوتینەڕێ، ڕێکردنیش لە ناو ئەو هەموو بەفرەدا ئاسان نەبوو، لە ناو ئەو بەفر و باهۆزەدا تەنها توانیمان ٣٠٠ مەترێک ڕێگا ببڕین هەربۆیە گەڕاینەوە شوێنی خۆمان.

ناچارماین کەشەوێکی تریش لەشوێنەکەی خۆمان بمێنینەوە، بەڵام هێشتا بەفر و باهۆز بەردەوام بوو، ئەم چاوەڕوانییە مۆڕاڵی گروپەکەی زۆر خراپ کردبوو، دوای تێپەر بوونی ٣ ڕۆژ توانیمان دەربچین، دوای ٣ ڕۆژ بەیانێکەی دەرچووین ئێمەهەر بیرمان لەوەدەکردەوە کە ئایا ئەو هەڤاڵانەی چاوەڕێمانن هەر لەوێن یان نا یاخود دوژمنی لێیە، ئەگەر ئەو هەڤاڵانەی چاوەرێی ئێمەیان دەکرد لەوێ نەبونایە کارەکەمان زۆر زەحمەت دەبوو چونکە نەمان دەتوانی بگەڕێینەوە تەنها دەمانتوانی خۆمان بگەێنینە کەلەرەشەکە لە ناو (ڕۆژهەلاتی کوردستانە)ئێرانە، هیچمان لە ناو ئەم گروپە شارەزایەکی ئەوتۆی ئەو ڕێگایە نەبوو، ئەو کاتەی لەخاڵی مەبەستمان نزیک بوینەوە دەنگێک لە بێتەلەکەوە بە کزی بەرز بۆوە هەستامە سەر پێ و پێم وابوو کە هەڤاڵان لێرەن بەڵام هیچ بانگەوازێک لە بێتەلەکەوە نەکرا، ئیتر گەیشتمە شوێنی مەبەست، ئەو خاڵەی ئێمە کەوتبۆوە نێوان بەردەڵانەکەوە لە زۆزانەکانی فارەشینی دەڕوانی.

کە گەیشتین بەداخەوە ئەوەی بیرم لێدەکردەوەو لێی دەترسام هاتەدی، هەڤاڵان ماوەی ٥ ڕۆژێک چاوەڕێی ئێمەیان کردبوو بەڵام دوایی ئێرەیان جێهێشتبوو، لە شوێنێکی تایبەت هەندێ ئازوقە و نامەیەکیان بۆ جێهێشتبوین لە نامەکە نوسی بوویان کە ماوەی ٥ ڕۆژ چاوەڕیی ئێمەیان کردووە بە هۆی بەفر و باهۆزەوە کشاونەتەوەهەروەها ناوی ئەو شوێنەشیان نووسی بوو کە ڕوویان لێ کردووە، لەکاتی ئاسایدا ئەو شوێنەهەر٦ کاتژمێرێک لێرەوە دوور

بوو هەر بۆیە دەبوایە بچوینایە بۆ ئەو شوێنەی بۆمانیان نووسی بوو.

ئەو ئازوقەی بۆمانیان جێهێشتبوو تێرمانی دەکرد بەڵام هێشتا تەواوکەر نەبوو، لەبەر ئەوەی هیچ گوندێک یان شوێنێک لێرەوەن زیک نەبوو ئازوقەمان لێ پەیدا بکردایە.

بەیانێکەی بەفر بارین هەندێ کەم ببۆوە خیرا دەستمان کرد بەڕێکردن، ئێوارەکەی ئەو بەفرانەی توابونەوە لە بەینی تاشە بەردەکاندا کردمانە ناو ئەو قاڵبە بەفرانەوە کە لەوێ دانرابوون هەڤاڵان ئەم قاڵبانەیان لە زستان پڕ دەکرد لە بەفر و لە هاویندا بەکاریان دەهێنا، بەیانێکەی بۆ ئەوەی توشی بەفر و باهۆز نەبینەوە بە زۆزانەکانی فاراشین بۆ بڕینی چیای رەشکا کەوتینەڕێ، ئامانجمان ئەوە بوو کە نەبێتە ئێوارە و بەرزایی چیای رەشکا ببڕین، ئەگەر دەمە و ئێوارە توشی بەفر و باهۆز ببوینایە روبەروی کارەسات دەبوینەوە، دوای ئەو ڕێگا بڕینە تاکو ئێستا قاچی هیچ هەڤاڵێکمان توشی هیچ نەهاتبوو ئەمەش شتێکی باش بوو بۆ ئێمە، بەڵام کێشەی ئازوقەمان بەردەوام بوو.

تا بەسەر بەرزاییدا سەربکەوتینایە ڕەشەبا زیادی دەکرد، بۆ نەفەس کێشانمان ئەو هەڤاڵانەی سمێڵیان هەبوو بەفریان دەنا بە سمێڵیانەوە بۆ ئەوەی رەق ببێت تاکو بتوانن بەئاسانی هەناسە بدەن ئەمەش دیمەنێکی کۆمێدی لێدەهاتە ئاراوە، کاتێک گەیشتینە بەرزایەکە شوێن پێی هەڤاڵانمان بینی کە چاڵ ببوو کە ڕۆژێک پێش ئێمە لێرەوە ڕەت ببوون ئەمەش ئومێدی بە ئێمە دەبەخشی، هەستمان دەکرد لە هەڤاڵانەوە نزیکین نەشمان دەزانی کە ئایا لەوێ دەمێننەوە یان نا، بەڵام ئێمە هەر بەختەوەر بووین، کە گەیشتینە قەد

پاڵی بەرزایەکە لەبەر ئەوەی هەمووی بەفر بوو ڕێکردن زۆر ناخۆش بوو، کاتێک گەیشتینە خوارەوە دونیا تاریک داهاتبوو کەمی مابوو بگەینە گوندی توزاکە ڕۆیشتن بەشەو لەو حاڵەتەدا ئینتیحارێک بوو بۆ خۆی.

لەکاتی شەودا کە سەرما زیادی دەکرد قاچمان دەڕچی، دونیا بە تەواوی تاریک داهاتبوو کە گەیشتینە نزیک گوندی توزاکە هەموو هەڤاڵان دەیان ووت کە قاچیان لە گۆ کەوتووە و مۆر هەڵگەڕاوە هەربۆیە کە گەیشتینە شوێنی چیمەنتۆ بۆ ئەوەی خوێنی قاچمان بجوڵێتەوە قاچمان پیا دەکێشا، بە شێوەی ٢ گرووپ بە سەر گوندەکەدا دابەش بووین هەڵبەت گوندەکە چۆڵ ببوو، لەم گوندە ڕوخاوەدا هەڤاڵان کەوتنەدار کۆکردنەوە و ئاگرمان کردەوە، بەردەوام ئەو هەڤاڵانە وشیار دەکرانەوە کە قاچیان لە ئاگرەکە نزیک نەکەنەوە چونکە باش نییە، هەربۆیە کەوتنە شێلانی قاچ و بەستنەوەیان، چەند هەڤاڵێک چوونەوە بۆ دار کۆکردنەوە بەڵام بە خێرایی گەڕانەوە وتیان کە هەڤاڵێکیان بینیوە کە سەر بە هێزی هەککارین هەموومان چوینە ئەو شوێنەی کە هەڤاڵەکەی لێ بوو ئەم هەڤاڵە هەڤاڵ عیسا بوو کە لە قەندیلەوە هاتبوو بۆ هەرێمی هەککاری دەمناسی لەساڵی١٩٩٤ بەشداری ناو تەڤگەر ببوو هەڤاڵێکی کۆن بوو کاتێک هاتبوون بۆ پێشوازی ئێمە قاچی لە سەرمادا ئەستور ببوو مۆر هەڵگەڕابوو ئەو هەڤاڵانەی کە لە گەڵی بوون هاتبوون بۆ پێشوازی ئێمە بە جێیان هێشتبوو ئێمە و ئەویش زۆر دڵشاد بووین بەدیداری یەکتریمان.

ئەوەی مۆڕاڵی بە ئێمەدەدا ئەوە بوو کە هەڤاڵان لێمانەوە نزیک بوون، ئەوانەی لەگەڵ هەڤاڵ عیسا هاتبوون ٢ هەڤاڵ بوون

هەربۆیە پێیان نەکرا بوو کە لەگەڵ خۆیان بیبەن، هەڤاڵ عیسا کە قاچەکانی ڕەش هەڵگەڕا بوو بەتەنیا لێرە مابۆوە، ئەگەر بەیانی کەش و هەوا خۆش بوایە هەڤاڵان هەر ٤ کاتژمێرێک لێمانەوە دوربوون، ئەو کاتەی دەچوین بۆ ئەو شوێنە٨ مین ڕۆژمان بوو.

لەڕاستیدا ڕێی ئێمە هەر ٢ ڕۆژێک بوو بەڵام ٨ ڕۆژمان پێچو بوو ئیتر گەڕانەوەش مەحاڵ بوو تەنها شانسمان گەیشتن بوو بە هەڤاڵان، ئێوارە بەدیار ئاگرەکەوە دانیشتبوین جگەرەمان دەکێشا هەروەها چای تاڵمان دەخوارده وەهەڤاڵانیش لەب ارەی ڕێگاکەوە زانیاریان لە هەڤاڵ عیسا وەر دەکرد.

لەبەر ئەوەی پێشوتر چەندین ساڵ لە ناو یەکینەی گەڕۆکی هەرێم ئەرکم ئەنجام دابوو ئەگەر کەمێکیش بێت بە گشتی شارەزای ڕێگاکان بووم بەڵام لەبەر ئەوەی پێشوتر نەچوبومە کەلەرەشە دوو دڵ بووم لەوەی کە بتوانم وردەکاری ڕێگاکەی بە تەواوی بزانم بەڵام پێشوتر لە دوورەوە کەلەرەشەم بینی بوو، شتێکی تر ئەوە بوو کە بەفر هەموو شوێنێکی داپۆشی بوو هەربۆیە زەحمەت بوو کە ڕێگاکان بە ئاسانی بدۆزرێتەوە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو خۆمان نەشۆری بوو لەشمان و جلەکانمان پڕ ببوو لە ئەسپێ، لەک اتی نزیک بونەوەمان لە ئاگرەکە ئەسپێکان زیاتر دەجوڵانەوە هەربۆیە لەبەر خورینی لەشمان خەومان لێنەدەکەوت، ناچار دەبوین کە لەئاگرەکە دوربکەوینەوە کە ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی کە سەرمامان بێت، گەریلا بە ئەسپێ دەڵێت چەتە، ئەم چەتانەش زۆر حەزیان لە خوێن و چەوریە ئەمەش بۆ تەندروستی مرۆڤ شتێکی باش نییە، شەومان بردە سەر بەیانی بە ئومێدی ڕاوەستانی بەفر بارین لە خەو هەڵساین بەڵام بەفر بارین زۆر بە پڕی لە باریندا

بوو، ئەمەش مۆڕاڵمانی خراپ دەکرد، لەلایەکەوە برسێتی زۆری بۆ هێنابوین تەنها چەند کیسە شۆربایەکی حازرمان مابوو، یەک دوو دانەیەکمان دەکردە مەنجەڵی گەورەوە و بە کەوچک دەمانخوارد و بەو شێوەیە ئیدارەمان دەکرد، ئەو ڕۆژەیان بە گەنگەشەی ئەوەی چی بکەین باشە بەسەر برد، شەو هەمدیسان نوستینەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی کە هەڵسایین بەفر زیاتر باری بوو نەمان دەتوانی ڕێ بکەین، لە پێشمانەوە زۆزانی باشکەلە هەبوو ئەوێش زۆر بەرز بوو، بۆ ڕۆژی دوایی بۆ ڕۆیشتن ئامادەباشیمان کرد، کێشەی گەورەی ئێمە ئەوە بوو کە هەڤاڵانمان نەیان دەتوانی ڕێ بکەن هەربۆیە تەختەی ژێر پێمان بۆ دروستکردن ئەمەش زەحمەتی زیاتری بۆ دروست دەکردین.

دەمەو بەیانی لە گوندی توزەکە بەڕێ کەوتین ئەو شوێنەی بۆی دەچوین هەر ٤ کاتژمێرێک لێمانەوە دوور بوو بەڵام ئێمە دەمە و ئێوارەگەیشتین کە گەیشتین هەڤاڵانی لێ نەبوو بەڵام هەڤاڵان ئەشیایان بۆ جێهێشتبوین لە ئازوقەو نان و پەنیر و شتومەکی تر، سکی برسیمان تێرکرد، بەڵام ڕۆژانی ناخۆش چاوەڕێی ئێمەی دەکرد، ئێمە لە بیرمان لەوە دەکردەوە کە چۆن ڕێگا ببڕین و چۆن بتوانین یارمەتی هەڤاڵ عیسا بدەین، نەمان دەتوانی تاکو کەلەرەشە لەگەڵ خۆمان بیبەین لە ئاکامدا گەیشتینە شوێنی خۆمان ،هەڤاڵ عیسا ئەو شوێنەی نیشانیداین کە هەڤاڵان ٢ چارۆگە نانیان بۆ دانابوین ئەمەش زوو تەواو بوو هەروەها کیسەیەک ئاردیشی تێدا بوو، لێرەش شەوێکماینەوە و بۆ بەیانێکەی ڕێمان گرتەوەبەر، شەوەکەی بەفر نەدەباری ئەمەش شتێکی باش بوو بەڵام ئەوەی خراپ بوو ئەوەبوو کە دوژمن هەواڵی ئێمەیان دەزانی، ئەگەر هەر کەشفێکی ئاسمانیان

بکرایە شوێن پێی ئێمە لە دورەوە دەردەکەوت و، لە حاڵەتی هە ربۆردومانێکدا هەمووومان تیا دەچوین، بەڵام کەس لەو حاڵەدا نەبوو کە بیر لەم لەناوچونە بکاتەوە، هەموو بیرکردنەوەمان ئەوە بوو کە بگەینە هەڤاڵان، دوای بە جێهێشتنی ئەم خاڵە دەچوینە خاڵێکی تر کە هەر ٣ کاتژمێرێک دوور بوو، پێمانوابوو کە هەڤاڵان بەرەو ئەو خاڵە ڕۆیشتبێتن، ئەو شوێنەی بۆی دەچوین بەفری زۆر نەبوو، ئەم گوندە چۆڵەی کە سەر بەگوڵپنار بوو سەرەرای ئەوەی لە هەموو شوێنێکی گەڕاین بە شوێن پێی هەڤاڵان بەڵام هیچمان بەرچاو نەکەوت ئەمەش مۆڕاڵمانی خراپ کردبوو هەر بۆیە بۆ مەسەلەی گەڕانەوە لە ناو خۆماندا کەوتینە گەنگەشەوە، بەڵام هەڵبژاردەی ئێمەگەیشتن بوو بە کەلەرەشە، مادام هەڤاڵانمان لەم گوندە چۆڵە نەدۆزییەوە بۆ سۆراغی هەڤاڵان دەچوینە گوندێکی تر، لە بارەی ئەو گوندەی بۆی دەچوین هیچ زانیاریەکمان نەبوو، ئەم گوندە ئاوەدان بوو وە هەمووشیان جاش بوون، جاشەکان لەبەر ئەوەی ئێمەیان نە دەناسی لەوانەیە بۆمان ببونایە بە مەترسی، لەبەر ئەوەی بە باشی ڕێی گوندەکەشمان نەدەزانی لەوانەیە بەگ وێرەی ئاشکرابوونی شوێن پێمان دوامان بکەون و ئیخبارمان بکەن و لە ناومان بەرن، ئەگەر توشی هەڤاڵان نەبوینایە بیرمان کردەوە هەر دەبوایە کە هەموو پێداویستیەکانمان لە گوندەکە بەدەست بخەین، ئەوە پیلانمان بوو بەڵام مەترسیداریش بوو پێچەوانەی ئەم کارەمان لە ناوچوونیهەمووومان بوو، ئێوارە من و سەرحەد و کەمال و هەڤاڵێکی تر کەوتینەڕێ.

کاتێک بە شەو ڕێمان گرتەبەر بەرەو گوندەکە بە ئومێدی ئەوەی کە هەواڵێکی هەڤاڵان بە دەست بخەین، بەڵام مەسەلەیەکی

گەورە هەبوو کە حیسابمان بۆ نەکرد بوو ئەویش ئەوە بوو کە ئەو هەڤاڵانەی لەگەڵ من بۆ گوندەکە دەهاتن یەکێکیان تورک بوو کە کوردی نەدەزانی دوو هەڤاڵەکەی تریشم زازا بوون کە کرمانجییەکەیان زۆر خراپ بوو تەنها من بە زمانی بۆتانی قسەم دەکرد ئەمەش وای لە گوند نشینەکان دەکرد کە بیر بکەنەوە لەوانەیە ئێمە کۆنتر گەریلا بین.

توشی هەندێ شوێن پێ هاتین ئێمەش بە دوایدا ڕۆیشتین بەڵام هەندێ جاشی گوندەکان هەبوون کە حەزیان لە ئێمە نەبوو ئێمەش حیسابی ئەوەمان دەکرد کە چەتەبن ئەگەر شوێن پێی چەتە بوایە توشی ڕوداوی ناخۆش دەبوینەوە هەر بۆیە زۆر وریایانەڕێمان دەکرد، ئیتر لە تیشکی گڵۆپەکانی گوندەکە هێواش، هێواش نزیک کەوتینەوە.

نیازمان وابوو کە بچینە ماڵێکەوەو هەواڵی هەڤاڵانمان بپرسین و چارەیەکیشمان بۆ هەڤاڵ عیسا بدۆزیایەتەوە، چوینە بەردەم ماڵێک کە لە دەرەوەی گوندەکە بوو ژنێک لە حەوشەکە بوو کە سڵاومان لێکرد ئەویش بە شێوەیەکی سادە وەڵامی داینەوە و ئەمەش سەرسورمان بوو بۆ ئێمە، ئێمەبەرگەکانمان زۆر نارێک و ڕیش و سمێڵمان تێکەڵ بەیەک ببو پرسیاری پیاوەکەیمان لێکرد ئەویش ئیشارەتی ماڵێکی بۆ کردین پێی ووتین کە لەوێیە، دوایش پرسیاری ناوی گوندەکەمان لێکرد لەبەر ئەوەی شارەزای ئەم ناوچەیە بووم تەنیا بەناوی گوندەکە دەمزانی جاش بن یان نا، ژنەکەش ناوەکەی پێووتم بەڵام من لێی حاڵی نەبووم، هەڵبەت حاڵی نەبوونم لە ناوەکە لەبەر ئەوەبوو کە ناوی گوندەکە لە ئاینتۆس و مارینۆس و پەیایس و دەربەدانیا دەچوو کە ئەم ناوانە هی سەردەمی ئەسکەندەرە.

ژنەکە منداڵێکی لەگەڵ ناردین تاکو بمانبات بۆ ئەوماڵەی مێردەکەی لێ بوو، کاتێک گەیشتینە بەردەم ماڵەکە هەندێ منداڵ خەریکی یاریکردن بوون و،هیچ سڵیان لە ئێمە نەکردەوە ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە هاتوینەتە گوندێکی دۆست، لە بەردەم ژوورەکە پێڵاوێکی زۆری لێ بوو منداڵەکەم نارد تاکو بانگی باوکی بکات کە گەڕایەوە پێی ووتین کە لە ژوورەوە فەرماندەی سەربازی بارەگا لەگەڵ ٢ سەربازی لێیە کە گوێمان لە مەبوو زۆر پێمان سەیر بوو، یەکسەر لە ماڵەکە دوور کەوتینەوە، حاڵی بووین کە نەهاتوینەتە گوندێکی باش، چوینە دەرەوەی گوندەکە لە بەینی خۆمان دەستمان کرد بە گەنگەشە، بڕیارماندا بگەڕێینەوە بۆناو گوندەکە چونکە هەڵسوکەوتی منداڵەکە و ژنەکە غیرەتی زیاتری داپێمان لەبەر ئەوەی لە ئێمە نەترسا بوون هەربۆیە گەڕاینەوە لای ژنەکە و پێمان ووت کە بە منداڵەکەی بڵێت بانگی باوکیمان بۆ بکات، منداڵەکە بانگی باوکی کرد بە شێوەیەکی شڵەژاو لێمانی ڕووانی و لێی پرسین کە ئێمە هێزی کام بارەگاین، لەکام بەشی تیمی تایبەتین، هەرچەندە ژمارەی خۆشمانم پێ ووت ئەو هەر باوەڕی نەدەکرد ئەو هەر بەردەوام بوو کە ئێمە لە کام بارەگاوە هاتوین، کاتێک لە ماڵەکەی ئەم قسانەمان بەردەوام بوو کابرایەکی تر خۆی کرد بەژووردا کە ئێمەی بەو شێوەیە بینی زانی کە ئێمە هەڤاڵین بەڵام ئەویش بە تەدبیرەوە قسەی دەکرد، ئەویش دەیپرسی کە ئێمە کێین و لە کوێوە هاتوین، هەڤاڵەکەی تەکمەوە زاراوەکەی لە هەڤاڵەکانی ئەم هەرێمە نەدەچوو، بەردەوام بووین لە قسەکردن کەسێکی تریش هاتە ماڵەوە ئەویش داوای لێکردین کە لە سەر خۆبین و ئارام بین، خواردنیان بۆهێنایین لە کاتی نان خواردندا کەوتە ئەقڵم کە پرسی

ناوی گوندەکەیان لێ بکەم، کاتێک پرسیم کابرا ووتی ئەم گوندە ناوی خ یە، کە وایووت هەموو مووی لەشم رەق وەستا و یەکسەر زانیم ئەم گوندە خەتەر ترین گوندی جاشەکانە، هەڤاڵەکانم لەبەر ئەوەی هیچیان لەم بارەیەوە نەدەزانی، لەبەر ئەوەی هەستیان بە مەترسی نەکرد بوو بەردەوام بوون لە نان خواردن، بەڵام من زانیم کە لە ناو گەورەترین مەترسیداین، پێشوتر هەڤاڵان ناوی دوو کەسی دۆستیان پێ ووتبوم کە پرسیاری ئەو دوو ناوەم لێکردن ووتیان کە ناوی وا لەم گوندەنییە، بە هەڤاڵانم ووت کە دەبێت هەڵسین، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەم گوندە ئیخبارمان بکەن هەموومان لەناو دەچین خوێنی لەشم ڕاوەستا بوو، ئەو پیاوەی یەکەم جار بینیمان زوو، زوو لێی دەپرسین کە لە کوێوە هاتوین و ئێمە کێین، منیش دەمویست حاڵی بکەم بەڵام کابرا هەر حاڵی نەدەبوو، دیار بوو هەڤاڵانی ئەم هەرێمە پێیانیان ووتون ئەگەر هەر کەسێک بەبێ ئاگەداری ئێمە بێتە ئێرەئەوا هەڤاڵی ئێمەنین و تەسلیمیان بکەن هەربۆیە پێیان دەووتین ئێمە هەڤاڵان ناناسین، ئەی ئێوەکێن؟ ، کاتێک لە ناو ئەم قسەو باسانەدا بووین لەو ماڵەی لێی بوین لە ناکاو دەرگاکەی لە دەرەوەداخراو بیرم کردەوە ئەوەی لێی دەترسام بە سەرماندا هات، ئیتر هەموو بیرکردنەوەکانم ڕاست دەرچوون یەکسەر پیلانی ئەوەم کرد خێرا چەکەکانمان هەڵگرین و لە گوندەکە دەرچین و،بۆ ئەوەی لە دوامانەوە ئیخبارمان نەکەن یەک دوو کەسێکمان لەگەڵ خۆماندا دەبرد، چەندێک هەوڵماندا دەرگاکە بکەینەوە نەکرایەوە، ئیتر لەمەترسیدا بووین ئەمە فێڵێک بوو لێمان کرا، یەکسەر میلمان هێنایەوە و ویستمان تەقە بکەین بەڵام کابرا هەوڵی دەدا ئاراممان بکاتەوە، دوایش بە شێوەیەکی پاڕانەوە ووتی هەڤاڵ

له دەرەوە فەرماندەی بارەگا سەربازێکەی لێ یە با نەتان بینێت، ئەوکاتە سەرنجم کەوتە سەر منداڵێک لە ژوورەکە بیرم کردەوە باشە ئەگەر ئەمانە فێڵمان لێ بکەن و بمانکوژن منداڵێکی وایان لە ژوورەکەدا بە جێ نەدەهێشت ئەمە هەندێ منی سارد کردەوە بەڵام هێشتا دوو دڵ بووم، سەربازەکان هاتبوون بۆ جەژنی قوربان مەڕ بکڕن، دوای ماوەیەک دەرگاکە کرایەوە و کەوتنە ماستاوکردنی ئەوەی کە نیازیان خراپ نەبووە، هەربۆ ئەوەی دڵنیا بن کە ئێمە هەڤاڵین ناوی هەڤالانیان لێپرسین، منیش هەموو ڕرووداوەکانی هەرێمەکەم بۆباس کردن، باسی ئەوەمان بۆ کردن کە لەناوماندا هەڤاڵمان هەیە خەڵکی ئەم گوندەیەو لە هەمان عەشیرەتن ،دوای ئەوەی کە باوەڕیان پێکردین هەڤاڵین لێیان پرسین کە چیمان دەوێت و هەڤاڵەکانی ترمان لە کوێن، ئێمەش ووتمان کە هەڤالانمان لەم چواردەورەن و داواشمان لێکردن کە پێمان بڵێن چۆن بگەینە کەلەرەشە، بەداخەوە ئەوانیش نەیان دەزانی، کەلەرەشە لێرەوە دوور بوو هەربۆیە کەسیان بۆی نەچووبون، دوایش بە ئازوقەو توتن و گۆرەوییەوە لە گوندەکە دەرچوین و چوینەلای هەڤالان، ئەوانیش زۆر مەراقی ئێمەیان بوو، مناقەشەی ئەوەمان کرد کە بەرەو کوێ بڕۆین بەڵام کێشەی ئێمە هەڤاڵ عیسا بوو بردنی ئەو مەحاڵ بوو، هەڵبەت نەشمان دەتوانی بە هێستر بیبەین هەربۆیە بڕیارماندا لە گوندەکە جێی بهێڵین، دوای ئەوەی قسەمان کرد لەگەڵ هەڤاڵ عیسا و ڕەوشەکەمان تێگەیاند، هەندێ پارەمان داپێ و لە گوندەکە جێمان هێشت، ماوەی ١٢ ڕۆژێک بوو کە بێستامان جێهێشتبوو بەڵام هێشتا هەڤالانمان نەدۆزیبۆوە، بە ڕادێو بچوکەکە کە لەگ وندەکەوە هێنا بوومان گوێمان لە پەیامنێرانی هەرێمەکە گرت کە

گوێمان گرت هەڤاڵان محەمەد و ماسیرۆ لەگەڵ فەرماندەی هەرێم هەڤاڵ جعفەر گەنگەشەیان بوو، دەیان ووت گوایە هەواڵی دوژمن باس لە شەهید بوونی ٦ هەڤاڵمان دەکات لە فاراشین، ئێمەش بەم هەواڵە پێمان وابوو کە هەڤاڵان بیر لەوەدەکەنەوە کە گروپی ئێمە بەڕێکەوتون و کەوتونەتە ناو شەڕەوە ئەم گروپەش لە بێستا وەدەهاتن بۆ شوێنی دیاری کراو بەڵام نەگەیشتون هەروەها باسیان لە گروپێک هەڤاڵ دەکرد کە لە هەفتانینەوە دەهاتن بۆ فاراشین کە لە١٥هەڤاڵ پێکهاتوون ئەوانیش دیار نین لەوانەیە شەهید بوبێتن، دوای ئەوەی هەڤاڵ عیسامان جێهێشت کەوتینەڕێ بەڵام ئەمجارەیان مەترسی گەورە چاوەڕێی ئێمەی دەکرد.

بەبێ ئەوەی لەز ۆزانەکانی باشکەلە ڕاوەستین درێژەمان بە ڕۆیشتندا تا گەیشتینە گوندێکی چۆڵکراو، ئەم گوندەش بە زۆرەملێ چۆڵکرابوو، ڕەباییەکی بچوک لە نزیک ئەم گوندەوە بوو، کاتی خۆی لەلایەن هەڤاڵانەوە سوتێنرا لەم چالاکییەدا هەڤاڵان فیراز و چەند هەڤاڵێک شەهید ببوون، کە گەیشتینە گوندەکە دەگەڕاین بە شوێن پێی هەڤاڵان یاخود بە شوێن پێی هێسترێک بەڵام بەداخەوە هیچ شوێنێکی پێمان بەرچاو نەکەوت، دوای پشویەکی کەم دەستمان کردەوە بەڕێکردن و ئەمجارەیان من و هەڤاڵێک بۆ کۆنترۆڵی ڕێگا لە پێشەوەڕێمان دەکرد، من و ئەم هەڤاڵە چوینە گوندێکی چۆڵی ترەوە بەڵام چاومان بە هیچ ئاسەوارێکی هەڤاڵان نەکەوت، گەڕاینەوە لای هەڤاڵان ئەم جارەیان دەچوین بۆ گوندێکی تر کە ئەویش سەر بە باشقەلە بوو، ئەم گوندەش چۆڵکرابوو هەروەها لە چەند ماڵێک پێکهاتبوو، بڕیارماندا کەلەم گوندە شەو بکەینەوە، کە گەیشتینە گوندەکە ئەوەندە گوندێکی جوان و دڵڕفێن بوو پێشوتر جوانییەکی

وام نەبینی بوو، کانیا و دار و درەختەکەی زۆر چڕی هەبوو ئەم چەند خانوویەیان لە ناوەڕاستی ئەو جوانی سروشتە دروست کردبوو، دانیشتوانی ئەم گوندە کەس و کاری یەکتر بوون و بەڵام بەداخەوە دوژمن پێیانی چۆڵکردبوو، ئەم گوندە یەکێک بوو لەو هەزارەها گوندانەی کە دوژمن چۆڵی کردبوون، لێرەش گەڕاین بەشوێن ئاسەواری هەڤاڵان بەڵام هیچ دیار نەبوو، ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە ڕێگامان هەڵەکردووە، لەم گوندە جوانەدا ئاگرمان کردەوەو خواردنمان دروستکرد و نانمان خوارد، ئەو ئازوقەی لە گوندەکە هێنابومان چەند ڕۆژێک بەشمانی دەکرد، بەیانی زوو لە خەو ڕابوین بۆدەرچون خۆمان ئەمادەکرد بەڵام دورکەوتنەوە لەو ئاگرەو پشکۆ گەرمانە بەو بەیانییە زۆر ناخۆش بوو، لەو سەرمایەدا نەتدەتوانی لەگەرمایی ئەو پشکۆیانە دەست بەرداری بیت، بەڵام لەگەڵ توڕەبوونی فەرماندەکەمان هەموومان جانتاکانمان کۆکردەوە و چەکەکانمان گرتەدەست، ئەو ڕێگایەی دەمانبڕی لەوەدەچوو مەترسی ترین ڕێگا بێت، لایەکی ڕێگاکەمان بەفر و لایەکی تریشمان شیو و دۆڵی باشکەلە بوو.

گوندێکی زۆر لە پێشمانەوە بوو کە زۆر بەیان گوندی جاش بوون هەروەها بەهۆی سنورەوە بارەگای سەربازیش زۆر بوو، هەڵبەت لەم شوێنەدا لەناو ئەم بەفرەدا ئێمە کە گروپێکی ٢٠ کەسی بووین بێگومان شوێن پێمان هەر ئاشکرا دەبوو کە ئەمەش مەترسییەکی گەورە بوو، هەڵبەت بوونی بەفری زۆریش ڕێگر بوو لە خێرایی ڕۆیشتنمان، ئێمە نەمان دەزانی ئایا بەرەو باشکەلە دەڕۆین یان نا، من وەک شوێن شارەزا بووم نەک وەک ووردەکاری، من دڵنیا نەبووم کە دەگەینە کەلارەشە یاخود نا، ئەمەش لە ناو گروپەکەدا

بێزاری دروست دەکرد، کاتژمێر ٤ بەڕێ کەوتین مەترسییەکی زۆر چاوەڕێی ئێمەی دەکرد، دوای ئەوەی بەڕێ کەوتین هێواش، هێواش بە زۆزانەکانی باشکەلە سەردەکەوتین، لەبەر ئەوەی بەفرێکی زۆر باری بوو بە هێواشی ڕێمان دەکرد ئەو هەڤاڵەی لە پێشەوە بوو ڕێی بۆ دەکردینەوە، بۆ ئەوەی قاچیان ڕەش و مۆر نەبێتەوە زوو، زوو دەمانگۆڕین، تا سەربکەوتینایە وامان دەزانی هێشتا زۆرمان ماوە هەرچۆنێک بێت گەیشتینە لووتکە، ئەم گەیشتنە بەختەوەری نەکردین لەبەر ئەوەی باشکەلەو هیچ گوندێکمان لێوە دیار نەبوو، ئیتر بەو دیودا بەرەو خوارەوە شۆڕبوینەوە، دوای ڕێکردنی چەند کاتژمێرێک لەدورەوە شوانمان بینی، ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە لە گوندەوە نزیکین بەڵام زانیاریمان لە بارەی گوندەکانەوە نەبوو، ماوەی ١٣ ڕۆژ بوو لە بێستا دەرچوبوین بەڵام هێشتا هەڤاڵانمان نەدۆزیبۆوە، بە بێ ڕاوەستان ١٢ کاتژمێر ڕێمانکرد لە ئەنجامدا لە شوێنێک لە ژێر گابەردەکاندا پشوماندا، بە گوێرەی پیلانەکەمان لەگەڵ گەیشتنمان بە یەکەمین گوند خۆمان پێدا دەکرد و سۆراغی ڕێی کەلەرەشەمان دەپرسی و ئازوقەشمان دەهێنا، دوای پشودان کەوتینەوەڕێ، ئەم جارەیان ڕۆیشتنمان ناڕەحەت نەدەبوو لەبەر ئەوەی بەرەو خوار شۆڕدەبوینەوە، لەکاتی بەردەوامی ڕێدا ئیتر تیشکی گڵۆپەکانی گوند بەدیدەکرا، دوو دڵ بوین لەسەر ئەوەی کە بچینەناو گوند یاخود نا، لەدوای گەنگەشەکردن بڕیاردرا کە بچینە ناو ئەو گوندەی کە تیشکی دیارە، ئەم بڕیارە هەروا ئاسان نەدرا هەندێ لە هەڤاڵان پێیان باش بوو کە نە چینەگوندەکەوە هەندێکیان پێیان باش بوو بەڵام لە ئەنجامدا بڕیاردرا کە بچینە گوندەکەوە، خۆمان لە یەکەم ماڵی گوندەکە نزیک کردەوە.

هێواش،هێواش بەرەو ماڵەکە دەهاتینە خوارەوە، کە نزیک بوینەوە ڕێی ماشێنمان بینی بە دوربین تەماشام کرد کە ڕێگای ماشێنەکە بەرەو ماڵەکە دەڕۆی، ماوەی ٢٠٠ مەترێکمان مابوو بۆ ماڵەکە کە لێی وورد بوینەوە بۆمان دەرکەوت مەخابن بارەگای سەربازی بوو، کە تەماشای بارەگاکەم کرد بینیم لە چواردەوری ئێشکگر هەبوو، ئیتر نەماندەزانی چی بکەین، هەڵبەت ئەو هەڤاڵانەی پێیان باش بچینە گوندەکەوە لە شەرما نەیان دەزانی چی بکەن و هیچ وورتەیان لە دەمەوە نەدەهات، بۆ بەیانی کە دوژمن شوێن پێی ئێمەی ببینیایە لەنزیک بارەگاکە بەدوامانەوە دەهاتن و توشی مەترسی دەبوین، جارێکی تر بەو شوێنەی هاتبوین گەڕاینەوە، بەشی ئەودیوی بەرزاییەکە بەفر نەیگرتبوو هەربۆیە ئەو ڕێگایەمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی بۆ بەیانی شوێن پێمان ئاشکرا نەبێت، هەڵبەت ئەو شوێنەی لێی دەهاتینە خوارەوە بەرەو جادەیەکی گشتی خۆڵاوی شۆڕدە بۆوە دەبوایە لە جادەکە بپەڕێنەوە ئەوبەر کە ئەمەش باش نەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی شەو بوو ماشێن هاتوچۆی نەدەکرد هەربۆیە ملماننا، لەبەر ئەوەی لێرەبەفر نەکەوتبوو دەمانتوانی بە خێرایی ڕێ بکەین، بە جادەی ماشێنەکە ڕێمانکرد ئیتر بەرەو گوندەکان پێمان هەڵگرت، چەند گوندێکی نزیک لەیەکتریمان بڕی و سەگی گوندەکان پێمان دەوەڕین بەڵام لەبەر ئەوەی کات درەنگ بوو گوندنشینەکان نوستبوون، نەمان دەزانی ئەگەر ئێمەیان ببینیایە ئیخباریان دەکردین یان نا، ئەگەر بێت و ئیخباریان بکردایە نەمان دەتوانی جارێکی تر سەر بکەوینە سەرەوە ئەمەش دەبووە هۆی لەناو چوونی هەمووومان.

کاتژمێر ٣ ی شەو بوو بێدەنگانە گوندەکانمان بڕی، کەمی مابوو

که ڕۆژ هەڵبێت ،ئێمەش لەو پێدەشتە بووین، بۆئەوەی ئاشکرا نەبین لەناو ئەو چەم و بێستانەدا وەک ڕاوچێکان ڕێمان دەکرد، بەبێ ئەوەی ٥ خولەک پشوبدەین ماوەی ١٨٨ کاتژمێر ڕێمان کرد، کێشەی ئازوقەشمان دەستی پێکرد، ئەو هەڤاڵانەی بە بەدەن لاواز بوون تەحەمولی ئەمەیان پێنەدەکرا و، لە نێوانماندا گەنگەشە دەستی پێکرد ، دەمەو بەیان ببوینەوە ئێمە هەر بەردەوام بوین لە ڕێکردن، لە ناوماندا یەک، دوو هەڤاڵێک ووتیان کە لەوە زیاتر توانایان نەماوە ئەگەر دەشمرین با لێرە بمرین باشترە، دانیشتن و ئیتر هەڵنەسان، ئەم ڕفتارەیان زۆر کەسی لەناوماندا تورەکرد بەڵام ئەم هەڵویستەی ئەم هەڤاڵانە کەدانیشتن ئێمەی لە ناوچون ڕزگار کرد لەبەر ئەوەی لە نزیک مانەوە دۆڵێکی زۆر بچوک هەبوو، ئەم دۆڵە دەگونجا بۆمانەوەمان، بەڵام ئەگەر توشی هەر شەڕێک بوینایە هەموومان لەناو دەچوین، دەمانتوانی لەدوورەوە تیشکەکانی شارۆچکەو بارەگای سنور و گوندەکان ببینین، ئێمە نەماندەزانی کە ئێرە باشکەلەیە یان نا بەڵام ئەگەر لێرە پشومان نەدایە دەمزانی کە لە شوێنێکی تر ناتوانین پشوو بدەین، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی کە خەڵک بمانبینێت، بەڵام پشودانی ئێستامان بواری بۆ ئەو هەڤاڵانە دەڕەخساند کە نەیان دەتوانی ڕێ بکەن، بەم شێوەیە دەهاتنەوە سەر خۆیان، لەوێدا ماینەوە و، گوندەکانیش لێمانەوە نزیک بوون، گوندێکیان لەم ناوچەیە بە ڕۆژ مەڕوماڵاتیان دەلەوەڕان ئەگەر شوانێک یاخود کەسێکی تر ئێمەی ببینیایە لەوانەیە کارەساتی لێ بکەوتایەتەوە، ئەمە ١٤ مین ڕۆژمان بوو، پشتمان بە جانتاکانمانەوە دادایەوە و هەرچەندە ماندوبوین بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆژ بوو نەماندەتوانی بنوین، خۆر بەرز ببۆوە هەموو شوێنێک ڕووناک بوو

ئێمەش چاوەڕێی ئێوارەمان دەکرد بەڵام کات بەسەر نەدەچوو.

بەنۆرە ئێشکمان دەگۆڕی کاتژمێر ١٢ هەڤاڵان پارتیزان و ئاسود کە ئێشکگر بوون بینیمان بە خێرایی بەرەو ئێمە شۆڕدەبنەوە هەمووومان شڵەژاین لێمان پرسین کەچی بووە وتیان کە گوندنشینێک بەلاماندا تێپەڕیوە نازانین ئێوەیان بینیوەیان نا، کەوتینە گەنگەشەوە بەڵام هیچیشمان پێ نەدەکرا ئەگەر ئێمەی بینیبێت و ئیخباریمان بکات ئەوە دەکەوتینە شەڕەوە، دیسانەوەکەوتینەچاوەڕوانیەوەکە لەهەموو شتێک ناخۆش تر بوو، لەناکاو کۆپتەرێک بەسەرمانەوە دەفڕی بیرمان کردەوە لەوانەیە شوێن پێی دوێنێی شەومانیان بینیبێ و بە شوێن ئێمەدا بگەڕێن، دیاربوو سەربازیش بە شوێن ئێمەدا دەگەڕان بەڵام ئەوان پێیان وانەبوو کە ئێمە بتوانین ئەم باڵەی ئەم دیومان گرتبێت، لە شانسی ئێمە تا ئێوارە هیچ جوڵەیەک لە ئارادا نەبوو، ئەگەر ببوایە بە ئێوارە مانای وابوو کە ڕزگارمان دەبوو، بوو بە ئێوارە، هەموومان لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە پشوومان دابوو ئیتر کە دەستمان بەڕێکردن بکردایە کەس نەیدەتوانی بمانوەستێنێت چونکە ڕێگامان دوور و درێژ بوو، ئێمە هێشتا گەنگەشەی ئەوەمان بوو کە ئایا گوڵپناری سەر بەشاری "وان" هیان نا، ئەگەر ئەوێ بوایە کەواتە دوورین لە سنورەوە، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە ڕێگامان هەڵەکردووە، لە کاتی ئەم قسانەدا هەڤاڵێک ووتی باڕادوێکە بکەینەوە چونکە هەر شوێنێک ئێم ئێفێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ڕادوێکەمان کردەوە گوێمان لێ بوو ووتی فمی پنار کەواتە ئێمە لە گوڵپنارین، هەموومان بە شڵەژانەوە مقۆی ئەوە دەستی پێکرد کە من بەڕێی هەڵەدا هێناومن تەنانەت گەنگەشەی جدیش لە ناوماندا دروست بوو، بۆ ئەوەی بزانین کە ئێرە کوێیە دەمانویست



لەسەر ڕێگاکە بگەڕێین بۆ نوسراوێک تاکو بیخوێنینەوەبەڵام لەبەر تیشکی گڵۆپی ماشێنەکان نەماندەتوانی بیبینین، نەمان دەتوانی هیچ بزانین دەبوایە بەسەر جادەکە بپەڕێینەوە بەڵام ماشێن ڕێی نەدەدا، بڕیارماندا لەکاتی نەبوونی ماشێندا بەدوو گروپ بپەڕێینەوە بەڵام زریپۆشی دوژمن لەوناوە دەسوڕایەوە کە دەیتوانی لەسەر قوڕ و خۆڵ و بەفریشدا بڕوات، لە ڕابردودا هەر ئەم زریپۆشانە هەڤاڵانی ئێمەیان شەهید کردبوو بۆیە دەبوایە زۆر ووریا بوینایە، بە شێوەی دوو گروپ پەڕاینەوەو کەوتینەڕێ، لە دوورەوە تیشکی گوندێکمان دەبینی، لەڕێگا ئاوێک هاتەڕێمان پێمان وابوو کە بۆ پەڕینەوە لەوانەیە پردێک هەبێت بەڵام چەنێک گەڕاین پردمان نەدۆزییەوە، پێڵاو و گۆرەویەکانمان داکەنی و شەڕواڵەکانمان هەڵماڵی و لەو ئاوە ساردە پەڕاینەوە، ئەو هەموو بەفر و بەهۆزەمان بڕی بوو ئەوەندەی ئەم ٥ خولەکی ناو ئەم ئاوەساردە نارەحەت نەبوبوین.

دوای ئەوەی لەو ئاوە پەڕاینەوە کەوتینەوە ڕێ، لە پێشمانەوە گوندێکی بچوک دیار بوو، لەوە دەچوو هەموویان خزم بن ئێمەش زۆر ووریایانە چاودێری گوندەکەمان کرد، بۆئەوەی ئازوقە بەدەست بخەین دوو هەڤاڵمان نارد بۆ گوندەکە، چەنێک دابویان لەدەرگا کەس نەیکردبۆوە لەبەر ئەوەی کات درەنگ بوو گوند نشینەکان لە ترسا دەرگایان نەدەکردەوە، کە بەردەوام بوون لە دەرگا لێدان دەرگایان کردبۆوە، دوای ئەوەی ئێمەش چوین یەکەم پرسیارمان ئەوەبوو کەئەم شارۆچکەیە کوێیە؟، کە کابرا ووتی ئێرە باشکەلەیە لە ناو هەموو هەڤالاندا زیاتر من دڵخۆش بووم، ئەمەئەوەی نیشان دەدا کە بەڕێی ڕاستدا هەڤالانم هێناوە بێگومان بە بێ ئەوەی توشی هیچ ڕووداوێکی دڵتەزێن ببینەوە ئەمە سەرکەوتن بوو بۆ من، هیچ هەڤاڵێک لە شەرما هیچی نەدەووت بەڵام لە دڵەوە بەختەوەر بوون، ١٦ کاتژمێر بوو بەڕێگاوە بوین بە خاوەن ماڵەکەمان ووت کە خواردنمان بۆ ئامادەبکەن، ئەوانیش خواردنیان ئامادەکرد، ئەو ماڵەی لێی بووین ماڵی کوڕی ئاغای عەشیرەتێکی هەککاری بوو، ئەوان بۆ لەوەڕی مەڕ و ماڵاتیان هاتبونە ئێرە، زستانیان لێرە بە سەر دەبرد، لەناوماندا ئەندامانی ئەم عەشیرەتە هەبوو هەروەها شەهیدیش بێگومان لەناویاندا جاشیش هەبوو، دوای مانەوەی ٢ کاتژمێر پرسیاری ئەوەمان کرد کەڕێی کەلەرەشە لە کوێیە، کابراش پێی ووتین کە دەبێت چۆناوچۆن بڕۆین بۆ ئەوێ، ڕێمان گرتەوە بەر دەمەو بەیان گەیشتینە لووتکە، ئەم گەیشتنە خێرایە هۆیەکەی ئەوەبوو کە دەمانزانی ڕێی ڕاستمان گرتۆتەبەر مۆڕاڵی هەمووومان زۆر بەرز بوو.

کاتێک لەلووتکە بەودیو شۆڕ بوینەوە بەدوای شوێن پێی ئەو

هێسترانە دەڕۆیشتین کە لە ئێرانەوە بەنزینیان بۆ تورکیا دەبرد، نوسراوەیەکمان بینی چەقێنرابوو کە بە فارسی نوسرابوو، پرسیارمان لەهەڤاڵ براجییە کرد کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، ئەویش ووتی ناوی گوندێکە کە لەم ڕێگاوە پێی دەگەین، ئیتر حاڵی بوین کە کەممان ماوە بگەینە کەلەرەشە، هەموومان دڵخۆش بوین هەتا بچوینایەتە خوارەوە گوند بەدی دەکرا کە ئەم گوندانە سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.

لەپیاوێک کە بەنزینی دەهێنا بۆ تورکیا پرسیاری هەڤاڵانمان لێکرد ووتی گوایە زۆر نزیکن ئەگەر دەتانەوێت ئەچم بانگیان دەکەم، ووتمان باشە ئێمەش لێی دانیشتین و ماوەی کاتژمێرێک چاوەڕێمان کرد دوایش هەڤاڵ ڕۆژهات هات کە لە هێزی کەلەرەشە بوو، ئێمەی برد بۆ کەمپەکە، چوینە کەمپەکە کە هەڤاڵان ئێمەیان بینی زۆر دڵخۆش بوون، کاتێک ئەو هەڤاڵانەی دەستیان بۆ تەوقەکردن درێژ دەکرد بۆم پێیان دەووتم سڵاو هەڤاڵ دەلیل ئەم سەرکەوتنەم هەموو ماندوبونێکمی لەبیر بردەوە و کەسمان ماندوبوونمان لەبیر نەما.

زستانمان لە کەلەرەشە بردەسەر و ئیتر وەرزی بەهار نزیک ببۆوە، ئێمەش دەگەڕاینەوە بۆ هەرێمی هەککاری، هێشتا ڕێگاکان هەمووی بەفر بوو ڕێمان گرتەبەر، بەڵام ئاوی نێوان تورکیا و ئێران زۆر لێمانەوە نزیک بوو و، دەبوایە ئەو ئاوەمان ببڕیایە، واتا ئەو ناڕەحەتییە و ڕێبەرییەی پێشوتر کرد بووم لە ئارادا نەما بوو، من و هەڤاڵەکەم و هەروەها هەڤالێکی تریشمان لەگەڵ بوو کە ناوی ئەویش دەلیل بوو کە ماوەی ٧ساڵ لە هەرێمەکە مابۆوە، ئەم ئاوە نەیدەهێشت بە سانایی بپەڕینەوە، دوژمن دەیانزانی کە لە بەهاردا

دەچین بۆ هەککاری هەموو ڕێگاکانیان دەگرت، تەنها ڕێی پەڕینەوەمان تەنها پردێک بوو و، هەر دەبوایە ئەوێمان بەکار بهێنایە ،بەڵام ئەویش سەربازی لێ بوو، کات شەو بوو پیلانمان دانا ئەگەر ئینتیحاریش بێت هەر لەم پردە دەپەڕینەوە، ئێمە بە گشتی ١٠ کەس بووین بە خێرایی لە پردەکە نزیک بوینەوە و هەر بە خێرایش بە سەر پردەکە کەوتینە ڕاکردن، سەربازێک خێرا کەوتە جوڵەوە، سەربازەکانی ناو خانۆکەش ووریا بونەوە بەڵام هەتا هاتنە دەرەوە نەیان زانی کە کێ پەڕیوەتەوە، زۆر جار لەبەر زۆری خوڕەی ئاو بواری پەڕینەوە نەدەبوو هەربۆیە قاچاخچێکان ئەم پردەیان بەکار دەهێنا، ماشێن بەسەر جادەکەی ئەوبەر تێدەپەڕی بە تیشکەکەی بە ئاسانی دەیان توانی ئێمە ببینن، هێشتا لە پردەکە دوورنەکەوتبوینەوە گوێمان لە دەنگی سەربازەکان بوو، لەگەڵ هاتنی ماشینەکان سەربازەکان بە ماشێنەکانەوە خەریک بوون، ئێمەش بۆ ئەوەی تیشکی ماشێنەکان لێمان نەدات خۆمان دابەزەویدا هێواش. . هێواش بەبەرزایەکەدا سەرکەوتین بەڵام ئەگەر سەربازەکان ئێمەیان ببینیایەبەبێ یەک و دوو شەڕ دەهاتە ئاراوە، مەترسیەکانمان بڕی بەڵام هێشتا زۆر مەترسی هەبوو لە پێشمانەوە، کە بیرم لە زستانەکە دەکردەوە کە ٢٠ کەس بووین و ئەو ناڕەحەتیەی دەهاتە بەرچاوم خوێنم دەوەستا، بەڵام ئەمجارە هەڤاڵانی شارەزامان لەگەڵ بوو هیچ ترسێکم نەبوو لەوونکردنی ڕێگا، ئازوقەمان کەم بوو دەبوایە بەگەیشتنمان بەهەر گوندێک ئازوقەمان پەیدا بکردایە مەخابن ئەم گوندانەش جاش بوون بەڵام جاشێک نەبوون کە دژی ئێمەبن، هەندێکیان ئیخباری ئێمەیان دەکرد هەربۆیە دەبوایە کەسانی دۆست هەڵبژێرین بۆ ئەوەی ئازوقەمان بۆ پەیدا بکەن، ئەو هەڤاڵانەی لە مێژەوە لەم

هەرێمە بوون گوندنشینەکانیان باش دەناسی بەڵام ناسینی خەڵکی باش بەو تاریکییەو لەو ڕەوشەدا زەحمەت بوو، هەندێ ئازوقەمان پەیدا کرد دوایش لە مێگەلە مەڕێکی گوندی بایکا نزیک بوینەوە، داوای ئازوقەمان لە خاوەن مەڕو ماڵاتەکە دەکرد، بەڵام پێویست بوو سەرەتا لێی نزیک ببینەوەو بیناسین، من و هەڤاڵ خەبات لە شوانەکە نزیک بوینەوە، لە بەینی خۆمان قسەمان کرد بە گوێرەی ئەوەی تەماشای کابرامان دەکرد کابرایەکی گەنج بوو، زۆر لێی نزیک بوینەوە لەبەر ئەوەی گەنجەکە لەسەرەوە بوو ئێمەش لە خوارەوە ئێمەی نەدەبینی، لەناکاو کابرا دەستی کرد بەگۆرانی ووتن، بەدەم گۆرانێکەیەوە بڕیارماندا کە بچینە لای، کابرا گۆرانییەکی دەووت کە بەسەر گەریلا بوو، کابرامان بۆلای خۆمان بانکرد، کابرا وازی لەگۆرانی ووتن هێنا و هات بۆلامان، کە ئێمەی بینی شۆک بوو، کە پرسیارمان لێی کرد لە شڵەژاویدا نەی دەتوانی بە تەواوی وەڵام بداتەوە، بەڵام دیاربوو زۆر دڵخۆش بوو کە ئێمەی بینیبوو، پێمان ووت کە پێویستیمان بە ئازوقە هەیە، کابراش چوو ئازوقەکانی خۆی بۆ هێناین.

دوای ٣ ڕۆژ ڕێکردن گەیشتینە هەرێمی هەککاری و، یەکەم کارمان چونمان بۆ ئەو گوندە بوو بۆ ئەوەی هەڤاڵ عیسا بهێنینەوە، کەبوو بەشەو چەند هەڤاڵێک چوونە گوندەکەوە و هەڤاڵ عیسایان بۆلامان هێنا، باوەشمان کرد بەیەکدا و زۆر دڵخۆش بووین، ئیتر ئەو چۆن مابۆوە بۆمانی باسکرد و ئێمەش چیمان بەسەر هاتبوو بۆ ئەومان گێڕایەوە، کەس لەو باوەڕەدا نەبوو کە گروپەکەی ئێمە بە سەلامەتی بگات بەڵام خۆش بەختانە هیچمان بە سەر نەهات هەروەها هەڤاڵ عیساش، بە تایبەتی من و هەڤاڵ بەرجیە زۆر

دڵخۆش بووین، دوای مانەوەی ٢ بۆ ٣ ڕۆژێک لەو ناوچەیەدا من و هەڤاڵ بەرجییەو جەمشید بەرەو ناوچەکەی خۆمان کە بێستا بوو جیابوینەوەو ڕێمان گرتەبەر، بەم شێوەیە لەو هەڤاڵانە جیابوینەوە کە لە کەلەرەشەوە بەیەکەوە هاتبوین و ئەرکەکەی خۆمان بەجێ هێنا بوو. زۆر بەختەوەر بوین دەمانویست بە زووترین کات بگەینە بێستا و بە هەڤاڵان شاد ببینەوە هەر بۆیە ڕێمان گرتەوەبەر.

# ڕووداوی هێرشەکانی ساڵی

# ١٩٩٨ لەبێستا

## دەلیل فورات

لە زستاندا هەموو هێزەکانی چواردەوری هەرێمەکە خۆیان دەگەێننە بێستا، لەبەر ئەوەی لەم هەرێمە زستان بە دژواری بەسەر ناچێت بەڵام بە پێچەوانەوە بەهارەکەی زۆر سەختە، کەم بوونی ئازووقە و خۆدانە سەرمان لەلایەن دوژمنیشەوە دەبونە هۆی دروستکردنی نارەحەتی بۆمان، دوژمن بۆ ئەوەی ڕێگا لەجوڵانەوەی گەریلا لە کاتی بەهاردا بگرێت خۆیان دەدەنە سەر ئەم ناوچەیە.

گواستنەوەمان لە بێستا لەکاتی بەهاردا بۆ شوینێکی تر مەترسیەکی زۆرمانی بۆ دروست دەکرد، لەبەر ئەوەی چواردەوری بە بەفر گیرا بوو گواستنەوەی ئێمە لە شوێنی خۆمان بۆ شوێنێکی تر سوودی بە دوژمن دەبەخشی و دوژمنیش بە ئارەزووی خۆی ئۆپەراسیۆنی دەست پێدەکرد.

چوار دەوری ئەم هەرێمە پێکهاتبوو لە قەڵای مەم و هەرەکەلەوە ئەو بەشەی کە دارستان بوو دارەکانی هێشتا گەڵایان نەگرتبوو، ئەمەش بوارێکی باشتری بۆ دوژمن دەڕەخسان دەبووە هۆی ئەوەی کە دوژمن بە ئاسانی لە دوورەوە بمانبینێت، هەڵبەت هەموو ئەمانە پێک نەهاتبوون لە نارەحەتیەکانمان بەڵکو باران بارین دەبووە هۆی کۆکردنەوەی ئاو ئەمەش دەبووە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانین بە سانایی ڕێگاکان ببڕین، لەم هەرێما لە بێستا هەموو ساڵێک هەڤاڵێکی زۆرمان لەبەر ئەوەی دەکەوتنە دەم ئاوەوە شەهید دەبوون، کێشەیەکی تری باران ئەوەبوو کە لە ئەنجامی قوڕ و چڵپاو شوێن پێمان ئاشکرا دەبوو کە دووژمن بە گوێرەی ئەوە دوامان دەکەوتن، لە ڕابوردودا بە هۆی شوێن پێمان دوژمن بۆسەی بۆ دادەنایین، ئەو هەڤاڵانەی کە تازە لە پەروەردە تەواو دەبوون لەبەر نارەحەتی بونیان نەیان دەتوانی چالاک بن، دوژمنیش ئەمەی دەزانی بە گوێرەی

ئەمە پیلانەکانی خۆی دادەڕشت، لەگەڵ دەست پێکردنی بەهاردا لە بێستا ئێمەش وەک یەکینەی گەڕۆک لە کەمپی زستانمان دەرچوین، جگە لە ئێمە هێزی ترمان هەبوو لە بەیتولشەباب و گەریس، ئەو هەڤالانەی بە کاری گوندەکانەوە خەریک بوون پێیان ڕاگەیاندین کە دوژمن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە ئامادەباشیدان و پێیان وابوو کە بەم زووانە ئەنجامی دەدەن، دوایی ئەم هەواڵە بە تەواوی بوو بەڕاست، ئێمەش وەکو یەکینەکەی خۆمان سەنگەرمان گرتوو لە ڕاستیشدا ئەوەندە زوو چاوەڕێی ئەم ئۆپەراسیۆنەمان نەدەکرد، ئەو دوا هەواڵەی پێمان گەیشت ئەوە بوو کە ئەم ئێوارەیە دوژمن بە کۆپتەر سەرباز دادەگرێت، وەک چاوەڕێ دەکرا دوژمن سەرەتا بە فرۆکە گردەستراتیژیەکانیان بۆردۆمان کرد، دوایش بە کۆپتەر سەربازیان لە سەر داگرتن، بەم شێوەیە دڵنیا بووین کە بەیانی دەکەوینە شەڕەوە و ئێمە وەک یەکینەی پاراستنی بارەگای هەرێم لە گردێکی زۆر بەرز سەنگەرمان گرت و دەمانزانی کە دوژمن دەیەوێت بۆ ئەوەی بەسەر ناوچەکەیە زاڵ بێت سەرەتا هێرش بۆ ئێرە دەهێنن.

لەگەڵ کازێوەدا دوژمن بەرە و شوێنەکەی ئێمە ملیان نا، ئێمە هەموو ئامادەباشیەکی خۆمانمان کردبوو، ئەو شوێنەی سەنگەرمان لێگرتبوو زۆر پتەو بوو و، هیچ نیەتمان نەبوو کە ئەم ناوچەیە بۆ دوژمن جێ بهێڵین، سەربازەکانی هێزی دوژمن لە شێوەی یەک سرەیی بەرەو ڕومان دەهاتن و ئێمە ئەوانمان دەبینی، چاوەڕێمان کردن تاکو بگەنە ئەو شوێنەی دەمانویست، کە گەیشتن بە قەنناس لێماندان، بینیمان کە چەند سەربازێکیان لێدران و گل بوونەخوارەوە بەڵام ئەوان بۆ ئەوەی ئەنجام وەربگرن هەر سوور بوون لە سەر ئەوەی بێنە پێشەوە، ئەو هەڤالانەی کە لە خوارەوە لە

سەنگەردا بوون نەیان دەهێشت کە سەربازەکان بێنە پێشەوە، هێزی دوژمن کە بۆی دەرکەوت کە بە هێزی پیادە ناتوانن دەست بگرن بە سەر شوێنەکەماندا لە ئاسمانەوە بە فرۆکە و کۆپتەر کەوتنە بۆردۆمانکردنمان، من و هەڤاڵانم لە شوێنێکی داخراودا خۆمان حەشاردا بوو هەڤاڵانی ترمان لە خوارەوە لە سەنگەرەکانیاندا بوون و شوێنەکانیان زۆر مەترسیدار بوو، سەنگەرەکانیان بۆ خۆپاراستن هیچ باش نەبوو، سەنگەرەکانی ئەوان بەردەڵان نەبوو کە شەڕی لە پاڵ بکەن، گروپی هەڤاڵ ماهیر بە تەواوی ببوون بەهەدەفی تۆپەکان و هێرشێکی زۆریان دەکردنە سەریان، ئەوەی بیرمان لێدەکردەوە و لێی دەترساین ڕوویدا لە گروپەکەی هەڤاڵ ماهیر ٥ هەڤاڵمان شەهید بوو.

دوژمن ئەوەی ویستی بە دەستی بخات لە خوار ئێمە بە دەستی خست و فرۆکەی دوژمن بە سەرمانەوە دەسوڕانەوە و تۆپ بارانیان دەکردین و بە چەکی گرانیش تەقەیان دەکرد، چەند کاتژمێرێکی ناخۆشمان بە سەر برد، هەر ١٠ خولەکێک پرسیاری کاتژمێرم لەو هەڤاڵە دەکرد کە لە منەوە نزیک بوو، کات هیچ بە ئاسانی تێنەدەپەڕی و هەڤاڵەکەشم لەم کاتژمێر پرسینە بێزار ببوو، ئەم کاتە نارەحەتترین کاتمان بوو، هەموومان چاوەڕێی ئێوارەمان دەکرد بەڵام کات بە سەر نەدەچوو، هێشا زۆرما بوو بۆ ئێوارە، جگەلە ئێمە هیچ شوێنێکی ترمان لە شەڕدا نەبوو، لە بێتەلەکەمانەوە گوێمان لێ دەبوو کە هێزی دوژمن زەرەرێکی زۆریان لێکەوتووە، دوژمن بۆردۆمانێکی زۆری شوێنەکەی ئێمەی دەکرد، هەتا دامانیان بگرتایەتەوە شوێنەکەمان خراپتری لێدەهات، لە ناکاو لە بێتەلەکەمانەوە کە بە هەڤاڵەکەم بوو بانگەوازێک کرا،

بانگەوازمان بۆکرا کە دەبێت لە شوێنەکەی خۆمان دەربچین، لەبەر ئەوەی لەو شوێنەی لێی بوین سەرباز دادەگیرایە خوارەوە، من و هەڤاڵەکانم هەڤاڵ دارا و جودی و زننار کە هەندێ لەولامانەوە بوون بە خێرایی لە شوێنەکەی خۆمان دەرچوین و ئەو دیمەنەی بینیمان زۆر سەیر بوو، ١٥مەترێک لەو لامانەوە کۆپتەرێک دەیویست بنیشێتەوە کەناوەکەی پڕ بوو لە سەرباز، دەیان ویست بە تەواوی لەسەر ئێمە سەرباز دابگرن، ئێمەش کەوتینە تەقەکردن لە کۆپتەرە بارهەڵگرەکە کە ناوەکەی بە تەواوی لێمانەوە دیار بوو، ٥ هەڤاڵ بەیەکەوە تەقەمان کردوو هەڤاڵ ئەمین کە بیکەیسی پێ بوو تەقەیەکی باشی لێکردن و دیار بوو کۆپتەرەکە بە باشی لێدرابوو بۆیە بە خێرایی دوور کەوتەوە، نزیک ترین شوێن شارۆچکەی شرناخ بوو هەر بۆیە خۆی گەیاندە ئەوێ و نیشتەوە.

لەبەر ئەوەی تەقەمان لێکردن کۆپتەرەکە شوێنەکەی ئێمەی بە هێزەکانی خۆیانی ووتوبوو، بەم شێوەیە دوژمن زۆر بە سەختی کەوتە بۆردۆمانکردنمان، سەنگەرەکانمان پتەوی خۆی لە دەست دەدا، لەو شوێنەی ئێمەی لێبووین دوژمن لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە٤٩ تۆپی پێوەنا جگە لەمەش کۆپتەرەکان بەردەوام موشەکیان پێوە دەناین، دەرئەنجام بوو بە ئێوارە و هێزی دوژمن کشایەوە و ئێمەش لە گردەکە هاتینە خوارەوە، دەبوایە بۆ بەیانی بۆ ئەوەی نەکەوینە شەڕەوە سەنگەرێکی باشی پتەومان پەیدا بکردایە، لەبەر ئەوەی پێشوتر فەرماندەکەمان لێرە مابۆوە شوێنێکی باشی پەیدا کرد، بەم شێوەیە بیرمان کردەوە تا هێرشەکان بەردەوام بێت لەم سەنگەرانە دەمێنینەوە، بەڵام دوژمن بە هەموو شوێنێکدا دەگەڕان و دەیان ویست ئێمە بدۆزنەوە، لەو شوێنەی لێی دەماینەوە ئەگەر هەموو

ڕۆژێک روبەروی سەربازەکانی بەرامبەرمان ببوینایەتەوە ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە شەڕ و پێکدادان دێتە ئاراوە هەر بۆیە دەبوایە زۆر ووریا بوینایە، ئەگەر هەر هەڵەیەکمان بکردایە دەبووە هۆی شەهید بوونی زۆربەمان، بە گوێرەی هەواڵی بێتەلەکەمان لە ناوچەیەکی زۆری هەرێمەکەدا شەڕ و پێکدادان هاتۆتە ئاراوە. لە هەر بوارێکەوە ئێمە هەندێ شانسمان هەبوو بەڵام دەردی کەمی ئازوقەمان دەچێشت، هەڤاڵ جەمال لەناو هێزەکەماندا بوو کە لەشەڕدا بوون ئەویش باڵی بریندار بوو، نیوە شەو گەیشتنە لای ئێمە بە ڕوخساریانەوە دیار بوو کە ناڕەحەتیەکی زۆریان چێشتووە و چەند هەڤاڵێکیان شەهید ببوو ئەم داخەشیان پێوەدیار بوو.

دوای ١٠ ڕۆژێک هێزی دوژمن پاشەکشێی کرد بەڵام لە هەندێ شوێندا بۆسەیان دادەنا هەر بۆیە بەڕەحەتی جولەمان نەدەکرد، بۆ ئیحتیاتی خۆمان زۆر بە نهێنیانە دەجولاینەوە، دوژمن هێشتا لە هەندێ شوێندا نەکشا بۆوە، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە دەبوایە ئیحتیاتی خۆمان لە دەست نەدەین، دوژمن لەم هێرشانەیدا بە تایبەتی فەرماندەکانی هەرێمەکانی کردبوو بە هەدەفی خۆیان، گرووپەکەی ئێمە لەبەر ئەوەی زۆربەیان فەرماندە بوون بۆ پاراستنی فەرماندەکانی هەرێم دەبوایە زۆر بە دیقەت بوینایە، لە کەرتەکەمان ٥ هەڤاڵمان شەهید بوو ئەوانیش تازە هاتبوونە ناو مەفرەزەکانمانەوە، هەر بۆیەکاتی ئەوەم بۆ نەڕەخسا بوو کە بیان ناسم، تەنها ناوەکانیانم دەزانی یەکێکیان هەڤاڵ سێلچوک بوو کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەری گۆڤاری سەرخوابوون کە زمان حاڵی پارتیمانە، هەڤاڵ شاهین و هەڤاڵ دەلیل مەخابن شەهیدی تریشمان هەبوون لە کەرتەکانی تردا، زۆربەی ئەم شەهیدانەمان لە

ئەنجانی بۆردۆمانەکانی کۆپتەرەکانی کۆبراوە شەهید ببون هەروەها دوژمنیش زەرەرێکی زۆریان لێکەوتبوو، زۆرجار شەڕی روبەرومان ئەنجام داو بەردەوام ٤ کۆپتەری کۆبرا بۆردۆمانمانیان دەکرد، جوڵانەوەمان زۆر زەحمەت بوو، کۆبراکان دەیانتوانی نزم ببنەوە و ئێمە کەشف بکەن و بە ئاسانی دەستمان لێ بوەشێنن، چەکەکانی دەستمان کاریگەرییەکی باشی نەدەکردە سەر دوژمن، لەبەر ئەوەی هیچ موشەکێکمان نەبوو کۆبراکان دەیانتوانی بە ئاسانی کاری خۆیان بکەن بەڵام کۆپتەری بارهەڵگر کە سەربازیان دادەگرت دەمانتوانی بە ئاسانی لێیان بدەین و زەرەریان بەربکەوێت، ئێمە کۆپتەرێکی بارهەڵگرمان خست کە لە ناویدا ٣٠ سەربازی تورکی تیابوو.

هەموومان ماندوو ببوین و برسی بوین و ئازووقەشمان نەبوو هەروەها تینمان تێدا نەما بوو لەگەڵ ئەمەشدا بواری حەوانەوەشمان نەبوو، لەو شوێنەی لێی بووین هیچ ڕووەکێک نەبوو کە بیخۆین، لەبەر سەختی شەڕ و پێکدادانەکان هیچ هەڤاڵێکمان نەیدەتوانی بچێتە گوندەکانەوە تاکو ئازوقە بهێنێت، بەفر هەموو شوێنێکی تەنی بوو کەس نەیدەتوانی ئەو بەفرە ببڕێت و بچێت لە گوندەکان خواردن بهێنێت، زۆربەی گوندەکانی بێستا جاش بوون و لەهەر گوندێکیش بارەگایەکی سەربازی هەبوو، چوون بۆ ئەو گوندانە مانای تەسلیمییەت بوونە، هەرچوار دەورمان گیرابوو نەمان دەتوانی بچین بۆ هیچ شوێنێک، لە گوندی سەگیرکە کە نیوەیان جاش بوون تەنها کەسێکی تیا بوو کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەبوو کە لە ساڵی ١٩٧٦ وە هاوکاریمانی دەکرد و کەسێکی زۆر دڵسۆز بوو، سەرەرای هەموو سەرئێشە و ئازار و زیندانیشی کە

بە هۆی هاوکاریکردنی ئێمەوە توشی دەبوو کەچی دەستبەرداری هاوکاریکردنمان نەبوبو، ئەو تەنها کەس بوو کە سەرەرای هەموو مەترسیەک و زەحمەتییەک هاوکاری پێدەگەیاندین، هەر ئەویش پێش دەست پێکردنی شەڕ هەواڵی ئۆپەراسیۆنەکەی پێ ڕاگەیاند بووین، ئەم قارەمانە ئەگەر بە گرانی باری سەرشانیشی خواردنی بۆ بهێنینایە بەشی ڕۆژێکمانی نەدەکرد، شەوێکی کە خواردنی بۆ هێناین لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لەلایەن جاشەکانەوە لێدەدرێت و شەهید دەبێت، ئەم ڕووداوە زۆر پێی نیگەران و دڵگران بووین و هەموومان پێی غەمگین بووین، کەسێکی ڕێزدار بوو بە درێژایی تەمەنی خزمەتی ئەم تەڤگەرەی کرد.

ئێمە کە هێشتا نەهاتبوینەوە سەرخۆمان و، ماندوبونمان نەڕەوا ببۆوە هەواڵمان بۆهات کە ئۆپەراسیۆنێکی تر دەست پێدەکات، دوژمن لە چوار دەوری شرناخ جێگری دەکەن، مەفرەزەکەی ئێمە و مەفرەزەکەی هەڤاڵ ماهیر دەبوایە دەستمان لەو هێزەی دوژمن بوەشاندایە کە لە گوندی سەگیرکە دەردەچون، ئێمە بە گروپێکی ٢٠ گەریلاوە ئێوارە بە ئامانجی بۆسەدانان بە ڕێکەوتین، شەو گەیشتینە شوێنی مەبەستی خۆمان، ئەو٢٠ هەڤاڵەی کە لە ڕێگاکانی ترەوە دەردەچوون ئەوانیش گەیشتن و خۆیان حەشاردا، لە چوار دەوری گردی گێردەم بۆسەمان دانا، ئەو هەواڵەی پێمان درابوو دەیووت کە ئەمشەو دەکەوینە ئەو شەڕەوە، ئەم شەڕە هەر دەبوایە بێتە ئاراوە لەبەر ئەوەی دوژمن سەرگردەکانی لێمان گرت و نەمان توانی بۆسەکە بکەینە بواری جێبەجێکردنەوە چونکە دوژمن لەو شوێنەی چاوەڕێمان دەکردن نەهاتن، ناچارماین شوێنەکەی خۆمان جێبهێڵین بەرەو ئەو شوێنەی کە تیپەکەمانی

لێ بوو بەڵام گەیشتن بەوان مەحاڵ بوو، دەمەو بەیانی بوو بەڵام تەنها ٢ کاتژمێرێک ڕێگامان بڕی بوو، کە بەیانی گەیشتینە کەناری ڕووباری هێزیل، لەوێ خۆمان حەشاردا ئەوەی سوودی بە ئێمە بەخشی گەڵای دارەکان بوو، بواری خۆشاردنەوەمان هەبوو، ئەم ئۆپەراسیۆنە لە ماوەی مانگێکدا دەستی پێکرد بوو، لە هەموو شوێنێک سەربازیان جێگیرکرد بوو.

نەبینینمان لەلایەن دوژمنەوە تاکو ئێوارە دڵخۆشیەک بوو بۆ ئێمە بەڵام دەبوایە بە زووترین کات لەو ناوچەیە دەربچوینایە کە لەژێر کۆنترۆڵی دوژمندا بوو، بە بێتەل پەیوەندیمان بەست بەسەر تیپەکەمانەوە، پێیان ووتین بەو شوێنە بچین کە دیاریان کردبوو بەڵام هێزەکانی دوژمن لەڕێگاکاندا بوون سەرەرای ئەمەش دەمەو ئێوارەڕێمان گرتەبەر، سەگەکەشمان لەگەڵ خۆماندا برد کە پێی دەوترێت سەگی شوان، ئەم سەگە پێشو تر چاودێری مەڕ و ماڵاتی هەڤاڵانی دەکرد، پێش ئۆپەراسیۆنەکە هەڤاڵان مەڕوماڵاتەکان دەبەن و سەگەکەش لەلای ئێمە مابۆوە.

فەرماندەی تیپەکەمان پێمانی وتبوو کە بەسەر مەڤوشکە تێپەڕین ئێمەش زۆر بە دیقەتەوە پەڕاینەوە، لێرەوە دەمانتوانی گوێمان لە دەنگی سەربازی دوژمن ببێت، دوای بڕینی ئێرەش بەسەر جادەی گشتی پەڕاینەوە و بە گوێرەی ئەوەی پێمان گوترا بوو هێزی دوژمنی لێ نییە، یەک لەدوای یەک ڕێمان کردوو بەرەو ڕێی گەرەگۆڤارە بەڕێکەوتین کە تیپەکەمان لەوێدا بوون، دوای مۆڵەتی جگەرەکێشانێک ڕێمان گرتەوەبەر، بەدەم ڕێگاوە قسەمان دەکردوو گاڵتەمان دەکرد، کاتێک لە گەرەگۆڤارە نزیک بوینەوە لە ناکاو سەگەکەمان هەڵویستەیەکی کردوو کەوتە گوێ گرتن، بەڵام ئێمە

پێمان وانەبوو کە دوژمن لێرەبێت، کاتێک لە چیاکە نزیک بوینەوە هەڤاڵەکانی پێشەوەمان لە پردێک نزیک بونەوە لەلای چەپمانەوە درایینەبەر تەقە، من لەدوای دواوە بووم ئەمە شۆکێک بوو بۆ ئێمە، لەو باوەڕە نەبوین کە هێزی دوژمن لێرەبێت، فەرماندەکەمان هەڤاڵ ماهیر هاواری بۆ هەڤاڵان کردبوو کە بچنە ژێر پردەکەوە بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە لە دواوە بووین گوێمان لەم فەرمانە نەبوو هەروەها پردەکەش لە ئێمەوە دوور بوو دوژمنیش بە شێوەیەکی چڕو پڕانە تەقەیان لێدەکردین، لە یەکەمین دەستکردنەوەی دوژمن چەند هەڤاڵێکمان بریندار بوون، لەبەر ئەوەی من لەدوای دواوە بووم ٢٠٠ مەترێکم مابوو بگەمە پردەکە، هەربۆیە نەم دەتوانی تاکو ئەوێ ڕابکەم، سەرەرای ئەمەش من و ئەو هەڤاڵانەی مابوینەوە هەوڵمان دەدا بگەینە لای هەڤاڵان، کاتێک تەقەمان لێدەکرا بە خێرایی بەرەو بەرزاییەک هەڵگژام و لەپشت دارەناوتەڵەک قەویەکاندا خۆم شاردەوە، هەستم کرد کە پێڵاوەکەم پڕ خوێنە فیشەکێک لەپەنجە گەورەی پێمی دابوو، لە دوای من ٣ هەڤاڵمان لەبەر ئەوەی کەم ئەزمون بوون بۆ خۆپاراستن لە گوللە لەسەر جادە قیرەکە دریژ ببون، هەڤاڵانی ترمان بەردەوام بەرەو پردەکە ڕایان دەکرد، دوژمن جێی هەڤاڵانی ژێر پردەکەی کەشف کرد بوو هەر بۆیە بەردەوام تەقەیان لەوێ دەکرد، لەناو گروپەکەمان بەلای کەمەوە تەنها من بووم کە شوێنەکەم باش بێت، چەند هەڤاڵێکی ژێر پردەکە بریندار ببوون هەندێ لەو بریندارانە برینەکانیان سەخت بوو، بەداخەوە ئەو ٣ هەڤاڵانەی بە ناوی فیراز و هۆگر و دەلیل کە لە سەر جادە گشتیەکە خۆیان درێژ کردبوو شەهید بوون، ئەگەر ئەو ٣ هەڤاڵەش ڕایان بکردایە شەهید نەدەبوون، هەرچۆنێک بوو خۆم

لە پردەکە نزیک کردەوەو بۆ ئاسانکردنی ڕەوشی هەڤاڵان تەقەم لەو شوێنەکرد کە تەقەمانی لێدەکرد، هەر چەندە دەمزانی کە ئەم تەقەکردنە هیچ زەرەرێک لە دوژمن نادات بەڵام دانم بەخۆمدا نەگرت چونکە هەڤاڵانی تر بریندار ببون گوێم لە هاوار کردنیان بوو، لە ناکاو چاوم بەهەڤاڵ حەکیم کەوت کە بەڕاکردن بەرەو من دەهات، هاوارم لێکردن کە من لێرەم کە گەیشتە لام پرسیاری هەڤاڵانم لێکرد ئەویش ووتی کە ڕەوشی هەڤاڵان خراپە، ئەگەر ئەو هەڤاڵانەش پێیان بکرایە دەبوایە وەک هەڤاڵ حەکیمیان بکردایەو ڕایان بکردایە، کەوتینە چاوەڕوانی هەڤاڵان بەڵام مەخابن کەس نەهات، لەوانەیە لە شوێنێکی ترەوە ڕایان کردبێت هەروەها گوێمان لە دەنگی کۆپتەرە کۆبراکان بوو، شوێنەکەمان باش نەبوو کۆپتەرە کۆبراکان دەیان توانی بە بلاجکتۆرەکانیان هەدەف دیاری بکەن، من و هەڤاڵ حەکیم بە شوێنێکی تر هەڵگژاین و هێواش. . هێواش کەوتینە ڕێکردن، ئیتر لەو شوێنە دورکەوتینەوە کە دوژمنی لێ بوو، بەڵام تەنها من و هەڤاڵ حەکیم بوین وەڕێو شوێنی تیپەکەشمان



نەدەزانی.

کۆپتەرەکۆبراکان هەرچەندە شەویش بوو بە بلاجۆکتەرەکانیان ئەو ناوەیان ڕووناک دەکردەوە و تەقەی لەو هەڤاڵانە دەکرد کە لە ژێر پردەکە بوون، هەواڵی هەڤاڵەکانی ژێر پردەکەمان نەدەزانی، دەبوایە من و هەڤاڵ حەکیم بگەیشتینایەتە تیپەکەمان و یارمەتیمان بۆ هەڤاڵان بهێنایە، بەڵام نەمان دەزانی ڕێو شوێنی هەڤاڵانی تیپەکەمان لە کوێیە، دوایی بیرم کردەوەکە هەڤاڵان لە بێتەلەکەوە باسیان لەشەلالەیەک دەکرد ئەم شەلەلایە تەنها لە وەرزی بەهاردا ئاوی هەیەو لەوەرزەکانی تردا ووشکە، هەر چەندەئەم شەلالەیەم نەبینی بوو بەڵام بەگوێرەی تەخمینی خۆم ڕێیەکەیم دەزانی، ئێمەنەمان دەزانی کەبەیانی چی ڕودەدات هەر بۆیەدەبوایەبگەیشتینا یەتەهەڤاڵان، کاتێک لە کەناری ئاوەکانی بێستا و هینجا ڕێمان دەکرد بە شوێن پێی هەڤاڵان دەگەڕام، بەڵام بە هۆی ئۆپەراسیۆنەکانەوە هەڤاڵان هیچ شوێن پێیەکیان بەجێ نەهێشتبوو، هەردووکمان لە کەناری ئاوەکەوە بەرە و چیای هەرەکۆلە ڕێمان گرتەبەر، بەگوێرەی تەخمینی خۆمان لەوانە بوو هەڤاڵان نزیک ئاو بونایە، ئێمە بە شێوەیەکی دیقەتانە ڕێمان دەکرد بەڵام هیچ شوێن پێیەکمان نەبینی، لە ڕاستیدا ئەو هەڤاڵانەی لە شەڕەکە بەجێمان هێشتبوون لە خەیاڵماندا دەرنەدەچوون، ئێمە هەر مەراقی ئەوانمان بوو، تا دەمە و بەیان ڕێمان کرد بەڵام نەگەیشتینە هەڤاڵان، لە کاتی دمەو بەیاندا گەیشتینە قەد شاخەکە ناچار بەرەو ئاوەکە شۆڕبوینەوە، تەنها تەخمینی یەک شوێنم کرد کە ئەویش بە شەو کۆنترۆڵم نەکرد بوو چونکە ئەوێ تەنها شوێن بوو کە لەشەلالە بچێت بەڵام ئاوی ووشک بوو، کاتێک گەیشتینە ئەوێ بەیانی بوو ئیتر ئێمەش بەو

شوێنەدا هەڵگژاین، هیچمان روبەڕو نەبۆوە، لەئەنجامدا لەبەیانیدا هەڤاڵانمان دۆزیەوە، بەم شوێنەمان دەووت نوقتەی ڕەمزی ئەم رەمزییەئەو هەڤاڵەبوو کەلەم شوێنەدا بەکاری تەکنیکیەوەخەریک ببوو، لەئەنجامدا گەیشتن بەهەڤاڵان شتێکی خۆش بوو بەڵام گروپێکی تری تیپەکەمان هەر ئەو بەیانییەبۆ بۆسەدانان و چەند هەڤاڵێکیشمان کەمابوونەوەبۆسەیان دانابوو جگەلەو ٣ هەڤاڵەی سەر جادەکەشەهیدی ترمان نەبوو بەڵام ڕەوشی هەڤاڵان بەگشتی باش نەبوو، ئێمەهێشتا لەگێڕانەوەی ڕوداوەکان بووین هەڤاڵ ماهیر و چەند هەڤاڵێک گەیشتنەلامان، بەڵام هەموویان نەگەیشتبوون، کەس هەواڵی هەڤاڵ مەزلوم و فایەقی نەدەزانی پێشمان وابوو کە ئەم دوو هەڤاڵەش شەهید بوونە، لەوێ جیابوینەوە، ئەو مەروماڵاتانەی کە لە شوانەکان دابڕابوون بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکانەوە بۆ ئەوەی نەکەونە دەستی دوژمن لەگەڵ خۆماندا بردمانن بەڵام بە پێشخستنی بەرخەکانیان کارێکی زەحمەت بوو ڕانەمەڕەکانمان پەڕاندەوە ئەو بەری ئاوەکە بەڵام هەندێ لەبەرخەکان کەوتنە ئاوەکەوە پیلانمان وابوو کە بەم ڕانە مەڕەوە بە زووترین کات بگەینە ناوچەی گاریسا، لەبەر ئەوەی دوژمن لە هەرێمەکەدا بوو و، شەڕ لەناوچەکان بەردەوام بوو، شەو تا بەیانی بێ وەستان ڕێمان کرد، بۆ ئەوەی بەرخەکان لێمان وون نەبن دەمانکردنە باوەش ئەمە سەرەرای ئەوەی کە خۆشمان ماندوو بوین، دەمەو بەیان گەیشتینە ئەو خاڵەی کە هێزی گاریسای لێ بوو، هەمووومان ماندوو ببوین، بیرمان هەر لەو هەڤاڵانە دەکردەوە کە لە بۆسەکە پێوەببوون، جارێکی تر لە گاریساوە بەرەو بێستا ڕێمان گرتەبەر کە هێشتا ئۆپەراسیۆن بەردەوام بوو.

کاتێک گەیشتینە شوێنی تیپەکەمان چاوم بەو هەڤاڵانەکەوت کە لەگەڵماندا کەوتبوونە بۆسەکەوە و پرسیاری ڕەوشیان و چۆنیەتی ڕزگاربونیانم کرد، بەڵام هەڤاڵان فایەق و مەزڵوم نەگەیشتبوونە ئێرە، هەڤاڵ فایەق یەک ڕۆژ خۆی لەو شوێنە شاردبۆوە کە دوژمنیشی لێ بووە بەڵام لە دواییدا ئەویش گەیشتە هەڤاڵان، هەڤاڵانی تر شەهید ببوون ئەمەش جەرگمانی سوتاند، هەڤاڵ فیراز کە چەندین ساڵ بەیەکەوە بووین چەندین جار کەناری گۆڕ لێی ترسا بوو بەڵام مەخابن ئەم جارەیان شەهید بوو، هەڤاڵ فیراز خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوو زۆر حەزی لە چەک بوو هەر بۆیە چەکی قورسی هەڵدەگرت، گروپێکمان نارد بۆ هێنانەوەی تەرمی شەهیدەکانمان بەڵام بینوبیان کە دوژمن لەسەر ڕێگایەک هەموویانیان بەیەکەوە سوتاند بوو، سەرەرای ئەمەش هەڤاڵان لەژێر دارێک چاڵێک هەڵدەکەنن و دەیان نێژن، لەم ئۆپەراسیۆنانە کە هەڤاڵان کەوتبونە شەڕەوە لە کاتۆ و جارکەدا ٢ جاش و سەربازێکیان بە دیل گرتبوو، سەربازێکی زۆریشیان کوشتبوو هەروەها کۆپتەرێکیشیان خستبوو، لەم ئۆپەراسیۆنانەدا دوژمن زەرەرێکی زۆری لێکەوت، ئەو ئەنجامەی بە تەمای بوون بە دەستیان نەخست، بەم شێوەیە ئەم ئۆپەراسیۆنانەشیان تەواو بوو کە لەمێژە بەرامبەر بە گەریلا ئەنجامیان دەدا.

گەورەترین ئۆپەراسیۆنی ئەم ساڵە کۆتایی هاتبوو، ئەو هەموو هێرشانەی ئەنجامیان دەدا بە ئەنجامی بنبڕکردنی هێزی گەریلا بوو و، نزیکەی ٧٠ هەزار سەربازی تورک بەشداری تێدا کرد بوو، هەرچەندە شەمدین ساقیقیش دژ بە ئێمە بۆ کەشفکردنی شوێنەکانمان هاوکاری دوژمنی دەکرد بەڵام ئەویش نەیتوانی

بەرامبەر بە ئیرادەی پۆڵاینی ئێمە سەرکەوتن بە دەست بخات و نەگەیشتە مەرامی خۆی، تەنها توانیان چەند پارچەیەک لە جەرگمان بکەنەوە.

سەرەرای هەموو شتێک ژیانی سەرنج ڕاکێشەری گەریلا بەردەوامەوە هەمیشە پیرۆزی و بیرەوەریەکانی شەهیدانمان لە هزر و دڵماندا دەژی.

# ڕووداوەکانی یەک شەو

**ماهیر دێرسیمی**

من لێرەدا نامەوێت باسی ئەوەتان بۆ بکەم کە چۆن شەڕمان کرد و بەرخودانمان پێکرا و چۆن هەناسەی‌شەڕمان درێژ دەکردەوە یان چۆن خوێنی هەڤاڵێکمان دەستمانی دەسوتاند، من باسی ئەمانەناکەم، هەڵبەت باسی برسی بوون و تینی بوون و بۆنی باروتی شەڕەکانیش ناکەم، لێرەدا باس لە درەوشانەوەی ئەستێرەکان و باس لە پیرۆزی ئەو دەستانە دەکەم کەبەشەوان بۆ یەکترمان درێژ دەکرد و باسی پێکەنینی هەڤاڵان و باس لەو جوانیانەدەکەم کەلەسەنگەرەکاندا ئاسۆ دەردەکەوت‌و باس لەو تام و چێژەدەکەم کە دەستی ڕچیومان چۆن دوای ئەو هەڵپەڕکێیەی دەکرا چۆن دەستی یەکترمان دەگرت و گەرم دەبوینەوە، ئەگەر بمەوێت باسی هەموو ئەو شتە جوان و خۆشانە بکەم ئەوا پێویستیمان بە نووسینەوەی چەندین پەرتوکە، ژیانی تاڵ و دڵتەنگی و باشە و خراپی و کۆمیدی و دراما هەموو ئەمانە ئەو کات و ساتەیە کە تەنها تاڵەموویەک دەتوانێت لە یەکتریمان جیا بکاتەوە، هەموو ئەم دابڕان و بیرەوەریانەش برینی قوڵ دروستی کردوون.

کۆتایی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٩٣ بوو، تینی گەرما بەردەوام بوو، شنەبا و کزەبا یان لە کاتی شەودا چەند جارێک یاخود دەمەو بەیان خۆی نیشان دەدا، کاتێک گەرما باڵی بەسەر گوندا دەکێشا گوندنیشینەکان خۆیان دەخستەبەر تیشکی خۆر، ژیانی جیاوازی ڕۆژانەی ئەمڕۆی گوند ئەوەی نیشاندەدا کەشتێک ڕویداوە، چونکە لەم کاتانەدا گوند نشینەکان یان دەنوستن یان لەژێر سێبەری دارێک قسەیان دەکرد و ماستاوی خۆیان دەخواردەوە، بەڵام ئەمڕۆ لەناو سەرسوڕماندا بوون و شتی سەیریان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە، هەربۆیە پرسیارێکی زۆریان لە یەکتری دەکرد، دوای

ماوەیەکی کورت گوندنشینەکان بە تەواوی بۆیان دەرکەوت کەچی ڕوویداوە، گروپێک لەگەریلا لەسەر ڕێگای ئۆڤەجیک لەشاری دێرسیم چالاکیان ئەنجام دابوو، سەرەڕای ئەوەی ئەم چالاکییە چەند کاتژمێرێک پێش تر ئەنجام درابوو بەڵام هەواڵ گەیشتبووە هەموو گوندەکانی چواردەور، گوندنشینەکان بەژن و پیاو و لاو و منداڵەوە باسیان لەم چالاکییە دەکرد کە چۆن لە ڕۆژی ڕووناکدا گەریلا ئەنجامی داوە، هەڵبەت ئێمە نامۆ نەبووین بە دەنگی تفەنگ و چالاکییەکی لەو شێوەیە، دەتوانم بڵێم هەموو ڕۆژێک گوێمان لە تەقە و تۆق دەببوو هەروەها هەواڵی چالاکییەکانمان پێ دەگەیشت، بەڵام چالاکییەکی بەو شێوەیە لە ڕۆژدا و ئەوەندە نزیک بێت لە شارەوە ئێمەی هەژاند بوو، لە ڕاستیدا ئەوەی ئێمەی هەژاند بوو ئەو غیرەتانە بوو کە ئەم چالاکییەیان پێک هێنا بوو، هەڤاڵان زوو. زوو دەهاتنە ماڵی ئێمە، بنەماڵەکەمان هەر هەموویان وڵات پارێز بوون، منیش کار ئاسانی و پێداویستیم بۆ هەڤاڵان پەیدا دەکرد، بنەماڵەکەمان زۆر ڕێزیان لە کەسانی شۆڕشگێڕ دەگرت و تا لە دەستیان بهاتایە هەموو شتێکیان بۆ دەکردن، ئەوەی مێشکی منی سەرقاڵ کردبوو ئەوە بوو لە ناو ڕیزەکانی پەکەکە دا ببم بە گەریلا، ئەو سحرەی ئەوان کەمنی بۆ لای خۆیان پێ ڕادەکێشا لە دوای ماوەیەکی تر هۆکارەکەیم زانی، لە کۆندا بە ئەنجامدانی ئەم چالاکییانەم دەووت ماجەرا، ئەم هۆکارانە بوو کە هەڵبژاردەیەکی نوێ بکەم لە ژیانمدا، دەمویست وەک گەریلا ژیانم بڕەخسێنم، وەک ئەوان قسەم دەکرد و هەڵسوکەوتم دەکرد و وەک ئەوانیش بیرم دەکردەوە، بەڵام ئەوەشم باش دەزانی کە هەتا لەم شوێنەی خۆم بم هەرچییەک بکەم بەڵام وەکو ئەوانم لێنایە، بیرم کردەوە لەوانەیە

هەڤاڵان لەم نزیکانەبن، کەوتمە چاوەڕوانییەوە، پێموابوو کە بە ماندوبونی چالاکیێکەوە لە دەرگامان دەدەن و دوایش لە ناو تاریکی شەودا وون دەبن، بیرم لە پێکەنین و گاڵتەکانی هەڤاڵان دەکردەوە، هەندێجار پەردەکەم لادەدا و تەماشای دەرەوەم دەکرد، هەندێ جاریش بە خەیاڵ دەچوومە چیاکانی کوردستان، نەم دەتوانی ئەم جۆش و خرۆشەیەم بشارمەوە، لەناو چاوەڕونیدا بووم و کاری نائاساییم دەکرد و هەر لە خۆمەوە هەڵدەستام و دەرگام دەکردەوە و تەماشای دەرەوەم دەکرد، دەمویست بچمە چیا و بە شێوەیەکی ئازادانە وەک باڵندەیەک بفرم.

شەو بەسەر نەدەچوو هەرچەندە کاتژمێر ١٠ بوو وام هەست دەکرد کە هەر ئێستا رۆژ دەبێتەوە، دەرگا دارەکەمان بە هێواشی لێدرا، بە شێوازێک لێدەدرا زۆر بە هێواشی کە هەندێ جار هەستت پێدەکرد و هەستت پێنەدەکرد، بە ڕاکردن چووم دەرگاکەم کردەوەو ئەمانە ئەو میوانانە بوون کە من چاوەڕێیان بووم، ئەوانەی لە بەردەم دەرگا بوون ئەو ماندوانە بوون کە چالاکیێکەی ئەمڕۆیان ئەنجام دابوو، باوەڕم نەدەکرد کە هاتوون جۆش و خرۆشی ناخم گەیشتبووە بەرز ترین ئاست، لە ناو ئەم گروپەدا جگەلە٢ هەڤاڵ ئەوانی ترم نەدەناسین، دوایی زانیم ئەو هەڤاڵانەی نەیانم دەناسین لە هەرێمی ئامەدەوە هاتبوون، هەتا بڵێیت ماندوو دیاربوون، دوایی دانیشتن چەکەکانیان لە سەر کۆش یاخود بە دیوارەکەوە دانا، ئەو هەموو بیرکردنەوەی پێش هاتنی ئەوان کە بیرم لێدەکردەوە زیاتر زۆری بۆ هێنام و نەم دەزانی چی بکەم.

لە ناویاندا هەڤاڵێکی باڵا بەرز چاو بە چاویلکە زۆر سەرنجی ڕاکێشا، پێم وابوو کە فەرماندەی گروپەکەیە، جوڵانەوەی زۆر

موتەوازی و بەڕێزانە بوو، هەموو قسەکانی واتادار و جێی سەرنج ڕاکێشانی هەموو کەسێک بوو، بەلامەوە گرنگ نەبوو کە ناوی زۆربەیانم نەدەزانی یاخود نایانم دەناسین، ئێمە پەیوەندیەکی پتەوی ڕوحیمان لە نێواندا هەبوو نەم دەتوانی ناوێک بۆ ئەو پەیوەندییە ڕوحییە بدۆزمەوە، هەڵبەت لەبەر ئەوەی شارەزای ئەم هەرێمە نەبوون کێشەی پاشەکشێیان هەبوو، سەرەڕای ئەوەی نامۆی ئێرەبوون بەڵام سەرکەوتوانە چالاکییەکەیان ئەنجام دابوو، هەڵبەت پیشەی دوژمن بوو کە لە دوای هەر چالاکییەک بۆ ئەوەی زەرەر لە هێزی گەریلا بدات لە کاتی کشانەوەیان ئۆپەراسیۆنیان ئەنجام دەدا، گوندەکەمان و چواردەورمان بۆ گەریلا ناوچەیەکی زۆر گونجاو نەبوو، هەڵبەت دوژمن ناوچەکەی ئێمەشیان باش دەزانی هەربۆیە دەبوایە ئەم گرووپە بۆ شوێنێکی تر دوور بخرێنەوە.

ئەو هەڤاڵەی باسم کرد کە سەرنجی ڕاکێشا بوو ناوی عەلی ئیحسان بوو لێی پرسیم کە ئایا دەتوانم یارمەتیان بدەم، من چاوەڕێی ئەم پرسیارەم دەکرد و هەربۆیە وەڵامەکەیشم ئامادەکرد بوو زۆر خێرایانە ووتم بێگومان هاوکاریتان دەکەم، ئەوانم دەبرد بۆ قزلقایە، دوژمن زۆر شارەزای ئەو ناوچەیە نەبوو، لە ڕاستیدا تەنانەت هەڤاڵانیش ئەم ناوچەیان زۆر بەکار نەدەهێنا، ئەگەر ئەم شەو بگەیشتینایە بە قزلقایە مانای ئەمەش ئەوەیە کە بۆ سبەی هەڤاڵان روبەڕوی ئۆپەراسیۆنی دوژمن نەدەبوونەوە، ئەگەر رویشی بدایە کاریگەریەکی ئەوتۆی نەدەبوو، من باسی هەموو ئەمانەم بۆ هەڤاڵ عەلی ئیحسان کرد، سەرەڕای ئەوەی چاویلکەشی لە چاودا بوو بەڵام لەودیوی جامی چاویلکەکەشەوە لە چاویدا تیشکی ئومێدی ئەم قسانەی منی تیا بە دیدەکرا، هەڵبەت بە خەندەی سەر لێوی

نیشانی دام کە دەتوانم بەسەر کەوتوانە ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکەم، پێی ووتم ئێمە ڕێگای قزلقایە نازانین هەر بۆیە دەبێت بمانگەیەنێتە ئەوێ، منیش بە سەر لە قاندنەوە نیشانمدا کە ئەم ئەرکە زۆر بە باشی بەجێدەگەیێنم.

گوندەکەمان لە ناو دەریای بێدەنگی شەودا بوو، ژیان لە ناو ئەو بێدەنگیەدا بەردەوام بوو، ئەو شەوە بووم بە دۆستی ئەو تاریکیە، من لە ناو ترس و هەیەجان و خەیاڵی مندالیمدا دەژیام و ئێستاش ڕێبەرایەتی بۆ هەڤالان دەکەم هەڵبەت من جارێک چوبوم بۆ قزلقایە هەر بۆیە زۆرم لە خۆم دەکرد کە ڕێگاکانم بەبیر بێتەوە، خۆم بە خۆمم دەووت ئەگەر زۆر لەهزرم بکەم دەتوانم ڕێگاکان بە باشی بدۆزمەوە.

هەموو ئامادەباشییەک کرا بەڵام کەس و کارم لایەنگری ئەوەنە بوون کە بەم کارە هەڵبسم، هەڵبەت ڕێگایان نەداپێم، لەبەر ئەوەی ڕابەرایەتی بۆ گروپێک گەریلا دەکەم و ئاشکراش بوو بەلایەنی کەمەوە بۆ بەیانی دوژمن هێرش ئەنجام دەداو منیش دەکەومە ناو ئەو شەڕ و شۆڕەوە، دەبوایە بەرامبەر کەس و کارم بڕیارێکی موتلەقم بدایە و ڕوبەڕوی ئەوان ببومایەتەوە لەگەڵ ئەواندا ئەمەش کێشەی بۆ دروست دەکردم، ئەگەر گوێم بۆ ئەوان شلبکردایە دەبوایە ئەم کارەنەکەم، زۆر دڵنیا بووم کە ئەمەش کارەساتی دڵتەزێنی لێ دەبۆوە و منیش نەم دەتوانی بەم ئازارەوە بژیم، بڕیارمدا کە دەبێت ئەم کارە بکەم، بۆ ئەوەی ڕێگای چارەسەری سێیەم بدۆزمەوە ئەم نیگەرانیەم بە هەڤاڵ عەلی ئیحسان ڕاگەیاند، هەڤالان پێیان وابوو دەبێت بەرامبەر بە کەسوکارم هەڵوێست بنوێنم چونکە ئەم بڕیارە موتڵەقەی کەس و کارم شتێکی باش نییە، دەبوایە بە شێوەیەکی

موتڵەق ڕوبەروی کەس و کارم نەبمەوە هەربۆیە دەبوایە بگەینە چارەسەرییەک، هەڤاڵان پێیان وابوو کە دوا بڕیار بەدەستی منە بەڵام هەڤاڵ عەلی بیرکردنەوەیەکی جیاوازی هەبوو.

هەڤاڵ عەلی ئیحسان ووتی من قسەیان لەگەڵ دەکەم، دوایش ووتی نابێت ئێمە تەنها کاری خۆمان ئەنجام بدەین دوایش بڵێین گرنگ نییە دوای خۆمان چی ڕودەدات.

هەڵبەت پەیوەندی نێوان گەل و گەریلا زۆر ناسک بوو هەڤاڵ عەلی ڕاستی دەکرد نەدەبوایە پەیوەندی نێوان گەریلا و گەل تێک بچوایە، من ئەم هەڵوێستەی هەڤاڵ عەلیم درەنگیش بوو بێت لە دوایدا توانیم شیکارێکی ووردی بۆ بکەم، هەڤاڵ عەلی بە دورو درێژی لەگەڵ کەس و کارمدا قسەی کرد، قسەکردنێکی پڕ ڕێزدارانەو موتەوازی، لەڕوخساریدا نە ئیفادەیەکی زۆر بۆهێنان و نەهەڵخەڵەتاندنی پێوە دیار بوو، ئەو تەنها دەیویست لە بارەی هەستیارێتی و دڵەڕاوکێی کەس و کارمەوە وایان لێبکات کە هەندێ بە مەنتەقیانە و جدیانە بیر لە مەسەلەکە بکەنەوە، ئەو دەیتوانی پێیان بڵێت ئێمە کورەکەتان لەگەڵ خۆمان دەبەین یاخود دەیتوانی بە من بڵێت دەی وەرە لەگەڵمان، بەهەر شێوەیەک بوایە ئەم کێشەیەی چارەسەر دەکرد، ئەگەر وای بکردایە دوای خۆیان کێشەیان لە نێوان من و کەسوکارم دروست دەکرد، هەڤاڵ عەلی نەیدەویست ئەم شتانە بێتە ئاراوە، هەڤاڵ عەلی باسی لەوە دەکرد کە لە چالاکی هاتونەتەوە و ماندوون و بەڵام پێویستە کە ئەم شەو بچن بۆ شوێنێکی دوور تر و لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە لەبەر ئەوەی شارەزای ناوچەکەنین لەوانەیە بەیانی ڕوبەڕوی شەڕ و پێکدادان ببنەوە، هەربۆیە بۆ ئەوەی ڕێبەریان بۆ بکەم داوای مۆڵەتی لێکردن، کەس و کاریشم

قەبوڵیان کرد، نازانم ئەم ڕازی بونەیان دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە هەڤاڵان لە ڕەوشێکی ناخۆش بوون یان شتێکی تر بوو، دەتوانم بڵێم هەر ڕەفتار و قسەیەکی هەڤاڵ عەلی نەک تەنها کاریگەری کردبێتە سەر کەس و کارم بەڵکو منیشی گرتبۆوە، کاتژمێر دەوروبەری ١١ بوو، دژ بە گەرمی هاوین شنەبایەک هەڵی کرد بوو، بەم شێوەیە لە شەوێکدا دەژیام کە هەرگیز نەمدەویست لە بیرەوەریەکانی ژیانم لە بیرم بچێتەوە، من لە ناو هەست و نەستێکی پڕ سەر بەرزانە دەژیام، من کە ئەوانم نەدەناسی تەنها ئەوەم دەزانی کە ئەمان دەیانەوێت ژیانێک بخوڵقێنن کە ئاواتی منیش بوو، سەرەرای ئەوەی ئەم کارەم کە بەختەوەری و هەیەجانی پێدەبەخشیم بەڵام ئەوەندەش مەترسی داربوو، من لەنێوان دوو دڵیەک دەژیام لە بارەی ئەوەی کە ئایا لەم کارە سەرکەوتن بەدەست دەهێنم یان نا، لە ناو هەموو ئەم هەست و نەستەدا هەندێجار پێم وابوو کە بە بچوکترین ڕوداو دەشڵەژام و هەندێجاریش هەستم بە خۆشیەک دەکرد کە پێمی لەسەر زەوی دادەبڕی و سەرم دەچووە ناو ئەستێرەکانەوە.

هەڤاڵ عەلی ئیحسان دەیویست نەخشەی ڕێگا و بانەکەی بۆ باس بکەم، لە سەر ڕێگای قزلقایە جادەی دێرسیم و ئێرزنجان هەیە و هەروەها ڕووباری هرچیکیش، ئەم دوو ڕێگایە مەترسی ترین شوێنن، دەبوایە تاکو١ ی شەو ڕووبارەکەمان ببڕیایەو پێش خۆر هەڵاتن بگەینە قزلقایە، ئەو کاتە تەنها جارێک ئەو ڕێگایەم بڕی بوو، هەربۆیە ناچار مام کە پێیان بڵێم ئەگەری ونکردنی ڕێگاکەم هەیە، هەڵبەت بەم قسەیە نیگەرانییەک هاتە ئاراوە و کە ئەمەم لە ڕوخساریاندا دەبینی، کاتێک من دوای ئەم قسەیەم کە چاوەڕێ بووم یەکێ لە هەڤاڵان بڵێت مادام وایە پێویست ناکات لە گەڵماندا

بێیت، من خێراتر کەوتمە ئامادەباشییەوە هەڤاڵ عەلیش لێمی ڕوانی و نیشانیدام کە ئەم قسەیەم مانای چی دەبەخشێت، کەوتینە ناو قسەو باسەوە، نیوەی قسەکانمان گاڵتەو نیوەشی بە جدیانە، هەوڵی دەدا کە هەموو ترسم لێ بڕەوێنێتەوە، هەڤاڵ عەلی بواری بۆ بێ بڕوایی و بێ توانای نەدەڕەخسان، لە ڕاستیدا ئەمەش لە باوەڕبوون بەخۆیەوە سەرچاوەی دەگرت.

پێی ووتم هەرچەندە شارەزای ئێرە نیم بەڵام شارەزاییەکی باشم هەیە لە ڕێگا دۆزینەوە بێ خەم بە یارمەتیت دەدەم، هەروەکو ئەوەی ئەم کارەکارێکی زۆر سادەبێت کۆنترۆڵی ئەوەی لەگ هڵم کرد کەچی ڕێگایەک بگرینەبەر، دوو هەڤاڵ لە گوندەکەمانەوە، ئەم دوو هەڤاڵە چاوەڕێی ئەو هەڤاڵانەیان دەکرد کە ڕۆژێکی دواتر دەگەیشتنە ئێرە، دوایش هەر ئەو هەڤاڵانەش من دەیانم گەیاندە هەڤاڵان، لەوە دەچوو هەموو شتێک گوێ بۆ ئێمە بگرێت دیواری ماڵ و ئەستێرەو شنەی با و چیاکان و ماڵەکانی گوند هەر هەموو شتێک بێدەنگ بوو، من لەم شەوەدا نەگوێم بۆ هەموو ئەو شتانە دەگرت و نەشم دەهێشت هیچیان دەست بەڕوومدا بهێنێت و نەمنیش بەوانەوە پابەند دەبووم، دەبوایە خۆم بخزانایەتە ناو دەریای تاریکییەوە، ئەم شەو لە هەموو جارێکی ترم دەبوایە چاو نەترس بومایە، هەڤاڵ عەلی پێش ئەوەی لە گوند دەربچین ئەو چەکەی لە چالاکییەکە بە دەستی خستبوو بۆ منی درێژ کرد، ئەگەر بۆ شەوێکیش بێت لە کەناری مردن و ژیاندا دەژیام، کە چەکەکەم گرتەدەست هەموو دەمارەکانی لەشم کەوتنەگڕ، هەرچەندە گەریلاش نەبووم بەڵام ئەم چەکە منی کردبوو بەلایەنێک لەوێدا، هەڤاڵ عەلی ووتی ئەم چەکە بگرە هەڤاڵێکیش لەگەڵ تۆ ڕێدەکات، من کە ئەم شەوم وەک

موعجیزەیەک پێناسە دەکرد بەڵام بۆ ئەو شەوێکی سادەو خوێن ساردانە ڕەفتاری دەکرد.

کەوتینە ڕێ، شەوێکی زۆر بێدەنگ بوو، ئێمەش لە شەو بێدەنگ تر بووین، ئێمە دەمانویست هەنگاوەکانمان لەو شنەبایە خێراتر کەین کە لە ڕومانی دەدا، ماندوو بون وەک عارەقی لەشمان پێمانەوە دیار بوو، ئەوەندە خێرا دەڕۆیشتم تەنانەت لە بیرم کردبوو کە ئەم هەڤاڵانە لە ئەنجامدانی چالاکییەوە هاتوون و ماندوون، جارێکیان ئەوەندە خێرا ڕۆیشتبووم تەنانەت هەڤاڵانم بەجێهێشتبوو تەنیا مابومەوە، کەوتمەوە چاوەڕوانی، کە هەڤاڵ عەلی گەیشتە لام زۆر ماندوو دیار بوو، بە گاڵتەوە پێی ووتم زۆر خێرا دەڕۆیت دەتەوێت بیسەلمێنی کەوەک گەریلای ئەم خێراییەت ئەمەی سەلماند. ئەم گاڵتەیەی لە گەڵم کرد، ماندوو بون و هەیەجانێکەی هیچ لە وورەی کەم نەدەکردەوە، هەڤاڵ عەلی زۆر سەرنجمی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، من هەستم بە ماندووبونی ئەو دەکرد بەڵام لەڕوخساریدا بێ چارەیی و بێ وورەیی نەدەبینرا. لەو حاڵەتانەشدا ڕێی نەدەدا کە پەیوەندی نێوان هیچ کەسێک تێک بچێت، من بیرم لە گاڵتەکەی دەکردەوە کە پێی ووتم باشتر وایە زۆر خێرا ڕێ نەکەی، من حاڵی بووم دەیەوێت پێم بڵێت کەدەبێت ماندوویی هەڤاڵان لە چاو بگرم، بەڵام ئەگەر بە هێواشیش ڕێم بکردایە دوا دەکەوتین و دوای ٢ کاتژمێر لە کاتی خۆمان دەگەیشتینە شوێنی مەبەست، منیش ووتم ئەگەر بەم شێوەیە ڕێ بکەین ناگەینە شوێنی خۆمان دەبێت پێ هەڵگرین، لەسەر ئەم قسەیەی من هەڤاڵ عەلی گروپەکەی ڕاگرتوو چەند قسەیەکی کرد پێیانی ووت هەست بە ماندوو بونتان دەکەم ماوەی ڕۆژێک لە سەنگەردا لە چاوەڕوانیدا بوونە و چالاکیمان

ئەنجام داوەو بە بێ هیچ چاوەڕوانیەک پاشەکشێ دەکەین بۆ ئەوەی ئەم سەرکەوتنە بسەلمێنین دەبێت لە سەر شێوازی گەریلا پاشەکشێ بکەین و بەبێ ئەوەی توشی شەڕ ببین، ئەگەر تووشی هەر ناخۆشییەک ببینەوە ئەمە ئەوا دەبەخشێت لە چالاکییەکە سەرکەوتنمان بە دەست نەهێناوە. دوایش ووتی ئەو فیداکارییەی لە چالاکییەکە نیشانتاندا دەبێت لێرەش بە هەمان شێوەبن، دەبێت نەختێک زیاتر زۆر بۆخۆتان بهێنن.

قسەیەکی زۆری لەم شێوەیەی کرد، من چاوەڕێی ئەوەبووم لەناو گروپەکە ناڕەزاییەک یاخود دەنگێکی جیاواز بەرز ببێتەوە، بەڵام هەموو هەڤاڵان بەبێ هیچ وەلامێک تەنها گوێیان بۆ ئەو ڕادەگرت.

ڕێگامان گرتەوە بەر، هەڤاڵان لە چاو پێشوو تر خێراتر ڕێیان دەکرد، بەرامبەر ئەو ناڕەحەتییە هەڤاڵان نەسکاڵایان دەکرد و، ناڕەزاییان نیشاندەدا، هەر وەک یەکەم چالاکییان گڕ و تینیان دایەوە خۆیان، ڕێکردنی ئەوان ڕێکردنی ژیانەوەیە، من هەستم پێیان دەکرد کە ماندوون بەڵام ووزەیان دەدا بە خۆیان و بەرەو ئاوات و ژیان هەنگاویان دەنا، جارناجارێک ئاوەڕم دەدایەوە و لە هەڤاڵ عەلیم دەڕوانی، هەندێجار گاڵتەی دەکرد و هەندێجاریش چەکی ئەو هەڤاڵانەی هەڵدەگرت کە زۆر ماندوو دەبوون، هەندێجاریش بۆ خێرایی کردنیان وشیارانی دەکردنەوە، من تاقیبی هەڤاڵ عەلیم دەکرد کە نەشمدەزانی کێیە و چۆنە و لە کوێوە هاتووە بۆ ئێرە. هەزارەها پرسیارم لەلا گەڵاڵە ببوو بەڵام یەک وەڵامم بۆ ئەم پرسیارانە پێنەبوو، جیاوازییەکم لە نێوان هەڤاڵ عەلی و ئەو گەریلایانەی پێشو تر بینوبیانم دەبینی بەڵام نەم دەزانی چییە، لە لایەکەوە زۆر سروشتی و رەسمی بوو لەلایەکی تریشەوەنەرم و نیان

هەندێجاریش دڵ ڕەق، من لەگەڵ ئەودا هەستم بە ئازایەتی و باوەڕ بوون بە خۆم دەکرد، لەم ڕێپێوانە چاوەڕوان نەکراوە و ناوەختەدا ئەمە بیرکردنەوەی من بوو لە بارەی هەڤاڵ عەلییەوە.

بە گەیشتنمان بە ڕووبارەکە هەناسەیەکی ڕەحەتمان هەڵکێشا، لەبەر ئەوەی لە کاتی خۆیدا گەیشتین و روبەروی هیچ ناخۆشییەکیش نەبوینەوە، رووبارەکە زۆر هێمن بوو، دەبوایە بەمە لە بچویناتە ئەوبەری ئاوەکەوە، هەڤاڵ عەلی دوو هەڤاڵی ناردە ئەو بەری ڕووبارەکەوە کە هەردوکیان مەلەیان دەزانی، بۆیە ئەمەشی کرد ئەگەر هەر هەڤاڵێک توشی ناخۆشی بێت لە ناو ئاوەکە تاکو ڕزگاریان بکەن، من سەرەتا لەمە حاڵی نەبووم بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت کە هەڤاڵ عەلی هەر لە زووەوە ئەم پیلانەی دانا بوو.

سەرەتا من و هەڤاڵ عەلی دەپەڕاینەوە، دەبوایە پێش پەڕینەوەی هەڤاڵان ڕێگاکەمان دیاری بکردایە، هەندێ لە هەڤاڵان پێشوو تر هیچ بەمە لە رووبارێکی وا بەرینیان نەبڕی بوو، دوای ئەو هەموو فیداکاریانەی ڕێگا و بان کەچی بەهۆی ئەگەری مەلەنەکردن کاتمان بە سەر دەچوو، هەڤاڵ عەلی ئیحسان هێنایەزمان کە جگە لەمەلە کردن ڕێگا چارەیەکی ترمان نییە هەربۆیە داوای پەلەیی لە هەڤاڵان دەکرد، هەڤاڵ عەلی وەک هەڤاڵانی تر نیگەران نەببوو چونکە هەموو شتێکی بەب یرکردنەوە و پیلان دەکرد.

هەڤاڵ عەلی خەریکی پەڕینەوەی هەڤاڵان بوو، یەکێ لە هەڤاڵان ئاو بردی، ئەو دوو هەڤاڵەی بۆ هاوکاری تەرخان کرابوون توانیان ڕزگاری بکەن، پێمان وابوو بەشی مەترسیداری ڕیگاکەمان بڕیوە، لە پێشماندا گوندێک هەبوو بەڵام کەوتبۆوە دوای وێزگەکەمان، دوای ئەوەی گوندەکەمان تێپەڕاند هەرچەندە من نەم دەویست ئیتر

کاتی کۆتایی ڕێگاکەمان هاتبوو، هەڤاڵ عەلی پێی وابوو کە شوێنی خاڵی سفر دوورە و پێویستە من لە شوێنێکی دڵنیا بمێنمەوە، بە شەرتێکیش پێی باش بوو کە لە گوندەکە بمێنمەوە، ئیتر کۆتایی بەو ڕێپێوانە دەهات کە لە هەموو ژیانمدا لە بیرم نەدەکرد، هەرچەندە پێشوو تر چەندین جار بڕیارم دابوو ببم بە گەریلا بەڵام هەمیشە دوو دڵ بووم بەڵام ئێستا ئەم شەو دوو دڵیم نەما بوو، ئەم شەو نزیک ترین کاتم بوو لە هەست و نەستەکانم کە پێشوو تر لێی دوو دڵ ببووم، دوو دڵی و ترسم لە روحمدا نەمابوو، چونکە ئەم شەوە زیاتر حاڵی بووم کە گەریلا چۆنە، بەیەکەوە چوینە گوندەکەوە، پێش ئێمە گەریلاکانی پارتێکی تر هاتبوونە ئەم گوندە و مناقەشەی مارکس و کۆمۆنیستیان لەگەڵ گوندنشینەکان کردبوو، من شارەزای گوندنشینەکان بووم کردنەوەی مناقەشەیەک لەگەڵیان مانای وایە دەبێت تا سبەی بە دیاریانەوە دانشیت، هەڵبەت پراکتیکی ژیانی هەڤاڵانی ئێمە زۆر گرنگ بوو، من لەو باوەڕە نەبووم کە هەڤالان تا دەمەو بەیان قسە لەگەڵ گوندنشینەکان بکەن، بەم دوو دڵییەوە بەرەو ماڵێک هەنگاومان نا، هەڤاڵ عەلی لە پێشەوە بوو، کاتێک هەڤاڵ عەلی بە شێوەیەکی دڵنیایانەو لە سەرخۆی ڕێی دەکرد بیرم لەوەکردەوە کە لەوانەیە هەڤاڵ عەلی گەریلاکانی پارتەکەی تر نەناسێت یاخود شتێکی تر لەئارادایە.

بەسەر بانەکەوە خاوەن ماڵەکەو چەند گەنجێک هەبوون، هەڤاڵ عەلی پێش ئەوەی لەلایان دانشێت وریاکردنەوەیەکی زۆر جدی کردن و پێیانی ووت کە جگەرەکانیان بکوژێننەوە، هەڵبەت هۆکاری ئەمەم دەزانی، هەڤاڵ عەلی بیری لە هەموو هەڵەیەک دەکردەوە و لە بارەی جگەرەوە هۆکارەکەی ئەوە بوو کە هەموو

لایەکی ماڵەکە کای لێ بوو، هەر ڕووداوێکی ئاوا دەبووە لە ناو چوونی ڕەنجی چەند مانگی گوندنشینەکان، لەوانەیە ئەوان بە ئسلوبی هەڤاڵ عەلی ناڕەحەت بوبێتن بەڵام لەبەر ئەوەی هەڤاڵ عەلی رونکردنەوەی زیاتری کرد هیچیان پێ نەووت، زاتەن لەم بارەیەوە هەقیان بە هەڤاڵ عەلی دا، ئەم هەڵوێستەی هەڤاڵ عەلی پێش دەست پێکردنی گەنگەشە هەڵوێست و ئایدۆلۆژیا و ژیانی ئێمە نیشاندا، دوایش ڕەخنەی ئەوەی لە چەکدارەکانی ئەو پارتە گرت کە تا دەمەو بەیان لە گوندەکان دەمێننەوەو لەگەڵ گوندنشینەکان مناقەشە دەکەن.

کاتێک مناقەشەیان دەست پێکرد هەڤاڵ عەلی زۆر لەسەر خۆی قسەی بۆ دەکردن، باسی ئەوەی بۆ دەکردن کە شێوازی ژیانیان ڕاست نییەو درێژەپێدانی ژیانی شۆڕشگێڕێتی خۆیان بەزۆر بۆ هێنان بە گوندنشینەکانەوە گرێدەدەن، ئەوان هێچیان نەووت، تەنها ڕەخنەیان لە خۆیان گرت، هەرچەندە گوندنشینەکان ویستیان کە بمێننەوە بەڵام هەڤاڵ عەلی ووتی کە مانەوەی ئێمەو گەریلاکانی پارتەکەی تر تاکو درەنگ لە گوند شتێکی باش نییەو لە حاڵەتی ڕوودانی هەر ڕووداوێک گوندنشینەکان زەرەریان لێدەکەوێت، لەوێدا زیاتر حاڵی بووم کەهەڤاڵ عەلی نەک تەنها فەرماندەیەک بوو بەڵکو ڕێبەریش بوو کە بیری لە هەموو شێوەیەکی ژیان دەکردەوە.

کاتی جیابونەوە هاتبوو، پێی ووتم کە دەبێت لەگوندەکە بمێنمەوە، لەبەر ئەوەی پێویست بوو بەیانی بگەڕێمەوە و ئەو دوو هەڤاڵەی لە گوندەکەمان مابوونەوە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی دەهاتن بۆلایان بیان گەهێنمە شوێنی خۆیان، بەڵام ئەگەر بۆ خولەکێکیش بوبێت نەم دەویست لێیان جیاببمەوە، بەڵام هەڤاڵ عەلی ئەم جیا نەبونەوەی منی قەبوڵ نەکرد، پێی ووتم کە خاڵی سفری ئەوان

دووره بەیانی بە ئاسانی ناتوانم بگەمە گوند و بە ئاسانیش هەڤالانم پێنایەن، بەڵام من جیابونەوەم هەر قەبوڵ نەکرد، بە درێژایی ئەو شەوە پرسیارەکانم لە خۆم دەکرد و وەڵامیشیانم ئەدانەوە، لە کاتی جیابونەوەم هەڤاڵ عەلی پێی ووتم کە بۆ گەڕانەوەم لەگەڵ هەڤالاندا کە پێویستە چی بکەم، باسی لە هەموو ووردەکاریەکانی ڕێگاو بانی کردوو حاڵی دەکردم کە کارەکە چەنێک جدییە، بۆ ئەوەی من توشی بەڵا نەبم بیری لەهەموو ڕێگا چارەیەک کردبۆوە، لەکاتی ڕوبەرو بونەوەم بەرامبەر هەر مەترسییەک پێی ووتم کە پێویستە چۆن هەڵسو کەوت بکەم، دوایش پێی ووتم شتێکت هەیە پێم بڵێیت؟ ، باسی هەموو شتێکی کرد بوو، شتێکی ئەوتۆ نەما بوو کە باسی بکەم، من وەڵامی هەموو پرسیارەکانم لەوەوە دەست کەوتبوو، ئەم شەو بەلای ئەوانەوە شەویکی سادەبوو، لەوانەیە ئەگەر جارێکی تر پرسیاری ئەم شەوەتان لێبکردنایە نەدەهاتوە خەیاڵیان، بەڵام بۆ من باشترین ئەزموون بوو، من ئەو شەوە هەنگاوی بوێرانەم بۆ گۆڕانکاری لە ژیانم نا، ئیتر دەبوایە ناوی بەشێکی ژیانی نوێم جەنگ بێت، ئەو هەستە ناخۆشەی هەم بوو لە کاتی جیابوونەوەم تەنها ئەوەبوو کە نەم دەویست لەوان جیا ببمەوە، پێم وابوو ئەو شتەی ساڵانە بە دوای وێڵم دۆزیمەتەوەو ئێستاش داوای جیابونەوەم لێ دەکەن، کاتێک هەڤاڵ عەلی ئیحسان لێی پرسیم کە دەتەوێت شتێک بڵێم یان هیچم دەوێت؟ بە زۆر دانم بەخۆمدا گرت کە هاوار نەکەم و بڵێم بەڵێ دەمەوێت لەگەڵ ئێوەدا بمێنمەوە، لەلایەکەوە بەخۆمم دەووت دەبێت ئەرکەکەت بەجێ بهێنیت، لەلایەکی تریشەوە بە خۆمم دەووت نا لێرە بمێنەوە، لەوکاتەی جیا دەبوومەوە هەڤاڵ عەلی گاڵتەیەکی تری لەگەڵ کردم ووتی ئەو شتەی لە پاریس

دەبێت بەمۆدە دوای دوو ڕۆژ لە دێرسیم دەبێت بەمۆدە، لە دێرسیم کە ئەوەندە تامەزرۆی مۆدەن کەچی جوتێ پێڵاوم بۆخۆم پێ پەیدا نەکرا.

منیش ووتم لەوانەیەلەدێرسیم پێڵاوی ژمارە٤٥ مۆدە نەبێت.

هەردووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین و جیابوومەوە، کە چوومە دێرسیم یەکەم کارم ئەوەبوو کە جوتێ پێڵاو بۆ هەڤاڵ عەلی بکرم، زۆر لە هەڤاڵانم ناسی هەریەکەشیان قارەمانێکن بۆخۆیان، کاریگەریان بەسەرمەوە دروست کردووە، لە کاتی نەبونیان ئازارم چێشتووە، سەدەها بیرەوەری هەڤاڵانم لە مێشکدا ماوە بەڵام کە تەماشای دوای خۆم بکەم ئەو وەک درەوشاوەترین ئەستێرە بەرامبەرم رادەمێنێ و بەڵێ ئەو ،ئەو گەریلایێکە کە هیچ کاتێک خۆشەویستیەکەی لە لای من کەم نەبۆتۆتەوە.



# ئازادی لە منداڵیەوە

# سەرهەڵدەدا

**بیرەوەری منداڵێم**

**عەبدوڵڵا ئۆجالان**

هێشتا لە یادمە لە ژێر سێبەری دیواری مزگەوتەکە بووین، من هەر قسەم کرد و هەر قسەم کرد، کابرا پیرەکەش سەری باداو گووتی ( کوڕی خۆم ئێمە وەک کۆتکەدار واین، تۆ چۆن دەتوانی سەر لەنوێ ئەم کۆتکەدارە سەوز بکەیتەوە؟ ).

ئەمە یەکەم یادگاریمە کە هەرگیز لەیادم ناچێت، لەساڵی ١٩٩٤ شاعیرێک هاتەلام، قسەیەکی منی بەبیردا هێنامەوە کە ووتومە ( دەرخستنی گوڵ لەناو ناخی بەردا ) ئەمەی بەم شێوەیە پێناسە دەکرد کە من گوڵێکم لەبەردا سەوز بوومە یاخود بەو شێوەیەم لێدێت، واتا سەوز کردنی کۆتکەدار و ڕوانینی گوڵ لەناخی بەردا.

**ئازادی لە منداڵیەوە دەست پێدەکا :**

هەر لەکۆنەوە هەمیشە ویستومە بەشێوەی کۆمەڵ ڕێ بکەین، لە منداڵیمدا زۆر حەزم لە چالاکی و گەمە دەکرد، یەکێ لەهۆکارەکانی ئەمەش کۆکردنەوە و بەڕێخستنی منداڵانی گوند بوو وە گەشە پێکردنیان، ماندوبونێکی زۆرم دەچێشت تاکو بتوانم بەناوی گەمەکردنەوە کۆیان بکەمەوە، بەڵام نەک بەیەکەوە گەمە بکەین بەڵکو دەمویست جیا جیا یاری بکەین، گەمەیەکی زۆرم دەخستە ئاراوە بۆ ئەوەی هەرهەمووومان بەگوێرەی ویستی خۆمان یاری بکەین، بە شەو و ڕۆژ نەم دەهێشت بێجوڵە بن، لەم بارەیەشەوە لەناو گوندا ناوم زڕابوو، هەموویان منداڵەکانیان لێ دەشاردمەوە، بەیەکیان دەگووت ( منداڵەکانتان ڕادەستی ئەمە مەکەن ) دوای ماوەیەکی زۆر کەمال بورکایش ئەمەی هێنایە زمان، وەک ڕاوچییەک بەدەوری ماڵەکانیاندا دەسوڕامەوە، دەیانگووت ( دیسان هاتەوە ) لە تەمەنی زۆر منداڵیمدا منداڵەکانیان لەمن دەشاردەوە، بەڵام من

ئەوانم هەر دەگرت، ئەگەر ڕۆژێک بچمەوە گوندەکەمان ڕوبەڕووی ئەوانە دەبومەوە کە منداڵەکانیان لەمن دەشاردەوە پێیانم دەگووت وەرن، لە گوندەکەماندا کۆیانمدەکردەوە و فێری گەمەیانم دەکرد.

بەڵێ بە ویستی خۆم و بەگوێرەی دڵی خۆم بوارم بۆنەڕەخسا لەگەڵ منداڵەکاندا گەمە بکەم، ئازادی لەئارادا نییە و ئەمەش ئەو شەڕە نەبوو کە دەمانویست، تەنها گەمە بوو لەگەڵ منداڵان، گەمەی سادە، ڕێپێوان بەسەر سروشتدا، کۆکردنەوەی گوڵە زەردە، کۆکردنەوەی درەخت و ڕاوکردنی باڵندە، هەموو هەوڵەکانمان بۆ ئەم شتانە بوو، گەمەیەکی زۆر کەممان کرد.

**هەر وەک گووتم ئازادی لە منداڵیەوە دەست پێدەکات.**

زۆر دەمامەوە لە شاخ، چوالەم کۆدەکردەوە و باڵندەم ڕاودەکرد، لە ڕاستیدا باڵندەیەکی زۆریش لە ئارادا نەبوو تاکو ڕاو بکرێت، بەڵام لەم بارەیەوە ببوم بە وەستا، دێتەوە یادم کە لە ئاسمانەوە چەند باڵندەیەکم پێکا، هەندێجار داوم دەنایەوە، سوێسکەیەکی زۆرم ڕاوکرد، هەڵبەت ڕاوکردنی ٥ یان ٦ دانە بەیەکەوە سەرکەوتنێکی گەورە بوو هەر خۆشم دەمبرژاندن، هەڵبەت ئەمەش سەرنجی منداڵەکانی تری ڕادەکێشا، کاتێک لەگەڵیاندا ڕاوی باڵندەمان دەکرد تاکو خواروی چەمەکان دەیانم برد، وە بە هەموویان پارچەیەک لە گۆشتی نێچیرەکەم دەدانێ.

ئەو دیمەنانە هێشتا لەبەر چاومن، ئەو باڵندانەی ڕاوم کردبوون لە باوەشم دامدەنان و گیرفانم لێپڕ دەکرد، چاودێری چواردەوری خۆمم دەکرد، لەبەر ئەوەی لە گیرفانەکانمدا دەوڵەمەندییەک هەبوو، لەوانەبوو منیان دەستگیر بکردایە، بەردەوام ئامادەبووم بۆ




هەڵاتن، ئەگەر یەکێک بیگوتایە (وەرە) بۆیدەردەچووم، مەحاڵ بوو دەست گیرم بکەن، ئەوکاتە بەوشێوەیە بیرم دەکردەوە ( نەماڵەوە و نە گوند نشینەکان ناتوانن بمگرن، بەگوێرەی زانستی خۆم ئەم سوێسکانە دەبرژێنم ).

دارێک لەبەردەم گوندەکەماندا بوو، ناومان نابوو [ داری تاڤێ ] دارێکی زۆر گەورە بوو، دەچوومە ژێر دارەکە، من ٣ دارێک وەک دارێ تاڤێ دەناسم، تاکو ئێستاش هەرسێکیان بۆ من پیرۆزن، لەژێر سێبەری دارێکیان بووم، هاوینێکی گەرم بوو، دەیانووت ( تەکنیک هات )، شوێنی ئێمە ووشکە، ئاو پەیداکردن زۆر زەحمەتە،

هەڵبەت دۆزینەوەی دڵۆپێ ئاو بۆمن زۆر سەرنج ڕاکێشە، لەنزیکی گوندەکەمانەوە شوێنێک هەبوو کەلە ئەشکەوت دەچوو، لەناویدا دڵۆپ دلۆپ ئاو کۆدەبۆوە، لە هاویندا بە پڕی گۆزەیەک ئاو کۆدەبۆوە، گەیشتن بەو ئاوە زۆر سەرنج ڕاکێش بوو بۆ من، پاڵدەکەوتم، بەژێر بەردەکاندا دەخشام و دەمویست بگەمە ئاوەکە، کە دەمم دەگەیاندە ئاوەکە هەستم بە تام و چێژێکی خۆش دەکرد، هێشتا تامی ئەو ئاوە لە دەممایە، هەرلەو کاتەوە بیرم لەشەڕی بەرامبەر زەحمەتی ووشکایی دەکردەوە کە ئایا چی بکەم؟ گەڕان بەشوێن ئاودا زۆر گرنگە.

ئەو سەردەمە ئاو بەگۆزە دەگوازرایەوە منیش هەوڵم دەدا کە ئاو نەڕێژم، کاتێک گەرمایی نیوەڕۆ دەبوو، ناڕەحەتیەکی زۆرمان دەچێژت بۆ خۆ فێنک کردنەوە، ئەو کاتە هەموو ئارەزووی ئێمە ئەوەبوو کە جامێ ئاو لە گۆزەکە بخۆینەوە، جام خۆڵاوی و ئاوەکەش هەندێک سوێر بوو، سەرەرای ئەمەش بەتامەزرۆوە ئاوەکەمان دەخواردەوە، کە ئەو ئاوەمان دەخواردەوە وامان دەزانی هەموو دونیا هی ئێمەیە، دوایش دادەنیشتین ساوەرمان دەخوارد تاکو ئێستاش تامەکەی لە دەمم ماوە، ئەو ساوەرەی دایکمم زۆر بەدڵ بوو، تاکو ئیستاش پێم وایە کە کەس ناتوانێت وەکو دایکم ساوەر لێبنێت، یاخود ئەوکاتە من وا بیرم دەکردەوە، بەڵێ ژیانمان جامێ ئاو بوو لەگەڵ ساوەردا.

هەندێ برادەرم هەبوون کە دەست بەرداریان نەبووم، برادەرانی زەحمەتکێش بوون، بەیەکەوە ڕاوێکی باشمان دەکرد و بەشوێن گرتنی ماردا دەگەڕاین و هەڵگژان لەخوارەوە بۆ سەر گردەکان وە زۆر ئارەزووی ئەوەم دەکرد کە لەگەڵ مندا بەردەوامی بەم

ڕێپیوانە بدەن، ئەو ناڕەحەتیە و ئەو کەسانەی ڕوبەڕووم ببونەوە هێشتا لەیادم ماون، هەموو زەحمەتی و برادەری و ناڕەحەتی و خۆشیەکانیشم هێشتا لەیادە، سەرنج ڕاکێشە بۆنمونە داری فستق و زەیتوون هەبوو، بەرەو بەهار دەچووین کەکاتی چونمان بوو بۆ قوتابخانە، ئەوکاتە منداڵ بووم بیرم لە مامۆستا و قوتابخانە دەکردەوە بەخۆمم دەووت ( ئایا ئەم مامۆستانە شێرن. . ئایا پڵنگن. . کوردن؟ . . ئایا چی لەمن دەکەن؟ ) ئەوسەردەمە لەروانگەی خۆمەوە راستی مامۆستام بەم شێوەیە هەڵدەسەنگاند (ئایا دەتوانن چی لەمن بکەن، ئەمانە کێن؟ ) من هیشتا منداڵ بووم هێشتا لە قوتابخانە ناونوس نەکرابووم هیچم نەدەزانی بەتایبەتیش تورکیم هیچ نەدەزانی.

هەستیار بووم، هاوسێیەکمان هەبوو، کەسێک بوو کە بەدیقەت گرتبووم، لە من گەورەتر بوو، تفەنگێکی هەبوو کە لە پاشماوەی سەدەی ١٩ بوو، سەرەتا ساچمەی تێدەکرد دوایش باروتی تێدەکرد، بەو شێوەیە دەیتەقاند، ئەمە یەکەم چەک بوو کە ببینم، کولانەیەک هەبوو، زوو زوو مار دەچووە ئەو کولانەوە، رەش مارێکی گەورە، هەمیشە لە کونەکانی دیوارەکەی ئێمەوە دەردەهاتن کە بەدیواری دراوسێکەمانەوە بوو، هەڵبەت بەمارەوە خۆم سەرقاڵ دەکرد، بۆئەوەی مارەکە بکوژین بە دراوسێکەمانم دەگووت ( دەی هاوسێ چەکەکەت بێنە و تەقە بکە ) بەڵام هاوسێکەمان داخی دەکردە دڵمەوە، ماوەی نیو کاتژمێرێک چەکەکی بەدەستەوە دەگرت چاوەڕێی دەکرد و چاوەرێی دەکرد، بەگوێرەی دڵی من ئەم چەکە هیچ تەقەی نەکرد، سەرەرای تەقە نەکردنی بەڵام بەردەوام دراوسێکەمان هەڵی دەگرت ئەمە نیشانەی هێزێک بوو بۆ ئەو.

ئێمە زۆر لەم تفەنگە حاڵی نەبووین، بەڵام هێشتا لە خەیاڵمدایە، بەڵێ ئەو چەکە دەیکردە خاوەن هێز، ئەمە هەلێک بوو بۆ ئەو، بەڵام هیچ کاریگەریەکی بەرامبەر بە مارەکان نەبوو، بە قەد دیوارەکەی ماڵی ئێمەوە کولانەی کۆترمان هەبوو، کاتێک دەمان بینی مار بەرەو کولانەکان دەکشێن زۆر نیگەران دەبووین، ئێمەش ڕاستەوخۆ پەیژەمان دەهێنا و هەڵدەگژاین، بەشوین ماردا دەگەڕاین، بەڵام ئایا بەچی لەمارەکان دەدەیت؟ ، ئەمە شەڕێکی زۆر جدی بوو، ئەو گەیشتبووە ناو کولانەکەو چەند بێچووە کۆترێکی خواردبوو، لەبنمیچی دیوارێکی ترمانەوە ماری ترمان بەدی کرد، کەواتە هاتونەتە ماڵەوە ئەمە مانای وایە مەترسی گەورە لە ئارادایە، بەڵێ هەوڵمان دەدا کە مارەکان بکوژین، بەڵام لەم بارەیەوە کاریگەریەکی ئەوتۆمان نیشان نەدەدا، لە ئەنجامدا توانیمان سەرکەوتن بەسەر مارکوشتندا بهێنین، ئارەزووی کوشتنی مار لە دوایدا بوو بە خواستێکی راستەقینە.

لەمندا خۆشەویستی نیشتیمان بەهێزە، هەروەکو چۆن فێربووم کە چۆن لەگەڵ سروشتدا بژیم پێشم وایە کە ناتوانم ئەمە هەروا بە سانایی لەبیر بکەم، هیچ بێزار نەدەبووم لە مانەوەم لەوخاکە سووتاو و قڵیشاوەدا، بەڵام گوندنیشینەکانی ئەوکاتانەمان هەڵەهاتن، زاتەن هیچ حەزم لەو شێوازی هەڵاتنە نەبوو، نەفرەتم لەو ژیانە سادە دەکرد کە ئەوان خۆیان تیا دەبینیوە، هەمیشە سەرقاڵمی کردبوو، بیرم دەکردەوە کە ئەو مرۆڤانە هەمیشە دەدۆڕێن.

پرسیاری ئەوەی ئایا کەسێکی چۆن بم ئەم پرسیارە بێ وەڵام بوو، ئەو شتانەی کە قەبوڵم نەدەکرد روو لە زیاد بون بوون، لێرەدا پرسی هێز دەهاتە ئاراوە، ئەو شتانەم پێ قەبوڵ نەدەکرا بەڵام چیت

پێدەکرێت؟ ، تەنها سەبر، دەبوایە پەرە بدەیت بەخۆت، گەشە بە تەکتیکی ژیان بدەیت و یەکەم هەستی پەشیمانیش.

دەبوایە لەگەڵ بنەماڵەی [ حاسم ] شەڕم بکردایە، بۆ ئەوەی ڕێ لەو شەرە بگرم بە نهێنی پەیوەندیم لەگەڵ کوڕەکەیاندا بەست کە ناوی [ حەسەن بینداڵ ] بوو نازناوی [ کازم ]، لەڕاستیدا ئەو لەمن زیاتر حاڵی دەبوو، ئەمە پەیوەندیەکی تاکتیکی بوو، ئەمە پەیوەندیەک بوو کە بەرامبەر بە دواکەوتویی دەرەبەگایەتی بوو، وە من منداڵەکانی بنەماڵی [ حاسم ] م باش دەبینی، ئەوەی زیاتر سەرنجی منی ڕادەکێشا ئەو منداڵانە بوون، زاتەن ئەوانەی تریانم خۆش نەدەویست، ئەم پەیوەندیەم ئەو دەسەڵاتی سەدان ساڵەی هێزی دەرەبەگایەتی دوا کەوتوییەم شکاند، ئەمە گۆڕانکاریەکی زۆر باڵکێشە، لە تەمەنێکی منداڵیدا دژ بەو تارزە شەڕەم دەهێنایە ئاراوە کەلە کوردستان حاکمێتی هەبوو، وە بەگوێرەی بۆچونی خۆم چارەم بۆدەدۆزیەوە، منداڵ بووم، دەمویست سەرنجی منداڵەکان بۆلای خۆمدا رابکێشم، بۆئەوەی ببین بە کۆمەڵ و کاریگەر تر ببین.

هەندێجار ڕاوکردن و لەلایەکی ترەوە کۆکردنەوە گوڵ و لەباخ و بێستانەکاندا کۆکردنەوەی چەند شتیک و هێنانەوەیان ئەمە دەبووە هۆی دروست بوونی ڕێکخستن، هەریەکەیانم دەنارد بەلایەکدا، کە منداڵێک لێم نزیک دەبۆوە دەمویست هەست بکات کە شتێک لەمندا هەیە، بەڵێ من خۆمم وەک دەوڵەمەندێکی هزری دا بەسەپاندن، یەکەم کۆمەڵەی منداڵانی گوندم بەوشێوەیە دروست کرد.

## کۆترم هەبوو :......



کۆترەکانی من زۆر بە سروشتیانە تێکەڵی کۆترەکانی دراوسێکەمان دەبوون، بەڵام کۆترێکمان هەبوو هەمیشە لەگەڵ کۆترەکانی دراوسێکەماندا دەفڕی، منیش چاودێریم دەکرد، جارێکیان لەگەڵ کۆترەکانی تردا فڕی ئەمەی ٢ و ٣ یان ٤ جارێک دووبارە کردەوە بەم شێوەیە لەگەڵ گروپی کۆترەکەی خۆی جارێکی تر نەفڕیەوە، بە گوێرەی من ئەم دیمەنە خیانەتێک بوو، کۆترەکەم گرت و پەروباڵم دەرهێنا، روتوقوتم کرد و لە سەربان‌دا بەڕەڵامکرد، پێم ووت دە ئێستا بفڕە، شیوازێکی تۆڵەی لەو شێوەیەم هەبوو، سەیرە، بەڵی بە ڕاستی وام لەو کۆترەکرد، نازانم دوایی چی بەسەر هات، تاوانی ئەو ئەوە بوو کە وازی لە گروپەکەی خۆی دەهێنا و دەچوو لەگەڵ گروپێکی تردا دەفڕی، ئەمەم وەک خیانەتێک دەبینی.

سەگەکەشمان هەر وابوو، سەگێکی سپیم هەبوو، خواردنمان دەداپێی، ئاومان دەداپێی، لەگەڵ مندا بە دیار دارفستەقەکانەوە دەمایەوە، زۆر سەیر بوو، کاتێک کە دەنوستم یەکسەر دەچووە لای هاوسێکەمان، جا نازانم لەوانەیە هاوسێکەمان باشتر ئەوی بە ریکخستن کردبێت، وەک سەگێکی خاین وابوو، منی

هەڵدەخەڵەتاند، تەماشام دەکرد، چی کاتیک هەلی بۆ بڕخسایە دەچووە لای هاوسێکەمان، زۆر سەرنجی راکێشابوو بە چاوێکی زۆر پڕ حەسرەت و نیانەوە لە هاوسێکەمانی دەڕوانی، لە ئاکامدا سەگەکەم لە خۆم دوور خستەوە، بۆچی ئەو سەگە وایدەکرد منیش نازانم، لەوانەیە هەندێک شانسی ئیمە وابوو بێت.

ئێمە گوێ درێژمان هەبوو، منیش دەمویست بیخەمە سەر رێگای راست، ئەویش پاشەڵی لەگەڵ سەری زۆر. . زۆر بەرز دەکردەوە، نەمان دەتوانی کۆنترۆڵی بکەین، لە گوندەکەمان ئەوەی ئێمەیەکەم گوێدریژ بوو کەهەرگیز نەدەهاتەسەر خەتی راست، تاکو ئێستاش لەیادمە، لەگوندەکەماندا خەڵک بەئێمەپێدەکەنی، گوێدرێژێکی وەک ئەو لەگوندەکەماندا نەبوو، سوپەر گوێدرێژ بوو، دیارەسەگەکەشمان سوپەر سەگ بوو، لەبێستان و باخچەو لەلای فستق بۆ ئەوەی بەدیارمەوەبووەستێت ئەوەی لەدەستم بهاتایەدەمکرد، ئەویش پێش ئەوەی چاوم بکەوێتە خەویش چاوەڕێی منی نەدەکرد و دەکەوتە غاردان.

منداڵ بووم، شەڕێکمان بوو، منداڵێک سەری شکاندم، بە گریانەوە چوومەلای دایکم، دایکم لەو منداڵەی سەری شکاندم زیاتر هێرشی کردە سەرم، ووتی نابێت، هەتا تۆڵەت نەکەیتەوە نایەیتە ئەم ماڵەوە، دایکم یەک وانەی فێر کردم، پێی دەووتم دوای تۆڵەسەندنەوە ڕێگام دەدات بچمە ماڵەوە، هەر چەندێک دایکیش بوو بەڵام بێ بەزەیی بوو، هەرگیز نەیدەووت کوڕەکەم سەری شکاوە با دڵنەوایی بکەم هیچ بەزەیی پێمدا نەهاتەوە، بیری لەوەش نەدەکردەوە ئایا من ئەو هێزەم هەیە کە تۆڵەبکەمەوە یان نا، تەنانەت بیری لەوەش نەدەکردەوە بەڵکو من ترسنۆک بم یان بەڵکو

نەتوانم دەست بکەمەوە هەرگیز بیری لەو شتانەنە دەکردەوە، ناڵێم بە تەواوی بەڵام دایکم کاریگەری خۆی بە سەرمەوە هەیە.

لە منداڵیمدا لە من بە سزمانتر نەبوو، خەڵکی دەیانگووت { ئینشاللە ئەولادمان وەک کوڕی فلانکەسی لێنەیەت }، ئەمە ماوەیەکی زۆری خایاند، گاڵتەیان بەم وەزعە دەکرد، باوکم ناوی [ عومەر ] ە، پێیان دەگووت [ یاندی عومەر ]، کابرایەکی ژیر کوڕێکی ژیری هەبوو، ئەوانیش وەک من بەسزمان بوون، لەڕاستیدا عومەری باوکم زۆر سەیر بوو، باوکم بێدەنگ ترین پیاوی گوندەکە بوو کەسێکی دیندار بوو، دەتوانم بڵێم سەرەرای بێدەنگی و هەژارێتی و بێ هێزییەکەی دەتوانم بڵێم لەپێناو هەندێ بەها ژیا، ئەگەر بڵێم کاریگەری نەبووە بەسەرمەوە ئەمە بێ نمەکییە، ئەو هەستی بە بێ هێزی خۆی دەکرد.

ڕۆژێکیان چوومە ناو باخچەی فستقی کابرایەک کە خزمێکی دوورمان بوو، بەدزیەوە فستقم کۆکرەوە، کابرا هات، خۆی پێگەیاندم، زللەیەکی لێدام، منیش پێم گووت { خۆم ئەزانم ڕۆژێک لە ڕۆژان چیت لێدەکەم } لەوکاتەوە هزری ئەوەی لە داهاتودا شتیکت بەسەر دەهێنم لەلا کابرا گەڵاڵە بوو.

بەڵێ نزیکەی ١٠ ساڵان بووم، دەزانن دایکم چی پێدەگووتم؟ دایکم ئاغای ماڵەوە بوو، بە منداڵێکی وەک منی دەگووت واشەڕمەکە وا شەڕ بکە، من ئەوەی ئەو دەیویست نەم کرد، بۆچی نەم کرد؟ پاڵی پێوەدەنام و پێی دەگووتم { بڕۆ لێی دە } لێم تورە دەبوو دوایش دەیگووت { تۆ بێشەرەفی شەڕت پێ ناکرێت } هەڵبەت من منداڵێکی ژیر بووم، ئەگەر لەسەر ویستی ئەو بچومایە بۆ شەڕ کردن دەمزانی لێم دەدەن، منیش وەک شەڕکەرەکانی ئێستا دەبوایە بمگوتایە { ئێرەمیان شکاند ئەوێمیان شکاند } دوایش بیرم کردەوە کە ئەمە

وانابێت هەربۆیە خۆم ئامادە کرد.

نەنکم دەیگووت { هەست و ئاستی ناموسی ئەم منداڵە زۆر ترسناکە } هەڤاڵ حەسەن بینداڵ خیزانەکەیان دوژمنی خێزانەکەی ئێمە بوون، منیش لەبەر ئەوەی منداڵێکی جیاواز بووم زیاتر دەمویست لەگەڵ حەسەندا برادەرێتی بکەم، جارێکیان دایکم منی لەگەڵ حەسەن بینی، گووتی { ئەم بێناموسە برادەری لەگەڵ منداڵی دوژمنەکەماندا دەکات } ئەمە پەیوەندیەکی زۆر نهێنی بوو، زاتەن دوایی ئەو دوژمنیایەتیەمان نەهێشت، بۆچی من ئەو پەیوەندیە نهێنیەم ئەنجامدا؟ خەباتم بۆ پەیوەندی یەک ڕیزی دەکرد، لە منداڵیمەوە دەمویست شێوازی فیوداڵی تێک بشکێنم، ئەگەر ئەو هەڵوێستەی کۆنم نەبوایە ئێستا نەم دەتوانی لەناو ئەو هەموو عەشیرەت و تیرانەدا ئەو هەموو کەسایەتیە جیاوازانە لەیەک شوێن کۆبکەمەوە.

دەرگایەکمان هەبوو، بەهۆی ئەو شەڕانەی لەگەڵ دایکم دەهاتە ئاراوە دەرگاکە هەمووی قوپا بوو، ئەوەی تەماشای دەرگاکەی ئێمەی بکردایە پێدەکەنی، دەیانگووت { ئەم دەرگایە چییە؟ } دوای شەڕکردن کە دەگەڕامەماڵەوە دایکم دەمیبردە گەوڕەکەوە، دەستی دەکردە بیناقاقام و بەرزمی دەکردەوە پێی دەگووتم { تۆبە بکە }، هەڵبەت بەتەواوی ملمی دەگوشی کە هەر کەمێکی دەما لەژێر دەستیدا بخنکێم، لەبێچاریدا تۆبەم دەکرد، هەر کە فرسەتێکی بچوکم بۆ پەیدابوایە لەژێر دەستی ڕام دەکرد، هەندیک جاریش دەرگای لێدادەخستم منیش هەتا توانام هەبوایە لەدەرگاکەم دەدا بەڵام زۆر خراپ لەدەرگاکەم دەدا، دایکم دەیگووت { کەس لەهەقی ئەمە نایەت، کەس ناتوانێت خۆی پێوە خەریک بکات } دەتوانم

بەڕاشکاوی بڵێم ئەو خووەشم هەبوو، ئەمە چۆن هەڵدەسەنگێنن هەڵی سەنگێنن، بەڵام سەرنج بدەن بەوشێوەیەی من دەبینن ناتوانن هەرئاواش هەڵمسەنگێنن، دوایش ئەندامانی ناوەندی پکک ش هەر بەو شێوەیە منیان هەڵسەنگاند، پێیان وابوو دەتوانن بەکارم بهێنن بەڵام بەهەڵەدا چوون.

ئەوەی دایکم دەیویست بەدەستی نەخست، منیش ئەوەی لە دایکمم دەمویست بەدەستم نەکەوت، زۆر بەیەکەوە نەژیاین، بەڵام هەر ساتێکمان زۆر دژوار بەسەر چوو، ئەو بەگوێرەی خۆی منی بەباشی نەناسی منیش بەگوێرەی خۆم هەوڵمدەدا کە لەو حاڵی ببم.

من دەزانم کە لەسەر نانێکی تیری کە چۆن شەڕم لەگەڵ دایکمدا دەکرد، تازە نانی گەنمی حازر هاتبووە هەرێمەکەمانەوە، بەدەست خستنی نانێکی زیاتر وەک ئەشکەنجە وابوو، بۆ ئەمەش شەڕێکی گەورەم دەست پێکردبوو، هەڵبەت هەدەفی منیش دایکم بوو، چونکە دایکم نانەکانی دەشاردەوە، دەبوایە شوێنی نانەکانم بدۆزایەتەوە یاخود لەژێر دەستی بیڕفێنم، ئایا من لەسەر حەق بووم یان نا ئەمە مەسەلەیەکی ترە، ئەگەر بە ویستی خۆم پارچە نانێکم بەدەست نەخستایە دەمدایە شاخ، لە شاخ خەریکی کۆکردنەوەی ڕوەک بووم، کۆکردنەوەی ئەوانەش هەدەفی سەرەکی من بوو، سەردەمێک بەوشێوەیە تێپەڕی، دەتوانم لەم بارەیەوە بڵێم یەکەم ڕۆڵی سەرۆکایەتیم لەم شەڕەدا گێڕا و یەکەم گروپی منالانم لەسەر بناغەی ئەو بەدستخستنە کرد بۆ بە ڕێکخستنی منالان، بە منداڵەکانم دەووت { وەرن با بتانبەم بۆ کۆکردنەوەی گوڵ و شوتی بابچین هەندێ کۆبکەینەوە } وە دەیانم برد.

باوکان بۆ منداڵەکانیان ڕێبەرن، لەلای منیش باوکم ڕێبەرم

بوو، بەڵام نەیدەتوانی ئەم کارە بەڕێوە بەرێت، هۆی ڕێبەرایەتی کردنم لە ماوەیەکی کورتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەموکورِییەی باوکم، ئەوکاتە دەمووت { چی دەبێت باوکی منیش وەکو باوکی خەڵکی ڕابەرایەتی بکات و ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە } ئەگەر وا نەبوایە پێویستی نەدەکرد لەمنداڵییمەوە هەوڵ بدەم کە ببم بە ڕێبەر، دەمووت { ئەم باوکە ئیدارەی ئێمەی پێناکرێت، لەڕەوشێکی ناخۆش دایە، زۆر بەسزمانە، کەموکوڕیەکانی گەلێک زۆرن } بەگوێرەی ئەوەی لەیادم بێت لەڕاستیدا لە ناو گوندەکەماندا تەنها کەس بووم کە رۆڵی ڕێبەرایەتیم دەبینی، هەربۆیە دەتوانم بڵێم لەوکاتەوە وانەی ڕێبەرایەتیم بینیوە.

جارێکیان باوکم شەڕی بوو، لەژێرەوە بوو، کابرایەک خستبویە ژێر خۆی، هاواری لە خوشکەکەم دەکرد دەیووت { دەی چەقۆکەم بۆبێنە } ئەگەر چەقۆشت بۆی ببردایە نەت دەتوانی بیدەیتێ چونکە کابرا لەو زاڵ تر بوو، کابرا دەستی گرتبوو، سەرەرای ئەو ژێر کەوتوییەی و بێدەسەڵایەتیەی کەچی داوای چەقۆشی دەکرد، داوای چەکی دەکرد دەیووت { ئاپۆ چەک بێنە } من شەرمم کرد لەم دیمەنە دوایش ووتم { من شەڕیکی لەو شێوەیە ناکەم } ئەگەر سەرکەوتنی باشم نەبێت ئەگەر هێزێکی باشم نەبێت هەموو شتێکم نەدەکرد، گەر توانام نەبێت بۆچی شەڕێک بکەم کە بەرەو مردنم بەرێت.

هێشتا لەیادمە، لە شارۆچکەی [ بیرەجیک ] کەواکەی باکمم گرتبوو ڕێمان دەکرد، سەرەتای بینینی هەموو شتێکم بوو، ئەوکاتە پرسیاری هەموو شتێکم دەکرد کە ئەوە چییە و ئەمە چییە، لەگەڵ گرتنی کەواکەی باوکم یەکەم شەڕی پرسیارکردنم لە شاردا دەستی پێکرد، شار وەک شاخێک وابوو لەلام وام هەست دەکرد کە

دەڕوخێت بەسەرمدا، لەکاتی ڕێکردنمدا لەناو شار وامدەزانی لەناو ڕەوشی دوژمندام، باوکم بۆ من هێز بوو کە دەمتوانی لەسایەیدا بتوانم لەناو ئەو جادە و ڕێگاوبانەدا ڕێبکەم.

باوکم کابرایەکی زۆر خراپ نەبوو، ئەویش ئومێد و باوەڕی بە من بوو، تەنها لە من بە ئومێد بوو، سەرەرای ئەمەش زوو زوو بەرامبەری ناڕەزاییم نیشان دەدا، وەک ئەولادێکی خراپی خیزانێک بووم، نەک وەک منداڵێکی بێ گوێڕایەڵ و ئیسیان کار بەپێچەوانەوە باوکم ئومێدی بە من زۆر بوو، هێشتا لەیادمە لەژێر سێبەری دارێکدا باوکم لەگەڵ چەند کەسێکدا دانیشتبوو ئیشارەتی منی کرد و پێی ووتن { کەس دەستی بۆنەبات، لەناوچەوانی فەتح نوسراوە }، واهەست دەکەم ئەم قسانەی لە ئاکامی هەڵسوکەوتی ژیانم و بەدەست خستنەکانی چالاکیەکانم دەهێنایە زمان، زۆر کارم نەدەکرد، بەڵام کە کارێکم بکردایە زۆر بە پاکژی ئەو کارەم ئەنجام دەدا، لەوانەیە هەر ئەم شێوازی کارکردنەم کاریگەری کردبێتە سەر باوکم، باوکم دەیووت { دەچی بۆکوێ بڕۆ فەتحی دەکەیت، لەناوچەواندا نیشانەی فەتح هەیە }، هێشتا ئەم قسانەیم لەیادە، بەڵام نازانم بۆچی ئەم قسەیەی دووبارە دەکردەوە، نەدەگونجام، لەناو ڕەوشێکی ئاوادا بووم، هەڵبەت کاری زۆر پاکژم دەکرد، بە سانایی منیان گەڵاڵە نەدەکردەوە، کارێکی زۆرم نەدەکرد، کەم و زۆر بە تایبەت لۆژیکیانە کارەکانم دەکرد، مەسەلەی فەتح، مەسەلەی تارزی ژیانم بوو.

پێم وابێت تەمەنم ١٠ساڵێک دەبوو یان نا، هەستیار بووم، لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم منداڵێکی ژیر بووم، سەرەتام بوو بۆ فێربوونی سەرنجدانی کەسایەتیەکان، باوکم وەک زاناکان هەندێک

جار هەڵسەنگاندنی دەکرد جارێکیان پێی ووتم { پەڕە سیغارێک بکە ژێر سەرینەکەتەوە، سەرت دانێ ئایا هەستی پێدەکەیت کە سەرینەکەت هەندێک بەرز بۆتەوە، ئەوکاتە هەست دەکەیت کە وەک زانا وایت }. ئێوە دەزانن کە پەرە سیغار چەندێک تەنکە، کاتێک پەڕە سیغارێک دەکرێتە ژێر سەرینەکانتان دەبێت هەستی پێبکەن و بڵێن کە سەرینەکەمان بەرز بۆتۆتەوە، بەڵام ئەمڕۆ نەک پەڕە سیغارێک ئەگەر بلۆکێکیش لەژێر سەرینەکان دابنرێت هەست بە بەرز بونەوەی ناکەن.

منیش لە کۆندا هێزێکی ئەوتۆم نەبوو، ئەو سەردەمە باوکم پێی دەووتم { کەسێک پەیدا نابێت کە تۆ بە جدی وەربگرێت } بە هەمان واتا ئەمە تاکو ئێستاش بەردەوامە، بەڵێ لە ڕۆژانماندا ئەم قسەیە ڕاستە، تەنهام، بەڵام لە باوکم زیاتر بە هێزم، ئەو پیاوەی ئەمەی دەووت خودی خۆی هیچ نەبوو، سەرەرای تەنهایم، زەرەیەک لە زانستەکانی خودی خۆم یەک سامتین پاشەکشێم نەکردووە، واتا لە ئاستی ئەوان من لە هەموویان بەهێزتر دەرچووم، چی لە ئاستی باوکم بێت یان باپیرە.

قسەیەک هەیە لە ناو خەڵکدا کە هەندێک جار دەڵێن { یاخوا کوڕی هیچ کەسێک وەک کوڕی فڵانکەسی لێنەیەت }، باوک لە ڕەوشێک نەبوو کە بتوانێت وەک باوکی خەڵکی زۆر ئامۆژگاری ئەولادی بکات، زاتەن باوکم حاڵی شڕ بوو بە دەستمەوە، لە یادمە کوڕێک هەبوو ناوی { سمە تەمەڵ } بوو، ئەم کوڕە یەکەم نەوەی باوکی بوو، باوکی زۆر بە سەرێوە دەیخوێند. . وامەکە. . وا دانیشە. . وا بکە. . لەم جۆرە شتانە، ئەمە بەتەواوی فەلسەفەی گوندییە، ئەم کابرایە تا ماوەیەکی زۆر سمەی کوڕی نەناردە قوتابخانە، کە بینی

منداڵانی ئێمە دەچنە قوتابخانە و دەبنە خاوەن پاشەڕۆژێکی ڕووناک ئەویش کوڕەکەی نارده قوتابخانە، دوای ماوەیەک بە گەنجی ژنیان بۆهێنا و وازی لە قوتابخانە هێنا.

ژیانی هەموو گوند نشینەکان بە شەڕەوە بەسەر دەچوو، بەڵام گوندێکان لەم شێوازی شەڕەیان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، ئەم ڕەوشە دژبەری شێوازی شەڕی گەلە، هەربۆیە لە پەیوەندیەکانی ناوخۆیاندا بەردەوام ناحاڵەتیان لە ئارادایە، روویەکی ئەم مەسەلەیەش شوکر کردنی خوایە، لە ئەنجامی ئەم شەڕۆشۆڵەیان گوندنیشینەکان لەهەموو بوارێکەوە لاواز دەبن، هەربۆیە پەنایان بۆ قەدەر دەبرد دەیانووت ئەمە قەدەرمانە و لە ناوچەوانمان نوسراوە.

باوکم لە لەدوای هەر شەڕێکدا دەیووت { راکە. . وا شەڕیان لەگەڵ بکە. . وا جوێنیان پێ بدە }، من وەک باوکم نەکرد، ئەگەر وەک ئەوم بکردایە هەر لە مێژەوە مرد بووم، نەدەگەیشمە تەمەنی ١٥ ساڵیش، هەموو باوکێک ئاغایە دەیەوێت شەڕ لەسەر شێوازی کۆن بکات.

وا دەردەکەوێت کە دایکم باشترین قوتابخانەی من بووە، دایکم زۆر حەزی لە شەڕ بوو بەردەوام هاواری دەکرد و شەڕی لەگەڵ خەڵکی گوند دەکرد و کەسێک بوو کە زۆر زوو لەسەر بچوکترین شت دەستەو یەخە شەڕی دەکرد، کەسێک بوو کە زۆر نارەزایی نیشان دەدا، من زۆر شەرمم لە خۆم دەکرد، بە خۆمم دەووت خۆزگە خاوەن دایکێک نەبومایە کە ئەوەندە نارەزایی بەرامبەر بە هەموو شتێک نیشان دەدا، دەمبینی کە بەبێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێک بکاتەوە هاواری بەسەر هەموو کەسێکدا دەکرد گوێی بە هیچ نەدەدا،

حیسابی بۆکەس نەدەکرد، ئەوەی بیویستایە دەیوت و دەیکرد، بەو تەمەنی منداڵیمەوە شەرمم لە خۆم دەکرد، ئێستا دەتوانرێت هۆکاری بۆچی ئەوەندە کە من پەنجەم لەسەر زامنە بەمەوە گرێ بدرێت، لەناو خودی ستەمەکەیدا لە ڕاستیدا دەمتوانی لاوازییەک ببینم، چونکە هاوار و قیژەیەکی زۆری دەکرد بەڵام هیچ سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا، دەمویست باوەڕ بە دایکم بکەم، بەڵام شتێکی زۆری لەدەست نەدەهات، باوکیشم هەر وابوو، تەنها کارێکی لەدەست دەهات لەکاتی هەر شەڕێکیدا ئەچووە سەربان و ئەکەوتە جوێندان بە شێوەیەک جوێنی دەدا کە کەس لێی حاڵی نەدەبوو، ناشرینترین جوێنی دەدا، دوایش دەهاتە ژوورەوە و لێی دادەنیشت، ئەمە گەورەترین چالاکی باوکم بوو بە رامبەر بە ناحەزانی، دیارە هەردووکیان کاریگەریان هەبووە بەسەرمەوە، کاری پێگەی تەکتیکی ڕێبەریم بە پێچەوانەی دایک و باوکمەوەیە بۆیە من سەرکەوتوتر بووم، بە واتایەک هەر لە لاوێتیمەوە ئەمانم وەک ڕێبەرێکی ناوک بۆش بینی، من دەمبینی کە شەڕێکی بێ مانا دەکەن منیش ئێستا پێچەوانەی ئەوان دەکەم، وا دەردەکەوێت فێربوونی زۆرشت لە تەمەنێکی بچوکەوە یەکێک لە هۆکارە بنگەیەکانی ئەمەش پەیوەندی بە بنەماڵەکەم و دایک و باوکمەوە هەیە، دوای ئەم فێربوونە هیچ کاتێک نەکەوتمە گێژاوەوە، لاوازی و کەم تەرخەمی باوکم هۆکارێکە کە من بووم بە ڕێبەر، ئەو ناڕەحەتییەی بە منداڵی کە چێژتمان ئەگەر لەماڵەوە ڕێبەرێکی باشمان هەبوایە روویان نەدەدا.

بەرامبەر بە هەڵدێری گەورە و بەرامبەر بە گریانی گەورە و بەرامبەر بە خۆ گەورەبینین و بەرامبەر بە کاری بچووکیش هەڵویستم هەیە، زاتەن باوکم دەیووت { چ کاتێک من مردم تۆ

لەدوای من یەک دڵۆپ فرمێسک نارێژیت }، ئەو دەیزانی من دژی چیم، من لەدوای خۆبە بچووک بینین و خۆ بەکەم زانین فرمیسک نارێژم، لەگەڵ ئەمەشدا هەموو دونیا دەزانێت کە چەندێک هەستیارم، لایەنی عەشق و هەستیارێتیم بە بەراورد لەهەمبەر ئاستی زانستم زیاترن، هەڵبەت ئاستی زانستیشم بەرزە و ئەمەش فەراموش ناکەم.

من شەڕکەرێکی سۆزداری سەرسوڕێنەرم، زاتەن ئەگەر هەستیار نەبیت شۆڕشتپێناکرێت، سەرەتا لە مندا هەستەکانی ناو ناخم زۆر بە چڕی ووروژان، لەسەرەتای دەسپێکردندا زانست و سیاسەت نەبوو لەمندا بەڵکو هەستیارێتی هەبوو.

لە ناو گوند هەوڵمدەدا حاڵی ببم لە دواکەوتویی و شێوازە نەگریس و ناپاکەکان، ئەوان چارەسەریان پێک نەدەهێنا، ئەمە ئایدۆلۆژیایە، لەڕاستیدا گوندنشینەکان کە خۆیان بە دەوڵەمەند دەزانی تەنها خاوەن پارچە زەویەک یان دوو بزنێک یان کەرێک یان خاوەن سەگێک یان چەند منداڵێک بوون، کە دەبوون بە خاوەن ئەمانە پیرۆزی ئەمانەیان وەک خواو نیشتیمان دەبینی، زاتەن چاویان شتێکی تر نابینێت، ئەمە پەیوەندی بنەماڵەیی و ڕاستی ئەم میللەتەیە.

کارکردن لە ناو دەغڵدا کارێکی گرنگە، ئەو کارەشم کرد، دروێنە کارێکی پێویستی و گرنگی ئێمە بوو، من دەڵێم دروینە کارێکی پێویستە، دروێنەم دەکرد بەڵام دەشم ووت نابێت تەمەنێک بە دروێنەوە بەسەر ببرێت، بۆ ئەم کارە چووم بۆ [ چوکورئۆڤە ] یەک دوو جارێک چووم، پەمووم کۆکردەوە، لەوکارەدا سەختی ژیانم بینی کە خوێن تێکەڵی ئارەقەی نێوچەوان دەبێت، لەوێدا حاڵی بووم کە ڕەنج چییە و بە ڕەنجەوە ژیان چۆن هەڵدەسورێت، کارێکی زۆرم

کرد.

لەگەڵ براو و خوشکەکەمدا شەڕم دەبوو، بێگومان هەر خوشک و بران، ئەگەر هەموو کارێکیشیان ناشرین بێت هەر خوشک و بران، زەختێکی زۆرم دەکردە سەریان بەڵام لەسەر حەق بووم، کە دەچوین بۆ دروێنە یەکسانیم لەنێوانیاندا دەکرد، پێیانم دەووت { دەبێت کار بکەن } جارێکیان کارێکی زەحمەتم دا بەسەر خوشکەکەم وابزانم پێی ناڕەحەت بوو، ئەویش پێی ووتم { تۆ تەنها بە من دەوێریت }، لەناو ماڵەکەی خۆماندا دەسەڵاتم تاقی دەکردەوە، بەڵام لەسەر بناغەیەکی ڕاست.

لەگەڵ براکەشمدا هەر وابووم، ترسی داگیرکردنی میراتمان لێی نیشتبوو، وابزانم لە ئەنجامیشدا هەندێ زیادی برد، پێم وایە خۆدانە سەر ئەو برایەم ئێستا هەستی پێدەکەم کە لەسەر حەق بوومە، ئەو نەیدەزانی کە بە ڕێکوپێکی سواری کەریش ببێت، ئێمە دوو برا قاچەکەیمان بەرز دەکردەوە و سواری کەرەکەمان دەکرد، زوو.. زوو خۆی نەخۆش دەخست و دەیویست خزمەتی بکەین، من ئەمەم پێ قەبوڵ نەدەکرا، جارێکی تر باسی شەڕێکتان بۆ دەکەم کە هەر لەبەر ئەو کردوومە.

یاریم دەکرد، بەڵام زۆر نا، یاری بەیەک قاچ، یاری عاشق بوون، هەندێ جاریش زۆران بازی، حەزم دەکرد لەگەڵ کچەکاندا یاری بکەم، دەگێڕنەوە کە حەزمکردووە لەگەڵ کچێکدا یاری بکەم زوو دابویان بەشوو کە دوای شوکردنیشی بینیومەتەوە گوایە پێم ووتووە { وەرە با بەیەکەوە یاری بکەین } هەڵبەت ئەمە کچەکە گێڕایەتێوە من پێم وایە کە یادگاریەکی وام نییە بەڵام لەوانەشە پێم وتوبێت.

ئەگەر ئەو نارەزاییە نەبوایە کە نیشانم داوە بەرامبەر بە یاری نەکردنم لەگەڵ کچانی گوندا ئەم یاریەی ئێستا دەیکەم بۆ ئازادیی لەگەڵ کچاندا نەم دەتوانی بهێنمە ناو ئەم شەڕەوە، مرۆڤ دەبێت بەرامبەر بە خۆی راستگۆبێت، من وتەیەکم هەیە کە دەڵێم [ خیانەت لە منداڵێتی نەکرێت ] ئایا دەزانن لە راستیدا ناکۆکییە گەورەکان چین؟ دەست پێکردنی قۆناغی گەورەبونە بە خیانەت کردنەوە بەرامبەر بە ئەندێشەکانی منداڵی، من نامەوێت ئەم خیانەتە بکەم، ئازادی بەو شێوەیە دەست پێدەکات، هیوای منداڵی هیوایەکی پیرۆزە، هیوایەکی ئاشتیانەیە، پابەند بوون بەو ئاواتەوە پەیوەندیەکی ڕووحی پتەوە.

لە ڕاستیدا قەبوڵکردنی کەسایەتیەکی سادەی پیاوی کورد زۆر مەترسی دارە، من لە کچان ئەم پرسەم پرسی { ئێوە چۆن پیاوانێکی واتان پێقەبوڵە؟ } ئەگەر بە زنجیریش بمبەستنەوە، ئەم پەیوەندیە قەبوڵ ناکەم، لە گوندا کچێکیان دایە شوو، گوێم لێ بوو دەیانووت، { بۆ ئەوەی ژنەکە لەماڵەوە دەرنەچێت بە پەت بە دارەوە بەستویانەتەوە، بەڵام سەرەرای ئەمەش ژنەکە پەتەکەی پچڕاندووە و هەڵاتووە }، منیش حەزم دەکرد بزانم بۆچی ڕایکردووە، هەڵبەت سەرەرای ئەم هەڵاتن و ڕزگار بوونەی من پێم وابوو کە دەیانویست هەموو ژنان بە پەت ببەستنەوە، ئایا من چۆن ئەم خیزانە وەک خیزانێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا قەبوڵ بکەم؟.

کاتێک کە دەستم کرد بە قۆناغی سەرەتایی خوێندنگا فێری نووسینی ناوم و پاش ناومیان کردم، هێشتا لەیادمە کە بۆ یەکەم جار هەستام و چومە بەردەم تەختە ڕەشەکە و مامۆستا ووتی { بنوسە } نووسینی ناو و پاشناوم تاقیکردنەوەیەکی گرنگ بوو، زۆر

بەجوانی ووشەکانم ریز بەند کرد، هەڵبەت ناو و پاشناوم هەندی درێژە بەڵام هەر ڕیزبەندیانم کرد، وەکو ووتم یەکەم تاقیکردنەوەم بە سەرکەوتوانە تێپەڕاند.

هەڵبەت سەرەتای قۆناغی سەرەتایی ناخۆش بوو، کێشەی نەزانینی زمانی تورکیم هەبوو هەروەها لەگەڵ کێشەی دەرخ کردن، زاتەن خۆشییەکی ئەوتۆم لەماڵەوە نەدیبوو، وەک دەزانن ژیانی گوند پڕە لە زەحمەتی، راستیکان ئەوەندە بێ بەزەیین دەست بەردارت نابێت تاکو بە ئاسودە بژیت.

ئەو دەمە کێشەی هاتوچۆ لە گوندەوە بۆ گوندێکی تر و بۆ قوتابخانە و ئامادەنەکردنت لەلایەن دایک و باوکەوە بۆ قوتابخانە و لەهەمانکاتدا نەبینینی هیچ دڵخۆشییەک لە ڕوخساری ماڵەوەتان لەکاتی چونت بۆ قوتابخانە یاخود گەڕانەوەی شەکەتوماندوو ئەمە هەموو کێشەی گەورەی دەرونی و جەستەییە بۆ منداڵان، ئەو سەردەمە وەک ئێستا نەبوو ئێستا دایک و باوکان زیاتر بە هیوان و خاوەن بواری زیاترن و زیاتر بە پەرۆشن بۆ منداڵەکانیان، هەڵبەت ئەمەش دڵنیاییەکی زۆر بە منداڵان دەبەخشێت، من هیچ دڵنیاییەکم نەبوو، ئەگەر هەبووایە سودیکی باشی دەبوو، لەو تەمەنی منداڵییەمدا خۆم دڵنیای خۆم بووم، ئەگەر پشتیوانیەکی باشم بە خاڵۆ و باوک هەبوایە، پێموایە بەرەو ڕێڕەوێکی جیاواز دەڕۆشتم، دەتوانم بڵیم ئەمە سەرەتاترین هەنگاوی منە بۆ خاوەن بوون و هەڵبژاردنی ڕێرەوێک.

وەک دەزانن مامۆستایان هەندێک هەستیارن، ناوی مامۆستاکەم [ محەمەد مایدانکاش ] بوو، هەندێک هێلکە و ماستم بۆ برد، بێگومان نەک تەنها لەبەر ئەم دیارییانە بەڵکو ڕەفتاری من سەرنجی ڕاکێشابوو

هەربۆیە بردمی بۆ ماڵی خۆیان، من بەمە زۆر دڵخۆش بووم چونکە شانازی بوو بۆ من کە مامۆستاکەم دەعوەتی منی کردبوو بۆ ماڵی خۆیان، بووم بە باشترین قوتابی ئەو مامۆستایە، بەردەوام پەرەمدا بە ڕێزی نێوانمان، هەر لە سەرەتاوە خۆم دا بە ناساندن ئەمە تاکو ئێستاش هەروایە، هەمیشە رێزی تەواوی مامۆستای ڕاستەقینەم گرتووە، هەرگیز بێ ڕێزیم نەدەکرد، هەرگیز نازم نەدەکرد و هەمیشە ویستومە کە ببم بە باشترین قوتابی، دەتوانم بڵێم ئەم شێوازەم هەر لە منداڵییەوە دەستی پێکردووە، هەموو ئەمانە چی لە کاتی قوتابێتی بوونم و مەلایی بوونم و دوروێنە کردنیشمدا هەمان شت بووە.

ئایا بۆچی کەسایەتی من بە سانایی هەرەس ناهێنێت و نادۆڕێت؟ ، چونکە ئەگەر چی لەکاتی پێکهێنانی گەمەی منداڵیم و لە شەڕکردنەکانیشدا، ئەگەرچی لە سەرەتایی قوتابخانەم تاکو زانکۆش هەموو مامۆستاکان منیان بە نمونە دەهێنایەوە، بەشێوەیەکی جدیانە ئەوەی فێریدەبووم دەمخستنە باری پراکتیکەوە، زۆربەی ئەو مامۆستایانە تاکو ئەمڕۆش لە ژیاندان، ڕێبەرایەتیەکی خۆڕسکیم هەبوو، زۆر جیدیانە دەمویست فێر ببم و هەرگیز لە ڕێزگرتنی کەسانی بەرامبەرم و ڕێزگرتن لە خۆم کەمتەرخەمیم نەدەکرد.

لە قۆناغی سەرەتایمدا ئیمامێکی باش بووم، خووم دابوو بە دین و نوێژم دەکرد و جدی بووم، ماوەیەک لەم مەسەلەیە چڕببومەوە، دەتوانم بڵێم بەشێوەیەک بەرز بوومەوە کە شان بدەم لەشانی مەلای مزگەوتی دێیەکەمان. ئایا بەختی من وابوو یان خاوەن بنەماڵەیەک بووم کە شێوازی ژیانیان وابوو، باوکێک کە خۆی نەگەیاندبۆوە

ئاستی بە ڕیکخستن بوون لە ماڵەوە و لەهەمانکاتدا ئەرکی دەسەڵاتی خۆی بەجێ نەدەهێنا، یان دایکێک کە هێشتا بەتەواوی دەسەڵاتی خۆی دانەسەپاندبوو یان لەناو خوشک و برایەک کە هێشتا گەشەیان بەخۆیان نەدابوو من ئەوکاتە هەلی سەرکێشی خۆمم بەدەست دەخست. رابەرایەتی تێکۆشانم لەناو بنەماڵەکەماندا بەو شێوەیە دەستی پێکرد، لەو شەڕانەدا هەزارەها ڕووداوی سەیر وسەمەرەی تیایە، دەتوانم بڵێم ئەو شەڕەی ئێستا بەرامبەر بە دەوڵەتی تورک بەرێوەی دەبەم دژوارترین بەشی ئەوکاتەی کە هەرزەکار بووم لەناو گوند و لەناو خێزانەکەماندا بەڕێوەم دەبرد، ئەو سەردەمە دایکم لەبارەی منەوە قسەی سەیری دەکرد، شێوازی کارکردنمی دەبینی، لەیادمە دەیووت { گەمژە هیچ کەسێک ئەوەندەی تۆ کار ناکات؟ }، دەیزانی کە کەسێکی جیاوازم.

گروپێکی بچوکی خوێندکار بووین، ژمارەمان هەر ١٠ کەسێک دەبوو، هەوڵم دەدا کە من ئەوان بەرم بۆ قوتابخانە، هێشتا لەیادمە بەباشی بەرێوەیانم دەبرد، تەنانەت توانیم نوێژ بە هەموویان بکەم، لە هەندێ شوێندا باراو هەبوو لەو شوێنە بەو ئاوە دەست نوێژم پێیان دەگرت، پێش نوێژیانم بۆدەکرد، بەم شێوەیە ئیمامیم بۆدەکردن، هەموو ئەمانە بەسەر بەخۆیی خۆم کردم کە هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی بووم، ئەمە سەردەمی فێر بوونم بوو، زۆر گرنگە کە هەرلەخۆتەوە ببیت بە ئیمام، واتا بە گوێرەی گوندنشینەکان کەسێکی دیندار بووم کە ئەمە گرنگە بۆ ئەوان وە باشترینیان بووم، لە تەمەنێکی منداڵیەوە ببیت بە ئیمام کارێکە کە هەروا بە سانای ناخوڵقێنرێت.

هەوڵم دەدا کە گروپەکەی من قۆناغەکانیان ببڕن، لەم بارەیەوە

زۆریش هەوڵمدا، بەبێ هیچ چاوەڕوانی پاداشتێک ئەم کارانەم دەکرد، ئەم کارانەم دایکم بە گەمژەیی ناوزەندی دەکرد، دەیووت { تۆ ئەو هەموو کارە دەکەیت، تەماشاکە کەسیان وەک تۆ کار ناکات }، منی تاوانبار دەکرد و ئەویش لە چوار چێوەی کەسایەتی و نارەزاییەکانیدا لەسەر حەق بوو، هەمیشە دەیووت { هیچیان وەک تۆ کار ناکەن }، دەیویست پێم بڵی گوایە کارێک دەکەم کە ئەقڵی نایگرێت، لەبارەی کارکردنم لە چوارچێوەی چەمکی خۆم دایکم ڕاستی دەکرد، ئەو شێوازی کارکردنەم ئەمڕۆش بەهەمان شێوە بێ نمونەیە.

ژیانی تێکۆشەری بەوە سەرکەوتن بەدەست دەخات کە بەتەواوی خۆت بۆ بوارەکانی تەرخان بکەیت، دایکم زەختی دەکردە سەرم پێی دەووتم { ئەمە چییە بەبێ هیچ بەرامبەرییەک ۱۰/۱۵ منداڵێکی گوندەکە پەروەردە دەکەیت؟ }، من ئەو منداڵانەم دەکرد بە خاوەن قوتابخانە و دەیانم کرد بە پیاو، دایکم ئەم کارانەی منی بەم شێوەیە دەهێنایە زمان { کێ وەک تۆ دەکات؟ }، زاتەن کەس وەک منی نەدەکرد و پێنەدەکرا، ئەو تایبەتمەندییەی ئەوکاتە خستمە ئاراوە ئەوەبوو کە مرۆڤم بەرەو ئاقارێک دەبرد کە باس لە خواستەکانی خۆی بکات، لەلایەکی تریشەوە منداڵانێک بوون کە بەگوێرەی خواستی خۆیان پەرەیان بە کەسایەتی خۆیان نەدەدا.

ئەوکاتە دەوروبەرمان هەستیان بەم گۆڕانکاریانەی من دەکرد دەیانووت : ئەم منداڵە نابێتە خاوەن خێزانێکی سادە، ئەوکاتە دایکم پێی دەووتم کە من نابم بە خاوەن ژن و منداڵ، بەم شێوەیە ڕەخنەی دەگرت { کەس کچ بەتۆ نادات، کەس ئیشت پێنادات }، لەوانەیە ئەویش بەگوێرەی خۆی لەسەر حەق بوایە، ئەمەش ئەوەی نیشان

دەدا کە لە مندا ڕەهەندی سەرچاوەیەکی ژیان هەیە یان بەگوێرەی لۆژیک و بیرکردنەوەکانی دایکم بێت من تەندروستیانە و ڕاستیانە بیر ناکەمەوە.

لەیادمە، ئەوکاتە لە چواردەورم چەند منداڵێک هەبوون، هەموویانم هێنایە سەر ڕێی ڕاست یارمەتیەکی زۆریانم دا تاکو بخوێنن، لەبەشی دین یان بەشی قوتابخانە دوایش لە بەشی ئایدۆلۆژی یان بەشی سیاسەتیش هەمیشە بەهۆیانەوە ڕوبەڕووی بەڵا دەبوومەوە، بەردەوام لە ڕەوشێکدا دەژیام کە خواستەکانم بەدەست نەدەکەوت، لە ڕاستیدا هەموو چەمکی ئەو بەشانەم دەپەرست، بەڵام بەدەست نەخستنی خواستەکانم گێژاوێک بوو منیان بۆ پرسیاری ئەوەی ئایا چۆن دەتوانم باشترین ئەنجام بەدەست بخەم ئەم چەمکە زیاتر لەلام گەڵاڵە بوو.

هیچ کەسێک وەک من گرێدراوی مامۆستا و برادەری نەبوو، هەموو مامۆستاکانم باشم دەناسن، زانیم چۆن قازانی خۆشەویستی ئەوان بەدەست بخەم، ئەمە نەک تەنها بە گووتن بەڵکو بەڵگە هەیە لە ئارادا، لە هەموو چینێکدا مامۆستا هەیە، برادەرەکانیش هەر وابوون، ئەوانەی ٣٠/٢٠ ساڵ لەمەوبەر من دەناسن تاکو ئێستاش هەر دۆستمن، برادەری تورکیشم هەبوو، لەوانەیە ئێستا لەناو دەوڵەتدا لە پلەی بەرزدا بن، دڵنیام تاکو ئێستاش هەر وەک دۆستێک باسم لێوە دەکەن، ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە هەوڵێکی زۆرم هەیە بۆ دروستکردنی برادەری.

زەحمەتە ڕابەرایەتی برادەرت بکەیت، تاقی بکەنەوە دەبینن کە چەندێک زەحمەتە، سەرەرای هەموو شتێک بەبێ ئەوەی دڵیان بشکێنم و عاجزیان بکەم، ڕابەرایەتی کردنی برادەرانت لەوانەیە

بێته هۆی دڵشکاندنیان، زۆر زەحمەته به سەر کەسێکدا بەرز بیتەوە، بەڵام کە ئەم سەرکەوتنەت به شێوازێکی باش ئەنجامدا بێگومان دڵی پێخۆش دەبێت، ئەگەر مامۆستا مامۆستای هەبێت بەمە دلخۆش دەبێت، ئەگەر ببیت به سەرۆکی برادەرەکەت ئەمەش دڵخۆشی دەکات.

حەسەن بیندالٚ برادەری منداڵیمە کە خەڵکی گوندی جیبینە، ئەم گوندە گوندی تورکەکانە، تاکو ئێستاش ئەو بنەماڵەیە بەباشی باسی ئێمە دەکەن، زۆریان حەز دەکرد کە بانگێشم بکەن بۆ ماڵی خۆیان، ڕێزداریەکی وا هەبوو لە نێوانماندا، ئێستا بزووتنەوەیەکی گەورەین و ڕووبەڕوی یەکتر بوینەتەوە ،بەڵام هەرگیز ئەو ڕێز لێنانەلەدەستی خۆمان نادەین.

سەرکردایەتیمان نابێت چاوەڕێی ئەوە بکەن کە بە سانای شیتاڵ دەبم و شیدەکرێمەوە، دەڵێن گوایە کابرا ژیرە و پێوەی خەریک دەبین نەخێر ئەگەر شێتیش بم دەست بەرداری ئەم کارە نابم و وازتان لێناهێنم، کەسێک لە تەمەنی ٧ ساڵییەوە خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان کردبێت بەسانایی دەست بەردار نابێت، لە یادمە مامۆستاکەم هەڵی ساندم تاکو لەگەڵ کەسێکدا زۆرانبازی بکەم، پێم وابێت حەسەن بیندالٚ بوو، شەرمێکی زۆرم دەکرد ، دەمووت لەگەڵ ئەو برادەرە زۆرانبازی ناکەم، ئەو بەهێز تر بوو، من لە گەمەی زۆرانبازیدا هەندێک لاواز بووم، ئەو کاتە بەم شێوەیە بیرم دەکردەوە هەڵسم یان هەڵ نەسم؟ چەندین ڕۆژ و چەندین هەفتە و چەندین مانگ هەر بیرم لەو مەسەلەیە دەکردەوە، دەمزانی نزیک نەبونەوەم لەم کارە باشترە بەڵێ ئەوەی کە زیاتر سەرکەوتنم تیا هێنا ئەمە بوو، سەرەرای ئەوەی هەڵسانم بۆ زۆرانبازی زەحمەت بوو بەڵام زۆر

گرنگەکەبەزانستەوەخۆت لەبەڵا نزیک نەکەیتەوە، بەو شێوەیە هزری خۆمم لەسەر ئەو بناغەیە پێکهێنا، مانەوە بە بەرابەرە لەم یاریەدا ئەوە دەگەهێنێت کە دۆڕاندنێکی زەقت قەبوڵ نەکردووە.

لەهەموو بوارێکی ژیاندا من بەو شێوەیەم، لەفێربونیشدا هەروام، کاتێک هەوڵم دەدا پۆل ببڕم، هەر چەندە حاڵی بوون زۆر بوو بێ ووچانە هەوڵم دەدا ژمارەی باش لەوانەکاندا بە دەست بخەم بەڵام بەلامەوە گرنگە کە بەلای کەمەوە لە خوار لە ٥٠٪ بەدەست نەهێنیت، تەنها چەند وانەیەک نەبێت کە ژمارەی پلەکانیان کەم بوو بە گشتی ژمارەی باشم بە دەست دەخست، ئەمە بە درێژایی ژیانم هەر وابووە، لە کاتی ڕێکردنمدا و لە کاتی خەریک بوون بە هەموو شتێکەوە و لە قۆناغی ئامادەیشدا هەروا بووە یاخود شتی سەرنج ڕاکێشەر کە لە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەهاتنە ئاراوە بۆ من گرنگ بوون یان لە ناو شەڕێکی زۆردا هەموو ئەمانە وەک هەناسەدان خێرا بەڕێوە دەچوون دەشبێت دوانەکەویت.

دەبێت سەرکەوتن بە دەست بخەم، دۆراندن هەرگیز قەبوڵ ناکەم، ئەم دوو هەستە ئەوە دەگەهێنێت ئەگەر خۆم ئامادەی کارێک نەکەم دەستی بۆ نابەم، ئەمە ئەو تایبەتمەندییەیە کە لە کاتی بە دەست نەخستنی هێز لە کارێکدا خۆت پێوانە بکەیت، لە ڕاستیدا زۆران بازێکی باش نییم، سەرەرای ئەمەش چوون بۆ گۆڕەپان و سنگی خۆت دەرپەڕێنیت ئەمە شیوازێکی باش نییە، لە هەموو گەمەکاندا من وام، ئەو شتەی قازانجی دەکەم دیارە قازانجی دەکەم، ئەمە تایبەت مەندی پسکۆلۆجی و کەسایەتیە. شێوازی من زۆر سەرنج ڕاکێشە، کاتێک یەکەم نوێژم بەست کە لە قۆناغی سەرەتاییدا بووم ئیمامی مزگەوتەکەمان وابزانم ساڵی

١٩٨٤ کۆچی داویی کرد پێی دەووتم ئەگەر تۆ بەو خێراییە بەردەوام بیت بەم زووانە دەفڕیت، لەگەڵ بەستینی یەکەم نوێژمدا ئیمامی مزگەوت ئەو هەلسەنگاندنەی لە بارەمەوە کرد، لە ڕاستیدا زۆر لە دوعاکان حاڵی نە دەبووم، بەڵام بەلای کەمەوە چاودێری کارەکانم دەکرد، شێوازی چاودێری کردنم وای لە ئیمامەکەمانی کرد کە هەڵسەنگاندنی لەو شێوەیە بکات، لە بارەی ژیانمەوە نمونەیەکی زۆری لەو شتانە هەیە، دەستپێکردنی هەموو کارێک بە جدی و بە واتا بەرەو ئەنجامێکی باشت دەبات.

خودی ژیان خۆی خەیاڵە، ئایا تۆ لە ناو خەودا خەو دەبینیت؟ ، لەراستیدا سەردەمی منداڵی من شتێکی سەرسوڕێنەر نییە لە ئارادا، ئەگەر سەرنج بدەیت لە دوای رەوشی ژیانی هەموو کەسێکەوەیە، ئەوەی سەرنج ڕاکێشەرە دیارە ئەمەیە، دایک و باوک شتێکی زۆر نادەن بە منداڵەکەیان، زاتەن ئاوێک و نانێکی پێویستیش نییە لە ئارادا، قوتابخانە نییە، ڕەوشێکی واش نییە کە بە تەواوی خەو و خەیاڵ ببینیت، منداڵەکانمان لە خاکێکی نەزۆکدا دەژین، دەتوانرێت بەمانە بوترێت خەیاڵ.

# یەکەمین مەفرەزەی ژنانی

# گەریلا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**مەراڵ کزلیرماک**

ئێمە وەک گرووپێکی گەریلای ژن چوینە هەرێمەکەوە کە ناوی شاهۆیە و خاوەن تایبەتمەندییەکی چەتوون و ڕەق و نەریتی خۆیەتی، ئەو مەڤالانەی زاگرۆس و بۆتانیان بینیوە هەندێک وەک بۆتان و هەندێکیشیان وەک زاگرۆس پێناسەیان دەکرد، لەڕاستیدا من هەرێمی بۆتانم نەبینیوە بەڵام لە هەرێمی زاگرۆس ماومەتەوە بەڵام هەرێمی شاهۆم وادەهاتە بەرچاو کە لە هیچ هەرێمێک ناچێت هەربۆیە دەڵێم ناوچەی شاهۆ خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و لە شوێنێکی تر ناکات، ناوچەی شاهۆ شوێنێکی بێ ئاوە، بەڵام خاوەن شینایییە هەربۆیە بەناوچەی شاهۆمان دەووت ( بەهەشتی بێ ئاو )، بەهۆی هەیبەتێکەیەوە خەڵکی ناوچەکەو ئێمەشی دەپاراست، شوێنێکە کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و مرۆڤ دەتوانێت خۆی لێی بپارێزیت، شوێن بەردەڵانێکی زۆر ڕەقی هەیە و ئێمەش وەک گەریلا تازە بە تازە توولە ڕێمان لەقەد پاڵەکانیدا درووست دەکرد، بێگومان خەڵکی ناوچەکە توولە ڕێ و ڕێی تری خۆیان هەبوو بەڵام ئێمە نەماندەویست ڕێگاوبانەکانی خەڵکی ناوچەکە بەکار بهێنین هەربۆیە خۆمان توولە ڕێی تازەمان درووست دەکرد.

ناوچەی شاهۆ زستانێکی زۆر سەختی هەیە، چەندین مەتر بەفری لێدەبارێت، خاوەن زستانێکی بەفراوی و باهۆزە، بێگومان ناوچەی دارستانیشی هەیە، هەندێ شوێنیشی ئاوی هەیە، بەڵام لەو شوێنەی ئێمە لێی گیرسابوینەوە نەدارستانی لێ بوو نە ئاو، شوێنێکی بەردەڵانی ڕووتەڵە و خاوەن چەندین ئەشکەوت بوو، لەڕاستیدا ئەو شوێنەی دەمانویست لێی بگیرسێینەوە بەو شێوەیە بوو، بێگومان ئەمەش چەندین هۆکاری جیاوازی خۆی هەبوو، گەریلا لەو شوێنانەدا لە قەد پاڵەکاندا ناتوانێت بگیرسێتەوە، یان

دەبوایە بە پشتی پشتەوەی گرد و قەدپاڵەکاندا بمێنینەوە یاخود لە شوێنە چاڵاوێکاندا، نەماندەتوانی بەقەد یاڵەکاندا بمێنینەوە چونکە هیچی نەبوو کە مرۆڤ بتوانێت خۆی پێ بپارێزێت و لێی بحەوێتەوە، ئێمە لەوێدا نەماندەتوانی بە ڕۆژ جوڵە بکەین تەنها بە نەبێت، زاتەن گەریلا بەواتای جوڵانەوەیە بە شەو، لەگەڵ دەستپێکی شەودا گەریلا دەکەوێتە جوڵەوە، گەریلا بەواتای ماراسۆنە لەگەڵ شەو تاکو ڕۆژ هەڵدێت، کە ڕێمان دەکرد بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەستی خۆمان هەمیشە ئاومان لەگەڵخۆدا هەڵدەگرت، لەگەڵ ئەمەشدا بەردەوام ئەوەی هەمان بوو بەشانمانەوە بوو، زوو. . زووش شوێنی خۆمان دەگۆڕی، نێوان ئەو شوێنانەی دەمانگۆڕی هەندێکیان شەوێک و هەندێکیشیان دوو شەو ڕێکردنی دەویست، بەهەموو شێوەیەک دەجوڵاینەوە ئێمە وەڵاخمان بەکار نەدەهێنا چونکە نەماندەویست کەشف ببین، دەمانویست زۆر بە نهێنیانە بجوڵێینەوە، ئەگەر شوانێک ئێمەی ببینیایە ڕاستەوخۆ شوێنەکەی خۆمان دەگۆڕی، هەروەکو جاری جارانی گەریلا سەرەتاییەکانی باکوری کوردستان، زاتەن لەسەر وانە و ئەزمونەکانی ئەوان دەمانویست لە ڕۆژهەڵاتی ناوین پەرە بە گەریلایەتی خۆمان بدەین.

هەڤاڵ ( بەرچەم وان ) فەرماندەی گرووپی ژنانمان بوو، ئەم هەڤاڵەمان ئەم ناوەی لەناوی ( بەرچەم سەرحەد ) وە وەرگرتبوو کە لە چالاکی ڕەڤانسەر شەهید ببوو، لەساڵی ٢٠٠٨ بەیەکەوە هاتینە ئەم هەرێمەوە، بەڵام ئێمە لەکۆتایی ساڵدا هاتبووینە ئێرە، پێش ئێمەش هەڤاڵانی ژن هاتبوونە ئێرە، بەڵام ئامادەباشی شوێنی حەوانەوەیان نەکردبوو، شێوازی جوڵانەوەی ئەوان بەو شێوەیە بوو کە لە هاویندا لەوێ بوونە و لە زستاندا ئەوێیان چۆڵ

کردووە، بەڵام بەمەرجێک ئێمەیان نارد کە لەوێدا جێی حەوانەوە و جێگیربوون ئامادە بکەین، هەربۆیە فەرماندەییمان بڕیاریاندا کە ئێمە لە زستانی ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠٠٩ لە هەرێمی شاهۆ جێگیر ببین، دەستکرا بەئامادەباشی کاروباری زستانە، بەشێوەیەکی سادە لەوناوچەیەدا لە ئەشکەوتەکاندا جێگیر دەبوین چونکە ئامادەباشی و جێگیربوون لەشوێنێکی تردا سەخت بوو، دەبوایە شوێنی زۆر نهێنی درووست بکرێت، چونکە ئەگەر لەزستاندا لەئاکامی ئۆپەراسیۆندا یان لەئاکامی سیخوڕییەکدا شوێنەکەمان کەشف ببوایە و دوژمن بهاتایەتە سەرمان رزگاربونمان مەحاڵ بوو، لەوناوچەیەدا چەند مەترێک بەفر دەبارێت، مەحاڵ بوو لەحاڵەتی ئەو بەفر بارینەدا بێینە دەرەوە، لەهەمانکاتدا پەیداکردنی ئازوقەش کارێکی ئاسان نەبوو، لەحاڵەتی هاتنە ئاراوەی شەڕدا لەشوێنێکی ئاوادا جگە لە شەهید بوون ڕێگا چارەیەکی تر پەیدا نەدەکرا، هەربۆیە لەشوێنێکی وەک ئێرەدا دەبوایە زۆر بەنهێنیانە شوێن درووست بکرایەو ئاسەوارمان لە پشت خۆماندا نەهێشتایە و پێشوتر ئازوقەمان پەیدا بکردایە و شێوازی تەواوی ژیانی گەریلا پەیڕەو بکەین.

هەڤاڵان ئەشکەوتێکیان دۆزیبۆوە، بەڵام ئەم ئەشکەوتە سەرنج ڕاکێشەر بوو، لەوانەیە ئەم ئەشکەوتە مرۆڤی کۆنی هەرێمەکە بۆ پاراستنی خۆیان ئێرەیان درووست کردبێت، شوێنی هەموو ئەشکەوتێک دەبێت لەخوارەوە بەرو سەروو هەڵگژێی تاکو پێی دەگەیت یان لە تەختاییەکەوە دەگەیتە بەردەم دەرگاکەی، بەڵام ئەم ئەشکەوتەی هەڤاڵان دۆزیبویانەوە سەیر بوو دەبوایە بە تونیلێکی ٢٠ یان بۆ ٢٥ مەترێک ڕێتبکردایە ئینجا دەچویتە ژوورەوە، واتا لەقەد پاڵەکەدا ٢٥ مەترێک بەتونیلێکی باریکدا سەردەکەوتیت،

دوای ئەم تونێلەش ٥ مەترێک بەلای ڕاستدا دەسوڕایتەوە ئینجا چاوت بە ئەشکەوتەکە دەکەوت، ئێمە چوینە ئەشکەوتەکەوە، بۆمانەوەمان لێرە پێویست بوو زەوێکەی چاک بکەین و دەستکاریەکی چواردەورەکەی بکەین و ئەرکە پێویستەکانمان ئەنجامداو هەموو لایەکمان پاک کردەوە، ئەم شوێنە جێی ١٠ کەسێکی لێدەبۆوە، ئەم شوێنە بوو بە شوێنی مەڤالانی کوڕ، چونکە لە بەشێکیدا دەمانتوانی بەیەکەوە ژیانی تێدا بەرینەسەر بەڵام نەک بۆ نوستن، هەربۆیە ئێمەی مەڤالانی کچ ناچارماین کە شوێنێک بۆخۆمان بڕەخسێنین، دەبوایە ئەمەشمان لەدەرەوەی ئەشکەوتەکە بکردایە، شوێنی خۆمان لەبەردەم ئەشکەوتەکە دروست کرد، هەرلەبەردەم دەرگای ئەشکەوتەکە شوێنێکمان هەڵبژارد کە لە هیچ لایەکەوە نەدەبینرا، بێگومان ئەگەر بمانتوانیایە بەشێوەی ژێر زەمین دروستمان بکردایە ئەوا بەتەواوەتی لە هیچ لایەکەوە نەدەبینرا، دوای بڕیاردان دەستمان کرد بەکار، ئێمە بەگشتی ٦ مەڤاڵی کچ بوین، بەگشتی هێزەکەشمان لەم ناوچەیەدا ١٦ گەریلا بووین، شوێنەکەمان هەڵکۆڵینی تەواو بوو بەڵام بچوک و تەنگ بوو، بەداخەوە بەردێکی گەورە لەناو چاڵەکە لێمان قیتبۆوە، ئەم بەردە شوێنی ٢ هەڤاڵمانی داگیر کردبوو، هەربۆیە شوێنەکەمان بچووک بوو، ئێمە دەبوایە بەزووترین کات شوێنی خۆمان ئامادە بکردایەو سەریمان داپۆشیایە هەربۆیە بیرمان لە شکاندنی ئەم بەردە گەورەیە نەکردەوە، شوێنەکەمان تەسک بوو، لەشوێنێکی وا تەسکدا و بەبوونی ئەم بەردە ناڕەحەتیمان بۆ دروست دەبوو، کەسمان ئەمەمان پێ هەزم نەدەکرا، بەڵام شتێکی ئەوتۆشمان لەدەست نەدەهات، زاتەن ئەم بەردە لەکۆتایی کۆڵینەکەمان هاتە ئاراوە، شتێکی واشمان نەبوو

کە بەردەکەی پێبشکێنین و نەشمان دەتوانی بیشکێنین، سەرەتا لەناو خۆمان دەمانووت هیچ نابێت هەرچۆنێک بێت ٤ مانگێک لێرە دەمێنینەوە، شوێنەکەی خۆمان ڕێکخست، ئێمەی مەڤالانی کچ هەندێک حەزمان لە جوانکارییە، هەرلەبەر ئەوەی ئێرە دەبووە شوێنی فێرگەش دەمانویست جوانتری بکەین، هەرچەندە ئەم بەردە دیمەنی شوێنەکەمانی ناشرین کردبوو لەگەڵ ئەوەی کە نەشمان دەتوانی بیشکێنین لەناو خۆمان دەمانووت هیچ نابێت، بەخۆمانمان دەووت ئەم زستانە ئەم بەردە دەکەینە میوانی خۆمان، ئەگەرچی هەمووومان وابیرمان دەکردەوە بەڵام مەڤاڵ بەرچەم بەو شێوەیە بیری نەدەکردەوە، سەرەتا لەم بارەیەوە مەڤاڵ بەرچەم هیچی نەووت، بەڵام دەمانزانی کە لەمێشکی داوە، چەندین ڕۆژ هاتووچوو تەماشای بەردەکەی دەکرد، پاشان جارێکیان تەماشای ئێمەی کرد و پێی ووتین ( ئەم بەردە نیگەرانمی کردووە و بەر دڵمی گرتووە )، منیش پێم ووت ( مەڤاڵ هیچ نابێت شەوان دەیکەین بە سەرینی خۆمان، با ئەم بەردە ببێت بە مەدالیایەکی شوێنەکەمان، با ئەم زستانە لەگەڵ ئێمە بباتەسەر )، بەڵام مەڤاڵ بەرچەم بەم قسەیەم ڕازی نەبوو، خووی پێوە گرتبوو، دەمزانی کە شتێک دەهێنێە سەر ئەم بەردە، ڕۆژێک لەبارەی ئەم بەردەوە فەرماندەیی گرووپەکەمانی ڕازی کرد، مەڤالانی کوڕ هەموویان هاتن، ئێمەش مەڤالانی کچ کۆبوینەوە، شتەکانمان کۆکردەوە، سەرقاڵی بەردەکەبوین، کەوتینە کار، مەڤاڵە باڵا کورتەکان لەناو چاڵەکەدا دەیانتوانی بەسانای تر کار بکەن، چونکە بەسانایی دەیانتوانی قازمەکە بەرز بکەنەوە و بیوەشێنن، مەڤاڵ نودەمیش لەگەڵماندا بوو کە پاشان لە ئەنجامی بۆردۆمانی خواکورک شەهید بوو، لەبەر ئەوەی لەناوماندا کورترین

کەسمان بوو مەڤاڵ نودەم ئەو زیاتر کاری دەکرد، لەبەرئەوەی ئەو بەباشی قازمەی بەکار دەهێنا دەمانویست هەر ئەویش بەردەکە بشکێنێت، بەڵام نەیتوانی، وازی هێناو هاتە دەرەوە، مەڤاڵێکی کوڕ زۆر باوەڕی بەخۆی بوو پێی ووتین بە ٥ خولەک ئەیشکێنم چووە چاڵەکەوە و کەوتە قازمە وەشان، ٥ خولەکی پێنەچوو هاتە دەرەوە بێگومان بەبێ ئەوەی بەردەکە بشکێنێت، بەڕاستی بەردەکە زۆر ڕەق بوو لەوەدا نەبوو کە بشکێنرێت، هەرکەسێکمان چوبێتە چاڵەکەوە ٥ خولەکی پێنەدەچوو دەهاتە دەرەوە، بێگومان هەر مەڤاڵێک کە قازمەی دەوەشان زەرەر بەر بەردەکە دەکەوت هەربۆیە ئێمەش هەروەکو بەردەکە لەسەر عینادی خۆمان کەلە ڕەقیمان کرد، ئەوەی زیاتر عینادی لەگەڵ ئەم بەردە دەکرد بێگومان مەڤاڵ بەرچەم بوو، بەدرێژایی ڕۆژ هەموومان خۆمان تاقی کردەوە، لەئاکامدا بەردەکەمان ووردوخاش کرد، دەستبەرداری ئەم شکاندنە نەدەبوین، ئەوەی دوایەمین کەس بوو کە کاریان دەکرد بۆ ئەوەی بەردەکە پارچە پارچە بکەن مەڤاڵ بەرچەم و مەڤاڵێکی تر بوو، بەردێکی بچووک کەوتە چاوی مەڤاڵ بەرچەم، منیش بە مەڤاڵ بەرچەمم ووت ( ئەو بەردە پێمان دەڵێت هەردەبێت لەگەڵتاندا بژیم بەڵام ئێمە پێمان ووت نەخێر، هەوڵێکی زۆرماندا تاکو شکانماند، بەڵام ئەو دەستبەرداری ئێمە نەبوو چونکە پارچەیەکی خۆی خستە ناو چاوتەوە )، بێگومان دوای دەرکردنی بەردەکە شوێنەکەمان فراوانتر و جوانتر و خۆشتر بوو.

ئەوەی شوێنەکەی ئێمەی خۆشکرد عینادێکەی مەڤاڵ بەرچەم بوو، بەدەم بەسەربردنەوەی کاتەوە پارچە بچوکەکەی ناو چاویشی دەرچوو، بەو شێوەیە ئەو بەردە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵماندا

نەما، لەدوای ماوەیەکی زۆر کەمدا زستانی سەختی ناوچەی شاهۆ دەستی پێکرد، زستانمان لەناو ئەو حەشارگا گەورەیە بۆ ژیانمان و وەک مەکتەبێکیش بەکار هێنا، بەفرێکی زۆر باری، بەفرێکی ئەوەندە زۆر باری لە مانگی شوباتدا هەموو شەوێک دەچوینە سەر حەشارگاکەمان و بەفرمان دەماڵی، ئەگەر بەفرمان نەماڵیایە حەشارگاکەمان بەسەرماندا دەڕما، بوتڵە غازەکەمان کەوتە ژێر بەفرەوە ماوەی ڕۆژێک سەرقاڵی بوین تاکو لە ژێر بەفردا دەرمان هێنا و خستمانە شوێنێکی ترەوە، زستانمان بەسەر برد و لە بەهاردا هاتینە دەرەوە، ئێمە بەبێ ئەوەی زەرەری گیانیمان هەبێت و بەبێ ئەوەی ڕوبەڕووی ئۆپەراسیۆنی دوژمن ببینەوە و بەبێ ئەوەی دەستبەرداری پەروەردەش بین زستانمان بردەسەر و لەبەهاردا هاتینە دەرەوە، زستانێکی خۆشمان بردەسەر، هەڤاڵان لە ئاکامی پەروەردەدا بەباشی خۆیان ئامادە کردبوو، بۆ بەهار بەباشی خۆمان ئامادە کردبوو، هەربۆیە هەڤاڵانی فەرماندەییمان چاوەڕوانی کاری زیاتریان لە ئێمە دەکرد، دەیانویست لەگەڵ هاتنی بەهاردا ئەنجامێکی باش بەدەست بخەین، بێگومان کاری باش و بەپێز و سوپریز ئەوەبوو کە ئێمە کاری باش و ئەنجام وەرگر و بەبێ ئەوەی زیان بێتە ئاراوە کارەکانمان ئەنجام بدەین، هەر هەموو هەڤاڵانمان بەباشی بۆ چالاکی بەهار خۆیان ئامادە کردبوو، ئێمە دەمانویست چالاکێکانی ساڵی ٢٠٠٩ وەک چالاکێکانی ساڵی ٢٠٠٨ ئەنجام بدەین، بەو ئامانجەوە خۆمان ئامادە کرد، گەنگەشەی خاڵی هەدەفەکانمان دەکرد، تەنانەت لەبارەی کەموکوڕی و نەبونێکانیشمانەوە گەنگەشەمان دەکرد، لەسەر کەموکوڕیەکانی کۆنمان گەنگەشەمان دەکرد و وانەی لێوەفێر دەبوین، هەربۆیە بەشێوەیەکی پراکتیکی و نەزەری

خۆمان بۆ هەموو کاروبارێک ئامادە دەکرد، لەئاستی دەروونی و بەدەنی خۆمان ئامادە دەکرد، زیاتر لەسەر ئەو بابەتانە خۆمان چڕ دەکردەوە.

دوای خۆئامادەییەکی باش فەرماندەییمان داوایان لێکردین کە شتێکی باش بکەین، دەبوایە کەشفی چواردەوری بارەگای ( ڕەوانشار ) مان بکردایە، بۆ ئەم کارە ٥ هەڤاڵ ئەرکدار کران کە من و هەڤاڵ بەرچەم و ٣ هەڤاڵی کوڕیش بوون، پێش ئەوەی بچین بۆ ئەم ئەرکە لەناو خۆمان بەرنامەسازییەکی ترمان کرد، دەبوایە هەڤاڵ بەرچەم و سەرخوابون ئورفە وەک فەرماندە بچن بۆ ناوچەی دەڵاهۆ، بەڵام هەڤاڵان پێیان وابوو کە هێشتا زووە و هەربۆیە پێیان باش بوو دوای ئەنجامدانی چالاکی بارەگای ڕەوانشار بچن بۆ ئەوکارەیان، لە مانگی نیساندا توانیمان بچین بۆ ئەرکی کەشفکردن، دەبوایە لەژێر بارینی بارانی مانگی نیساندا بگەیشتینایەتە شوێنی کەشفکردنمان، ئێمە لە شوێنێک بوین کە چەند مەترێک بەفری لێباری بوو هەربۆیە پێمان وابوو کە مانگی نیسان بێ باران دەبێت، ئەوەندەی بارینی بەفر بێگومان بارانیش دەباری، هەربۆیە بەو بۆچونەوە ئامادەباشی خۆمان کرد و بەڕاستیش کەوتینە ژێر باران بارینێکی زۆرەوە، ئەو شوێنەی لێی گیرساینەوە هەموو بەفرەکەی تواوبۆوە، لەبەرئەوەی چواردەوری ڕەوانشار کەمێک گەرمەسێر بوو بەفر تواوبۆوە، ئێمە تەخمینی ئەوەمان کردبوو هەربۆیە بڕیاری چونمان دابوو، بەدرێژایی ڕۆژێک لەژێر بارینی باراندا ڕێمانکرد، کە گەیشتینە شوێنی کەشفەکەمان هێشتا باران خۆشی نەکردبۆوە، ئێمە لەگەڵ خۆماندا پارچە لایلۆنێکمان بردبوو، لایلۆنەکەمان خستە سەر خۆمان و نوستین، هەڤاڵ بەرچەم بەبێ ئەوەی پارچە

دژە بارانەکەی بدات بەخۆیدا نوستبوو، هەر هەڤاڵێکمان لەژێر دارێکدا نوستبوو، کاتێک باران زیاتری کرد بەرگی دژە بارانەکەم کردەوە، هەڤاڵانی کوڕیش پێیان وابوو کە باران خۆشدەکاتەوە هەربۆیە لایلۆنەکەی خۆیان نەکردبۆوە، هەڤاڵ بەرچەم لەگەڵ بارانیشدا کەتبووە عینادییەوە هەربۆیە لەبەرخۆیەوە دەیووت هەروەکو چۆن عینادی دەکەیت لەبارین و خۆش ناکەیتەوە منیش لەبەردەمت ڕاناکەم، بەڵام هەڤاڵ بەرچەم توانی تا نیوەی شەو دان بەخۆیدا بگرێت، لە نیوەی شەودا هات و منی هەڵسان، کاتێک لێم پرسی (چی بووە؟ ) ئەویش ووتی (سەرم نا بەسەری بارانەوە ئەویش سەری نا بە منەوە وەک دەبینیت لەئاکامدا چیم بەسەرهات وەک چۆلەکەی تەڕم لێهاتووە )، بەڵێ هەڤاڵ بەرچەم خاوەن عینادێک بوو کە عینادی لەگەڵ بارانیش دەکرد، ماوەیەک لەژێر بەرگە دژە بارانەکەی من مایەوە، کاتێک ئێمە چاوەڕێی ئەوەبوین باران خۆشبکاتەوە بەڵام زیاتر و بە خوڕتر دایدەکرد، لەئاکامدا چوینە لای هەڤاڵانی کوڕەوە و لایلۆنەکەمان هەڵدا، بەرەو بەیان بوینەوە، لەبەر ئەوەی لایلۆنەکەمان بچووک بوو نەمان دەتوانی لە ژێریدا خۆمان درێژ بکەین هەربۆیە بەچوارمشقی لێی دانیشتبووین، بەتانێکەمان بەسەرخۆماندا دا، چاوەڕێی خۆشبونەوەی باران بووین، وەک ئازوقەش خورما و حەلوامان پێبوو، ئەم خورما و حەلوایە دوو هەڤاڵ وەک بار خستوبویانە سەرشانی خۆیان، ئەم دوو هەڤاڵە مەبەستیان بوو کە بارەکەی سەرشانیان کەم بکەنەوە، هەربۆیە کاتێک لەژێر لایلۆنەکە چاوەڕێی خۆشبونەوەی بارانمان دەکرد ئەو دوو هەڤاڵە جارناجارێک خورما و حەلواکانیان دەردەکرد و پێیان دەوتین ئەزانین برسیتانە فەرمو خورما و حەلوا بخۆن، بێگومان لەو

حاڵەتەشمان ئەم دوو هەڤاڵە دەیانویست کارێک بکەن کە بتوانن بماندەن بە پێکەنین، تا دەمەو ئێوارە خورما و حەلوا و هەموو نانەکانمان تەواو کرد، بەڵام باران هەر خۆشی نەکردەوە، بۆسبەی هەرکە باران خۆشبۆوە دەستمان کرد بە کاروباری کەشف کردن، تا نزیک ترین شوێنی بارەگاکە نزیک بوینەوە و کەشفمان کرد، بەبێ ئەوەی کەس درکمان پێبکات کەشفی خۆمان تەواو کرد، گەڕاینەوە شوێنەکەی خۆمان، ئاکامی کەشفەکەمان بە هەڤاڵان ڕاگەیاند، هەڤاڵانیش ئەنجامی کەشفەکەمانیان بەگونجاو بینی تاکو چالاکی ئەنجام بدەین، دوای گەنگەشەی ئەنجامی ئاکامەکانی کەشفەکەو بڕیاری چالاکی ئیتر خۆمان ئامادە کرد بۆ ئەنجامدانی چالاکێکە.

دوای ٢ ڕۆژ گرووپەکانی چالاکێکە دیاری کران، گرووپەکانمان لە شێوەی گرووپی بەرگری و هێرشبەر و گرووپی بەرچدانەوەی ئەو هێزی لەدەرەوە دێت بۆ هاوکاری بارەگاکە، هەڤاڵان پێیان باش بوو کە هەڤاڵ بەرچەم لەناو گرووپی هێرش بەر نەبێت لەبەر ئەوەی دوای چالاکێکە ئەرکی تری پێڕاسپێردرابوو، هەربۆیە نەیاندەویست لەم چالاکییەدا شەهید ببێت، بەڵام ئەو پێداگری زۆری کرد و ناوی خۆی لەناو گرووپی هێرشبەردا نووسی، هەڤاڵان دەیانویست بۆ ئەوەی ئەزمونی زیاتر بەدەست بخات لەناو گرووپی بەرگریدا جێبگرێت، دوای ئەوەی هەڤاڵ بەرچەم پێداگریەکی زۆری کرد هەڤاڵان هەڤاڵ بەرچەمیان کرد بە فەرماندەی قۆڵێکی گرووپی بەرگری، هەڤاڵ بەرچەمیش ئەو فەرماندەییەی ڕەد کردەوە و وەک گەریلایەکی سادە ناوی خۆی لە گرووپی هێرشبەر نووسی، هەڤاڵ بەرچەم خۆی فەرماندەی گرووپ بوو هەربۆیە دەبوایە وەک کەسێکی فەرماندە جێبگرێت، لەناو گەریلادا بەمە دەڵێن شێوازی

پراکتیک هەربۆیە هەڤاڵ بەرچەم نەک وەک فەرماندە وەک گەریلایەکی سادە چووە ناو گرووپی هێرشبەرەوە، بەڵام هەڤاڵ سەرخوابوون وەک فەرماندەی قۆڵێکی گرووپ جێی گرت چونکە ئەو بە ئەزمونتر بوو.

ئەو گرووپەی من لەناویدا جێمگرتبوو سەرجادەکانی دەگرت، ئەو جادەیەی گرتبوومان ئەو ڕێگایە بوو کە لە شاری ڕەوانشارەوە دەهات، ئێمە ئەم جادەیەمان گرتبوو ئەگەر هێزی فریاکەوتن بهاتایە بۆ بارەگاکە ئەوا لێمان دەدان، چوینە شوێنی چالاکێکەوە، لەماوەیەکی کەمدا هەموو گرووپەکان شوێنی خۆیان گرت، چالاکێکە لە زەمان و کاتی خۆیدا زۆر بە باشی و گونجاوی دەستی پێکرا، هیچ ڕێگرییەک و ناکۆکییەک نەهاتە ئاراوە، لەم هەرێمەدا هەڤاڵان بۆمبایەکیان دروست کردبوو کە ناویان نابوو بۆمبای شاهۆ، بۆمبایەک بوو کە ئەوەندەی تۆپێکی هاوەن کاریگەری هەبوو، هەڤاڵان بەتەقینەوەی ئەو بۆمبایە دەستیان کرد بە چالاکێکە کە ئاگرێکی باشی لێکەوتەوە، دوای تەقینەوەی بۆمباکە هەڤاڵان چوونە ناو بارەگاکەوە، هەندێک لە پاسداران لەوکاتەدا لە چێشتخانە و هەندێکیشیان سەرقاڵی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بوون و هەندێکیشیان لە شوێنی حەوانەوەیاندا بوون، ئەوان بە هیچ شێوەیەک لەچاوەڕوانی ئەم چالاکییەدا نەبوون هەربۆیە هەموویان لەناو شڵەژاویدا بوون، کاتێک ئێمە کەشفمان کرد سەربازێکی ئەوەندە زۆر لەناو بارەگاکەدا نەبوو، دوایی زانیمان بۆ ئەوەی دژ بە ئێمە ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدەن لەدوای کەشفی ئێمە ئەو پاسدارە زۆرەیان هێنا بوو، بەواتایەک ئەم هێزە زۆرەیان هێنابوو بۆ ڕاوکردنی ئێمە بەڵام ئێمە بەمەمان نەزانی بوو، هەربۆیە کاتێک

هەڤاڵان دەچنە ناو بارەگاکەوە روبەڕووی پاسدارێکی زۆر دەبنەوە، ئەوکاتەی ئێمە کەشفی بارەگاکەمان کرد ژمارەی پاسداران زۆر کەم بوو، ئێمە بەگوێرەی ڕێژەی ژمارەکانی ئەوان بڕیاری چالاکێکەمان دابوو.

هەڤاڵان یەکەم بۆمبا فڕێدەدەنە ناو گروپێکی زۆری پاسدارەوە، هەڤاڵ باران ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو بارەگاکەوە، دوو ئیستیخباراتی پاسدار دەبینێت و دەیانکوژێت، دوای کوشتنی ئەم دوو پاسدارە هەڤاڵ باران شەهید دەکرێت، هەڤاڵ باران تایبەتمەندییەکی هەبوو ئەمەشی خستبووە ناو چوارچێوەی گاڵەجارییەوە، باران هەمیشە دەیووت ( من بۆ هێرشکردن زۆر باشم بەڵام بۆ پاشەکشێ کردن زۆر خراپم )، لەناو بارەگاکەشدا هەڤاڵ باران هەروایکرد هێرشی برد و بەڵام پاشەکشێی نەکرد، ئەو چووە ناو بارەگاکەوە و دوو ئیستیخباراتی پاسدار دەکوژێت بەڵام پاشەکشێی نەکرد، چالاکێکە بەسەرکەوتوانە ئەنجامدرا، هەڤاڵان نزیکەی ٤٥ پاسداریان کوشت، ٢٧ چەکیان هەڵگرتبوو، ئەشیاکانی تری بارەگاکەیان سوتان، سەرەرای هەموو بانگەوازاییەک هەڤاڵ سەرخوابون وەڵامی بێتەلەکەی نەدایەوە، گرووپەکەی ئێمە بانگەوازیمان لێکرد لەناکاو وەڵامی دایەوە و ووتی ( من حەوسەڵەم نەماوە )، لەدەنگی دیاربوو بریندار بوو، قاچی بریندار ببوو، خوێنێکی زۆری لێچۆڕی بوو، هەربۆیە نەیتوانی بوو وەڵاممان بداتەوە، شوێنی خۆی بە هەڤاڵان ووت، ئەوکاتەی هەڤاڵان دوا ئامادەباشی پاشەکشێ دەکەن ئەم ڕووداوە هاتە ئاراوە، زاتەن هەڤاڵبەندی و فیداکاری و ڕزگارکردنی هەڤاڵ و پاراستنی هەڤاڵ و چوون بەرەو مردن لەپێناو هەڤاڵدا لەناو پکک دا لەکات و ساتێکی وادا دەردەکەوێت، ئەمە

ڕووحێکی پتەوە، ڕووحی قارەمانێتی و ڕووحی هەڤاڵایەتییە، زاتەن ئەم ڕووحە هەمیشە درێژە بەکارەکانمان دەدات و گەورەمان دەکات و لەهەمبەر هەموو هێرشێکدا ئەمان پارێزێت، چونکە ئێمە دەزانین کە هەڤاڵانمان لەپێناو ئێمە دەچن بە پیری مەرگەوە و بۆهێنانەوەی تەرممان ئامادەن گیانی خۆیان بەخت بکەن، هەربۆیە هەڤاڵان بەبێ هیچ سڵمینەوەیەک بەرەو پیری مەرگەوە دەچن، کاتێک هەڤاڵان دەزانن هەڤاڵ سەرخوابون لە ژوورەوە ماوەتەوە بڕیار دەدەن کە بچن بیهێننەوە، یەک لەدوای یەک جارێکی تر ئەچنەوە ناو بارەگاکەوە، هەڤاڵ سەرخوابون هەتا دەرگاکە دەهێنن، بۆیەکەمجار کەس لە نزیکیانەوە بەدی ناکەن، بەڵام نازانن کە جاشێکی بریندار لە دەرگای دەرەوە بە بیکەیسی بۆ هەڤاڵان دانیشتووە، هەربۆیە کێ لە دەرگاکە دەردەچێت جاشەکە لێی دەدات، کاتێک هەڤاڵ سەرخوابون دەهێننە بەردەم دەرگاکە فیشەکێکی جاشەکە بەر سەری دەکەوێت و شەهید دەبێت، جاشەکە وەک شێتێک بە چەپ و ڕاستدا تەقە لە هەڤاڵان دەکات، دوای ئەوەی هەڤاڵ سەرخوابون شەهید دەبێت هەڤاڵ بەرچەم دەیەوێت هاوکاری بکات بۆ ئەوەی سەرنجی هەڤاڵان بۆلای خۆی ڕابکێشێ دووجار دەڵێت هەڤاڵ. . هەڤاڵ. . جاشەکە لەهەڤاڵ بەرچەمیش دەدات، دوای بەرچەم هەڤاڵێکی تریش ئەچێتە ئەوێ جاشەکە لەویش دەدات، یەک لەدوای یەک هەڤاڵان شەهید دەبن، هەڤاڵێکمان هەبوو بەناوی چاوشین، لەئاکامدا ئەم هەڤاڵەمان هێرش دەباتە سەر جاشەکەو ئەیکوژێت، بیکەیسیکەشی دەهێنێت، ئەو بیکەیسییە تاکو ئێستاش لەلای هەڤاڵانە، چی کاتێک لەو چەکە دەڕوانم سیمای ئەو ٥ هەڤاڵە دێتەوە بەرچاوم کە شەهید ببوون، ئەو ٨ هەڤاڵەی گرووپی هێرش



بەربوون ٥ یان شەهید بوون و هەڤاڵێکیشمان بریندار بوو، تەنها ٢ هەڤاڵمان سەلامەت بوون، ئێمە ویستمان بچین بۆفریاکەوتنیان بەڵام لەو دەوروبەرەوە بە زووترین کات هێزی فریاکەوتنیان گەیشتە ئەوێ، چواردەوری بارەگاکەیان گرت، هەربۆیە نەمانتوانی تەرمی هەڤالانمان بهێنینەوە، ئەو ٣ هەڤاڵەی ترمان بە بیکەیسێکەی جاشەکەوە گەیشتنەوە لامان، ئەمە چالاکی شار بوو وە زۆر سەرکەوتوانە بوو، کاتێک ئێمە دەستمان کرد بە ئەنجامدانی چالاکێکە رادیۆی ئەوێ راستەوخۆ پەخشی دەکرد و باسی لەم چالاکییە کردبوو، لە هەواڵەکە ووتوبیان (پژاک چواردەوری شاری گرت هەموو شوێنێکیان گرتووە ڕەوانشار چواردەوری گیراوە )، چالاکێکە زۆر سەرکەوتوانە بوو بەڵام ٥ شەهیدمان هەبوو، دوای ئەم چالاکییە دەوڵەتی ئێران فەرماندەی گشتی هێزی پیادەیان لەسەر کارەکەی لادا، چونکە بەڕاستی چالاکێکە زۆر سەرکەوتوانە

بوو، هەڤاڵان سەرخوابون و بەرچەم بۆ ئەنجامدانی کاروبار لە دالاهۆ کاریان پێڕاسپێردرابوو، هەردوکیشیان لەوێ شەهید بوون، هەربۆیە ئەو ساڵە کارەکانمان لە دالاهۆ ئەنجام نەدران، ئەم چالاکییە دەنگێکی زۆری دایەوە، ئەمە کارێکی باش بوو بۆ گەلی ئەوێمان چونکە ئەو بارەگایە عەزێتێکی زۆری خەڵکیان دەدا، زاتەن یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم چالاکییە هەر ئەو هۆکارە بوو، دوای ئەم چالاکییە خەڵکی باوەڕیان بەخۆیان زیاتر بوو غیرەتیان کەوتەوەبەر، لەئێمەشدا جارێکی تر ڕووحی ڕاستەقینە و کۆنی پکک کەوتەوە بەرمان، ٥ هەڤاڵمان لەپێناو پاراستن و ڕزگارکردنی هەڤاڵان گیانیان بەخشی، ئەوان وەک تۆوی قارەمان و ڕەسەن و جوان چوونە ناو ناخی خاکی ئەو سرووشتەوە، بۆ ئێمەش گەیاندنی پەیامی ئەوان بۆ سبەی و جوانێکانیان و و قارەمانێتێکانیان گواستنەوەیان بوو بۆ داهاتوو، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ڕێپێوانە بەرقەرارەمان بۆمایەوە کە ببین بە شایەنی قارەمانێتێکانی ئەوان.

بۆنی مەرگ

لە هەموولایەکدا بوو

**موراد تورک**

لەگەڵ دەنگی تۆپ و گوولە هاوانەکاندا لەناو دارستانەکەدا دوکەڵێکی ڕەش ئەوەندەی ناوقەدی دارێکی بەتەمەن بەرزدەبۆوە، شەوێکی نوتەک و بەفران باربوو، جەندرکەمانی دوژمن ئەوەندە شەکەت و ماندوو ببون کە بەیەک ڕیز لەناودارستانەکەدا ڕێیان دەکرد بەدوای یەکدا لەسەرخۆشێکی نیوە شەویان دەکرد بە چەپ و ڕاستدا دەهاتن و دەنگ و ناڵەیان دەگەیشتە ئەو شوێنەی کە ئێمە خۆمانمان لێ مەڵاسدابوو، گورزێکی باش لە هێزی دوژمن وەشێنرابوو بەم شێوەیە دوا یەکینەکانی هێزی دوژمن پاشەکشێیان دەکرد، هێواش. . هێواش دوکەڵە ڕەشەکە ئاسمانی سەر دارستانەکەی دادەپۆشی، هێشتا کات مابوو بۆ ئەوەی بەباشی دونیا تاریک دابێت، کرێوەی بەفر وەک ئەو پەپولانە بوون کە سەمای مردنیان دەکرد، دوایش هێواش. . هێواش لەگەڵ ئەو سەمایەدا دەگەیشتنە سەر لاشەی جەندرمە کوژراوەکان و دایاندەپۆشین، ئەم چالاکییە دوا هەمین چالاکی ئەم شەڕەبوو کە چەند ڕۆژێک بوو بەردەوام بوو هەربۆیە ئەم چالاکییە قەدەری ئەم شەڕەی پێنیشان دەکرا، بەڵێ ئێستا ئەوکاتە بوو کە دەست بوەشێنین لەم گروپە جەندرمە بریندارە و پەرتوبڵاوەی سوپای تورک، من دڵنیام هەرگیزاو هەرگیز ئەمەیان لەبیر ناچێتەوە، بەڵام ئەم گروپە لەوەدەچوو کە نییەتیان نەبێت لە شوێنێکدا بحەوێنەوە، بەرەو تارمایی دارەکان بەخێرایی دوردەکەوتنەوە، دوای ماوەیەکی کەمی تر ئێمە بەرەو ئەو شوێنە ملمان نا کە دوکەڵە ڕەشەکەی لێ بەرزدەبۆوە، کەوتبوینە دوای شوێن پێیان، تارمایی دارەکان کە کرێوە بەفریان بەسەردا دەباری وەک دێوزمە بوون بۆ ئێمە، ئێمە گەیشتینە ئەو شوێنەی کە گوولە هاوانێکی لێتەقیبۆوە و هێزی دوژمن پاشەکشێیان لێکردبوو لەپاش



خۆیان برینپێچی خوێناوی و فیشەکیان بەجێهێشتبوو، ئەو شوێنانە پڕبوو لە لاشەی کوژراوی جەندرمەی تورک، پرشی خوێن بە هەموولایەکدا پرژابوو، ئەو چاڵەی کە لە ئەنجامی تەقینەوەی گوولە هاوانێکەوە هاتبووە ئاراوە ئێستا ببوو بە مەنزڵی ئێمە، بەسەرماندا لەگەڵ دوکەڵی ڕەشدا بەفر دەباری، لەناکاو گوێمان لە دەنگێک بوو سەرمان هەڵبڕی، قەلەڕەشکەیەک لەناو لقەکانی دارەکەی بانسەرمانەوە قیڕەیەکی کردوو هەڵفڕی، کاتێک دەنگی شەقەی باڵی قەلەڕەشکەکە لە گوێمان دوور کەوتەوە من تەماشای فڕینی باڵندەکەم نەکرد بەڵکو تەماشای کۆتایی ئەو توولە ڕێگایەم دەکرد کەلە دارستانەکەوە دەچووە دەرەوە، گروپە پەرێشان و زامدارەکەی هێزی دوژمن ڕێیان دەکرد.

ئەو گەریلایانەی لەژێر فەرماندەیی مندا بوون

نەیاندەزانی لەم حاڵەتەدا کەچی بکەن، ئیشارەتم بۆ چەند هەڤاڵێکم کرد کە زۆر بەهێواشی بەدوایاندا بچن، بێگومان لەناو بەفرداو لەو ڕەوشەدا نەدەکرا بەخێرایی هەنگاو بهاوێژرێت و پێش لەم یەکینەیەی دەژمن بگیردرێت، بەڵام بۆ چاودێری کردنیان پێویست بوو کە ناوبەرێکی کەممان لەگەڵیاندا هەبێت، من دڵنیا بووم لەوەی کە ئەم گروپەی هێزی دوژمن زۆر لێمان دوور ناکەونەوە، هێواش. . هێواش دونیا تاریک دەبوو، بەفر و ڕەشەبا لەزیاد بوندابوو، من سەرەرای ئەوەی هەموو گریمانە و مەترسییەکم لەچاو گرتبوو وە بڕیارمدا بوو کە ئەم شەو ئەم گروپەی هێزی دوژمن لەناو ببەین، بە هەڤاڵانم ووت کە لەو خانووە بچوکە چاوەڕێ بکەن کە دار بڕەکان بە لق و پوشوپەڵاش لە ناو دارستانەکە دروستیان کردبوو.

هەڤاڵان کەوتنە ڕێ، دوای ماوەیەکی کورت یەکێک لە هەڤاڵانم بەڕاکردنەوە گەڕایەوە لامان پێی ووتین « گروپەکە لەگەڵ بریندارەکانیان خۆیان کرد بە خانووە بچکۆلەکەدا « بەڵێ ئەمە هەواڵێکی خۆش بوو، ماوەیەک قسەم نەکردوو گوێم بۆ ترپەی دڵی دارستانەکە ڕاگرت، ئەم خانووە هەر نیو کاتژمێرێک لێمانەوە دوور بوو دەبوایە ئێمە بچوینایەتە ئەوێ و هێرشمان بکردایەتە سەر هێزی دوژمن و هەموویانمان لەوێ لەناوببردایە، ئەم بۆچونەم بۆ هەڤاڵانم هێنایە زمان و ئەوانیش بەم بڕیارەم کەیف خۆش بوون، پێیانم ووت « راوەستن با جەندرمەکان بەتەواوی لە خانۆکە جێگیر بن و ترس و مەراقیان کەم بێتەوە و دڵنیا بن لەوەی کە کەس بەدوایانەوە نیین ئینجا ئەچینە سەریان «.

لە نیوەی شەودا زۆر بە هێمنانە و زۆر ووریایانە بەرەو خانۆکە کەوتینە ڕێ، ئێمە بە تولەڕێکەدا ڕێمان نەکرد بەڵکو بە لێواری

دارستانەکەوە دەچوینە پێشەوە، سەرەرای ئەوەی بە فرێکی زۆر دەباری و ڕێگریش بوو لە خێراییمان بەڵام شوێنەکە دوور نەبوو کە پێی نەگەین، زوو گەیشتینە شوێنی مەبەست، بەدەم بۆنی دوکەڵەوە چاومان کەوت بە خانووە پوشوپەڵاشەکە. لەبەردەم خانۆکە سەربازێکی ئێشکگر ڕاوەستا بوو، ئاگرەکەی ناو خانۆکە لە درزی دەرگاکەوە بەدیدەکرا، ئێشکگرەکە هەندێکجار تفەنگەکەی دەکردە نێوان قاچەکانیەوەی و دەستەکانی لەیەک دەخشاند و گەرمیانی دەکردەوە و تەماشای چەپ و ڕاستی خۆی دەکرد. ئیشارەتم بۆ هەڤاڵان کرد کە ئامادەبن و زۆر بە هێمنانە بە چواردەوری خانۆکە سوڕاینەوە و خۆمان گەیاندە پشت خانۆکە، بەقەد بەرزایی ژوورەکە پەنجەرەیەک هەبوو بە خشکە هەڵگژام و لە پەنجەرەکەوە تەماشای ناو ژوورەکەیانم کرد، هەڵمێکی گەرم دای لە دەموچاوم هەروەها بۆنی داودەرمان هات بەلوتمدا، لەو ژوورەدا ٦ سەرباز لە چواردەوری ئاگرەکە دانیشتبون کە یەکێکیان بریندار بوو، ئەوەی سەرنج ڕاکێشەر بوو ئەوەبوو کە هەمووشیان تەماشای ئاگرەکەیان دەکرد، سەربازێکیان چڵێکی خستە ناو ئاگرەکەوە و دوایش دەریهێناو جگەرەکەی پێ داگیرساند، دوای ئەوەی چەند قومێکی دا لە جگەرەکەی و بەباشی دایگیرساند ئینجا جگەرەکەی کردە دەمی سەربازە بریندارەکەوە، ئەویش وەک منداڵێک کەوتە مژینی جگەرەکەی، ئەم بریندارەیان چاوێکی و نیوەی سەری بە برینپێچ بەسترابوو، لەگەڵ هەر مژینێکی جگەرەکەی تەماشایەکی بنمیچی ژوورەکەی دەکرد، لەوەدەچوو کە هەستی بەبوونی من کردبێت، لەناکاو وورتەورتێکی کرد وامزانی منی بینیوە و بەسەربازەکانی تر دەڵێت لە ڕاستیدا هەندێک شڵەژام،

سەربازێکیان ووتی « شارلۆ گۆرانییەکمان بۆبڵێ « شارلۆش ووتی « جگەرە دەکێشم وازم لێبێنە « سەربازێکیان بەدانەکانی نینۆکەکانی دەقرتاند، یەکێکی تریان ئاگرەکەی خۆشدەکرد، سەربازە ئێشکگرەکە سەری هێنایە ژوورەوە و ووتی « زۆرساردە بایەکێکی تر ئێشکبگرێت « سەربازێکیان بە دەنگێکی گڕ وەڵامی دایەوە پێی ووت « گۆڕینی چی ماوەی ١٠ خولەکێکە لە دەرەوەی جارێ ماوتە بڕۆ دەرەوە « ئێشکگرەکە گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی، جەندرمە بریندارەکە کە ناوی شارلۆ بوو بەسەربازێکی تری ووت « دکتۆر چاوم ئاخ چاوم « دکتۆرەکەش پێی ووت « بابگەینە شوێنی خۆمان شارلۆگیان چاک دەبیتەوە لەجارانیش باشتر دەبیت « بریندارەکە جگەرەکەی تەواو کردبوو هەربۆیە دووبارە ووتی « جگەرەیەکم بەنێ قاچەکانم خەریکن سارد دادەگەڕێن کوا جگەرەیەکم بەنێ « یەکێک لە جەندرمەکان ووتی « ئەو پەنجەرەیە داخەن « جگەرەیەکیان کردە دەمی شارلۆنەوە، سەربازێکیان هەڵساو بەرەو من هات، سەرم نەوی کردەوە، کڕێوەی بەفر لە پەنجەرەکەوە دەچووە ژوورەکەوە، دەنگی پێی سەربازەکە لە من نزیک دەبۆوە، پەنجەرەکەی داخست، بەفر هێواش. . هێواش پەنجەرەکەی دادەپۆشی، لەناکاو دەستێک خرایە سەرشانم، کە ئاوڕم دایەوە تەماشامکرد یاریدەدەرەکەم بوو بەدەنگێکی گڕ پێی ووتم « چاوەڕێی چی دەکەین با لێیان دەین « ئێمە چواردەوری خانۆکەمان گرتبوو، ٢ گەریلام لە شوێنێکی گونجاو لە نزیک دەرگاکە جێگیرکرد، کە ویستیم بگەڕێمەوە لای هەڤاڵان لەناکاو تیشکێک لە دەموچاومیدا، تەماشایەکی ژوورەکەم کردەوە، شارلۆ ڕێک لەبەردەمم بوو، شارلۆ سەری پێچی بوو سەرقاڵی جگەرە کێشان بوو، لە نێوان درزی چڵەدارەکان و پوشوپەڵاشەکاندا بۆنی

دوکەڵی ئاگرەکە و جگەرەکە دەگەیشتە لووتم، لەوەدەچوو ژوورێکی گەرم و خۆش بوبێت، بەڕاستی جێی حەوانەوە بوو، بەفرێکی زۆر دەباری، دەستەکانم بۆنی barووتی گرتبوو هەروەها چەوری چەکەکەم و دوێنێش لە شەڕدا فیشەکێک بەگۆنامدا تیغی کردبوو پێی بریندار ببووم بێگومان ئێشی زۆریش بوو لەناو ئەو هەموو بێدەنگییەدا گوێم لە زرەی سەعاتەکەی دەستم بوو، سەرەرای هەموو ئازار و ماندوبونێکی خۆم بەڵام بەردەوام دڵم لەلای جەندرمەکان بوو هەردوو چاویشم لەسەریان بوو، لەوەدەچوو بۆ ئەوەی زیاتر هەست بە ئازار نەکات و ئازارەکەی لەبیر بەرنەوە جەندرمەکان داوایان لە شارلۆ دەکرد کە گۆرانیان بۆ بڵێت، جگەرەکەی شارلۆ لەتەواو بوندابوو، سەربازێکیان ووتی « کەمی ماوە ڕۆژبێتەوە شارلۆ گۆرانییەکمان بۆبڵی لە مەترسی ڕزگارمان بووە « یاریدەدەرەکەم لەگەڵ مندا کە گوێی لەم قسانە بوو دانەکانی جیڕ کردەوە و دوایش ووتی « ئیتر لە دۆزەخدا گۆرانێکەت دەڵێیت « منیش پێم ووت « ششششش بێدەنگ بە « جارێکی تر ووتی « چاوەڕێی چی دەکەیت باڵێیاندەین « « باشە چاوەڕێ کە « تەماشایەکی ژوورەکەم کردەوە شارلۆ بە دەنگێکی پڕ حەسرەت و ئازارەوە ووتی « چاوەکانم هیچ نابینێت. . نابینێت و نابینێت « یەکێکیان پێی ووت « چاوەکانت چاک دەبنەوە بڕوا بکە لە جارانیش باشتر دەبننەوە « یەکێکی تریان ووتی « شارلۆ دەبینیتەوە بڕوابکە چاوەکانت نابینا نابن و کە چاکیش بویتەوە من خۆم ئاوێنەت بۆڕادەگرم کە خۆت ببینیت « شارلۆ دەستی بەرز کردوو ناولەپەکانی کردبۆوە دوایش هێواش. . هێواش ناولەپەکانی گرمۆڵە کردەوە، هەموویان لەهەمان کاتدا بێدەنگ بوون، تەنها ئاگرەکە چەند جارێک چەند پارچەدارێکی

چروکاند، ئەم بێدەنگییە لەئەنجامی ورتەورتی شارلۆ تێکشکا، شارلۆ ووتی « جارێکی تر ئەتوانم ببینم وایە؟ « یەکێکیان پێی ووت « بێگومان چاوەکانت هەروا نامێننەوە « یاریدەدەرەکەم دەستی کردە سەرشانم کە ئاوڕمدایەوە بینیم زەردەخەنەیەکی کرد پێی ووتم « تۆ شێتی « ئەم چاولێبڕینەی هێزی دوژمن و گوێگرتن لێیان لە تێکستی گۆرانییەک دەچوو کە زۆر حەزم لێدەکرد ئەویش :

بەفر دەباری
لەدرزەکانەوە تیشکی ئاگرەکە دەبینرا
لەناو تیشکەکاندا پەپولە سپێکان سەمایان دەکرد.

دارستانەکە ئەوەندە بێدەنگ بوو بەتەواوی گوێمان لەگۆرانی شارلۆ دەبوو

دەستم لە زامنی چەکەکەم هەڵگرت و ئەمنێتێکەیم داخست، بۆدواجار لە درزەکەوە تەماشای شارلۆم کرد دوا ووشەی گۆرانێکەی دەووت، بەڵێ گۆرانێکەی تەواو بوو، ملی شارلۆ خواربۆوە، ئاگرەکەش وەک لەشی شارلۆ ساردبۆوە، شارلۆ لەوێدا گیانی لەدەستدا، منیش بە هەڤاڵانم ووت « پاشەکشە دەکەین « لەژێر بەفر بارینی ناو دارستانەکەدا بەبێ دەنگی بەیەک ڕیز پاشەکشێمان کرد.

شاهین قاچێکی پەڕی بوو

**موراد تورک**

منیش لەناو ئەو شەڕەدا بووم، ئەو شەوەم باش لەیادە، لەناو جەرگەی بۆسەکەی دوژمن تێدەپەڕین، ئەوان بەسەر گردەکەوە بوون ئێمەش بەقەد پاڵەکەیەوە، ئەوان گوێیان لە دەنگی شوێن پێی ئێمە بووە و هەستیان بە جوڵانەوەمان کردبوو، لەناکاو کەوتنە تەقەکردن لێمان، نەماندەتوانی سەرمان بەرز بکەینەوە، بە خشکە چوین و لە شوێنێکی گونجاودا سەنگەرمان گرت، تەپوتۆز و بۆنی باروت هەموو شوێنێکی تەنی بوو، بەبێ ئەوەی دەست بکەینەوە کەوتینە چاوەڕوانییەوە، لەپێشی پێشەوە فەرمانمان بۆهات بە خشکە بەبێ ئەوەی هەڵسینەسەرپێ پاشەکشێ بکەین، گوێم لە دەنگی هەڤاڵ ماهیر بوو کە ووتی « کەستان فیشەکتان بەرکەوتووە؟ « هەڤاڵ ماهیر هەر بە خشکە خۆی گەیاندە دوای دواوە و هەمومانی کۆنترۆڵ کرد، کە گەڕایەوە بە پەناگۆێماندا ووتی « هەمووتان باشن « دوای ئەوەی ماوەیەک لەگەڵ مردندا دەستەویەخە مابوینەوە توانیمان لەناو جەرگەی بۆسەی دوژمن خۆمان دووربخەینەوە، مانگەشەو بوو، چوینە خوارەوە بۆ ڕۆبارکۆکە، هەموومان ئارەقمان دادابوو لەشمان خوێناوی بوو، مەچەک و سەر ئەژنۆمان خوێنی لێدەچۆڕا، زامنی چەکەکانمان داخست، سەرژمێری گروپەکەمان کرد، بە چرپەو لەناو چرپەدا بەیەکمان دەووت ( کەسێکمان دیارنییە کێ دابڕاوە؟ ) وەڵام زوو درایەوە، ووتیان ( بەدری ) هەڤاڵان شەوگار و سەرحەد گەڕانەوە بۆ ئەوەی هەڤاڵ بەدری بدۆزنەوە، ئەم دوو هەڤاڵە گەڕانەوە بۆناو ئەو دۆزەخەی کە کەمێک لەمەوبەر ئێمە خۆمان تێدا ڕزگار کردبوو، ئێمەش کەوتینە چاوەڕوانی هەرسێکیان، لە هەموولایەکەوە گرمەی تۆپ و هاوان دەهات، چەخماخەی تۆپەکان و تەڵقەتەنورەکان دۆڵەکانی ڕووناک



دەکردەوە، دەنگی تۆپ چیاکانی دەلەرانەوە، بەسەرمانەوە هاوان و تۆپێکی زۆر دەتەقینەوە، لە دوای تەقینی هەرتۆپێک هەستمان بە لەرینەوەی ژێر پێمان دەکرد و کاریگەری لەناخماندا دەکرد، دوای ماوەیەک گوێمان لە دەنگ بوو، لەوانەیە ئەمە بیستنی دوا دەنگ بێت، بێتەلەکەمان خشکەیەکی لێوەهات، ئاگەدارکردنەوەی زۆر جدی هێنرایە زمان، هەمووومان بێدەنگ بوین، دوا دڵۆپی سەبرمان تکا بوو، ماوەی کاتژمێرێک چاوەڕێمان کرد بەڵام ئەم چاوەڕوانییە زۆر سەخت بەسەر چوو، هەڤاڵان شەوگار و سەرحەد گەڕانەوە، هەڤاڵ بەدریان نەدۆزیبۆوە، ئێمە بە ئازارێکی زۆر کە ناخمانی تەنی بوو بەرەو خواروی دۆڵەکە هەنگاومان نا، لە سەرومانەوە گروپێکی قەڵەباڵغی هێزی دوژمن ڕێیان دەکرد، بەرد و زیخ کە لە ژێر پێیان دەترازا بەسەرماندا دەکەوتن بەبێ ئەوەی هەست بە بوونی ئێمە بکەن لێمان دوورکەوتنەوە.

کاتێک خۆمان ئامادەکرد بۆ ڕێکردن ڕێبەرەکەمان ووتی « پێدەشتەکەی پێشمان لوغم ڕێژکراوە « هەڤاڵ ماهیر کە فەرماندەمان بوو وەستا و تەماشایەکی سەعاتەکەی مەچەکی کرد

و پاشان ووتی « کاتمان بەدەستەوە نەماوە ئەگەر ئەم پێدەشتە لوغم ڕێژیش بێت هەر بەسەریدا دەڕۆین « دیاربوو هەڤاڵ ماهیر بە بڕیار بوو هەربەو سووربونەوە بڕیاریدا بوو کە بەناو ئەو هەموو لوغمانە تێبپەڕێین، ماهیر ووتی « من لە پێشی پێشەوە ڕێدەکەم چەند هەڤاڵێکی خۆبەخشم دەوێت هەر ١٠ کەسێک « هەموومان کەوتینە جوڵەوە، ماهیر جارێکی تر ووتی « ئەگەر بەخێرایی ڕێنەکەین لەناو جەرگەی ئۆپەراسیۆنی دوژمن قەتیس دەبین، ئەمەش ئەوە دەگەهێنێت کە لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە دەبێت شەڕ لەگەڵ دوژمن بکەین، دەی هەر ١٠ کەسێکی خۆبەخشم دەوێت «.

ئێمە ٤٥ گەریلا بووین، لەناو خۆمان بۆئەوەی خۆمان بگەهێنینە ڕیزی پێشەوە پاڵەپستۆمان لە یەکتری دەکرد، بۆ ئەوەی زوو بگەینە ڕیزی پێشەوە لەناو خۆمان پێشبڕکێمان دەکرد، لەناو خۆماندا شەڕێکی بێ دەنگمان دەست پێکردبوو، سەرەڕای هەموو ئەمانەش ڕێچکەکەمان تێکنەچوو، لەو ١٠ کەسەی هەڤاڵ ماهیر ویستی خۆیان دیاریبکەن من ٥ مین کەس بووم، هەڤاڵان پیرۆ و شاهین و جودی و ماهیر لە پێشمەوە بوون، هەرچەنێک هەوڵماندا نەمانتوانی کە فەرماندەکەمان هەڤاڵ ماهیر بخەینە ڕیزی دواوە.

هەڤاڵ ماهیر ووتی « ئەمە فەرمانە « جارێکی تر بە دەنگێکی گڕتر پێی ووتین « ئەوەی ئیعتیراز بکات بە دەستی خۆم دەیکوژم « ئەو شەوە هەموو بڕیارەکان تیژ بوون وەک چەقۆ ئەوەی جێبەجێ نەکردایە دەستی دەبڕی، هەڤاڵ ماهیر یەکەم هەنگاوی خۆی نا، پێدەشتەکە پڕ بوو لە لوغم، هەموومان هەستاینە سەرپێ و کەوتینە ڕێ، ئێمە خۆمان و سێبەریشمان ڕادەستی لوغمەکان کردبوو، ئەو شەوە نەدەبوایە ڕابوەستین، ئەم ڕێکردنەمان وەک فیشەکێکی وێڵ وابوو

ئەنجامەکەی و شوێنەکەی نادیار بوو، هیچ کاتێک ترس ئەوەندەی ئێستا وەک شەپۆلی دەریایەک ناخمانی نەبەزاندبوو.

تا بەیانی ڕێمان کرد خۆرهەڵات.

لەکەناری رووبارێکی ماندوو کە پشوماندا شەوی ڕابوردوم هاتەوە یاد، گوێم لەلاواندنەوە بوو، هەڤاڵ شاهین قاچێکی پەڕی بوو، هەڤاڵ پیرۆ بە پارچەی لوغمەکان چاوێکی لەدەست دابوو، هەڤاڵ جودیش دوو پەنجەی پەڕی بوو، ژماردم ٩ پارچە لوغمم پێوە بوو، یەکێک لە گوێچکەکانم کپ ببوو.

ئەوەی مابۆوە تەنها ئەو دەنگە بوو ئەویش دوا دەنگی ماهیر بوو.

خیانەت

**موراد تورک**

بە منەوە ٤ هەڤاڵ بووین، هەڤالان ئامەد، ئەریز و ڕۆژهات و من، شوێنەکەمان زۆر خراپ بوو، شوێنێکی زۆر تەنگ و بێ دار کە هیچ بۆ شەڕ گونجاو نەبوو، هێزی دوژمن چواردەورمانیان گرتبوو، ئەوەی لە ئێمەوە نزیک بوو تەنها دار گوێزێک بوو، لە شاری بینگۆلەوە نزیک بووین، دەمانتوانی بە دووربین تەماشای بینگۆل بکەین، لە خوارووی گوندێکەوە خۆمان حەشار دابوو، ئێمە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک هاتبووینە ئێرە تاکو کەشفی ناوچەکە بکەین، بە نیازبوین کە ئێوارەیەک بە نهێنی بچینە شاری بینگۆلەوە و چالاکییەک ئەنجام بدەین.

ئێوارەکەی ئەو ملیسەی کە پێمان وابوو زۆر باوەڕپێکراوی ئێمەیە بۆ کەشفکردن ڕەوانەی شارمان کردبوو، ئێمە بێ ئاگابوین ملیسەکەمان لەجیاتی ئەوەی کەشفی ناوچەکەمان بۆبکات کەچی خەبەری ئێمەی دابوو بە دوژمن، ئەم خاینە بەوەشەوە نەدەوەستا کە ئیخباری ئێمەی کردبوو بەڵکو ببوو بە سوورەی بەر لەشکری دوژمن و شان بەشانی ئەوان دژی ئێمە شەڕی دەکرد، دەمەوبەیان کە چوینە خوارووی گوندەکەوە روبەرووی چەند دارێکی سنەوبەر بوینەوە، من پێشوتر باوەڕم نەدەکرد کە کەسانی تێکۆشەر و شەڕکەر هەستیان زۆر بەهێزە هەرواش بوو لەناکاو بە هەڤالانم ووت با نەچینە لای ئەوە دار سنەوبەرانە بابچینە نزیک ئەو دار گوێزە، هەڤالانیش ئەم قسەی منیان قەبوڵکرد.

جەندرمە و جاش و تیمی تایبەت دەمەوبەیان دەستیان کردبوو بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن، ئەم هێزە تاکو دوای نیوەڕۆ تاکو نزیک کاتژمێر ٣ لە نزیک دار سنەوبەرەکانەوە بەشوێن ئێمەدا گەڕابوون، ئەگەر ئێمە بچوینایەتە چواردەوری دار سنەوبەرەکانەوە ئەوە دەبوایە هەر لە بەیانی زووەوە روبەڕوی شەڕی دەستەویەخە

ببوینایەتەوە، ئێمە هەر ٤ گەریلا بووین ئایا دەکرا بەرامبەر ئەو هێزە بێژومارە شەڕمان بکردایە بێگومان مەحاڵ و زەحمەت بوو، کاتێک هێزی دوژمن پاشەکشێیان کرد کەوتنە پشتمانەوە، ژمارەیان کەم بوو چەکەکانیان دەبریسکایەوە، لەناکاو لەچاوان وونبوون، پاشانیش لەناکاو بوون بە سەدان و ئێمەیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە، نێوانی ئێمە و ئەوان هەر ٢٠ یان ٣٠ مەترێک بوو، ژمارەیان ئەوەندە زۆر بوون ئەگەر هەر یەکەو بەردێکیشی تێبگرتینایە ئێمەیان دەکوشت، من نەمتوانی بگەمە چەکەکی خۆم کەلە پەنای دارێکدا دامنابوو، بەڵام هەڤاڵ ئەرێز چەکەی بۆ تێگرتم، هەڤاڵ ئامەد کەوتبووە ناو شەڕێکی باشەوە، ڕۆژهات خەڵکی بینگۆل بوو، هەربۆیە چاوساغمان بوو، رۆژهات گەریلایەکی نوێ بوو هەڵە نەبم هەر ٣ یان ٤ مانگێک بوو ببو بە گەریلا.

لە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕدا فیشەکێکی زۆریان پێوەناین، هەر لەدەستپێکی شەڕی دەستەویەخەکەماندا ئەرێز قۆڵی بریندار بوو، برینەکەیمان پێچی، لێژاییەکمان لێوە نزیک بوو، لە لێژایەکە بە تەقڵە خۆمان لێژکردەوە و چوینە خوارەوە بۆ چەمەکە، لە قەراغی چەمەکە کەوتمینە ڕێکردن، هەستمان کرد کە گروپێکیان بەرەو ڕووی ئێمە دێن، کەوتینە نێوانیانەوە پشتمان و پێشمان هێزی دوژمن گرتبووی چارنەما بوو شەڕێکی دەستەویەخە لە چاوەڕوانی ئێمەدا بوو، پشتمان گردێکی روتەڵە بوو، پشتی خۆمان بە گردەکەوە نا و لە ٣ لاوە شەڕمان لەگەڵ هێزی دوژمن دەکرد، بەردەوام بە بڵندگۆکەکانیان بانگەوازیان لێدەکردین ( خۆتان بەدەستەوە بدەن )، ئێمە بە دروشم ووتنەوە وەڵامی ئەوانمان دەدایەوە، پشتی خۆمم بە دارێکی رزیوەوە نابوو، زاتەن داریتری لێنەبوو، جەندرمەیەک تەقەی لێکردم، سەرەتا هەستم بە هیچ نەکرد، چەکەکی دەستم

هەر تەقە تەقی لێوە دەهات، بەسەدان فیشەک بەر چەکەکەم کەوتبوو، ویستم تەقە بکەم، بەڵام نەمدەتوانی تەقە بکەم، پەنجەی دەستەڕاستم فیشەکی بەرکەوتبوو، دوایش لەناکاو هەستم کە قاچی ڕاستم دەلەرزێت، ئەگەر فیشەکەکان بەر چەکەکم نەکەوتبونایە لەوێ کوژرابووم، هەموو ئەمانە لە ماوەی چەند چرکەیەک هاتنە ئاراوە، بەخێرا بە دەستی چەپم چەکەکەم هەڵگرتوو کەوتمە تەقە کردن، دەست و قاچم خوێنیان لێوەدەهات، بەرچاوم تاریک دەبوو، حاڵەتی وا زۆر گرنگە وە منیش لەبارەی بریندار بونەوە ئەزمونم نەبوو، پشتوێنەکەم کردەوە، سەرەتا دەستم دوایش قاچم بەست، خوێنێکی زۆرم لێدەچۆڕی، خوێن لەناو پێڵاوەکەم دەچۆڕی، نەمدەتوانی خوێنلێچونم راگرم، تازەبووم لە بۆتانەوە هاتبووم بۆ ئێرە، من خۆم لە ناوچەی گابار بووم، لەو ناوچەیە پشتوێن زۆرە، لەوانەیە نزیکەی ٢٠ مەترێک بێت پشتوێنەکانیان، برینەکانم پێچی بەڵام خوێن هەر دەچۆڕی.

من لەدواییدا حاڵی بووم کە بەم کارەم خۆم لە مردن پاراستووە، مرۆڤ مەحاڵە ئەو دیمەن و ئەو ڕەوشە بە سانایی لەبیر بچێتەوە، چرکە بە چرکە ئەو ٥ کاتژمێرەم هەر وەک خۆی لەیادە، ئێمە هیچ بێ ووره نەبووین، جەندرمەیەک بەردەوام بانگی لێدەکردین « لێدراون رزگاربونتان مەحاڵە خۆتان بدەن بە دەستەوە « ئێمەش بەردەوام فیشەک لە دوای فیشکەمان دەنا بەو شوێنەوەی کە دەنگەکەی لێوە دەهات، من بە دەستی چەپم تەقەم دەکرد کە نەشمدەتوانی دەستی چەپم بەکاربهێنم ئەرێزیش بە دەستی ڕاست تەقەی دەکرد توانیمان بەم شێوەیە نزیکەی ٥ کاتژمێر بەرگری بکەین، ڕۆژهات شەڕی نەکرد ئەو خۆی ڕادەستی هێزی دوژمن کرد، هەڤاڵ ئامەد ئێمەی لەو شوێنە ڕزگار کرد، ئەگەر هەڤاڵ ئامەد نەبوایە ئێمە شەهید

دەبووین.

هەڤاڵ ئەرێز بەردەوام تەماشای سەعاتەکەی دەستی دەکرد و دەیووت « کات کەی بەسەردەچێت و کەی تاریک دادێت؟ » هەڤاڵ ئەرێز دەیزانی کە تاریکی داهات ڕزگارمان دەبێت، جارێکیان تەماشایەکی سەعاتەکەی قۆڵمم کرد، کاتژمێر ٧ و ٤٥ خولەک بوو بە ئەرێزم ووت « تەنها ٤٥ خولەک خۆڕاگرین ڕزگارمان دەبێت « هەرچیمان دەکرد تاریکی دونیای نەدەگرتەوە، بەیەک دەست جگەرەیەکم پێچایەوە، ئەمە لەوانەیە کارێکی شێتانە بێت کاتێک جگەرەکەم دا بە هەڤاڵ ئەرێز روحێکی نوێی بەبەردا هاتەوە، ئەرێز پێی ووتم « لێرە دەرئەچین ڕزگارمان دەبێت « منیش ووتم « تەنها ڕۆژێکی زەحمەت بوو بۆ ئێمە «، ڕاستە ڕۆژێکی زەحمەت بوو بۆ ئێمە بەڵام وەک فیشەک خێراو دژوار بوو، دەمەو ئێوارە لە ٢ قۆڵەوە هێرشیان بۆهێناین، ڕومانە و ئاربێجیان پێوە دەناین، لە هەر خولەکێکدا پێنجدانەیەکیان پێوە دەناین، بەڵام ئێمە بەیەک ڕیز خۆمان چەمانەوە و لە پشت ئاوی چەمەکەوە دەستمانکرد بە ڕێکردن، بەیەکەوە نوسابوین، لە پشت هێزی دوژمنەوە تیشک و روناکی گلۆپی شارم دەبینی، لەناکاو کە تیشکەکان تێکەڵی ناو هەور بوون ناچارماین خۆمان لەناو ئاوەکە درێژ بکەین، ئاوەکە بردمانی، هێزی دوژمن خۆیان دادایە سەر پێدەشتەکە، جارێکی تر لەسەرەوە کۆبونەوە و گوێمان لێبوو دەیان ووت (لەکوێن ئەمانە؟ ).

بەسەر بەرزاییەکەوە زۆرمان لەخۆمان کرد بە گرتنی دەوەن و دڕک و گرتنی چڵی درەختەکانەوە توانیمان بچینە سەر ڕێگای گوندەکە، زریپۆش بەسەر ڕێگاکەنەوە بوون، بەخێرایی بەسەر ڕێگاکەدا پەڕینەوە، کاتێک ویستمان بە لێژاییەکدا شۆڕبینەوە لە خوارەوە چاومان بە تیشک کەوت، گردێکی قیت بوو، توانیمان

خۆمان لێژبکەینەوە و خۆمان بگەهێنینە لێواری چەمەکە، لەناو ئاوەکە ڕاوەستاین، هەناسەیەکی ڕەحەتمان هەڵکێشا، هێشتا گوێمان لە تەقە دەبوو لە شوێنی شەڕەکەمانەوە، تەڵقەتەنورەیان دەکرد بە ئاسماندا، بۆئەوەی شوێن پێمان ئاشکرا نەبێت هیچ لە ئاوەکە دەرنەچوین تاکو ڕۆژی دوایی لە ئاوەکە ماینەوە واتا ١٠ کاتژمێر بەوحاڵە ڕێمان کرد، بەدرێژایی ئەو ماوەیە کە تەماشایەکی دواوەم کرد بۆمدەرکەوت کە هەر ٢٠٠ یان ٣٠٠ مەترێکمان بڕی بوو، هێزی دوژمن سەرگردەکانیان گرتبوو، هەڤاڵ ئامەد بەو هەموو ماندوبونەوەمان ئێمەی بردە شوێنێکەوە کە هەمووی دڕک بوو، دڕکەکانی لاداو من و ئەریزی کردە ژێر دڕکەکانەوە، ئەو ڕۆژەمان زۆر چەتون بەسەر چوو، ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، بەگوێرەی کاتی من دەبوایە ٨ ی ئابی ساڵی ٩٤ بێت، بە درێژایی ڕۆژ لە نێوان خۆمان سەرەرای ئازار و ماندوبون و جارناجارێک بورانەوەمان و تینوبون و برسێتیمان کەچی دەمانتوانی گاڵتە لەگەڵ یەکدا بکەین و باسی ئەو شەڕوشۆرە بکەین و هەندێک گاڵتەش بەیەک بکەین، بەڵام هەرسێکیشمان گرێدراوی ژیانێکی پر خۆسەویستی و واتادار بوین، توانیمان ئەمڕۆژە بەسەر بەرین و ئێوارە داهات، هەڤاڵ ئامەد ئەویش لەناو کۆمەڵەدڕکێکی بەردەممان خۆی حەشاردا بوو، ئەگەر هێزی دوژمن بهاتنایە دەمانتوانی یەکتری بپارێزین و پاشەکشێ بکەین، بیرمان کردەوە لەحاڵەتی پێش شەهید بونمان پێویستە کارێک بکەین ئەویش ئەوەبوو ئەشیاکانی گیرفانمان دەرهێنا و هەموویانمان سوتاند و کردمانە ژێر خاکەوە، مەخابن ئەشیاکانمان زۆر بوون هەربۆیە هەندێکیمان لەژێر خۆڵ شاردەوە، هێزی دوژمن لە هەموو لایکدا بەشوێن ئێمەدا دەگەڕان، بۆئەوەی دەنگمان دەرنەچێت هەرچەندە ئازارێکی سەختیشم هەبوو بەڵام ددانم لە

داروبەرد گیردەکرد تاکو دەنگم نەگاتە گوێ دوژمن، لەبەر توینیتی لێومان قاژ ببوو، توینێتی لە حاڵەتێکی ئاوادا زۆر سەختە، ئاومان هەر ٥ یان ٧ مەترێک لێمانەوە دوور بوو، بەڵام نەماندەتوانی بچینە سەر ئاوەکە، بەهەر شێوەیەک بێت توانیم هەندێک لە توترکەکانی ناو دڕکەکان بخۆم ئەگەر ئەویش نەبوایە حاڵم خراپتر دەبوو.

دەمەوئێوارە شوێنەکەی خۆمان جێهێشت، چوینە گوندێکەوە، کەسیان دەرگایان لێنەکردینەوە، ژنێک لە دەرەوەی خواستی خۆی دەرگاکەی لێمان کردەوە، کەچاوی پێمان کەوت لەشوێنی خۆی بورایەوە، چونکە ئەم گوندە گوندی جاشەکان بوو، ویستمان ژنەکە بهێنینەوە سەرخۆی، جاش و جەندرمە سەرگردەکانیان گرتبوو، گوێدرێژێکمان لە گوندەکە پەیداکرد، بەڵام ئەم کەرە شێت بوو، هەر دەمەترێک ڕادەوەستا و ئەزەڕی، ناچار هەڤاڵ ئەرێز لەسەر کەرەکە دابەزی، ئەرێز زۆر لە کەرەکە تورەبوو هاواری لێکرد ( سیخوڕی بەچەی سیخوڕ ئەی خائینی بەچەی خاین ) هەڤاڵ ئەرێز لە تورەبوندا ئەگری، من و هەڤاڵ ئامەدیش بەم حاڵەی هەڤاڵ ئەرێز پێدەکەنین، ئیتر کەرەکە لێمان دوور کەوتەوە دیمەنێکی کۆمیدیمان هەبوو، ئەرێز لێی دەپرسین « بۆچی هەموو شتێک دژی ئێمەیە هەڤاڵۆ؟ « ئامەدیش پێی ووت « لەبەر ئەوەی کوردین «، دوایش بەیەکەوە کەوتینە پێکەنین.

قاچە پێکراوەکەم زۆر ئاوسابوو، لەکاتی ڕێکردنمدا چەکەکەم وەک گۆچان بەکاردەهێنا، لەکاتی ڕاوەستان ئازارم زیاتر دەبوو، لەم زامداربونەوەم فێربووم کە ئازاری برین لەحاڵەتی ڕێکردن و زەخت لێکردنی کەم دەبێتەوە، تابەیانی ڕێمان کرد، لەنێوان دارەکانی ئەوبەری گوندەکەماینەوە، هەڤاڵ ئامەد لە گوندەکە بەتانییەکی کۆنی هێنابوو، بەو بەتانییە داپۆشین و مەنجەڵێک ماستاویشی

هێنابوو کە لە ژنەکەی سەندبوو، ماوەیەک بوو بۆ یەکەمجار بۆمان لوا کە هەندێک ماستاو بخۆینەوە، لەکاتی نیوەڕۆ لێرەش جیابوینەوە، لەشوێنی نهێنی ڕیماندەکرد و لەئاکامدا توانیمان بگەینە سەر گردێک، لەدوورەوە کەسێک ڕێی دەکرد، کەهەستی بە بوونی ئێمە کرد راوەستا، بە هەڤاڵ ئامەدم ووت « هەڤاڵ ئامەد کەسێک ئێمەی بینی و راوەستا تەماشامان دەکات « ئەویش ووتی « بانگی بکە با بێت بۆلامان « منیش هاوارم لیکرد « وەرە. . وەرە «، کابرا کۆڵەپشتێکی سپی بە شانەوە بوو، کەشکۆڵەکەی داناو بە ڕاکردن بەرەو ئێمە هات، باوەشی پێداکردین، پێی ووتین کە ناوی موسایە، پێی ووتم « هەڤاڵ وەرە سەر کۆڵم، بابچینە خوارەوە شوانەکەمان لەوێیە «، منیش سوپاسیم کرد، موسا کەسێکی باڵا بەرزی ئەسمەر بوو، هێواش. . هێواش بەرەو خوارەوە کەوتینە ڕێ، لەژێر سێبەری دارێکی گەورەی چەمەکە میگەلە مەڕەکەی دەلەوەڕان و شوانەکەش خۆشی لەسەر بەردێک راوەستا بوو.

دوای ماوەیەکی کەم شوانەکە شیری دۆشی و لەناو کترییەک کوڵانی و دایپێمان، چاومان بەتەپۆز کەوت کە بەقەد قەدپاڵەکەی ئەوبەرمانەوە بەرز دەبۆوە، یەکێک بەڕاکردن بەرەو ئێمە دەهات، ئەم کەسە کۆنە قاچاخچی بوو، شەو کە لە نزیک گوندەکە ڕێمان کردبوو کەوتبووە دوامان و ئێستاش هاتبووە لامان، تەمەنی ٦٠ ساڵێک بوو، لەناو کراسەکەیدا ئەشیایەکی زۆری دەرهێنا، کۆمەڵێک برین پێچوو مەڵحەم و جگەرە و دیتۆڵی پێ بوو، بەراستی جێی سەرسوڕمان بوو، شوانەکە و موسا و کۆنە قاچاخچێکە برینەکانمانیان پاککردەوە و پێچیان، کەسانێکی زۆر دڵسۆز بوون، دوایش چاودیری ناوچەکەیان کردوو پێیان ووتین کە لەم ناوە جەندرمەی لێ نییە.

لەوێ جیابوینەوە، دوای چەند ڕۆژێک توانیمان بگەینە شوێنی خۆمان، گروپەکەمان لە گردی داللی بوو لە دارستانەکە، لەناو گروپەکەمان دکتۆر عافاتی تێدا بوو کە لە هەرێمی سەرحەدەوە هاتبوو، برینەکەمی پاککردەوە و بەجۆرێک قسەی بۆ دەکردم کە دبووە هۆی مۆڕاڵ بۆ من، برینەکەمان کرمی گرتبوو، چاک بونەوەم ماوەی ٣ مانگێکی خایاند بەڵام چاکبونەوەی دەستم زیاتری خایاند، هێشتا لەیادمە، تاکو ئێستاش کە دەچمە بەردەم بەلوعە پێکەنینم دێت چونکە ئەو کاتە شتێک فێربووم ئەویش ئەوەبوو کە چی کاتێک توانیم بە هەردوو دەست دەموچاوم بشۆم ئەوکاتە چاکبومەتەوە.

بریندار‌بوون ئەو قۆناغەیە کە مرۆڤ دەتوانێت خۆی تێدا بناسێت و لە هەموو شتێک حاڵی ببێت، من بەردەوام ئەم مەسەلەیەم بەو شێوەیە دەبینی، من لە برینەکەم هێز و بەرخودانم وەردەگرت، بیگومان نەبونی داودەرمان و شەرتی فیزیکیش زەحمەتیت بۆ دروست دەکات، بەڵام شتێک هەیە ئەویش وەڵاتپارێزی گوند نشینەکان و ئەو خۆشەویستییەی هەڤاڵانت نیشانیان دەدات هەموو ئەمانە ئەو هیوایەن کە هەمیشە لە داودەرمان باشترن، بۆنمونە لە کەناری ڕووبارەکە لە چەمی خەستەخانە کەپردێکمان هەبوو لەم شوێنەدا ئێمە ٤ یان ٥ برینداریک دەماینەوە، هەڤاڵانی ئێمە لە سەرومانەوە بەقەد یاڵەکانەوە بوون، ڕۆژانە دوو سێجارێک ئاگەداریان دەکردینەوە کە دەنگی قسە و پێکەنینمان بەرزە، ئەوەی کاریگەری لە من دەکرد قسەی فەرماندەکەمان بوو بەناوی ( کاکە عەگید ) کە خەڵکی لیجەی سەر بە ئامەد بوو پێی دەووتم « زوو خۆت چاک بکەرەوە « سەرەتا وامدەزانی کە پێم ڕادەبوێرێت، منیش پێم دەووت « برینەکەم ئەوەندەی ناو لەپێکە کەچی تۆ چیم پێدەڵێیت؟ « لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا حاڵی بووم، کورتترین ڕێ بۆ چاکبونەوەی

برین ئەوەیە کە خۆت خۆتچاک بکەیتەوە، هەموو دەرمانەکانمان پێکهاتبوو لە چەند مەڵحەمێک و چۆراب و چەندپارچە پەڕۆیەک ئەمە هەموو دەرمانەکانمان بوون.

برینەکەت چەنێک سەختیش بێت ئەوەی گرنگە بۆ چاکبونەوەت داودەرمان نییە بەڵکو ئەو پەیوەندییە بەهێزە مەعنەویانەیە کە چاکت دەکاتەوە، لە ئاکامدا بریندار دەبیت، فیشەکێک دێتە ناو گۆشتەوە و لەشت کون دەکات، خوێنت لێدەچۆڕێت، لەوانەیە ئەگەر ئەم لێدانە نەبێت هەر ٥٠ ساڵێکی تر بژیت هەموو ئەو ساڵە دوای ئەم فیشەکە بە ٥ خولەک هەناسەت لێدەبڕێت، وەک بە خۆڵەمێش بوونی کڵپەی ئاگرێکە، هەست دەکەیت شتێکی گەرم لەشت دادەگرێت و دوای ماوەیەکی کورت لەشت ساردەبیتەوە وەک کوژانەوەی ئاگرێکی بە کڵپەیە، ئەگەر لەو ماوە کورتە دانبەخۆتتدا بگریت لەوانەیە ڕێ لەو مردنە بگریت، لەئاکامدا بریندار بوون لەناو هێزی گەریلادا لە مردن ناخۆشترە، لەزۆر هەڤاڵدا بیستبووم کە مردن لە برینداربوون خۆشترە، چونکە مەسەلە گرنگەکە لە دوای برینداربونەکە دەست پێدەکات، شتە زەحمەتێکان زۆرن کە لە ژماردن نایەن، هەرچییەک دەبێت با ببێت پێویستە مرۆڤ دەست بە چڵی ژیانەوە بگرێت، بەڵام چۆن؟.

بۆ مانەوەت لە ژیاندا باوەڕبون و دەروونت هەبێت بەسە، برینداربون لە قۆناغی سوقرات ئەچێت ژیان لە خۆیدا هەموو شتێک فێری مرۆڤ دەکات.


ئیتر چالاکی دەدوێت
چەپکێك لەبیرەوەری گەریلا
ئیتر چالاکی دەدوێت



# ئیتر چالاکی دەدوێت

چەپکێک لەبیرەوەری
گــەریلای پـەکەکە

٢٠١٧



ئەم کتێبە تەنها کۆمەڵێک بیرەوەری گەریلا نییە، بەڵکو بریتییە لە شرۆڤەی چۆنیەتی بە پراکتیزەکردنی فەلسەفەیەک کە لە گەلێکی نەبووەوە، زیندووی کردەوە. چیرۆکی راستەقینەی بەرخودان و تێکۆشانی تەڤگەرێکە کە بەردێژای بونییەوە بۆیەک لەحزەش لە خەبات نەوەستاوە و پاشەکشەی نەکردووە، لە یادەوەرییەکاندا، هەڵوێستی ئەوەندە هەستیاری تیدایە، کاتێ دەیخوێنیتەوە، مرۆڤ لەبەردەمی ماتمای دەمێنێتەوە، شانازی بە بوونی خۆت دەکەیت کە کوردیت و کە مرۆڤیت!. لە یەکێ لە یادەوەرییەکان باس لە مامەڵەی گەریلا لەگەڵ دیلی سەربازی دوژمن دەکات، کە تەواو دێتەوە لە گەڵ پرینسیپی مرۆڤ دۆستانە و یاساو رێساکانی گەردوونی. تا نەیخوێنێتەوە نازانیت، مەزنی گەریلا، هێزی گەریلا، بەرخودانی گەریلا و قوربانییەکانی گەریلا لە چ ئاستێکی بەرز و بڵند دایە. خوێندنەوەی ئەم کتێبە چێژێکی زۆر تایبەتی هەیە. کاتێ خوێنەر بیرەورەییەکان دەخوێنێتەوە، دەزانێت گەریلا چۆن بەرخودان دەکات لە شەڕێکی هەمەلایەنە لە هەمبەر داگیرکاریک کە هیچ بەهایەکی مرۆیی ناناسێت، چیرۆکەکان بە پێنووسی پاڵەوانی خودی چیرۆکەکانە

Cover Design: Goran Pêncwênî